بەرائەتی

پێشەوا ئەلبانی

بە ڕەحمەت بێت

لە ئێرجا !!

مافی چاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

بەرائەتی

ناوی کتێب : پێشەوا ئەلبانی

بەرەحمەت بێت

لە ئیرجا !!

ناوی نووسەر : باوکی سوننە عدنان بارام کەلاری.

ژمارەی سپاردن : ژمارە ( ) ی سالی ( ) پێدراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم .

ساڵی چاپ : (١٤٤١ ك / ٢٠٢٠ ز).

بەرائەتی

پێشەوا ئەلبانی

بەڕەحمەت بێت

لە ئێرجا !!

نووسینی

باوکی سوننە عدنان بارام کەلاری

چاپی یەکەم

١٤٤١ك_٢٠٢٠ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی نووسەر

پێشەکی نووسەر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللَّهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا ، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ ؛ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ ؛ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ ، وَرَسُولُهُ .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ (آل عمران : ١٠٢) .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ (النساء : ١) .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ (الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللَّهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

بوختیانکردن و درۆ بەدەمەوە هەڵواسینی موسڵمانان یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئومەتەکەی لێ ئاگادار کردووەتەوە و هانی داون کە لێی دووربکەونەوە ، هەروەکو فەرموویەتی : « مَنْ قَالَ فِي مُؤمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ ؛ أَسْكَنَهُ اللَّهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ ، حَتَّى يَخرُجُ مِمَّا قَالَ » [1] ، واتە : ئەو کەسەی شتێك بە ئیمانداریك بڵێت کە تێیدا نەبێت ، ئەوا

---

[1] (صححه الألباني في الصحيحة ، برقم : ٤٣٧ ، ١٠٢١ ، والإرواء ، برقم : ٢٣١٨) .

خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو کیم و خوێن و زووخاوی دۆزەخیان (رَدْغَة الـخَبَـال) ، ئەگەر لەو کارەی تۆبە نەکات ، و گەردەنی خۆی بە خاوەنەکەی ئازاد نەکات .

ئەمە هەر ئیمانداریك بێت !!! ئەی ئەگەر ئەو ئیماندارە زانا و پێشەوایەك بێت لە زانایان و پێشەوایانی ئیسلام !!! کە میراتگری پێغەمبەرانن ـ صەلاّت وسەلامی خوایان لەسەر بێت ـ ، کە تانەلێدانیان هۆکاری سلاّندنەوەی موسلّمانانە لە زانستەکەیان ؟!!! ئەوە بێگومان تاوانەکەی گەورەتر وترسناك ترە !!!! و کاریگەری خراپتری لە کۆمەلّگەی موسلّمانان دەکەوێتەوە ، پێشەوا (ابن العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە ئاکامی تانەدان و تۆمەتبارکردنی زانایان فەرموویەتی : ((الذي أرى أن هذا عمل محرّم ، فإذا كان لا يجوز لإنسان أن يغتاب أخاه المؤمن وإن لم يكن عالماً فكيف يسوغ له أن يغتاب إخوانه العلماء من المؤمنين ؟! و الواجب على الإنسان المؤمن أن يكف لسانه عن الغيبة في إخوانه المؤمنين ... وليعلم هذا الذي ابتلي بهذه البلوى أنه إذا جرّح العالم فسيكون سبباً في رد ما يقوله هذا العالم من الحق ، فيكون وبال رد الحق وإثمه على هذا الذي جرّح العالم ، لأن جرح العالم في الواقع ليس جرحاً شخصياً بل هو جرح لإرث محمد ﷺ ؛ فإن العلماء ورثة الأنبياء ، فإذا جرح العلماء وقدح فيهم لم يثق الناس بالعلم الذي عندهم وهو موروث عن رسول اللّه ﷺ ، وحينئذ لا يثقون بشيء من الشريعة التي يأتي بها هذا العالم الذي جُرح)) [1] .

واتە : من وادەبینم کە ئەم کارە حەرام و قەدەغەکراوە ، جا ئەگەر دروست نەبێت مرۆڤ برای ئیمانداری خۆی غەیبەت بکات ئەگەر زاناش نەبێت ، ئەی چۆن بۆی دروستە غەیبەتی برای ئیمانداری زانای بکات ؟!! پێویستیش لەسەر مرۆڤی ئیماندا ئەوەیە کە زمانی خۆی بپارێزێت لە غەیبەت کردنی برا ئیماندارەکانی ... وە دەبێت ئەو کەسانەش کە تووشی ئەم جۆرە ناهەمواریە بوون بزانن کە بریندارکردنی زانایەك هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو ووتە ڕەوانەیە کە ئەو زانایا دەیلێت ، بەو جۆرەش ئاکامی ئەو ڕەتکردنەوە و تاوانەکەی لە سەر ئەو کەسەیە کە زاناکەی بریندار کردووە ، چونکە بریندارکردنی هەر زانایەك ـ لە ڕاستیدا ـ بریندارکردنێکی

---

[1] (كتاب العلم ، للشيخ محمد العثيمين ، ص٢٢٠) .

تایبەت نیە بە زاناکەوە ، بەڵکو بریندارکردنی میراتی (محمد) ـە ﷺ ، چونکە زانایان میرات گری پێغەمبەرانن ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ جا ئەگەر زانایان بریندار بکات و تانەیان لێبدات ئەوا خەڵکی متمانەی بەو زانسیاریە نابێت کە پێیانە ، هەر ئەوەشە کە بە میرات لەپێغەمبەری خواوە ﷺ بۆیان ماوەتەوە ، لەو کاتەش خەڵکەکە متمانەیان بەهیچێك لەو شەریعەتە نابێت کە ئەو زانا بریندارکراوە پێی هاتووە ، و باسی لێوە دەکات .

کەواتە ئەو کارە لە کارە قەدەغەکراوەکانە ، و ئەنجامدانیشی لاڕێبوونە لەڕێگای ڕاست هەروەکو پێشەوا (الطَّحَاوِي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَعُلَمَاءُ السَّلَفِ مِنَ السَّابِقِيْنَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ مِنَ اللَّاحِقِيْنَ : أَهْلِ الْخَبَرِ وَالأَثَرِ ، وَأَهْلِ الْفِقْهِ وَالنَّظَرِ ، لَا يُذْكَرُونَ إِلَّا بِالْجَمِيْلِ ، وَمَنْ ذَكَرَهُمْ بِسُوْءٍ فَهُوَ عَلَى غَيْرِ السَّبِيْلِ)) [1] ، واتە : زانایانی سەلەف و پێشینان ، و ئەوانەشیان کە دواتر بە دوایاندا هاتوون ، کە کەسانی چاکەکار : شوێنکەوتوانی فەرموودە و شوێنەواری پێشینیان ، و کەسانی شەرع زان و خاوەن دید و تێڕوانین ، نابێت جگە لەباشی باسیان لێوەبکرێت ، و ئەو کەسەش کە بە خراپە باسیان لێوەبکات ، ئەوا لە سەر ڕێگەیەکە جگە لە ڕێگای ڕاست .

بۆیە دەبێت موسڵمانان بەئاگا بن لەوەی کە نەکەونە تۆمەتبارکردنی زانایان و پێشەوایانی ئیسلام ، چونکە گۆشتی زانایان ژەهراویە و بکوژی ئەو کەسەیە کە دەیخوات ، یان تەنانەت بۆنی پێوە دەکات ، هەروەکو پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لُحُوْمُ الْعُلَمَاءِ مَسْمُوْمَةٌ ، مَنْ شَمَّهَا مَرُضَ ، وَمَنْ أَكَلَهَا مَاتَ)) [2] ، واتە : گۆشتی زانایان ژەهراویە ، ئەو کەسەی بۆنی بکات نەخۆش دەکەوێت ، وە ئەوەش بیخوات دەیکوژێت .

وە پێشەوا (ابن عَسَاكِر) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((اعْلَمْ يَا أَخِي وَفَّقَنِي اللَّهُ وَإِيَّاكَ لِمَرْضَاتِهِ ، وَجَعَلَنَا مِمَّنْ يَخْشَاهُ وَيَتَّقِيه حَقَّ تُقَاتِهِ : أَنَّ لُحُومَ الْعُلَمَاءِ مَسْمُومَةٌ ، وَعَادَةُ اللَّهِ فِي هَتْكِ أَسْتَارِ مُنْتَقِصِيهِمْ مَعْلُومَةٌ ، وَإِنَّ مَنْ أَطْلَقَ لِسَانَهُ فِي الْعُلَمَاءِ بِالثَّلْبِ ؛

---

[1] (تخريج العقيدة الطحاوية ، لأحمد الطحاوي : ج ١ / ص ٨٢) .

[2] (نشر العبير في منظومة قواعد التفسير ، لأبي الفضل الحدوشي : ١ / ٩) .

ابْتَلاهُ اللَّـهُ قَبْلَ مَوْتِهِ بِمَوْتِ الْقَلْبِ)) [١] ، واتە : برای خۆم بزانە ـ خوای پەروەردگار من و تۆش سەرکەوتوو بکات بۆ گەشتن بە ڕەزامەندی خۆی ، وە بشمان کات لەوانەی کە بەو پێیەی کە پێویستە لێی بترسین و تەقواکاری ئەو بین ـ کە گۆشتی زانایان ژەهراویە ، و عادەتی خوای پەروەردگارییش لە هەڵماڵین و هەتککردن ستری ئەوانە ئاشکرایە کە توانج و تانە لە زانایان دەدەن ، وە ئەو کەسەش کە زمانی بەڕەڵاکات لە قسەپێکردنی زانایان ئەوا بێگومان خوای پەروەردگار پێش مردنی توشی مردنی دڵ دەکات .

عادەتی بیدعەکارانە کە دڵخۆش دەبن بەهەڵەی زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە و بەدوایدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەگەڵ زیادڕەویکردن تێدا بەناو خەڵکدا بڵاوی بکەنەوە !! یان بیکەن بەپاڵپشتی بێدعە و سەرپێچیەکانیان بۆ شەریعەت ، کە بەداخەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرن !!! پێشەوا (الشَّوْكَانِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَقَدْ جَرَتْ قَاْعِدَةُ أَهْلِ الْبِدَعِ فِي سَاْبِقِ الدَّهْرِ وَلَاحِقِهِ بِأَنَّـهُمْ يَفْرَحُوْنَ بِصُدُوْرِ الْكَلِمَةِ الْوَاْحِدَةِ عَنْ عَاْلِـمٍ مِنَ الْعُلَمَـاْءِ ، وَيُبَاْلِغُوْنَ فِي إِشْهَاْرِهَاْ وَإِذَاْعَتِهَاْ فِيْمَـاْ بَيْنَهُم وَيَـجْعَلُوْنَـهَاْ حُجَّةً لِبِدْعَتِهِم وَيَضْـرِبُوْنَ بِـهَاْ وَجْهَ مَنْ أَنْكَرَ عَلَيْهِم)) [٢] ، واتە : ڕێسا و بنەوا لەلای ئەهلی بیدەع ، و بیدعەکاران ـ لە دێری زەمان و ئەوەش کە دادێت ـ ئەوە بووە هەر واش دەبێت کە بە ووشەیەك لە هەڵەی زانایان دڵخۆش دەبن ! بۆ ئەوەی ئاشکرای بکەن و بڵاوی بکەنەوە لە نێو خۆیاندا ، و بیکەن بە بەڵگە بۆ بیدعە و تازەگەریەکانی خۆیان ، و دەیدەن بە ڕووی ئەو کەسەی کە نکوڵی لە هەڵەکانیان بکات .

ئاشکراشە کە یەکێکیك لەو پێشەوا و زانایانەی کە لێشاوی تۆمەتبارکردن و تانەلێدانی نەزانان وکەسانی تووتی ئاسای ئەم سەردەمەی بەرکەوتووە و پارێزراو نەبووە لەزمانی بیدعەکاران ، پێشەوا و فەرموودەناسی سەردەم شێخ (مُـحَمَّد نَاصِـرالدِّين الأَلْبَانِي) ـە ـ بە

---

[١] (الكواكب الدرية للكرمي : ص ٢٣٥ ، وقيل إنه للخطيب البغدادي كما في : نشر العبير في منظومة قواعد التفسير : ١/ ٩) .

[٢] (أدب الطلب ومنتهى الأدب ، للشوكاني : ١ / ٣٩) .

ڕەحمەت بێت ـ ، کە چەندەها تۆمەت بێ بنەواو و درۆی شاخداری بۆ هەڵبەستراوە ، و کەوتووەتە بەر لێشاوی بێ ڕەحمانەی تاوانباران !!!

شێخ (محمد المجذوب) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە مامۆستای زانکۆ بووە لە وەسفی ئەم هێرشانەی کە دەکرێنە سەر ئەو پێشەوایە و لەباسی چاکەکانیدا فەرموویەتی [1] :

قَالُوا أَلَا مِنْ كِلْمَةٍ فِي الشَّيْخِ تُنْصِفُهُ ... فَقَدْ طَغَى الْجَوْرُ حَتَّى فِي الْمَوَازِيْنِ
شُنَّتْ عَلَيْهِ حُرُوبٌ لَا يُسَوِّغُهَا ... عَقْلٌ يَرَى الْحَقَّ فِي ظِلِّ الْبَرَاهِيْنِ
فَقُلْتُ : فَوْقَ ثَنَائِي مَا يُبَلِّغُهُ ... مُحَدِّثُ الشَّامِ عَنْ خَيْرِ النَّبِيِّيْنِ
وَرَدُّهُ الْجِيْلَ لِلْوَحِي الْجَلِيْلِ يَدٌ ... مَا إِنْ يُكَابِرُ فِيْهَا غَيْرُ مَفْتُونِ
وَحَسْبُهُ أَنَّهُ هَزَّ الْعُقُولَ وَقَدْ ... بَاتَتْ مِنَ الْحِجْرِ وَالتَّقْلِيْدِ فِي هُونِ
فَأَصْبَحَتْ ذَاتَ وَعْيٍ لَيْسَ يُعْجِزُهُ ... التَّمْيِيْزُ مَا بَيْنَ مَفْرُوضٍ وَمَسْنُونِ
وَالدِّيْنُ سِرٌّ مِنَ الرَّحْمَنِ بَيَّنَهُ ... وَ رَسُولُهُ وَسِوَاهُ مَحْضُ تَخْمِيْنِ
والْجَامِدُونَ حَيَارَى لَيْسَ فِي يَدِهِمْ ... إِلَّا رِوَايَةُ مَجْرُوحٍ لِمَوْهُونِ
فَمَا عَسَى أَنْ يَقُولَ الشِّعْرُ فِي رَجُلٍ ... يَدْعُوهُ حَتَّى عِدَاهُ نَاصِرَ الدِّيْنِ
وَأَيُّ خَيْرٍ إِذَا فَرْدٌ تَجَاهَلَهُ ... وَقَدْ فَشَا فَضْلُهُ بَيْنَ الْمَلَايِيْنِ

ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ژیانی خۆیدا هەستی بەو هێرشە کردووە کە دەکرێتە سەری ، ولێی بەئاگابووە ، بۆیە دەبینین : ناوبەناو لەنووسین و ووتار و ئامۆژگاریەکانی تیشکی خستووەتە سەر هەندێك لەو تۆمەتانەی ئاشکرا کردوون ، جارێك بە وەڵامدانەوەیان ، ئەویتر بە خۆ بەریکردن لەو تۆمەتانە ، وە هەندێك جار بە بەرپەرچدانەوەی سەرانی نەزانکاریان ، بەڵام وەکو پەرتوکێکی سەربەخۆ بەو کارە هەڵنەستاوە ـ سەرەڕای باوەڕ پێبوون و هاندانی بۆ ئەو جۆرە نووسینانە ـ ، ئەوەش لەبەر سەرقاڵی بەنووسین و دەرس ووتنەوە و بانگەشەکردن بۆ ئایین و

---

[1] (قالها الشيخ محمد المجذوب .رَحِمَهُ اللَّهُ. الأستاذ في الجامعة الإسلامية إبان رئاسة المفتي .رَحِمَهُ اللَّهُ. للجامعة الإسلامية) ، نقلا عن كتاب (علماء ومفكرون عرفتهم : م ١ ، ص ٢٨٩) .

بەرنامەکەی خوای پەروەردگار ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جۆرە نووسینانە کات بەفیڕۆدانێکی زۆری تێدایە بۆ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەگەر بەراورد بکرایە بە ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە بەڕێزیان خستبوویەگڕ بۆ خزمەتکردنی ئایین ـ بەتایبەت لەبواری خزکەمەت کردنی سوننەت ـ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزی ئەوەی هەبوو کە بەتێر و تەسەلی هەستێت بە بەرپەرچدانەوەیان !!! وەکو لە بابەتە هاوشێوەکانیدا ئەوەی بە ڕاشکاوی دەربڕیوە .

بۆیە ئەم نووسینە ـ لە لایەکەوە ـ : هەوڵێکە بۆ هێنانەدی ئەو حەزەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەتی فەرموویەتی : ((إن من المصائب الكبرى في العصر الحاضر أن يضطر المسلم الطالب للعلم إلى إضاعة كثير من وقته في الدفاع عن نفسه ، ورد التهم والأباطيل عن شخصه التي ألصقها به بعض الناس ممن لا يخشون اللّه ولا يستحيون من عباد اللّه ، مصداقاً لقوله ﷺ : « إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُوْلَى : إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ » .

ومنه قول الشاعر :

إِذَا لَمْ تَصُنْ عِرْضاً وَلَمْ تَخْشَ خَالِقاً وَتَسْتَحِ مَخْلُوقاً فَمَا شِئْتَ تَصْنَعِ
إِذَا كُنْتَ تَأْتِي الْمَرْءَ تَعْظُمُ حَقَّهُ وَيَجْهَلُ مِنْكَ الْحَقُّ فَالصَّرْمُ أَوْسَعِ

وإذا كان من المعلوم أن من لا حياء له لا دواء له ، فلا تنفع فيه المعاتبة ، كان من المتبادر أن الأولى الانصراف عنه وتركه وشأنه ، كما قال الشاعر :

إِذَا رُزِقَ الْفَتَى وَجْهاً وَقَاحَاً تَقَلَّبَ فِي الْأُمُورِ كَمَا يَشَاءُ
وَلَمْ يَكُ لِلدَّوَاءِ وَلَا لِشَيْءٍ يُعَالِجُهُ بِهِ فِيهِ عَنَاءُ
فَمَا لَكَ فِي مُعَاتَبَةِ الَّذِي لَا حَيَاءَ لِوَجْهِهِ إِلَّا الْعَنَاءُ

بيد أنه لما كان السكوت عن مثله يعرض كثيراً من الأبرياء للانزلاق من ورائه ، والتأثر بتهمه وأباطيله ، كان لابد من الرد عليه والكشف عن افتراءاته : ﴿ لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ ﴾ (الأنفال : ٤٢) .

وفي ذلك فائدة أخرى تعود إلى الباهت نفسه ، ألا وهي : احتمال أن يعود إلى رشده ، والتقليل من أوزاره ، من جراء تقليل عدد المتورطين المضللين به الذين سوف يحمل هو أوزارهم فوق أوزاره الخاصة به كما قال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴾ (العنكبوت : ١٣) ، وفي الآية الأخرى : ﴿ لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴾ (النحل : ٢٥) .

ولعل في هذا تذكرة وإقناعاً للذين لا تروقهم مثل هذه الردود مطلقاً ، ويتمنون أنه لو صرفت مثل هذه الجهود إلى نواح علمية مجردة عن المناقشة والأخذ والرد ، وغالبهم ليس عندهم الروح العلمية التي تساعد على تبين الحقيقة مما اختلف فيه الناس ، ثم على التمسك بها والدعوة إليها .

ونحن وإن كنا مع هؤلاء فيما يتمنون فيجب أن يتذكروا أن كثيراً ما تجري الرياح بما لا يشتهي الملاح ، كما قال الشاعر :

مَا كُلُّ مَا يَتَمَنَّى الْمَرْءُ يُدْرِكُهُ تَجْرِي الرِّيَاحُ بِمَا لَا تَشْتَهِي السَّفَنُ

وأيضاً فإنه ليس من صفات المؤمنين أن يسكتوا على البغي والظلم والبهت والكذب الذي يلصق بهم ، وهم يجدون وسيلة مشروعة لدفعه ورده على صاحبه ، خلافاً لما يعزى لسيدنا عيسى عليه السلام ويسميه النصارى بالآية الذهبية : ((من ضربك على خدك الأيمن ، فأدر له خدك الأيسر ، ومن طلب منك كساءك فأعطه رداءك ، ومن طلب منك أن

تـمشي معه ميلاً فامش معه ميليـن)) ، فليس فـي الإسلام شـيء من هذا ، بل هو علـى إطلاقه يعارض القرآن الكريم فـي بيان بعض صفات عباد الرحمن الـمؤمنيـن التي منها ما أفادته الآية الكريمة : ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (الشورى : ٣٩ ـ ٤٢) .

فإن لـم يكن فـي كل ما تقدم مـمـا يقنع أولئك الناس ، فلا أقل من أن يعتبـر ذلك عذراً لـي ، فقد قيل : ((ليس من العدل سـرعة العذل)) ، وقال الشاعر :

تَأَنَّ وَلَا تَعْجَـلْ بِلَوْمِـكَ صَاحِـباً لَعَـــلَّ لَـــهُ عُـــذْراً وَأَنْتَ تَلُـــومُ

بل لقد كان الواجب عليهم أن يعودوا علـى الـجائر الظالـم باللوم والإنكار وردعه عن ظلمه ، وأن ينتصـروا للمظلوم لقوله ـ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ ـ : « انْصُـرْ أَخَاكَ ظَالِـمـاً أَوْ مَظْلُوماً » . قَالَ : كَيْفَ أَنْصُـرُهُ ظَالِـمـاً ؟ قَالَ : « تَـحْجِزُهُ عَنِ الظُّلْمِ ، فَإِنَّ ذَلِكَ نَصْرُهُ » .

وَفِـي حديث آخر : « لِيَنْصُـرِ الرَّجُلُ أَخَاهُ ظَالِـمـاً أَوْ مَظْلُوماً : إِنْ كَانَ ظَالِـمـاً فَلْيَنْهَهُ فَإِنَّهُ لَهُ نُصْـرَةٌ ، وَإِنْ كَانَ مَظْلُوماً فَلْيَنْصُـرْهُ » .

وقوله : « مَا مِنْ امْرِئٍ يَـخْذُلُ امْرِأً مُسْلِمـاً فِـي مَوْطِنٍ يُنْتَقَصُ فِيْهِ مِنْ عِرْضِهِ ، وَيُنْتَهَكُ فِيْهِ مِنْ حُرْمَتِهِ إِلَّا خَذَلَهُ اللَّـهُ ـ تَعَالَى ـ فِـي مَوْطِنٍ يُـحِبُّ فِيْهِ نُصْـرَتَهُ ، وَمَا مِنْ أَحَدٍ يَنْصُـرُ مُسْلِمـاً فِـي مَوْضِعٍ يُنْتَقَصُ فِيْهِ مِنْ عِرْضِهِ وَيُنْتَهَكُ فِيْهِ مِنْ حُرْمَتِهِ إِلَّا نَصَـرَهُ اللَّـهُ فِـي مَوْطِنٍ يُـحِبُّ فِيْهِ نُصْـرَتَهُ » .

وعلـى كل حال فمن الـمعلوم أن إرضاء الناس غاية لا تدرك كمـا جاء فـي بعض الأمثال : ((ما قرعت عصا علـى عصا إلا حزن لـها قوم وسـر لـها آخرون)) .

وقال الشاعر :

وَلَسْتُ بِنَـاجٍ مِـنْ مَقَالَـةِ طَـاعِـنٍ وَلَـوْ كُنْتُ فِي غَـارٍ عَلَى جَبَـلٍ وَعْرِ
وَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْجُو مِنَ النَّاسِ سَالِـماً وَلَـوْ غَـابَ عَنْهُمُ بَيْـنَ خَـافِيَتَـي نَسْرِ

وإذا كان الأمر كذلك فحسبي أنني سألتزم في ردي هذا حدود الشرع ، فلا أقابل الباغي بشيء من البغي ، والباهت بشيء من البهت ، وإنما سأصفه بما فيه كي يحذره الناس فلا يضلوا بضلاله ولا ينحرفوا بانحرافه عن كتاب اللّه وسنة نبيه ﷺ ، لاسيما من كان منهم حديث صلة به ، قد اغتر بمظهره ولا علم عنده بحقيقة أمره ، كما قال الشاعر :

لَا يَغُـــرَّنْكَ صَدِيْقٌ أَبَـــداً لَكَ فِي الْـمَنْظَـرِ حَتَّى تُـخْبِرُهْ
كَمْ صَدِيْقٍ كُنْتَ مِنْهُ فِي عَمَى غَـرَّنِي مِنْـــهُ زَمَـــاناً مَنْظَـرُهْ
كَـــانَ يَلْقَـــانِي بَوَجْـــهٍ طَلِقٍ وَكَـــلَامٍ كَالـــلَّآلِي يَنْشُـــرُهْ
فَـــإِذَا فَتَّشْتَـــهُ عَـنْ غِيْـــبَةٍ لَـمْ أَجِـدْ ذَاكَ لِوَجْـدٍ يُضْمِـرُهْ
فَدَعِ الْإِخْـــوَانَ إِلَّا كُلَّ مَـــنْ يُضْمِرُ الْـوِدَّ كَمَـا قَـدْ يُظْهِـرُهْ
فَإِذَا فُـزْتَ بِمَـنْ يَـجْـمَـعُ ذَا فَاجْعَلَـنْهُ لَكَ ذُخْـراً تَذْخَـرُهْ

وقديماً قال العلماء :

الْقَـــدْحُ لَيْسَ بِغِيْبَـــةٍ فِي سِتَّةٍ مُتَظَـلِّمٍ وَمُعَـرِّفٍ وَمُـحَـذِّرِ
وَمُـجَاهِرٍ فِسْقاً وَمُسْتَفْتٍ وَمَـنْ طَلَبَ الْإِعَـانَةَ فِي إِزَالَةِ مُنْكَرٍ

وخصلة واحدة من هذه الخصال كافية لتجويز مثل هذا الرد ، فكيف وقد انضم إليها غيرها ، وبخاصة الأولى منها ، ودليلها قول اللّه .تَبَارَكَ وَتَعَالَى. : ﴿ لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ﴾ (النساء : ١٤٨) .

وقوله ﷺ : « لَـيُّ الْوَاجِدِ يَـحِلُّ عِرْضَهُ وَعُقُوبَتَـهُ » .

وقال الشاعر :

وَوَضْعُ النَّدَى فِي مَوْضِعِ السَّيْفِ بِالْعُلَا مُضِرٌّ كَوَضْعِ السَّيْفِ فِي مَوْضِعِ النَّدَى

أسأل الله ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ أن يعصمنا من الظلم وغمص الناس بغير حق ، وأن يجعل ما أكتبه دفاعاً عن سنة النبي ﷺ ونهج السلف الصالح ، إنه سميع مجيب)) [1] .

پوختەی ووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەیە کە :

یەکێك لەگەورەترین گرفتەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە : کە موسڵمانی فێرخوازی زانستی شەرعی مەجبوربێت بەوەی کە زۆرێك لەکاتەکەی لەبەرگریکردن ، و بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەت ناڕەواییانە بەفیڕۆبدات کە لەلایەن چەندەها خەڵکی لەخوانەترس ، و بێ شەرم لەبەندەکانی خوای پەروەردگار بەرامبەری دەیکەن و بۆی هەڵدەبەسترێن ، ... کەچی بێدەنگبوون لەو جۆرە کەسانە خەڵکانێکی زۆر بێ تاوان بەدوای خۆیدا هەڵدەخلیسکێنێتە ناو ئەو هەڵانە ، و کاریگەردەبن بە تۆمەتە پوچەڵەکانی ، ڕەتدانەوە و ئاشکراکردنی پێویست دەبێت بۆ ئەوەی هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ ﴾ ... ئەمە لە لایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە ئەو بەرپەرچدانەوە و ئاشکراکردنەش سودێکی تری تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ خودی کەسی تۆمەتبارکار ، کە بریتیە لە : ئەگەری گەڕانەوەی ئەو کەسە بۆ ڕاستیەکان ، و کەمکردنەوەی تاوانەکانی ، لەو لایەیەی کە ژمارەی توشبوون و گومڕا بوون بەهۆی ئەوەوە ، و لەڕۆژی دواییدا هەڵگری تاوانی ئەوانیش دەبێت سەرەڕای هەڵگرتنی تاوانە تایبەتەکانی خۆی ، ... وە ئەم بەپەرچدانەوەیەوەش بیرخستنەوەیەك بێت بۆ ئەوانەی کە بەڕەهایی حەزیان لەو جۆرە بەرپەرچدانەوانە نایەت !! ... ، کە زۆرێك لەوانە نەفەس و ڕوحیەتی زانستیان نیە کە یاریدەری ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە لەو شتانەی کە خەڵك تێیدا جیاوازن ، پاشان دەستی پێوە بگرن و بانگەوازی بۆ بکەن ... .

وە لەلایەکی ترەوە ئەم نوسینە ئامۆژگاریەکە دۆستانەیە ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکەم کە هیدایەت دراون ، ومەبەستیان بەزانستەکەیان ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە ، ولۆمەی لۆمەکارانیش هیچ کاریگەری لەسەریان نیە لەوەدا ، و فیز و لووت بەرزیش ڕێگریان نیە

---

[1] (مقدمة كتابه كشف النقاب ، ص ٣ ـ ٨) .

لەوەرگرتنی ڕەواییەکان ... ئاشکراشە خەڵکی لەگوێبیست بوونیان بۆ ڕەوایی و وەرگرتنی حەق سێ کۆمەڵن ، هەروەکو پێشەوا (ابن قتيبة الدينوري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :

یەکەم : ((رجل منقاد سمع قوما يقولون ، فقال كما قالوا !!! فهو لا يرعوي ، و لا يرجع ؛ لأنه لم يعتقد الأمر بنظر ، فيرجع عنه بنظر)) ، کەسێکی شوێنکەوتوو کە شتێکی لە خەڵکێکەوە بیستووە ، ئەویش وەکو ئەوان دەڵێت !!! ئەو جۆرە کەسە ناسڵێتەوە ، و ناشگەڕێتەوە ، چونکە بیروباوەڕی لە بابەتەکە بە تێڕامان و بیرکردنەوە نەبوو ، بۆیە بە تێڕامان و بیرکرنەوەش لێی ناگەڕێتەوە !!!

دووەم : ((ورجل تطمح به عزة الرياسة وطاعة الإخوان وحب الشهرة ، فليس يرد عزته ، ولا يثني عنانه إلا الذي خلقه إن شاء ، لأن في رجوعه إقراره بالغلط واعترافه بالجهل وتأبى عليه الأنفة ، وفي ذلك أيضا تشتت جمع وانقطاع نظام واختلاف إخوان عقدتهم له النحلة ، والنفوس لا تطيب بذلك إلا من عصمه اللّه ونجاه)) ، کەسێك کە خوازیاری توانای دەسەڵات و گوێڕایەڵی برایان ، و حەز و ئارەزووی شۆرەتە ، ئا ئەم جۆرە کەسانە هیچ شتێك توانایان ڕەت ناکاتەوە ، و ڕێگر و جلەوگیریان نابێت جگە لەوەی کە خوڵقاندونی ، ئەگەر ویستی ئەوەی هەبێت ، چونکە گەڕانەوەی بڕیاردانیەتی بە هەڵەکانی ، و دانپیانانی نەزانینیەتی ، تەکەبور و فیززلیشی ڕێگرە لەو کارەی ، هەروەها ئەو کارەی دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و پەرش و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەکەی ، و دابڕانی سیستەم و جیابوونەوەی برایانی هاوبیری کۆی کردبوونەوە ، دەروونەکانیش حەزیان لەوە شتانە نیە ، مەگەر کەسێك خوای پەروەردگار پاراستبێتی و ڕزگاری کردبێت .

سێیەم : ((ورجل مسترشد يريد اللّه بعلمه لا تأخذه فيه لومة لائم ، ولا تدخله من مفارق وحشة ، ولا تلفته عن الحق أنفة ، فإلى هذا بالقول قصدنا وإياه أردنا)) [1] ، کەسێك کە هیدایەت دراوە ، ومەبەستی بە زانستەکەی ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە ، ولۆمەی لۆمەکارانیش هیچ کاریگەری لەسەر نیە لەوەدا ، وە بە جابوونەوەی کەسانێك لێی تووشی غەریبی نابێت ، وە فیز و لووت بەرزیش ڕێگر نیە لەوەرگرتنی ڕەواییەکان ، جا ئەم ووتەیەمان ئاراستەی ئەم جۆرە کەسانە کردووە و مەبەستیشمان هەر ئەمانەن .

---

[1] (كتاب الاختلاف في اللفظ والرد على الجهمية ، دار الكتب العلمية ، ص ١٣) .

بۆیە مەبەست بەم نووسینە جۆری سێیەمە لە جۆرەکانی خەڵك ، هەر وەکو مەبەستی پێشەوا (ابن قتيبة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەو جۆرە کەسانە بووە .

لەکۆتاییدا و لەخستنەڕووی پەیڕەوی ئەم نووسینە دەڵێم : بە پشتیوانی خوای پەروەردگار پەیڕەوی ئەم نووسینە بەم پێیەی خوارەوە دەبێت :

پێشەکیەکی کورت : کە تێدا ئاماژە بە گەورەیی بوختیانکردن و درۆهەڵواسین بۆ براواداران کراوە ، بەتایبەت ئەگەر بڕوادارەکە زانا و پێشەوایەك بێت لە زانایانی ئیسلام ، ئەو کاتە تاوانەکە گەورەتر و ناقۆڵاتر دەبێت !!!

لە گەڵ باسکردنی شەرعیەتی ئەم جۆرە بەرپەرچدانەوانە ، لە ووتەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، چونکە نووسینەکە خستنە ڕوو و ئاشکراکردنی ئەو تۆمەتانەیە کە دەدرێتە پاڵ خودی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

هەروەها ئاشکرا کردنی مەبەست لەم نووسینە کە بریتیە لە :

١ ـ هێنانەدی حەرز و ئاواتی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی کە هەستاون بە بوخت بۆ کردن و تۆمەتبارکردنی بەبێ تاوان !!!

٢ ـ بۆ ئەوەی ببێت بە ڕێنیشاندەری ئەو جۆرە کەسانەی کە مەبەستایان گەشتنە بەڕاستیەکان ، و هیچ فیززلیەکیان نیە لە گەڕانەوە بۆ ڕەوایی ئەگەر بۆیان ئاشکرا بێت .

پاشان ، دەستپێکێك : کە ئەم خاڵانەی تێدا ڕوونکراوەتەوە :

یەکەم : زانایان کێن و ڕێگەکانی ناسینەوەیان کامانەن ؟

دووەم : تاوانی ئەو کەسانەی چیە کە توانج لە زانایان پێشەوایانی میرات گری پێغەمبەران ـ صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ دەدەن ؟

سێیەم : ئاشکراکردنی ئەوەی : کە ئەگەر ووتەی زانایەك چەند بۆچونێکی خراپی هەڵدەگرت ، ئەوا بە بۆچونی ئەو زانایە دانانرێن ، تاکو ئەوە ئاشکرا نەکات ، بە گوفتار یان بە کرداری .

چوارەم : ئەگەر زانایەك لە پرس و باسێکدا بکەویتە هەڵەوە ، نابێت بدرێتە پاڵ هیچ کۆمەڵ و گروپێکی گومڕا کە کەوتوونەتە هەمان هەڵەوە ، ئەوەش تەنها بۆ زانایانە نەك بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بەزانا دەزانن .

پێنجەم : جیاوازی کردن لە نێوان بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەکی تر ، لەگەڵ تانەدانی یان حوکم دانی بە بیدعەکارێتی بەرامبەرەکەی .

شەشەم : دانەبستنی دۆستایەتی (الولاء) و دژایەتی (البراء) لە سەر جیاوازی زانایانی سەلەفی لە نێو فێرخوازانی زانستی شەرعی و موسڵماناندا ، بەتایبەت ئەگەر لە بنەواکاندا هاودەنگ بوون .

دوابەدوای ئەوەش ، بەشی یەکەم دێت : لە ژێر ناونیشانی ((مورجیئە و جەند لێکۆڵینەوەیەك)) ، کە ئەم سەرباسانە دەگرێتە خۆ :

- ❑ مورجیئە لە زمانەوانی و زاراوەی شەرعدا .
- 🕮 مورجیئە لە زمانەوانیدا .
- 🕮 مورجیئە لە زاراوەی زانایاندا .
- ❑ کۆمەڵ و گروپەکانی مورجیئە .
- 🕮 یەکەم : جەهمیەکان (الجَهْمِيَّة) .
- 🕮 دووەم : کەرامیەکان (الْكَرَّامِيَّةُ) .
- 🕮 سێیەم : فوقەهای مورجیئە (مُرْجِئَةُ الفُقَهاءِ) .
- ❑ ئیمان و هەندێك لە بنەواکانی لەلای مورجیئە .
- ❑ پێناسەی ئیمان لەزمانەوانی و زاراوەی زانایان و بنەواکانی لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە .
- 🕮 پێناسەی ئیمان لە زمانەوانیدا (لُغةً) .
- 🕮 پێناسەی ئیمان لە زاراوەی شەرعدا (اصطلاحاً) .
- ❑ بەڵگە و مەرجەکانی بەریبوون لە ئیرجا .
- ❑ نوێژ و پەیوەندی نەکردنی بە ئیرجاوە .
- ❑ حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە (الحكم بغير ما أنزل اللَّه) و پەیوەندی بە ئیرجاوە .

پاشان ، بەشی دووەم دێت : کە ناونیشانی ((ئایا پێشەوا ئەلبانی هاودەنگە لەگەڵ ئەهلی سوننە یان لەگەڵ مورجیئە ؟!)) ، و ئەم سەرباسانە دەگرێتە خۆ :

- ❑ ئیمان و بنەواکانی لەلای پێشەوا ئەلبانی ، کە مەرجی بەری بوونیەتی لە ئیرجا .

١ ـ کردەوە بەشێکە لە ئیمان .

٢ ـ زیادبوونی ئیمان و کەمبوونەوەی .

٣ ـ ((جواز الاستثناء في الإيمانِ)) واتە : دروستێتی ووتنی بڕگەی : ((من ئیماندارم .إِنْ شَاءَ اللَّه.)) لەلایەن موسڵمانەوە .

٤ ـ بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕووکەش و دڵدا .

٥ ـ کاریگەری سەرپێچی و تاوان لە سەر ئیمان .

- ❑ ئەڵبانی و خۆ بەریکردنی لە ئیرجا و دژایەتی کردنی بۆیان .
- ❑ گەواهی و شایەتی دانی زانایان بەسەلەفیەتی ئەلبانی و بەری بوونی لە ئیرجا .
- ❑ جیاوازی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە لە لێکدانەوەی زاراوەی (شرط) ـدا جیاوازیەکی گۆیی (لفظ) یە نەك حەقیقی !!!

پاش ئەویش بەشی سێیەم دێت لەژێر ناونیشانی : ((ئەو گومانانەی پێشەوا ئەلبانی پێ تۆمەتبار دەکرێت و ڕەتدانەوە و بەدرۆخستنەوەیان)) ـە ، و ئەخاڵانە لەخۆ دەگرێت :

یەکەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە کردەوە بە بەشێك لە ئیمان نازانێت !!!

دووەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە (ترك جنس عمل) بە کوفر دانانێت !!!

سێیەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، ئەو کەسەش نوێژنەکەر بەکافر نەزانێت ، کاریگەری ئیرجائی کەوتووەتە سەر !!!

چوارەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە ئەو کاربەدەستە بەکافر نازانێت کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەگەر بەحەڵاڵدانانی لە گەڵدا نەبێت ، ئەمەش لەلای ئەوان بۆچوونی مورجیئەیە نەك ئەهلی سوننە !!!

پێنجەم : لە لای پێشەوا ئەلبانی کوفر بە کردەوە ڕووناداتە !!!! بەڵکو تەنها بە بیروباوەڕ دەبێت ، واتە : کوفر حەصر دەکات لە (بە درۆدانان : التكذيب = نفي التصديق) کە پەیوەستە بە دڵەوە !!!

شەشەم : تۆمەتبارکردنی ئشەوا بەوەی کە هیچ کردەوەیەك لەلای ئەو خۆی بۆخۆی کوفر نیە ، بەڵکو تەنها نیشانە و بەڵگەیە لەسەر کوفر ، کە ئەمەش بۆچوونی مورجیئەیە !!!

حەوتەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە کەس بەکافر نازانێت تاکو مەبەستی کوفرەکەی نەبێت (قصد الكفر) نەك مەبەستی کردەوەکە (قصد الفعل) !!!

هەشتەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە جنیودان و سوکایەتی کردن بە خوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایینەکەی بە کوفر نازانێت !!!

❑ ئینجا ئەوە ئاشکرا دەکرێت کە : کێ ڕەواج بەم تۆمەتانە دەدات و بۆچی ؟!

لە کۆتایشدا .... دەرەنجام و ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوە دەخرێتەڕوو ... لەگەڵ ئاماژەکردن بە گرنگترین ژێدەر و سەرچاوەی بەکارهاتووە تیایدا ، بەدوایدا : پێڕستی سەرباسەکان کە دووا هەنگاوی ئەم پەرتوکەیە و کۆتایی بە نووسینەکە دێت .

داواکارم لەپەروەردگاری بەبەزەییم ، بەمیهرەبانی خۆی قەڵەمی عەفو بەسەر هەموو هەڵەیەکمدا بێنێت کە لەم پەرتوکەدا کردوومە ، چونکە هەموو هەڵەیەك کە تێیدایە بەرهەمی نەزانین ، و تاوانی نەفسی خۆمە ، وە ئەوەش ڕاستی و ڕەوایی بێت تێیدا ، کەرەم لوتفی پەروەردگارمە بەرامبەر بە بەندەی تاوانباری خۆی .

داواکاریشم جێی وەرگرتنی پەروەردگار بێت ، و دڵی بەندەکانیشی بۆ بکاتەوە ، بۆ ئەوەی ببێت بە مایەی هیدایەت ، و ناسینی ڕەوایی لەو باس و پرسانەی کە تێدا هاتوون .

دروشمی مەبەستیشمان لەم نوسینە ئەوەیە کە لەم ئایەتەدا هاتووە : ﴿ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾ .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

محب الألبانی

باوکی سوننە عەدنان بارام کەلاری

کەلار/ ٢٠١٠/٦/٢٣

دەستپێك وڕێخۆشكاری

دەستپێك و ڕێخۆشكاری

لە هەر باس و پرسێكدا ـ بە تایبەت باس و پرسە شەرعیەكان ـ پێویستە ـ موسڵمانان بەگشتی و فێرخوازانی زانستی شەرعی بەتایبەت ـ زاراوە و بنەوا پێویست و پەیوەستەكانی بابەتەكەیان لە لا ئاشكرا و ڕوون بێت ، كە پێویستن متمانەیان بكرێتەسەر بۆ گەشتن بە ئەنجامێكی دروست و ڕەوا تیایدا ، چونكە ئەگەر وانەبێت موسڵمان دەكەوێتە توانجدان و تۆمەتبارکردنی كەسانێك كە ووتە و گوفتاریان لەو باس و پرسەدا هەبێت ، و لەئەنجامدا خۆیان و خەڵكانێكی تریش بەهەلاكەتدا دەبەن ، و تاوانی خۆیان و ئەوانیشیان دەكەوێتە ئەستۆ كە ئەوان هۆكاری لادنیان دەبن ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴾ (النحل : ٢٥) .

بۆیە بەپشتیوانی و عەونەتی خوای پەروەردگار لەم دەستپێكەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا ڕوونبكرێتەوە كە :

یەكەم : زانایان كێن و ڕێگەكانی ناسینەوەیان كامانەن ؟

دووەم : تاوانی ئەو كەسانە چیە كە توانج لەزانایان و پێشەوایان و میراتگرانی پێغەمبەران ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ دەدەن ؟

سێیەم : ئاشكراكردنی ئەوەی : كە ئەگەر ووتەی زانایەك بۆچونی تری خراپ بگرێتەوە ، ئەوا ئەو بۆچوونە خراپانە بە بۆچونی ئەو زانایە دانانرێن ، تاكو ئەوە ئاشكرا نەكات ، بە گوفتار یان بە كرداری .

چوارەم : ئەگەر پێشەوا یان زانایەك لە پرس و باسێكدا بكەویتە هەڵەوە ، نابێت بدرێتە پاڵ هیچ كۆمەڵ و گروپێكی گومڕا كە كەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە .

پێنجەم : جیاوازیكردن لە نێوان بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەكی تر ، لە گەڵ تانەدان و حوكمدانی بە بیدعەكارێتی بەرامبەرەكەی .

شەشەم : دانەبستنی دۆستایەتی (الولاء) و دژایەتی (البراء) لە سەر جیاوازی زانایانی سەلەفی لە نێو فێرخوازانی زانستی شەرعی و موسڵماناندا ، بەتایبەت ئەگەر لە بنەواكاندا هاودەنگ بوون :

چونکە ئەگەر موسڵمانان بۆیان ڕوون بوویەوە کە زانایان کێن ، و چۆن دەناسرێنەوە ، ئیتر شوێنی کەسانێکی نەزان ، وخۆ بەزانا دانەر ناکەون ، کە بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرن !!

وە ئەگەر بۆیان ئاشکرا بوو کە تاوانی توانجدان و تانەدان لە میراتگرانی پێغەمبەران ـ صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ کە زانایانن چەند تاوانێکی گەورەیە ، دەسڵێنەوە لەو تاوان و توانجانەی کە لە زانایانی دەگرن ، بەڵکو بگرە دەبن بە شوێنکەوتەی زانایان لە هەموو ڕەوایی و ڕاستیەکدا .

وە ئەوەیان لە لا ئاشکرا دەبێت کە ئەگەر ووتەی زانایەك بۆچونێکی خراپ هەڵگرێت ، ئەوا بە بۆچونی ئەو زانایە دانانرێت ، تاکو ئەوە ئاشکرا نەکات ، بە گوفتار یان بە کرداری ، بەوەش لە تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنی زانایان پارێزراو دەبن .

وە ئەگەر زانایەك لە پرس و باسێکدا بکەویتە هەڵەوە ، وەکو کەسانی نەزان و کاڵفام نایاندەنە پاڵ هیچ کۆمەڵ و گروپێکی گومڕا کە کەوتوونەتە ئەو هەڵەوە !!!

وە کە دەشزانن : جیاوازی هەیە لەنێوان بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەکی تر ، لەگەڵ تانەدانی و حوکم دانی بە بیدعەکارێتی بەرامبەرەکەی ، ووتەی هەموو زانایەك لە شوێنی خۆی دادەنەن و هەڵسەنگاندنی تەواوی بۆ دەکەن ، و پلەی خۆی دەدەنێ .

پاشان لەجیاوازی زانایانی سەلفیشدا لەهەر باسێکدا دۆستایەتی (الولاء) و دژایەتی (البراء) لەسەر ووتەی هیچ لایەکیان دانابەستن ، بەتایبەت ئەگەر هەردوو لا لەزانایانی ئەهلی سوننە بن ، و لەبنەواکاندا هاودەنگ بن ، سەرەڕای ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانیاندایە .

جا بە پشتیوانی خوای بڵند و باڵا دەست و بەتوانا دەووترێت :

پەکەم : زانایان کێن و ڕێگەی ناسینەوەیان کامەیە ؟

بەهۆی هەڵەی پەروەردەیی ، و ڕەنگدانەوە لە ناو موسڵماندا وای لێهاتووە کە خەڵکانێکی زۆرینەی پێشەوایان و زانایانی ئیسلام نەناسنەوە و نەزانن کێن و چۆن بیانناسنەوە ؟ ئەوەش وای کردووە کە کەسانی نەزانکار و خۆبەزانا زان بکرێن بەزانا ، و چەواشەکاران خۆیانی تێهەڵقورتێنن ، و خەڵکی چەواشە بکەن و کەسانێکیاك لێ بکەن بە زانا کەچی بیدعەکار و لاڕێبوون ، بەڵام لەڕاستیدا یەك گرتنەوەی مەبەستەکان کردوونی بە زانا !!!

بۆیە بۆ ڕەواندنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە پەروەردیە ، دەووترێت :

❑ زانایان : میرات گرانی پێغەمبەرانن ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ ، نەك بەوەی کە پارە و سەروەت وسامانیان لێیانەوە بە میرات بۆ مابێتەوە ، بەڵکو میراتگری زانستەکەیانن ، ئەو زانستەی کە لە دەروون و مێشکیان و جێگیر بووە ، و بە گشتی لە کردەوەکانیان و ڕەنگی داوەتەوە ، و بانگەوازی خەڵکی بۆ دەکەن .

❑ زانایان : ئەوانەن کە عارف و پسپۆرن لە شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، و شارەزان بە ئایینەکەی ، ئەوانەی کە کردەوە بە زانستەکەیان دەکەن لەسەر چاوڕۆشنی و هیدایەتەوە ، ئەوانەی کە خوای پەروەردگار دانایی پێبەخشیون ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾ (البقرة : ٢٦٩) ، واتە : خوای پەروەردگار دانایی دەبخشێت بەو کەسانەی کە بیەوێت ، و ئەو کەسەش کە دانایی پێببەخشرێت ، ئەوا چاکە و خێرێکی زۆری پێبەخشراوە .

❑ زانایان : پێشەوایانی ئایینن ، بە هەوڵ و کۆشش و ئارامگرتن و تەواوی دەستگرتنیان بە ئایینەکەیان و پیادەکردنیان بۆی ، پلە و پایەی خۆیان بەدەستیان هێناوە ، خوای پەروەردگار لە بارەیانەوە فەرموویەتی : ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ (السجدة : ٢٤) ، واتە : ئێمە هەندێك لەوانمان ـ واتە لە نەوەکانی ئیسرائیل ـ کرد بە پێشەوا ، و هیدایەتیشمان دان و کردنمان بە زانا ـ واتە : هیدات دراوبوون لە خۆیاندا و

هیدایەت دەری خەڵکیش بوون ـ ، پێبەخشینی ئەو پلە و پایەش مەنزیلەیەش بەوە بوو کە ئارام گربوون ، و لە باوەڕ و زانینیشیاندا گەشتبوون بە پلەی یەقین و دڵ ئارامی .

❑ زانایان : ئەوانەن کە ڕۆڵی فەتوادان دەگێڕن و ووتەکانیان جێگەی متمانەیە لە زانینی حوکمە شەرعیەکان ، و هەوڵیان دانانی کۆمەڵە ڕێسایەکە بۆ دیاریکردنی سنوری حەڵاڵ و حەرامەکان لە شەرعدا .

❑ زانایان : ئەو کۆمەڵەیەن کە ڕاپەڕیوون و هەستاون بۆ فێربون و شارەزابون لەئایین و پاشان هەستاوون بەفێرکردن و بانگەشەکردنی موسڵمانان و ئاگادارکردنەوەیان لەخراپەکان ، پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾ (التوبة : ١٢٢) .

❑ زانایان : ئەوانەن کە ڕێنیشاندەری خەڵکن ، و هیچ سەردەمێك نیە کە تیایدا نەبن ، تاکو ئەو ڕۆژەی کە فەرمانی خوای پەروەردگار دێت ، هەر ئەوانیشن سەروەر و پێشەنگی کۆمەڵەی سەرخراو و ڕزگاربوون تاکو ڕۆژی دوایی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنَ خَذَلَهُمْ ، أَوْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ » [1] ، واتە : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئومەتەکەم لە سەر ڕەوایی و حەق هەر بەردەوامن ، سەرنەخستنی هەندێك بۆیان زیانیان پێ ناگەیەنێت ، و نەش ئەوانەی کە پێچەوانەیان دەبنەوە ، تاکو فەرمانی خوای پەروەردگار دێت ، وە ئەوان هەر بەردەوامن لە ناو خەڵکدا لەسەر ئەو مەنهەجە ڕەوایەی کە لەسەرین .

پێشەوا (علي المديني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((هُمْ أَهْلُ الْحَدِيْثِ)) ، واتە : ئەوانە ئەهلی حەدیسن .

وە پێشەوا (أحمد) ی کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((إِنْ لَم يَكُونُوا أَهْلَ الْحِدْيِثِ فَلَا أَدْرِي مَنْ هُمْ)) ، ئەگەر ئەوانە ئەهلی حەدیس نەبن ، ئەوا من نازانم ئەوان کێن .

---

[1] (رواه البخاري و مسلم) .

وە پێشەوا (البخاري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (صحيح) ـەکەیدا و لە (بَابُ قَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ : لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِيْنَ عَلَى الْحَقِّ) ، واتە : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئومەتەکەم سەرکەوتوون و لەسەر حەق و ڕەواین ، فەرموویەتی : ((وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ)) [١] ، واتە : ئەوانە ئەهلی عیلم و زانایانن .

❑ زانایان : پێشەنگ و سەری ئەو کۆمەڵەیەن کە فەرمانمان پێکراوە بەوەی کە دەستی پێوە بگرین ، و ئاگادار کراوینەتەوە لە ترسناکی پێچەوانە بوونەوە و دابڕان لێیان [٢] .

ئەمەبوو مشتێك لە خەرمانی وەسفی زانایان ، کە پێویستە موسڵمانان سیفەتیان بزانن بۆ ئەوەی بیانناسنەوە ، و بگەڕێنەوە بۆیان لەکاتی فەتوا و پرسیارەکانیاندا ، بەتایبەت لەبواری بیروباوەڕ و ئیماندا ، چونکە زانا ئەوە نیە کە ووتەبێژ بێت و لە ووتار و دەرسەکانی ووتەی گەورە و بێ ناوەڕۆك و ڕەونەقدار بەکار بێنێت ، یان هەر کەسەو پەرتوکێك بنووسێت زانا بێت !!! یان نووسراوێك بڵاوبکاتەوە ، یان دەسنووسێك تەحقیق بکات و بەچاپی بگەیەنێت !!! چونکە بەداخەوە ئەمانە لە مێشك و بیری کەسانێکی زۆر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونەتە پێوەر بۆ کێشان و ناسینی زانا ، بەوەش کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەی کە کەسانی ووتارخوێن !! و نووسەریان لێببێتە زانا !!! و دەبینیت ئەو جۆرە کەسانە بوونەتە جێگەی ئیعجابیان ، و بوونەتە سەرچاوەی فەتوایان ... وەکو : مامۆستا فلان ... و سەید فیسار ... و حاجی فلانە ... و هەزاران نازناوی تر کە تەنها ناوی فریودەرن و هیچی تر ، بەڵکو بەوەشە ناوەستێت تەنانەت لە پێشەوا و زانایانیش بە زاناتری دەزانێت !!! و تانە و تەشەرەش لەگەورە زانایانی ئیسلام دەدات !!!

وەکو کەسێکی کەودەن و نەزان لەو جۆرە کەسانە ووتبووی : مامۆستا فلان ئەگەر لە ئەلبانی زیاتر نەبێت وەکو ئەلبانیە !!!!!

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە و پێویست بەوەڵام دەکات ، ئەویش ئەوەیە کە گرنترین ڕێگە بۆ ناسینەوەی زانایان چیە و کامەیە ؟

---

[١] (فتح الباري شرح صحيح البخاري ، لابن حجر العسقلاني : ١٣ / ٣٥٨) .

[٢] بۆ زیاتر شارەزابوون ، و زانینی سیفەتی زانایان بڕوانە پەرتوکی بەنرخی (قواعد في التعامل مع العلماء) کە لە نووسینی (الشيخ عبدالرحمن بن معلا اللويحق) ـە .

لە وەڵامدا دەووترێت : توێژەر و لێکۆڵەڕەوان دووای گەشت و گەڕانێك بە ناو پەڕەی پەرتۆکەکانی (الرِّجَال) ، و (السِّيَرْ) ـدا دەبینێت زانایان چەند شێوازێکیان لەم کارەدا بەکارهێناوە ، و کردوویانەتە پێوەری کاریان ، کە گرنگترینیان ئەمانەن :

١ ـ (الاسْتِفَاضَةُ وَالشُّهْرَةُ) بەربەڵاوی و بڵاوبوونەوە : واتە بەربەڵاوبوونەوەی زانست و ناو شۆرەتیان کە پێویست بەوە نەکات کە موسڵمانان بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە زانان یان نە ؟

بۆ نموونە زانایەتی : پێشەوایان (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ، و (شافعي) ، و (مالك) ، و (أبو حنيفة) ... و (البخاري) و (مسلم) و هەزارەها زانای تر پێویست ناکەن بەوەی کە موسڵمانان پرسیاری ئەوە بکەن کە ئەو پێشەوایانە زانا بوون یان نە ؟! چونکە بەربڵاوی شورەت و زانیاری و شوێنکەووتوانیان ، و بڵاوبوونەوەی ئەرکی ئەوەی لەسەر موسڵمانان خستووە ، و پێویست بە پرسیار ناکات دەربارەیان .

پێشەوا (سُفْيَانُ الثَّوْرِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((خُذ الْحَلَالَ وَالْحَرَامَ مِنَ الْمَشْهُورِيْنِ فِي الْعِلْمِ ...)) [1] ، واتە : حوکمی حەڵاڵ و حەرام لە کەسانێکی ناودار لە عیلم و زانستەوە وەرگرە .

وە (شُعْبَة) ـەش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((خُذُوا الْعِلْمَ مِنَ الْمَشْهُورِيْنَ)) [2] ، واتە : عیلم و زانستی شەرعی لە کەسانێکی ناودار و ناسراوەوە وەرگرن .

نەك بەدەردی زۆرێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ ، دەبینیت لە زانایان دوورکەوتونەتەوە و لە کەسانێکەوە زانست و زانیاری و حەڵاڵ و حەرام وەردەگرن کە هیچ بنەواکانی زانستی شەرعیان پێ نیە !!! تەنها لەبەر ئەوەی کە توانای ووتن و ووتار و قسەی زل و ڕەونەقداریان هەیە ، یەکێکیان بەناوی : مامۆستا فلان !!! و ئەوی تریان بەناوی : سید فلانە !!! حاجی فلان !!!! و سەدان کەسی تری نامۆ لە گۆڕەپانی زانستی شەرعیدا ، کە جگە لە گەورەکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و لایەن و حزب نەبێت ، هیچ بنەوایەکی شەرعیان نیە .

---

[1] (أخرجه الرامهرمزي في المحدث الفاصل : ٤٠٦) .

[2] (أخرجه ابن أبي حاتم في الجرح والتعديل : ٢/ ٢ ، والخطيب في الكفاية ، ١٦١، من طريقين) .

٢ ـ گەواهی و شایەتی زانایانی تر لەسەریان (الشَّهَادَةُ) :

ئەم کارە ـ واتە شایەتی دانی گەورە زانایان لەسەر زانایانی تر کە زانان ـ کار و کردارێکی شوێنکەوتراوە بە درێژایی مێژووی ئیسلام ، و تیایدا زانایان و پایەبەرزانی ئەم ئومەتە ـ لە سەردەمانی کۆن و تازەشدا ـ شایەتیان بۆ فێرخوازان و زانایانی تر داوە ، و مەنزیلە و پلە و پایەیان دەرخستوە ، بۆ ئەوەی جێی متمانەی موسڵمانان بن و چەواشەکاران کە پۆشاکی درۆ و چەواشەکاری نەکەن بەبەر خۆیان و کەسانی تری نەزانەوە ، هەروەك لەم سەردەمانەدا ، و بێشەرمانە کەسانی چەواشەکار ئەو پلەیە بەخۆیان دەدەن کە وەکو زانایەك پاکانە و پلە و پایەی زانایەتی بەکەسانێکی بیدعەکار و حزبی بدەن ، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانە شایستەی ئەوە بن ، بەڵکو تەنها لەبەر هاو حزب بوون یان لەبەر ئەوەی هاوبیری خۆیانە !!!

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بێت لەکاری چەواشەکارانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە ئەو کارەیان ـ باسکردنی کەسانی تر بە زانا ـ ئەگەر ڕاستەوخۆ ئەوە دەرنەبڕن تێیدا ، بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەردەبڕن کە خۆیان لە زانا زاناترن !!! چونکە ئەهلیەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە کە زانایانی ئەهلی سوننە بە موسڵمانان بناسێنن !!! وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ !!!!

(ابن عَون) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لَا يُؤْخَذُ هَذَا الْعِلْمَ إِلَّا مِمَّنْ شُهِدَ لَهُ بِالطَّلَبِ)) [1] ، واتە : ئەم زانستە شەرعیە وەرناگیرێت جگە لەوانە نەبێت کە شایەتیان بۆ دراوە بەوەی کە فێرخوازی زانستی شەرعی بوونە .

بۆیە (الدكتور أحمد بازمول) لە لێدانەوەی ووتەی پێشەوا (ابن سيرين) کە فەرموویەتی : ((كَيْفَ يُعْرَفُ الْعَالِمُ ؟)) [2] ـدا فەرموویەتی : ((السَّبِيْلُ إِلَى مَعْرِفَةِ الْعَالِمِ ؛ بِسُؤَالِ أَهْلِ الْعِلْمِ فِي وَقْتِهِ عَنْهُ ، وَالْمَشْهُورِيْنَ مِنْ فُقَهَاءِ عَصْرِهِ ، وَيُعَوِّلُ عَلَى مَا يُخْبِرُونَهُ مِنْ أَمْرِهِ ، وَأَنَّ يَشْتَهِرَ بِطَلَبِ الْعِلْمِ)) ، واتە : ڕێگەی گەیشتن بە ناسینی زانا ، بە

---

[1] (أخرجه ابن أبي حاتم في الجرح والتعديل : ٢ / ٢ ، وابن عدي في الكامل : ١ / ١٥٣ ، والرامهرمزي في المحدث الفاصل ، ٤٠٥ ، والخطيب في الكفاية ، ١٦١ ، من طرق) .

[2] (الفقيه والمتفقه ، للخطيب البغدادي : ٢ / ٣٢٥) .

پرسیارکردنە لە ئەهلی عیلم و زانایان لە کات و سەردەمی خۆیدا ، و ئەوانەی کە شەرعزانن لە سەردەمی ئەودا ، وە متمانە دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەوان هەواڵی پێدەدەن لە سەری ، وە دەبێت ناسراویش بێت بەوەی کە فیرخوازی زانستی شەرعی بووە .

زانایان نەك تەنها بۆ ناسیی زانایانی تر ئەم پەیڕەوەیان بەکارهێناوە ، بەڵکو بۆ زانینی پلە و توانای خۆشیان بۆ ئەهلیەتی فەتوادان ، و مەنزیلەتی عیلمی پرسیان بە زانایانی تر کردووە ، ئەوەتا پێشەوا (مالك) ـی کوڕی (أنس) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((مَا أَجَبْتُ فِي الْفَتْوَى حَتَّى سَأَلْتُ مَنْ هُوَ أَعْلَمُ مِنِّي : هَلْ يَرَانِي مَوْضِعاً لِذَلِكَ ؟ سَأَلْتُ رَبِيْعَةَ ، وَسَأَلْتُ يَحْيَى بْنَ سَعِيْدٍ ، فَأَمَرَنِي بِذَلِكَ ، فَقِيْلَ لَهُ : يَا أَبَا عَبْدِاللَّهِ لَوْ نَهَوْكَ ، قَالَ كُنْتُ أَنْتَهِي ، لَا يَنْبَغِي لِرَجُلٍ أَنْ يَرَى نَفْسَهُ أَهْلاً لِشَيْءٍ حَتَّى يَسْأَلَ مَنْ هُوَ أَعْلَمُ مِنْهُ)) [1] ، واتە : وەڵامی هیچ فەتوایەکم نەداوەتەوە تاکو پرسیارم نەکرد لەوانەی کە لە خۆم زاناتر بوون ، ئایا بە شیاوم دەزانێت بۆ ئەو شوێنە ؟ پرسیارم لە (ربيعة) کرد و پرسیاریشم لە (يحيى) ـی کوڕی (سعيد) کرد ، فەرمانیان پێکردم بەو کارە ، بە پێشەوا (مالك) ووترا : ئەی باوکی عەبدوڵڵا ئەگەر یاساغی و قەدەغەی ئەو کارەیان لێ بکردایەی ؟ ئەویش فەرمووی : وازم ئەهێنا و ئەو کارەم نەدەکرد ، چونکە نابێت هیچ کەسێك خۆی بە شیاو بزانێت بۆ شتێك تاکو پرسیاری لە خۆی زاناتر نەکات .

پێشەوا (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەو جۆرە کەسانەی کە پێچەوانەی ئەم ڕێسایەن فەرموویەتی : ((لكن مع الأسف الشديد ، إن كلمة الشهيد

---

[1] (أخرجه أبو نعيم في حلية الأولياء : ٦ / ٣١٦ ، والبيهقي في المدخل إلى السنن الكبرى : ٤٤٠ ، برقم : ٨٢٥ ، والخطيب في الفقيه والمتفقه : ٢ / ٣٢٦ ، من طريقين) .

اليوم صارت رخيصة ، كما صارت كلمة الشيخ ، فالآن كلمة الشيخ رخيصة ، يعني يقال للإنسان الذي لا يعرف كوعه [١] من كرسوعه [٢] يقال له : شيخ !!!

وتجده يجلس في مجلس كله عوام ، ثم يقوم يتكلم بكلام فصيح بين ، وعن شجاعة ، فيقولون : هذا عالم ، لا نظير له ، فيكون عندهم شيخ الشيوخ !!!

وكذلك أيضا سهلت كلمة الإمام ، الآن لو صنف الإنسان كتابا مختصرا من أبسط ما يكون ، قالوا : هذا إمام !! سبحان اللَّه ـ تَعَالَى ـ ! الإمام لابد أن يكون عالما كبيرا متبوعا ، وليس كل إنسان يؤلف يسمى إماما ، ولهذا لما اختلفت المفاهيم هنا ، صارت الألقاب تشوش ، فعندما تقرأ كتابا صغيرا لأحد المؤلفين ، وتقول : قال الإمام فلان ابن فلان ! ماذا يظن السامع ؟ ، يظن أنه إمام من أكابر العلماء ، وهذا لا يجوز ، أن نصف الإنسان بما لا يستحق ، لأن هذا فيه شيء من الكذب)) [٣] .

---

[١] (الفيومي) له (المصباح المنير : ٢ / ٥٤٤) ـدا فەرموویەتی : ((الكُوعُ : طرف الزند الذي يلي الإبهام ، و الجمع (أَكواعٌ) ، مثل : قفل وأقفال و (الكَاعُ) لغة ، قال الأزهري : (الكُوعُ) طرف العظم الذي يلي رسغ اليد المحاذي للإبهام ، و هما عظمان متلاصقان في الساعد ، أحدهما أدقّ من الآخر ، و طرفاهما يلتقيان عند مفصل الكفّ ، فالذي يلي الخنصر يقال له : (الكُرسُوعُ) و الذي يلي الإبهام يقال له : (الكُوعُ) وهما عظما ساعد الذراع ، ويقال في البليد : لا يفرق بين (الكُوعِ) و (الكُرْسُوعِ))) وە بڕوانە : (تاج العروس من جواهر القاموس ، للزَّبيدي : ٢٢ / ١٤١) .

[٢] وە لە (القاموس المحيط ، للفيروزآبادي : ١/ ٩٨٠) ـدا هاتووە : ((الكُرْسَعَةُ ، والكُرْسوعةُ بضمهما : ... طَرَفُ الزَّنْدِ الذي يَلي الخِنْصَرَ النَاتِىءُ عندَ الرُّسْغِ أو عُظَيْمٌ في طَرَفِ الوَظِيفِ مما يَلي الرُّسْغَ من وظيفِ الشاءِ ونحوِها من غيرِ الآدمِيينَ)) .

[٣] (فوائد من شرح عقيدة أهل السنة والجماعة ، للشيخ ابن عثيمين : ١ / ٣٠) .

واتە : بەڵام بەداخێکی زۆر گەورەوە دەڵێم : ووشەی شەهید لەم ڕۆژگارەدا بێنرخ بووە ، هەروەکو چۆن ووشەی شێخیش بێنرخ بووە ، ئیستا ووشەی شێخ بێنرخ بووە ، ئەوەش بەوەی کە بەکەسانێك دەووترێت : کە دوو سەری ئێسکەکەکانی باسکیان (کوع و کرسوع) لە یەك جیاناکەنەوە !! کەچی پێیان دەووترێت : شێخ !!!!

وە دەبینیت لە مەجلیسی وا دادەنیشێت کە هەموو کەسانی عەوامن ، و ئەویش هەڵدەستێ بە ووتنی چەند ووتەیەکی ڕەونەقدار ، و ئازایەتی خۆی دەردەخات ، و خەڵکەکەش دەڵێن : ئەمە زانایە !! و هاوشێوەشی نیە !! بۆیە دەبینیت لای ئەوان بە شێخی هەموو شێخان دەژمێردرێت !!

هەروەها ووتنی ووشەی پێشەواش ئاسان بووە ، دەبینیت ئەگەر کەسێك پەرتوکێکی کورت ، کە ئاسانترین شتە نووسیەوە ، دەووترێت : ئەوە پێشەوایە !!! پاکی و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار !! پێشەوا دەبێت زانایەکی گەورە بێت ، و خەڵکی شوێنکەوتووی هەبێت ، نەك هەر کەس و نووسی پێی بووترێت پێشەوا !!! وە لەبەر ئەوەی کە لێرەدا چەمکەکان تێکەڵبوون ، دەبینیت نازناوەکان دەشێوێنرێن و ئاوەژوو دەکرێت ، چونکە کە پەرتوکێکی بچوکی یەکێك لە نووسەران دەخوێنیتەوە و دەڵێت : پێشەوا فلانی کوڕی فلان فەرموویەتی !!! بیسەر گومانی چی دەبات ؟!! گومانی ئەوە دەبات کە پێشەوایەکە لە زانایان ، ئەمەش نادروستە و نابێت کەسێك وەسف بکەین بە سیفەتێك کە شایستەی نیە ، چونکە بڕێك درۆی تێدایە .

هەر لەم بارەیەوە ـ واتە : هەستانی زانایان بە گەواهی دان بۆ زانایانی تری ئەهلی سوننە ـ شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم پرسیارەی ئاراستە دەکات کە : ((إذا سئلنا من هم العلماء السلفيون في هذا العصر ؟ فكيف نجيب ؟)) ، واتە : ئەگەر پرسیارمان لێبکرێت کە زانایانی سەلەفیەت لەم سەردەمەدا کێن ، چۆن جواب دەدەینەوە ؟

پاشان لە وەڵامیشدا دەفەرموێت : ((النَّبِيُّ ـ صَلَى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم ـ يقول : « لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِيْنَ عَلَى الْحَقِّ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهُ وَهُمْ كَذَلِكَ » ، فَمَنْ هَؤُلَاءِ الْعُلَمَاءِ : الشَّيْخُ ابْنُ بَازٍ ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ ، وَالشَّيْخُ الْأَلْبَانِيُّ ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ [1] ، وَالشَّيْخُ

---

[1] ئەم ووتەیە پێش کۆچی دوایی پێشەوا ئەلبانی بووە ، بۆیە دەڵێت : خوا بیپارێزێت .

صَالِحُ الْفَوْزَانِ ، وَالشَّيْخُ رَبِيْعُ بْنُ هَادِي ، وَالشَّيْخُ عَبْدُالْـمُحْسِنِ الْعَبَّاد ـ حَفِظَهُمُ اللَّهُ ـ ، ... فإن قال قائل : أنت لا تذكر الحزبيين ! قلت : لا أذكرهم ولا كرامة : ﴿ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴾ (الصف : ٥))) [١] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : بەردەوام کۆمەڵێك لەئومەتەکەم لەسەر ڕەوایی بەردەوامن ، سەرنەخستنی هەندێك بۆیان زیانیان پێ ناگەیەنێت ، و هەروەها ئەوانەی کە پێچەوانەیان دەبنەوە ، تاکو فەرمانی خوای پەروەردگار دێت ، و ئەوان لەسەر ئەو مەنهەجە ڕەوایە بەردەوامن ، لەو زانایانەش : شێخ (ابن باز) خوا بیپارێزێت ، وە شێخی (الألباني) خوا بیپارێزێت ، وە شێخ (صالح الفوزان) ، و (ربيع بن هادي المدخلي) ، و شێخ (عبدالمحسن العباد) ـ خوا بیانپارێزێت ـ ، ... وە ئەگەر یەکێك بڵێت : تۆ ناوی حزبیەکان ناهێنێت !! ئەوا دەڵێم : ناویان ناهێنم و هیچ ڕێزێکیشیان لەلام نیە .

٣ ـ بە شوێنەوار و پاشماوەکانیان (الآثَارُ) :

مەبەست لە شوێنەواریان ئەو پەرتۆك و فەتوایانەیە کە دوای خۆیان دەبێت بە سەرچاوەی وەرگرتنی شەرع بۆ موسڵمان ، و پاشماوە بۆیان ، وەکو کتێبی (الموطأ) ـی پێشەوا (مالك) ، و (مسند) ـی پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ، و هەریەك لە کتێبی (الأم ، و الرسالة ، و المسند) ـی پێشەوا (الشافعي) ، و (صحيح) ـی هەریەك لە پێشەوایان (البخاري ومسلم) ، و پەرتوکەکانی سوننە ، و ئەو کتێبانەی کە لە زانستی قورئان ڕاڤەکردن و سوننەت لێکدانەیدا نووسراون ، و هەر هەمووشیان بە گشتی هەزارەها کتێبی تریش کە بە سەرچاوە دادەنرێن بۆ موسڵمانان ، و جێی متمانەیانن بە گشتی .

هەر ئەو سەرچاوانەشن کە زانایان ، و فێرخوازانی شەرعی لە هەموو سەردەمێکدا خۆیان و جگە لە خۆشیان لە سەر پەروەردە دەکەن ، و هانی گەڕانەوەی موسڵمان دەدەن بۆیان ، کەواتە

---

[١] (أسئلة البريطانيين من مدينة بارمنغهام عن جمعية إحياء التراث وحزب التحرير : تم التسجيل في ٢١ شوال ١٤١٧هـ ، السؤال : ١٦٢) .

زانایان با بەجەستەیان لە ناو موسڵمانان بڕۆن ونەمێنن ، بەڵام دڵنیان لەوەی کە شوێنەوار وپاشماوەکانیان لە ناویاندا دەمێنێتەوە .

پێشــەوا و هاوەڵی بەڕێز (علي) کوڕی (أبو طالب) رضي الله عنه لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((الْعُلَمَـاءُ بَاقُونَ مَا بَقِيَ الدَّهْرُ ، أَعْيَانُـهُمْ مَفْقُودَةٌ ، وَآثَارُهُمْ فِي الْقُلُوبِ مَوْجُودَةٌ)) ، واتە : زانایان بە مانەوەی زەمانە دەمێننەوە ، ڕاستە جەستە و تەنیان نادیارە ، بەڵام شوێنەوار کاریگەریان لە دڵەکاندا بوونی هەیە .

دووەم : ئاوانی ئەو کەسەی کە ئوانج لەزانایان و مبرانگرانی پێغەمبەران ـ صەلاَت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ دەداَت ؟

لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعە ، و پەیڕەوی سەلەفی صالْحی ئەم ئومەتە ئەوەیە کە : نابێت باسی پێشەوایان و زانایانی ئیسلام بەخراپە بکرێت و تانە و توانجیان لێبدرێت ، چونکە ئەو کارە لاڕێبوون و لادانە لە ڕێگای ڕاست ، هەروەکو پێشەوا (الطَّحَاوِي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَعُلَمَاءُ السَّلَفِ ـ مِنَ السَّابِقِيْنَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ مِنَ اللَّاحِقِيْنَ ـ أَهْلُ الْخَبَرِ وَالْأَثَرِ ، وَأَهْلُ الْفِقْهِ وَالنَّظَرِ ، لَا يُذْكَرونَ إِلَّا بِالْجَمِيْلِ ، وَمَنْ ذَكَرَهُمْ بِسُوءٍ ، فَهُوَ عَلَى غَيْرِ السَّبِيْلِ)) [١] .

واتە : زانایانی سەلەف و پێشینان ، و ئەوانەشیان کە دواتر بە دوایاندا هاتوون ، کە کەسانی چاکەکار و شوێنکەوتەی شوێنەواری پێشینیان ، وە کەسانی شەرعزان و خاوەن دید و تێڕوانین ، نابێت جگە بە باشی باسیان لێوەبکرێت ، و ئەو کەسەش کە بە خراپە باسیان لێوەبکات ، ئەوا لە سەر ڕێگەیەکە جگە لە ڕێگای ڕاست .

شێخ (صالح الفوزان) ـ خوا پەروەردگار بیپارێزێت ـ لە لێکدانەوەی ئەم ووتەیەی پێشەوا (الطَّحَاوِي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فَلَا يَجُوزُ الطَّعْنُ فِيْهِمْ وَتَنَقُّصِهِمْ ، حَتَّى لَوْ حَصَلَ مِنْ بَعْضِهِمْ خَطأٌ فِي الاجْتِهَادِ ، فَهَذَا لَا يَقْتَضِي تَنَقُّصِهِمْ ؛ لِأَنَّهُمْ قَدْ يُخْطِئُونَ ، وَمَعَ ذَلِكَ هُمْ طَالِبُونَ لِلْحَقِّ ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ : « إِذَا اجْتَهَدَ الْحَاكِمُ فَأَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ ، وَإِذا اجْتَهَدَ فَأَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ وَاحِدٌ » [٢] ، وَهَذَا فِي حَقِّ الْعُلَمَاءِ وَلَيْسَ الْمُتَعَالِمِيْنَ ؛ لِأَنَّهُ لَا يَحِقُّ لَهُمْ أَنْ يَدْخُلُوا فِيْمَا لَا يُحْسِنُونَ)) [٣] ، واتە : بۆیە نابێت

---

[١] (متن العقيدة الطحاوية ، للطحاوي ، ترتيب أبي سنة الكوردي ، ص١٨ أو ص٦٧ ، برقم : ٩٧) .

[٢] (رواه البخاري و مسلم) .

[٣] (شرح العقيدة الطحاوية ، للعلامة صالح الفوزان : ١ / ٢١٣) .

تانەیان لێبدرێت و سوکایەتیان بەرامبەر بکرێت ، ئەگەرچی هەڵەش لە هەندێکیانەوە بکەوێتەوە بە هۆی ئیجتیهادیانەوە ، وەمەش ئەوە ناخوازێت کە سوکایەتیان بەرامبەر بکرێت ، چونکە زانایان لەوانەیە هەڵەش بکەن ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا داواکاری ڕاستین ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئەگەر کەسی دادوەر کۆششی خۆی کرد و ڕاستی پێکا لە حوکمەکەیدا ئەو دوو پاداشتی بۆ هەیە ، وە ئەگەر کۆششی خۆی کرد و نەشیپێکا ئەوا هەر پاداشتێکی بۆ هەیە ، ئەمە دەرحەقی زانایانە نەك ئەوانەی خۆیان بەزانا دەزانن !!! چونکە بۆیان نیە بڕۆنە بوارێکەوە کە نایزانن .

ئەم قەدەغەکردنەش هەروەکو شێخ (صالح آل الشيخ) فەرموویەتی : دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە : ((لِأنَّـهُم نَقَلَةُ الشَّـرِيْعَةِ ، وَلِأَنَّـهُمُ الْـمُفْتُونَ فِي مَسَائِلِ الشَّـرِيْعَةِ ، وَلِأَنَّـهُمْ الْـمُبَيِّنُونَ لِلنَّاسِ مَعْنَى كَلَامِ اللَّـهِ .عَزَّوَجَلَّ. فِي كِتَابِهِ ، وَمَعْنَى حَدِيْثِ النَّبِيِّ ﷺ ، وَهُمُ الَّذِيْنَ يَدْفَعُونَ عَنِ الدِّيْنِ وَيَذُبُّونَ عَنْهُ بِتَثْبِيْتِ الْعَقِيْدَةِ الصَّحِيْحَةِ ، وَتَثْبِيْتُ سُنَّةِ النَّبِيِّ ﷺ ، وَ رَدُّ الْـمَوْضُوعَاتِ ، وَالْأَحَادِيْثِ الْـمُنْكَرَةِ وَالْبَاطِلَةِ الَّتِي أُضِيْفَتْ لِلنَّبِيِّ ﷺ .

فهم إذاً حُـمَـاةُ الشـريعة ـ الـحماية العلمية ـ ولـهذا كان العلمـاء ورَثَةَ الأنبياء ؛ لأنَّ الأنبياء لـم يُوَرِّثُوا دينـاراً ولا درهـمـا وإنمـا وَرَّثُوا العلم ، والذين حَـمَى العلم هم الصحابة . رِضْوَانُ اللَّهِ عَلَيْهِمْ . ، وهم التابعون من علمـاء السلف وعلمـاء تابعي التابعيـن من أهل الـحديث ومن أهل الفقه .

فهؤلاء منهج أهل السنة والـجمـاعة : أن يُذْكَرَ الـجميع بالـجميل ، وأن لا نقع فـي عالـمٍ من العلمـاء لا من أهل الـحديث ولا من أهل الفقه ، بل يُذْكَرُونَ بالـجميل ولا يُذْكَرُونَ بسوء ، وإنمـا يُرْجَى لـهم فيمـا أخطؤوا فيه أنـهم إنَّمَـا اجتهدوا ورَجَوا الأجر والثواب والـخطأ لا يُتَابَعُ عليه صاحبه)) [1] .

---

[1] (إتـحاف السائل بمـا فـي الطحاوية من مسائل ، الشيخ صالح آل الشيخ : ٤٥ / ١٨ ـ ١٩) .

واتە : چونکە زانایان سەردەم لە دوای سەردەم گوێزەرەوەی شەریعەتن ، وە لەبەر ئەوەی کە هەر ئەوانن لە باس و پرسە شەرعیەکان فەتوایان ئاراستە دەکرێت ، وە لەبەر ئەوەش کە ئەوانن ووتەی خوای پەروەردگار لە کتێبەکەیدا ، و ووتەی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە فەرموودەکانیدا ئاشکرا دەکەنەوە ، وە ئەوانیشن پارێزەرانی ئایین و ئەوانەی کە پارێزگاری لێدەکەن ، بە جێگیر کردنیـان بۆ بیروبـاوەڕی دروست و سەلماندنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، لە گەڵ ڕەتکردنەوەی فەرموودە هەڵواسراوەکان ، و فەرموودە (ضعیف) ، و بێ بنەواکان ، کە دراونەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ .

هەر ئەوانن پارێزەرانی شەریعەت ـ پاراستنە زانستیەکەی ـ بۆیە بە ڕاستی زانایان بە میراتگرانی پێغەمبەران دادەنرێن ، چونکە پێغەمبەران دوای خۆیان هیچ دینار و درهەمێکیان بە میرات بەجێ نەهێشتووە ، بەڵکو ئەوان زانستیان لە دوای خۆیان بە میرات بەجێ هێشتووە ، وە ئەوانەش کە زانستەکەیان پاراستووە هاوەڵانی بەڕێزیبوون ﷺ ، وە ئەوانەی کە لە پاش ئەوان هاتوون لە زانایانی شوێنکەوتوان ، و زانایانی پێشین ، و شوێنکەوتوانیان لە ئەهلی حەدیس ، و پیچشەوایانی فیقهو شەریعەت .

جا پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە لەوانەدا ئەوەیە کە : هەمووان بە باشی باسیان لێوە بکرێت ، وە نەکەوینە ووتە پێوتنی هیچ زانایایەك لە زانایان ، زانایانی ئەهلی حەدیس بێت یان فەقیهو شەرع زانن بن ، وە دەبێت بە باشی باسیان لێوە بکرێت ، نەك بە خراپی ، بەڵکو لە گەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاواتەخوازی ئەوەش بین کە خوای پەروەردگار لێیان نەگرێت ، چونکە ئەوان هەوڵ و کۆششی خۆیان داوە و ئاواتەخوازی پاداشت بوونە ، هەڵەش شوێنی خاوەنەکەی ناکەوترێت تیایدا .

هەر لەم بارەوەیە کە پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کتێبی (رَفْعُ الْـمَلَامِ عَنِ الْأَئِمَّةِ الْأَعْلَامِ) نووسیوەتەوە ، بۆ ئەوەی موسڵمانان مەنزیلەتی زانایان و پێشەوایان بزانن ، و بزانن چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن ، و چەندەها کتێبی تریش کە لەم بارەیەوە نووسراوون .

بۆیە موسڵمان دەبێت بەئاگابێت لە کەوتنە پێچەوانە بوونەی ئەم بنەوایە ، چونکە تانەدان و توانج دان لە زانایان تاوانێکی گەورەیە و خوای پەروەردگار تۆڵەی ئەو تاوانە لە ئەنجامدەرانی دەکاتەوە ، هەروەکو پێشەوا (ابن عَسَاكِر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((اعْلَمْ يَا أَخِي

وَفَّقَنِي اللَّـهُ وَإِيَّاكَ لِـمَرْضَاتِهِ وَجَعَلَـنَا مِـمَّنْ يَـخْشَاهُ وَيَتَّقِيه حَقَّ تُقَاتِهِ أَنَّ لُـحُومَ الْعُلَمَـاءِ مَسْمُومَةٌ ، وَعَادَةُ اللَّـهِ فِـي هَتْكِ أَسْتَارِ مُنْتَقِصِيهِمْ مَعْلُومَةٌ ، وَإِنَّ مَنْ أَطْلَقَ لِسَانَهُ فِـي الْعُلَمَـاءِ بِالثَّلْبِ ابْتَلَاهُ اللَّـهُ قَبْلَ مَوْتِهِ بِمَوْتِ الْقَلْبِ)) [١] ، واته : برای خۆم بزانە ـ خوای پەروەردگار من و تۆش سەرکەوتوو بکات بۆ گەشتن بە ڕەزامەندی خۆی ، وە بشمان کات لەوانەی کە بەو پێیەی کە پێویستە لێی بترسین و تەقواکاری ئەو بین ـ کە گۆشتی زانایان ژەهراویە ، و عادەتی خوای پەروەردگارییش لە هەڵماڵین و هەتککردن ستری ئەوانە ئاشکرایە کە توانج و تانە لە زانایان دەدەن ، وە ئەو کەسەش کە زمانی بەڕەڵاکات لە قسەپێکردنی زانایان ئەوا بێگومان خوای پەروەردگار پێش مردنی توشی مردنی دڵ دەکات .

هەر لەم بارەیەوە پێشەوا (أحمد) ی کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لُـحُومُ الْعُلَمَـاءِ مَسْمُومَةٌ مَنْ شَمَّهَا مَرُضَ ، وَمَنْ أَكَلَهَا مَاتَ)) [٢] ، واته : گۆشتی زانایان ژەهراویە ، ئەو کەسەی بۆنی بکات نەخۆش دەکەوێت ، وە ئەوەش بیخوات دەیکوژێت .

کەوابوو موسڵمانان دەبێت خۆیان بپارێزن لەکەوتنە تانە و تەشەرەدان ، و تۆمەتبارکردنی پێشەوایان و زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، پێشین و سەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتە ، ئەوەش لەبەر گەورەیی تاوانەکە و ئەو ئاکامە خراپەی کە لێی دەکەوێتەوە .

---

[١] (الكواكب الدرية ، للكرمي : ص ٢٣٥ ، وقيل إنه للخطيب البغدادي كما في : (نشر العبير في منظومة قواعد التفسير ، لأبي الفضل الحدوشي : ١ / ٩) .

[٢] (نشر العبير في منظومة قواعد التفسير ، لأبي الفضل الحدوشي : ١ / ٩) .

سێیەم : ئاشکراکردنی ئەوەی : کە ئەگەر ووتەی زانایەك بۆچونی تری خراپ بگرێتەوە. ئەوا ئەو بۆچوونە خراپانە بە بۆچونی ئەو زانایە دانانرێن. ئاکو ئەوە ئاشکرا نەکات. بە گوفتار یان بە کردار ی :

لەو رێسا و بنەوایانەی کە لە باس پرسە شەرعیەکاندا دەخرێنەڕوو لەلایەن پێشەوایان و زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعە ، و دەبێت ڕەچاو بکرێت لە لێدانەوەی بۆچوون و مەزهەبی زانایان ، ئەوەیە کە ((لَازِمُ الْـمَذْهَبِ لَيْسَ بِمَذْهَب)) ، واتە : خوازراوی خراپی بۆچوون و ووتەی زانایان بە بۆچوونیان دانانرێت .

لێرەدا ووتەی چەند پێشەوا و زانایەك لە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە دەخەینە ڕوو لەو بارەیەوە ، بۆ ئەوەی لە تاوتوێکردنی ووتەی زانایان نەکەوینە هەڵە و ووتە و بۆچوونی وایان نەدەینە پاڵ ، کەچی ئەوان لێی بەریین بەریبوونی گورگ لە خوێنی کوڕی (يعقوب) .عَلَيْهِ السَّلَامُ. بەتایبەت لەو پرس و باسانەی کە لەم نووسین و کتێبەی کە لە بەر دەستتدایە !!! کە دەبینیت چەندەها تۆمەت و ووتەی پڕوپوچ دراوەتە پاڵ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە باس و پرسی ئیمان و کوفر ... هتد !!! سەرەڕای ئەوەی کە لە ووتەکانی تری بەڕاشکاوی پێچەوانەی ئەوە دەردەبڕێت کە دەدرێتە پاڵی ، و بۆی هەڵدەبەسترێت !!! یان : سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بەزاری خۆی خۆی لـێ بەری دەکات [1] !!!! بەڵام چی بووترێت لەگەڵ کەسانی نەزانکار و کەودەن ، کە هەر ئەیانەوێت ووتەی خۆیان بسەپێنن ، ئەگەر لە سەر مەزهەب و بۆچوونی ئەوەش بێت کە دەڵێت : ((بشفڕێت هەر بزنە !!!!)) ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ .

پرسیار لەشێخی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کرا کە ((هل لازم المذهب مذهب أم لا ؟)) ، واتە : ئایا خوازراوی خراپی بۆچوون زانایان بە بۆچوونیانە دانانرێت یان نە ؟

---

[1] پێشەوا (الحافظ ابن حجر) فەرموویەتی : ((لازم المذهب ليس بمذهب فقد يذكر العالم الشيء ولا يستحضر لازمه ، حتى إذا عرفه أنكره ، وأطال في ذلك جدا)) (فتح الباري ، لابن حجر العسقلاني : دار المعرفة : ١٢ / ٣٣٧) .

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : ((الصواب : أن لازم مذهب الإنسان ليس بمذهب ، إذا لـم يلتزمـه ، فإنه إذا كان قد أنكره و نفاه ، كانت إضافته إليه كذباً عليه ، بل ذلك يدل على فساد قوله ، و تناقضه في الـمقال .

ولو كان لازم الـمذهب مذهباً للزم تكفيـر كل من قال عن الاستواء وغيـره من الصفات أنه مـجاز ليس بحقيقة ، فإن لازم هذا القول يقتضـي أن لا يكون شـيء من أسمـائه وصفاته حقيقة)) [1] .

واتە : ووتەی درووست لەووتەی زانایان ئەوەیە کە : خوازراوی خراپی بۆچوونی زانایان بە بۆچوونیان دانانرێت ، ئەگەر پابەند نەبێت پێوەی ، بەڵام ئەگەر نکوڵی لێبکات ، و ڕەتی بکاتەوە ، ئەو کاتە دانەپاڵی ئەوەی بۆی بە درۆکردن دەژمێردرێت بە دەمیەوە ، بەڵکو زیاد لە سەر ئەوەش بە پوچەڵی ووتەکەی و دژیەك بوونەوەی خۆی دادەنرێت ، لە ووتەکانیدا .

چونکە ئەگەر خوازراوی خراپی بۆچوون بە بۆچوونیان دابنرێت ، ئەوا ئەوە دەخوازێت کە هەموو ئەوانە بەکافر بزانرێت کە سەبارەت بە (الاستواء) و جگە لەوەش لەسیفەتەکانی خوای پەروەردگار ووتوویانە (مـجاز) ـن نەك (حقيقة) !!! لەبەر ئەوەی کە خوازراوی خراپی ئەم بۆچوونە ئەوە پێویست دەکات ، کە هیچێك لە ناو و سیفەتەکانی خوای پەروەردگار (حقيقة) بن !!!

وە لە ووتەیەکی تریدا پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ (لازم القول) دەکات بە دوو بەشەوە ، و هەریەکەشیان حوکمی تایبەتی خۆی بەسەردا دەدات ، هەروەکو فەرموویەتی :

((وعلـى هذا فلازم قول الإنسان نوعان :

أحدهما : لازم قوله الـحق : فهذا مـمـا يـجب عليه أن يلتزمه ، فإن لازم الـحق حق ، و يـجوز أن يضاف إليه إذا علم من حاله أنه لا يمتنع من التزامه بعد ظهوره ، وكثيـر مـمـا يضيفه الناس إلـى مذهب الأئمة من هذا الباب .

---

[1] (مـجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٠ / ٢١٧) .

والثاني : لازم قوله الذي ليس بحق : فهذا لا يجب التزامه إذ أكثر ما فيه أنه قد تناقض ، وقد ثبت أن التناقض واقع من كل عالم غير النبيين ثم إن عرف من حاله أنه يلتزمه بعد ظهوره له فقد يضاف إليه و إلا فلا يجوز أن يضاف إليه قول لو ظهر له فساده لم يلتزمه ، لكونه قد قال ما يلزمه و هو لا يشعر بفساد ذلك القول و لا يلزمه .

وهذا التفصيل في اختلاف الناس في لازم المذهب هل هو مذهب أو ليس بمذهب ؛ هو أجود من إطلاق أحدهما ، فما كان من اللوازم يرضاه القائل بعد وضوحه له فهو قوله ، وما لا يرضاه فليس قوله و إن كان متناقضا)) [1] .

واتە : وە بەم پێیە دەردەکەوێت کە خوازراوی ووتەی مرۆڤ دوو جۆرە :

یەکەمیان : خوازراوی ڕەوای ووتەکەی ، ئا ئەمەیان پێویستە کە پابەند بێت پێیەوە ، چونکە خوازراوی ڕەوایی ڕەوایە ، وە دەشتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر بزانرێت بە شێوەیەکە

---

[1] (القواعد النورانية ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١٩٣) .

بۆیە دەبینیت زانایان لازمی مەزهەبیان وەرنەگرتووە ، بەڵکو دانەپاڵی لازمی مەزهەبەکەیان ڕەت کروەتەوە ، هەروەکو پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە ووتەیەکی شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) ـــ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((و بهذه المناسبة أقول : إن قول صاحبنا الشيخ مقبل بن هادي في تخريجه لحديث ابن كثير هذا (١ / ٤٤٥ ـ الكويت) : (رواه أحمد (!) ج ٤ ص ١٣ **بمعناه** ، و هو حديث ضعيف ؛ لأنه من طريق عبد الرحمن بن عياش السمعي عن دلهم بن الأسود و هما مجهولان) .

أقول : فقوله : (بمعناه) ليس بصحيح لأن (العجب) غير (الضحك) ، فهما صفتان للَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ عند أهل السنة ـ **و هو منهم و الحمد للَّه** ـ خلافا للأشاعرة ، فإنهم لا يعتقدونهما ، بل يتأولونهما بمعنى الرضا ! **فلعله لم يتنبه للازم هذا القول** ، و لهذا قيل : **لازم المذهب ليس بمذهب !**

و أما قوله : و هو حديث ضعيف ، فهو مسلم بالنظر لطريق السمعي المذكورة ، و قد فاته الطريق الأخرى التي ابتدأنا التخريج بها ، و حسنا الحديث بمجموعهما . فلعله لو وقف عليها يرجع عن جزمه بضعف الحديث . و اللَّه أعلم)) (السلسلة الصحيحة ، للألباني : ٦ / ٧٣٢) .

ئەگەر ئەوە ئاشکرا بوو ڕێگر نیە لە پانەد بوونی پێوەی ، وە زۆرێك لەوەی کە خەڵکانێك دەیدنە پاڵ بۆچوونی پێشەوایان ئالەم جۆرەیانە .

دووەمیان : خوازراوی نارەوای ووتەکەی : ئەم جۆرەیان نابێت پابەند بکرێت پێوەی ، چونکە ئەوپەڕی کە بووترێت ئەوەیە کە ووتەکانی دژیەك بوونەتەوە ، وە لە شەریعەتیشدا ئەوە جێگر سەلمێنراوە کە هەموو زانایەك ووتەی دژیەکی لـێ دەکەوێتەوە ، جگە لە پێغەمبەران نەبێت ، پاشان ئەگەر بە شێوەیەك بزانرێت کە ئەو کەسە پابەندی ئەو بۆچوونە دەبێت ئەگەر ئاشکرا بکرێت ، ئەوا دەتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ، ئەگەرنە نابێت و دروست نیە ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر خراپی بۆ ئاشکرابوو پابەند نابێت پێوەی ، چونکە ئەو ووتەیەکی فەرمووە ئەوەی خواستووە ، و بێ ئاگاش بووە لە پوچەڵی ئەو ووتەیە ، بۆیە نابێت بدرێتە پاڵی .

ئائەم فراوانیەش لەپرس و باسی ئەوەی کە خوازراوی ووتە بە بۆچوونی بیژەرەکەی دادەنرێت یان نە ؟ ، لەوە باشترە کە یەکێکیان بە ڕەوایی بووترێت ، بۆیە ئەوەی کە خوازراوی ووتەکەیەتی و پێی ڕازی دەبێت ئەگەر بۆی ئاشکرا کرا ئەوەش بە ووتەی ئەو دادەنرێت ، بەڵام ئەوەی کە بیژەکە پێی ڕازی نابێت ئەوا ناکرێت بە ووتەی ئەو دابنرێت ، ئەگەرچی ووتەکانی پێچەوانەی یەك بوونەتەوە .

پێشەوا (الشَّاطِبِيّ) یش ووتەی دروست هەڵبژاردە لەم باسە دەخاتەڕوو ، و دەفەرموێت : ((ولازم المذهب : هل هو مذهب أم لا ؟ هي مسألة مختلف فيها بين أهل الأصول ، والذي كان يقول به شيوخنا البجائيون والمغربيون ويرون أنه رأي المحققين أيضا أن لازم المذهب ليس بمذهب ، فلذلك إذا قرر عليه ، أنكره غاية الإنكار)) [1] ، واتە : خوازراوی بۆچوون زانایان : ئایا بە بۆچوونیان دادەنرێت یان نە ؟ باس و پرسێکە زانایانی ئوصوڵ تێیدا جیاوازن ، وە ئەوەش کە مامۆستایانی (البجائي) ، و (المغربي) ـەکانمان بۆی دەچوون و بە بۆچوونی زانایانی لێکۆڵەڕەوانیان دەزانی ئەوەیە کە : خوازراوی بۆچوونی زانایان بە بۆچنیان دانانرێت ، بۆیە دەبینیت کە پێیان ڕادەگەیەنرێت ، بە توندترین شێوە نکوڵی لێدەکەن .

---

[1] (الاعتصام ، للإمام الشاطبي : ٢ / ٥٤٩) .

بە هەمان شێوە پێشەوا (السَّعْدِيّ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والتحقيق الذي يدل عليه الدليل : أن لازم المذهب الذي لم يصرح به صاحبه ولم يشر إليه ، ولم يلتزمه ليس مذهباً ؛ لأن القائل غير معصوم ، وعلم المخلوق مهما بلغ فإنه قاصر ، فبأي برهان نلزم القائل بما لم يلتزمه . ونقوله ما لم يقله ، ولكننا نستدل بفساد اللازم على فساد الملزوم ، فإن لوازم الأقوال من جملة الأدلة على صحتها وضعفها وعلى فسادها ، فإن الحق لازمه حق ، والباطل يكون له لوازم تناسبه ، فيستدل بفساد اللازم ـ خصوصاً اللازم الذي يعترف القائل بفساده ـ على فساد الملزوم)) [1] ، واتە : وە ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بەڵگە پاڵپشتی دەکات ئەوەیە کە : خوازراوی بۆچوونی زانایان ـ ئەوەی کە خاوەنەکەی بە ڕاشکاوی دەری نەبڕیوە ، و ئاماژی پێ نەداوە ، و پابەند نەبووە پێوەی ـ بە بۆچون و مەزهەبیان دانانرێت ، چونکە بێژەرانیان پارێزراو نین لە تاوان ، و زانیاری مرۆڤیش چەندێك زیادبکات هەر کەم و کوڕی تێدایە ، بۆیە بەچ بەڵگەیەك ئیلزامی کەسێك بکەین بە شتێك کە خۆی پێوە پابەند نەکردووە ، و ووتەیەکی بەدەمەوە بنێین کە نەیووتووبێت ، بەڵام ئێمە بە پوچەڵی (اللازم) حوکم لەسەر پوچەڵی (الملزوم) دەدەین ، لەبەر ئەوەی کە خوازراوەکانی ووتە لەو بەڵگانەن کە بە هۆیانەوە دروستی و لاوازی و پوچەڵی ووتە دەردەکەوێت ، چونکە ووتەی ڕەوا خوازراوەکەشی ڕەوایە ، و ووتەی پوچەڵیش خوازراوی گونجاوی خۆی هەیە ، بۆیە پوچەڵی خوازراو بەڵگە دەبێت لەسەر پوچەڵی (الملزوم) ـ بە تایبەت ئەو خوازراوەی کە بێژەرەکەی دان بە پوچەڵیدا دەنێت ـ .

کەواتە لە کۆی ئەو ووتانەی پێشەوە بەوە دەگەین کە :

١ ـ نابێت بووترێت : خوازراوی ووتە بە ڕەهایی بە بۆچوونی بێژەرەکەی دادەنرێت ، یان بە ڕەهایی بە بۆچوونی بێژەرەکەی دانانرێت ، بەڵکو دەبێت تەفصیلی پێ بدرێت .

---

[1] (توضيح الكافية الشافية : ١١٣ ، نقلا عن : شرح منظومة الإيمان : ١ / ١٤٤) .

٢ ـ خوازراوی ڕەوای ووتە ئەگەر بزانرێت بێژەرەکەی بە شێوەیەکە کە ئەوەی لە لا ئاشکرا بوو ڕێگر نیە لە پابەند بوونی پێوەی ، دەتوانرێت ئەو خوازراوەی بدرێتە پاڵ ، چونکە خوازراوی ڕەوایی ڕەوایە .

٣ ـ خوازراوی ناڕەوای ووتە نابێت بدرێتە پاڵ بێژەرەکەی ئەگەر پابەند نەبێت پێوەی . هەر ئەمەشە کە زانایان سەبارەتی فەرموویانە : ((لَازِمُ الْـمَذْهَبِ لَيْسَ بِمَذْهَب)) .

٤ ـ خوازراوی ناڕەوای ووتە ئەگەر بێژەرەکەی سەرەڕای پابەند نەبوونی پێوەی ، کە پێشی دەگەیەندرێت نکوڵی لـێ دەکات ، و ڕەتی دەکاتەوە ، دانە پاڵی ئەم جۆرە خوازراوە بە درۆکردن دەژمێردرێت بەدەم ئەو کەسەوە .

جوارەم : ئەگەر زانایەك لەپرس وباسێكدا بكەوێتە هەڵەوە. نابێت بدرێتە پاڵ هیچ كۆمەڵ و گرووپێكی گومڕا كە كەوتووەتە هەمان هەڵەوە :

ئاشكرایە كە زانایان پارێزراو نین لە كەوتنەهەڵەوە ، بەواتایەكی تر واتە : مەعصوم نین ، بەڵكو لەوانەیە لە پاش كۆشش و هەوڵیشیان بكەونە هەڵەوە و ووتەیەك بڵێن هاودەنگ بێت لە گەڵ ووتە و بۆچوونی كۆمەڵ و گروپە گومڕاكان ، بێگومان هیچ كاتێكیش ئەوە كەوتنەهەڵە و هاودەنگ بوونەیان لەهەڵەكەدا ئەوە ناگەیەنێت كە : لەگەڵ ئەواندا حەشر بكرێن ، و بدرێنە پاڵ ئەو كۆمەڵ و گروپە گومڕایە !!!! بەڵكو موسڵمان دەبێت دادوەر بێت لە ڕوانینی بۆ ئەم جۆرە پرس و باسانە ، چونكە مەرج نیە ئەگەر زانایەك لە ووتە یان بۆچوونێكیدا هاودەنگ بێت لە گەڵ هەندێك لە بیدعەكاران بدرێتە پاڵیان ، و بە یەكێك لەوان بژمێردرێت !!!

هەروەكو شێخ (عبدالحميد الجهني) دەڵێت : ((إن العالم قد يزل ، قد يقول قولًا يوافق فيه بعض المبتدعة ، و لا يعني ذلك أنه يُحشر معهم ... لا بد من الإنصاف و النظر بالعدل و العلم في مثل هذه المسائل ... ، فليس كل من قال قولًا وافق فيه بعض المبتدعة يكون مبتدعاً ، و هذا واضح جداً)) [1] ، واتە : بێگومان زاناش لەوانەیە هەڵە بكات ، وە لەوانەش ووتەیەك بڵێت تێیدا هاودەنگی هەندێك لە بیدعەكاران بێت ، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت كە لە گەڵیاندا حەشر بكرێت ، ... پێویستە لەم جۆرە باسانەدا ئینصاف و تێڕامان و دادپەروەری و زانین هەبێت ، ... چونكە مەرج نیە هەركەسەو ووتەیەك بڵێت و تێیدا هاودەنگی هەندێك لە بیدعەكاران بێت ئەوا بەو ووتەیەی ببێت بە بیدعەكار ، ئەمەش شتێكی زۆر ڕوون ئاشكرایە .

چونكە ئەگەر وابێت ـ هەروەكو هەندێك لاوی حەماسی و كەسانی نەزانكار دووبارەی دەكەنەوە ـ ئەو كاتە دەبێت زۆرێك لەپێشەوایان و زانایان تۆمەتبار بكرێت بە گومڕایی و لاڕێبوون ، وەكو : پێشەوایان (البربهاري) و (قاضي شريح) كە نكولی لە سیفەتێك لە

---

[1] (من جواب على سؤال عرض عليه في أحد دروسه) .

سیفەتەکانی خوای پەروەردگار دەکەن کە (تعجب) ـە !!! و تێیدا هاودەنگن لەگەڵ کۆمەڵی گومڕایی موعتەزیلە !!! سەرەڕای پێشەوایەتی و ئیمامەتیان لە ناو زانایانی تردا !!!

وە پێشەوا (الترمذي) ش لە تەئویلی سیفەتێکدا کەوتووتە هاوشێوەی تەئویلی جەهمیەکان ، کەچی هیچ لە زانایان و پێشەوایان نەیانفەرمووە : کە پێشەوا (الترمذي) لەسەر مەزهەبی جەهمیەکانە !!!

وە هەر لەم باس و پرسەدا دەبینین پێشەوا (الشوكاني) ، مەبەستی کوفر (واتە : قصد الكفر) بەمەرج دەگرێت لە حوکمدان لە سەر تاکی دیاری کراودا !!! کەچی ئەم بۆچوونەش بۆچوونێکی هەڵەیە و بە بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعەش ناژمێردرێت !!!

ئەم ووتانەش کە دەخرێنەڕوو ڕاستی ئەو ووتەیەیە کە باسمان لێوە کرد :

ووتەی یەکەم : پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَكَانَ الْقَاضِي شُريح يُنْكِرُ قِرَاءَةَ مَنْ قَرَأَ : ﴿ بَلْ عَجِبْتَ ﴾ وَيَقُولُ : إنَّ اللَّهَ لَا يَعْجَبُ ؛ فَبَلَغَ ذَلِكَ إبْرَاهِيمَ النَّخَعِي فَقَالَ : إنَّمَا شُريح شَاعِر يُعْجِبُهُ عِلْمُهُ . كَانَ عَبْداللَّه أَفْقه مِنْهُ فَكَانَ يَقُولُ : ﴿ بَلْ عَجِبْتُ ﴾ .

فَهَذَا قَدْ أَنْكَرَ قِرَاءَةً ثَابِتَةً ! وَأَنْكَرَ صِفَةً دَلَّ عَلَيْهَا الْكِتَابُ ، وَالسُّنَّةُ !!! وَاتَّفَقَتْ الْأُمَّةُ عَلَى أَنَّهُ إمَامٌ مِنْ الْأَئِمَّةِ)) [1] ، واتە : (قَاضِي شُريح) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ نکولێ لە خوێندنەوەیەکی قورئانی دەکرد کە تێیدا هاتووە ﴿ بَلْ عَجِبْتُ ﴾ ، و دەیفەرموو : خوای پەروەردگار تەعەجوب ناکات !!!! کە ئەوەش کەشتە (إبْرَاهِيمَ النَّخَعِي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرمووی : (شُرَيح) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کەسێکی شاعیرە ، و موعجیبی علمەکەی خۆی بووە ، (عَبْداللَّه) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو شارەزاتر بوو کەچی بەو شێوە : ﴿ بَلْ عَجِبْتُ ﴾ ئایەتەکەی دەخوێندەوە .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١٢ / ٤٩٢) .

ئەوەتا ئەم پێشەوایە نکولێ لە خوێندنەوەیەکی قورئانی کردووە کە جێگیر و سەلمێنراوە !! وە نکولێ لەسیفەتێکی خوای پەروەردگار کردووە کە لەقورئان و سوننەتدا جێگیر و سەلمێنراوە ، کەچی ئومەتیش هاودەنگە لە سەر ئەوەی کە پێشەوایەکە لە پێشەوایانی ئومەت .

وە ئەگەر بڕوانینە (منهاج السنة : ١ / ١٣٤ ، ١٣٩ ، و ٢ / ٣٠٤ ، ٣١٢ ، و ٣ / ١٠١) ، و (مختصر الصوعق المرسلة : ص ١٩٠، و ٢٠٤ ـ ٢٠٥) دەبینین کە پێشەوا (البربهاري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە باس و پرسی نەفیکردنی ستەم بۆ خوای پەروەردگار : ئەوەی نەفی کردووە کە بتوانێت ستەم بکات !!! کەچی پێشەوایان (ابن تيمية ، و ابن القيم) ـ بە ڕەحمەت بن ـ ئەم بۆچوونەیان بە بۆچوونی بیدعەکاران داناوە !!! کەچی پێشەوا (الْبَرْبَهَارِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ یەکێکە لە زانایان و پێشەوایانی ناوداری ئەهلی سوننە و جەماعە .

ووتەی دووەم : پێشەوا (التِّرْمِذِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (جامع) ـەکەیدا فەرموودەیەك واتا دەکات ، و دەکەوێتە تەئویلی سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوای پەروەردگار ، پێشەوا (ابن القيم) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەو تەئویلە دەڵێت : ((وَأَمَّا تَأْوِيْلُ التِّرْمِذِيِّ وَغَيْرِهِ لَهُ بِالْعِلْمِ فَقَالَ شَيْخُنَا ـ أَيْ : ابْنُ تَيْمِيَّة ـ : هُوَ ظَاهِرُ الْفَسَادِ مِنْ جِنْسِ تَأْوِيْلَاتِ الْجَهْمِيَّةِ ...)) [1] ، واتە : بەڵام سەبارەت بەو تەئویلەی کە (التِّرمذي) ، و جگە لەویش کردوویانە بەوەی کە زانستە ی ، شێخمان ـ واتە : (ابن تَيْمِيَّة) ـ سەبارەتی فەرموویەتی : نادروستی ئەو تەئویلە ئاشکرایە ، لە جۆری تەئویلاتی جەهمیەکانە .

لەگەڵ ئەوەشدا نە پێشەوا (ابن تيمية) و نەش (ابن القيم) ی فێرخوازی ـ بە ڕەحمەت بن ـ حوکمی ئەوەیان نەداوە لەسەری بەوەی کە جەهمیە !!!! یان بیدعەکارە بەو کارەی !!!!

ووتەی سێیەم : ئەگەر بڕوانینە ووتەیەك لە ووتەکانی پێشەوا (الشَّوْكَانِي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەبینین مەبستی کوفر (قَصْدُ الْكُفْرِ) ی بە مەرج دەگرێت بۆ بەکافردانی کەسێك کە بکەوێتە کوفرەوە ، هەروەکو فەرموویەتی : ((قَالَ اللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ : ﴿ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ

---

[1] (مختصر الصواعق المرسلة ، لابن القيم ، اختصار الموصلي : ص٤٠٠) .

بِالْكُفْرِ صَدْرًا ﴾ (النحل : ١٠٦) ، فلابد من شرح الصدر بالكفر وطمأنينة القلب به ، وسكون النفس إليه ، فلا اعتبار بما يقع من طوارق عقائد الشر ، لاسيما مع الجهل بمخالفتها لطريقة الإسلام .

ولا اعتبار بصدور فعل كفري لم يرد به فاعله الخروج عن الإسلام إلى ملة الكفر ، ولا اعتبار بلفظ تلفظ به المسلم يدل على الكفر وهو لايعتقد معناه)) [١] .

---

[١] (السيل الجرار ، للإمام الشوكاني : ٤ / ٥٧٨ ، ونقله عنه صديق حسن خان في : الروضة الندية : ٢ / ٢٨٩ ، ط دار الندوة الجديدة ، ١٤٠٨ هـ) ... قال ابن تيمية .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((فإن قيل : فقد قال .تَعَالَى.: ﴿ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا ﴾ ، قيل : وهذا موافق لأولها ، فإنه من كفر من غير إكراه فقد شرح بالكفر صدراً ، وإلا ناقض أول الآية آخرها ، ولو كان المراد بمن كفر هو الشارح صدره ، وذلك يكون بلا إكراه ، لم يستثن المكره فقط ، بل كان يجب أن يستثني المكره وغير المكره إذا لم يشرح صدره ، وإذا تكلم بكلمة الكفر طوعاً فقد شرح بها صدراً وهي كفر .

وقد دل على ذلك قوله .تَعَالَى. : ﴿ يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَنْ تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴾ (التوبة : ٦٤ ـ ٦٦) ، فقد أخبر أنهم كفروا بعد إيمانهم مع قولهم : إنا تكلمنا بالكفر من غير اعتقاد له ، بل كنا نخوض ونلعب ، وبين أن الاستهزاء بآيات اللَّه كفر ، ولايكون هذا إلا ممن شرح صدره بهذا الكلام ، ولو كان الإيمان في قلبه منعه أن يتكلم بهذا الكلام)) (مجموع الفتاوى : ٧ / ٢٢٠) .

وقال ابن تيمية .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((قال ـ سُبْحَانَهُ. : ﴿ مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (النحل : ١٠٦) ، ومعلوم أنه لم يرد بالكفر هنا اعتقاد القلب فقط ، لأن ذلك لا يكره الرجل عليه ، وهو قد استثنى من أكره ولم يرد من قال واعتقد ؛ لأنه استثنى الـمُكْرَهَ وهو لا يكرَه على العقد والقول ، وإنما يكره على القول فقط ، فعلم أنه أراد من تكلم بكلمة الكفر فعليه غضب من اللَّه وله عذاب عظيم وأنه كافر بذلك إلا

واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَٰكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا ﴾ ، بۆیە دەبێت لە کەوتنەکوفردا سنگ فراوانی و دڵئارامی لەگەڵدا هەبێت بەو کوفرە ، دەرونیش پێی ئارامبێت ، چونکە هیچ حسابێك ناکرێت بۆ ڕوودانی هەر جۆرێك لەجۆرەکانی بیروباوەڕە خراپەکان ، بەتایبەت ئەگەر نەزانینی لەگەڵدا بێت بەوەی کە پێچەوانەی ڕێچکەکانی ئیسلامە .

وە هیچ حیسابێك بۆ ڕوودانی هیچ کردەوەیەکی کوفری ناکرێت ، ئەگەر خاوەنەکەی مەبەستی دەرچوون نەبێت لەئیسلام بۆ میلەتی کوفر !!! وە هیچ حسابیش بۆ ووتەیەك ناکرێت کە موسڵمان ووتبێتی و بەڵگە بێت لەسەر کوفر ، کەچی ئەو بیروباوەڕی بە وواتاکەی نەبێت .

پێشەوا (محمد بن إبراهيم الوزير اليماني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە کتێبی (إيثار الحق على الخلق : ص ٣٩٥) ئەم ووتەیەی پێشەوا (الشوكاني) دەگێڕێتەوە و دەیداتە پاڵ موعتەزیلە مەزهەبەکان ، و دەڵێت : هەمان بەڵگەشیان هێناوەتەوە کە پێشەوا (الشوكاني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هێناویەتیەوە !!!

کەچی سەرەڕای ئەو کەوتنە هەڵە و هاودەنگ بوونانە هیچێك لە زانایان ئەو پێشەوایانەیان بە بیدعەکار و سەر بەو مەزهەبە گومڕایانە دانەناوە !!! بە پێچەوانەی کەسانی تووتی ئاسا ـ کە واتای ووتەکانی خۆیان نازانن ونازانن چی بەسەرزاریاندا دێت !!! دێت بەویستی بیدعەکارانەی خۆیان دەکەونە ناو زانایان ـ ئەوەی کە پێچەوانەی بووچوونەکانیان بێتەوە !!! یان لەمپەری ڕێگەی گەشتنیان بێت بە مەبەستەکانیان !!! ـ ئەمەیان : غولاتی مورجیئەیە !!! و ئەویتریان : مورجیئەیە !!! ئەگەر زۆر سوکی بکەنەوە دەڵێن : کاریگەر بووە !!! یان : ئیرجائی تێدایە !!!

بۆیە موسڵمانی خواناس نەکەی بەدەردی ئەو جۆرە کەسانە بڕۆیت و بکەویتە هەمان هەڵە کە ئەوانی تێکەوتووە و زانایان ، و میراتگرانی پێغەمبەران ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ تۆمەتبار بکەی ، وەکو ئەوان پێی هەستاوون !!! بەڵکو وەکو پێشین و زانایان و

من أكره وهو مطمئن بالإيمان ، ولكن من شرح بالكفر صدراً من المكرهين فإنه كافر أيضاً ، فصار من تكلم بالكفر كافراً إلا من أكره فقال بلسانه كلمة الكفر وقلبه مطمئن بالإيمان ، وقال ـ تَعَالَى ـ في حق المستهزئين : ﴿ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ ، فبين أنهم كفار بالقول مع أنهم لم يعتقدوا صحته)) (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية : ص ٥٢٤) .

پێشەوایانت بە لە مامەمەڵەکردنیان بۆ هەڵەی زانایان ـ نەك بیدعەکار و خۆ بەزانا دانەران ، کە لەم سەردەمانەدا زۆرن !!! ـ هەروەکو لەم چەند ووتە زێڕین و پڕ پێزەیاندا ئاشکرا دەبێت :

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومن له في الأمة لسان صدق عام بحيث يثنى عليه ويحمد في جماهير أجناس الأمة ، فهؤلاء هم أئمة الهدى ومصابيح الدجى ، وغلطهم قليل بالنسبة إلى صوابهم ، وعامته من موارد الاجتهاد التي يعذرون فيها ، وهم الذين يتبعون العلم والعدل ، فهم بعداء عن الجهل والظلم ، وعن اتباع الظن ، وما تهوى الأنفس)) [1] ، واتە : ئەوانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئومەتدا ڕاستگۆییان تێدایە ، بە شێوەیەك زۆرینەی ڕەگەزەکانی ئومەت بەچاکە باسیان لێوە دەکەن و سوپاسگوزاریانن ، ئەوانە پێشەوایانی هیدایەتن ، و چرای شەوەزەنگی تاریکیەکانن ، و هەڵەکانیان بەبەراوردکردن لەگەڵ دروستی و ڕاستیەکانیان کەمن ، زۆرینەشیان لەو هەڵانەیە کە لە ئیجتیهادەوە دەکەوێتەوە ـ واتە دوای هەوڵ و کۆششیان ـ کە تاوانبار نابن تێیدا ، ئەو کەسانە مشوری شوێنکەوتەی زانست و دادپەروەرین ، و دوریشن لە نەزانین و ستەمەوە ، شوێنکەوتنی ئارەزووەکان و ئەوەی کە نەفس حەزی لێیەتی .

وە لە ووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : ((فَالْفَاضِلُ الْمُجْتَهِدُ فِي طَلَبِ الْعِلْمِ ـ بِحَسَبِ مَا أَدْرَكَهُ فِي زَمَانِهِ وَمَكَانِهِ ـ إذَا كَانَ مَقْصُودُهُ مُتَابَعَةَ الرَّسُولِ ـ بِحَسَبِ إمْكَانِهِ ـ هُوَ أَحَقُّ بِأَنْ يَتَقَبَّلَ اللَّهُ حَسَنَاتِهِ ، وَيُثِيبَهُ عَلَى اجْتِهَادَاتِهِ ، وَلَا يُؤَاخِذَهُ بِمَا أَخْطَأَ ، تَحْقِيقاً لِقَوْلِهِ : ﴿ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ﴾)) [2] ، واتە : کەسانی ڕێزدار موجتەهید لە فێرخوازی زانستی شەرعیدا ـ بەپێی ئەوەی کە پێی گەشتووە لە سەردەم و شوێنی خۆی ـ ئەگەر مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ ـ بەپێی توانای خۆی ـ ئەو جۆرە کەسانە ئەولاترن کە خوای پەروەردگار چاکەکانیان لێ وەرگرێت ، و پاداشتی بداتەوە لەسەر هەوڵ و کۆششەکانی ،

---

[1] انظر : (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١١ / ٤٣) .

[2] (مجموع الفتاوى لابن تيمية : ٢٠ / ١٦٥) .

وە لێشی نەگیرێت ئەگەر کەوتە هەڵەوە ، ئەوەش هێنانەدی ووتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ﴾ .

وە پێشەوا (الحافظ الذَّهَبِيّ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((إن الكبير من أئمة العلم إذا كثر صوابه ، وعلم تحريه للحق واتسع علمه ، وظهر ذكاؤه وعرف صلاحه وورعه واتباعه ، يغفر له زلته ولا نضلله ونطرحه وننسى محاسنه)) [1] ، واتە : گەورە پیاو لە پێشەوایانی ئومەت ئەگەر ڕاستی و دروستی زۆربوو ، وە زانرا کە مشوری دۆزینەوەی ڕاستیەکانە ، و زانستێکی فراوانی هەیە ، لە گەڵ ژیریەکی ئاشکرادا ، و چاکەکار ، و خۆپارێز ، و شوێنکەوتەی ڕەواییە ، ئەگەر بکەوێتە هەڵەشەوە خوای پەروەردگار لێی خۆش دەبێت ، ناشبێت ئێمە بە گومڕای بزانین ، و بەیەك جاری بەلاوەی بنێین ، و چاکەکانی لە بیر بکەین .

کەواتە دەبێت ئەم خاڵە ڕەچاوبکرێت لەتاوتوێکردنی ووتەی زانایاندا ، ئەگەرنە ڕەخنەگرتن و توانجدان و تۆمەتبارکردنی زانایان ـ سەرەڕای حەرامێتی ـ دەبێتە خوی هەمیشەیی کەسانێکی نەزان ، هەروەکو پێشەوا (ابن الْعُثَيْمِيْن) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((ما رأي فضيلتكم فيمن صار ديدنهم تجريح العلماء وتنفير الناس عنهم والتحذير منهم ، هل هذا عمل شرعي يثاب عليه أو يعاقب عليه ؟)) ، واتە : ڕای بەڕێزتان چیە سەبارەت بەو کەسانەی کە خویان گرتووە بە تانەدان و بریندارکردنی زانایان ، سڵاندنەوە و ئاگادارکردنی خەڵك لێیان ، ئایا ئەمە کردەوەیەکی شەرعیە ؟! خاوەنەکەی پاداشت یان سزا دەدرێت لەسەری ؟!!

فەرموویەتی : ((الذي أرى أن هذا عمل محرّم ، فإذا كان لا يجوز لإنسان أن يغتاب أخاه المؤمن وإن لم يكن عالماً فكيف يسوغ له أن يغتاب إخوانه العلماء من المؤمنين ؟! و الواجب على الإنسان المؤمن أن يكف لسانه عن الغيبة في إخوانه المؤمنين .

---

[1] انظر : (سير أعلام النبلاء ، للإمام الذهبي : ٥ / ٢٧١) .

قال اللَّه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ ﴾ (الحجرات : ١٢) .

وليعلم هذا الذي ابتلي بهذه البلوى أنه إذا جرّح العالم فسيكون سبباً في رد ما يقوله هذا العالم من الحق ، فيكون وبال رد الحق وإثمه على هذا الذي جرّح العالم ، لأن جرح العالم في الواقع ليس جرحاً شخصياً بل هو جرح لإرث محمد ﷺ ؛ فإن العلماء ورثة الأنبياء ، فإذا جرح العلماء وقدح فيهم لم يثق الناس بالعلم الذي عندهم وهو موروث عن رسول اللَّه ﷺ ، وحينئذ لا يثقون بشيء من الشريعة التي يأتي بها هذا العالم الذي جُرح)) [1] .

واتە : من وادەبینم کە ئەم کارە حەرام و قەدەغەکراوە ، جا ئەگەر دروست نەبێت مرۆڤ برای ئیمانداری خۆی غەیبەت بکات ئەگەر زاناش نەبێت ، ئەی چۆن بۆی دروستە غەیبەتی برای ئیمانداری زانای بکات ؟!! پێویستیش لەسەر مرۆڤی ئیماندا ئەوەیە کە زمانی خۆی بپارێزێت لە غەیبەت کردنی برا ئیماندارەکانی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ ﴾ (الحجرات : ١٢) .

وە دەبێت ئەو کەسانەش کە تووشی ئەم جۆرە ناهەمواریە بوون بزانن کە بریندارکردنی زانایەك هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو ووتە ڕەوانەیە کە ئەو زانایا دەیلێت ، بەو جۆرەش ئاکامی ئەو ڕەتکردنەوە و تاوانەکەی لە سەر ئەو کەسەیە کە زاناکەی بریندار کردووە ، چونکە بریندارکردنی هەر زانایەك ـ لە ڕاستیدا ـ بریندارکردنێکی تایبەت نیە بە زاناکەوە ، بەڵکو بریندارکردنی میراتی موحەممەدە ﷺ ، چونکە زانایان میرات گری پێغەمبەرانن ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ جا ئەگەر زانایان بریندار بکات و تانەیان لێبدات ئەوا خەڵکی

---

[1] (كتاب العلم ، للشيخ محمد العثيمين ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ص ٢٢٠) .

متمانەی بەو زانسیاریە نابێت کە پێیانە ، هەر ئەوەشە کە بە میرات لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆیان ماوەتەوە ، لەو کاتەش خەڵکەکە متمانەیان بەهیچێك لەو شەریعەتە نابێت کە ئەو زانا بریندار کراوە پێی هاتووە ، و باسی لێوە دەکات .

وە دەبێت ـ دوای ئەوەی کە حەرامێتی دەست وەردانی نەزانکارانمان لەم کارەدا لە لا ئاشکرا بوو ـ ئەوەش بزانرێت کە لە پرس و باسی خستنەڕووی هەڵەی زانایان و پێشەوایان ئیسلام ـ لە لایەن زانایان و فێرخوازانی زانستی شەرعی ـ پێویستە ڕەچاوی چەندەها بوار و مەصلەحە بکرێت ، ئەگەرچی تەنانەت هەڵەکەش پەیوەست بێت بە بواری بیروباوەرە ، و عەقیدەشەوە ، چ جای باسەکە باسێکی فیقهی یان شتێکی هاوشێوەی ئەو بێت !!!

شێخ (صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ) یش لەگەڵ هێنانەوەی چەندەها نموونە لەپێشەوایان و ناودارانی ئیسلام بۆ ووتەکەی ـ سەبارەت بەم باس و پرسە ـ دەفەرموێت : ((أيضاً ، إذا كانت المسألة متعلقة بالعقائد ، أو كانت المسألة متعلقة بعالم من أهل العلم ، في الفتوى في شأنه ، في أمر من الأمور ؛ فإنه هنا يجب النظر فيما يؤول إليه الأمر ، من المصالح ودفع المفاسد ، ولهذا ترى أئمة الدعوة ـ رَحِمَهُمُ اللَّهُ تَعَالَى ـ من وقت الشيخ عبدالرحمن بن عبداللطيف بن حسن ـ أحد الأئمة المشهورين ـ و الشيخ محمد بن إبراهيم ، إذا كان الأمر متعلقاً بعالم ، أو بإمام ، أو بمن له أثر في السنة ؛ فإنهم يتورعون ، ويبتعدون عن الدخول في ذلك .

[المثال الأول] : الشيخ صديق حسن خان القنوجي الهندي ، المعروف ، عند علماءنا له شأن ، ويقدرون كتابه (الدين الخالص) مع أنه نقد الدعوة في أكثر من كتاب له ، لكن يغضّون النظر عن ذلك ، ولا يصعدون هذا ، لأجل الانتفاع بأصل الشيء ، وهو تحقيق التوحيد ، ودرء الشرك .

المثال الثاني : الإمام محمد بن إسماعيل الصنعاني ، المعروف ، صاحب كتاب (سبل السلام) وغيره ، له كتاب (تطهير الاعتقاد) ، وله جهود كبيرة في رد الناس إلى السنة ، والبُعد عن التقليد المذموم ، والتعصب ، وعن البدع ، لكن زلّ في بعض المسائل ، ومنها ما يُنسب إليه في قصيدته المشهورة ، لما أثنى على الدعوة ، قيل : إنه رجع عن قصيدته تلك

بأخرى ، يقول فيها : (رجعت عن القول الذي قد قلت في النجدي) يعني محمد بن عبدالوهاب النجدي ، ويأخذ هذه القصيدة أرباب البدع ، وهي تُنسب له ، وتُنسب لابنه إبراهيم ، وينشرونها على أن الصنعاني كان مؤيداً للدعوة ، لكنه رجع .

والشوكاني أيضاً ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ مقامه أيضاً معروف ، ومع ذلك كان علماؤنا ـ كذا ـ الشوكاني له اجتهاد خاطيء في التوسل ، وله اجتهاد خاطيء في الصفات ، وتفسيره في بعض الآيات ، له تأويل ، وله كلام في عمر رضي الله عنه ليس بالجيد ، و له كلام ـ أيضاً ـ في معاوية رضي الله عنه ليس بالجيد ، لكن العلماء لا يذكرون ذلك . وألَّف الشيخ سليمان بن سحمان ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ كتاب (تبرئة الشيخين الإمامين) يعني بهما : الإمام الصنعاني والإمام الشوكاني .

وهذا لماذا ؟ لماذا فعل ذلك ؟ لأن الأصل الذي يبني عليه هؤلاء العلماء هو السنة ، فهؤلاء ما خالفونا في أصل الاعتقاد ، وما خالفونا في التوحيد ، ولا خالفونا في نصرة السنة ، ولا خالفونا في رد البدع ، وإنما اجتهدوا ، فأخطأوا في مسائل ، والعالم لا يتبع بزلته ـ كذا ، ولعله لا يتتبع ، أي : يفضح ـ كما أنه لا يُتبع في زلته ، ـ أي لا يُقتدى به فيها ، فهذه تُتْرك ويُسكت عنها ، ويُنشر الحق ، ويُنشر من كلامه مما يُؤَيَّد به .

وعلماء السنة لما زلّ ابن خزيمة ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في مسألة الصورة ، كما هو معلوم ، ونفى صفة الصورة للَّه جَلَّ وَعَلا ، ردّ عليه ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في أكثر من مائة صفحة ، مع ذلك علماء السنة يقولون عن ابن خزيمة : إنه إمام الأئمة ، ولا يرضون أن أحداً يطعن في ابن خزيمة ، لأن كتاب (التوحيد) ، الذي ملأه بالدفاع عن التوحيد للَّه رب العالمين ، وبإثبات أنواع الكمالات للَّه ـ جَلَّ وَعَلا ـ في أسمائه ونعوته ـ جَلَّ جَلالُهُ ـ ، وتقدست أسماؤه . والذهبي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (سير أعلام النبلاء) قال : (وزل ابن خزيمة في هذه المسألة) .

فإذاً هنا إذا وقع زلل في مثل هذه المسائل ، فما الموقف منها ؟

الموقف : أنه يُنظر إلى موافقته لنا في أصل الدين ، موافقته للسنة ، ونصرته للتوحيد ، نصرته لنشر العلم النافع ، ودعوته إلى الهدى ، ونحو ذلك من الأصول العامة ، ويُنصح في ذلك ، وربما رُدَّ عليه على حدةٍ ، لكن لا يُقدح فيه قدحاً يلقيه ـ كذا ـ تماماً ، وعلى هذا كان منهج أئمة الدعوة في هذه المسائل)) [1] .

واتە : هەروەها ئەگەر پرس و باسەکەش پەیوەست بێت بە بیروباوەڕەوە ، یان پرس و باسەکە پەیوەست بوو بە زانایەك لە زانایانی خاوەن عیلم ، سەبارەت بە فەتوا بێت یان هەر باسێکی تر پەیوەست پێوەی ، ئەوا پێویستە لێرەدا بڕوانینە ئەو ئاکامەی کە لێی دەکەوێتەوە ، لە چاکە و بەدورخستنەوەی خراپە ، لەبەر ئەمەیە پێشەوایانی بانگەوازخواز ـ بە ڕەحمەت بن ـ هەر لە سەردەمی شێخ (عبدالرحمن بن عبداللطيف بن حسن) کە پێشەوایەکی ناودار بووە ، و شێخ (محمد بن إبراهيم آل الشيخ) یش ئەگەر شتێك پەیوەست ببایە بە زانایەکەوە ، یان پێشەوایەکەوە ، یان بە یەکێك کە کاریگەری لەسوننەتدا هەبێت ، ئەوا خۆپارێزیان دەکرد ، و دورئەکەوتنەوە لە دەست تێوەردانی .

[نموونەی یەکەم] : شێخ (صديق حسن خان القنوجي الهندي) ناسراو ، و خاوەن پلەو پایەی خۆی لەلای زانایاندا ، کە ڕێزی تایبەتیان هەیە بۆ کتێبی (الدين الخالص) کە لەنووسینی بەڕێزیانە ، سەرەڕای ئەوەی کە لە زیاد لە کتێبێکیدا ڕەخنەی لە بانگەوازی پێشەوا (محمد) ـی کوڕی (عبدالوهاب) گرتووە ، بەڵام زانایان چاوپۆشی ، و گەورەشی ناکەنەوە ، لەبەر سود وەرگرتن لە بنەوای شتەکە ، کە بەرقەرکردنی یەکخواپەرستی و بەلاوەنانی هاوەڵ بڕیاردانە .

نموونەی دووەم : پێشەوا (محمد بن إسماعيل الصنعاني) ناسراو ، خاوەن کتێبی (سبل السلام) ، و جگە لەویشە ، کتێبی (تطهير الاعتقاد) ـی هەیە ، و هەوڵ و کۆششێکی گەورەی هەیە بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆ سوننەت ، و دوورکەوتنەوە لە لاسایی کردنی کوێرانە ، و دەمارگیری ، بیدعە و تازەگەریەکان ، بەڵام دەبینین لە هەندێك پرس و باسدا کەوتووەتە هەڵەوە ، لەوانەش ئەو پارچە هونراوە بەربڵاوەی کە دەدرێتە پاڵی کە وەسف و سەنای چاکی تێدا

---

[1] (شريط الفتوى بين مطابقة الشرع ومسايرة الأهواء : الوجه : ب) .

فەرمووە سەبارەت بە بانگەوازی پێشەوا (محمد) ـی کوڕی (عبدالوهاب) ، بەڵام دەووترێت کە گوایا پەشیمان بووبێتەوە لەو پارچە هونراوەیەی بە پارچە هونراوەیەکی تر کە تێیدا هاتووە : ((پەشیمان بوومەوە لەو ووتەیەی کە سەبارەت بە نەجدی ووتوومە)) ، مەبەستی پێشەوا (محمد) ـی کوڕی (عبدالوهاب النجدي) یە ، کە دەبینین کەسانی بیدعەکار ئەم پارچە هونراوەیەی وەردەگرن ، کەچی نیسەبەت دراوەتە پاڵی ، وە نیسبەتیش دەدرێتە پاڵ کوڕەکەی کە ناوی (إبراهيم) ـە ، وە بڵاوی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەخەڵکی ڕابگەیەنن پێشەوا (الصنعاني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پشتیوانی بانگەوازی پێشەوا (محمد) ـی کوڕی (عبدالوهاب) بووە پاشان پاشگەزبووەتەوە لە پشتیوانیە .

هەروەها پێشەوا (الشوكاني) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پلەوپایەی زانراوە ـ لەگەڵ ئەوەشدا زانایانمان سەرەڕای ئەوەی کە پێشەوا (الشوكاني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئیجتیهادی هەڵەی هەبووە لە پرس و باسی تەوەسولدا ، و لە لێکدانەوەی سیفەتەکانی خوای پەروەردگار ، و لە ڕاڤەکردنی هەندێك لە ئایەتەکاندا تەئویل دەکات ، و هەندێك ووتەشی سەبارەت (عمر) ﷺ هەیە کە باش نیە ، هەروەها سەبارەت بە (معاوية) ش ﷺ ووتەی هەیە کە باش نیە ، کەچی بە خراپە باسی لێوە ناکەن ، تەنانەت شێخ (سليمان بن سحمان) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کتێبێکی نووسیوەتەوە لەژێر ناونیشانی (تبرئة الشيخين الإمامين) کە مەبەستی پێیان پێشەوا (الصنعاني) ، و پێشەوا (الشوكاني) ـە ـ بە ڕەحمەت بن .

ئەمە بۆچی ؟ بۆچی ئەمەی کردووە ؟ چونکە ئەو بنەوایەی کە ئەو زانایانە بنەوای لە سەر دەنەن بریتیە لە سوننەت . ئەو جۆرە زانایانە لە بنەوای بیروباوەڕدا پێچەوانەمان نەبوونەتەوە ، نەش لە یەکخواپەرستی پێچەوانەمان بوونەتەوە ، نەش لە سەرخستن و پشتیوانی سوننەتدا ، و نەش لە ڕەتکردنەوەی بیدعە و تازەگەریەکاندا ، بەڵکو ئەوانە تەنها ئیجتهادیان کردووە ، لە هەندێك پرس و باسدا کەوتوونەتە هەڵەوە ، ناشبێت بە دوای هەڵەی زانادا بگەڕێین بۆ حەیابردنی ، و شوێنی هەڵەکانی بکەوین ، و لاسایی بکەینەوە ، بەڵکو وازی لێ دەهێنرێت ،

بێ دەنگ دەبین لێی ، و لە بەرامبەریشدا حەق و ڕەوایی بلاودەکەینەوە ، و ئەو ووتانەشی کە پشتیوانی حەق و ڕەواییە تیایاندا .

زانایانی ئەهلی سوننە کە بینیان (ابن خزیمة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە پرس و باسی (الصورة) ـدا هەروەکو زانراوە کەوتووەتە هەڵە و نکوڵی لەوە دەکرد کە خوای پەروەردگار (صورة) ـی هەبێت ، پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە زیاد لە سەد پەڕەدا وەڵامی دایەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە (ابن خزیمة) دەڵێن : کە ئەو یەکێکە لە سەروەری پێشەوایانە ، و ڕازیش نابن هیچ کەسێك توانج و تانە لە (ابن خزیمة) بدات ، چونکە کتێبی (التوحید) کە لە نووسینی بەڕێزیانە پڕی کردووە لە بەرگری کردن لەیەکخواپەرستی خوای پەروەردگار ، وە سەلماندن و جێگیرکردنی هەموو جۆرە سیفەتێکی کامڵ وتەواو بۆ خوای پەروەردگاری بەرز وبڵند لەناو سیفەتیدا .

پێشەوا (الذهبي) یش لە کتێبەکەی (سیر أعلام النبلاء) ـدا فەرموویەتی : (ابن خزیمة) لەم باسەدا تێکەوتووە .

کەوتە لێرەدا دەڵێن : ئەگەر زانایەك لە زانایانی ئیسلام کەوتە هەڵەوە لە باسێك لە باسەکاندا ، هەڵوێستی موسڵمانان بەرامبەری چی دەبێت ؟

هەڵوێست ئەوەیە کە : بڕوانرێتە هەڵوێستەکانی سەبارەت بە بنەوا ئایینیەکان ، و هاودەنگی لە گەڵ سوننەت ، پشتیوانی بۆ یەکخواپەرستی ، و بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی سودبەخش ، بانگەشەی بۆ هیدایەت و چاکەکاری ، هاوشێوەی ئەو بنەوا گشتیانە ، وە ئامۆژگاریش بکرێت لە هەڵەکەیدا ، ڕەنگە هەندێك توندی لە گەڵدا بەکار بهێنرێت ، بەڵام ناگاتە ئەوەی کە تاونج و تانەی لێبدرێت و بەتەواوی بەلاوە بخرێت ، هەر ئەمەش بووە پەیڕەوی پێشەوایانی بانگەشە لەم جۆرە باس و پرسانەدا .

پێنجەم : جیاوازی کردن لە نێوان بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەکی تر. لە گەڵ ئانەدانی و حوکم دانی بە بیدعەکارێتی بەرامبەرەکەی (التَّفْرِيْقُ بَيْنَ تَخْطِئَةِ عَالِمٍ لِآخَر مَعَ طَعْنِهِ وَ تَبْدِيْعِهِ لَهُ) :

زۆرجار دەبینین و بیستومانە کە کەسانی تێنەگەشتوو لە ووتەی زانایان ، ئەوە دەگێڕنە کە گوایا زانای فلانی فلانە زانای بە بیدعەکار داناوە ، و تانە و توانجی لێداوە و تۆمەتباری کردووە ، و داویەتیە پاڵ فلانە کۆمەڵی گومڕا !!!

کەچی کە دەگەڕێیتەوە بۆ ووتەی زاناکە دەبینیت بەدەر نیە لەوەی کە تەنها بەهەڵە دانانی زاناکەی بەرامبەریەتی ، نەك حوکم دان بە بیدعەکارێتی و گومڕایی بەرمبەرەکەی !!!

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕوونکردنەوەیەکیدا ـ لە باسێکی هاوشێوەی ئەم باسە ـ بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی کە لەلای هەندێك کەسانی تێنەگەشتوو دروست بووبوو !!! کە گوایا ئەم پێشەوایە ئەو زانایانەی ـ لەکۆن و تازەدا ـ کە ڕای پێچەوانەیان هەیە بە بەڕێزیان لەدیاریکردنی ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژی تەراویحدا بە بیدعەکار دەزانێت !!! یان حوکمی گومڕاییان بەسەردا دەدات !!! فەرموویەتی : ((فَلَا يَتَوَهَّمَنَّ أَحَدٌ أَنَّـنَا حِيْـنَ اخْتَـرْنَا الاقْتِصَارَ عَلَى السنة في عدد ركعات التراويح ، وعدم جواز الزيادة عليها ؛ أننا نضلل أو نبدع من لا يرى ذلك من العلماء السابقين واللاحقين ، كما قد ظن ذلك بعض الناس واتخذوه حجة للطعن علينا ، توهماً منهم أنه يلزم من قولنا : بأن الأمر الفلاني لا يجوز ، أو أنه بدعة ، أنَّ كلَّ من قال بجوازه واستحبابه فهو ضال مبتدع ، كلا فإنه وهم باطل وجهل بالغ ، ... نعم قد يقع أحدهم فيما هو خطأ شرعاً ، ولكنه لا يؤاخذ على ذلك ، بل هو مغفور له ومأجور عليه كما سبق مراراً ، وقد يتبين للباحث أن هذا الخطأ من نوع البدعة فلا يختلف الحكم في كونه مغفوراً له ومأجوراً عليه ، لأنه وقع عن اجتهاد منه ... ، ولهذا نرى العلماء مع اختلافهم الشديد في بعض المسائل لا يضلل بعضهم بعضاً ، ولا يبدع

بعضهم بعضاً ، ولنضرب على ذلك مثالاً واحداً : لقد اختلفوا منذ عهد الصحابة في إتمام الفريضة في السفر ، فمنهم من أجازه ، ومنهم من منعه ورآه بدعة مخالفة للسنة ، ومع ذلك فلم يبدعوا مخالفيهم .

فهذا ابن عمر ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ يقول : (صَلَاةُ الْمُسَافِرِ رَكْعَتَانِ مَنْ خَالَفَ السُّنَّةَ كَفَرَ) [1] . ومع هذا فلم يكفر ، ولم يضلل من خالف هذه السنة اجتهاداً ، بل لما صلى وراء من يرى الإتمام أتم معه .

فروى السراج بسند صحيح عنه أن النبي ﷺ صلى بمنى ركعتين ، و أبو بكر ، و عمر ، و عثمان صدراً من أمارته ركعتين ، ثم أن عثمان صلى بمنى أربعاً ، فكان ابن عمر إذا صلى معهم صلى أربعاً ، وإذا صلى وحده صلى ركعتين .

فتأمل كيف أن ابن عمر رضي الله عنه لم يحمله اعتقاده بخطأ من يخالف السنة الثابتة بالإتمام في السفر على أن يضلله !! أو يبدعه !! بل إنه صلى وراءه ؛ لأنه يعلم أن عثمان رضي الله عنه لم يتم إتباعاً للهوى ـ معاذ اللّه ـ ، بل ذلك عن اجتهاد منه .

وهذا هو السبيل الوسط الذي نرى من الواجب على المسلمين أن يتخذوه لهم طريقاً لحل الخلافات القائمة بينهم ، أن يجهر كل منهم بما يراه هو الصواب الموافق للكتاب والسنة ـ شريطة أن لا يضلل ولا يبدع من لم ير ذلك لشبهة عرضت له ـ لأنه هو الطريق الوحيد الذي به تتحقق وحدة المسلمين ، وتتوحد كلمتهم ، ويبقى الحق فيه ظاهراً جليا غير منطمس المعالم ... هذا هو موقفنا في المسائل الخلافية بين المسلمين : الجهر بالحق بالتي هي أحسن ، وعدم تضليل من يخالفنا لشبهة لا لهوى)) [2] .

---

[1] (رواه السَّرَّاج في مسنده : ٢١ / ١٢٢ ـ ١٢٣ ، بإسنادين صحيحين عنه) .

[2] (صلاة التراويح ، للعلامة الألباني : ص ٤١ ـ ٤٤) .

واتە : کەس گومانی ئەوە نەبات لە ووتەکانمان کە لە کاتێکدا ئێمە ئەوەمان هەڵبژاردووە ، کە موسڵمانان پابەند بن بە سوننەتەوە لە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژی تەراویحدا ، و نابێت و دروست نیە زیادەی لەسەر بکرێت ، کە ئێمە ئەو زانایانەی کە بۆچوونەکەی ئێمەی نیە ، لە زانایان کۆن و تازە بە گومڕا و بیدعەکار دەزانین !!! هەروەکو خەڵکانێك گومانی ئەوەیان پێی بردووین و کردوویانە بە هۆکارێك بۆ تانە لێدانمان !!! بەگومانی ئەوەی کە ووتەکەمان : فلانە شت دروست نیە ، یان ئەو کارە بیدعە و تازەگەریە ، ئەوە دەخوازێت کە هەر کەسێك بڵێت ئەوە دروستە ، یان سوننەتە ، ئەوە گومڕا و بیدعەکارە !!! نەخێر بەڵکو ئەو گومانە گومانێکی پوچەڵە و ئەوپەڕی نەزانینە ، ... بەڵێ ڕەنگە یەکێك لەو زانایانە بکەوێتە شتێکەوە لە شەرعدا هەڵەبێت ، بەڵام لێی ناگیرێت لەسەر ئەو هەڵەیەی ، بەڵکو عەفوی لەسەر دراوە ، و پاداشتیشی لەسەر دەدرێتەوە ، هەروەکو لە پێشدا باسمان لێوەکرد ، وە ڕەنگە بۆ کەسی لێکۆڵەر ئەوە ئاشکرا بێت کە ئەو هەڵەیە لە جۆری بیدعەکردنە ، بەڵام هیچ جیاوازیەکی نیە لەوەی کە عەفوی لەسەر دراوە و پاداشتیشی بۆ هەیە ، چونکە کەوتنەهەڵەی لە ئیجتیهادەوەیە ... ، بۆیە وا دەبینین زانایان لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازیە زۆرەیان لەهەندێك بابەتدا کەسیان ئەوانی تریان بە گومڕا دانانێت ، وە نەش کەسیان ئەوانی تریان بە گومڕا دەزانێت ، جا با نموونەیەك لەسەر ئەمە بێنینەوە : ئەوتا دەبینین هەر لە سەردەمی هاوەڵانەوە جیاوازن لە کردنی نوێژی سەفەر بە تەواوی ، هەندێکیان بەڕەوایان داناوە ، و هەندێکی تریان ڕێگربوونە لێی ، و بەبیدعە و پێچەوانەی سوننەتیان زانیوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەکانیان بەبیدعەکار نەزانیوە .

ئەوەتا (ابن عمر) ـ ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لەخۆی و باوکی بێت ـ دەیفەرموو : نوێژی موسافر دوو ڕکاتە ، ئەو کەسەش پێچەوانەی سوننەت بێتەوە کوفری کردووە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسەی بەکافر ، و گومڕا نەزانیوە کە پیچەوانەی بووەتەوە بە ئیجتیهادەوە ، بەڵکو کە لە پشت کەسێکەوە نوێژی کرد و باوەڕی وابوو ، ئەویش لە پشتیەوە نوێژەکەی بە تەواو کرد ـ واتە : نوێژەکەی بە چوار ڕکاتی کرد ـ .

(السراج) بە سەنەدێکی (صحیح) لێیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە لەمینادا دوو ڕکاتی کردووە ، ئەبو بەکر و عومەر عوسمانیش لە دوو مانگی یەکەمی سەردەمی خەلافەتیدا دوو ڕکاتیان کردووە ، پاشان عوسمان لەمینادا چوار ڕکاتی کردووە ، و (ابن عمر)

یش ـ ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ کە نوێژی لەگەڵدا بکردایە چوار ڕکاتی دەکرد ، بەڵام ئەگەر بەتەنها نوێژی بکردایە دوو ڕکاتی دەکرد .

جا تێبفکرە لەوەی کە چۆن (ابن عمر) ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ چۆن بیروباوەڕەکەی ـ کە کردنی چوار ڕکات لە سەفەردا پێچەوانەی سوننەتە ـ وای لێنەکرد کە بە گومڕا یان بە بیدعەکاری بزانێت ، بەڵکو نوێژی بەدوادا کرد ، چونکە دەزانێت عوسمان ﷺ چوار ڕکاتی نەکردووە لەبەر شوێنکەوتنی ئارەزووەکانی ـ معاذ اللَّه ـ ، بەڵکو ئەو کارەی لە ئیجتیهادەوەیە .

وە ئەم ڕێگەیەش ڕێگای میانڕەویە کە بە پێویستی دەزانین لە سەر موسڵمانان شوێنی بکەون و بیکەن بە ڕێگەچارەی ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوانیاندایە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر یەکێکیان ئەوە ئاشکرا بکات کە بە ڕاستی دەزانێت ، و گونجاوە لە گەڵ قورئان و سوننەتدا ـ بەمەرجێك ئەو کەسانە بە گومڕا و بیدعەکار نەزانێت کە پێچەوانەی بونەتەوە لە بەر گومانێك کە تووشی بوون ـ چونکە ئەوە تاکە ڕێگەیەکە بە هۆیەوە یەك ڕێزی موسڵمانان دێتەدی ، و ووتەیان دەبێت بەیەك ، وە ڕەوایی تێیدا ئاشکرا و ڕوون دەمێنێتەوە بێ ئەوەی کە نیشانەکانی بسڕێتەوە ... ئائەمەیە هەڵوێستمان لە بابەتە جیاوازەکانی نێو موسڵمانان : ئاشکرا کردنی ڕەوایی بەباشترین شێوە ، لەگەڵ گومڕا نەکردنی ئەو زانایانەی کە پێچەوانەمان دەبنەوە بەهۆی گومانێکەوە ، نەك لەبەر شوێنکەوتنی بۆ ئارەزووەکانی .

ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێدەخوێنرێتەوە :

١ ـ بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەکی تر لە باس و پرسە شەرعیەکاندا ، ئەوە ناگەیەنێت زانای بەهەڵەدانەر زانانی بەهەڵەدانراو بە بیدعەکار و گومڕا دەزانێت ، با هەڵەکەشی لە دیدو بۆچوونی زانای بەهەڵەدانەر بیدعەش بێت .

٢ ـ پێویستە زانایان ـ لەو بابەت و باسانەی کە جیاوازی و خیلافیان تێدایە ـ ئەو بۆچوونانە ئاشکرا بکەن کە بە پێی ئیجتیهادی خۆیان بە ڕەواو ڕاستی دەزانن .

٣ ـ هەر زانایەك ئەگەر پێچەوانەی سوننەت بوویەوە بەهۆی تەئویل ونەزانینی حوکمەکەوە ، ئەوا نابێت توندی لەبەرامبەردا بەکار بهێنرێت ، بەڵکو دەبێت عوزریشی بۆ بهێنرێتەوە .

٤ ـ نابێت حوکمی گومڕایی و بیدعەکاری بدرێت بە سەر هیچ یەکێك لە زانایاندا لەو باس و پرسانەی کە جێگەی مشت ومڕ و خیلاف و جیاوازی زانایانە .

٥ ـ ئەم بنەوایە کە باس کراوە ڕێچکە و ڕێبازی سەلەفی صالحە ، و ڕێگەی یەکبوونی موسڵمانانە ، و ئەوەش پێچەوانەی بێتەوە پێچەوانەی ڕێبازی سەلەف بووەتەوە ، کۆششی بۆ پەرتەوازەیی و تەفریقەی موسڵمانانە .

وە لە ووتەیەکی تریدا ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی هەیە لەنێوان بەهەڵەدان زانایان بۆ یەکتر لەگەڵ تانەدان و قسەپێکردنیان بۆ یەکتر ، بەڵکو ئەوەش بە بوونی هەڵەی پەروەردەیی دەزانێت ئەگەر موسڵمانان بەهەڵەدانانی زانایان لە بابەتە خیلافیەکاندا ، بە تانەدان و قسەپێکردن بزانن ، هەروەکە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێت کە تێیدا هاتووە : ((أَحْيَاناً يُبَيِّنُ الْإِنْسَانُ خَطَأَ الْعَالِمِ ، لَكِنَّ بَعْض الْعُلَمَاءِ قَدْ يَفْهَمُونَهُ سَبّاً ، وَهَذَا مِنَ السَّبِّ فِي شَيْءٍ ؟!)) ، واتە : هەندێك جار مرۆڤ هەڵەی زانایەك ئاشکرا دەکات ، کەچی هەندێك لە زانایان ئەو کارە بە تانەدان و توانجدانی دەزانن !!! ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە تانەدان و توانجدانەوە هەیە ؟!!

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : ((إن كان هذا هو المقصود فبئس ما قصد ؛ لأن تخطئة الإنسان لآخر هذا أمر واجب في الإسلام ، والتخطئة لا تعني [...] ، ولا طعناً ، فضلاً عن أن تعني شتماً وسباً !!! وإنما بيان الحق ؛ ولذلك قال ﷺ في الحديث الصحيح في (صحيح البخاري) : « إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ فَأَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ ، وَإِنْ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ وَاحِدٌ » ، من الذي يخطر في باله أن الرسول قد يقول عن قاضٍ أو حاكمٍ ما : أنه أخطأ أنه ينال منه ويسبه ويجعل له أجراً واحداً ؟ كذلك في قصة رواها البخاري ـ أيضاً ـ في تأويل رؤيا فسرها أبو بكر بين يدي الرسول ﷺ ، فقال له ﷺ : « أصبت بعضاً وأخطأت بعضاً » ، فهل يخطر في بال الإنسان أن يقول : بأن الرسول سب صاحبه في الغار أبا بكر الصديق ، حينما قال له : أخطأت بعضاً ؟

لكن هـذا من تأخـر الـمسلمين في ثقافتهم الإسـلامية ، وابتعادهم عن اللغة الشـرعية ، والـحقيقـة أن الـمتأخرين حتى من الفقهاء ، أو لعل الأصح أن نقول : الـمتفقهيـن يتحاشون مثـل هذه العبـارة ؛ لأنـهم هم أنفسهم قـد انقلبت عليهم هـذه الـحقيقة ، فهم قد يتصورون والعامة تبعاً لـهم فـي ذلك ، أنه إذا قيل : أخطأ فلان ، فهـذا طعن ولـمز فـي هذا الـمخطئ ، والأمـر ـ كمـا سمعتم ـ ليس كذلك ، وهذا أمر لا يـحتاج إلـى كبيـر بيان ، فحسبنا هـذا القـدر)) [1] .

واتە : جا ئەگەر ئەمە مەبەستی بێت ئەوا خراپترین مەبەستی هەبووە ، چونکە بەهەڵەدانانی مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی تر کارێکی پێویستە لە ئیسلامدا ، وە بەهەڵەدانان بە ... دانانرێت ، و بە تانەش دانانرێت ، سەرەڕای ئەوەی کە تانە و تەشەرە و قسەپێکردن بێت ، بەڵکو ئەوە بریتیە لە ئاشکراکردنی ڕاستی و ڕەوایی ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەی (صحيح) يدا ـ لە صحيحی بـوخاريدا ـ فەرموویەتی : ئەگەر دادوەر ئیجتیهادی کرد و حوکمی دا و ڕەوایی پێکا تێیدا ، ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە ، و ئەگەر نەشی پێکێت ئەوا پاداشتێکی بۆ هەیە ، کێ ئەوەی دێت بە خەیاڵدا ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەبارەت بە قازی و دادوەر فەرموویەتی : نەیپێکاوە ، ئەو ووتەیەی تانە و تەشەرەی لێدەدات ، و توانجی لێدەدات ؟!!! لە گەڵ ئەوەشدا بڵێت : پاداشتێکی بۆ هەی !!!

هەروەها لەو بەسەرهاتەی کە دیسان پێشەوا بوخاری دەیگێڕێتەوە لە لێکدانەوەی خەونێك لە لایەن ئەبو بەکرەوە رضي الله عنه ، لە پێش پێغەمبەری خوادا ﷺ ، و پێی فەرموو : لە هەندێکیا پێکات ، و لە هەندێکیا نەتپێکا ، ئایا دێت بە بیری هیچ مرۆڤێکدا کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە لە توانج دان لە ئەبو بەکری هاوەڵی ئەشکەوتی ؟! ئەوەش کە فەرموویەتی : وە لە هەندێکیا نەتپێکاوە !!!

بەڵام ئەمە لە دواکەوتنی ڕۆشنبیری ئیسلامی موسڵمانان ، و دوورکەوتنەوەیانە لە ئاخاتنی شەرعی ، وە لە ڕاستیدا پاشینە و تەنانەت شەرع زانایانیش ، یان ڕەنگە بڵێن : خۆ بەشەرع

---

[1] (من شـريط : آداب الإسلام) .

زانان خۆپارێزی دەکەن لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕستانە ، چونکە خۆدی خۆشیان ئەم ڕاستیەیان لەلا هەڵگەڕاوەتەوە ، و وادەزانن ـ خەڵکیش لەوەدا بەدوایاندا دەڕۆن ـ کە ئەگەر بووترێت : فلانە کەس هەڵەی کردووە ، ئەوە تانەدان ، و بەخراپە باس کردنی کەسی هەڵەکارە ـ کەچی ـ وەکو بیستان ـ شتەکە وا نیە ، ئەم باسەش زۆر ڕوونکردنەوەی ناوێت ، بۆیە ئەوەندەمان بەسە .

کەواتە بۆچوون و تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە ئەگەر ببینین زانایەکی تر بە هەڵە بزانێت لە ووتەیەکیدا ، یان لە بۆچوونێکیدا ، ئەوا ئەو بەهەڵە دانانە بە واتای ئەوە لێك بدەینەوە کە بە بیدعەکار و گومڕایی دەزانێت !!!!!!

شەشەم : دانەبستنی دۆستایەتی (الْوَلَاءُ) و دژایەتی (الْبَرَاءُ) لە سەر جیاوازی زاناپانی سەلەفی لە نێو فێرخوازانی زانستی شەرعی و موسڵمانانرا . بەتایبەت ئەگەر لە بنەواکانرا هاودەنگ بوون :

بانگەشەکردن بۆ خود و تاك و کەسایەتیەکان ، گەندەڵی و خراپەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە ، جگە لەوەی کە تەفریقە و پەرتەوازەیی یەکێکە لەئاشکراترین دەرەنجام وئاکامی خراپی ئەم ئاکارە خراپ ونامۆیە !!! ئەگەر ئەوەش نەبایە ـ کە هۆکاری تەفریقە وپەرتەوازەیی موسڵمانانە ـ ، بەس بوو بۆ خراپی ئەم کارە ئەوەی کە : ئایین کورت هەڵدەهێنێت لەکەسانێکی نەپارێزراو لە تاوان (غیر معصوم) ، و کامڵ نەبوو !!! دواتریش ئاکامەکەی فەوتانی ئایینە !!! سەرەڕای ئەوەی کە ئومەت پارچەپارچە ، و پەرتەوازە دەکات ، و دەیانکات بەچەندەها گروپ و کۆمەڵی نەیار و دژیەك !!! و ئاشوب و فیتنە لە نێوانیاندا دەنێتەوە !!! باشترین گەواهیش لەسەر ڕاستی ئەم ووتانە ، واقع وحاڵی ئەمڕۆی موسڵمانە کە تێدا دەژین ، وإِنَّا لِلَّـهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ !!!

وە لەمەش خراپتر ئەوەیە کە دۆستایەتی (الولاء) و ڕقلێبوون (البراء) یش لە سەر ئەو ووتانە دادەبەسترێت !! کە دەرەنجامەکەی جیاوازی نێوان موسڵمانان ! و کەسانی نەزان و بێ ئاگا لە ئایین لەم بوارانەدا فەرمان دەکەن بە هەجرکردنی ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە لای ئەوان ڕاستە ـ هەڵە بێت یان ڕاست گرنگ نیە ـ ! بەوەش ئاشوب و فیتنە دەکەوێتەوە !!

بەڵکو لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کار گەشتۆتە ئەوەی کە خەڵکیشی پێ تاقی دەکرێتەوە !!! بەوەی کە هەڵوێستت لە فلانە زانا و فیسارە زانا چیە ؟!! بەرپەرچدەر (الرَّاد) بێت ، یان بەرپەرچدراو (الرَّاد علیه) !!! ـ کە ڕەنگە هەردوو لای جیاوازیەکەش خۆیان بۆخۆیان پاداشتیان هەبێت ، بە هۆی ئیجتیهادیانەوە ـ جا ئەگەر هاودەنگ بێت ـ لەگەڵ ئەوەی کە تاقیکار تێیدا تاقیت دەکاتەوە ـ پارێزراو دەبێت لەهەموو ووتە و تانە و توانجێکت !!! و چاوپۆشیش لەهەموو هەڵەکانت دەکرێت !!! بەڵام ئەگەر هاودەنگ نەبوویت ـ لەگەڵ ئەوەی کە تاقیکار تێیدا تاقیت دەکاتەوە ـ ، وای بەحاڵت : و پێت دەووترێت : بیدعەکارە و دەبێت هەجر بکرێت !!! هەڵگری فکری فلانە گروپی گومڕایە !! و هتد !!

تاکو وای لێهاتووە پێوەرەکان تێکچوونە وهەرکەسە و بەکەیفی خۆی بەرامبەرەکەی دەپێوێت !!! کەچی بنەوای پێوانی هەموو تاکێك : ناسینی پیاوانە بەهاودەنگیان لەگەڵ ڕەوایی وحەقدا ، نەك بەپێچەوانەوە !!! بەڵام وای لێهاتووە ووتە وبۆچوونی زانایان لەباس وپرسە جیاوازەکاندا بووەتە پێوەر !!! کەسێکی باشی ئەگەر هاودەنگ بیت لەگەڵ ووتەی فلانە زانا ، و خراپیشی ئەگەر هاودەنگ بیت لەگەڵ فلانە زانای تردا ، و پێچەوانەی زانای یەکەم بیتەوە !!! کەواتە سەنگی مەحەك بۆچوون و ووتەی زانایانە ، و دۆستایەتی و ڕقلێبوونیش هەر لەسەر ئەوەیە !!! نەك لەسەر هاودەنگی لەگەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ !!!

گرفت لەوەدایە ووتە و بۆچوونی تاك و کەسایەتیەکان خۆی بۆ خۆی پلەدار و تەقدیس کراوە !!! نەك لەبەر ئەوەی کە ئەو ووتە و بۆچوونانە هاودەنگی دوو سەرچاوەکە پێشوون !!! کەچی ئەم سیفەتە لە بنەوادا سیفەتی بیدعەکاران و ئەهلەکەیەتی ، نەك سیفەتی شوێنکەوتوانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ !!!

بۆیە دانەبستنی دۆستایەتی (الولاء) و دژایەتی (البراء) لەسەر جیاوازی زانایانی سەلەفی لەنێو فێرخوازانی زانستی شەرعی و موسڵماناندا ، شتێکی پێویستە ، بۆ بنبڕکردنی جیاوازیەکان ، بەتایبەت ئەگەر لەبنەواکاندا هاودەنگ بوون .

بۆ زیاتر چاوڕوونی موسڵمانان لەباسی دۆستایەتی و ڕقلێبوون ، و دابەستنیان لەسەر بنەوا شەرعیەکان ، و دورکەوتنەوە لەدابەستنیان لەسەر بنەوا ناشەرعیەکان ، چەند ووتەیەك لەووتەی زانای پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو ، بۆ ئەوەی ببێتە ڕووناککاری ڕێگای موسڵمانان بۆ گەشتنیان بەڕاستیەکان ... جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێم :

پێش هەموو شتێك دەبێت ئێمە بزانێن کە دەروونی مرۆڤەکان لەم بارەیەوە چۆنە ؟ پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((النفس مشحونة بحب العلو و الرياسة ، بحسب إمكانها ، فتجد أحدهم يوالي من يوافقه على هواه ، ويعادي من يخالفه في هواه ، وإنما معبوده : ما يهواه ويريده ... وإن كان عالماً ـ

أو شيخاً ـ أحب من يعظمه دون من يعظم نظيره : حتى لو كانا يقرأن كتاباً واحداً كالقرآن ، أو يعبدان عبادة واحدة متماثلان فيها ، كالصلوات الخمس .

فإنه يحب من يعظمه بقبول قوله ، والإقتداء به : أكثر من غيره ، وربما أبغض نظيره وأتباعه حسداً وبغياً ، كما فعلت اليهود ...)) [1] .

واتە : دەروونەکان ـ هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ـ تێرکراوون بە حەزی پلە بەرزێتی و سەرکردایەتی ، بۆیە دەبینیت هەریەکەیان دۆستایەتی ئەوە دەکات کە هاودەنگە لەگەڵ وویست و ئارەزووەکانی ئەودا !!! وە دژایەتی ئەوەش دەکات کە پێچەوانەی ویست و ئارەزووەکانی ئەو دەبێتەوە !!! تا وای لێهاتووە ئەوەی کە حەزی لێیە و دەیەوێت بووەتە تەنها پەرستراوی ... وە ئەگەر زانایەکیش ـ یان شێخێك ـ بێت ئەو کەسەی خۆش دەوێت کە بەگەورەی ڕاگرێت ، دور لەوانەی کە هاوشانەکەی گەورە ڕادەگرن ، ئەگەرچی کەسێکی واش بێت تەنها یەك کتێبی خوێندبێتەوە وەکو قورئانی ، یان ئەگەرچی یەك پەرستشیش بکەن و هاوشێوەش بن تیایدا ، وەکو نوێژە فەرزەکان .

دەبینیت ئەوەی خۆش دەوێت کە بەگەورەی ڕادەگرێت بەوەرگرتنی ووتەکانی ، وشوێنکەوتنی ، زیاد لەکەسانی تر ، وە لەوانەیە ڕقی بێت لەکەسانی هاوشێوەی خۆی و شوێنکەوتوانیشی ، لەبەر حەسودی و ستەمکردنی ، هاوشێوەی کار و کرداری جولەکەکان .

کەواتە دەروونی مرۆڤەکان بەو شێوەیە کە پێشەوا باسی لێوە دەکات ، بۆیە دەبینین دۆستایەتی و خۆشویستن لەبەر جگە لەخوای پەروەردگار دادەبەستێت !!! هەموو ئەوەش بۆ بەرژەوەندیە دەروونیەکانی خۆیەتی ، ئەمەیان بۆ فلاّنە و ئەویتریان بۆ کەسێکی تر !!! ئەمەیان پێش دەخرێت و ئەویتریان دورخراوەیە !!! پێوەرەکان هەواو ئارەزووی تاکەکانە !!!

دۆستایەتی و خۆشویستنێکی لەو جۆرە سیفەتی جولەکە و خاچ پەرست و بیدعەکارانە ، هەروەك پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الحب لغير اللّه : كحب النصارى للمسيح ، وحب اليهود لموسى ، وحب الرافضة لعلي ، وحب الغلاة لشيوخهم

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١٤ / ٣٢٤ ـ ٣٢٥) .

و أئمتهم ، مثل من يوالي شيخاً أو إماماً وينفر عن نظيره ، وهما متقاربان ، أو متساويان في الرتبة ، فهذا من جنس أهل الكتاب الذين آمنوا ببعض الرسل وكفروا ببعض ، وحال الرافضة الذين يوالون بعض الصحابة ويعادون بعضهم [١] ، وحال أهل العصبية من المنتسبين إلى فقه وزهد : الذين يوالون الشيوخ والأئمة دون البعض وإنما المؤمن من يوالي جميع أهل الإيمان)) [٢] ، واته : ئەو خۆشویستنەی کە بۆ جگە لەخوای پەروەرگارە : وەکو خۆشەویستی خاچ پەرستان بۆ عیسای مەسیح عليه السلام ، یان خۆشویستنی جوولەکە بۆ موسا عليه السلام ، یان خۆشویستنی ڕافیزەکانە بۆ عەلی رضي الله عنه ، یان خۆشەویستی زیادڕەویکاران بۆ مامۆستایان و پێشەوایانیان ، وەك ئەوەی کە خۆشویستن و دۆستایەتی لەسەر شێخێك یان پێشەوایەك و موسڵمانان دەصڵێنێتەوە لەهاوشێوەکانی !!! کەچی هاوشانی یەکن ، یان هاوپلەی یەکن ، کرداری ئەم جۆرە کەسانە لەشێوە و شێوازی کرداری کەسانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکانن ، کە باوەڕیان بە هەندێك لەپێغەمبەران ـ صەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ دەهێنن ، و کوفریان بەهەندێکی تریان دەکرد ، یان هاوشێوەی کرداری ڕافیزەکانە کە دۆستایەتی و خۆشەویستیان بۆ هەندێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە و ڕق و دوژمنایەتیان بۆ هەندێکی تریان ، وە یان هاوشێوەی کرداری کەسانی دەمارگیرە کە دراونەتە پاڵ شەرعزانان و زاهیدانەوە ، ئەوانەی خۆشەویستنیان بۆ هەندێك لەشێخان و پێشەوایانە ، جگە لەهەندێکی تریان ، کەچی باوەڕدار ئەو کەسەیە کە خۆشویستنی بۆ هەموو باوەڕدارانە .

وە فەرموویەتی : ((ومن حالف شخصاً على أن يوالي من والاه ويعادي من عاداه كان من جنس التتر المجاهدين في سبيل الشيطان)) [٣] ، واته : ئەو کەسەی کە پەیمانی لەگەڵ کەسێك ببەستێت لەسەر ئەوەی : کە ئەو کەسەی خۆش بوێت کە ئەوی خۆش دەوێت ، و

---

[١] وقال رَحِمَهُ اللَّهُ في منهاج السنة النبوية : ((وكثير من الناس فيهم من الغلو في شيوخهم من جنس ما في الشيعة من الغلو في الأئمة)) (٦ / ٤٣٠ ـ ٤٣١) .

[٢] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١٨/ ٣٢٠) .

[٣] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٨ / ٢٠) .

ڕق و دژایەتی ئەو کەسەش بکات کە دژایەتی و ڕقەبەری ئەو دەکات ، ئەوا ئەو کردارەی لەجۆری کرداری تەتەرەکانە کە لەپێناو شەیتاندا دەجەنگێن .

باشە ئەگەر ئەو جۆرە کار و کردارە ـ بەو شێوەیە ـ لەحەزەکانی دەروونی مروڤ بێت !!! و ڕێچکە و ڕێبازی لاڕێبووان بێت لەئوممەتانی تر و ئەم ئوممەتەش ، ئایا موسڵمانان پێویستە چۆن بن ؟! چی بکەن بنەوا بۆ ئەو کارەیان ؟! لەچی دوور بکەونەوە ؟!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فَدِينُ الْمُسْلِمِينَ مَبْنِيٌّ عَلَى : اتِّبَاعِ كِتَابِ اللَّهِ ، وَ سُنَّةِ نَبِيِّهِ ، وَ مَا اتَّفَقَتْ عَلَيْهِ الْأُمَّةُ .

فَهَذِهِ الثَّلَاثَةُ هِيَ أُصُولٌ مَعْصُومَةٌ ، وَمَا تَنَازَعَتْ فِيهِ الْأُمَّةُ رَدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ .

وَلَيْسَ لِأَحَدٍ أَنْ يُنَصِّبَ لِلْأُمَّةِ شَخْصاً يَدْعُو إِلَى طَرِيقَتِهِ ، وَيُوَالِي وَيُعَادِي عَلَيْهَا ، غَيْرَ النَّبِيِّ ﷺ !!!

وَلَا يُنَصِّبَ لَهُمْ كَلَاماً يُوَالِي عَلَيْهِ وَيُعَادِي ، غَيْرَ كَلَامِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ﷺ ، وَمَا اجْتَمَعَتْ عَلَيْهِ الْأُمَّةُ !!!

بَلْ هَذَا مِنْ فِعْلِ أَهْلِ الْبِدَعِ الَّذِينَ يُنَصِّبُونَ لَهُمْ شَخْصاً أَوْ كَلَاماً يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْأُمَّةِ !!! يُوَالُونَ بِهِ عَلَى ذَلِكَ الْكَلَامِ أَوْ تِلْكَ النِّسْبَةِ وَيُعَادُونَ)) [1] .

---

[1] (مجموع الفتاوى لابن تيمية : ٢٠ / ١٦٤) ، و (درء التعارض له : ١ / ٢٧٢ ـ ٢٧٣) .

قال شيخ الإسلام : ((وليس لأحد أن ينتسب إلى شيخ يوالي على متابعته ، ويعادي على ذلك ؛ بل عليه أن يوالي كل من كان من أهل الإيمان ، ومن عرف منه التقوى من جميع الشيوخ وغيرهم ، ولا يخص أحداً بمزيد موالاة ، إلا إذا ظهر له مزيد إيمانه وتقواه ، فيقدم من قدم اللّه ـ تَعَالَى ـ ورسوله عليه ، ويفضل من فضله اللّه ورسوله)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١١ / ٥١٢) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((... وَمَنْ تَعَصَّبَ لِوَاحِدٍ بِعَيْنِهِ مِنْ الْأَئِمَّةِ دُونَ الْبَاقِينَ فَهُوَ بِمَنْزِلَةِ مَنْ تَعَصَّبَ لِوَاحِدٍ بِعَيْنِهِ مِنْ الصَّحَابَةِ دُونَ الْبَاقِينَ . كالرافضي الَّذِي يَتَعَصَّبُ لِعَلِيٍّ دُونَ الْخُلَفَاءِ الثَّلَاثَةِ وَجُمْهُورِ الصَّحَابَةِ . وَكَالْخَارِجِيِّ الَّذِي يَقْدَحُ فِي عُثْمَانَ وَعَلِيٍّ ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ . فَهَذِهِ طُرُقُ أَهْلِ الْبِدَعِ وَالْأَهْوَاءِ

واتە : ئایینی موسڵمانان بنیات نراوە لەسەر : شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، و ئەوەش کە ئومەت لەسەری هاودەنگ بووە .

ئەم سێ بنەوایە پارێزراون لەهەڵە ـ واتە : مەعصومن ـ وە ئەوەش کە ئومەت تیایدا جیاواز بوو دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ .

وە بۆ هیچ کەسێکیش نیە کە کەسێك دابنێت ، بۆ ئومەت و بانگەشە بۆ ڕێچکە و ڕێبازەکەی بکات ، و خۆشویستن و ڕقلێبوون لەسەر ئەوە دابەستێت ، جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت !!!

وە نەکات ووتەیەکیان بۆ دابنێت ، و خۆشویستن و ڕقلێبوونی لەسەر دابەستێت ، جگە لە ووتەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ نەبێت ، وە ئەوەش کە ئومەت لەسەری هاودەنگ و کۆڕان !!!!

بەڵکو ئەمە کردەوەی ئەهلی بیدەع و بیدعەکارانە ئەوانەی کەسێك یان ووتەیەك بۆ خۆیان دادەنێن ، و تەفریقەی لەنێو ئومەتدا پێ نەنەوە !!! و خۆشویستن و ڕقلێبونیشیان لە سەر ئەو ووتەیە !!! یان ئەو نیسبەتەیە !!!

وە هەر ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فلا يجوز لأحد أن يجعل الأصل في الدين لشخص إلَّا لرسول اللَّه ﷺ ؛ ولا لقول إلَّا لكتاب اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. ! ومن نصب شخصاً كائناً من كان فوالى وعادى على موافقته في القول والفعل !!! فهو : ﴿ مِنْ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ (الروم : ٣٢) .

وإذا تفقه الرجل وتأدب بطريقة قوم من المؤمنين مثل : اتباع الأئمة والمشايخ ؛ فليس له أن يجعل قدوته وأصحابه هم المعيار ، فيوالي من وافقهم ويعادي من خالفهم .

الَّذِينَ ثَبَتَ بِالْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ وَالْإِجْمَاعِ أَنَّهُمْ مَذْمُومُونَ خَارِجُونَ عَنْ الشَّرِيعَةِ وَالْمِنْهَاجِ الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ بِهِ رَسُولَهُ ﷺ . فَمَنْ تَعَصَّبَ لِوَاحِدٍ مِنْ الْأَئِمَّةِ بِعَيْنِهِ فَفِيهِ شَبَهٌ مِنْ هَؤُلَاءِ سَوَاءٌ تَعَصَّبَ لِمَالِكٍ أَوْ الشَّافِعِيِّ أَوْ أَبِي حَنِيفَةَ أَوْ أَحْمَد أَوْ غَيْرِهِمْ ...)) (مجموع الفتاوى (الباز المعدلة) : ٢٢/ ٢٥٢) .

فينبغي للإنسان أن يعود نفسه التفقه الباطن في قلبه والعمل به ، فهذا زاجر . وكمائن القلوب تظهر عند المحن)) [١] .

واتە : هیچ کەسێك بۆی نیە کە بنەوای ئایین بەکەسەوە ببەستێتەوە ، جگە بە پێغەمبەری خواوە نەبێت ﷺ ، وە نە بە ووتەیەکیش جگە لەووتە و کتێبەکەی خوای پەروەردگار نەبێت !!! وە ئەو کەسەش کە کەسێك دادەنێت ـ هەر کێیەك بێت ـ و پاشان خۆشویستن و ڕقلێبوونی لەسەر هاودەنگی لەگەڵ ئەودا دادەبەستێت !!! لەووتە و کرداردا !!!! ئەوە لەو کەسانەیە کە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە : ﴿ مِنْ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ .

وە ئەگەر کەسێك ئایینی لەسەر ڕێگەی کۆمەڵە کەسێکی باوەڕدارەوە وەرگرتبوو ، وەك شوێنکەوتەی پێشەوایان و مامۆستایان ، بۆی نیە پێشەنگ و هاوەڵانی بکات بە پێوەر ، و ئەوەی خۆش بوێت کە هاودەنگی ئەوانە و دژایەتی ئەوەش بێت کە پێچەوانەیان بووەتەوە !!! وە پێویستە مرۆڤ خۆی ڕابهێنێت لەسەر زانستی دەرونەیکان لەدڵیدا ، و کردەوەشی پێ بکات . ئەمە ڕاچەڵەکێنەرە ، شاراوەکانی دەروونیش لەکاتی تاقیکردنەوەدا دەردەکەوێت .

بۆیە برای موسڵمان و خواناسم با ئەم ئامۆژگاریەی پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بگرینە گوێ کە تێیدا فەرموویەتی : ((الواجب على العبد أن ينظر في نفس حبه وبغضه ؛ ومقدار حبه وبغضه : هل هو موافق لأمر اللَّه ورسوله ﷺ وهو هدى اللَّه الذي أنزله على رسوله ؛ بحيث يكون مأموراً بذلك الحب والبغض ؛ لا يكون متقدماً فيه بين يدي اللَّه ورسوله ؛ فإنه قد قال : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ﴾ (الحجرات : ١) .

ومن أحب أو أبغض قبل أن يأمره اللَّه ورسوله ففيه نوع من التقدم بين يدي اللَّه و رسوله . ومجرد الحب والبغض هوى ؛ لكن المحرم إتباع حبه وبغضه بغير هدى من اللَّه ؛ ولهذا قال : ﴿ وَلاَ تَتَّبِعْ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ

---

[١] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٠ / ٨ ـ ٩) .

اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴾ (ص : ٢٦) ، فأخبر أن من اتبع هواه أضله ذلك عن سبيل اللَّه ، وهو هداه الذي بعث به رسوله ؛ وهو السبيل إليه)) [١] .

واتە : پێویستە لە سەر هەموو بەندەیەك كە بڕوانێتە خۆشویستن و ڕقلێبوونی ، بڕی ئەو خۆشویستن و ڕقلێبوونەی ، كە ئایا بەپێی فەرمانی خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەكەیەتی ﷺ ، هەر ئەویشە هیدایەت وڕێنمایی خوای پەروەردگار كە بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ ناردوویەتی ، و بەوەی كە فەرمان پێكراو بێت بەو خۆشویستن و ڕقلێبوونە ، و نەكات هیچ شتێك تێیدا پێش خۆشەویستی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ بخات ، هەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ﴾ .

وە ئەو كەسەش كە خۆشویستن و رقلێبوونی پێش ئەوە بێت كە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ فەرمانی پێ بكەن بەوە ، ئەو كارەی جۆرێكە لە پێشخستنی ووتە بەسەر ووتەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ .

وە خۆشویستن و ڕقلێبوونی پەتی جۆرێك ئارەزووە ، بەڵام حەرامیەكەی لەوەدایە كە خۆشویستن و ڕقلێبوونەكەی بكات بە شوێنكەوتەی جگە لەهیدایەتی خوای پەروەردگار ، بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلاَ تَتَّبِعْ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴾ ، بەوەش هەواڵی ئەوەی پێداین كە ئەو كەسەی شوێنی ئارەزووەكانی بكەوێت گومڕای دەكات لەڕێگای خوای پەروەردگار ، كە ئەو هیدایەتەیە بە پێغەمبەرەكەیدا ﷺ ڕەوانەی كردووین ، هەر ئەویشە تاكە ڕێگای گەیشتن پێی .

چونكە ئێمەی موسڵمان بەچی جیادەكرێنەوە ، لەكەسانی تر ؟ پێشەوا (ابن تيمية) سەبارەت بەو جیاكەرەوانە فەرموویەتی : ((الطائفة إنما تتميز بذكر قولها ، أو بذكر رئيسها : ولهذا كان المؤمنون يتميزون بكتاب اللَّه وسنة رسوله ﷺ .

فالقول الذي يدعون إليه هو كتاب اللَّه .

والإمام الذي يوجبون اتباعه هو رسول اللَّه ﷺ .

---

[١] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٨ / ١٣٣ ـ ١٣٤) .

وعلى هذا بني الإيمان ، وبذلك وجب الموالاة والمعاداة ... فالواجب أن يكون الرجل مع المؤمنين باطناً وظاهراً ، وكل قول أو عمل تنازع الناس فيه ردوه إلى الكتاب والسنة .

ولا يجوز وضع طائفة بعينها يوالي من والته ويعادي من عادته ؛ لا أخص من المؤمنين ، لو كانت أسماؤهم للتعريف المحض كالمالكية ، والشافعية ، والحنبلية ، أو غير ذلك ـ ولا أعم من ذلك ـ ، ولا يجوز تعليق الحب والبغض والموالاة والمعاداة إلا بالأسماء الشرعية ، وأما أسماء التعريف كالأنساب والقبائل فيجوز أن يعرف بها ما دلت عليه ، ثم ينظر في موافقته للشرع ومخالفته له)) [1] .

واتە : هەموو کۆمەڵێك تەنها بە باسکردنی ووتە و پێشەواکەی دەناسرێتەوە .

لەبەر ئەمەیە باوەڕداران بەقورئانی پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەناسرێتەوە دەناسرێنەوە .

جا ئەو ووتەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگارە .

ئەو پێشەوایەش کە شوێنکەوتنی بە پێویست دەزانن پێغەمبەری خوایە ﷺ .

هەر لەسەر ئەمە باوەڕ دامەزرێنراوە ، و هەر بەوەش خۆشویستن و ڕقلێبوون پێویست کراوە ... بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ لەگەڵ برای باوەڕداری خۆی بێت لەناوەڕۆك و ڕووکەشدا ، وە هەموو ووتە و کردەوەیەك خەڵك جیاوازی کەوتە نێوانیانیان لەسەری پێویستە بیگەڕێننەوە بۆ لای قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

وە نابێت و دروست نیە هیچ کۆمەڵێك خۆی بۆ خۆی دابنرێت ، و خۆشەویستی بۆ ئەوانە بێت کە پشتیوانین ، و دژایەتیشی بۆ ئەوانە بێت کە دژایەتی دەکەن ، هیچ کۆمەڵێکی باوەڕدارنم مەبەست نیە ، تەنها بۆ ناساندن و نموونە هێنانەوە ئەگەر ناویان مالکی یان شافعی یان حەنبەلی یان جگە لەوانەش بوو ، لەونیش گشتگیر تر ، نابێت خۆشەویستی و رقلێبوون و دۆستایەتی و دژایەتی لەسەریان دابەستێت جگە لە ناوە شەرعیەکان نەبێت ، بەڵام سەبارەت بەو ناوانەی کە تەنها بۆ ناساندن نراوون وەکو ناوی نیسبەتدرا و ناوی هۆزەکان کە بۆ ئەوەن

---

[1] (بيان تلبيس الجهمية ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١ : ٢٤٢ ـ ٢٤٤) .

ئەوەی پێ بناسرێتەوە کە پێوەی نراوە ، پاشان دەبێت بڕوانرێتە ئەوەی کە ئایا ئەو کارە بەپێی شەرعە و هاودەنگە لەگەڵیدا یان پێچەوانەیەتی .

لە کۆتاییدا دەڵێم : ((التَّعَصُّبُ لِلرِّجَالِ نَقْصٌ فِي الْعَقْلِ ، وَعَقْدُ الْوَلَاءِ وَ الْبَرَاءِ عَلَى آرَائِهِمْ نَقْصٌ فِي فَهْمِ الدِّيْنِ !!!)) ، واتە : تەعەصوب و دەمارگیری بۆ کەسایەتی و پیاوان کەم و کورتیە لە هزر و عەقڵدا ، و دابەستنی خۆشویستن و ڕقلێبوون لە سەر بۆچوون و ووتەکانیان کەم و کورتیە لە تێگەیشتن لە ئایین ... وَاللَّهُ أَعْلَمُ .

بەشی یەکەم

مورجیئە و چەند لێکۆڵینەوەیەك :

- ❑ مورجیئە لەزمانەوانی و زاراوەی شەرعدا :
- ❑ کۆمەڵ و گروپەکانی مورجیئە :
- 🕮 یەکەم : جەهمیەکان (الـجَهْمِيَّة) .
- 🕮 دووەم : کەرامیەکان (الْكَرَّامِيَّةُ) .
- 🕮 سێیەم : فوقەهای مورجیئە (مُرْجِئَةُ الفُقَهاءِ) .
- ❑ ئیمان وهەندێك بنەواکانی لەلای مورجیئە :
- ❑ پێناسەی ئیمان لەزمانەوانی و زاراوەی زانایان و بنەواکانی لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە :
- 🕮 پێناسەی ئیمان لەزمانەوانیدا (لُغةً) .
- 🕮 پێناسەی ئیمان لەزاراوەی شەرعدا (اصطلاحاً) .
- ❑ بەڵگە ومەرجەکانی بەریبوون لەئیرجا :
- ❑ نوێژ وپەیوەندی نەکردنی بەئیرجاوە :
- ❑ حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە (الْـحُكْمُ بِغَيْـرِ مَا أَنْزَلَ اللَّـهُ) و پەیوەندی بەئیرجاوە :

بەشی پەکەم :
مورجیئە و چەند لێکۆڵینەوەیەک :

مورجیئە لە زمانەوانی و زاراوەی شەرعدا :

مورجیئە لەزمانەوانیدا :

(الإرجاء) لەزمانەوانیدا لەمادەی (رَجَأَ) واتە : (الراء والجيم والهمزة) وەرگیراوە ، و بەواتای دواخستن دێت ، هەروەکو لەفەرهەنگەکانی زماندا باسیان لێوەکردووە ، ئەوەتا لە (المحيط في اللغة) ـدا هاتووە کە : ((الْإِرْجَاءُ : مِنْ قَوْلِكَ أَرْجَأْتُ الشَّيْءَ : أَيْ أَخَّرْتُهُ)) [١] ، وە لە (لسان العرب) ـدا هاتووە : ((أَرْجَأَ الأَمْرَ : أَخَّرَهُ ... وَالْإِرْجَاءُ : التَّأْخِيْرُ)) [٢] ، وە (الصحاح) یشدا هاتووە : ((أَرْجَيْتُ الْأَمْرَ : أَخَّرْتُهُ ، يُهْمَزُ وَلَا يُهْمَزُ)) [٣] .

بە هەمزەوە (واتە : أَرْجَأَ) و بە بێ هەمزەشەوە (واتە : أَرْجَا) ـش دەخوێنرێتەوە ، لە (القاموس المحيط) ـدا هاتووە ((أَرْجَأَ الأَمْرَ : أَخَّرَهُ ... وتَرْكُ الْهَمْزِ لُغَةٌ فِي الْكُلِّ . ﴿ وآخَرُونَ مُرْجَوْنَ لأَمْرِ اللَّهِ ﴾ : مُؤَخَّرُونَ حَتَّى يُنْزِلَ اللَّهُ فِيْهِمْ مَا يُرِيدُ ... وَإِذَا لَمْ تُهْمِزْ : فَرَجُلٌ مُرْجِيٌّ بِالتَّشْدِيْدِ ، وَإِذَا هَمَزْتَ : فَرَجُلٌ مُرْجِئٌ)) [٤] .

وە لە زمانەوانیدا (الْإِرْجَاء) بە واتای تریش هاتووە : لەوانە : ((وَالرَّجَاءُ مِنَ الْأَمَلِ ، مَمْدُودٌ ، يُقَالُ : رَجَوْتُ فُلَاناً رَجْواً وَرَجَاءً وَرَجَاوَةً)) [٥] .

---

[١] (المحيط في اللغة ، لابن عباد : ٧ / ١٧٥) .

[٢] (لسان العرب ، لابن منظور : ٢ / ١٥٨٣) .

[٣] (الصحاح ، للجوهري : ٦ / ٢٣٥٢) .

[٤] (القاموس المحيط ، للفيروز آبادي : ١ / ١٦) .

[٥] (الصحاح ، للجوهري : ٦ / ٢٣٥٢) .

هەر لەبەر ئەم جیاوازیەیە دەبینین زانایان ـ وەکو (الشَّهْرَسْتَانِي) جگە لەویش ـ سەبارەت بە واتای زمانەوانی (الْإِرْجَاء) فەرموویەتی : ((الْإِرْجَاءُ عَلَى مَعْنَيَيْنِ :

أَحَدُهُمَا : بِمَعْنَى التَّأْخِيْرِ ، كَمَا فِي قَوْلِهِ ـ تَعَالَى ـ : ﴿ قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ ﴾ (الشعراء : ٣٦) ، أَيْ : أَمْهِلْهُ وَأَخِّرْهُ .

وَالثَّانِي : إِعْطَاءُ الرَّجَاءِ .

أَمَّا إِطْلَاقُ اسْمِ الْمُرجِئَةِ عَلَى الْجَمَاعَةِ بِالْمَعْنَى الْأَوَّلِ فَصَحِيْحٌ ؛ لِأَنَّهُمْ كَانُوا يُؤَخِّرُونَ الْعَمَلَ عَنِ النِّيَّةِ وَالْعَقْدِ .

وَأَمَّا بِالْمَعْنَى الثَّانِي فَظَاهِرٌ ، فَإِنَّهُمْ كَانُوا يَقُولُونَ : لَا تَضُرَّ مَعَ الْإِيْمَانِ مَعْصِيَةٌ كَمَا لَا تَنْفَعُ مَعَ الْكُفْرِ طَاعَةٌ .

وَقِيْلَ : الْإِرْجَاءُ تَأْخِيْرُ حُكْمِ صَاحِبِ الْكَبِيْرَةِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، فَلَا يُقْضَى عَلَيْهِ بِحُكْمِ مَا فِي الدُّنْيَا مِنْ كَوْنِهِ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ أَوْ مِنْ أَهْلِ النَّارِ ... .

وَقِيْلَ : الْإِرْجَاءُ تَأْخِيْرُ عَلَيٍّ رضي الله عنه عَنِ الدَّرَجَةِ الْأُوْلَى إِلَى الرَّابِعَةِ)) [1] .

واتە : ووشەی (الإرجاء) دوو واتای هەیە :

یەکەمیان : بەواتای دواخستن ، هەروەکو لە ووتەی خوای پەروەردگاردا هاتووە : ﴿ قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ ﴾ ، واتە : مۆڵەتی بدە و دوای بخە .

دووەمیان : ئومێد و ڕەجا بۆ بوون .

سەبارەت بە ناونانی ئەو کۆمەڵەیە ـ واتە : مورجیئەکان ـ بە واتای یەکەم ڕاست و دروستە ، چونکە کردەوەیان دوادەخست لە نیەت ، و بیروباوەڕ .

---

[1] (الملل والنحل ، للشهرستاني : ١/ ١٣٩) .

بەڵام سەبارەت بە واتای دووەم ئاشکرایە کە ئەو کۆمەڵەیە دەیانووت : تاوان و سەرپێچی هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئیمان نیە ، هەروەکو چۆن گوێڕایەڵی و تاعەت سودی نابێت لەگەڵ کوفر و بێ باوەڕیدا .

وە ووتراوە : (الإرجاء) بریتیە لە دواخستنی حوکمی خاوەن تاوانە گەورەکان بۆ ڕۆژی دوایی ، بۆیە حوکمی بەسەردا نادرێت بە حوکمە دونیاییەکان ، وەك ئەوەی بووترێت ئەو کەسە لە ئەهلی بەهەشت دەبێت یان لە ئەهلی دۆزەخ ... .

وە ووتراویشە : (الإرجاء) بریتیە لە دواخستنی (علي) رضي الله عنه لە خەلافەتیدا ، لە پلەی یەکەم بۆ پلەی چوارەم .

کەواتە ناونانی هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە ـ واتە : بیروباوەڕی (الإرجاء) ـ هەر لەواتا زمانەوانیەکەوە هاتووە و وەرگیراوە [1] . جا پاش خستنە ڕووی واتای زمانەوانی ، با بزانین واتای زاراوەیی چیە ؟

مورجیئە لە زاراوەی زانایاندا :

گروپێکی لاڕێبوو و گومڕان لەمێژوودا سەریان هەڵداوە ، و لەبواری (باوەڕ ـ ئیمان) ـدا تێکەوتون ، و پێچەوانەی ئەهلی سوننە و جەماعە بوونەتەوە ، و دەڵێن : باوەڕ ـ ئیمان ـ بریتیە لە زانین (المعرفة) و بەڕاستدانانی دڵ (التصديق) ، یان : ئەو دووە لەگەڵ ووتەی زمانیشدا (قول اللسان) . کردەوەش (الأعمال) ـ لەلای ئەم گروپە ـ بەشێك نیە لەباوەڕ ، و خەڵکیش لەباوەڕدا ـ لەلای ئەم کۆمەڵەیە ـ هیچ جیاوازیەکیان نیە ، و باوەڕی خەڵکیش ـ بگرە خراپترینی خەڵك ـ وەکو باوەڕی فریشتەکان و پێغەمبەرانی خوان ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ ، و هیچ جیاوازیەکیانیش نیە ، و بۆچوونیان وایە کە باوەر نە زیاد دەکات و نەش کەم دەکات ، وە (إستثناء) یش لە باوەڕدا ناکرێت ـ واتە : نابێت باوەڕدار بڵێت : من باوەڕدارم

---

[1] هەروەکو (الإسفراييني) فەرموویەتی : ((وَإِنَّمَا سُمُّوا مُرْجِئَةً لِأَنَّهُمْ يُؤَخِّرُونَ الْعَمَلَ مِنَ الْإِيْمَانِ)) (التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن فرق الهالكين لأبي المظفر الاسفراييني ١/ ١٣) .

ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ !!! تاوانیش لە لایان هیچ زیانێکی بۆ باوەڕ نیە ، و ئەو کەسەی تەنها بە زمان باوەڕ بهێنێت ، ئەگەرچی هیچ کردەوەش نەکات بە کەسێکی باوەڕ تەواوی دەزانن !!!

پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێناسەی ئەم گروپە گومڕایە دەکات و دەفەرموێت : ((هم الذين يزعمون : أنَّ الإيمان مجرد النطق باللسان ، وأنَّ الناس لا يتفاضلون في الإيمان ، وأنَّ إيمانهم وإيمان الملائكة والأنبياء ـ صلوات اللَّه وسلامه عليهم ـ واحد ، وأنَّ الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وأنَّ الإيمان ليس فيه استثناء ، وأنَّ من آمن بلسانه ، ولم يعمل فهو مؤمن حقاً)) [1] ، واتە : مورجیئە ئەوانەن کە دەڵێن : ئیمان تەنها بریتیە لەووتنی زمان ، و خەڵکیش تیایدا جیاوازیان نیە و هەمان پلەیان هەیە ، وە ئیمانی ئەوان و ئیمانی فریشتەکانی خوای پەروەدگار و پێغەمبەرانی ـ صەلاَت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ یەکە ، ئیمانیش زیاد و کەم ناکات و کەمیش ناکات ، وە ناشبێت (استثناء) لە ئیماندا بکرێت ، وە ئەو کەسەش کە بەزمانی ئیمانی هێناوە ، و هیچ کردەوەیەکیش نەکات ئەوا ئیمانداریکی تەواوە .

وە (أبو المظفر الإسفراييني) لە پێناسەیاندا فەرموویەتی : ((وإنما سُمُّوا مُرجِئة لأنَّهم يؤخِّرونَ العَمَلَ مِن الإيمانِ ، على مَعنى أنَّهم يَقولونَ : لا تَضُرُّ المعصيةُ مَعَ الإيمانِ)) [2] ، واتە : وە ئەوانە پێیان ووتراوە (مُرجِئة) چونکە کردەوە لە ئیمان دوادەخەن ، بەو واتایەی کە دەڵێن : تاوان و سەرپێچی هیچ زیانێکی بۆ ئیمان نیە .

بەمەش ئاشکرا دەبێت کە : مورجیئە گروپ و تاقمێکی لاڕێن ، بۆچونێکی پوچەڵیان هەیە ، لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەهلی سوننە و جەماعە نین ، پێشین هاودەنگن لە سەر زەمکردن ، و لێئاگادارکردنەوەی موسڵمانان لێیان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەئایینی ئیسلام و میللەت دەرناکرێن ـ واتە : بە کافر دانانرێن ـ ، هەروەکو پێشەوا (أحمد) ـی

---

[1] (نقلاً عن : كشف الغمة في بيان المسائل التي اختلفت فيها فرق الأمة ، ص٧) .

[2] بڕوانە : (التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن فرق الهالكين ، للأسفراييني ١/ ١٣) .

کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئاشکرای کردووە و فەرموویەتی ، وە پێشەوا (ابن تيمية) یەش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای گێڕانەوەی ووتەکەی ئیقراری کردووە لە پەرتوکەکانیدا .

هەندێك لەزانایان مێژووی سەرهەڵدانیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵێ (٣٧) ـی کۆچی ، وە هەندێکی تر بۆ ساڵانی (٧٣ ـ ٨٣) ـی کۆچی [1] ، وە هەندێکی تریش بۆ ساڵی (١٢٨) ـی کۆچی ... و چەندەها ووتەی تریش ، ئەم جیاوازیەش لە بۆچوونەکاندا لەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەست بوون بەم گروپە ... بۆ نمونە : ئەوانەی کە ووتوویانە : ئیرجاو بریتیە لە ((تأخير أمر المتنازعين في الفتنة إلى يوم القيامة)) واتە : دواخستنی ئەمری ئەوانەی کە لە ئاشوبەکەدا بەرامبەر یەك بوونەوە بۆ ڕۆژی دوای ، دەڵێن : سەرەتای سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی (٣٧) ـی کۆچی ، و یەکەمین کەسێك کە ئەمەی ووتبێت : (الحسن بن محمد بن الحنفية) ـە .

وە ئەوانەش کە دەڵێن : مورجیئە لە مورجیئەی فوقەهاوە سەراوی گرتووە ، دەڵێن سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی دەسەڵاتی (عبداللَّه بن الزبير) ، و (عبدالملك بن مروان) کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٧٣) بۆ (٨٦) ـی کۆچی ، و یەکەمین کەسێك کە باسی لێوە کردبێت و ئەم بیدعەیەی داهێنابێت (ذر بن عبداللَّه الهمذاني) بووە کە یەکێکە لە شوێنکەوتوان (واتە : التابعين) کە لە ساڵی (٩٩) ـی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە ، یان ووتراوە کە داهێنەرەکەی (حماد بن أبي سليمان) ـە ، و ووتەی یەکەمیشیان ووتەی هەڵبژاردەیە ، چونکە یەکەمیان داهێنەرە و دووەمیان بە فراوانی لەسەری ڕۆشتووە .

وە مورجیئەی جەهمی کە غولاتیان پێ دەووترێت ، لەدوای ساڵانی (١٢٨) ـی کۆچیدا سەری هەڵداوە ... وە بەو شێوەیە هەتا دوای .

---

[1] وە قەتادە بۆ ئەوە دەڕوات کە : ((بیدعەی ئیرجا لە پاش شکستی « ابن الأشعث » سەریهەڵدا)) وە ، کە لە ساڵی (٨٣) ـی کۆچیدا بووە .

کەوابوو جیاوازی زانایان لە دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم گروپە گومڕایە ، دەگەڕێتەوە بۆ مەبەست بە بوون بەم گروپە ... وە دەووترێت کە لە شاری کوفەدا سەریان هەڵداوە ، و پاشان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە .

کەواتە لە ناودارترین سەرکردەکانی ئەم گروپە لەکۆندا :

یەکەم : (ذر بن عبداللَّه الـمرهبي) کە لە ساڵی (٩٩ ك) کۆچی کردووە .

دووەم : (حـمـاد بن أبـي سليمـان) کە لە ساڵی (١٢٠ ك) ـدا کۆچی کردووە .

سێیەم : (عمرو بن مرة الـمرادي) کە لە ساڵی (١١٦ ك) کۆچی کردووە بوون .

کۆمەڵ و گروپەکانی مورجیئە :

پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم گروپ و تاقمە گومڕایە دەکات بە سێ کۆمەڵەوە [1] :

یەکەم : جەهمیەکان (الْـجَهْمِيَّة) : غولاتی مورجیئەشیان پێ دەووترێت ، و دەڵێن : ئیمان تەنها بریتییە لە ناسین (الإیـمـان هو الـمعرفة فقط !!!) ، (الـجهم بن صفوان) کە لە ساڵی (١٢٨) ی کۆچیدا کوژراوە بە یەکەم کەس دەژمێردرێت کە ئەم بۆچوونەی هەبووبێت ، بە بۆچوونی ئەمانە شەیتان و فیرعونیش ئیمانداری تەواوە !!! بگرە لە ڕیزی فریشتە و پێغەمبەرانی خوادایە ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ !! بۆیە هەندێك لە زانایانی پێشین ئەم کۆمەڵەیەی مورجیئەیان بەکافر لە قەڵەمداوە .

دووەم : کەڕامیەکان (الْكَرَّامِيَّةُ) : بەشوێنکەوتەی (ابن الكرَّام) دەژمێردرێن و لە ساڵی (٢٥٥) ـی کۆچیدا مردووە ، ناوبراو بە یەکەم کەس دەژمێردرێت کە ئەم بۆچوونەی لێوە بیسترابێت ، و سەبارەت بە باوەڕ دەڵێن : ئیمان تەنها بریتییە لە ووتە و دانپێدانانی زمان (الإیمان هو قول اللسان فقط !!!) ، ئەم بۆچوونەش ئەوە دەگەیەنێت کە دووڕووانیش (الـمنافقون) بە ئیماندار بژمێردرێن !!!

سێیەم : فوقەهای مورجیئە (مُرْجِئَةُ الفُقَهاءِ) : ئەم کۆمەڵەیان ئەوانەن کە دەڵێن : ئیمان بریتییە لە تەنها ناسین و بەڕاستزانینی دڵ و ووتە و دانپێدانانی زمان ، و کردەوەش بە

---

[1] بڕوانە : (مجموع الفتاوى ، لابن تیمیة : ٧ / ١٩٥) .

وە بشزانە کە : هەندێك لە زانایان دابەشکردنی تری جیاوازیان هەیە لەم دابەشکردنە بۆ کۆمەڵەکانی مورجیئە ، بۆ ئەوەش بڕوانە : (التبصير في الدين ، للإسفراييني : ١/ ٩٧ ـ ٩٩ ، الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية ، لابن طاهر البغدادي : ١/ ١٩٠، الملل والنحل ، للشهرستاني ، ١٣٩) .

بەشێك لە ئیمـان نازانن !!! ، ئەم بۆچوونەش دەدرێتە پاڵ هەندێك لە شەرع زانان (فقهاء) وەك (حـمـاد بن أبـي سليمـان) و جگە لەویش .

ئەم سێ کۆمەڵەیەش سەرەڕای جیاوازیان لە ئاستی کەوتنە هەڵەوە ، هەموو بە لاڕێ و گومڕا دەژمێردرێن وبۆچوونەکانیان پێچەوانەی بۆچوونی ئەهلی سوننە وجەماعەیە لە پرس و باسەکانی باوەڕ وئیماندا .

خاڵی هاوەبەشی نێوان هەر سێ گروپەکەی مورجیئەش بریتییە لەوەی کە دەڵێن :

أ / کردەوە بەشێك نیە لەئیمان .

ب / ئیمان زیاد ناکات و کەمیش ناکات .

چەندەها خاڵی تریش کە ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ لە بەشەکانی تری ئەم نووسراوەدا ئاشکرا دەبن بە تایبەت لە بەشی (ئیمان و بنەواکانی لە لای مورجیئە) ـدا .

ئیمان و هەندێك لە بنەواكانی لە لای مورجیئە :

لە باسەكانی پێشودا و لە پێناسەی گروپی گومڕای مورجیئەدا باس لەوەكرا كە ئەم گروپە لە باوەڕ (الإيمان) تێكەوتوون ، و پێچەوانەی ئەهلی سوننە و جەماعە بوونەتەوە لە چەندها بنەوادا كە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

یەكەم : هەموو كۆمەڵەكانی ئەم گروپە لاڕێ وگومڕایە كۆڕان لەسەر ئەوەی كە : ((الْإِيْمَانُ شَيْءٌ وَاحِدٌ لَا يَتَجَزَّأُ)) [1]، واتە : ئیمان یەك شتە و بەش بەش نابێت !!!

---

[1] پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وأصل نزاع هذه الفرق في الإيمان من الخوارج والمرجئة والمعتزلة والجهمية وغيرهم ، أنهم جعلوا الإيمان شيئاً واحداً إذا زال بعضه زال جميعه ، وإذا ثبت بعضه ثبت جميعه فلم يقولوا بذهاب بعضه وبقاء بعضه ، كما قال النبي ﷺ : « يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ الْإِيْمَانِ » ـ ثم قال ـ وقالت المرجئة والجهمية : ليس الإيمان إلا شيئاً واحداً لا يتبعض ـ ثم قال ـ قالوا : لأنا إذا أدخلنا فيه الأعمال صارت جزءاً منه ، فإذا ذهب بعضه فيلزم إخراج ذي الكبيرة من الإيمان ...)) (٧ : ٥١٠ ـ ٥١١) .

یەكێك لەو نەزانانەی كە ئالای تۆمەتبارکردن و دژایەتی كردنی بەرامبەر بە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەرزكردووەتەوە و تێدەكۆشێت لەو پێناوە (سفر الحوالي) ـە ، لە ڕەشنووسی (ظاهرة الإرجاء) ـەكەیدا ، لە ڕەشنوسی ناوبراویدا و لە بەشی سێیەم و لە ژێر ناونیشانی (أصول مذاهب المرجئة نظريّاً) ـدا دەڵێت : ((إن منطلق الشبهات كلها في الإيمان ، وأساس ضلال الفرق جميعها هو أصل واحد اتفقت عليه الأطراف المتناقضة جميعها ، ثم تضاربت عقائدها المؤسسة عليه ؛ وذلك أن الخوارج والمعتزلة والمرجئة ـ الجهمية منهم والفقهاء والكرامية ـ اتفقوا على أصل واحد انطلقوا منه هو : أن الإيمان شيء واحد ...)) (ظاهرة الإرجاء ، للحوالي : ٢ / ٤٠١ ـ ٤٢١) .

ناوبراو یەكێكیشە لەو كەسانەی كە زۆر شەیدا و سەرسامی (سيد قطب) ـە ، كە بە توندی بەرگری لە ووتەكانی دەكات ، و ڕەخنە و توانج لەو كەسانە دەگرێت كە ڕەخنی لێ دەگرن و هەڵەكانی ئاشكرا دەكەن ، تاكو دەگاتە ئەوەی كە نەیارانی بە ئیرجا تاوانبار دەكات !!! بەڵام یەكێك لەو شتە نامۆیانەی (سفر

پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەوەی کە ووتنی ئەوەی کە ئیمان بەش بەش نابێت لە بیروباوەڕی مورجیئەی لاڕێ و گومڕایە ، فەرموویەتی : ((أحمد وأبو ثور وغيرهما من الأئمةِ قد عَرفوا أصلَ قولِ المرجئةِ ، وهو أنَّ الإيمانَ لا يَذهبُ بعضُهُ ويبقى بعضُهُ ، فَلا يَكونُ إلَّا شَيْئاً وَاحِداً ؛ فَلا يَكونُ ذا عَدَدٍ : اثنينِ أو ثلاثة ، فإنَّه إذا كان لَهُ عَدَدٌ أمكَنَ ذَهابُ بَعضِهِ وَبَقاءُ بَعضِهِ ، بَل لا يكونُ إلا شَيئاً واحِداً)) [1] ، واتە : پێشەوا (أحمد و أبو ثور) و جگە لەوانیش لە پێشەوایان ـ بە ڕەحمەت بن ـ بنەوای مورجیئەیان پێناسە کردووە بەوەی کە دەڵێن : ئیمان بەشێکی ناڕوات و بەشێکی بمێنێتەوە ، بۆیە جگە لەیەك شت هیچی تر نیە ، بۆیە نابێت چەند بەشێك بێت ، دوو یان سێ ، چونکە ئەگەر ژمارەی هەبێت ئەو کاتە دەتوانرێت بڕێکی نەمێت و بڕەکەی تری بمێنێت ، بەڵکو نابێت جگە لە یەك شت زیاتر بێت .

وە لە ووتەیەکی تریدا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای جێگیرکردن و سەلماندنی بۆچوونی ئەوەی کە ئیمان بەش بەش دەبێت ، پێچەوانەکەی ـ واتە : بەش بەش نەبوونی ـ بە ووتەی دەرچوان و نەیارانی ئەهلی سوننە لەقەرڵەم دەدات هەروەکو فەرموویەتی : ((فعُلِمَ أَنَّ الإيمانَ يَقبَلُ التبعيضَ والتجزئةَ ، وأنَّ قَليلهُ يُخرِجُ اللَّه بِهِ مِن النَّارِ مَن دَخلها ، لَيسَ هُوَ كَما يَقولُهُ

الحوالي) ئەوەیە کە ئەم ڕەشنوسکارە لە ڕەشنوسەکەیدا کە لە سەر ئیرجا نووسیویەتی ووتەی سەیدی سەروەری نەهێناوەتەوە کە دەڵێت : ((إِنَّ الْإِيْمَانَ وَحْدَةٌ لَا تَتَجَزَّأُ ...)) (الظلال : ٢/ ٧٩٨) !!! جا نازانم بۆ ؟!! خۆ دەیتوانی بەهەرحاڵ بیهێنایەتەوە و بڕوبیانوویەکی بۆ بهێنایەتەوە ، هەرچەند ڕەشنوسکار لە گەڵ پێشەوا ئەلبانی ئەوەی نەکردووە ، بەڵکو ووتەکانی پێشەوای بەئارەزووی خۆی ملباداوە تەنها بۆ ئەوەی لە گەڵ بۆچوونەکانی مورجیئەدا بیانگونجێنێت !!! کە واش نیە !!! ناشزانم بۆ دەبێت ئێمەی موسڵمان بە دوو پێوەر ووتەکان بپێوین ؟!! ئەی ووتەی خوای پەروەردگارمان بەرگوێ نەکەوتووە کە فەرموویەتی : ﴿ وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (المطففين : ١ ـ ٦) .

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٣٩٣) .

الـخارِجونَ عن مقالةِ أهلِ السنةِ ، أَنَّه لا يقبلُ التبعيضَ والتجزئةَ بل هو شَـيْءٌ واحدٌ)) [١] ، واتە : بەمەش زانرا کە ئیمان دەکرێت پارچە پارچە ببێت ، وە ئەوەش زانرا کە خوای پەروەردگار بە هۆی بڕێك ـ کەمێك یان هەندێك ـ لە ئیمانەوە خەڵکانێك لە دۆزەخ دێنێتەدەر ، نەك وەك ئەوەی کە دەرچوان و پێچەوانەبووان بە ووتەی ئەهلی سوننە دەیڵێن : کە ناکرێت بڕ و بڕ و پارچە پارچە ببێت ، بەڵکو یەك شتە .

دووەم : هەروەها لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵەکانی ئەم گروپە بۆچونیان وایە کە ((أَنَّ الْإِيْمَـانَ لَا يَزِيْدُ وَلَا يَنْقُصُ !)) ، واتە : ئیمان نە زیاددەکات ونەکەم دەکات !!! کە ئەمەش لەسەر ئەوە دامەزرێنراوە کە ((أَنَّ الْإِيْمَـانَ شَـيْءٌ وَاحِدٌ لَا يَتَجَزَّأُ)) ، واتە فەرعە لەخاڵی پێشوو .

پێشەوا (سفيان الثَّوري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەپێچەوانە بوونەوەکانی مورجیئە بۆ ئەهلی سوننە فەرموویەتی : ((خالفنا الـمرجئة في ثلاث ، نحن نقول : الإيمـان قول وعمل ، وهم يقولون : قول بلا عمل ، ونحن نقول : يزيد وينقص ، وهم يقولون : لا يزيد ولا ينقص ، ونحن نقول : أهل القبلة عندنا مؤمنون ، أما عند اللَّـه فاللَّـه أعلم ، وهم يقولون : نحن عند اللَّـه مؤمنون)) [٢] ، واتە : کۆمەڵی مورجیئە لە سێ شتدا پێچەوانەمان

---

[١] (مـجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١٢/ ٤٧٥ ـ ٤٧٦) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((وأصل نزاع هذه الفرق في الإيمـان من الـخوارج والـمرجئة والـمعتزلة والـجهمية وغيـرهم ، أنـهم جعلوا الإيمـان شيئاً واحداً إذا زال بعضه زال جميعه ، وإذا ثبـت بعضـه ثبـت جميعه فلم يقولوا بذهاب بعضه وبقاء بعضه ، كمـا قال النبي ﷺ : « يَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَـنْ كَـانَ فِـي قَلْبِـهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنَ الْإِيْمَـانِ » ـ ثم قال ـ وقالت الـمرجئة والـجهمية : ليس الإيمـان إلا شيئاً واحداً لا يتبعض ـ ثم قال ـ قالوا : لأنـا إذا أدخلنـا فيـه الأعمـال صـارت جـزءاً منـه ، فـإذا ذهـب بعضـه فيلـزم إخـراج ذي الكبيـرة من الإيمـان ...)) (٧ / ٥١٠ ـ ٥١١) .

[٢] (أخرجه البيهقي في كتاب الاعتقاد والـهداية إلـى سبيل الرشاد ، ص ١٢٠ ، ١٢١) .

بوونەتەوە ، ئێمە دەڵێین : ووتە و کردەوەیە ، بەڵام ئەوان دەڵێن : ووتەی بێ کردەوەیە ، وە ئێمە دەڵێین : زیاد و کەم دەکات ، بەڵام ئەوان دەڵێن : نەزیاد دەکات و نە کەمیش دەکات ، وە ئێمە دەڵێن : ئەهلی قیبلە لەلای ئێمە ئیمانداره ، بەڵام لەلای خوا خوای پەروەردگار زانایە پێی ، بەڵام ئەوان دەڵێن : ئێمە لەلای خوای پەرەردگار ئیمانداریین .

وە پێشەوا (ابن كثير) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە هاودەنگی کۆڕای ئەهلی سوونە لەسەر زیاد بوونی ئیمان کەمبوونەوەی فەرموویەتی : ((فالإيمان الشرعي المطلوب لا يكون إلا اعتقاداً وقولاً وعملاً ، هكذا ذهب إليه أكثر الأئمة ، بل قد حكاه الشافعي و أحمد بن حنبل و أبو عبيد و غير واحد إجماعاً : أن الإيمان قول وعمل ، يزيد وينقص)) [1] ، واتە : ئیمان لە زاراوەی شەرعدا کە داواکراوە ، نابێت جگە بە بیروباوەڕ و ووتە و کردەوە نەبێت ، ئەمە بۆچوونی زۆرینەی پێشەوایانە ، بەڵکو پێشەوا شافعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبو عوبەید و کەسانی تریش ئەوەیان وەکو کۆڕا گێڕاوەتەوە ، کە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات .

[1] (تفسير القرآن العظيم ، لابن كثير : ١/ ٤١ ، ٤٢) .

سێیەم : وە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕووکەش و ناخ و ناوەوە و دڵی مرۆڤدا ، دەڵێن : ((لَا ارْتِبَاطَ بَيْنَ الظَّاهِرِ وَالْبَاطِنِ)) واتە : هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان ڕووکەش و ناخ و ناوەوەی مرۆڤدا (کە دڵێتی) !!

ئەم بیروباوەڕەش وای لە مورجیئە کردووە بڕوایان وابێت کە ڕەنگە دڵێك هەبێت پڕبێت لە ئیمان ـ بە واتایەکی تر : ئیمانێکی تەواوی لەدڵدا هەبێت ـ بێ ئەوەی هیچ کردەوەیەك لە ڕووکەش و ئەندامەکانیدا دەرکەوێت !!!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم بیروباوەڕەیان فەرموویەتی :

((ظنُّهم أنَّ الإيمانَ الذي في القَلبِ يَكونُ تامّاً بِدونِ شيءٍ من الأعمالِ ، ولهذا يَجعَلونَ الأعمالَ ثَمَرةَ الإيمانِ وَمُقتضاهُ بِمَنزِلةِ السَّببِ مع المسبّبِ ، ولا يَجعَلونَها لازِمةً لهُ ، والتحقيقُ أنَّ إيمانَ القلبِ التَّامِّ يَستَلزِمُ العملَ الظاهرَ بِحَسَبِهِ لا مَحَالةَ ، وَيَمتَنِعُ أن يَقومَ بالقلبِ إيمانٌ تامٌّ بِدونِ عَمَلٍ ظاهرٍ)) [1] ، واتە : بەگومانی خۆیان ـ واتە : مورجیئەکان ـ وا دەزانن کە ڕەنگە ئەو ئیمانەی کە لەدڵدایە تەواو و کامڵ دەبێت بە بێ هیچ کردەوەیەك !!! لەبەر ئەمەیە کردەوە بە بەروبووم و خوازراوی ئیمانی دەزانن ، بەشێوەی (السَّبَب) ، و (الْمُسَبِّب) ، نەك بەپێویستی ئیمانی بزانن ، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینەوە ئەوە جێگیر دەکەن کە ئیمانی تەواوی دڵ بەپێی خۆی کردەوەی ڕووکەش پێویست دەکات ، هیچ گومان لەوەدا نیە ، و هەرگیزیش ناکرێت کە ئیمانێکی تەواو لەدڵدا هەبێت ، بە بێ کردەوەی ڕووکەش .

پێشەوا (ابن القيم) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم بنەوایە ـ پەیوەندی نێوان ڕووکەش و ناوەوەی مرۆڤ (کە دڵێتی) ـ لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو : ((قاعدةٌ : الإيمانُ لَهُ ظاهرٌ وباطنٌ ، وظاهرهُ قولُ اللِّسانِ وَعَمَلُ الجوارحِ ، وباطِنهُ تصديقُ القلبِ وانقيادُهُ ومحبَّتُهُ ، فلا يَنفَعُ ظاهرٌ لا باطِنَ لَهُ وإن حُقِنَ بِهِ الدِّماءُ وعُصِمَ بِهِ المالُ والذُّريَّةُ ، ولا يُجزىءُ باطنٌ لا ظاهِرَ لَهُ ؛ إلا إذا تَعَذَّرَ بِعَجزٍ أو إكراهٍ وَخَوفِ هَلاكٍ ، فَتَخَلُّفُ العملِ

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٢٠٤) .

ظاهراً مَعَ عَدَمِ المانعِ دَليلٌ على فَسادِ الباطنِ وخُلُوِّهِ من الإيمانِ ، وَنَقصُهُ دليلُ نَقصِهِ وقوَّتُهُ دليلُ قوَّتِهِ)) [١] ، واته : ڕێسا و بنەوایەك : ئیمان ڕووكەش و ناوەڕۆكی هەیە ، ڕووكەشەكەی ووتەی زمان و كردەوەی ئەندامەكان و ڕووكەشیەتی ، ناوەڕۆكیشی بەڕاستدانانی دڵ ، و ملكەچی ، و خۆشویستنیەتی ، ڕووكەشی بێ ناوەڕۆك هیچ سودێكی نیە ، ئەگەرچی خوێن و ماڵ زوڕیەتی خاوەنەكەی لەدونیادا بپارێزێت ، وە ناوەڕۆكی بێ ڕووكەشیش هیچ لەسەر خاوەنەكەی ناخات ، جگە لەوەی كە ئەگەر بە بیانووی نەتوانین ، و زۆرەملێ و ترسی لە ناوچوونی بۆ بهێنرێتەوە ، بەوەش كردەوەی ڕووكەشی نەبێت ، بەڵام لەگەڵ نەبوونی ڕێگر لەو كارە دەبێت بە بەڵگەی و نیشانەی پوچەڵی ناوەوەی ، و بەتاڵی لەئیمان ، وە كەم و كوڕیشی نیشانە و بەڵگەی كەم و كوڕیەتی ، و پتەویشی بەڵگەی پتەوی .

كەواتە ئەهلی سوننە بە پێچەوانەی مورجیئە باوەری وایە كە : ((فإذا كانَ القَلبُ صالحاً بما فيهِ من الإيمانِ عِلماً وَعَمَلاً قلبيّاً ، لَزِمَ ضَرورةً صَلاحُ الجسدِ بالقولِ الظاهرِ ، والعَملُ بالإيمانِ المطلقِ كما قالَ أئمَّةُ أهلِ الحديثِ : قولٌ وعملٌ ؛ قولٌ باطنٌ وظاهرٌ ، وَعَمَلٌ باطنٌ وظاهرٌ ، والظاهرُ تابعٌ للباطنِ لازمٌ لهُ مَتى صَلحَ الباطنُ صَلحَ الظاهرُ وإذا فَسَدَ فَسَدَ ، ولهذا قالَ مَن قالَ من الصَّحابةِ عن المُصلِّي العابِثِ : لو خَشَعَ قَلبُ هذا لخشَعَت جَوارِحُهُ)) [٢] ، واته : ئەگەر دڵ صاڵح و چاك بێت بەوەی كە تیایدایە لە ئیمان بەزانین و كردەوەی دڵەوە ، ئەوە دەخوازێت كە جەستەش چاك بێت بە ووتەی ئاشكرا و كردەوەكردن بەو ئیمانەی كە هەیەتی ، هەروەكو پێشەوایانی ئەهلی حەدیس فەرموویانە كە : ووتە و كردەوەیە ، ووتەی دەروون و ڕووكەش ، لەگەڵ كردەوەی دەروون وڕووكەش ، ڕووكەشیش شوێنكەوتەی دەروونە و خوازراویەتی ، چ كات ناوەڕۆك چاك و صاڵح بوو ڕووكەشیش چاك و صاڵح دەبێت ، وە ئەگەر خراپیش بوو ئەویش خراپ دەبێت ، بۆیە هەندێك لە هاوەڵان سەبارەت بە نوێژگەرێك فەرموویانە : ئەگەر دڵی خشوعی هەبێت ئەندامەكانیشی خشوعیان دەبێت .

---

[١] (الفوائد ، لابن القيم : ١/ ٨٥) .

[٢] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ١٨٧) .

چوارەم : لەبەر نەبوونی پەیوەندی لەنێوان ڕووکەش و دڵدا لەلای ئەم گروپە گومڕایە دەبینین بنەوایەکی تریان بۆ خۆیان داهێناوە کە ئەویش ئەویە : ((أَنَّ أَعْمَالَ الْجَوَارِحِ لَيْسَتْ مِنَ الْإِيْمَانِ !!!)) واتە : ئەو کردەوانەی کە بە ئەندامەکانی لەش ئەنجام دەدرێن ـ لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و ... هتد ـ بەشێك نین لەئیمان !!!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم بیروباوەڕەی مورجیئە ئاشکرا دەکات کە فەرموویەتی : ((والمرجئةُ الذينَ قالوا : الإيمانُ تَصديقُ القلبِ ، و قَولُ اللِّسانِ ، و الأعمالُ لَيسَت مِنهُ)) [1] ، واتە : مورجیئە ئەوانەن کە ووتوویانە : ئیمان تەنها بەڕاست دانانی دڵ و ووتەی زمانە ، و کردەوەش لە ئیمان نیە .

وە لە ووتەیەکی پێشووی پێشەوا (سفيان الثوري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوە خرایەڕوو کە مورجیئە کردەوە لەئیمان دەردەکەن و بە بەشێکی نازانن لەئیمان ، کە فەرمووی : ((نَحْنُ نَقُولُ : الْإِيْمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، وَهُمْ يَقُولُونَ : قَوْلٌ بِلَا عَمَل ...)) واتە : ئێمە دەڵێین : ئیمان ووتە و کردارە ، بەڵام ئەوان ـ واتە : مورجیئەکان ـ دەڵێن : ووتەی بێ کردەوەیە .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ١٩٤) . وَقَد بيَّن الحافِظ ابن حَجر ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ مَذهبَ المرجئةِ في الإيمانِ بقولِهِ : ((والمرجئة قالوا : هوَ اعتقادٌ ونطقٌ فقط)) (فتح الباري : ١/ ٤٦) .

قال ابن رجب ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وقد كان طائفة من المرجئة يقولون : الإيمان قول وعمل ، موافقة لأهل السنة ، ثم يفسرون العمل بالقول ، ويقولون : هو عمل اللسان . وقد ذكر الإمام أحمد هذا القول عن شبابة بن سوار وأنكره عليه ، وقال : هو أخبث قول ، ما سمعت أن أحداً قال به ولا بلغني ـ يعني : أنه بدعةٌ ، لم يقله أحد ممن سلف ـ لعل مراده إنكار تفسير قول أهل السنة « الإيمان قول وعمل » بهذا التفسير فإنه : بدعة ، وفيه عِيٌّ وتكريرٌ ؛ إذ العمل على هذا هو القول بعينه ، ولا يكون مراده إنكار أن القول يسمى عملاً)) (فتح الباري : ١ / ١١٣ ـ ١١٤) .

وە پێشەوا (وَكِيْع) یش فەرموویەتی : ((أَهْلُ السُّنَّةِ يَقُولُونَ : الْإِيْمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، وَالْمُرْجِئَةُ يَقُولُونَ : إِنَّ الْإِيْمَانَ قَوْلٌ بِلَا عَمَل ، وَالْجَهْمِيَّةُ يَقُولُونَ : إِنَّ الْإِيْمَانَ الْمَعْرِفَةُ)) [١] ، واتە : ئەهلی سوننە دەڵێن : ئیمان ووتە و کردارە ، بەڵام مورجیئەکان دەڵێن : ئیمان ووتەی بێ کردەوەیە ، و جەهمیەکان دەڵێن : ئیمان تەنها زانینە .

هەروەها پێشەوا (ابن تيمية) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە ئاکامی بوونی ئەم بیروباوەڕە فەرموویەتی : ((والمرجئة أخرجوا العمل الظاهر عن الإيمان ـ ثم قال ـ والسلف اشتد نكيرهم على المرجئة لما أخرجوا العمل من الإيمان ، وقالوا : إن الإيمان يتماثل الناس فيه)) [٢] ، واتە : مورجیئەکان کردەوەی ڕووکەش و ئەندامەکان لەئیمان دەردەکەن ـ پاشان دەڵێت ـ : پێشین و سەلەفی صالحیش ئەوەیان بەتوندی لە مورجیئە ڕەتکردووەتەوە ، کە کردەوەیان لەئیمان دەرکردووە ، وە دەیانووت ـ واتە : مورجیئەکان ـ : هەموو خەڵك یەکسانن و پلەیان یەکە تیایدا .

ئەم ووتەیەش ـ ئەوەی کە کردەوەی ئەندامەکانی لەش بەشێك نین لەئیمان ـ ووتەی هەموو کۆمەڵەکانی مورجیئەیە و هەموو کۆڕان لەسەر ئەم بنەوایە ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ظنهم ـ أي المرجئة ـ أن الإيمان الذي في القلب يكون

---

[١] (أخرجه البيهقي في كتاب الاعتقاد والهداية إلى سبيل الرشاد ، ص ١٢٠ ، ١٢١ ، والعدني في كتاب الإيمان ، برقم : ٢٩) .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وكان من مضى من سلفنا ؛ لا يفرقون بين الإيمان والعمل ، والعمل من الإيمان ، والإيمان من العمل ، وإنما الإيمان اسم يجمع كما يجمع هذه الأديان اسمها ، ويصدقه العمل ؛ فمن آمن بلسانه ، وعرف بقلبه ، وصدق بعمله ؛ فتلك العروة الوثقى التي لا انفصام لها ، ومن قال بلسانه ، ولم يعرف بقلبه ، ولم يصدق بعمله ؛ كان في الآخرة من الخاسرين ، وهذا معروف عن غير واحد من السلف والخلف ؛ وأنهم يجعلون العمل مصدقاً للقول)) (الإيمان لابن تيمية : ص ٢٨٠) .

[٢] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٥٥٤ ـ ٥٥٥) .

تاماً بدون العمل الظاهر ، وهذا يقول به جميع المرجئة)) [١] ، واته : به گومانی خۆیان ـ واته : مورجیئەکان ـ وادەزانن که ئەو ئیمانەی که لەدڵدایە تەواو و کامڵ دەبێت بە بێ هیچ کردەوەیەك !!! وە ئەمەش ووتەی هەموو مورجیئەکانە .

پێنجەم : کەواتە ئەگەر کردەوە بەشێك نەبێت لە ئیمان و باوەڕ لە لای ئەم گروپە ، وهیچ پەیوەندیەکیش لە نێوان ڕووکەش و دڵ و دەروونداا نەبێت لەلایان ، دێن ودەڵێن : ((مَعْصِيَةُ اللَّهِ بِالْجَوَارِحِ لَا تُكَدِّرُ صَفْوَ الْإِيْمَانِ)) ، واته : سەرپێچی خوای پەروەردگار وتاوانکردن بە ئەندامەکانی لەش هیچ گاریگەریەکی لەسەر ئیمان وباوەڕ نابێت !!! ، و نابێتە هۆی کەمکردنەوە و بردنی هیچ بەشێکی !!!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم بنەوایەیان فەرموویەتی : ((وقالت المرجئة على اختلاف فرقهم : لا تذهب الكبائر ، وترك الواجبات الظاهرة شيئاً من الإيمان ، إذ لو ذهب شيء منه ، لم يبق منه شيء ، فيكون شيئاً واحداً ، يستوي فيه البر والفاجر !! ونصوص رسول اللّه ﷺ ، وأصحابه تدل على ذهاب بعضه ، وبقاء بعضه كقوله : « يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنَ إِيْمَان »)) [٢] ، واته : مورجیئە مەزهەبەکان لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵەکانیان : تاوانە گەورەکان و وازهێنان لە واجبات و پێویستەکانی ڕووکەش هیچ کاریگەریەکیان لە ئیمان نیە و هیچی لێ کەم ناکەنەوە !!! چونکە ئەگەر بەشێکی بڕوات ، هیچی لێ نامێنێتەوە ، بەوەش یەك شت دەبێت و چاکەکار و خراپەکار تێیدا یەکسان دەبن ، کەچی دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و ووتەی هاوەڵانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەکرێت هەندێك بڕوات و هەندەکەی تری بمێنێتەوە ، وەك ئەوەی کە فەرموویەتی : ئەو کەسەی کە تۆسقاڵە زەرەیەك ئیمانی لەدڵدا بێت لەئاگری دۆزەخ دەردەچێت .

---

[١] (مجموع الفتاوى لابن تيمية : ٧ / ٣٦٤) .

[٢] (مجموع الفتاوى لابن تيمية : ٧ / ٢٢٣) .

هەر ئەم پێشەوایە سەبارەت بەئاشکراکردنی بیروباوەڕی مورجیئە لەم باس و پرسدا فەرموویەتی : ((وهم في بابِ الأسماءِ والأحكامِ والوعدِ الوعيدِ : وَسَطٌ بين الوعيديَّةِ الذين يَجعلونَ أهلَ الكبائِرِ من المسلمينَ مُخلَّدينَ في النَّار ويُخرِجونهم مِن الإيمانِ بالكليَّةِ ، وَيُكَذِّبونَ بِشفاعةِ النبيِّ ﷺ ، وبينَ المرجئةِ الذين يَقولونَ : إيمانُ الفُسَّاقِ مِثلُ إيمانِ الأنبياءِ)) [1] ، واتە : ئەهلی سوننە و جەماعە میانڕەوون لە پرس و باسی ناو و ئەحکامەکانی مژدە بەچاکەکاران و پەیمانی سزادانی تاوانباران : لەنێوان وەعیدیەیەکان کە حوکم دەدەن بە سەر کەسانی خاوەن تاوانی گەورە لەموسڵمانان کە بە هەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخ دەمێننەوە ، و بە تەواوی لەئیمان دەریان دەکەنە دەرەوە ـ واتە : بەکافریان دەزانن ـ باوەڕیشیان بە شەفاعەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نیە ، و مورجیئەدا کە دەڵێن : ئیمانی فاسق و تاوانباران وەکو ئیمانی پێغەمبەرانە ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ .

وە لە ڕوونکردنەوەی مەنهەجی سەلەف لە ئیماندا بەگشتی و ئەم باسە بەتایبەتی فەرموویەتی : ((ومِن أُصُولِ أهلِ السُّنة : أنَّ الدِّينَ والأيمانَ قَولٌ وَعَمَلٌ ، قَولُ القلبِ واللِّسانِ ، وَعَملُ القلبِ واللِّسانِ والجوارحِ ، وأنَّ الإيمانَ يَزيدُ بالطَّاعةِ وَيَنقُصُ بالمعصيةِ ، وَهم مَعَ ذلكَ لا يُكفِّرونَ أهلَ القِبلةِ بمُطلَقِ المعاصي والكبائرِ كما يَفعَلُهُ الخوارجُ ، بل الأخوَّةُ الإيمانيَّةُ ثابِتَةٌ مع المعاصي كَما قالَ ـ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ـ في آيةِ القَصاصِ : ﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ (البقرة : ١٧٨) ، وقال : ﴿ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ (الحجرات : ٩ ـ ١٠) ، ولا يسلبونَ الفاسِقَ المِلِّيَّ اسم الإيمانِ بالكليَّةِ ، ولا يخلِّدونهُ في النارِ كما تقولُهُ المعتزِلةُ ، بل الفاسِقُ يدخلُ في اسم الإيمانِ في مثلِ قولهِ ـ تَعَالَى ـ : ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ (النساء : ٩٢) ، وقد لا يدخلُ في اسم الإيمانِ المطلقِ كما في قولِهِ ـ تَعَالَى ـ

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ٣٧٤) .

: ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا ﴾ (الأنفال : ٢) ، وَقولهُ ﷺ : « لَا يَزْنِي الزَّانِي حِيْنَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِيْنَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِيْنَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا يَنْتَهِبُ نَهْبَةً ذَاتَ شَرَفٍ يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيْهَا أَبْصَارَهُمْ حِيْنَ يَنْتَهِبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ » ، ويقولونَ : هو مؤمنٌ ناقصُ الإيمانِ ، أو مؤمنٌ بإيمانِهِ فاسِقٌ بكبيرتِهِ ، فلا يُعطى الاسمَ المطلقَ ولا يُسلَبُ مطلقَ الاسمِ)) [1] ، واتە : وە یەکێك لە بنەواکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە : کە ئایین و ئیمان ووتە و کردەوەیە ، ووتەی دڵ و ووتەی زمان ، کردەوەی دڵ و زمان و ئەندامەکان ، وە ئیمان بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات ، و بە سەرپێچیش کەم دەکات ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەهلی سوننە موسڵمانانی ئەهلی قیبلە و ڕووگە تەکفیر ناکەن بە تاوانی ڕەها ، و تاوانە گەورەکان ، هەروەکو خەواریجەکان ئەنجامی دەدەن ، بەڵکو لەلای ئەهلی سوننە لەگەڵ ئەو تاوانانەش برایەتی لە سەر بنەوای ئیمان هەر دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەو تاوانانەش ، هەروەکو خوای پەروەردگار لەئایەتەکانی سنور و سزاکان (القصاص) ـدا فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ، وە ناوی تەواوی ئیمان بەگشتی لەتاوانباران و فاسقانی ئەم ئومەتە ناکەنەوە ، و ناشڵێن بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێننەوە ، هەروەکو موعتەزیلە مەزهەبەکان دەیڵێن ، بەڵکو کەسانی تاوانبار و فاسق ناوی ئیمان دەیانگرێتەوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ ، وە لەوانەش نەڕواتە ژێر ناوی ئیمانی ڕەهاوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا ﴾ ، وە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : زیناکار لەکاتی زیناکردنەکەیدا ئیمانی تێدا نامێنێت ، دزیش کاتێك کە دزیەکەی دەکات ئیمانی تێدا

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ١٥١ ـ ١٥٢) .

نامێنێت ، مەیخۆریش کاتی مەیخواردنەوەکەی ئیمانی تێدا نامێنێت ، وە شتێکی گرانبەهاش ـ کە خەڵك بەگەورەی دەزانن و جێی تێڕوانینیانە ـ نادزێت ونابات لەدەستکەوتەکانی جەنگ ـ واتە : غەنیمە ـ ئەوا کاتێك دەیدزێت و دەیبات ئیمانی تێدا نامێنێت . وە دەڵێن ـ واتە : ئەهلی سوننە و جەماعە ـ : ئەو جۆرە کەسە ئیمانداریکی ئیمان ناتەواوە ، یان ئیماندارە بە ئیمانەکەی ، و تاوانبار و فاسقیشە بەو تاوانە گەورەیەی کە ئەنجامیداوە ، واتە ناوی ڕەهای ئیمانی نادرێتێ ، و ڕەها و موتلەقی ئیمانی لـێ ناسنرێتەوە .

هەروەرها فەرموویەتی : ((وَمَذهَبُ أهلِ السُّنةِ والـجماعةِ أنَّ فُسَّاق أهلِ الـملَّةِ ليسوا مـخلَّدين فـي النَّارِ كمـا قالتِ الـخوارجُ والـمعتزلةُ ، وليسوا كامِلينَ فـي الدِّين والإيمـانِ والطاعةِ [١] ، بل لـهم حَسناتٌ وسيئاتٌ ، يَستَحِقُّونَ بِـهذا العِقابَ وبِـهذا الثَّوابَ)) [٢] ،

واتە : وە بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعە ئەوەیە کە : تاوانباران و فاسیقانی ئەم ئوممەتە بە هەتاهەتایی لەئاگری دۆزەخدا نامێننەوە ، هەروەکو خەواریج و موعتەزیلەکان ووتوویانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی تەواو و کامڵ نین لە ئایین و ئیمان و گوێڕایەڵیدا ، بەڵکو چاکە و خراپەشیان هەیە ، بەوەیان شایستەی سزان ، و بەوەشیان شایستەی پاداشتن .

---

[١] هەروەکو مورجیئە ووتوویانە .

[٢] (مـجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦٧٩) .

شەشەم : هەر بە متمانەکردن لەسەر ئەو دوو بنەوایەی پێشوو جارێکی تر کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەترەوە کە دەڵێن : ((لَا كُفْرَ يَقْعُ بِالْجَوَارِحِ !!!)) ، واتە : بە ئەندامەکانی لەش کوفر ئەنجام نادرێت !!!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەرچاوەی ئەم گومانە لەلای بێژەرانی باس دەکات و دەفەرموێت : ((ومنشأ هذه الشبهة التي أوجبت هذا الوهم من المتكلمين أو من حذا حذوهم من الفقهاء أنهم رأوا أن الإيمان هو تصديق الرسول ﷺ فيما أخبر به ، و رأوا أن اعتقاد صدقه لا ينافي السب والشتم بالذات ، كما أن اعتقاد إيجاب طاعته لا ينافي معصيته ، فإن الإنسان قد يهين من يعتقد وجوب إكرامه ، كما يترك ما يعتقد وجوب فعله ، ويفعل ما يعتقد وجوب تركه .

ثم رأوا أن الأمة قد كفرت الساب فقالوا إنما كفر لأن سبه دليل على أنه لم يعتقد أنه حرام ، واعتقاد حله تكذيب للرسول ، فكفر بهذا التكذيب لا بتلك الإهانة ، وإنما الإهانة دليل على التكذيب ، فإذا فرض أنه في نفس الأمر ليس بمكذب كان في نفس الأمر مؤمناً ، وإن كان حكم الظاهر إنما يجري عليه بما أظهره ، فهذا مأخذ المرجئة ومعتضديهم ، وهم الذين يقولون : الإيمان هو الاعتقاد والقول وغلاتهم وهم الكرامية الذين يقولون هو مجرد القول وإن عري عن الاعتقاد .

وأما الجهمية الذين يقولون : هو مجرد المعرفة والتصديق بالقلب فقط وإن لم يتكلم بلسانه ، فلهم مأخذ آخر ، وهو أنه قد يقول بلسانه ما ليس في قلبه ، فإذا كان في قلبه التعظيم والتوقير للرسول لم يقدح إظهار خلاف ذلك بلسانه في الباطن كما لا ينفع المنافق إظهار خلاف ما في قلبه في الباطن)) [1] .

---

[1] (الصارم المسلول : ٣ : ٩٦٥ ـ ٩٦٦) ... پاشان دوابەدوای خستنەڕووی ئەم گومانە پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەچەند خاڵێکدا هەستاوە بە بەرپەرچدانەوەی ئەم گومانەی مورجیئە وپوچەڵکردنەوەی .

واتە : سەرچاوەی ئەم گومانەی کە ئەو وەهمەی لەلای موتەکەلمین یان ئەوانەی کە هەمان ڕێگەی ئەوانیان گرتووەتە بەر لەشەرعزانان دروستکردووە ، ئەوەیە کە دید و بۆچوونیان وابووە کە ئیمان بریتی بێت لەبەڕاست دانانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، لەوەی کە هەواڵی پێداوین ، وە واشیان بینیوە کە بیروباوەڕی بە ڕاست دانانی خوازیاری ئەوە نیە کە نابێت جنێو و سوکاتی بە خودی بکات !!! هەروەکو چۆن بوونی بیروباوەری پێویستی گوێڕایەڵی کردنی خوازیاری ئەوە نیە کە نابێت سەرپێچی بکات !!! چونکە مرۆڤ جاری وا هەیە سوکایەتی و ئیهانەی کەسێك دەکات کە باوەڕی وایە کە پێویستە ڕێزی لێبگرێت ، هەروەکو واز لەشتێلێك دەهێنێت سەرەڕای ئەوەی کە بیروباوەڕی پێویستی ئەنجامدانیەتی ، یان شتێك دەکات کە بیروباوەڕی وایە پێویستە وازی لێبێنێت .

پاشان وایان بینیوە کە ئومەت ئەو کەسەیان بە کافر داناوە کە جنێو و سوکایەتی بە خوای پەروەردگار وپێغەمبەر ﷺ وئایینەکەی دەکات ، لەبەر ئەوەیە جنێودان و سوکایەتیکردنەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە بەحەرام نازانێت ، بیروباوەڕی حەڵاڵێتی ئەو کارەش بەدرۆدانە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، بەم بیروباوەڕەی کافر دەبێت نەك بەخودی سوکایەتی و جنێودانەکە ، بەڵکو سوکایەتی و جنێودان بەڵگەیە لەسەر بەدرۆدانان [1] ، جا ئەگەر ئەوەدانرا کە لەو کردەوەیدا بەدرۆدانەر نیە ، ئەوا لەگەڵ جنێو و سوکایەتیەکەشی کەسێکی ئیماندارە !!! ئەگەرچی حوکمی بەسەردا دەدرێت لەسەر ئەوەی کە لێی ئاشکرا دەبێت ، و دەبینرێت !!! ئەمەیە ئەوەی کە مورجیئە و پشتوانانیان پشتی پێ دەبەستن . هەر ئەوانیشن کە دەڵێن : ئیمان بریتیە لە

---

[1] پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە جنێودەر بە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ((أَمَّا هَلْ يَخْرُجُ مِنْ مِلَّةِ الْإِسْلَامِ مَنْ يَسُبُّ الذَّاتَ الْإِلَهِيَّةِ ، هَذَا بِلَا شَك مَا يَحْتَاجُ إِلَى سُؤَال فَضْلاً عَنْ جَوَاب ؛ لِأَنَّهُ هُوَ الْكُفْرُ الَّذِي ذَرَّ قَرْنُهُ ...)) (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول ، الشريط رقم : ٧٤٣) ، واتە : ئەما سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو کەسەی کە جنێو بە زات و خودی پەروەردگار دەدات لە ئومەتی ئیسلام دەردەچێت ، ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، و پێویست بە پرسیار ناکات چ جای پێویست بە وەڵام بکات !!! چونکە ئەوە کوفرێکە شاخی لێدەرکەوتووە ـ یان کۆفرێکی شاخدارە ـ .

وە فەرموویەتی : ((إِنَّ الْإِنْسَانَ إِذَا آمَنَ بِشَيْءٍ عَلَى حَقِيْقَتِهِ يَسْتَحِيْلُ أَنْ يَسُبَّهُ)) (سلسلة الهدى والنور : الوجه الثاني ، الشريط رقم : ٢٩٧) ، واتە : ئەگەر مرۆڤ ئیمانی بەشتێت هێنابێت لەسەر حەقیقەتەکەی ئەوا موستەحیلە جنێوی پێبدات .

بیروباوەڕ و ووتە !!! غولات و زیادڕەویکارانیان ـ کە کەڕامیەکانە ـ دەڵێن : تەنها ووتەیە ئەگەر بیروباوەڕیشی لەگەڵدا نەبێت !!!

بەڵام جەهمیەکانیان ئەوانەی کە دەڵێن : تەنها بریتیە لەزانین و بەڕاست دانانی دڵ ، ئەگەر بە زمانیش دەری نەبڕێت !!! بۆچوونێکی تریان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن : ڕەنگە بە زمان شتێك بڵێت بێ ئەوەی لەدڵیدا بێت ، جا ئەگەر لەدڵیدا بەگەورەدانان و ڕێزلێگرتنی هەبێت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوا هیچ زیانێکی نیە ئەوەی کە بەزمان دەریدەبڕێت ئەگەرچی پێچەوانەی ئەوەش بێت !!! هەروەکو چۆن دووڕوان سود وەرناگرن لەوەی کە پێچەوانەی ئەوە دەردەبڕن کە لە ناخ و دڵیاندایە .

دوو نێبینی :

١ ـ موجیئە مەزهەبەکان جنێودان و سوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ و ئایین ، بەوە وەسف ناکەن کە کردەوەی کوفری بن ، ئەوان دەڵێن : ((لَيْسَ كُفْراً ، وَلَكِنَّهُ دَالٌّ عَلَى الْكُفْرِ ، أَوْ عَلَامَةٌ عَلَيْهِ)) ، واتە : ئەو جنێو و سوکایەتیە خۆی بۆ خۆی کوفر نیە ، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر کوفر ، یان بەڵگە و نیشانەیە لەسەری .

بەڵام ئەهلی سوننە دەڵێن : ((أَنَّ السَّبَّ كُفْرٌ فِي ذَاتِهِ ، وَهُوَ مُسْتَلْزِمٌ لِكُفْرِ الْبَاطِنِ ، وَ دَلِيْلٌ عَلَى كُفْرِ الْبَاطِنِ)) ، واتە : جنێودان وسوکایەتیکردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ و ئایین ، خۆی لەخۆیدا کوفرە ، وکوفری ناودڵیش پێویست دەکات ، و بەڵگەشە لەسەر کوفری ناو دڵ ، بۆیە ئەم کوفرە لەڕوکەشدا ڕووناداتئیللا کوفری ناو دڵ پێویست دەکات ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەپەرتوك و نوسینەکانیدا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە .

پێشەوا (الحافظ الحكمي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە چەند جۆرێك لە کوفر کە بە کردەوە ڕوودەدەن ، فەرموویەتی : ((اعْلَمْ أَنَّ هَذِهِ الْأَرْبَعَة لَيْسَتْ مِنَ الْكُفْرِ الْعَمَلِيِّ إِلَّا مِنْ جِهَةِ كَوْنِهَا وَاقِعَةٌ بِعَمَلِ الْجَوَارِحِ فِيْمَا يَظْهَرُ لِلنَّاسِ ، فَهِيَ وَإِنْ كَانَتْ عَمَلِيَّةً فِي الظَّاهِرِ ، فَإِنَّهَا مُسْتَلْزِمَةٌ لِلْكُفْرِ الاعْتِقَادِيِّ وَلَا بُدَّ)) [1] ، واتە : بزانە کە ئەم چوارە تەنها لەو ڕووەوە بەکوفری

---

[1] (أعلام السنة المنشورة ، للحكمي : ص ١٨١) .

عەمەلی دادەنرێن کە بە کردەوەی ئەندامەکان لەش ئەنجام دەدرێن ، هەر وەکو بۆ خەڵك دەردەکەون ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووکەشدا بە کردەوە ڕوو دەدەن ، بێگومان ئەوە دەخوازن کە کوفری بیروباوەڕیش بن .

٢ ـ ئەو بۆچوونەی کە لەسەر موجیئە ئینکار دەکرێت : ئەوەیە کە ئەو جۆرە کوفرانە بە کوفر نازانن کە بە تەواوی پێچەوانەن لەگەڵ ئیمان و باوەڕدا ، یان جگە لەکوفر هیچی تر هەڵناگرێت ، وەکو جنێودان و سوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ و ئایین ، هاوشێوەکانی ، نەك هەموو ئەو تاوانانەی کە بە کوفر لەقورئان و سوننەتدا ناوهێنراون ـ کردەوە بن یان گوفتار ـ ، وەکو : کوشتنی موسڵمان و داوێن پیسی و دزی و ... هتد ، چونکە ئەم کردەوانە بەکوفر دانانرێن تاکو بەحەڵاڵ دانانی دڵی (الاستحلال) ـی لەگەڵدا نەبێت ، چونکە ئەو کردار و گوفتارانە خۆیان لەخۆیاندا کوفر نین .

حەوتەم : وە لەلای ئەم گروپە لاڕێبووە ((لَا يَصُحُّ الاسْتِثْنَاءُ فِي الْإِيْمَانِ)) واتە : دروست نیە باوەڕدار بڵێت : ((أَنَا مُؤْمِنٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ)) واتە : من باوەڕدارم ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، بەڵکوە هەندێکیان بە کوفر و پاشگەزبوونەوەیان داناوە لەئایینی ئیسلام .

سەبارەت بەم بنەوایە پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فالذين يحرمونه ـ أي الاستثناء في الإيمان ، وهو قول : أنا مؤمن ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ هم المرجئة والجهمية ونحوهم ممن يجعل الإيمان شيئاً واحداً ، يعلمه الإنسان من نفسه ، كالتصديق بالرب ونحو ذلك مما في قلبه ، فيقول أحدهم : أنا أعلم أني مؤمن ، كما أعلم أني تكلمت بالشهادتين ، وقرأت الفاتحة ... ونحو ذلك من الأمور الحاضرة التي أنا أعلمها وأقطع بها ، وكما أنه لا يجوز أن يقال : أنا قرأت الفاتحة ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، كذلك لا يقول : أنا مؤمن ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ، لكن إذا كان يشك في ذلك فيقول : فعلته ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ . قالوا : فمن استثنى في إيمانه فهو شاك فيه وسموهم الشكاكة)) [1] .

واتە : ئەوانەی کە بەحەرامی دەزانن ـ واتە : هەڵاوێردن لەئیماندا ، ئەوەش بەوەی کە بووترێت : من ئیماندارم ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر هەبێت ـ ئەوانە مورجیئە وجەهمیە وهاوشێوەکانیانن لەوانەی کە ئیمان بەیەك شت دەزانن ، مرۆڤ خۆی لەخۆیدا دەیزانێت ، وەکو بەڕاستدانان بەرامبەر بەخوای پەروەردگار و هاوشێوەی ئەوەش کە لەدڵیدایە ، بۆیە یەکێك لەوان دەڵێت : من دەزانم کە ئیماندارم ، هەروەکو چۆن دەزانم کە شایەتومانم هێناوە ، و قورئان دەخوێنم ، هاوشێوەکانی ئەو کارانەی کە دەیزانم و دڵنیام لەئەنجامدانی ، بۆیە هەروەکو نابێت بڵێت : سورەتی فاتیحەم خوێندووەتەوە ـ ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ هەروەها نابێت بڵێت : من ئیماندارم ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ، بەڵام ئەگەر گومانی لەوەدا هەبێت ئەوا دەڵێت : ئەنجامم داوە ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت . بۆیە دەڵێن :

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٤٢٩) .

ئەو کەسەی هەڵاوێردن لەئیمانەکەیدا بکات ، ئەوە گومانی لەئیمانەکەیدا هەیە ، بۆیە بەوانە دەڵێن : گوماندارەکان (یان : گوماناویەکان) .

وە لە پۆلێنکردنی بۆچوونەکان ـ لەم پرس و باسەدا ـ و هەڵبژاردنی ووتەی درووست لە بۆچوونەکاندا فەرموویەتی : ((وَصارَ الناسُ في الاستثناءِ على ثَلاثَةِ أقوالٍ :

قَولٌ : أنَّهُ يَجِبُ الاستثناءُ وَمَن لم يَستَثنِ كانَ مُبتَدِعاً .

وَقَولٌ : أنَّ الاستثناءَ مَحظورٌ فانَّهُ يَقتَضِي الشكَّ في الإيمانِ .

والقولُ الثالِثُ أوسطُها وأعدَلُها : أنَّه يَجوزُ الاستثناءُ باعتبارٍ وَتركُهُ باعتبارٍ ، فإذا كان مَقصودُهُ أني لا أعلَمُ أني قائِمٌ بِكلِّ ما أوجبَ اللَّه عليَّ وأنَّه يقبلُ أعمالي لَيسَ مقصودهُ الشكُّ فيما في قَلبِهِ فهذا استثناؤهُ حَسَنٌ ، وَقَصدُهُ أن لا يزكِّي نَفسهُ وأن لا يَقطَع بأنَّهُ عَملَ عَملاً كما أُمِرَ فقُبِلَ مِنهُ ، والذنوبُ كَثيرةٌ والنِّفاقُ مَخُوفٌ على عامَّةِ النَّاسِ [1] ، قال ابنُ

---

[1] پێشین بە دروستیان زانیوە کە باوەڕدار بڵێت : ((أَنَا مُؤْمِنٌ ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ)) واتە : من باوەڕدارم ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، لەبەرچەند هۆیەك :

یەکەم : **بالنظر إلى تقبل الأعمال ، فليس كل من عمل العمل تقبل منه** ، قال أحمد : ((كان سليمان بن حرب حمل هذا على التقبل ، يقول : نحن نعمل ولا ندري يتقبل منا أم لا)) (السنة ، للخلال : ٣ / ٥٩٧) .

دووەم : **بالنظر إلى خشية ألا يكون أتى بالإيمان الكامل الذي يريده اللَّه** ، **وذلك بأن لا يكون أتى بالواجب كما يريده اللَّه أو يكون اقترف بعض المحرمات** ، قال أحمد : ((أقول مؤمن ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، ومؤمن أرجو ، لأنه لا يدري كيف أداؤه للأعمال على ما افترض عليه أم لا)) (كتاب السنة ، للخلال : ٣ / ٦٠١) .

سێیەم : **بالنظر إلى البعد عن تزكية النفس** ، قال الإمام أبو عبداللَّه ابن بطة : ((ولكن الاستثناء يصح في وجهين : أحدهما : نفي التزكية ، لئلا يشهد الإنسان على نفسه بحقائق الإيمان وكوامله ، فإن من قطع على نفسه بهذه الأوصاف شهد لها بالجنة وبالرضا والرضوان)) (الإبانة ، لابن بطة : ٢/ ٨٦٥) .

چوارەم : **بالنظر للأمور المتيقن منها فيكون الاستثناء على اليقين** ، كقوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ ﴾ (الفتح : ٢٧) ، فلما سئل الإمام أحمد بن حنبل عن الاستثناء في الإيمان ؟ قال : نعم .

أبي مُلَيكَة : أدركتُ ثلاثينَ مِن أصحابِ محمَّدٍ كلُّهم يخافُ النفاقَ على نَفسِهِ ، لا يَقولُ واحدٌ مِنهم إنَّ إيمانهُ كإيمانِ جِبريلَ وميكائيلَ)) [1] ، واتە : خەڵکی سەبارەت بەدروستی و نادروستی هەڵاوێردن لەئیماندا سێ بۆچوونیان هەیە :

ووتەیەکیان : پێویستە هەڵاوێردن بکرێت لە ئیماندا ، و ئەو کەسەش کە هەڵاوێردن نەکات بیدعەکارە .

ووتەی دووەم : هەڵاوێردن حەرامە ، چونکە خوازیاری گومانە لە ئیمان .

ووتەی سێیەمیان کە ناوەند و دادوەرترینیانە : ئەوەیە کە دروستە هەڵاوێردن بکرێت بەمەبەستێك ، و وازیشی لێبهێنرێت بەمەبەستێکی تر ، جا ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە من نازانم ئایا بەهەموو پێویستیەکانی خوای پەروەردگار هەستاوم یان نە ؟ یان ئایا خوای پەروەردگار کردەوەکانی لێوەرگرتووم یان نە ؟ نەك مەبەستی گومان بێت لەوەی کە لە دڵیایە ، ئەمە هەڵاوێردنێکی چاکە ، وە مەبەستیشی پاکانەکردن نیە بۆ خۆی ، و ئەوەشی مەبەست نیە

الاستثناء على غير معنى شك مخافة واحتياطاً للعمل ، وقد استثنى ابن مسعود وغيره وهو مذهب الثوري ، قال اللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ : ﴿ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ ﴾ (الفتح : ٢٧) . (السنة للخلال : ٣ / ٥٩٤) .

و قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ موضحاً كلمة الإمام أحمد هذه : ((وقال : على غير معنى شك : يعني من غير شك مما يعلمه الإنسان من نفسه ، وإلا فهو يشك في تكميل العمل الذي خاف أن لا يكون كمله ، فيخاف من نقصه ، ولا يشك في أصله)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧/ ٤٥١) .

[1] (مجموع الفتاوى لابن تيمية : ١٣/ ٤٠ ـ ٤١) .

وَقَد بيَّن شيخُ الإسلامِ ابن تيميَّة أنَّ الذين لا يَقُولون بِجوازِ الاستثناءِ هُم المرجئةُ والجهمية ، فَقالَ : ((وأمَّا الاستثناءُ في الإيمانِ بِقولِ الرجلِ : أنا مُؤمنٌ ـ إنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، فالناسُ فيهِ على ثَلاثةِ أقوالٍ : مِنهم مَن يُوجِبُهُ ، وَمِنهم مَن يُحرِّمُهُ ، ومِنهم من يجوِّزُ الأمرين باعتبارينِ ، وهذا أصحُّ الأقوالِ ، فالذين يحرِّمونهُ هم المرجئةُ والجهميةُ)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧/ ٤٢٩) .

وقال ـ أيضاً ـ : ((الاستثناءُ في الإيمانِ سُنَّةٌ عِند أصحابنا وأكثرِ أهلِ السنةِ ، وقالت المرجئةُ والمعتزلةُ : لا يَجُوزُ الاستثناءُ فيهِ بَل هُوَ شَكٌّ)) (المصدر نفسه : ٧ / ٦٦٦) .

كه يەك لا كردەوەيەكی كردووە وەكو فەرمانی پێكراوە ، وەرگیراویشە لەلای خوای پەروەردگارەوە ، تاوانەكانیش زۆرن و ترسی ئەگـەری كەوتنە دووڕوویش بۆ هەموو كەسێك واریـدە ، هەروەكو (ابن أَبِي مُلَيْكَة) فەرموویەتی : گەشتم بە زیاتر لە سی لە هاوەڵانی (مـحمد) ﷺ هەموویان ترسی دووڕوویان لە خۆیان هەبوو ، و هیچ یەكێكیانیش نەیان دەووت كە ئیمانی ئەو وەكو ئیمانی (جِبـریل) ، و (میكائیل) ـە .عَلَيْهِمَا السَّلَامُ. .

پێشەوا (ابن بَطَّة العُكبـري) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ڕێبازی بڕواداران بەوە دەزانێت كە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی مورجیئەكان بێت ، ئەم بۆچوونەش كە دەڵێت : دروست نیە باوەڕدار بڵێت : ((أَنَا مُؤْمِنٌ ـ إِنْ شَاءَ اللَّـهُ ـ)) واتە : من باوەڕدارم ـ إِنْ شَاءَ اللَّـهُ ـ ، بە بۆچوونی مورجیئە گومڕاكان دەزانێت ، هەروەك فەرموویەتی : ((فهذِهِ سبيلُ الـمؤمنيـنَ ، وَطَرِيقُ العُقلاءِ من العُلمـاءِ : لزومُ الإستثناءِ والـخوفِ والرجاءِ ، لا يَدرونَ كيفَ أحوالُـهُم عِندَ اللَّـهِ ، ولا كَيفَ أعمـالـهم ، أَمَقبولةٌ هي أم مَردودَةٌ ... بِـهذا مَضَت سُنَّةُ الـمسلميـنَ ، وَعَليهِ جَرَت عادتُـهُم ، وأَخَذَهُ خَلَفُهم عن سَلَفِهِم ، فَلَيسَ يُـخالِفُ الاستثناء في الإيمـانِ ويأبى قَبولَهُ : إلا رجلٌ خَبيثٌ مُرجئٌ ضالٌّ ، قَد استحوَذَ الشيطانُ عَلَى قَلبِهِ ، نَعوذُ باللَّـه مِنهُ)) [1] .

واتە : كردنی هەڵاوێردن و ژیان لەنێوان ترسی سزای خوای پەروەردگار و ئاواتی لێخۆشبوونی ، ڕێگای ئیمانداران و ڕێگای خاوەن هزرانە لە زانایان ، چونكە نازانن یار وحاڵیان لەلای خوای پەروەردگار چیە و چۆنە ، ناشزانن كردەوەكانیان لەلای خوای پەروەردگار وەرگیراوە

---

[1] (الإبانة عن شـريعة الفرقة الناجية ومـجانبة الفرق الـمذمومة ، لابن بطة العكبـري : ٢/ ٨٧٢) .

وقال الإمام البيهقي .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. : ((وقد روينا هـذا ـ يعني الاستثناء فـي الإيمـان ـ عـن جـمـاعة من الصحابة والتابعيـن والسلف الصالح)) (شعب الإيمـان ، للبيهقي : ١/ ٢١٢) .

وقال ابن تيمية .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. : ((وأما مذهب سلف أصحاب الـحديث كـابن مسعود وأصحابه والثوري وابن عيينة ، وأكثر علمـاء الكوفة ويـحيى بن سعيد القطان فيمـا يرويه عن علمـاء أهل البصـرة وأحـمد بن حنبل وغيـره من أئمة السنة فكانوا يستثنون في الإيمـان وهذا متواتر عنهم)) (مـجموع الفتاوى : ٧ / ٤٣٨ ـ ٤٣٩) .

یان نە ، ... ڕێچکە و ڕێبازی موسڵمانان لەسەر ئەمە بووە و هەر لەسەر ئەمەش ڕۆشتووە ، پاشینانیان لە پێشینلنیان وەریگرتووە ، و هیچ کەسێکیش نیە کە پێچەوانەی هەڵاوێردن بێتەوە ، و قەبوڵی نەبێت ، ئیللا کەسێکی پیسی مورجیئەی گومڕا نەبێت ، کە شەیتان دەستی بەسەر دڵیدا گرتبێت ، پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار لێی .

وە لە کۆتایی ئەم خاڵانە ئەبێت ئەوەش بزانرێت کە : زۆرینەی کۆمەڵەکانی ئەم گروپە لە سەر ئەوەن کە کردەوەکانی دڵ بەشێکن لەئیمان [١] ، بێ ئاگا لەوەی کە بەو بیروباوەڕەیان ئەوەشیان لەسەر پێویست دەبێت بیروباوەڕکەیان ئەوەش دەخوازێت کە کردەوەی ئەندامەکانی لەشیش بە بەشێك دابنەن لەئیمان ، کەچی پێچەوانەی ئەو ڕاستیە دەبنەوە هەروەکو لەبنەوای چوارەمدا هاتووە [٢] ، چونکە چاکی و چاکبوونی ڕووکەش پەیوەستە بە چاکی و چاکبوونی ناوەوە کە دڵە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « أَلَا وَإِنَّ فِي الْـجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْـجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْـجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ » [٣] ، واتە : ئەوەش بزانن کە لە لەشدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر چاك بێت ، هەموو لەش چاك دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا هەموو لەش خراپ دەبێت ، ئەو پارچە گۆشتەش دڵە .

---

[١] ذكره شيخ الإسلام (ابن تيمية) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. في : (٧/ ٥٤٣ ، ٥٤٨ ، ١٩٥) .

[٢] قال ابن تيمية .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. : ((لكنهم . أي مرجئة الفقهاء . إذا لم يدخلوا أعمال القلوب في الإيمان لزمهم قول جهم ، وإن أدخلوها في الإيمان لزمهم دخول أعمال الجوارح أيضاً فإنها لازمة لها)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ١٩٤) .

[٣] (رواه البخاري ومسلم) .

پێناسەی ئیمان لە زمانەوانی و زاراوەی زانایان و بنەواکانی لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە

❑ پێناسەی ئیمان لە زمانەوانیدا (لُغةً) :

(ابن منظور) سەبارەت بەچاوگ وبنەوای ووشەی ئیمان (الإيمـان) فەرموویەتی : ((هوَ مَصدرُ آمنَ يؤمِنُ إيمـاناً ، فَهو مؤمِنٌ)) [١] .

وە سەبارەت بە واتاکەی لە سەرچاوە زمانەوانی ، و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هاتووە کە واتای ئیمان بەم واتایانەی خوارەوەیە :

یەکەم : بە واتای ((التَّصْدِيْق)) ، واتە : بەڕاست دانان : بەربلاوترین واتایە کە لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی باسی لێوە بکرێت بۆ واتای (الإيمـان) ، تەنانەت هەندێك لە زانایانی زمانەوانی کۆڕای زانایانیان لەسەر ئەوە باس کردووە ، ئەوەتا (ابن الـمنظور) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((واتَّفق أهلُ العلمِ مِن اللُّغويين وَغيرِهِم : أنَّ الإيمـانَ مَعناهُ التَّصديقُ ، قَال اللَّه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ ﴾ (الحجرات : ١٤))) [٢] .

واتە : وە زانایانی زمانەوانی جگە لەوانیش کۆڕان لەسەر ئەوەی کە : واتای (الإيمـان) بریتیە لە بەڕاست دانان ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ ﴾ .

---

[١] (لسان العرب ، لابن منظور : مادة (أمن) ، ١٣/ ٢٣) .

[٢] (لسان العرب ، لابن منظور : مادة (أمن) : ١٣/ ٢٣) ، هەروەها (الأزهري) ش هەمان شتی گێڕاوەتەوە کە دەڵێت : ((واتفق أهل العلم من اللُّغويين وغيرهم أن (الإيمـان) معناه : التَّصْديق ...)) (تـهذيب اللغة ، للأزهري : ١٥/ ٣٦٨) .

دووەم : بەواتا وماناى متمانە پێکردن و دەربڕینی ملکەچی و وەرگرتنی شەریعەت : هەروەکو (الفيروزآبادي) فەرموویەتی : ((والإيمانُ : الثِّقَةُ ، وإظْهارُ الخُضوعِ ، وقَبولُ الشَّريعَةِ)) [١] ، واتە : وە ئیمان بریتیە لە متمانە پێکردن و دەربڕین و ئاشکراکردنی ملکەچی و وەرگرتنی شەریعەت .

و (ابن المنظور) یش فەرموویەتی : ((وحدَّ الزجاجُ الإيمانَ ، فقال : الإيمانُ إظهارُ الخضوع ، والقبولِ للشَّريعة ، ولِما أَتَى به النبيُّ ﷺ ، واعتقادُه ، وتصديقُه بالقلب)) [٢] ، واتە : (الزَّجاج) لەدیاریکردنی سنوری زمانەوانی و واتاکەی فەرموویەتی : (الإيمان) بریتیە لە دەربڕینی ملکەچی و وەرگرتن بۆ شەریعەت ، و ئەوەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی هاتووە ، لەگەڵ باوەڕپێبوون و بەڕاستدانانی بەدڵ .

ئەم واتایەش ـ واتە : واتای دووەم ـ لەپێشترە بۆ ئەوەی کە ووشەی (الإيمان) ـی پێ لێکبدرێتەوە ، لەوەی کە بەواتای (التَّصْدِيْق : بە ڕاستدانان) لێکبدرێتەوە ، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك کە پێشەوا شێخ (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئاماژەی بە هەندێکیان داوە ـ لە پێش ئەویش پێشەوا (ابن تيمية) بە جوانی خستونیەتی ڕوو ـ .

پێشەوا (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمت بێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((أكثر أهل العلم يقولون : إن الإيمان في اللغة : التصديق !!

ولكن في هذا نظر ؛ لأن الكلمة إذا كانت بمعنى الكلمة ، فإنها تتعدى بتعديها ، ومعلوم أن التصديق يتعدى بنفسه ، والإيمان لا يتعدى بنفسه ؛ فنقول مثلاً : صدقته ، ولا تقول آمنته ! بل تقول : آمنت به ، أو آمنت له ؛ فلا يمكن أن نفسر فعلاً لازماً لا يتعدى إلا بحرف الجر بفعل متعد ينصب المفعول به بنفسه .

---

[١] (القاموس المحيط ، للفيروزآبادي : ١/ ١٥١٨) .

[٢] (لسان العرب ، لابن منظور : ١٣/ ٢١) .

ثم إن كلمة (صدقت) لا تعطي معنى كلمة (آمنت) ؛ فإن (آمنت) تدل على طمأنينة بخبره أكثر من (صدقت) ؛ ولهذا ؛ لو فسر (الإيمان) بـ (الإقرار) لكان أجود ؛ فنقول : الإيمان : الإقرار ، ولا إقرار إلا بتصديق ، فتقول أقر به ، كما تقول : آمن به ، وأقر له كما تقول : آمن له)) [1] .

واتە : زۆرینەی زانایان دەڵێن : ئیمان لە زمانەوانیدا بریتیە لە : بە ڕاستدانان !!!

بەڵام ئەم بۆچوونە جێی تێڕوانینە ، چونکە ئەگەر ووشەی بەواتای ووشە بوو ، دەبێت وەکو ئەو کاریگەری لەسەر تەواوکەرەکەی هەبێت ، کەچی دەبینین : ووشەی (التصديق) خۆی بەخۆی کاریگەری دەبێت ، بەڵام ووشەی (الإيمان) خۆی بەخۆی کاریگەری نابێت ، بۆ نموونە دەڵێن : ((صدقته ، ولا تقول آمنته !)) بەڵکو دەڵێن : ((آمنت به ، أو آمنت له)) ، بۆیە نابێت فرمانێکی (لازم) کە کاریگەری نابێت جگە بە حەرف نەبێت ، لێکبدەینەوە بە فرمانێکی (متعدي) کە خۆی بەخۆی کاریگەری بکەوێتە سەر تەواوکەرەکەی .

پاشان ووشەی (صدقت) وواتای ووشەی (آمنت) نادات ، چونکە ووشەی (آمنت) زیاتر ئاماژە بە ئارامی هەواڵەکەی دەدات ، زیاد لە ووشەی (صدقت) ، لەبەر ئەمەیە : کە باشترە ئەگەر ووشەی (الإيمان) بە (الإقرار) لێك بدرێتەوە ، ئەو کاتە دەڵێین : (إيمان) واتە : دانپیانان ، و هیچ دانپیانانێکیش نیە جگە لە بەڕاستدانان نەبێت ، وە دەووترێت : (أقر به) ، و (آمن به) ، هەروەك دەڵێیت : (أقر له) ، و (آمن له) .

---

[1] (شرح العقيدة الواسطية ، لابن العثيمين : ج ٢ ، ص ٢٢٩) .

وە پێشەوا (ابن تيمة) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەمان جیاوازی لەچەند خاڵێك لە نووسینەکانیدا دەخاتە ڕوو ، کە ئەمەی خوارەوە ئاشکراترین خاڵیانە :

١ ـ گۆی (التصديق) خۆی بە خۆی کاریگەری دەکاتە سەر تەواوکەرەکەی (الـمفعول) ، لەکاتێکدا کە گۆی (الإيمـان) کاریگەری ناکەوێتەسەر تەواوکەرەکەی جگە بەپیتی (الـجر : الباء ، واللام) نەبێت .

٢ ـ ووشەی (التصديق) مورادفی ووشەی (الإيمـان) نیە .

٣ ـ ووشــەی (الإيمـان) بەرامبەر نەکراوەتەوە بە (التكذيب) ، هەروەکو چۆن ووشــەی (التصديق) بەرامبەر کراوەتەوە پێی .

بۆ زیاتر ئاشکرا بوون و زانینی ئــەم باسە لە سەرچاوەی خۆیەوە بڕوانە : بەرگی حەوتەم لە (مـجموع فتاوى) ـدا ، بەرگی (الإيمـان) .

بەم پێیە دەردەکەوێت کە ئیمان لەزمانەوانیدا تەنها بریتی نیە لە (التَّصْدِيْق) بەڕاست دانان بەتەنها هەروەکو هەندێك لەزانایانی زمانەوانی لێکیان داوەتەوە ، بەڵکو زیاد لەسەر ئەوەشەوە واتای ملکەچی و گوێڕایەڵی تێدایە ، هەروەکــو لە لێکدانەوەی (الفيـروزآبادي) و (ابن الـمنظور) ـدا دەردەکەوێت ، و هەریەك لە پێشەوایان (ابن عثيمـين) و (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بن ـ بە پێشتریان داناوە لە واتای (التَّصْدِيْق) بۆ لێکدانەوەی واتای ئیمان .

❑ پێناسەی ئیمان لەزاراوەی شەرعدا (اصطلاحاً) :

زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە لە پێناسەی زاراوەیی بۆ ئیمان چەندەها پێناسەی جیاواز لە دەربڕین و هاودەنگ لە ناوەڕۆکیان فەرمووە [١] ، بۆیە لێرەدا چەند شێوازێك لەو پێناسانە دەخرێتە ڕوو پاشان واتای خاڵی هاوبەشیان دەخرێتە ڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَأَجْمَعَ السَّلَفُ أَنَّ الْإِيْمَانَ : قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ، وَمَعْنَى ذَلِكَ أَنَّهُ : قَوْلُ الْقَلْبِ ، وَعَمَلُ الْقَلْبِ ، ثُمَّ قَوْلُ اللِّسَانِ ، وَعَمَلُ الْجَوَارِحِ)) [٢] ، واتە : پێشین و سەلەفی صالح لەسەر ئەوە کۆڕان کە ئیمان : ووتە و کردەوەیە ، و زیاد و کەمیش دەکات ، واتای ئەوەش ئەوەیە کە : ووتەی دڵ و کردەوەی دڵە ، پاشان ووتەی زمان کردەوەی ئەندامەکانیشە .

وە پێشەوا (اللَّالَكَائِيّ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((أرسَلَ رجُلٌ مِن أهلِ خُراسانَ إلى أبي ثورٍ إبراهيمِ بن خالدٍ بِكِتابٍ يَسألُ عن الإيمانِ : ما هُوَ ؟ وَيَزيدُ وينقُصُ ؟ وَقَولٌ ، أو قَولٌ وَعَملٌ ؟ أو : وَقَولٌ وَتَصديقٌ وَعَملٌ ؟ فأجابهُ : إنَّه التَّصديقُ بالقلبِ ، و

---

[١] قَالَ شيخُ الإسلام ابن تيميَّة ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((إنَّ من قَالَ من السَّلفِ : الإيمانُ قولٌ وعملٌ ، أرادَ قَولَ القَلبِ واللسانِ وَعَملَ القَلبِ والجوارحِ ، وَمَن أرادَ الاعتقادَ رأى أنَّ لَفظَ القولِ لا يُفهَمُ مِنهُ إلا القولُ الظَّاهرُ ، أو خَافَ ذلكَ فَزَادَ الاعتقادَ بالقلبِ ، وَمَن قَالَ : قَولٌ وعَملٌ ونيَّةٌ ، قَال : القَولُ يتناولُ الاعتقادَ وَقَولَ اللِّسانِ ، وأمَّا العَمَلُ فَقَد لا يُفهمُ مِنه النيَّة فزادَ ذلكَ ، وَمَن زادَ اتِّباع السُّنة فلأنَّ ذلكَ كلَّهُ لا يَكونُ مَحبوباً للَّه إلا باتِّباعِ السُّنةِ ، وأولئك لم يُريدوا كلَّ قَولٍ وَعَملٍ ، إنما أرادوا مَا كَانَ مَشروعاً مِن الأقوالِ والأعمالِ ، وَلكن كَانَ مَقصُودُهم الردُّ على المرجِئَةِ الذين جَعَلوهُ قَولاً فَقَط ، فَقالوا : بَل هُوَ قَولٌ وعَمَلٌ ، والذينَ جَعَلوهُ أربعةَ أقسامٍ فَسَّروا مُرادَهُم كما سُئلَ سهلُ بن عبداللَّه التستريّ عنِ الإيمانِ ما هوَ ؟ فقالَ : قَولٌ وَعَمَلٌ وَنيَّةٌ وَسُنَّةٌ ، لأنَّ الإيمانَ إذا كانَ قَولاً بِلا عَمَلٍ فَهوَ كُفرٌ ، وإذا كَانَ قَولاً وَعَمَلاً بِلا نيَّةٍ فَهوَ نِفاقٌ ، وإذا كَانَ قَولاً وَعَمَلاً وَنيةً بِلا سُنَّةٍ فَهُوَ بِدعَةٌ)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ١٧١) .

[٢] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦٧٢) .

الإقرارُ باللسانِ ، وَ عَمَلُ الـجَوارِحِ)) [١] ، واتە : دەگێڕنەوە کە کەسێك لەخوراسانەوە نووسراوێکی نارد بۆ لای (أبو ثور إبراهيم) ـی کوڕی (خالد) و سەبارەت بە ئیمان تێیدا پرسیاری کردووە کە : ئایا ئیمان چیە ؟ و ئایا زیاد و کەم دەکات ؟ وە ئایا تەنها ووتەیە ؟ یان ووتە و کردەوەیە ؟ یان ووتە و بەڕاست دانان و کردەوە ؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئیمان بریتیە لەبەڕاست دانانی دڵ ، و دانپیانان و ووتنی زمان ، و کردەوەی ئەندامەکانیشە .

هەروەها پێشەوا (الآجُرِّي) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الذي عَلَيهِ عُلماءُ الـمسلمينَ : أَنَّ الْإِيْمَانَ وَاجِبٌ عَلَى جَمِيْعِ الْـخَلْقِ ، وَهُوَ تَصْدِيْقٌ بِالْقَلْبِ ، وَإِقْرَارٌ بِاللِّسَانِ ، وَعَمَلٌ بِالْـجَوَارِحِ)) [٢] ، واتە : ئەوەی کە زانایانی موسڵمانان لە سەرین ئەوەیە کە ئیمان پێویستە لەسەر هەموو کەسێك ، و بریتیشە لەبەڕاست دانانی دڵ ، و دانپیانان و ووتنی زمان ، و کردەوەی ئەندامەکانیش .

وە ئەمەش کە باسکرا بۆچوونی پێشین وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتەیە بەگشتی ، لەوانەش وەکو نموونە : پێشەوایان : مالك و شافعی و ئەحمەد ، و موجاهد و (طَاوُوس) ، و حەسەنی بەصری و (عَطَاءُ) و ئەوزاعی و سوفیانی (الثَّوْرِيّ) و عبدوڵڵای کوڕی (الْمَبَارَك) ، و (النَّخَعِيّ) و سوفیانی کوڕی (العُيَيْنَة) و ئیسحاقی کوڕی (الرَّاهُوِيَّه) ، و ئەهلی مەدینە ، و (أَهْلُ الظَّاهِر) ، و زانایانی سوننە بە گشتی [٣] .

---

[١] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة ، للالكائي : ١/ ١٧٢) .

[٢] (الشريعة ، للآجري : ٢/ ٦١١) .

[٣] ينظر : (مجموع الفتاوى ٧/ ٢٠٩ ، سير أعلام النبلاء : ١٠/ ٣٢ ، اعتقاد أئمة الحديث ، لأبي بكر أحمد بن إبراهيم الإسماعيلي : ١/ ٦٣ ـ ٦٤ ، شرح أصول اعتقاد أهل السنة : ١/ ١٧٦ ، فتح الباري شرح صحيح البخاري ، لابن حجر : ١/ ٤٦ ، تذكرة الحفاظ ، للذهبي : ١/ ٢٠٦ ، شرح العقيدة الطحاوية : ١/ ٣٧٣ ، شرح السنة ، للإمام البغوي : ١/ ٣٩ ، الشريعة ، للإمام الآجري : ٢/ ٦١١ ، شرح صحيح مسلم ، للنووي : ١/ ١٤٧) .

بەکورتی ئیمان بریتیە لە : ((قَوْلٌ وَعَمَلٌ ؛ قَوْلُ الْقَلْبِ وَاللِّسَانِ ، وَعَمَلُ الْقَلْبِ وَالْـجَوَارِحِ)) ، واتە : ووتە وکردەوەیە ، ووتەی دڵ و ووتەی زمان ، لەگەڵ کردەوەی دڵ و کردەوەی ئەندامەکان ، بەمەش دەردەکەوێت کە ئیمان جوار بەش لەخۆ دەگرێت :

بەشی یەکەم : ووتەی دڵە ((واتە : قَوْلُ الْقَلْب)) : کە بریتیە لە ((الْعِلْمُ وَالْـمَعْرِفَةُ وَالتَّصْدِيْقُ)) ، واتە : زانین و زانیاری و بەڕاست دانانی دڵ .

بەشی دووەم : کردەوەی دڵ ((واتە : عَمَلُ الْقَلْبِ)) : کە بریتیە لە ((الْإِخْلَاصُ وَالانْقِيَادُ وَالتَّسْلِيْمُ وَالْـمَحَبَّةُ وَالْـخُضُوعُ ، وَالتَّوَكُّلُ ، وَالْـخَشْيَةُ ، وَالْـخَوْفُ ، وَالرَّجَاءُ ، وَالرِّضَا ، وَالإِخْبَاتُ ، وَالْإِنَابَةُ ... إلخ)) [1] ، واتە : هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە بە دڵ ئەنجام دەدرێن .

---

[1] ومن لم يوجد في قلبه عمل القلب من أصل الخوف والرجاء والحب والتوكل فهو كافر بالاتفاق ، قال ابن القيم ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((فأهل السنة مجمعون على زوال الإيمان ، وأنه لا ينفع التصديق ، مع انتفاء عمل القلب ومحبته وانقياده)) (كتاب الصلاة ، لابن القيم : ص ٥٤) .

ونقل ـ أيضاً ـ اتفاق المسلمين ابن تيمية راجع (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٥٥٠) .

فإن قيل ما الفرق بين أقوال القلب وأعماله ؟ فيقال : هو ما ذكره الشيخ عبدالرحمن السعدي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ فقال : ((والفرق بين أقوال القلب وبين أعماله : أن أقواله هي العقائد التي يعترف بها القلب ويعتقدها ، وأعمال القلب : فهي حركته التي يحبها اللَّه ورسوله)) (كتاب التنبيهات اللطيفة على ما احتوت عليه العقيدة الواسطية من المباحث المنيفة ، للسعدي : ص ٨٥) .

وما زاد على أصل الخوف والحب والرجاء فهو ما بين واجب ومستحب .

قال ابن منده : ((وقال أهل الجماعة : الإيمان هي الطاعات كلها بالقلب واللسان وسائر الجوارح ، غير أن له أصلاً وفرعاً ، فأصله المعرفة باللَّه والتصديق له وبه ، وبما جاء من عنده بالقلب واللسان مع الخضوع له والحب له والخوف منه والتعظيم له ، مع ترك التكبر والاستنكاف والمعاندة ، فإذا أتى بهذا الأصل فقد دخل في الإيمان ، ولزمه اسمه وأحكامه ، ولا يكون مستكملاً له حتى يأتي بفرعه ، وفرعه المفترض عليه أو الفرائض واجتناب المحارم)) (كتاب الإيمان ، لابن منده : ١ / ٣٣١) .

بەشی سێیەم : ووتەی زمان ((واتە : قَولُ اللِّسَانِ)) کە بریتیە لە ((التَّلَفُظُّ بِالشَّهَادَتَيْنِ)) ، واتە : ووتنی ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ)) .

هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ ؛ حَتَّى يَشْهَدُوا : أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ ... » [١] ، واتە : فەرمانم پێکراوە کە بجەنگم لەگەڵ خەڵکی بێ باوەڕدا تاکو شایەتومان دەهێنن ، و دەڵێن : هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت ئیللا (اللَّه) نەبێت ، وە تەنها کەسێکیش کە شایستەی شوێنکەوتنە و پێغەمبەری خوایە هەر موحەممەدە ﷺ .

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فمن صدق بقلبه ولم يتكلم بلسانه فإنه لا يعلق به شيء من أحكام الإيمان لا في الدنيا ولا في الآخرة ... حيث اتفق المسلمون على أن من لم يأت بالشهادتين مع القدرة على ذلك فهو كافر ، وهو كافر ظاهراً وباطناً عند سلف الأمة وأئمتها)) [٢] ، واتە : ئەو کەسەی بەدڵ بەڕاستی دابنێت ، بەڵام بەزمان نەیڵێت ، ئەوە هیچ ئەحکامێکی ئیمانی پێوە پەیوەست نابێت لە دونیا و دواڕۆژیشدا ... چونکە موسڵمانان هاودەنگ و کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر بەزمان شایەتومانەکەی نەڵێت ـ لەکاتی بوونی توانایيدا بە ووتنی ـ ئەوا ئەو کەسە کافرە لە ڕووکەش و ناوەوەشدا ، لەلای پێشین و پێشەوایانی ئەم ئومەتە .

بەشی چوارەم : کردەوەکانی لەش و ئەندامەکانی : ((واتە : عَمَلُ الْجَوَارِحِ)) کە بریتیە لە ((عمل اللسان ، وبقية الجوارح مما شرعه اللَّه ، كالتسبيح والتحميد والتهليل والتكبير ، والصلاة ، والزكاة ، والصيام ، والحج ، والجهاد ، والأمر بالمعروف ، والنهي

---

[١] (متفق عليه) .

[٢] قال شيخ الإسلام ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((فأما الشهادتان إذا لم يتكلم بهما مع القدرة فهو كافر باتفاق المسلمين)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦٠٩) .

عن المنكر ... إلخ)) [١] ، واتە : ئەو كردەوانەی كە بەزمان ، و ئەندامەكانی تر ئەنجام دەدرێت وەكو ووتنی (سبحان اللَّه) ، و (الحمد للَّه) ، و (لا إله إلا اللَّه) ، و (اللَّه أكبر) ، و كردنی نوێژ و دانانی زەكات ، و گرتنی ڕۆژوو ، و حەجكردنی ماڵی خوا ، و تێكۆشان ، و فەرمان كردن بەچاكە و یاساغی كردن لە خراپە ، ... هتد .

پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وكان من مضى من سلفنا ؛ لا يفرقون بين الإيمان والعمل ، والعمل من الإيمان ، والإيمان من العمل ، وإنما الإيمان اسم يجمع كما يجمع هذه الأديان اسمها ، ويصدقه العمل ؛ فمن آمن بلسانه ، وعرف بقلبه ، وصدق بعمله ؛ فتلك العروة الوثقى التي لا انفصام لها ، ومن قال بلسانه ، ولم يعرف بقلبه ، ولم يصدق بعمله ؛ كان في الآخرة من الخاسرين ، وهذا معروف عن غير واحد من السلف والخلف ؛ وأنهم يجعلون العمل مصدقاً للقول)) [٢] ، واتە : ئەوانەی كە ڕۆشتوون لەپێشینانی ئێمە جیاوازیان لەنێوان ئیمان وكردەوەدا نەدەكرد ، لەلای ئەوان كردەوە لەئیمان بوو ، ئیمانیش لەكردەوە ، وە ئیمان ناوێكی كۆكەرەوە بووە هەروەكو چۆن ناوی ئایین كۆكەرەوەیە ئایینەكانە ، وە ئەوەش ڕاستی ئیمان دەربخات كردەوەیە ، بۆیە ئەو كەسەی كە بەزمانی ئیمان بهێنێت ، و بەدڵی بیزانێت ، و بەكردەوەش ڕاستی ئەوە دەربخات ، ئەوە دەستی

---

[١] وأفراد أعمال الجوارح بالنسبة للإيمان ما بين واجب يأثم المسلم بتركه ، وفي التكفير بترك بعضها نزاع كالمباني الأربعة من صلاة وصوم وزكاة وحج أو أحدها على قول عند أهل السنة ، فإن تكفير تارك المباني الأربعة أو أحدها مسألة خلافية عند أهل السنة السلفيين أنفسهم ، وما بين مستحب يثاب على فعله امتثالاً .

[٢] (الإيمان ، لابن تيمية : ص ٢٨٠) .

يقول الشيخ ربيع بن هادي المدخلي : ((نقول كما قال السلف : الإيمان قول وعمل واعتقاد يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية)) (نصّ مكالمة طلبة العلم من الجزائر مع العلاّمة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللَّهُ .) .

گرتووە بەپەتی پتەوەوە کە هیچ بچڕانێکی نیە ، بەڵام ئەوەی کە بەزمانی ئیمانی هێناوە ، و بەدڵی نەیزانیوە و نەیناسیوەتەوە ، و بەکردەوەش ڕاستی ئەوەی دەرنەخستووە ، ئەوە ئەو کەسە لەخەسارۆمەندانە لەدوارۆژدا ، ئەمەش ووتە وبۆچوونی زانراوی زۆرێکە لەپێشین و سەلەفی صالح و پاشینانیش ، وە ئەوان کردەوەیان بە سەلمێنەر دەرخەری ڕاستی ووتە زانیوە .

بەڵگە و مەرجەکانی بەرییبوون لە ئیرجا :

چەندەها بۆچوون و بیروباوەڕ و ووتە هەن زانایانی پێشن و سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە دەستنیشانیان کردووە بۆ ئەوەی نیشانەبن بۆ بەرییبوون کەسی بێژەر و هەڵگرانیان لەئیرجا ، بە واتایەکی تر ئەوەی ئەو شتانەی تێدا هەبێت خۆی پاراستووە لە کەوتنە ئیرجائەوە ، لەوانەش بە کورتی و بە پوختی :

یەکەم : ووتن و باوەڕبوون بەوەی کە : ((الْإِيْمَانُ يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ)) ، واتە : ئیمان زیاد دەکات و کەمیش دەکات ، خاوەنەکەی بەری دەکات لەبیرۆچکەی ئیرجای لاڕێ وگومڕا ، چونکە بەوە بنەوایەك لەبنەواکانی ئیرجای پوچەڵکردووەتەوە ، چونکە لەلای ئەوان هەروەکو لەپێشدا باسکرا : ((الْإِيْمَانَ شَيْءٌ وَاحِدٌ لَا يَتَجَزَّأُ)) ، واتە : ئیمان یەك شتە و بەش بەش نابێت .

سەبارەت بەم خاڵەش لەپێشەوایان (أَحْمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) ، و (البَرْبَهارِيّ) و جگە لەوانیش ـ بە ڕەحمەت بن ـ هاتووە کە فەرمووە : هەر کەس ئەوە بڵێت ئەوە بەریە لە ئیرجا .

پرسیار کرا لە پێشەوا (أَحْمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە حوکمی کەسێك کە بڵێت : ((الْإِيْمَانُ يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ؟)) ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ((قَالَ : هَذَا بَرِيْءَ مِنَ الْإِرْجَاءِ)) [1] ، واتە : ئەم کەسە بەریە لە ئیرجا .

وە پێشەوا (البَرْبَهارِيّ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەر لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((وَمَنْ قَالَ : الْإِيْمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ، فَقَدْ خَرَجَ مِنَ الْإِرْجَاءِ كُلِّهِ : أَوَّلِهِ ، وَآخِرِهِ)) [2] ، واتە : ئەو کەسەی کە بڵێت : ئیمان : ووتە وکردەوەیە ، و زیاد وکەمیش دەکات ، ئەوا ئەو کەسە لەئیرجا دەرچووە بەگشتی ، لە سەرەتا و کۆتاشی .

---

[1] (السنة ، للخلال : ٢/ ٥٨١) ، و (السنة ، لعبداللّه بن الإمام أحمد ، رقم : ٦٠٠) .

[2] (شرح السنة ، للبربهاري : ص١٣٢) .

دووەم : ووتن و باوەڕبوون بەوەی کە : ((الْإِيْمَـانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ)) ـە ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیـ (کردار) ـە :

ئەوەش کە ڕاستی ئەم ووتەیە بسەلمێنێت ووتەی پێشووی پێشەوا (البربهاري) ـە ، کە لەخاڵی یەکەمدا خرایە ڕوو ، وە پێشەوا (أَحْـمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە ووتەیەك لەپێشەوا (عبداللَّـه) ـی کوڕی (الـمبارك) دەگێڕێتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((قِيْلَ لِابْنِ الْـمُبَارَكِ : تَرَى الْإِرْجَاءَ ؟ قَالَ : أَنَا أَقُولُ : الْإِيْمَـانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، وَكَيْفَ أَكُونُ مُرْجِئاً ؟!!)) [1] ، واتە : بە (عبداللَّـه) ـی کوڕی (مبارك) ووترا : ئەڵێی بۆچوونی مورجیئەت هەیە ؟! ئەویش فەرمووی : من دەڵێم : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، چۆن دەبم بە مورجیئە ؟!!!

وە پێشەوا (سفيان الثَّوري) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((خَالَفَنَا الْـمُرْجِئَةُ فِي ثَلَاثٍ ، نَحْنُ نَقُولُ : الْإِيْمَـانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، وَهُمْ يَقُولُونَ : قَوْلٌ بِلَا عَمَل !! ، وَنَحْنُ نَقُولُ : يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ، وَهُمْ يَقُولُونَ : لَا يَزِيْدُ وَلَا يَنْقُصُ !! ، وَنَحْنُ نَقُولُ : أَهْلُ الْقِبْلَةِ عِنْدَنَا مُؤْمِنُونَ ، أَمَّا عِنَدَ اللَّـهِ فَاللَّـهُ أَعْلَمُ ، وَهُمْ يَقُولُونَ : نَحْنُ عِنْدَ اللَّـهِ مُؤْمِنُونَ !!)) [2] ، واتە : کۆمەڵی مورجیئە لە سێ شتدا پێچەوانەمان بوونەتەوە : [١] ئێمە دەڵێین : ووتە و کردارە ، بەڵام ئەوان دەڵێن : ووتەی بێ کردەوەیە !!! ، [٢] وە ئێمە دەڵێن : زیاد و کـەم دەکات ، بەڵام ئەوان دەڵێن : نە زیاد دەکات و نە کەمیش دەکات !!! ، [٣] وە ئێمە دەڵێن : ئەهلی قیبلە لە لای ئێمە ئیمانداره ، بەڵام لە لای خوا خوای پەروەردگار زانایە پێی ، بەڵام ئەوان دەڵێن : ئێمە لەلای خوای پەروەردگار ئیمانداریـن !!!

---

[1] (السنة ، للخلال : ٣ / ٥٦٦) .

[2] (أخرجه البيهقي في كتاب الاعتقاد والهداية إلى سبيل الرشاد ، ص ١٢٠ ، ١٢١ ، و العدني في كتاب الإيمان ، برقم : ٢٩) .

سێیەم : باوەڕبوون بەوەی کە : ((أَنَّ الذُّنُوبَ تَضُرُّ بِالْإِيْمَانِ وَتَنْقُصُهُ)) ، واتە : تاوان و سەرپێچی کاریگەری لەسەر ئیمان هەیە وکەمی دەکاتەوە .

هەروەکو پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الْإِيْمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ، إِذَا زَنَى وَشَرِبَ الْخَمْرَ نَقَصَ إِيْمَانُهُ)) [1] ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات ، ئەو کەسەش کە زینا و داوێن پیسی دەکات ، و مەی دەخواتەوە ئیمانەکەی کەم دەکات .

چونکە ئەم ووتەیە پێچەوانەی بنەوایەکە لەبنەواکانی مورجیئە ، پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وقالت المرجئة على اختلاف فرقهم : لا تذهب الكبائر ، وترك الواجبات الظاهرة شيئاً من الإيمان ، إذ لو ذهب شيء منه ، لم يبق منه شيء ، فيكون شيئاً واحداً ، يستوي فيه البر والفاجر !! ونصوص رسول اللّه ﷺ ، وأصحابه تدل على ذهاب بعضه ، وبقاء بعضه كقوله : « يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ إِيْمَانٍ »)) [2] ، واتە : مورجیئە مەزهەبەکان لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵەکانیان : تاوانە گەورە و وازهێنان لەپێویستیەکانی ڕووکەش هیچ کاریگەریەکیان لەئیمان نیە و هیچی لێ نابەن !!! چونکە ئەگەر بەشێکی بڕوات ، هیچی لێ نامێنێتەوە ، بەوەش یەك شت دەبێت و چاکەکار و خراپەکار تێیدا یەکسان دەبن ، کەچی دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و ووتەی هاوەڵانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەکرێت هەندێك بڕوات و هەندەکەی تری بمێنێتەوە ، وەك ئەوەی کە فەرموویەتی : ئەو کەسەی کە تۆسقاڵە زەڕەیەك ئیمانی لەدڵدا بێت لەئاگری دۆزەخ دەردەچێت .

بێژەری ئەم ووتەیەش دان بەکەم بوونەوەی ئیماندا دەنێت ، ئەوەش کە ئەم باوەڕەی هەبێت ئەوا بنەوایەکی لەبنەواکانی ئیرجای ڕووخاندووە و بەریبووە لەئیرجا ، هەروەکو لەووتەی پێشەوایان (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ، و (البربهاري) ـ بە ڕەحمەت بن ـ خرایەڕوو .

---

[1] (السنة ، لعبد اللّه بن الإمام أحمد : ١/ ٣٠٧) .

[2] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٢٢٣) .

چوارەم : ووتن و باوەڕ بوون بەوەی کە : ((يَصُحُّ الاسْتِثْنَاءُ فِي الْإِيْمَانِ)) ، واتە : هەڵاوێردن دروستە لە ئیماندا ، ئەوەش بەوەی کە موسڵمان بڵێت : من ئیماندارم ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت .

ووتن وباوەڕبوون بەوەش ئەوە پوچەڵدەکاتەوە کە : ((الْإِيْمَانُ شَيْءٌ وَاحِدٌ لَا يَتَجَزَّأُ)) ، چونکە هەر کەسێکیش ئەمە بڵێت ئەوا دورکەوتووەتەوە لەئێرجا ، پێشەوا (عبدالرحمن) ـی کوڕی (مهدي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((إِذَا تُرِكَ الاسْتِثْنَاءُ ، فَهُوَ أَصْلُ الْإِرْجَاءِ)) [1] ، واتە : وازهێنان لە هەڵاوێردن ، بنەوایەکە لەبنەواکانی ئێرجا .

پێنجەم : ئەو کەسەی کە بیروباوەڕی وابێت و بڵێت : ((أَنَّ الْكُفْرَ يَقَعُ بِأَعْمَالِ الْجَوَارِحِ)) ، واتە : کوفر بە کردەوەی ئەندامەکانی لەش ڕوودەدات ـ نەك هەر تەنها بە دڵ ـ ئەوا بنەوای دەرکردنی کردەوەکانی لەشی لە ئیمان ((إِخْرَاجُ أَعْمَالِ الْجَوَارِحِ مِنَ الْإِيْمَانِ)) لە لای مورجیئە بەتاڵ کردووەتەوە .

پێشەوا (النَّوَوِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەوەی کە کوفر پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام بە ووتە و بە کردەوەش ڕوودەدات لە پرس و باسی پاشگەزبوونەوە (الرِّدَّة) ـدا فەرموویەتی : ((هِيَ ـ أَيْ : الرِّدَّةُ ـ قَطْعُ الْإِسْلَامِ ، وَيَحْصُلُ ذَلِكَ : تَارَةً بِالْقَوْلِ الَّذِيْ هُوَ كُفْرٌ ، وَتَارَةً بِالْفِعْلِ ، وَالْأَفْعَالُ الْمُوْجِبَةِ لِلْكُفْرِ هِيَ الَّتِي تَصْدُرُ عَنْ تَعَمُّدٍ وَاسْتِهْزَاءٍ بِالدِّيْنِ صَرِيْحاً ؛ كَالسُّجُودِ لِلصَّنَمِ أَوْ لِلشَّمْسِ ، وَإِلْقَاءِ الْمُصْحَفِ فِي الْقَاذُورَاتِ ، وَالسِّحْرِ الَّذِي فِيْهِ عِبَادَةُ الشَّمْسِ وَنَحْوِهَا ... وَتَحْصُلُ الرِّدَّةُ بِالْقَوْلِ الَّذِيْ هُوَ كُفْرٌ ؛ سَوَاءٌ صَدَرَ عَنِ اعْتِقَادٍ أَوْ عِنَادٍ أَوِ اسْتِهْزَاءٍ)) [2] ، واتە : پاشگەزبوونەوە بریتیە لە بڕین و دابڕینی ئیسلام لە خۆ ، ئەوەش بە : ووتە دەبێت کە کوفر بێت ، یان بە کردەوە ، ئەو کردەوانەش کە کوفر پێویست دەکەن ، ئەوەیە کە بە ئەنقەست و گالتەجاڕی کردنی ئاشکرا بێت بە ئایین ، وەك : سوژدە بردن بۆ بت ، و خۆر ، و

---

[1] (ذكره الآجري في كتابه الشريعة : ٢ / ٦٦٤) .

[2] (روضة الطالبين ، للنووي : ج ١٠ ، ص ٦٤ ، كتاب الردة) .

فڕێدانی قورئان بۆ ناو پیسی ، و جادوگەرێتیەك كە پەرستشی تێدا بێت بۆ خۆر یان هەر شتێكی هاوشێوەی ... وە پاشگەزبوونەوە بە ووتەش ڕوودەدات كە كوفر بێت ، و هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان ئەوەی كە بەبیروباوەڕ بێت یان بەبەرهەڵستكایەوە بێت ، یان بەگاڵتەجاڕیەوە بێت .

ڕەنگە بە مێشكی خوێنەری بەڕێزدا بێت و بڵێت : خستنە ڕووی ئەم بەشە بۆچی ؟!

ئەوا لەوڵامدا دەووترێت : خستنەڕووی ئەم بەشە بۆ ئەوەیە ووتەكانی پێشەوا ئەلبانی پێ بپێورێت ، و بەهۆیەوە بزانین كە ئەو زانا بەڕێز و پایەبەرزە چەند بەریە لە تۆمەتی خەڵكانی نەزانكار و ستەمكار ، هەرجار و بەشێوەیەك ، ئەو زانا گران قەدرە تۆمەتبار دەكەن :

جارێك دەڵێن : ئەلبانی غولاتی (مەرجەئەیە !!!) !!!!

و جارێكی تر : مورجیئەیە !!! نەك غولاتەكانیان !!!

و ئەمجارەشیان : كەوتووەتە ئیرجاوە !!! یان ئیرجای تێدا !!!

یان ئەوەی تریان پێشتر دەیووت : كاریگەر بووە بە بۆچوونەكانی مورجیئە !!!

ئەمە و ئەوە و ئەوەی تر سەدانی تر ، كە هەر هەمووی : لە تۆمەت !!! و درۆ !!! و بوختیان !!! بەدەر هیچی تر نیە دەرهەق ئەو زانا و پێشەوا گران قەدرە ، خوای پەروەردگار لە وەسفی بێژەرانی ئەو ووتانە دەڵێت :

﴿ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِنْ يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ﴾ (الكهف : ٥) .

وە فەرموویەتی : ﴿ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ ﴾ (الزخرف : ١٩) .

نوێژ و پەیوەندی نەکردن بە ئبرجاوە :

نوێـژ : یەکێکە لەپایە گەورە وگرنگە کرداریەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، بەڵکو بەکۆڵەکەی هەرە گرنگی دادەنرێت دوای شایەتومان ، و بەڵگە و نیشانەی ئیمانە ، و بە بەشێك لەئیمان دادەنرێت [١] ، و سیفەتی جیاکاری نێوان موسڵمانان و بێ باوەڕانە ، و حوکمی ئەو کەسەی کە وازی لێدەهێنێت بەوەی کە باوەڕی بەواجبێتی نیە وئینکار ونکوڵی لێدەکات (واتە : إنكارا و جحودا) کافرە و دەرچووە لەئاینی ئیسلامی پیرۆز ، ئەوەش بە کۆڕای زانایان و بە بێ هیچ جیاوازیەك لەنێوانیاندا ، بەهەمان شێوە ئەو کەسەش ـ کافر و دەرچووە لەئیسلام ـ کە پێی بووترێت نوێژ بکە ئەگەرنە ئەوا دەکوژرێیت ، کەچی ئەو کوشتن پێش بخات لەسەر نوێژکردنی [٢] ، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعە ـ شوێنکەوتوانی

---

[١] قال العلامة الألباني في معرض ردّه على كتاب (ظاهرة الإرجاء) للحوالي : ((اتَّقِ اللَّـهَ ؛ فَهُمْ ـ أَيْ : الْمُرْجِئَة ـ يَقُولُونَ : الصَّلَاةُ لَيْسَتْ مِنَ الْإِيْمَانِ ، وَنَحْنُ نَقُولُ بِخِلَافِهِ)) .

[٢] دەبێت ئەوە ڕەچاوبکرێت کە ئەگەر بە نوێژنەکەرێك ووترا : نوێژ بکە ـ لەگەڵ بوونی توانا بۆ ئەو کارە و نەبوونی هیچ ڕێگرێك لەوە کارە ـ تاکو بگاتە ئەوەی کە پێی بووترێت : ئەگەر نوێژنەکەی دەکوژرێیت ، کەچی بە کوشتنی ڕازی بێت ، ئەو جۆرە کەسانە زانایانی هەردوو لای جیاوازی بە کافری دەزانن ، و یەك دەنگن لەسەری ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومتى امتنع الرجل من الصلاة حتى يقتل لم يكن في الباطن مقراً بوجوبها ، ولا ملتزماً بفعلها ، وهذا كافر باتفاق المسلمين ، كما استفاضت الآثار عن الصحابة بكفر هذا)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٢/ ٤٨) .

بەڵام ئەوەش بزانرێت کە ئەم حوکمە تایبەت نیە تەنها بە نوێژەوە بەڵکو هەموو بەشەکانی ئایین دەگرێتەوە ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ونظير هذا لو قيل : إن رجلاً من أهل السنة قيل له : ترض عن أبي بكر وعمر ، فامتنع عن ذلك حتى قتل مع محبته لهما واعتقاده فضلهما ، ومع عدم الأعذار المانعة من الترضي عنهما ، فهذا لا يقع قط ، وكذلك لو قيل : إن رجلاً يشهد أن محمداً رسول اللَّه ﷺ باطناً وظاهراً وقد طلب منه ذلك ، وليس هناك رهبة ولا

سەلەفی صالح ـ لەوەی کە ئەگەر کەسێك لەبەر تەمەڵی نەیکات ـ بەبێ ئەوەی ئینکار و نکوڵی لە واجبێتی بکات ـ ئایا بە کافر دادەنرێت یان بەئیمانداریکی ئیمان ناتەواو ؟! بۆچوونی دووەمیشیان لە پێشەوایان (مالك و شافعي و أبو حنيفة) و (أحمد) یش لە ڕیوایەتێکدا ـ بە ڕەحمەت بن ـ دەگێڕدرێتەوە ، و پێشەوا (أحمد) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕیوایەتەکەی تردا بەکافری زانیوە .

بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە : ئەوەی کە بەڕەهایی بەکافری دانابێت ، پێچەوانەکەی بە مورجیئە لەقەڵەم نەداوە ، وبەوەی تۆمەتبار نەرکردووە !! بۆشی دروست نیە ئەوە بکات !!

وە ئەوەش کە لەبەر تەمەڵی بەکافری نەزانیوە ، پێچەوانەکەی بەخەواریج نەزانیوە و بەوەی تۆمەتبار نەکردووە !!! و نادروستیشە بۆی ئەو کارە [1] !!!

رغبة يمتنع لأجلها ، فامتنع منها حتى قتل ، فهذا يمتنع أن يكون في الباطن يشهد أن محمداً رسول اللّه ...)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧/ ٢١٩) .

وە ئەو کەسەش کە ئەو جۆرە کەسانە بەکافر نەزانێت ، وبەڵکو بە موسڵمانیان بزانێت ئەوا تووشی ئەو شوبهەیە بوون کە مورجیئە تووشی بوون ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فمن عرف ارتباط الظاهر بالباطن زالت عنه الشبهة في هذا الباب وعلم أن من قال من الفقهاء أنه إذا أقر بالوجوب وامتنع عن الفعل لا يقتل أو يقتل مع إسلامه فإنه دخلت عليه الشبهة التي دخلت على المرجئة والجهمية والتي دخلت على من جعل الإرادة الجازمة مع القدرة التامة لا يكون بها شيء من الفعل ولهذا كان الممتنعون من قتل هذا من الفقهاء بنوه على قولهم في مسألة الإيمان وأن الأعمال ليست من الإيمان وقد تقدم أن جنس الأعمال من لوازم إيمان القلب وأن إيمان القلب التام بدون شيء من الأعمال الظاهرة ممتنع سواء جعل الظاهر من لوازم الإيمان أو جزءاً من الإيمان كما تقدم بيانه)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٦) .

[1] قال الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي ـحَفِظَهُ اللّهُ ـ : ((نقول كما قال السلف : الإيمان قول وعمل واعتقاد يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية وفي تارك الصلاة الخلاف جار بين السلف فمن ترجح له التكفير لا نلومه إذا اتّقى اللّه واجتهد و ترجح له التكفير ؛ لأنّ هذا من مسائل الاجتهاد فلا

بۆیە جیاوازی سەبارەت بە نوێژنەکەر ـ بەو شێوەیەی کە خرایە ڕوو ـ ڕەوایە و جیاوازیەکی دروستە و نابێت برایەتی نێوان لایەنە جیاوازەکان تێکبدات ، هەروەکو پێشین و سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە لەسەری بوون ، لە پێشەوایانێك کە ئومەت دانی بە پێشەوایەتیاندا ناوە ، و شایەتی سەروەری و پێشەوایەتی بۆ داوون ، وەکو پێشەوایان (مالك و شافعي و أحمد) و جگە لەوانیش ... ئەو جیاوازیە زانستیەش بەو شێوە بەردوام بووە تاگەشتۆتە سەردەمانی خۆمان ، هەروەکو لەجیاوازی دوو پێشەوا (محمد ناصرالدين الألباني) و پێشەوا (عبداللَّه بن عبدالعزيز بن باز) ـدا ـ بە ڕەحمەت بن ـ دەردەکەوێت .

نلومه ولا نختصم معه هو أخونا ، و من ترجح له عدم التكفير لا نقول عنه مرجئا ، و الذي يكفر تارك الصلاة لا نقول عنه خارجيّ ، عرفت ؟)) (نصّ مكالمة طلبة العلم من الجزائر مع العلاّمة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللَّهُ .) .

هەر لەم بارەیەوە ئەم پرسیارە ئاراستەی شێخ (صالح الفوزان) کرا کە تێدا هاتووە : ((أحسن اللَّه إليكم سماحة الوالد يقول السائل : **هل من يقول بأن الإيمان يزيد وينقص ، ويرى الاستثناء في الإيمان ، ويرى أن الأعمال داخلة في مسمى الإيمان ، لكنه لا يرى تكفير تارك الصلاة . فهل يقال إنه مرجئي** ؟)) .

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : ((**ما هو يقال إنه مرجئي** ... تارك الصلاة إن كان جاحدا لوجوبها فهو كافر بالإجماع ، أما إن كان متكاسلا وهو يعترف بوجوبها قد اختلف العلماء في تكفيره ، الجمهور على أنه لا يكفر الكفر الأكبر ، وإنما يكفر الكفر الأصغر ، والقول الصحيح الذي عليه المحققون أنه يكفر الكفر الأكبر ، ولا صارف إلى الكفر الأصغر ، لا دليل على صرفه ، فيكفر الكفر الأكبر ... **لكن لا يعد هذا من المرجئة لأن هذه مسألة خلافية** ، نعم)) (شبكة سحاب السلفية ... المنابر ... المنبر الإسلامي : فتوى هل من يرى عدم كفر تارك الصلاة يعد من المرجئة ؟ العلامة الفوزان .حَفِظَهُ اللَّهُ .) .

پێشەوا (أبو بكر الإسماعيلي) لە باسی بیروباوەڕی پێشەوایانی ئەهلی حەدیس سەبارەت بە نوێژنەکەر فەرموویەتی : ((واختلفوا في متعمدي ترك الصلاة المفروضة حتى يذهب وقتها من غير عذر فكفره جماعة لما روي عن النبي ﷺ أنه قال : « بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ الْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ » ، وتأول جماعة منهم بذلك من تركها جاحداً لها)) [١] ،

واتە : زانایان جیاوازن لەنوێژنەکەران کە بەئەنقەست دەوەستن تاکو تاکەی بەسەر دەچێت ، بەبێ هیچ بیانوویەك ، کۆمەڵێکیان بۆ ئەوە دەچن کە کافر بێت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی : نوێژ نەکردن لە نێوان بەندە و کوفردایە ، وە کۆمەڵێکیان بەوە ئەم فەرموودەیەیان لێك داوەتەوە کە ئەو نەکردنە بەشێوەیەکە ئینکار و نکوڵی لێ بکات .

هەر لەو بارەیەوە ـ واتە لەگێڕانەوەی جیاوازی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە سەبارەت بە نوێژ نەکەر ـ (أبو عثمان الصابوني) فەرموویەتی : ((اختلف أهل الحديث في ترك المسلم صلاة الفرض متعمداً ، فكفره بذلك أحمد بن حنبل ، وجماعة من علماء السلف ... وذهب الشافعي وأصحابه وجماعة من علماء السلف .رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِمْ أَجْمَعِيْن. إلى أنه لا يكفر ما دام معتقداً لوجوبها ... وتأولوا الخبر : من ترك الصلاة جاحداً)) [٢] ،

واتە : زانایانی ئەهلی حەدیس جیاوازن لە نەکردنی بەئەنقەستی موسڵمان بۆ نوێژە فەرزەکانی ، پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) بەو کارە بەکافری زانیوە ، لە گەڵ کۆمەڵێك لە زانایانی پێشین ... وە پێشەوا (الشافعي) و هاوەڵانی ، و کۆمەڵێکی تری زانایانی پێشین ـ ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت ـ بۆ ئەوە ڕۆشتوون کە بەو کارەی کافر نابێت مادام باوەڕی بە واجبێتی هەیە ... وە بەوە فەرموودەکەیان لێك داوەتەوە کە ئەگەر نوێژتەرك کردنەکەی نکوڵی فەرزێتی نوێژەکەی لەگەڵدا بێت .

---

[١] (اعتقاد أئمة الحديث ، لأبي بكر أحمد بن إبراهيم الإسماعيلي ، ص ٦٥ ـ ٦٦) .

[٢] (عقيدة السلف وأصحاب الحديث ، للصابوني ، ص ١٢٥ ـ ١٢٦) .

بە هەمان شێوە پێشەوا (المروزي) ش لە گێڕانەوەی بۆچوونی زانایانی ئەهلی سوننە سەبارەت بە بەکافر دانان ، یان دانەنانیان بۆ نوێژنەکەر فەرموویەتی : ((وكان ممن ذهب هذا المذهب ـ أي عدم كفر تارك الصلاة ـ من علماء أصحاب الحديث الشافعي ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ وأصحابه : وأبو ثور وغيره ، وأبو عبيدة في موافقيهم ـ ... الخ)) [1] ، واتە : لەو زانایانەی کە ئەم بۆچوونەیان هەبوو ـ واتە : بۆچوونی بەکافر دانەنانی نوێژنەکەر ـ لەزانایانی ئەهلی حەدیس پێشەوا شافعی و هاوەڵانی بوون ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ وەك : (أبو ثور) جگە لەویش ، وە (أبو عبيد) یش یەکێك بوو لەوانەی کە هاودەنگ بوو لەگەڵیاندا .

لەو زانایانەش کە جێاوازی زانایانیان لەم بارەیەوە گێڕاوەتەوە لە نووسین و پەرتوکەکانیاندا ، (ابن المنذر) لە (كتاب الإشراف : ٣ / ٢٧٠) ، و (البغوي) ش لە (شرح السنة : ٢/ ١٧٩) ـدا ، و (ابن عبدالبر) لە (التمهيد : ٤ / ٢٣٠ ـ ٢٣١) ، و (الاستذكار : ٥ / ٣٤٥ ، ٦١٠) ـدا ، وە پێشەوا (ابن تيمية) ش لە (مجموع الفتاوى : ٧ / ٣٧١) ، و (ابن القيم) یش لە (كتاب الصلاة : ص ٣٣) ـدا ، و جگە لەم زانایانەش .

بەڵام کەسانی نەزان و بێ ئاگا لەم جیاوازیەی نێوان زانایانی سەلەف دەبینین ئەو کەسەی کە نوێژنەکەر بە ڕەهایی بەکافر نەزانێت ، بەوەی تۆمەتبار دەکەن کە مورجیئەیە !!! یان کاریگەری مورجیئەی کەوتووەتە سەر !!! ئاشکراشە کە ئەم تۆمەتبارکردنە سەرچاوە و سەراوی لە نەزانینەوەیە !!! یان لە شوێنکەوتنی ئارەزووەکانەوەیە ـ کە هەردووکیشیان زەرەریان زۆر بە ئایین گەیاندووە ـ چونکە ئەگەر وابێت ئەوا ئەو تۆمەتەیان زۆرێك لە زانایانی سەلەف دەگرێتەوە ، کە باوەڕیان وا بووە کە نوێژنەکەر لەبەر تەمەڵی کافر نیە وەکو پێشەوا (الزهري ، و مالك ، و الشَّافعي ، و أبو عبيد قاسم بن سلام) ، و چەندەها زانای تر ، ئەم ووتەیەش ـ واتە : بەکافر دانەنانی نوێژنەکەر لەبەر تەمەڵی ـ ووتەیەکە لە دوو ووتەکەی زانایانی ئەهلی

---

[1] (كتاب تعظيم قدر الصلاة ، للمروزي : ٢ : ٩٥٦) .

سوننە ـ نەك مورجیئە ـ هەروەكو لە پێشدا ئاماژەمان پێدا ، و ئاشكرابوو لە ووتەی زانایانەوە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەبێت ـ لەم باسەدا ـ دوو خاڵ ڕەچاو بكرێت :

یەكەمیان : ئەو زانایانەی ئەهلی سوننە كە نوێژنەكەر بەكافر نازانن ـ لە بەر تەمەڵی ـ و بەتاونباری دەزانن ، لەلای ئەوان لەترسناكیەكی زۆردایە ـ هەروەكو پێشەوا ئەلبانی بە ڕاشكاوی ئەوەی دەربڕیوە ـ ئەمەش بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بیروباوەڕی مورجیئەی گومڕا یەك ناگرێتەوە ، چونكە لەپێشتر ئەوە ئاشكرا كرا كە مورجیئە دەڵێن :

كردەوە لەئیمان نیە ، كەچی ئەم زانایانە كە نوێژنەكەر بەكافر نازانن لەبەر تەمەڵی پێچەوانەی ئەوەن !!! و نوێژ لەئیمان دەزانن ، و نەكردنی لە ئیمان كەم دەكاتەوە .

وە مورجیئە ووتووشیانە : پەیوەندی لەنێوان ڕووكەش و دڵدا نیە ، بەڵام نوێژنەكردن لەڵای ئەم زانایانەی ئەهلی سوننە بە فاسق و تاوانبار دادەنرێت !!!

وە لەلای مورجیئە تاوان كاریگەری لەسەر ئیمان نیە !!! كەچی لەلای ئەمان نوێژنەكردن ئیمان كەم دەكاتەوە ، ڕەنگە بگاتە ئەوەی كە خاوەنەكەی بكەوێتە كوفرەوە ، هەروەكو پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومما لا شك فيه أن التساهل بأداء ركن من هذه الأركان الأربعة العملية مما يعرض فاعل ذلك للوقوع في الكفر ... فيخشى على من تهاون بالصلاة أن يموت على الكفر والعياذ باللَّه)) [1] ، واتە : وە لەوانەی كە گومانی تێدا نیە ئەوەیە كە بێ بایەخی و بە كەمگرتنی جێبەجێ كردنی ئەم بنەوایە لەم چوار بنەوا كرداریە ، یەكێكە لەو هۆكارانەی كە ئەگەری ئەوەی هەیە خاوەنەكەی بخاتە كوفرەوە ... وە ترسی ئەوەش هەیە لەسەر ئەو كەسە كە لەسەر كافرێتی بمرێت ، خوا پەناماں بدات .

بەمەش ئەوە ئاشكرا دەبێت كە : هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ووتەی ئەو زانایانەی ئەهلی سوننە ـ كە نوێژنەكەر بەكافر نازانن لە بەر تەمەڵی ـ و ووتەی مورجیئەدا نیە !!!

دووەمیان : ئەم تۆمەتەی كە دەدرێتە پاڵ زانایانی ئەهلی سوننە ، كە مورجیئەن !!! بەهۆی بەكافر نەزانینیان بۆ نوێژنەكەر ـ لەبەر تەمەڵی ـ تۆمەتباركردنێكی كۆن ، و درۆیەكی كۆنە لەسەر زمانی بیدعەكارانەوە بیستراوە ، بەڵام ئێستا پۆشاكێكی نوێی لەبەر كراوە ،

---

[1] (السلسلة الضعيفة ، للألباني : ١ / ٢١٢ ـ ٢١٣) .

هەروەکو پێشەوا (أبو الفضل السكسكي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆمان دەگێڕێتەوە کە : ((أن طائفة من أهل البدعة تسمى بالـمنصورية يتهمون أهل السنة بأنـهم مرجئة لقولـها ـ أي : لقول أهل السنة ـ إن تارك الصلاة إذا لـم يكن جاحداً لوجوبـها مسلم على الصحيح من الـمذهب : أي من مذهب الإمام أحـمد ، ويقولون هذا يؤدي إلى أن الإيمـان عندهم قول بلا عمل !!!)) [1] ، واتە : کۆمەڵێك لە بیدعەکاران کە بە مەنصوریەکان ناوبراون ، ئەهلی سوننە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مورجیئەن لەبەر ئەو ووتەیەیان ـ واتە ووتەی ئەهلی سوننە ـ : کە نوێژنەکەر ئەگەر نکولێ لەگەڵدا نەبێت موسڵمانە لەووتەی هەڵبژاردە لە بۆچوونی پێشەوا (أحـمد) ـدا ـ وە ووتوویانە ـ مەنصوریەکان ـ : ئەم ووتەیەش ئاکامی ئەوەیە کە ئیمان لە لای ئەو زانایانە ووتەی بێ کردەوەیە .

پاشان پێشەوا (السكسكي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە هەمان سەرچاوەدا ئەو تۆمەت و گومانەی بەرپەرچ داوەتەوە .

[1] (البـرهان فـي معرفة عقائد أهل الأديان ، للسكسكي : ص ٩٥ ـ ٩٦) .

حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە
(الْحُكْمُ بِغَيْرِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ) و پەیوەندی بە ئێرجاوە :

بێگومان حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگرا دایگرتووە و ناردوویەتی بۆ بەندەکانی یەکێکە لەو پێویستیە شەرعیەیانەی کە پێغەمبەران ـ صەلاّت وسەلامی خوایان لەسەر بێت ـ بۆی هاتوون ، هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾ (البقرة : ٢١٣) ، واتە : کتێب و پەرتوکی لەگەڵدا ناردوون بۆ ئەوەی حوکم و دادوەرێتی بکات لە نێوان خەڵکدا لەوەی کە جیاوازیان کەوتووەتە نێوانەوە سەبارەتی لە بیروباوەڕ بێت یان لە کار و کرداری ڕۆژانەیان ، و نەهێشتنی ستەمەکان .

خوای پەروەردگاریش سەرزنشتی پشت هەڵکەرانی ئەوانەی کردووە کە حوکم ناکەن بەوەی کە دایبەزاندەوە ، و بە سیفەتێکی خراپی ئومەتانی خاوەن کتێبی ئاسمانیەکانی ـ کە جولەکە و خاچ پەرستەکان دەگرێتەوە ـ باس کردووە ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ ﴾ (آل عمران : ٢٣) ، لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار حاڵ و باری ئومەتانی پێش ئەم ئومەتەمان بۆ دەگێڕێتەوە لەئومەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان کە خوای پەروەردگار نیعەمەتی پێ بەخشینی کتێبی پێ کەرم کردبوون کە لێرەدا مەبەست پێیان جولەکەکانە ، دەبوایا خێراترین و داوەرترین و ملکەچ ترین ئومەت بایەن ، بەڵام کە بانگ کران بۆ ئەوەی پابەند بن بە حوکمی خوای پەروەردارەوە کەچی بەجەستە و بە دڵ پشتیان لـێ هەڵکرد و بەرنگاری بوونەوە !!! ئەو گێڕانەوەش وەکو سەرزنشت و زەمکردنێکە بۆیان بۆ ئەوەی ئێمەی موسڵمان بەدەردی ئەوان نەچین ، و هەمان کاری ئەوان دووبارە نەکەینەوە ، و هەمان سەرزنشت و زەمان بەرنەکەوێت کە ئەوان بەر کەوتوون ، بەڵکو پێویست وایە کە ئێمەی موسڵمان ووتەمان ئەوە بێت کە خوای پەروەردگار لە وەسفیاندا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى

اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ (النور : ٥١ ، ٥٢) .

یان فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ ﴾ (النور : ٤٨) ، لەم ئایەتەشدا وەکو ئایەتی پێشوو خوای پەروەردگار سەرزنشت و زەمی کۆمەڵێك ستەمکار و کەسانی دڵ نەخۆش و ئیمان لاواز دەکات کە ئەگەر بانگ بکرێن بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ حوکم و دادوەریان لە نێواندا بکات ئەگەر کێشەیەك کەوتە نێوانیانەوە ، ئەوا دەبینیت یاساکانی سەردەمی نەفامی ، و ناشەرعیەکان هەڵدەبژێرن بەسەر حوکمە شەرعسەکاندا ، و پشتیان لـێ هەڵدەکەن ، هەموو ئەوەش لەبەر شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیانە [1] .

بەڵام جوابدانەوەی ئیمانداران بۆ ئەم داواکاریەی ـ واتە : حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ ناردوویەتی ـ بە سیفەتێکی چاك داناوە ، و باسی لێوە کردووە ، هەروەکو لە وەسفی ئیماندارانداا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (النور : ٥١) ، واتە : تەنها ووتەی باوەڕدارانی تەواو ـ لەکاتێکدا کە بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی کە خوای پەوەردگار (واتە : قورئانەکەی) و پێغەمبەرەکەی ﷺ (واتە : سوننەتەکانی) دادوەری و حوکمیان لەنێواندا بکەن ـ ئەوەیە کە دەڵێن : گوێبیستی داواکاریەکە بووین ، ملکەچیشین ، ئا ئەو جۆرە کەسانەن سەرفرازی دونیا و دوارۆژیشن .

خاڵی سەرەکی ئەم کارەش ـ پاش ڕاگەیاندنی بەندایەتی و گوێڕایەڵی بەندەکان بۆ خوای پەروەردگار ـ ژیانی ئاسوودەیی و خۆشبەختی تاك و کۆمەڵگایە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ ﴾ (البقرة : ١٧٩) .

کەواتە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندوە سیفەتی ئیماندارانە ، و پشت لـێ هەڵکردن و حوکم نەکردن پێی سیفەتی جولەکە و خاچ پەرستانە ، هەروەکو خوای

---

[1] بڕوانە : (تفسير السعدي : ١/ ٥٧١) .

پەروەردگار دەربارەیان چەندەها ئایتی دابەزاندووەتە خوارەوە ، لەوانەش : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ .

كە پێشەوا (ابن عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ لە باسی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم چەند ئایەتەدا فەرموویەتی : ((أَنْزَلَهَا اللَّهُ فِي الطَّائِفَتَيْنِ مِنَ الْيَهُودِ)) [1] ، واتە : خوای پەروەردگار ئەم ئایەتانەی سەبارەت بە دوو کۆمەڵی جولەکە دابەزاندووە .

---

[1] قال العلامة المحدث الشيخ ناصر الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ في تخريجه لأثر (ابن عباس) في قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ في (السلسلة الصحيحة ، المجلد السادس ، القسم الأول : ص ١٠٩ـ١١٦ ، برقم : ٢٥٥٢ ، تحت عنوان : سبب نزول ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ ﴾ الآية ، وأن الكفر العملي غير الاعتقادي) :

((إن اللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ أنزل : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ قال ابن عباس : أنزلها اللَّه في الطائفتين من اليهود وكانت إحداهما قد قهرت الأخرى في الجاهلية حتى ارتضوا واصطلحوا على أن كل قتيل قتله (العزيزة) من (الذليلة) فديته خمسون وسقا ، وكل قتيل قتله (الذليلة) من (العزيزة) فديته مائة وسق ، فكانوا على ذلك ، حتى قدم النبي ﷺ المدينة ، فذلت الطائفتان كلتاهما لمقدم رسول اللَّه ﷺ ، ويومئذ لم يظهروا ولم يوطئهما عليه وهو في الصلح ، فقتلت الذليلة من العزيزة قتيلا ، فأرسلت (العزيزة) إلى (الذليلة) أن ابعثوا إلينا بمائة وسق ، فقالت (الذليلة) : وهل كان هذا في حيين قط دينهما واحد ، ونسبهما واحد ، وبلدهما واحد ، دية بعضهم نصف دية بعض ؟! إنا إنما أعطيناكم هذا ضيما منكم لنا ، وفرقا منكم ، فأما إذ قدم محمد فلا نعطيكم ذلك ، فكادت الحرب تهيج بينهما ، ثم ارتضوا على أن يجعلوا رسول اللَّه ﷺ بينهم .

ثم ذكرت (العزيزة) فقالت : واللَّه ما محمد بمعطيكم منهم ضعف ما يعطهم منكم ، ولقد صدقوا ، ماأعطونا هذا إلا ضيما منا ، وقهرا لهم فدسوا إلى محمد من يخبر لكم رأيه ؛ إن أعطاكم ما تريدون حكمتموه ، وإن لم يعطكم حذرتم فلم تحكموه . فدسوا إلى رسول اللَّه ﷺ ناسا من

بەڵام : ئایا ئەگەر هەر تاکێك لە موسڵمانان ـ کاربەدەست بێت یان هەر تاکێکی تری موسڵمان ، چونکە ئەو کارە پەیوەست نیە تەنها بە کاربەدەستانەوە !!! هەروەکو کەسانێکی

المنافقين ليخبروا لهم رأي رسول اللَّه ﷺ فلما جاء رسول اللَّه ﷺ أخبر اللَّه رسوله بأمرهم كله وما أرادوا ، فأنزل اللَّه ـعَزَّوَجَلَّـ : ﴿ يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا ﴾ إلى قوله : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ ثم قال : فيهما واللَّه نزلت ، وإياهما عنى اللَّه ـعَزَّوَجَلَّـ) .

أخرجه أحمد (١/ ٢٤٦) والطبراني في (المعجم الكبير : ٣ / ٩٥/ ١) من طريق عبدالرحمن بن أبي الزناد عن أبيه عن عبيداللَّه بن عبداللَّه بن عتبة بن مسعود عن ابن عباس قال : فذكره .

وعزاه السيوطي في (الدر المنثور : ٢/ ٢٨١) لأبي داود أيضا وابن جرير وابن المنذر وأبي الشيخ وابن مردوية عن ابن عباس ، وهو عند ابن جرير في (التفسير : ١٢٠٣٧، ج١٠/ ٣٥٢) من هذا الوجه ، لكنه لم يذكر في إسناده ابن عباس . وعند أبي داود (٣٥٧٦) نزول الآيات الثلاث في اليهود خاصة في قريظة والنضير فقط خلافا لما يوهمه قول ابن كثير في التفسير (٦/ ١٦٠) بعد ما ساق رواية أحمد هذه المطولة : (ورواه أبو داود من حديث ابن أبي الزناد عن أبيه نحوه !

وقد نقل عن صاحب (الروض الباسم في الذب عن سنة أبي القاسم) أنه حسن إسناده . ولم أر هذا في كتابه : (التفسير) فلعله في بعض كتبه الأخرى .

وتحسين هذا الإسناد هو الذي تقتضيه قواعد هذا العلم الشريف ، فإن مداره على عبدالرحمن بن أبي الزناد ، وهو كما قال الحافظ) : صدوق ، تغير حفظه لما قدم بغداد ، وكان فقيها) .

فقول الهيثمي (٧/ ١٦) : (رواه أحمد والطبراني بنحوه ، وفيه عبدالرحمن بن أبي الزناد ، وهو ضعيف ، وقد وثق ، وبقية رجال أحمد ثقات) .

قلت (أي : الألباني) : فقوله فيه : (ضعيف ، وقد وثق) ليس بجيد ، لأنه يرجح قول من ضعفه على قول من وثقه ، والحق أنه وسط ، وأنه حسن الحديث ؛ إلا أن يخالف ، وهذا مما لايستفاد من قوله المذكور فيه . واللَّه أعلم .

نەزانکار تێگەیشتوون !!! ـ بکەوێتە ئەم تاوانەوە ـ واتە : تاوانی حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار ناردوویەتیە خوارەوە ـ !!! چ حوکمێکی دەبێت ، و چ مەرجێکی بۆ دانراوە ؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەووترێت : بۆچوونی پێشەوایان و زانایانی ئەهڵی سوونە و جەماعە لەم باس پرسەدا ڕوون و ئاشکرایە و لە پەرتوکەکانیاندا بە جوانترین شێوە خراوەتە ڕوو و ڕوون کراوەتەوە ، لەوانەش کە لە بارەیەوە ڕوونکردنەوەیان داوە :

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ (ابن عباس) ـە ـ ڕەزای خوا لەخۆی و باوکی بێت ـ کە لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ لە سورەتی (المائدة) فەرموویەتی : ((هِيَ بِهِ كُفْرٌ ، وَلَيْسَ كَمَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ)) [1] ، واتە : ئەوەی کە تێیدایە بەکوفر دەژمێردرێت ، بەڵام وەکو ئەو کەسە نیە کە کوفری بەخوای پەروەردگار وفریشتە وکتێب وپێغەمبەرانی و بەڕۆژی دوایی کردبێت .

وە (طاووس) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە یەکێکە لە شوێنکەوتوان ـ واتە : التابعین ـ فەرموویەتی : ((لَيْسَ بِكُفْرٍ يَنْقُلُ عَنِ الْمِلَّةِ)) [2] ، واتە : کوفرێك نیە لەو جۆرە کوفرانەی کە مرۆڤ لە ئایین دەربکات .

هەروەها (عطاء) ـی کوڕی (أبي رَبَّاح) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((كُفْرٌ دُوْنَ كُفْرٍ ، وَظُلْمٌ دُوْنَ ظُلْمٍ ، فِسْقٌ دُونَ فِسْقٍ)) [3] ، واتە : کوفرەکە کوفری بچووکە ، و زوڵمەکەش زوڵمی بچووکە ، و فاسقێتیەکەش فوسقی بچووکە .

هەر ئەوەش ـ کە کوفری بچوکە و ئەنجامدەری لە ئیسلام دەرناکات ، و حوکمی پاشگەزبوونەوەی بەسەردا نادرێت ـ دەقی ووتەی پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ـە ـ بە

---

[1] (أخرجه المروزي ، وإسناده صحيح) .

[2] (أخرجه المروزي ، وإسناده صحيح) .

[3] (أخرجه المروزي بإسناد صحيح) .

ڕەحمەت بێت ـ هەروەك لە (مسائل ابن هانـي : ٢ / ١٩٢) ـدا هـاتووە ، و بۆچوونی پێشەوا (أبو عبيد القاسم بن سلام) یشە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە (كتاب الإيمـان : ص ٤٥) ـدا .

هەموو ئەم ووتانەش ئەوە ئاشكرا دەكەن كە تەنها ئەنجام دانی ئەو كارە لەجۆری كوفری گەورە نیە ، بەوەش حوكم كردن بە جگە لەوەی كە خوای پەروەردگار دابیەزاندووە ، وەكو هەموو تاوانەكانی ترە كە بە كوفر ناویان هاتووە و باسیان لێوە كراوە ، وەكو كوشتنی موسڵمان كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە وەسفیدا فەرموویەتی : « وَقِتَالُهُ كُفْرٌ » [١] ، واتە : وە كوشتنی موسڵمانیش كوفر و بێباوەڕیە ، بەڵام مەبەست لێرەدا كوفری بچووكە ، و خاوەنەكەی پێی دەرناچێت لە ئیسلام ، مەگەر بیروباوەڕێكی كوفری پێوەی پەریوەست بێت ، وەكو بەحـەڵاڵدانان (الاستحلال) ـی ئەو تاوانە [٢] !!!!

هەروەكو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەبارەیەوە فەرموویەتی : ((والإنسان متى حلل الحرام المجمع عليه ، أو حرم الحلال المجمع عليه ، أو بدل الشرع المجمع عليه ، كان كافراً مرتداً ، باتفاق الفقهاء وفي مثل هذا نزل قوله على أحد القولين : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، أي : هو المستحل للحكم بغير ما أنزل اللّه)) [٣] ، واتە : مرۆڤ چ كاتێك حەرامێك كە زانایان هاودەنگ و كۆڕان لەسەری حەڵاڵ بكات ، یان حەڵاڵێك كە زانایان هاودەنگ و كۆڕان لەسەری حەرام بكات ، یان شتێكی شەرعی كە زانایان هاودەنگ و كۆڕان لەسەری بگۆڕێت ، ئەوا بێباوەڕ و

---

[١] (رواه البخاري ومسلم) .

[٢] دەڵێم : پێویستە جیاوازی بكەین لەنێوان حەصركردنی كوفر تەنها لەبەحەڵاڵكردنی دڵدا (الاستحلال القلبي) كە بۆچوونی مورجیئەی گومڕایە ـ هەروەك لە پێشدا ڕوونكرایەوە ـ لە گەڵ ڕەچاوكردنی مەرجی (الاستحلال) بۆ تەكفیركردنی ئەو كەس وكاربەدەستانەی كەحوكم بەجگە لەوە دەكەن كە خوای پەروەردگار دابیەزاندووە ! چونكە ئەمەیان پرس وباسێكە وئەوەشیان یەكێكی تر ، جا بەئاگابە نەك بكەویتە هەڵەوە !

[٣] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ٢٦٧) .

پاشگەزبووەتەوە لەئایین بەکۆڕای شەرعزانان ، وە سەبارەت بەم جۆرانە وهاوشێوەکانیان ـ بەپێی یەکێك لەبۆچوونەکان ـ ئەم ئایەتە دابەزیوە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، واتە : ئەو کەسەیە کە حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دابیەزاندووە بەحەلاڵ دەزانێت .

وە پێشەوا (عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وإنما يحرم التحكيم إذا كان المستند إلى شريعة باطلة تخالف الكتاب والسنة ، كأحكام اليونان والإفرنج والتتر وقوانينهم التي مصدرها آراؤهم وأهواؤهم ، وكذلك سوالف البادية وعاداتهم الجارية . فمن استحل الحكم بهذا في الدماء ، أو غيرها فهو كافر ، قال تَعَالَى : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، وهذه الآية : ذكر فيها بعض المفسرين : أن الكفر المراد هنا كفر دون الكفر الأكبر ، لأنهم فهموا أنها تتناول من حكم بغير ما أنزل اللّه ، وهو غير مستحل لذلك ، لكنهم لا ينازعون في عمومها للمستحل ، وأن كفره مخرج عن الملة)) [١] ، واتە : لەو کاتەدا دادوەریەکە حەرام دەبێت کە متمانە بکاتە سەر تەشریعێکی پوچەڵ کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت ، وەکو سیستەم و ئەحکامی یۆنانی ، یان بیانی ، یان تەتەری ، و یاساکانیان کە سەچاوەی بۆچوون و ئارەزووەکانیانە ، هەروەها داب و نەریتی عەشایەری کە تیایاندایە ، بۆیە هەر کەسێك دادوەری بەو شتانە بەحەلاڵ بزانێت لەخوێن ، جگە لەخوێنیش ئەوا کافر و بێ باوەڕ دەبێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، وە ئەم ئایەتەش ، هەندێك لەڕاڤەوانان سەبارەتی فەرموویانە : ووشەی (الكفر) لێرەدا مەبەست پێی کوفری بچووکە ، چونکە بەدیدی ئەوان وا تێگەیشتوون کە ئەوانە دەگرێتەوە کە حوکم دەکەن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دابیەزاندووە ، بەڵام بەبێ بەحەلاڵدانان بۆ ئەو کارەی ، بەڵام ڕاڤەوانان لەگشتێتی حوکمەکەدا جیاواز نین کە بەحەلاڵدانەر دەگرێتەوە ، و کوفرەکەشی لەو جۆرە کوفرانەیە کە مرۆڤ لە ئایین دەردەکات .

---

[١] (منهاج التأسيس والتقديس : ص٧١) .

وە بەهەمان شێوە گەورە زانایانی (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) لە وڵاتی (السعودية) فەرموویانە : ((لكن إن استحل ذلك ، واعتقده جائزاً فهو كفر أكبر ، وظلم أكبر ، وفسق أكبر يخرج من الملة)) [١] ، واتە : بەڵام ئەگەر ئەو کارەی بەحەڵاڵ دانا ، وبیروباوەڕی وابوو کە دروستە ، ئەوە کوفری گەورەیە ، و زڵمەکەش گەورەیە ، وفوسقەکەش هەر گەورەیە .

وە پێشەوا و موفتی پێشووی وڵاتی سعودیە (عبدالعزيز بن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەفەتوایەکی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لەڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ، و ڕۆژنامەی (المسلمون) ـدا بڵاوبوویەوە فەرموویەتی : ((اطلعت على الجواب المفيد القيم الذي تفضل به صاحب الفضيلة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ـ وفقه اللَّه ـ المنشور في جريدة الشرق الأوسط وصحيفة المسلمون الذي أجاب به فضيلته من سأله عن تكفير من حكم بغير ما أنزل اللَّه من غير تفصيل ، فألفيتها كلمة قيمة قد أصاب فيه الحق ، وسلك سبيل المؤمنين ، و أوضح ـ وفقه اللَّه ـ أنه لا يجوز لأحد من الناس أن يكفر من حكم بغير ما أنزل اللَّه بمجرد الفعل من دون أن يعلم أنه استحل ذلك بقلبه)) [٢] ، واتە : ئاگادارم لە ئەو وەڵامە سودبەخش وڕەوایەی کە خاوەن شکۆ شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) ـ خوا بیپارێزێت ـ فەرموویووی ، و لە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ، و (المسلمون) ـدا بڵاوکرابووەوە و کە تێدا بەڕێزیان وەڵامی ئەو کەسەی دابووەوە سەبارەت : بەکافرکردنی ئەوەی کە حوکم دەکات بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار بەبێ تەفصیڵ !! بۆیە بینیم ووتەیەکی پوخت و دروستە و حەق و ڕەوایی تێدا پێکاوە ، و ڕێبازی باوەڕدارانی تێدا

---

[١] (فتوى رقم : ٥٧٤١ ، المفتون : الرئيس : سماحة الشيخ ابن باز ، ونائبه : عبد الرزاق عفيفي ، وعضو : عبد اللَّه الغديان) .

[٢] (جريدة الشرق الأوسط ، عدد : ٦١٥٦ ، تاريخ : ١٢/ ٥/ ١٤١٦هـ) .

گرتووەتە بەر ، وە ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە تێیدا ـ خوای پەروەردگار سەرکەوتووی بکات ـ کە نابێت هیچ کەسێك هەستێت بە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە حوکم دەکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، ئەوەش تەنها بە کردەوەی ڕەهای بێ ئەوەی بزانێت کە ئەو کارەی لە دڵدا بەحەڵاڵ داناوە ، یان نە ؟!

کەواتە بەمەرج گرتنی بوونی بە حەڵاڵدانان (واتە : الاستحلال) بۆ حوکمدان لەسەر ئەو کەسەی کە حوکم بەجگە لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ـ وەك چۆن لە ووتەی زانایانی پێشوو دەردەکەوێت ـ بۆچوونی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەیە ، نەك بۆچوونی مورجیئەی گومڕا وەك سەرە نەزانکار و هاومەزهەبە سەردەمیەکانی خەواریج ـ هەروەك پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ناوزەدی کردوون [1] ـ بانگەشەی بۆ دەکەن و زانایانی ئەهلی سوننەی پێ تۆمەتبار و لەکەدار دەکەن !!!

---

[1] ((سئل محدث العصر الإمام المجدد : محمد بن ناصر الدين الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عن كتاب : (ظاهرة الإرجاء في الفكر الإسلامي لسفر الحوالي) هل رأيته ؟

قال الشيخ : رأيته فقيل له : الحواشي ـ يا شيخنا ـ خاصة الموجودة في المجلد الثاني ؟

فقال الشيخ : كان عندي ـ أنا ـ رأي صدر مني يوماً ما منذ نحو أكثر من ثلاثين سنة حينما كنت في الجامعة [الإسلامية] وسئلت في مجلس حافل عن رأيي في جماعة التبليغ ؟

فقلت يومئذ : « صوفية عصرية » والآن خطر في بالي أن أقول بالنسبة لهؤلاء الجماعة الذين خرجوا في العصر الحاضر وخالفوا السلف ـ وأقول هنا تجاوباً مع كلمة الحافظ الذهبي ـ خالفوا السلف في كثير من مناهجهم .

فبدا لي أن اسميهم : خارجية عصرية ، فهذا يشبه الخروج الآن حين نقرأ من كلامهم ـ لأنهم في الواقع ـ كلامهم ينحو منحى الخوارج في تكفير مرتكب الكبائر . لكنهم ـ ولعل هذا ما أدري أن أقول ! ـ غفلة منهم أو مكر منهم .

وهذا أقوله ـ أيضا ـ من باب قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ ﴾ (المائدة : ٨) .

وە هیچ پەیوەندیەکیش نیە لەنێوان بۆچوونی گومڕایانەی کورت هەڵهێنانی کوفر لە بە حەڵاڵدانان (الاستحلال) ـدا کە بۆچوونی مورجیئە ، و ئەوەی کە بەحەڵاڵدانان (الاستحلال) بەمەرج بگیردرێت بۆ بەکافردانانی ئەو کەسەی کە حوکم ناکات بەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووەتە خوارەوە هەروەکو بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعەیە !!!

لەو باوەڕەشدام هاوشێوەیی ناوەکان ـ کە هەردوو بەحەڵاڵدانان (الاستحلال) ن سەرەڕای جیاوازی ناوەڕۆکەکان ـ ئەو سەرە نەزانکار و تووتی ئاسایانەی خستووەتە ئەو هەڵەیەی کە ئەهلی سوننە و زانایان و پێشەوایانی بەوە تۆمەتبار بکەن کە هاودەنگن لە گەڵ مورجیئەی گومڕادا !!!! بەڵام تەنها ئەوە بەو جۆرە کەسانە دەڵێن کە ڕاستیەکانیان لـێ شێواوە و وەکو کەسی شەو کوێر لەگۆماوی نەزانین و جەهلی خۆیاندا دەکەون و هەڵدەستنەوە : هەموو سمێڵ زەردێك هەمزە ئاغا نیە ، و هەموو خرێکیش گوێز نیە ؟!

پاش ئەم خستنەڕووە بۆ ووتە و بۆچوونی زانایان لەبارەی حوکمی حوکم نەکردن بەوەی کە خوای پەروەردگار دابەزاندووە و ئەو مەرجەی کە لەو بارەیەوە بەمەجیان داناوە ، بابزانین بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە چیە ؟ و ئایا ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هیچ پێچەوانەی زانایان و پێشەوایانی پێش خۆی بووتەوە ـ بە ڕەحمەت بن ـ یان نە ؟!!! ئەوەش بە هێنانەوەی چەند ووتەیەکی ئەم پێشەوایە ـ سەرەڕای ئەو ووتەیەی پێشووی پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە خرایە ڕوو و پشتیوانی پێشەوای تێدا بوو بۆ پێشەوا ئەلبانی لەو بۆچوونەیدا ـ ، و پاش خستنە ڕووی ووتەکان هەڵدەستین بە کورتکردنەوەیان لە چەند خاڵێکدا ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

ما أدري لايصرحون بأن كل كبيرة هي مكفرة لكنهم يدندنون حول بعض الكبائر ويسكتون ـ أو يمرون ـ على الكبائر الأخرى ، ولذلك أنا لا أرى أن نطلق القول ونقول فيهم أنهم خوارج إلا من بعض الجوانب وهذا من العدل الذي أمرنا به)) (شريط رقم : ٧٨٥ / رقم الفتوى : ١٥ ، ٥٥/ رقم الفتوى : ٤ ، القت : ٤٢:١٦:٠٠ ، قراءة ما نقل عن ابن أبي العز وابن عبدالبر في ذم المرجئة ؟) .

ووتەی یەکەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەکتێبی کەم وێنە و نایابی (سلسة الأحاديث الصحيحة) ـدا فەرموویەتی : ((إذا علمت أن الآيات الثلاث : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ نزلت في اليهود وقولهم في حكمه ﷺ : (إن أعطاكم ما تريدون حكمتموه ، وإن لم يعطكم حذرتم فلم تحكموه) وقد أشار القرآن إلى قولهم هذا قبل هذه الآيات فقال : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ (المائدة : ٤١) ، إذا عرفت هذا ، فلا يجوز حمل هذه الآيات على بعض الحكام المسلمين وقضاتهم الذين يحكمون بغير ما أنزل اللَّه من القوانين الأرضية .

أقول : لا يجوز تكفيرهم بذلك ، و إخراجهم من الملة ، إذا كانوا مؤمنين باللَّه ورسوله ، وإن كانوا مجرمين بحكمهم بغير ما أنزل اللَّه ، لا يجوز ذلك ، لأنهم وإن كانوا كاليهود من جهة حكمهم المذكور ، فهم مخالفون لهم من جهة أخرى ، ألا وهي إيمانهم وتصديقهم بما أنزل اللَّه ، بخلاف اليهود الكفار ، فإنهم كانوا جاحدين له كما يدل عليه قولهم المتقدم : (... وإن لم يعطكم حذرتموه فلم تحكموه) ، بالإضافة إلى أنهم ليسوا مسلمين أصلا .

وسر هذا أن الكفر قسمان : اعتقادي وعملي . فالاعتقادي مقره القلب . والعملي محله الجوارح . فمن كان عمله كفرا لمخالفته للشرع ، وكان مطابقا لما وقر في قلبه من الكفر به ، فهو الكفر الاعتقادي ، وهو الكفر الذي لا يغفره اللَّه ، ويخلد صاحبه في النار أبدا . وأما إذا كان مخالفا لما وقر في قلبه ، فهو مؤمن بحكم ربه ، ولكنه يخالفه بعمله ، فكفره كفر عملي فقط وليس كفرا اعتقاديا ، فهو تحت مشيئة اللَّه ـ تَعَالَى ـ ؛ إن شاء عذبه ، وإن شاء غفر له)) ... .

پاشان شێخ چەند تاوانێك باس دەكات كە بەكوفر ناویان هاتووە ، كەچی بەو جۆرە كوفرە دانەنراوە كە مرۆڤی پێ لە ئایین دەردەچێت ... : ((فمن قام من المسلمين بشيء من هذه المعاصي ، فكفره كفر عملي ، أي إنه يعمل عمل الكفار ، إلا أن يستحلها ، ولا يرى كونها معصية فهو حينئذ كافر حلال الدم ، لأنه شارك الكفار في عقيدتهم أيضا ، والحكم بغير ما أنزل اللَّه ، لا يخرج عن هذه القاعدة أبدا ، وقد جاء عن السلف ما يدعمها ، وهو قولهم في تفسير الآية : (كفر دون كفر) صح ذلك عن ترجمان القرآن عبداللَّه بن عباس .رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا. ، ثم تلقاه عنه بعض التابعين وغيرهم ، ولا بد من ذكر ما تيسر لي عنهم لعل في ذلك إنارة للسبيل أمام من ضل اليوم في هذه المسألة الخطيرة ، ونحا نحو الخوارج الذين يكفرون المسلمين بارتكابهم المعاصي ، وإن كانوا يصلون ويصومون !)) . . .

پاشان لێكدانەوەی پێشین لە هاوەڵان و شوێنكەوتوان ، و زانایان لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە ، و دواتر دەفەرموێت : ((وجملة القول ؛ أن الآية نزلت في اليهود الجاحدين لما أنزل اللَّه فمن شاركهم في الجحد ، فهو كافر كفرا اعتقاديا ، ومن لم يشاركهم في الجحد فكفره عملي لأنه عمل عملهم ، فهو بذلك مجرم آثم ، ولكن لا يخرج بذلك عن الملة كما تقدم عن ابن عباس رضي الله عنه .

وقد شرح هذا وزاده بيانا الإمام الحافظ أبو عبيد القاسم بن سلام في (كتاب الإيمان : باب الخروج من الإيمان بالمعاصي : ص ٨٤ ـ ٩٧ بتحقيقي) ، فليراجعه من شاء المزيد من التحقيق .

وبعد كتابة ما سبق ، رأيت شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ يقول في تفسير آية الحكم المتقدمة في (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٨) : ((أي هو المستحل للحكم بغير ما أنزل اللَّه)) .

ثم ذكر (٧ / ٢٥٤) أن الإمام أحمد سئل عن الكفر المذكور فيها ؟ فقال : كفر لا ينقل عن الإيمان ، مثل الإيمان بعضه دون بعض ، فكذلك الكفر ، حتى يجيء من ذلك أمر لا يختلف فيه .

وقال (٧ / ٣١٢) : ((وإن كان من قول السلف أن الإنسان يكون فيه إيمان ونفاق ، فكذلك في قولهم أنه يكون فيه إيمان وكفر ؛ ليس هو الكفر الذي ينقل عن الملة ، كما قال ابن عباس وأصحابه في قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، قالوا : كفر لا ينقل عن الملة . وقد اتبعهم على ذلك أحمد ، وغيره من أئمة السنة)) [1] .

واتە : ئەگەر زانیت کە ئەم سێ ئایەتە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ سەربارەت بە جولە و ووتەیان سەبارەت بەحوکمی پێغەمبەر ﷺ هاتووەتە خوارەوە کە دەیانووت : ((ئەگەر ئەوەی پێدان کە ئێوە دەتانەوێت بیکەن بەدادوەر لەنێوانتاندا ، وە ئەگەر ئەوەی پێنەدا کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لەنێوانتاندا)) وە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەم ووتەیەیان کردووە ، پێش ئەم ئایەتانە ، و فەرموویەتی : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ ، جا ئەگەر ئەمەت زانی ، دروست نیە حوکمی ئەم ئایەتە بدەی بەسەر هەندێك لە کاربەدەستی موسڵمانان و دادوەڕانیاندا ، ئەوانەی کە حوکم دەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، لە یاسا مرۆڤ کردەکان .

دەڵێم (واتە : پێشەوا ئەلبانی) : نابێت بەوە تەکفیر بکرێن ، و لە ئومەتی ئیسلام دەربکرێن ، ئەگەر باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی هەبوو ﷺ ، ئەگەرچی بەو حوکمکردنەیان کە بە جگە لەوە دەیکەن کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە بە ستەمکاریش لەقەڵەم بدرێن ، بەڵام نابێت حوکمی کوفریان بەسەردا بدرێت ، چونکە ئەوان ئەگەر لە

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني ، المجلد السادس ، القسم الأول ، ص ١٠٩ ـ ١١٦) .

ڕواڵەتی حوکم کردنەکەیان وەکو جولەکان بن ، دەبینین لەلایەنی ترەوە جیاوازن لێیان ، کە بریتیە لە باوەڕهێنان و بەڕاست دانانیان بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، بە پێچەوانەی جولەکە بێباوەڕەکان ، کە نکولێیان لـێ دەکرد ، هەروەکو ووتەی پێشوویان بەڵگەیە لەسەری : ((وە ئەگەر ئەوەی پێنەدا کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لە نێوانتاندا)) ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هەر لە بنەواوە موسڵمان نین .

وە نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە کوفر دوو جۆرە : ئیعتیقادی و کردەوەیی ، ئیعتیقادیەکەشیان جێگەی دڵە و کردەوەییەکەش جێگەی ئەندامەکانی لەش و ڕووکەشە .

جا ئەو کەسەی کە کردەوەکەی کوفر بێت لەبەر پێچەوانە بوونەوەی بۆ شەریعەت ، و هاوشێوەی ئەو کوفرە بێت کە لە دڵدایە ، ئەوا ئەو کاتە کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و ئەو کوفرەیە کە خوای پەروەردگار لێی خۆش نابێت ، و خاوەنەکەشی بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە .

بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەو کوفرە بێت کە لەدڵیدا جێگیربووە ، ئەوا ئەو کەسە باوەڕی بە حوکمەکەی خوای پەروەردگاری هەیە ، بەڵام بەکردەوەکانی پێچەوانەی بووتەوە ، ئەوا کوفرەکەی تەنها کوفرێکی کرداریە ، نەك کوفرێکی ئیعتیقادی ، و دەکەوێتە ژێر ویست و مەشیئەتی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی هەبوو سزایی دەدات ، وە ئەگەر ویستی هەبوو لێی خۆش دەبێت .

پاشان شێخ چەند تاوانێك باس دەکات کە بەکوفر ناویان هاتووە ، کەچی بەو جۆرە کوفرە دانەنراوە کە مرۆڤی پێ لە ئایین دەردەچێت ... و دەڵێت : جا هەر کەسێك لە موسڵمان هەستێت بە هەندێك لەم تاوانانە ، ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی کرداریە ، واتە : کردەوەی بێ باوەڕان دەکات ، جگە لەوەی کە ئەگەر بە حەڵاڵی بزانێت ، و بە تاوانی نەزانێت ، ئەو کاتە پێی کافر دەبێت و خوێنی حەڵاڵ دەبێت ، چونکە هاوبەشی بێ باوەڕانی کردووە لە بیروباوەڕیشیاندا ، حوکم کردنیش بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندوە هەرگیز لەم ڕێسایە بەدەر نیە ، بگرە لە پێشینیشەوە ئەوە هاتووە کە پاڵپشتی ئەمە بکات ، ئەویش ئەو ووتەیەیانە کە لەڕاڤەی ئایەتەکەدا فەرموویانە : ((كفر دون كفر)) کە بە (صحيح) ـی لە ڕاڤەوانی قورئان (عبداللَّه) کوڕی (عباس) ـەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ پێمان گەشتووە ، پاشان هەندێك لە شوێنکەوتوان و جگە لەوانیش ئەوەیان لێوە وەرگرتووە ، وە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئەوەی

کە لە توانادا بێت لێیانەوە باس بکەم ، بەڵکو ببێتە ڕووناك کەرەوەی ڕێگای ئەو کەسانەی لاڕێبوون لەم ڕۆژانەدا و لەم باس و پرسە زۆر ترسناکەدا ، و ئەو ڕێگایەیان گرتووەتە بەر کە خەواریجەکان گرتووبویانەبەر کە بە کەوتنە تاوان موسڵمانانیان بەکافر دەکرد ، ئەگەرچی نوێیشیان بکردایە و ڕۆژووشیان بگرتایە !!

پاشان لێکدانەوەی پێشین لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان ، و زانایان لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە ، و دواتر دەفەرموێت : پوختەی ووتەکان ئەوەیە کە :

ئەم ئایەتانە لەسەر جولەکەی نکولێکار دابەزیوون کە نکولیان لەوەبوو کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە ، جا هەر کەسێك هاوبەشیان بکات لەنکولێکردندا ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و هەر کەس کە هاوبەشیان نەکات لە نکولێکردنەکەیان ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی کردەوەییە ، چونکە هەمان کردەوەی ئەوانی کردووە ، و بەوەش کەسێکی ستەمکار و تاوانبارە ، بەڵام بەو کردەوەیەی لە ئومەتی ئیسلام دەرناچێت هەروەکو پێشتر لە ووتەکەی (عبداللَّه) ـی کوڕی (عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ گێڕامانەوە .

پێشەوا (الحافظ أبو عبيد قاسم بن سلام) یش لە (الإيمان) ـدا لە باسی (الخروج من الإيمان بالمعاصي : ص ٨٤ ـ ٩٧) بە تەحقیقی من ، ئەوەی لێکداوەتەوە و زیاتر ڕوونی کردووەتەوە ، جا هەر کەسێك ئەیەوێت زیاتر بزانێت بابگەڕێتەوە بۆ کتێبی ناوبراو .

وە پاش ئەوەی کە نووسرا ، بینیم کە پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتی حوکمدا و لە (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٨) ـدا فەرموویەتی : ((واتە : ئەو کەسەی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە بە حەڵاڵ بزانێت)) .

پاشان لە (٧ / ٢٥٤) لە هەمان سەرچاوەدا فەرموویەتی : کە پێشەوا (أحمد) پرسیاری لێکرا سەبارەت بە کوفری باسکراو لە ئایەتەکەدا ؟ ئەویش فەرمووی : کوفرێکە خاوەنەکەی لە ئیمان ناباتە دەرەر ، ((مثل الإيمان بعضه دون بعض ، فكذلك الكفر)) ، تاکو شتێك لەوە دێت کە جیاوازی تێدا نەبێت .

وە لە (٧ / ٣١٢) ـیشدا لە هەمان سەرچاوەدا فەرموویەتی : جا ئەوەی کە لە ووتەی پێشیندا هاتووە کە مرۆڤ دەکرێت باوەڕ و دوو ڕوویشی تێدا بێت ، بەهەمان شێوە هاتووشە کە : کە مرۆڤ باوەڕ و کوفریشی تێدا کۆدەبێتەوە ، بەڵام ئەو کوفرە نیە کە لە ئومەتی دەردەکات ، هەروەکو (عبدالله) ـی کوڕی (عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ و هاوەڵانی لە ڕاڤەی ئایەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ فەرموویانە : کوفرێکە مرۆڤ لە ئومەت دەرناکات ، و پێشەوا (أحمد) ، و جگە لەویش لە پێشەوایانی سوننە لەوەدا شوێنیان کەوتووە .

ووتەی دووەم : هەر لەم بارەیەوە و ئەم پێشەوایە لەووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : ((قوله : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ ، قال : وهي في الكفار كلها [1] .

والحديث : دليل صريح في أن المقصود بهذه الآيات الثلاث الكفار من اليهود والنصارى ؛ وأمثالهم الذين ينكرون الشريعة الإسلامية وأحكامها ، ويلحق بهم كل من شاركهم في ذلك ؛ ولو كان يتظاهر بالإسلام ، حتى ولو أنكر حكما واحدا منها .

ولكن مما ينبغي التنبه له ، أنه ليس كذلك من لا يحكم بشيء منها مع عدم إنكاره ذلك ، فلا يجوز الحكم على مثله بالكفر وخروجه عن الملة لأنه مؤمن ، غاية ما في الأمر أن يكون كفره كفرا عمليا .

وهذه نقطة هامة في هذه المسألة يغفل عنها كثير من الشباب المتحمس لتحكيم الإسلام ، ولذلك فهم في كثير من الأحيان يقومون بالخروج على الحكام الذين لا

---

[1] (أخرجه أحمد في مسنده (٤ / ٢٨٦) قال : ثنا أبو معاوية : ثنا الأعمش عن عبدالله بن مرة عن البراء بن عازب عن النبي ﷺ قوله ... ، وهذا إسناد صحيح على شرط الشيخين) .

يحكمون بالإسلام ، فتقع فتن كثيرة ، وسفك دماء بريئة لمجرد الحماس الذي لم تعد له عدته ، الواجب عندي تصفية الإسلام مما ليس منه كالعقائد الباطلة ، والأحكام العاطلة ، والآراء الكاسدة المخالفة للسنة ، وتربية الجيل على هذا الإسلام المصفى . واللَّه المستعان)) [1] .

واتە : ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ هەمووی سەبارەت بە بێ باوەڕان هاتووەتە خوارەوە .

فەرموودەکەش : بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە مەبەست بەم سێ ئایەتە بێباوەڕانە لەجولەکە و خاچ پەرستان و هاوشێوەکانیان ـ ئەوانەی کە نکوڵی لەشەریعەتی ئیسلامی و ئەحکامەکانی دەکەن ـ ، وە ئەوانەشیان دەدرێتەپاڵ کە هاوبەشیان دەکەن لەوەدا ، ئەگەرچی واش دەربڕێت کە موسڵمانە ، تەنانەت ئەگەر یەك حوکمیش لەحوکمەکانی ئینکار بکات .

بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی بدرێتێ ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە حوکم ناکات بەهیچ شتێکی لەگەڵ ئینکار نەکردنی بۆی ، نابێت حوکم بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا بدرێت بە کوفر و دەرچوونی لەئوممەت ، چونکە ئەو باوەڕدارە ، ئەوپەڕی ئەوەی کە لەو کارەدا هەیە ئەوەیە کە کوفرەکەی کوفرێکی کرداریە .

ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەم پرس و باسەدا ، کە زۆرێك لەلاوانی پەرۆش و هەڵچوو بۆ هاتنەدی حوکمی ئیسلام لێی بێئاگان !!! بۆیە دەبینیت لەزۆرێك لەبوارەکاندا هەڵدەستن بە دەرچوون لەو کاربەدەستانەی کە حوکم بەئیسلام ناکەن ، و بەو هۆکارەشەوە ئاشوبێکی زۆر دەکەوێتەوە ، لەگەڵ ڕشتنی خوێنی چەندەها کەسانی بێ تاوان ، تەنها لەبەر ئەو حەماسەتەی کە ئامادە باشی بۆ نەکراوە ، بەڵام ئەوەی کە من بە پێویستی دەزانم ئەوەیە کە پێویستە : ئیسلام پاڵاوتە بکرێت لەوانەی کە لەو نین ، وەکو بیروباوەڕە پوچەڵەکان ، و ئەحکامە پەککەوتووەکان ،

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : المجلد السادس ، القسم الأول : ص ٤٥٧ ، حديث رقم : ٢٧٠٤ ، تحت عنوان : تفسير آيات : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ ﴾ ، وأنها في الكفار) .

لەگەڵ بۆچوونە دۆڕاوەکان کە پێچەوانەی سوننەتن ، پاشان پەروەردەکردنی نەوە و وەچەی موسڵمانان لەسەر ئەو ئیسلامە پالاوتەکراوە ... خوای پەروەردگاریش یارمەتی دەرە .

ووتەی سێیەم : وە لە دابەشکردنێکی بۆ پلەکانی تاوانی ئەو کەسانەی کە حوکم ناکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، فەرموویەتی :

((وهنا أمر يجب أن يتفطن له وهو :

أن الحكم بغير ما أنزل اللَّه قد يكون كفرا ينقل عن الملة ، وقد يكون معصية : كبيرة أو صغيرة . ويكون كفرا : إما مجازيا وإما كفرا أصغر على القولين المذكورين . وذلك بحسب حال الحاكم :

فإنه إن اعتقد أن الحكم بما أنزل اللَّه غير واجب ، وأنه مخير فيه أو استهان به مع تيقنه أنه حكم اللَّه : فهذا كفر أكبر .

وإن اعتقد وجوب الحكم بما أنزل اللَّه ، وعلمه في هذه الواقعة ، وعدل عنه مع اعترافه بأنه مستحق للعقوبة ، فهذا عاص ، ويسمى كافرا كفرا مجازيا أو كفرا أصغر .

وإن جهل حكم اللَّه فيها ـ مع بذل جهده و استفراغ وسعه في معرفة الحكم ـ وأخطأه ، فهذا مخطيء له أجر على اجتهاده وخطؤه مغفور)) [1] .

واتە : وە لێرەد شتێك هەیە پێویستە لێی بەئاگابین ئەویش ئەوەیە کە :

حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، لەوانەیە لەو جۆرە کوفرە بێت کە پێی لەئومەت دەردەچێت ، وە لەوانەشە تاوان بێت ـ گەورە یان بچوك ـ . وە بە کوفریش دابنرێت : یان وەکو مەجاز ، یان کوفرێکی بچووك بێت ، بەپێی ئەو دوو بۆچوونەی پێشوو کە باسکران ، ئەوەش بەپێی حاڵی حاکمەکە :

---

[1] (تخريج الطحاوية ، للألباني : ١/ ٦٠) .

جا ئەگەر بیروباوەڕی وابوو کە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە پێویست نیە ، و ئەو ئازادە تیایدا ، یان سوکایەتی پێدەکرد ، لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیایە لە حوکمەکەی خوای پەروەردگار : ئەوا لەم بارەدا بەکوفری گەورە دەژمێردرێت .

وە ئەگەر باوەڕی وابوو کە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە پێویستە ، وە حوکمەکەشی لەو ڕوداوەدا دەزانی ، کەچی لێی لا دەدات ، لەگەڵ داننانی بەوەی کە شایستەی سزایە ، ئا ئەم جۆرەیان : وەکو مەجاز پێی دەووترێت کافرە و کوفری کردووە ، یان کوفری بچووکی کردووە .

بەڵام ئەگەر حوکمی خوای پەروەردگاری لەو شتەدا نەزانی ـ سەرەڕای ئەوەی کە هەموو هەوڵ و کۆششێکی خستووەتە گڕ بۆ زانینی حوکمەکە ـ کەچی بەهەڵەدا چووە ، ئا ئەمەیان هەڵەی کردووە ، بەڵام پاداشتی هەیە لەسەر ئەو هەوڵ و کۆششەی کە داویەتی و هەڵەکەشی لێناگیردرێت .

ووتەی چوارەم : وە لە باسی هەڵێنجاندنی هەندێك لە سوودەکانی فەرموودەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ فەرموویەتی : ((في هذا الحديث تنبيه لأمور تتعلق بنا نحن ، وتتعلق بالأمة التي تنصب مفتين وقضاة يحكمون بغير ما أنزل اللَّه ، ويتناسى هؤلاء جميعاً الوعيد الشديد المذكور في ثلاث آيات من القرآن الكريم : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) هذه آيات صريحة بذم ، بل بالحكم بالكفر على من لم يحكم بما أنزل اللَّه .

ولكن ههنا كلمة قصيرة : أن الحكم بغير ما أنزل اللَّه منه حكمٌ يرادف الردة ، ومنه حكمٌ لا يلزم منه الردة ، التفصيل الذي ذكرناه في الكذب على رسول اللَّه ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ ـ ، أيضاً لا بد من استحضاره في تفسير هذه الآيات الثلاث : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) قال ابن عباس في تفسير (الكافرون) في هذه الآية : ﴿ كفر دون كفر ﴾ ، أي : إن الكفر نوعان : كفر اعتقادي قلبي ، كفر

عملي ، وهذا ما يجهله كثيرٌ من المسلمين اليوم وخاصة منهم الشباب الناشئ ، فإنهم يتوهمون أن كل من لم يحكم بما أنزل اللَّه فهو مرتد عن دينه ، وليس كذلك ، بل يجب أن يُنظر إلى الحاكم الذي يحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فإن كان يحكم بغير ما أنزل اللَّه مستحلاً له بقلبه ، مؤثراً له على حكم اللَّه وحكم نبيه ، فهذا هو الذي يرتد به عن دينه ، أما إن كان في قرارة قلبه يعتقد بأن الحكم بما أنزل اللَّه هو الصواب وهو الواجب ، لكن يقول : أعاننا اللَّه على هؤلاء البشر كيف لنا أن نحكم إلا بهذا ، فهو يجد لنفسه عذراً ، ولو أنه عذر غير مقبول ، إنما اعتذاره بهذا العذر يدل على أنه يؤمن بحكم اللَّه وحكم رسوله ، أنه هو الصواب ، ولكن انحرف عن هذا الحكم ، كما ينحرف كثيرٌ من الناس الذين نظن بهم خيراً .

الحاكم المسلم الذي يحكم بكتاب اللَّه ، وبحديث رسول اللَّه ليس معصوماً ، فقد يضل في حكمٍ ما ، أي : يُرشى ـ مثلاً ـ فيحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فهذا ينطبق عليه قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ولكن بأي معنى (أولئك هم الكافرون) كفر ردة أم كفر معصية ؟ ننظر إذا كان حينما ارتشى وحكم للراشي بما ليس له ، إن كان يعتقد أنه آثم في نفسه ، كما يعتقد الغاش ، والسارق ، والزاني الخ ، فهو آثم وليس بكافر ، وهذا معنى (كفر دون كفر) ، وإن كان يقول كما يقول كثير من الشباب الذي تثقف الثقافة الأجنبية ولما يدخل الإيمان في قلبه ، يقول : بلا إسلام بلا إيمان بلا رجعية بلا كذا إلخ ، فهذا وضع الغطاء على رأسه بالكفر ، فهو إلى جهنم و بئس المصير .

فإذاً : يجب أن نعرف أن الواجب على المسلم أن يحكم بما أنزل اللَّه ، وبما فسره وبينه رسول اللَّه ﷺ ؛ سواءً كان مفتياً عادياً كرجل يمشي في الطريق فيأتي إنسان ويسأله ، فيجب عليه أن يتثبت ولا يقول له : حرام حلال ؛ لأنه درس في كتاب اللَّه أنه

حرام أو حلال ، كذلك المفتي الرسمي (الموظف) أولى وأولى ألا يفتي الناس بدون رشد ، وبدون بينة وحجة ، والقضاء أولى وأولى ألا يحكم القضاة في قضائهم إلا بما جاء في كتاب اللَّه ، وما جاء عن رسول اللَّه ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ ـ)) [1] .

واتە : لەم فەرموودیەدا تێبینیەکی گرنگ هەیە پەیوەستە بەخۆمانەوە ، و پەیوەستیشە بە ئومەتەوە کە چەندەها موفتی و قازی دادەنەن بۆ ئەوەی حوکم بەوە بکەن کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، کەچی هەموو ئەوانە ئەو هەڕەشە توندەیان لە بیر خۆ دەبەنەوە کە لەم سێ ئایەتەی قورئانی پیرۆزدا باسکری لێوەکراوە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، ئەم ئایەتانە بەڕاشکاوی سەرزنشتیان تێدایە ، بەڵکو حوکمدانیان تێدایە بەکافرێتی ئەو کەسەی کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە .

بەڵام لێرەدا ووتەیەکی کورت هەیە ئەویش ئەوەیە کە : حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندوە ، جۆری وای هەیە هاوشێوەی کوفری پاشگەزبوونەوەیە ، وە جۆری واشی هەیە پاشگەزبوونەوە ناخوازێت ، بەو شێوەیەی کە لەباسی دروکردن بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ باسمان لێوەکردوە ، هەروەها دەبێت لەڕاڤەی ئەم سێ ئایەتەشدا : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ئەمەمان لە پێشچاودا بێت .

(عبداللَّه) ـی کوڕی (عباس) یش ـ ڕەزای خوا لەخۆی و باوکی بێت ـ لەتەفسیر وڕاڤەی (الكافرون) ـی ئایەتەکەدا فەرموویەتی : ((كفر دون كفر)) ، واتە : کوفر دوو جۆرە : کوفرێکی ئیعتیقادی کە لە دڵدایە ، و کوفرێك کردەوەیەی ، ئەمەش ئەوەیە کە زۆرێك لە موسڵمانان ـ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ـ نایزانن ، وە بە تایبەت ئەو گەنجانی تازە پێگەیشتوو ، کە دبینین گومانیان وایە کە هەر کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەوا پاشگەزبووەیە لە ئایینەکەی ، و واش نیە ، بەڵکو پێویستە بڕوانرێتە ئەو حاکمەی کە حوکم دەکات بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندوە ، جا ئەگەر حوکمکردنی بەوەی

---

[1] (دروس للشيخ الألباني : ٣٤ / ١٥ ، تحت عنوان : حكم من حكم بغير ما أنزل اللَّه) .

كە خوای پەروەردگار داینەبەزاندوە بەو شێوەیە بوو كە بەدڵ بەحەڵاڵی دەزانی ، و پێشی دەخست بەسەر حوكمی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ ، بێگومان ئەمەیە كە پاشگەزبووەتەوە لەئایینەكەی ، بەڵام لەقەرارەی دڵیدا بیروباوەڕی وابوو كە : حوكم كردن بەوەی كە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە دروست و پێویستە ، بەڵام دەڵێت : خوای پەروەدگار یارمەتی دەرمان بێت بەسەر ئەو خەڵكەدا ، چۆن بۆمان هەیە حوكم بكەین ئیللا بەوە نەبێت ، و ئەوەشی كردووە بە بیانوویەك بۆ خۆی ، ئەگەرچی بیانووەكەش وەرگیراو نیە ، ئەوە نەبێت كە بیانووهێنانەوەكەی بەم بیانووە تەنها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە باوەڕی بە حوكمەكەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ هەیە ، و دروستیشە ، بەڵام لایداوە لەم حوكمەدا ، هەروەكو چۆن خەڵكانێكی زۆر لادەدەن كەچی گومانی چاكیشمان پێیان هەیە .

كاربەدەستی موسڵمان كە حوكم دەكات بەكتێبەكەی خوای پەروەردگار و بەفەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ پارێزراو نیە لەتاوان ، بۆیە ڕەنگە لەحوكمێكدا لابدات ، واتە : بەرتیلی بدرێتێ ـ وەك نموونەیەك ـ و حوكم بەجگە لەوە بكات كە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، ئائەمە ئەم ئایەتەی : ﴿ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) بەسەریدا دەدرێت ، بەڵام بەكام واتایان ، بەواتای ئەوەی كە كوفرەكەی كوفری پاشگەزبوونەوەیە ، یان تاوانە و پێی دەووترێت كوفر ؟ دەڕوانین كە ئەگەر ئەو كاتەی بەرتیلی وەرگرت ، و حوكمی بەلای بەرتیلدەردا داشكاند بەوەی شتێكی پێدا كە مافی خۆی نەبوو ، ئەگەر باوەڕی وابوو كە خۆی بۆ خۆی تاوانبارە ، هەروەكو خیانەتكار و دز و داوێن پیس ... هتد ، باوەڕیان وایە كە تاوانبارن ، ئەوا تاوانبارە نەك كافر ، و ئەمەش واتای ((كفر دون كفر)) ـە ، وە ئەگەر ـ وەكو چۆن زۆرێك لە لاوانی گۆشكراو بەڕۆشنبیری بیانی دەیڵێن ـ بڵێت : بە بێ ئیسلام و بە بێ ئیمان و بە دواكەوتن ، و بەبێ ئەمە و ئەوە ... هتد ـ كە ئیمانەكەیان تەنها زارەكیە و نەڕۆشتووەتە دڵەكانیانەوە ـ ئەوا ئەمە پۆشەری كوفری بەسەر خۆدا داوە ، ئەوەش بەڕەو دۆزەخ و خراپترین ئاكام .

كەواتە : دەبێت بزانین كە پێویستە لەسەر موسڵمان حوكم بكات بەوەی كە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، و بەو شێوەیەی كە پێغەمبەرەكەی ڕاڤە و ڕوونی كردووەتەوە ﷺ ، ئەگەر موفتیەكی ئاسایی بێت و بەڕێگەدا بڕوات ، و كەسێك بێت پرسیارێكی لێبكات ، پێویستە لەسەری دڵنیایی بكات و لەخۆیەوە نەڵێت : حەرام ... حەڵاڵ ... بەڵكو ئەوەبێت كە

لەکتێبەکەی خوای پەروەردگاردا هاتووە کە حەرامە یان حەلاڵە ، هەروەها موفتیەکی ڕەسمیش زۆر لەپێشترە کە فەتوا بۆ خەڵك نەدات بەبێ چاوڕۆشنی و بەبێ بەڵگە ، دادوەریش بەهەمان شێوە ئەولاتر و ئەولاتریشە کە تێیدا دادوەران لە قەزاوەتیاندا قەزاوەت نەکەن جگە بەوە نەبێت کە لەکتێبەکەی خوای پەروەردگار و لە سوننەتی پێغەمبەرەکەی هاتووە ﷺ .

دەرەنجام و پوختەی ئەم ووتانەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم خاڵانەی لێ دەخوێنرێتەوە و هەڵدەگوازرێت :

١ ـ پێویست و واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك : کە حوکم بەوە بکات کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، و بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاڤە و ئاشکرای کردووە ، بەبێ جیاوازی لەنێوان کاربەدەستان ، و زانا ، و کەسێکی ئاساییدا .

٢ ـ هەر سێ ئایەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ لەسورەتی (المائدة) ـدا سەبارەت بە جولەکە و خاچ پەرست و بێ باوەڕان هاتووەتە خوارەوە و دابەزێنراوە .

٣ ـ نابێت بەبێ جیاوازی و وەکو خۆی ئەو حوکمەی کە لەم سێ ئایەتەدا سەبارەت بە بێباوەڕان و جولەکە و خاچ پەرستان هاتوونەتە خوارەوە و دابەزیوە بدرێت بەسەر موسڵمانانیشدا ـ کاربەدەست بن یان جگە لەکاربەدەستان ـ .

٤ ـ ئەم تاوانە ـ واتە : تاوانی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ـ هەردوو جۆری کوفری لێ دەخوێنرێتەوە :

کوفری گەورە : کە پێی دەووترێت : (الكفر الأكبر) ، یان (الكفر الاعتقادي) : و خاوەنەکەی لەئیسلام دەردەکات و حوکمی پاشگەزبوونەوەی بەسەردا دەدرێت .

کوفری بچوك : کە پێی دەووترێت : (الكفر الأصغر) ، یان (الكفر العملي) ، یان (کفر دون کفر) : کە بە تاوان دادەنرێت ، و خاوەنەکەی لەئیسلام دەرناکات ونابێت حوکمی پاشگەزبوونەوە بەسەر خاوەنەکەیدا بدرێت .

٥ ـ ئەگەر موسڵمانێك تەنها بە کردەوە بکەوێتە ئەم تاوانەوە ، کەچی بەدڵ پێچەوانەی بێتەوە ، ئەوا کوفرەکەی بە کوفری بچوك : (الكفر الأصغر = الكفر العملي = کفر دون کفر) دادەنرێت و ئەژمارەدەکرێت .

بەڵام ئەگەر بیروباوەڕێکی کوفری لەگەڵدا بێت ، **وەکو** : پێشخستنی ئەو حوکمە لەحوکمی خوای پەروەردگار ، **یان** : بەیەکسان دانانیان ، **یان** : دەربڕینی ئەوەی کە ئازادە لە پیادەکردنی حوکمی خوا یان جگە لەوە ، **یان** : حوکمی خوا بە پێویست نەزانێت ، **یان** : بە نکوڵی لێکردن (الـجحود و الإنكـار) بۆ حوکمی خوای پەروەردگار !!! ـ با خۆشی بە موسڵمان بزانێت ، و ئەگەر لە تەنها حوکمێکی شەرعیشدا بێت ـ ، **یان** : لەبەر بەحەڵاڵ دانانی (الاستحلال) بۆ ئەو کارەی ، ... هتد ، ئەوا بەکافر دادەنرێت ، و کوفرەکەشی کوفری گەورەیە (الكفر الأكبـر = الكفر الاعتقادي) ، و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات ، چونکە هاوبەشی بێ باوەڕان بووەتەوە لە بیروباوەڕیاندا ، سەرەڕای ئەوەی کە بەکردەوەش هاوشێوەیان بووەتەوە ، بە پێچەوانەی یەکەم کە تەنها لە کرداردا هاوشێوەیان بووەتەوە ، نەك لە بیروباوەڕدا .

٦ ـ ئەگەر کەسێك حوکمی خوای پەروەردگاری لە ڕوداوێکدا نەزانی و هەموو هەوڵ و کۆششێکی کرد و هەموو هەوڵەکانی خستەگڕ بۆ زانینی ئەو حوکمە کەچی هەر کەوتە هەڵەوە و حوکمی بەحوکێك کرد کە ئەوە نەبوو خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردبوو ، ئەوا ئەو کەسە بەهەڵە دادەنرێت ، و پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە لە بەرامبەر ئەو هەوڵ و کۆششەی کە کردوویەتی ، و خوای پەروەردگاریش لە هەڵەکەی دەبوورێت .

وە لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە خۆی فەرموویەتی : ((ثُمَّ يُلَقِّبُنَا هَؤُلَاءِ ـ بِالْبَاطِلِ ـ مُرْجِئَةَ الْعَصْرِ !!!)) [1] ، واتە : پاشان ئەو جۆرە کەسانە ـ بە نارەوایی ـ پێمان دەڵێن : مورجیئەی سەردەم [2] .

---

[1] (التعريف والتنبئة : ١٠٨) .

[2] یەکێك لەو گەنجە !! نەزاناکارانەی ـ کە پێشەوا ئەلبانی ئاماژەیان بۆ دەکات ـ !!!!! کە لەم ڕۆژگارەدا زۆرن و توتی ئاسان ، و تەنها گۆ (لفظ) ـی ووشەکان دووبارە دەکەنەوە ، بێ ئەوەی ناوەڕۆك و واتایان بزانن ، ئەگەرچی خاوەن بڕوانامەش بن !!! ، لەو کەسانەی کە بۆ گەشتن بە مەبەستی خۆیان ، هەموو ڕێگەیەك بەکاردێنن !!! ڕێگاکەکی میکافیلی بێت ـ کە دەڵێت : ((الغاية تبـرر الوسيلة)) ـ یان : درۆدان و چەواشەکردن بێت ـ کە دوورە لە کار و کرداری موسڵمانەوە ـ ، یان : دابڕینی ووتەی زانایان لە یەکتر ـ کە

خیانەتە لە خودی زاناکە و زانستی شەرعیش !!! ـ ... هتد !!! چونکە گرنگ تەنها ئەوەیە لە لایان بگەن بە مەست ، بێ گوێدان بە ئەو ڕێگایەی کە دەیگرنە بەر لەو کارەیاندا !!!

ئەم گەنجە ـ خۆ بەزانا زانەی کە لەڕاستیدا نەزانە !!! ـ لە ڕەشنووسێکیدا دەڵێت : ((**ولا بد من الإشارة إلى أن فضيلة الشيخ الألباني** .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. **مع جلالة قدره ـ قد وقع في خطأ كبير في قضية الحكم بغير ما أنزل الله** .تَعَالَى. ، **ـ وخالف فضيلته كلَّ العلماء الذين ذكرناهم آنفا** ـ ، إذ يقول في سلسلة الأحاديث الصحيحة عن قوله .تَعَالَى. : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ... قال : ((فلا يجوز حمل هذه الآيات على بعض الحكام المسلمين وقضاتهم الذين يحكمون بغير ما أنزل اللَّه من القوانين الأرضية . أقول : لا يجوز تكفيرهم بذلك ، وإخراجهم من الملة ، إذا كانوا مؤمنين باللَّه ورسوله ، وإن كانوا مجرمين بحكمهم بغير ما أنزل اللَّه ، لا يجوز ذلك ، لأنهم وإن كانوا كاليهود من جهة حكمهم المذكور ، فهم مخالفون لهم من جهة أخرى ، ألا وهي إيمانهم وتصديقهم بما أنزل اللَّه ، بخلاف اليهود الكفار ، فإنهم كانوا جاحدين له كما يدل عليه قولهم المتقدم : (... وإن لم يعطكم حذرتموه فلم تحكموه) ، بالإضافة إلى أنهم ليسوا مسلمين أصلا .

وسر هذا أن الكفر قسمان : اعتقادي وعملي .

فالاعتقادي مقره القلب . والعملي محله الجوارح ...)) !!!

واتە : وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بدرێت بەوەی کە شێخی پایەبەرز ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەگەڵ بەرزی پلە وڕێزی ـ **کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەوە کە لە پرس وباسی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە** ، **وتێیدا بەرێزیان پێچەوانەی هەموو ئەو زانایانە بووەتەوە کە ـ پێشتر ـ باسمان لێوەکردن** !!! کە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة) ـدا سەبارەت بە ئەم سێ ئایەتە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ، فەرموویەتی : دروست نیە حوکمی ئەم ئایەتە بدەی بەسەر هەندێك لەکاربەدەستی موسڵمانان ودادوەڕانیاندا ، ئەوانەی کە حوکم دەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، لە یاسا مرۆڤ کردەکان .

دەڵێم (واتە : پێشەوا ئەلبانی) : نابێت بەوە تەکفیر بکرێن ، و لە ئوممەتی ئیسلام دەربکرێن ، ئەگەر باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی هەبوو ﷺ ، ئەگەرچی بەو حوکمکردنەیان کە بە جگە لەوە دەیکەن کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە بە ستەمکاریش لەقەڵەم بدرێن ، بەڵام نابێت حوکمی کوفریان بەسەردا بدرێت ، چونکە ئەوان ئەگەر لەڕواڵەتی حوکم کردنەکەیان وەکو جولەکان بن ، دەبینین لەلایەنی ترەوە جیاوازن لێیان ، کە بریتیە لە باوەڕهێنان و بەڕاست دانانیان بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، بە پێچەوانەی جولەکە بێباوەڕەکان ، کە نکوڵیان لـی دەکرد ، هەروەکو ووتەی پێشوویان بەڵگەیە لەسەری : ((وە ئەگەر ئەوەی پێنەدان کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لە نێوانتاندا)) ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هەر لە بنەواوە موسڵمان نین .

وە نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە کوفر دوو جۆرە : ئیعتیقادی و کردەوەیی ، ئیعتیقادیەکەشیان جێگەی دڵە و کردەوەییەکەش جێگەی ئەندامەکانی لەش و ڕووکەشە .

لەو زانایانەش کە ئەم گەنجە ڕەشنوسکارە ـ لەم بوختیان درۆ شاخدارەیدا ـ لە ڕشنووسەکەیدا ووتەی هێناونەتەوە !!! کە گوایا ـ بە گومان و نەزانینی ئەو ـ پێشەوا ئەلبانی پێچەوانەی هەموویان بووەتەوە : پێشەوایان : (ابن تيمية) ، و (ابن باز) ، و (ابن عثيمين) و زانایانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا لە وڵاتی سعودیە (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء في السعودية) ، و (عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب) ، و (عبدارزاق العفيفي) ، و چەندان زانای تر لە زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ـ ڕەحمەتی خوا لە مردوانیان و داواکارین لە پەروەردگار زندوانیانمان بۆ بپارێزێت ـ آمین ـ .

جا لێرەدا ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ منیش تەواوی ئەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەخەمە پێش دەستی نووسەران ، و پاشان ووتەی ئەو پێشەوایانەش دێنمەوە کە ـ ڕەشنوسکار ـ ووتەی هێنانەتەوە ـ لە ڕەشنووسەکەیدا ـ !! و پاشان هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەی ڕەشنووسکار ئاشکرا دەکرێت کە لەدابڕین وقرتاندنی ووتەی زانایاندا کردوویەتی !! تەنها بۆ سەلماندنی ووتەکەی ، و ﴿ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾ .... پاشان حوکم دان بە ڕاست و درۆی ڕەشنوسکار دەهێلمەوە بۆ خوێنەرانی موسڵمان .

تەواوکاری ووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : ((إذا علمت أن الآيات الثلاث ... نزلت في اليهود وقولهم في حكمه ﷺ : (إن أعطاكم ما تريدون حكمتموه ، وإن لم يعطكم حذرتم فلم تحكموه) ، و قد أشار القرآن إلى قولهم هذا قبل هذه الآيات فقال : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ (المائدة : ٤١) ، إذا عرفت هذا : **فلا يجوز حمل هذه الآيات على بعض الحكام المسلمين وقضاتهم الذين يحكمون بغير ما أنزل الله من القوانين الأرضية** . أقول : **لا يجوز تكفيرهم بذلك**

، و إخراجهم من الملة ، إذا كانوا مؤمنين بالله ورسوله ، وإن كانوا مجرمين بحكمهم بغير ما أنزل الله ، لا يجوز ذلك ، لأنهم وإن كانوا كاليهود من جهة حكمهم المذكور ، فهم مخالفون لهم من جهة أخرى ، ألا وهي إيمانهم وتصديقهم بما أنزل الله ، بخلاف اليهود الكفار ، فإنهم كانوا جاحدين له كما يدل عليه قولهم المتقدم : (وإن لم يعطكم حذرتموه فلم تحكموه) ، بالإضافة إلى أنهم ليسوا مسلمين أصلا .

وسر هذا أن الكفر قسمان : اعتقادي وعملي . فالاعتقادي مقره القلب . والعملي محله الجوارح .

فمن كان عمله كفرا لمخالفته للشرع ، وكان مطابقا لما وقر في قلبه من الكفر به ، فهو الكفر الاعتقادي ، وهو الكفر الذي لا يغفره الله ، ويخلد صاحبه في النار أبدا .

وأما إذا كان مخالفا لما وقر في قلبه ، فهو مؤمن بحكم ربه ، ولكنه يخالفه بعمله ، فكفره كفر عملي فقط وليس كفرا اعتقاديا ، فهو تحت مشيئة الله ـ تعالى ـ إن شاء عذبه وإن شاء غفر له)) .

پاشان شێخ چەند تاوانێك باس دەكات كە بەكوفر ناویان هاتووە ، كەچی بەو جۆرە كوفرە دانەنراوە كە مرۆڤی پێ لە ئایین دەردەچێت و پاش ئەوە دەفەرموێت : ((فمن قام من المسلمين بشيء من هذه المعاصي ، فكفره كفر عملي ، أي إنه يعمل عمل الكفار ، إلا أن يستحلها ، ولا يرى كونها معصية فهو حينئذ كافر حلال الدم ، لأنه شارك الكفار في عقيدتهم أيضا ، والحكم بغير ما أنزل الله ، لا يخرج عن هذه القاعدة أبدا ، وقد جاء عن السلف ما يدعمها ، وهو قولهم في تفسير الآية : (كفر دون كفر) صح ذلك عن ترجمان القرآن عبدالله بن عباس ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ ، ثم تلقاه عنه بعض التابعين وغيرهم ، ولا بد من ذكر ما تيسر لي عنهم لعل في ذلك إنارة للسبيل أمام من ضل اليوم في هذه المسألة الخطيرة ، ونحا نحو الخوارج الذين يكفرون المسلمين بارتكابهم المعاصي ، وإن كانوا يصلون ويصومون !)) .

دواتر هەندێك لێكدانەوە و ووتەی پێشین لەهاوەڵان و شوێنكەوتوان ، و زانایان لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە ، و پاشان دەفەرموێت : ((وجملة القول ؛ أن الآية نزلت في اليهود الجاحدين لما أنزل الله فمن شاركهم في الجحد ، فهو كافر كفرا اعتقاديا ، ومن لم يشاركهم في الجحد فكفره عملي لأنه عمل عملهم ، فهو بذلك مجرم آثم ، ولكن لا يخرج بذلك عن الملة كما تقدم عن ابن عباس ﷺ .

وقد شرح هذا وزاده بيانا الإمام الحافظ أبو عبيد القاسم بن سلام في (كتاب الإيمان : باب الخروج من الإيمان بالمعاصي : ص ٨٤ ـ ٩٧ بتحقيقي) ، فليراجعه من شاء المزيد من التحقيق .

وبعد كتابة ما سبق ، رأيت شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ يقول في تفسير آية الحكم المتقدمة في (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٨) : ((أي هو المستحل للحكم بغير ما أنزل اللَّه)) .

ثم ذكر ـ أي : شيخ الإسلام ـ (٧ / ٢٥٤) : أن الإمام أحمد سئل عن الكفر المذكور فيها ؟ فقال : كفر لا ينقل عن الإيمان ، مثل الإيمان بعضه دون بعض ، فكذلك الكفر ، حتى يجيء من ذلك أمر لا يختلف فيه .

وقال ـ أي : شيخ الإسلام ـ (٧ / ٣١٢) : ((وإن كان من قول السلف أن الإنسان يكون فيه إيمان ونفاق ، فكذلك في قولهم أنه يكون فيه إيمان وكفر ؛ ليس هو الكفر الذي ينقل عن الملة ، كما قال ابن عباس وأصحابه في قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، قالوا : كفر لا ينقل عن الملة . وقد اتبعهم على ذلك أحمد ، وغيره من أئمة السنة)) (السلسلة الصحيحة المجلد السادس ، القسم الأول : ص ١٠٩ ـ ١١٦) .

واتە : ئەگەر زانیت کە ئەم سێ ئایەتە ... سەبارەت بە جولەکە و ئەو ووتەیەیان دابەزێنراوە کە سەبارەت بە دادوەری پێغەمبەری خوا ﷺ ووتوویانە : (ئەگەر دادوەریەکەی بەو شێوە بوو کە ئێوە دەتانەوێت ئەوا بیکەن بەدادوەر لە نێوانتاندا ، وە ئەگەر ئەوەی پێ نەدان کە دەتانەوێت ، ئەوا خۆتانی لێدەپارێزن و نایکەن بە دادوەر لە نێوانتاندا) ، وە قورئانی پیرۆزیش لە پێش ئەم سێ ئایەتە ئاماژەی بەم ووتەیەیان داوە کە فەرموویەتی : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ (المائدة : ٤١) ، جا کە ئەمەت زانی ئەوا بزانە کە : دروست نیە حوکمی ئەم ئایەتە بدەی بەسەر هەندێك لەکاربەدەستی موسڵمانان و دادوەرانیاندا ، ئەوانەی کە حوکم دەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، لەیاسا مرۆڤ کردەکان .

دەڵێم (واتە : پێشەوا ئەلبانی) : نابێت بەوە تەکفیر بکرێن ، و لە ئوممەتی ئیسلام دەربکرێن ، ئەگەر باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی هەبوو ﷺ ، ئەگەرچی بەو حوکمکردنەیان کە بە جگە لەوە دەیکەن کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە بە ستەمکاریش لەقەڵەم بدرێن ، بەڵام نابێت حوکمی کوفریان بەسەردا بدرێت ، چونکە ئەوان ئەگەر لە ڕواڵەتی حوکم کردنەکەیان وەکو جولەکان بن ، دەبینین لە لایەنی ترەوە جیاوازن لێیان ، کە بریتیە لە باوەڕهێنان و بەڕاست دانانیان بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، بە پێچەوانەی جولەکە بێباوەڕەکان ، کە نکوڵیان لێ دەکرد ، هەروەکو ووتەی پێشوویان بەڵگەیە لەسەری :

((وە ئەگەر ئەوەی پێنەدان کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لە نێوانتاندا)) ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هەر لە بنەواوە موسڵمان نین .

وە نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە کوفر دوو جۆرە : ئیعتیقادی و کردەوەیی ، ئیعتیقادیەکەشیان جێگەی دڵە و کردەوەییەکەش جێگەی ئەندامەکانی لەش و ڕووکەشە .

جا ئەو کەسەی کە کردەوەکەی کوفر بێت لەبەر پێچەوانە بوونەوەی بۆ شەریعەت ، و هاوشێوەی ئەو کوفرە بێت کە لە دڵدایە ، ئەوا ئەو کاتە کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و ئەو کوفرەیە کە خوای پەروەردگار لێی خۆش نابێت ، و خاوەنەکەشی بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە .

بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەو کوفرە بێت کە لە دڵیدا جێگیر بووە ، ئەوا ئەو کەسە باوەڕی بە حوکمەکەی خوای پەروەردگاری هەیە ، بەڵام بە کردەوەکانی پێچەوانەی بووتەوە ، ئەوا کوفرەکەی تەنها کوفرێکی کرداریە ، نەك کوفرێکی ئیعتیقادی ، و دەکەوێتە ژێر ویست و مەشیئەتی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی هەبوو سزایی دەدات ، وە ئەگەر ویستی هەبوو لێی خۆش دەبێت ... پاشان شێخ چەند تاوانێك باس دەکات کە بەکوفر ناویان هاتووە ، کەچی بەو جۆرە کوفرە دانەنراوە کە مرۆڤی پێ لە ئایین دەردەچێت ... و دەڵێت : جا هەر کەسێك لە موسڵمان هەستێت بە هەندێك لەم تاوانانە ، ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی کرداریە ، واتە : کردەوەی بێ باوەڕان دەکات ، جگە لەوەی کە ئەگەر بە حەڵاڵی بزانێت ، و بە تاوانی نەزانێت ، ئەو کاتە پێی کافر دەبێت و خوێنی حەڵاڵ دەبێت ، چونکە هاوبەشی بێ باوەڕانی کردووە لە بیروباوەڕیشیاندا ، حوکم کردنیش بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندوە هەرگیز لەم ڕێسایە بەدەر نیە ، بگرە لە پێشینیشەوە ئەوە هاتووە کە پاڵپشتی ئەمە بکات ، ئەویش ئەو ووتەیەیانە کە لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا فەرموویانە : ((کفر دون کفر)) کە بە (صحیح) لە ڕاڤەوانی قورئان (عبداللَّه) کوڕی (عباس) ـەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ پێمان گەشتووە ، پاشان هەندێك لە شوێنکەوتوان و جگە لەوانیش ئەوەیان لێوە وەرگرتووە ، وە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئەوەی کە لە توانادا بێت لێیانەوە باس بکەم ، بەڵکو ببێتە ڕووناك کەرەوەی ڕێگای ئەو کەسانەی لاڕێبوون لەم ڕۆژانەدا و لەم باس و پرسە زۆر ترسناکەدا ، و ئەو ڕێگایەیان گرتووەتە بەر کە خەواریجەکان گرتوویانەبەر کە بە کەوتنە تاوان موسڵمانانیان بەکافر دەکرد ، ئەگەرچی نوێیشیان بکردایە و ڕۆژووشیان بگرتایە !! ... پاشان لێکدانەوەی پێشین لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان ، و زانایان لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە ، و دواتر دەفەرموێت : پوختەی ووتەکان ئەوەیە کە : ئەم ئایەتانە لەسەر جولەکەی نکوڵیکار دابەزیوون کە نکوڵیان لەوەبوو کە خوای پەروەردگار داییەزاندوە ، جا هەر کەسێك هاوبەشیان بکات لە نکوڵیکردندا ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و هەر کەس کە هاوبەشیان نەکات لە نکوڵیکردنەکەیان ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی کردەوەییە ، چونکە هەمان کردەوەی ئەوانی کردووە ، و بەوەش

کەسێکی ستەمکار و تاوانبارە ، بەڵام بەو کردەوەیەی لە ئومەتی ئیسلام دەرناچێت هەروەکو پێشتر لە ووتەکەی (عبد اللَّـه) ـی کوڕی (عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ گێڕامانەوە .

پێشەوا و (الحافظ أبو عبيد قاسم بن سلام) یش لە کتێبی (الإيمان) ـدا لە باسی (الخروج من الإيمان بالمعاصي : ص ٨٤ ـ ٩٧) بە تەحقیقی من ، ئەوەی لێکداوەتەوە و زیاتر ڕوونی کردووەتەوە ، جا هەر کەسێك ئەیەوێت زیاتر بزانێت با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی ناوبراو .

وە پاش ئەوەی کە نووسرا ، بینیم کە پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتی حوکمدا و لە (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٨) ـدا فەرموویەتی : واتە ئەو کەسەی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە بە حەڵاڵ بزانێت .

پاشان لە (٧ / ٢٥٤) ـدا فەرموویەتی : کە پێشەوا (أحمد) پرسیاری لێکرا سەبارەت بە کوفری باسکراو لە ئایەتەکەدا ؟ ئەویش فەرمووی : کوفرێکە خاوەنەکەی لە ئیمان ناباتە دەرەر ، ((مثل الإيمان بعضه دون بعض ، فكذلك الكفر)) ، تاکو شتێك لەوە دێت کە جیاوازی تێدا نەبێت .

وە لە (٧ / ٣١٢) ـدا فەرموویەتی : جا ئەوەی کە لە ووتەی پێشیندا هاتووە کە مرۆڤ دەکرێت باوەڕ و دوو ڕوویشی تێدا بێت ، بەهەمان شێوە هاتووشە کە : کە مرۆڤ باوەڕ و کوفریشی تێدا کۆدەبێتەوە ، بەڵام ئەو کوفرە نیە کە لە ئومەتی دەردەکات ، هەروەکو (عبداللَّـه) ـی کوڕی (عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ و هاوەڵانی لە ڕاڤەی ئایەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ فەرموویانە : کوفرێکە مرۆڤ لە ئومەت دەرناکات ، و پێشەوا (أحمد) ، و جگە لەویش لە پێشەوایانی سوننە لەوەدا شوێنیان کەوتووە .

خوێنەری بەڕێز : ئەمە تەواوی ئەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانیە کە کاکی ڕەشنووسکار بەتەواوی نەیخستووەتە ڕوو ـ بە هەر هۆیەکەوە بێت ـ !!! کە تیایدا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ نەك لە خۆیەوە ، بەڵکو بەمتمانە کردنە سەر بۆچوونی پێشینانانی لەهاوەڵان و شوێنکەوتوانیان و پێشەوا و زانایانی سەلەف ـ نەك پێچەوانە بوونەوەیان هەروەکو ڕەشنووسکار دەیڵێت !!! ـ ، حوکمی ئەو کەسانە خستووەتە ڕوو کە حوکم بەوە ناکەن کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، کە تێیدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە ئەو کارە دەبێت بە دوو بەشەوە ، هەندێکی بە کوفری گەورە و پاشگەزبوونەوە داناوە لە ئاینی ئیسلام ـ خوا پەناماں بدات ـ ، و هەندێکیشی بە تاوان و کوفری بچوك داناوە ، و یەکەمیانی بە کوفری ئیعتیقادی ناوزەد کردووە و دووەمیشیان بە کوفری بچووك یان بە (كفر دون كفر) .

پاشان لەوەڵامی ئەوەی کە ئایا ئەم بۆچوونەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێچەوانەی هەموو ئەو زانایانە بووەتەوە کە ڕەشنووسکار هێناونەتیەوە ، یان هەمان بۆچوونی ئەو زانایانەی هەیە ؟!! دەووترێت : بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ئەم چەند خاڵانەی کە دێن ئەرکی دەرخستن و ئاشکراکردنی دروستی و نادروستی ئەو ووتەیە دەخەنە ئەستۆ ، لەگەڵ خستنەڕووی هەموو ئەو دابڕین و قرتاندنانەی کە پێشەی هەمیشەیی بیدعەکارانە و کاکی ڕەشنوسکاریش وەك شوێنکەوتنێك بۆ پێشینەی خۆی ئەنجامی داوون لە ووتەکاندا !!! یان هەموو ئەو چەواشەکاریانەی لە نەخستنە ڕووی فەتواکانی تری ئەو زانایانە کراوە بۆ خوێنەران !!! ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

یەکەم : تێنەگەشتن لە ووتەکانی پێشەوا (ابن تیمیة) و قرتاندنیان لەلایەن ڕەشنووسکارەوە !!!!

ڕەشنووسکار لە لاپەڕەی (٢)ـی ڕەشنووسەکەیدا ئەم ووتەیەی پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دێنێتەوە ، و دەڵێت : ((يقول شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : (وَالْإِنْسَانُ مَتَى حَلَّلَ الْحَرَامَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ أَوْ حَرَّمَ الْحَلَالَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ أَوْ بَدَّلَ الشَّرْعَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ كَانَ كَافِراً مُرْتَدّاً بِاتِّفَاقِ الْفُقَهَاءِ)) (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٧) ، واتە : پێشەوا شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەفەرموێت : کاتێك کە مرۆڤ حەرامی ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ بەحەڵاڵ زانی ، یان حەڵاڵی ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ بە حەرام زانی ، یان شەرعی خوای پەروەردگاری ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ گۆڕی ، کەسێکی کافر و مورتەد دەبێت بە یەك دەنگی شەرع زانان .

بەڵام تەواوی ووتەکەی پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەم جۆرەیە کە فەرموویەتی :

((وَالْإِنْسَانُ مَتَى حَلَّلَ الْحَرَامَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ أَوْ حَرَّمَ الْحَلَالَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ أَوْ بَدَّلَ الشَّرْعَ ـ الْمُجْمَعَ عَلَيْهِ ـ كَانَ كَافِراً مُرْتَدّاً بِاتِّفَاقِ الْفُقَهَاءِ . وَفِي مِثْلِ هَذَا نَزَلَ قَوْلُهُ عَلَى أَحَدِ الْقَوْلَيْنِ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ أَيْ : **هُوَ الْمُسْتَحِلُّ لِلْحُكْمِ بِغَيْرِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ** .

وَلَفْظُ (الشَّرْعِ) يُقَالُ فِي عُرْفِ النَّاسِ عَلَى ثَلَاثَةِ مَعَانٍ :

[**الأول**] : (**الشَّرْعُ الْمُنَزَّلُ**) وَهُوَ مَا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ وَهَذَا يَجِبُ اتِّبَاعُهُ وَمَنْ خَالَفَهُ وَجَبَتْ عُقُوبَتُهُ .

وَالثَّانِي : (**الشَّرْعُ الْمُؤَوَّلُ**) وَهُوَ آرَاءُ الْعُلَمَاءِ الْمُجْتَهِدِينَ فِيهَا كَمَذْهَبِ مَالِكٍ وَنَحْوِهِ . فَهَذَا يَسُوغُ اتِّبَاعُهُ وَلَا يَجِبُ وَلَا يَحْرُمُ ، وَلَيْسَ لِأَحَدٍ أَنْ يُلْزِمَ عُمُومَ النَّاسِ بِهِ وَلَا يَمْنَعَ عُمُومَ النَّاسِ مِنْهُ .

وَالثَّالِثُ : (الشَّرْعُ الْمُبَدَّلُ) وَهُوَ الْكَذِبُ عَلَى اللَّه وَرَسُولِهِ ﷺ أَوْ عَلَى النَّاسِ بِشَهَادَاتِ الزُّورِ وَنَحْوِهَا وَالظُّلْمِ الْبَيِّنِ فَمَنْ قَالَ إنَّ هَذَا مِنْ شَرْعِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ بِلَا نِزَاعٍ . كَمَنْ قَالَ : إنَّ الدَّمَ وَالْمَيْتَةَ حَلالٌ ...)) (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٧ ـ ٢٦٨) .

واتە : پێشەوا شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەفەرموێت : کاتێك کە مرۆڤ حەرامی ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ بەحەلاڵ زانی ، یان حەلاڵی ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ بە حەرام زانی ، یان شەرعی خوای پەروەردگاری ـ کۆڕا لەسەر کراوی ـ گۆڕی ، کەسێکی کافر و مورتەد دەبێت بە یەك دەنگی شەرع زانان ، وە سەبارەت بەمەیە ـ لە بۆچوونێك لە بۆچوونەکاندا ـ ئایەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ دابەزیوە ، کە ئەو کەسە دەگرێتەوە حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە بە حەلاڵ دەزانێت .

وە گۆی (شەرع) لە عورفی خەڵکدا بە سێ واتا بەکار دەهێنرێت :

یەکەمیان : (شەرعی دابەزێنراو) کە ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی هاتووە ، پێویستە شوێنی بکەورێت ، و ئەو کەسەش کە پێچەوانەی بێتەوە دەبێت سزا بدرێت .

دووەمیان : (شەرعی موئەوەل) کە بریتیە لەبۆچوون و ووتەی زانایان وموجتەهیدان تیایدا ، وەکو بۆچوونەکانی مالك وهاوشێوەکانی . ئەمەش دروستە شوێنی بکەورێت ، وپێویست وحەرام نیە ، وە بۆ هیچ کەسێکیش نیە زۆرینەی خەڵکی پێوە پابەند بکات ، یان ڕێگری لەزۆرینە خەڵك بکات لەپابەند بوون پێوەی .

سێیەمیشیان : (شەرعی گۆڕاو) کە بریتیە لە درۆکۆدن بە ناو خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، یان بەناو خەڵکەوە ، بەگەواهی وشایەتی درۆ ، وهاوشێوەی ئەو ، یان بەستەمی ئاشکرا ، جا هەر کەسێك بڵێت : ئەمە شەرعی خوایە ، ئەوا کوفری کردووە بەبێ جیاوازی ، وەك ئەوەی کە دەڵێت : خوێن و مردارەوەبوو حەلاڵە !!!

منیش دەڵێم : ئەم بە بەڵگە هێنانەوەیەی ڕەشنووسکار بۆ ئەم ووتەیەی پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم چەند پرسیارەی لێدەکەوێتەوە :

پرسیاری یەکەم : دەبێت کوێی ووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێچەوانەی ئەم ووتەیەی پێشەوا (ابن تیمیة) یە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ؟! یان تۆ ناتوانی لە ووتەکان تێبگەی کە وەکو یەکن ؟!

پرسیاری دووەم : کاکی ڕشنووسکار ! ئەگەر بەڕاستی مەبەستت دەرخستن و ئاشکرا کردنی ڕاستیەکانە ـ تەنها پەروەردگاریش بە ئاگایە لە نیەتەکان ـ بۆ تەواوی ووتەکەی پێشەوا (ابن تیمیة) ت نەخستووەتە ڕوو ؟!

ئایا لەبەر ئەوەی کە پێچەوانەی بۆچوونە تەکفیریەکانی جەنابتە ؟!

یان : تەواوی ووتەکە درۆکانت ئاشکرا دەکات ؟!

یان : وا دەزانی خوێنەران وەکو خۆت کەودەن و بێ ئاگان و ناگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکان ؟!

من لێرەدا حوکمەکە بۆ خوێنەران دەهێلمەوە ، جگە لەوەی کە لای خۆمەوە وادەزانم کە ڕەشنووسکار مامەڵەیەکی میکافیلیانە دەکات لەگەڵ دەق و ووتەی زانایان ـ خوای پەروەردگار پەنادەری هەمووان بێت !!!

ڕەشنووسکار جارێکی تر و لە لاپەڕەی (١٩) ـی ڕەشنووسەکەیدا ووتەیەکی تری پێشەوا (ابن تيمية) دێنێتەوە ، و بە دەردی ووتەکەی پێشووی دەبان !!! کە دەڵێت :

((قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ : (ولا ريب أن : من لم يعتقد وجوب الحكم بما أنزل اللَّه على رسوله فهو كافر فمن استحل أن يحكم بين الناس بما يراه هو عدلا من غير اتباع لما أنزل اللَّه فهو كافر ، فإنه ما من أمة إلا وهي تأمر بالحكم بالعدل وقد يكون العدل في دينها ما رآه أكابرهم بل كثير من المنتسبين إلى الإسلام يحكمون بعاداتهم التي لم ينزلها اللَّه ـ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ـ كسوالف البادية وكأوامر المطاعين فيهم ويرون أن هذا هو الذي ينبغي الحكم به دون الكتاب والسنة !! وهذا هو الكفر فإن كثيرا من الناس أسلموا ولكن مع هذا لا يحكمون إلا بالعادات الجارية لهم التي يأمر بها المطاعون فهؤلاء إذا عرفوا أنه لا يجوز الحكم إلا بما أنزل اللَّه فلم يلتزموا ذلك بل استحلوا أن يحكموا بخلاف ما أنزل اللَّه فهم كفار) !!!)) .

واتە : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : وە گومان لەوەدا نیە کە هەر کەسێك باوەڕی بە واجبێتی حوکم کردن نەبێت بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە بەسەر پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ، ئەوە کافرە ، وە ئەوەش ئەوە بەحەڵاڵ بزانێت کە حوکم بکات لە نێوان خەڵکدا بەوەی کە ئەو بە دادپەروەری دەزانێت ، بەبێ شوێنکەوتنی بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەوە کافرە ، چونکە هیچ ئومەتێك نیە ئیللا فەرمانی پێدەکرێت بەوەی کە بەدادپەروەری حوکم بکات ، وە ڕەنگە دادپەروەری لە ئایینی ئەودا ئەوە بێت کە گەورەپیاوانی بەچاکی دەزانن ، بەڵکو زۆرینەی ئەوانەی کە دەدرێنە پاڵ و نیسبەتیان بۆ ئیسلام هەیە بەو داب و نەریتەی خۆیان حوکم دەکەن کە خوای پەروەردگار دانەبەزاندووە ، وەکو ئەو باس و خواستانەی کە لە عەشایەیەکاندا هەن ، یان فەرمانی ئەو کەسانەیان کە گوێڕایەڵی کراوون تیایاندا ، وە واش دەبینن کە ئەمەیە پێویستە حوکمی پێ بکرێت ، نەك ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا هەن !!! بێگومان ئەمەش کوفرە . چونکە زۆرینەی سەرەڕای ئەوەی کە موسڵمان بوون ، بەڵام حوکم ناکەن جگە بەوە نەبێت کە لە داب و نەریتیان بۆیان ماوەتەوە و بەردەوامە !!! ئەوانەی کە فەرمانکارانیان فەرمانی پێدەکەن ، جا ئەگەر ئەوانە زانیان کە نابێت بە جگە لەوە حوکم بکرێت کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، و

پابەند نەبوون بەوەوە ، بەڵکو بەحەڵاڵیان زانی کە بە پێچەوانەی ئەوەوە حوکم بکرێت کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەوا ئەوانە کافرن .

بەڵام تەواوی ووتەکەی پێشەوا (ابن تيمة) .رَحِمَهُ اللَّهُ. بەم جۆرەیە کە فەرموویەتی : ((ولا ريب من لم يعتقد وجوب الحكم بما أنزل اللَّه على رسوله ... بل استحلوا أن يحكموا بخلاف ما أنزل اللَّه فهم كفار ، **وإلا كانوا جهالا كمن تقدم أمرهم**)) (منهاج السنة النبوية : ٥ / ١٣٠) !!!

کە بڕگەی : ((**وإلا كانوا جهالا كمن تقدم أمرهم** : ئەگەرنە بەنەزان دادەنرێن ، هەروەکو ئەوانەی پێشوو کە باسمان لێوەکردن)) ـی لێبڕاوە ، و هێنانەوەی درۆکەی ڕشنوسکار ئاشکرا دەکات !!! کە تێدا لاف و گەزافی ئەوە لێدەدات کە گوایا پێشەوا ئەلبانی پێچەوانەی زانایان و پێشەوایانی پێش خۆی بووەتەوە !!!

جا خوێنەری بەڕێز : بە ووردی تێڕامانەوە ووتەی هەردوو پێشەوا (ابن تيمية) و ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بن ـ بخوێنەوە ، بۆ ئەوەی بزانیت کە چۆن کاکی ڕەشنوسکار هەوڵی داوە وادەربڕێت کە ووتەکان دژ یەکن ، نەك هاوماناں وەك یەك ... بەڵام پەتی درۆ کورتە ، ودوابڕاوەیە ، وجگە لەڕووڕەشیش بۆ خاوەنەکەی نامێنێتەوە !!!

دووەم : پێشەوا (ابن باز) ـ بەڕەحمەت بێت ـ بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی بە (سودبەخش و ڕەوا) دەزانێت نەك بە پێچەوانە و هەڵە ـ هەر وەکو ڕەشنوسکار ئیدیعای دەکات ـ !!!

ووتەکانی پێشەوا و موفتی پێشووی وڵاتی سعودیە (عبدالعزيز بن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ، هەروەك لە کتێب و نووسراو و ووتەکانیدا پەرش و بڵاون ، بەڵام لێرەدا تەنها ووتەیەکی دێنینەوە کە تێیدا پشتیوانی و پاڵپشتی ووتەیەکی پێشەوا ئەلبانی دەکات تێیدا ، نەك پێچەوانەی ببێتەوە هەروەك کاکی ڕەشنوسکار وای بۆ خوێنەر دەرخستووە ، و لافی ئەوەی لێداوە !!! ووتەکەش ئەو ووتەیەیە کە سەبارەت فەتوایەکی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ، و ڕۆژنامەی (المسلمون) ـدا بڵاوبوویەوە فەرموویەتی و تێیدا هاتووە : ((اطلعت على الجواب المفيد القيم الذي تفضل به صاحب الفضيلة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ـ وفقه اللَّه ـ المنشور في جريدة الشرق الأوسط وصحيفة المسلمون الذي أجاب به فضيلته من سأله عن تكفير من حكم بغير ما أنزل اللَّه من غير تفصيل ، فألفيتها كلمة قيمة قد أصاب فيه الحق ، وسلك سبيل المؤمنين ، و أوضح ـ وفقه اللَّه ـ أنه **لا يجوز لأحد من الناس أن يكفر من حكم بغير ما أنزل اللَّه بمجرد الفعل من دون أن يعلم أنه استحل ذلك بقلبه**)) (جريدة الشرق الأوسط عدد : ٦١٥٦ ، تاريخ : ١٢/ ٥/ ١٤١٦هـ) ، واتە : ئاگادارم لە ئەو وەڵامە سودبەخش و ڕەوایەی کە خاوەن شکۆ شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) ـ خوا

بیپارێزێت ـ فەرموبووی ، و لە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ، و (المسلمون) ـدا بڵاوکرابووەوە و کە تێدا بەڕێزیان وەڵامی ئەو کەسەی دابووەوە سەبارەت : بەکافرکردنی ئەوەی کە حوکم دەکات بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار بەبێ تەفصیڵ !! بۆیە بینیم ووتەیەکی پوخت و دروستە و حەق و ڕەوایی تێدا پێکاوە ، و ڕێبازی باوەڕدارانی تێدا گرتووەتەبەر ، وە ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە تێیدا ـ خوای پەروەردگار سەرکەوتووی بکات ـ **کە نابێت هیچ کەسێك هەستێت بە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کە حوکم دەکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەوەش تەنها بە کردەوەی ڕەهای بێ ئەوەی بزانێت کە ئەو کارەی لە دڵدا بەحەڵاڵ داناوە ، یان نە ؟!**

جا نازانم بۆ چەواشەکاران بە درۆش بێت هەر دەیانەوێت ووتەی خۆیان بسەلێنن کە گوایا : ((**أن فضيلة الشيخ الألباني** .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. **مع جلالة قدره ـ قد وقع في خطأ كبير في قضية الحكم بغير ما أنزل اللَّه ـ تَعَالَى ـ ، ـ وخالف فضيلته كل العلماء الذين ذكرناهم آنفا**)) !!!! واتە : وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بدرێت بەوەی کە شێخی پایەبەرز ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەگەڵ بەرزی پلە و ڕێزی ـ کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەوە کە لە پرس وباسی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، و تێیدا بەڕێزیان پێچەوانەی هەموو ئەو زانایانە بووەتەوە کە ـ پێشتر ـ باسمان لێوەکردن !!!

سێیەم : قرتاندنی ووتەکانی پێشەوا (ابن عثيمين) لە لایەن ڕەشنوسکارەوە ، و تەنها هێنانەوەی ئەو بەشەی کە پاڵپشتی ووتەکانی خۆی پێ دەکات !!!!

وە لە پەڕەی (٣ ـ ٤) ـدا ووتەیەکی پێشەوا (ابن عثيمين) دێنێتەوە ، بەم شێوەیە : ((من لم يحكم بما أنزل اللَّه استخفافاً به ، أو احتقاراً له ، أو اعتقاداً أن غيره أصلح منه ، وأنفع للخلق فهو كافر كفراً مخرجاً عن الملة ، ومن هؤلاء من يضعون للناس تشريعات تخالف التشريعات الإسلامية لتكون منهاجاً يسير الناس عليه ، فإنهم لم يضعوا تلك التشريعات المخالفة للشريعة الإسلامية إلا وهم يعتقدون أنها أصلح وأنفع للخلق ، إذ من المعلوم بالضرورة العقلية ، والجبلة الفطرية أن الإنسان لا يعدل عن منهاج إلى منهاج يخالفه إلا وهو يعتقد فضل ما عدل إليه ونقص ما عدل عنه)) (مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : ٢ / ١١٤) !!!! ، واتە : ئەو کەسەی کە حوکمی نەکرد بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە وەکو بەکەم زانینێك ، یان وەکو ڕق لێیبوونێك ، یان بەو بیروباوەڕەی کە جگە لەو باشتر و گونجاوترە لەو ، و سودمەند ترە بۆ خەڵکی ، ئەوا کافرە و کوفرەکەشی کوفرێکە لە میللە دەری دەکات ، وە لەوانەش کەسانێك هەن هەندێك یاسای پێچەوانە بە یاساکانی ئیسلام بۆ خەڵك دادەنێن ، بۆ ئەوەی ببێت بە پەیڕەوێك و خەڵکی لەسەری بڕۆن ، بێگومان ئەوانە ئەو یاسا پێچەوانانەیان بە ئیسلام

دانەناوە ئیللا لەبەر ئەوەیە کە بیروباوەڕیان وایە کە گونجاوتر و سودبەخشترە بۆ خەڵك ، هەروەکو بەڵگە نەویستە لە عەقڵ و فیترەتدا کە مرۆڤ لانادات لە پەیڕەوێك بۆ پەیڕەوێکی تری پێچەوانەی ئیللا لەبەر ئەوە نەبێت کە بیروباوەڕی وایە کە ئەوەی بۆ لا دەدات چاکترە و ئەوەش کە لێی لایداوە کەم وکوڕی هەیە .

بەڵام تەواوی ووتەی ئەم پێشەوایە بەم شێوەیەیە کە دەبینین ڕشنووسکار شوێنی مەبەستی خۆی هێناوەتەوە ، بەڵام ئەوەی کە دژیەتی بڕیویەتی و قرتانیەتی ، هەروەکو دەردەکەوێت : ((وأما القسم الثاني : فمثل قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) . **وهل هذه الأوصاف الثلاثة تتنزل على موصوف واحد** ؟ بمعنى أن كل من لم يحكم بما أنزل اللَّه فهو كافر ظالم ، فاسق ، لأن اللَّه ـ تَعَالَى ـ وصف الكافرين بالظلم والفسق ، فقال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (البقرة : ٢٥٤) . وقال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ ﴾ (التوبة : ٨٤) فكل كافر ظالم فاسق .

أو هذه الأوصاف تتنزل على موصوفين بحسب الحامل لهم على عدم الحكم بما أنزل اللَّه ؟

هذا ـ أي القول الثاني ـ هو الأقرب عندي ، واللَّه أعلم .

فنقول : من لم يحكم بما أنزل اللَّه استخفافاً به ، أو احتقاراً له ، أو اعتقاداً أن غيره أصلح منه ، وأنفع للخلق فهو كافر كفراً مخرجاً عن الملة ، ومن هؤلاء من يضعون للناس تشريعات تخالف التشريعات الإسلامية لتكون منهاجاً يسير الناس عليه ، فإنهم لم يضعوا تلك التشريعات المخالفة للشريعة الإسلامية إلا وهم يعتقدون أنها أصلح وأنفع للخلق ، إذ من المعلوم بالضرورة العقلية ، والجبلة الفطرية أن الإنسان لا يعدل عن منهاج إلى منهاج يخالفه إلا وهو يعتقد فضل ما عدل إليه ونقص ما عدل عنه .

ومن لم يحكم بما أنزل اللَّه وهو لم يستخف به ، ولم يحتقره ، ولم يعتقد أن غيره أصلح منه ، وأنفع للخلق ، وإنما حكم بغيره تسلطاً على المحكوم عليه ، أو انتقاماً منه لنفسه أو نحو ذلك ، فهذا ظالم وليس بكافر وتختلف مراتب ظلمه بحسب المحكوم به ووسائل الحكم .

ومن لم يحكم بما أنزل اللَّه لا استخفافاً بحكم اللَّه ، ولا احتقاراً ، ولا اعتقاداً أن غيره أصلح ، وأنفع للخلق ، وإنما حكم بغيره محاباة للمحكوم له ، أو مراعاة لرشوة أو غيرها من عرض الدنيا فهذا فاسق ، وليس بكافر ، وتختلف مراتب فسقه بحسب المحكوم به ووسائل الحكم .

قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رحمه اللَّه ـ فيمن اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أرباباً من دون اللَّه : إنهم على وجهين :

أحدهما : أن يعلموا أنهم بدلوا دين اللَّه فيتبعونهم على التبديل ويعتقدون تحليل ما حرم ، وتحريم ما أحل اللَّه اتباعاً لرؤسائهم مع علمهم أنهم خالفوا دين الرسل فهذا كفر ، وقد جعله اللَّه ورسوله شركاً .

الثاني : أن يكون اعتقادهم وإيمانهم بتحليل الحرام وتحريم الحلال ـ كذا العبارة المنقولة عنه ـ ثابتاً لكنهم أطاعوهم في معصية اللَّه كما يفعل المسلم ما يفعله من المعاصي التي يعتقد أنها معاصٍ فهؤلاء لهم حكم أمثالهم من أهل الذنوب)) !! (مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : ٢/ ١١٤ـ١١٥) .

واتە : بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەم : وەکو ووتەی خوای پەروەردگار : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) .

وە ئایا ئەم سێ وەسفە یەك جۆر کەس دەگرنەوە ؟ بەواتای ئەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی کە حوکم نەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەوا کافر و ستەمکار و فاسقە ، چونکە خوای پەروەردگار وەسفی کافری بە ستەم و فوسق وەسف کردووە ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (البقرة : ٢٥٤) وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ ﴾ (التوبة : ٨٤) ، کەواتە هەموو کافرێك ستەمکار و فاسقە .

یان : ئەم سێ وەسفە چەند کەسێك دەگرێتەوە بەپێی پاڵنەر و ئەوەی کە وای لێکردوون حوکم نەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ؟

ئەمەیان ـ واتە ووتەی دووەم ـ لەلای من نزیکترە لە ڕاستییەوە ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

بۆیە دەڵێین : ئەو کەسەی کە حوکم نەکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، وەك بەکەم زانینێك بۆی ، یان ڕقلێبوونی بۆی ، یان بەو باوەڕەی کە جگە لەو باشتربێت لێی ، و سودبەخش تربێت بۆ خەڵك ، ئەوا ئەو کەسە کافرە ، کافر بوونێك کە دەری دەکات لە میللەت ، وە لەوانەش کەسانێك هەن هەندێك یاسای پێچەوانە بە یاساکانی ئیسلام بۆ خەڵك دادەنێن ، بۆ ئەوەی ببێت بە پەیڕەوێك و خەڵکی لەسەری بڕۆن ، بێگومان ئەوانە ئەو یاسا پێچەوانانەیان بە ئیسلام دانەناوە ئیللا لەبەر ئەوەیە کە بیروباوەڕیان وایە کە گونجاوتر و سودبەخشترە بۆ خەڵك ، هەروەکو بەڵگە نەویستە لە عەقڵ و فیترەتدا کە مرۆڤ لانادات لە پەیڕەوێك بۆ پەیڕەوێکی تری پێچەوانەی ئیللا لەبەر ئەوە نەبێت کە بیروباوەڕی وایە کە ئەوەی بۆ لا دەدات چاکترە و ئەوەش کە لێی لایداوە کەم و کوڕی هەیە .

بەڵام ئەوەی کە حوکم نەکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، بەڵام بەبێ بەکەم زانینی و بێ ڕقلێبوونی ، و بیروباوەڕی ئەوەی کە جگە لەو باشتربێت لێی ، و سودبەخشتربێت بۆ خەڵك ، بەڵکو حوکم

بکات بە جگە لەو بۆ دەستگرتن و دەسەڵاتداربوون بەسەر کەسی حوکم دراودا ، یان وەکو تۆڵەیەك لێی ، یان هاوشێوەکانی ئەوانە ، ئەوا ئەمە ستەمکارە و کافر نیە ، و پلەکانی ستەمەکەشی بەپێی حوکم پێکراوەکە و ئامرازەکانی حوکمەکە دەگۆڕێت .

وە ئەوەش کە حوکم نەکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، بەڵام بەبێ بەکەم زانینی و بێ ڕقلێبوونی ، و بیروباوەڕی ئەوەی کە جگە لەو باشتربێت لێی ، و سودبەخشتربێت بۆ خەڵك ، بەڵکو حوکم بکات بە جگە لەو لەبەر دۆستایەتی بۆ ئەو کەسەی کە حوکەکەی بۆ دراوە ، یان لەبەر بەرتیل ، و جگە لەمانە لە شتە دونیاویەکان ، ئەوا ئەمە فاسق دەبێت ، و بەکافر دانانرێت ، و پلەکانی فاسقێتیشی بەپێی حوکم پێکراوەکە و ئامرازەکانی حوکمەکە دەگۆڕێت .

شێخ الإسلام (ابن تیمة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەوانەی کە قەشە و ڕاهیبەکانیان کردبوو بە ئەربابی خۆیان جگە لە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ئەوانە دوو بەشن :

یەکەمیان : بزانن کە ئەوانە ئایینەکەی خوای پەروەردگاریان گۆڕیوە ، کەچی شوێنیان دەکەون لەو گۆڕانەدا ، بیروباوەڕیان بە حەڵاڵێتی حەرامکراوەکەی هەیە ، و بە حەرامێتی ئەوەی کە خوای پەروەردگار حەڵاڵی کردووە ، وەك شوێنکەوتنێك بۆ سەرکردەکانیان ، لەگەڵ زانیان بۆ ئەوەی کە ئەوان پێچەوانەی ئایینی پێغەمبەران بوونەتەوە ، ئا ئەمە کوفرە و خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەشی بە هاوەڵبڕیاردانیان زانیوە .

دووەمیان : بیروباوەڕ و ئیمانیان (بە حەڵاڵێتی حەرامەکە و حەرامێتی حەڵاڵەکە) ـ بەم شێوە لێیوە گێڕدراوەتەوە ـ جێگیر و دامەزراو بێت ، بەڵام گوێڕایەڵیان کردوون لە سەرپێچیکردنیان بۆ خوای پەروەردگار ، هەروەکو ئەو تاوانانەی کە موسڵمانان ئەنجامی دەدەن و بیروباوەڕیان وایە کە تاوانە ، ئا ئەوانە حوکمی هاوشێوەکانیان هەیە لە تاوانباران .

جا موسڵمانی یەکخواپەرست ، بڕوانە کە کاکی ڕەشنووسکار چۆن ووتەکەی پێشەوا (ابن عثیمین) ـی قرتاندووە !!! بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونە تەکفیریەکانی خۆی ڕێك بکەوێتەوە !!! و ئەوە بسەلمێنێت کە ووتەی پێشەوا ئەلبنی و پێشەوا (ابن عثیمین) ـ بە ڕەحمەت بن ـ پێچەوانەی یەکترن ؟!! کە واش نیە .

پاشان لەلاپەڕەی (٩) ـدا بەشێکی قرتاو لە فەتوایەکی تری پێشەوا (ابن عثیمین) دێنێتەوە : ((وسئل الشيخ محمد بن صالح العثيمين : هل هناك فرق في المسألة المعينة التي يحكم فيها القاضي بغير ما أنزل اللّه وبين المسائل التي تعتبر تشريعاً عاماً ؟ فأجاب .رَحِمَهُ اللَّهُ. : نعم هناك فرق فإن المسائل التي تعتبر تشريعاً عاماً لا يتأتى فيها التقسيم السابق وإنما هي من القسم الأول فقط ، لأن هذا المشرع تشريعاً يخالف الإسلام إنما شرعه لاعتقاده أنه أصلح من الإسلام وأنفع للعباد كما سبقت الإشارة إليه)) !!!

واتە : وە پرسیارکرا لە شێخ محمدی کوڕی صالحی عوسەیمین کرا : ئایا جیاوازی هەیە لەوەی کە ئەو حوکمەی دادوەر و قازی حوکمی تێدا دەکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە تەنها پرسێکی دیاریکراو بێت ، یان پرس و باسەکان تەشریعێکی گشتی بێت ؟

ئەویش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەڵامی دایەوە و فەرمووی : بەڵێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، چونکە ئەو پرس و باسانەی کە بە تەشریعی گشتین دادەنرێن ، ئەو دابەشکردنەی پێشووی تێدا نایەت ، بەڵکو ئەوە تەنها لەبەشی یەکەمە ، چونکە ئەو تەشریع دانەرە کە تەشریعێکی پێچەوانەی داناوە بۆ ئیسلام ، لەبەر ئەوەیە کە بیروباوەڕی وایە کە ئەمە باشتر و چاکترە لە ئیسلام و سودبەخشترە بۆ بەندەکانی خوای پەروەردگار ، هەروەکو لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد .

کەچی تەواوی ووتەکەی پێشەوا (ابن عثیمین) دوای ئەو بڕگەیەی کە ڕشنوسکار لە ڕەشنوسەکەیدا هێناویەتیەوە ، بەم شێوەیەیە : ((... والحكم بغير ما أنزل اللَّه ينقسم إلى قسمين :

أحدهما : أن يستبدل هذا الحكم بحكم اللَّه .تَعَالَى. بحيث يكون عالماً بحكم اللَّه ، ولكنه يرى أن الحكم المخالف له أولى وأنفع للعباد من حكم اللَّه ، أو أنه مساو لحكم اللَّه ، أو أن العدول عن حكم اللَّه إليه جائز فيجعله القانون الذي يجب التحاكم إليه فمثل هذا كافر كفراً مخرجاً عن الملة لأن فاعله لم يرض باللَّه رباً ولا بمحمد رسولاً ولا بالإسلام ديناً وعليه ينطبق قوله .تَعَالَى. : ﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ (المائدة : ٥٠) ، وقوله .تَعَالَى. : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، وقوله .تَعَالَى. : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لِلَّذِينَ كَرِهُوا مَا نَزَّلَ اللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْأَمْرِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ ﴾ (محمد : ٢٦ ـ ٢٨) ، **ولا ينفعه صلاة ، ولا زكاة ، ولا صوم ، ولا حج ، لأن الكافر ببعض كافر به كله قال اللَّه .تَعَالَى. :** ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (البقرة : ٨٥) ، وقال .سُبْحَانَهُ. : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا ﴾ (النساء : ١٥٠ ـ ١٥١) .

الثاني : أن يستبدل بحكم اللَّه .تَعَالَى. حكماً مخالفاً له في قضية معينة دون أن يجعل ذلك قانوناً يجب التحاكم إليه فله ثلاث حالات :

الأولى : أن يفعل ذلك عالماً بحكم اللّه ـ تَعَالَى ـ معتقداً أن ما خالفه أولى منه وأنفع للعباد ، أو أنه مساو له ، أو أن العدول عن حكم اللّه إليه جائز فهذا كافر كفراً مخرجاً عن الملة لما سبق في القسم الأول .

الثانية : أن يفعل ذلك عالماً بحكم اللّه معتقداً أنه أولى وأنفع لكن خالفه بقصد الإضرار بالمحكوم عليه أو نفع المحكوم له ، فهذا ظالم وليس بكافر ، وعليه يتنزل قول اللّه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) .

الثالثة : أن يكون كذلك لكن خالفه لهوى في نفسه أو مصلحة تعود إليه فهذا فاسق وليس بكافر ، وعليه يتنزل قول اللّه ـ تَعَالَى ـ : ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) .

وهذه المسألة أعني مسألة الحكم بغير ما أنزل اللّه من المسائل الكبرى التي ابتلي بها حكام هذا الزمان فعلى المرء أن لا يتسرع في الحكم عليهم بما لا يستحقونه حتى يتبين له الحق لأن المسألة خطيرة ـ نسأل اللّه ـ تَعَالَى ـ أن يصلح للمسلمين ولاة أمورهم وبطانتهم ـ كما أن على المرء الذي آتاه اللّه العلم أن يبينه لهؤلاء الحكام لتقوم الحجة عليهم وتبين المحجة ، فيهلك من هلك عن بينة ، ويحيا من حي عن بينة ، ولا يحقرن نفسه عن بيانه ، ولا يهابن أحداً فيه فإن العزة لله ولرسوله وللمؤمنين . و اللّه ولي التوفيق)) (مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : ج ٢ / ص ١١٥ ـ ١١٧ ، سؤال : ٢٢٨) .

واتە : وە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە دەبێتە دوو بەشەوە :

یەکەمیان : ئەوەیە کە حوکمی خوای پەروەردگار بگۆڕێت بەم حوکمە ، لەکاتێکدا کە زانا بێت بە حوکمی خوای پەروەردگار ، بەڵام ئەوە دەبینێت کە ئەو حوکمە پێچەوانەیە بەحوکمی خوا لەپێشتر و سودمەندترە بۆ بەندەکانی خوا لەحوکمەکەی خوای پەروەردگار ، یان یەکسانە بەحوکمی خوای پەروەردگار ، یان لادان و وازهێنان لەحوکمی خوای پەروەردگار دروستە ، ئەوە دەکات بەو یاسایەی کە پێویستە بۆ لای بگەڕێنەوە لەکاتی دادوەری وقەزاوەتدا ، هاوشێوەی ئەم جۆرە کەسانە کافرن وکوفرەکەشیان مرۆڤ لەئیمان دەردەکات ، چونکە خاوەنەکەی بەوە ڕازی نەبووە کە (اللّه) پەروەردگاری بێت ، وە نەش بەوەی کە (محمد) ﷺ پێغەمبەری بێت ، ونەش بەوەی کە ئایینی (ئیسلام) ئایینی بێت ، و ئەم ووتەیەی خوای پەروەردگاریش دەیگرێتەوە : ﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ (المائدة :٥٠) ، وە ئەوەش کە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، وە ئەوەش کە فەرموویەتی : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لِلَّذِينَ كَرِهُوا مَا نَزَّلَ اللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْأَمْرِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا

رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ ﴾ (محمد : ٢٦ ـ ٢٨) ، و نە نوێژ و نە زەكات و نە ڕۆژوو ، و نە حەجیش ، چونكە ئەو كەسەی كە بێ باوەڕ بێت بە هەندێكی ، بێ باوەڕە بە هەمووی ، هەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (البقرة : ٨٥) ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا ﴾ (النساء : ١٥٠ ـ ١٥١) .

دووەمیان : ئەوەیە كە حوكمی خوای پەروەردگار بگۆڕێتەوە بەحوكمێكی جگە لەو لەكێشەیەكی دیاری كراودا ، بێ ئەوەی كە بیكات بەیاسایەك كە پێویستە بۆ لای بگەڕێنەوە لەدادوەری قەزاوەتدا ، ئەمەیان سێ حاڵەتی هەیە :

حاڵەتی یەكەم : ئەوە ئەنجام بدات لەگەڵ زانینی حوكمی خوای پەروەردگار ، و باوەڕیشی وابێت كە پێچەوانەكەی لەو لەپێشترە وسودبەخشتریشە بۆ بەندەكانی خوا ، یان یەكسان پێی ، یان لادان لەحوكمی خوا دروستە ، ئەمە كافرە وكوفرەكەشی پێی لەئایین دەردەچێت ، لەبەر ئەوەی كە لەخاڵی یەكدا ووترا .

حاڵەتی دووەم : ئەوە ئەنجام بدات لەگەڵ زانینی حوكمی خوا وبیروباوەڕی ئەوەی كە حوكمی خوا لەپێشتر وسودبەخشترە ، بەڵام پێچەوانە بووەتەوە بەمەبەستی زەرەردان بەوەی كە حوكمەكەی لەسەر دەدات ، یان سودگەیاندن بەوەی كە حوكمەكەی بۆ داوە ، ئا ئەمە ستەمكارە و كافر نیە ، و ئەم ئایەتەی بەسەردا دەدرێت كە تێیدا هاتووە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) .

حاڵەتی سێیەم : بەهەمان شێوە بێت بەڵام پێچەوانەی بووەتەوە لەبەر ئارەزوویەك كە تێیدا هەیە ، یان لەبەر بەرژەوەندیەك كە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ، ئا ئەمەیان فاسقە وكافر نیە ، و ئەم ئایەتەی بەسەردا دەدرێت كە تێیدا هاتووە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) .

وە ئەم پرس وباسەش ـ مەبەستم وپرس وباسی : حوكم كردن بەوەی كە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ـ یەكێكە لەو پرس وباسانەی كە كاربەدەستانی ئەم سەردەمەی پێوە گیرۆدە بووە ، بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە كە پەلەنەكات لەحوكم دانی لەسەریان ، بەوەی كە شایستەی نین ، تاكو ڕەوایی بۆ دەردەكەوێت ، چونكە پرس وباسێكی مەترسی دارە ، داواكارم لەخوای ـ پەروەردگار ـ كاربەدەستی موسڵمانان دار ودەستەیان بۆ موسڵمانان چاك بكاتەوە ـ هەروەكو پێویستە لەسەر ئەوانەی كە خوای پەروەردگار زانستی پێ داوون كە شتەكان بۆ ئەو كاربەدەستانە ڕوون بكەنەوە ، بۆ ئەوەی ببێت بەحوججە بەسەریانەوە و شتەكەیان بۆ ئاشكرا بێت ، بەوەش ئەوەی لەناو دەچێت لەسەر بەڵگە و ڕوونكاری بێت ، ئەوەشیان كە دەمێنێتەوە لەسەر بەڵگە و

ڕوونکاری بێت ، وە خۆشی بەکەم نەزانێت لەڕوونکردنەوەی ، ولەکەسیش نەترسێت لەوەدا ، چونکە عیزەت بۆ خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ وباوەڕدارانە ، وخوای پەروەردگاریش پشتیوانی سەرخستنە .

جا خوێنەری بەڕێز : خۆت دەکەم بەدادوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو تۆمەتەی کە ڕشنوسکار دەیداتە پاڵ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەڕەشنووسەکەیدا !!! کە گوایا پێشەوا ئەلبانی پێچەوانەی زانایانی ترە لەم پرس و باسەدا !!!

وە هەر لەڕەشنووسەکەیدا و لەلاپەڕەی (١٢) ـدا کاکی ڕشنووسکار ـ بۆ جاری سێیەم ـ ووتیەکی تری قرتێنراوی پێشەوا (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دێنێتەوە ، و دەڵێت : ((وقال فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين صفة الحكم بغير ما أنزل اللَّه : (الحكم بغير ما أنزل اللَّه ينقسم إلى قسمين :

القسم الأول : أن يُبطل حكم اللَّه ليحل محله حكم أخر طاغوتي ، بحيث يلغي الحكم بالشريعة بين الناس ، ويجعل بدله حكم آخر من وضع البشر كالذين يُنحون الأحكام الشرعية في المعاملة بين الناس ، ويحلون محلها القوانين الوضعية ، فهذا لاشك أنه استبدال بشريعة اللَّه .سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. غيرها ، وهو كفر مخرج من الملة ؛ لأن هذا جعل نفسه بمنزلة الخالق ، حيث شرع لعباد اللَّه ما لم يأذن به اللَّه ، بل ما خالف حكم اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. ، وجعله الحكم الفاصل بين الخلق ، وقد سمى اللَّه .تَعَالَى. ذلك شركاً في قوله.تَعَالَى. : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ ﴾ (الشورى : ٢١) .

القسم الثاني : أن تبقى أحكام اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. على ما هي عليه وتكون السلطة لها ، ويكون الحكم منوطاً بها ، ولكن يأتي حاكم من الحكام فيحكم بغير ما تقتضيه هذه الأحكام ، أي يحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فهذا له ثلاث حالات)) !!!

واتە : وە شێخی پایەبەرز (محمد بن صالح العثيمين) سەبارەت بە سیفەتی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە فەرموویەتی : (حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە دەبێتە دوو بەشەوە :

بەشی یەکەم : ئەوەیە کە حوکمی خوای پەروەردگار پەکبخات ، بۆ ئەوەی حوکمێکی تری تاغوتی شوێنی بگرێتەوە ، بەشێوەیەك حوکم کردن بەحوکمی خوا لەنێو خەڵکدا هەڵبوەشێنێتەوە ، و حوکمێکی تر کە لەدانراوی مرۆڤە لەجێگەی دابنات ، وەك ئەوانەی کە ئەحکامە شەرعیەکان بەلاوە دەنێن لەهەڵسوکەوتی نێوان خەڵکی ویاسایەکی تری مرۆڤ کرد لەجێگەی دادەنێین ، ئەمە گومان لەوەدا نیە کە گۆڕینەوەی حوکمی خوای پەروەردگارە بەحوکمێکی تر جگە لەو ، و کوفرێکە خاوەنەکەی لەمیللەت دەردەکات ، چونکە ئەمە خۆی لەئاستی خوا داناوە

، لەوەی کە شەرعێکی داناوە بۆ بەندەکانی خوا وخوای پەروەردگاریش پێی ڕازی نیە ، بەڵکو پێچەوانەی حوکمی خوای پەروەردگارە ، وخوای پەروەردگاریش ئەوەی بەهاوەڵبڕیاردان ناوزەد کردووە ، هەروەکو لەم ووتەیەیدا هاتووە : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ ﴾ (الشورى : ٢١) .

بەشی دووەم : ئەوەی کە حوکمەکانی خوای پەروەردگار وەکو خۆی بمێنێتەوە ودەسەڵاتیش بۆ ئەو بێت ، حوکمیش بەو بکرێت ، بەڵام کاربەدەست دێت وحوکم بەجگە لەوە دەکات کە ئەو حوکمانە دەیخوازن ، واتە حوکم بەجگە لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەمەیان سێ حاڵەتی هەیە .

کەچی تەواوی ووتەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە : ((... فهذا له ثلاث حالات :

الحال الأولى : أن يحكم بما يخالف شريعة اللَّه معتقداً أن ذلك أفضل من حكم اللَّه وأنفع لعباد اللَّه ، أو معتقداً أنه مماثل لحكم اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. ، أو يعتقد أنه يجوز له الحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فهذا كفر . يخرج به الحاكم من الملة ، لأنه لم يرض بحكم اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. ، ولم يجعل اللَّه حكماً بين عباده .

الحال الثانية : أن يحكم بغير ما أنزل اللَّه معتقداً أن حكم اللَّه .تَعَالَى. هو الأفضل والأنفع لعباده ، لكنه خرج عنه ، وهو يشعر بأنه عاص للَّه .عَزَّوَجَلَّ. إنما يريد الجور والظلم للمحكوم عليه ، لما بينه وبينه من عداوة ، فهو يحكم بغير ما أنزل اللَّه لا كراهة لحكم اللَّه ولا استبدال به ، ولا اعتقاد بأنه أي الحكم الذي حكم به أفضل من حكم اللَّه أو مساو له أو أنه يجوز الحكم به ، لكن من أجل الإضرار بالمحكوم عليه حكم بغير ما أنزل اللَّه ، ففي هذه الحال لا نقول إن هذا الحاكم كافر ، بل تقول إنه ظالم معتد جائر .

الحال الثالثة : أن يحكم بغير ما أنزل اللَّه وهو يعتقد أن حكم اللَّه .تَعَالَى. هو الأفضل والأنفع لعباد اللَّه ، وأنه بحكمه هذا عاص للَّه .عَزَّوَجَلَّ. ، لكنه حكم لهوى في نفسه ، لمصلحة تعود له أو للمحكوم له ، فهذا فسق وخروج عن طاعة اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. .

وعلى هذه الأحوال الثلاث : يتنزل قول اللَّه .تَعَالَى. في ثلاث آيات : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، وهذا يتنزل على الحالة الأولى ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، يتنزل على الحالة الثانية ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ، يتنزل على الحالة الثالثة .

وهذه المسألة من أخطر ما يكون في عصرنا هذا ، فإن من الناس من أولع وأعجب بأنظمة غير المسلمين ، حتى شُغف بها ، وربما قدمها على حكم اللَّه ورسوله ﷺ ، ولم يعلم أن حكم اللَّه ورسوله

ﷺ ماض إلى يوم القيامة ، فإن النبي ﷺ : بعث إلى الخلق عامة إلى يوم القيامة ، والذي بعثه .سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. عالم بأحوال العباد إلى يوم القيامة ، فلا يمكن أن يشرع لعباده إلا ما هو نافع لهم في أمور دينهم ودنياهم إلى يوم القيامة ، فمن زعم أو وهم أن غير حكم اللَّه .تَعَالَى. في عصرنا أنفع لعباد اللَّه من الأحكام التي ظهر شرعها في عهد النبي ﷺ فقد ضل ضلالاً مبيناً ، فعليه أن يتوب إلى اللَّه ، ويرجع إلى رشده وأن يفكر في أمره)) (نقلا عن : المفصل في أحكام الهجرة لعلي الشحود : ج ٤ / ص ٣٧١ ـ ٣٧٣ ، سؤال ٣٠) .

واتە : ئەمەیان سێ حاڵەتی هەیە :

حاڵەتی یەکەم : ئەوەیە کە حوکم بکات بەوەی کە پێچەوانەی شەریعەتی خوای پەروەردگار ، و باوەڕیشی وابێت کە پێچەوانەکەی لەو لەپێشترە و سودبەخشتریشە بۆ بەندەکانی خوا ، یان بیروباوەڕی وایە کە یەکسانە بەحوکمی خوای پەروەردگار ، یان باوەڕی وایە کە دروستە بۆی کە حوکم بکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، ئەمە کوفرە وکوفرەکەشی پێی لەئایین دەردەچێت ، لەبەر ئەوەی کە ڕازی نەبووە بە حوکمی خوای پەروەردگار ، و نەیکردووەتە دادوەر لەنێو بەندەکانیدا .

حاڵەتی دووەم : ئەوەیە کە حوکم بکات بەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، بەڵام باوەڕی وایە کە ئەو باشتر وسودبەخشترە بۆ بەندەکانی خوا ، بەڵام لێی دەرچوە وهەستیش بەوە دەکات کە سەرپێچی خوای پەروەردگاری کردووە ، بەڵام دەیەوێت زوڵم وستەم بکات لەوەی کە حوکمەکەی لەسەری داوە ، لەبەر ئەو دوژمنایەتیەی کە لەنێوانیاندا هەیە ، بۆیە حوکم دەکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، نەك لەبەر ئەوەی کە ڕقی لەحوکمی خوایە یان لەبەر گۆڕینەوەی ، نەش لەبەر ئەوەی کە بیروباوەڕی وایە کە ئەو ـ واتە : ئەو حوکمەی کە حوکمی پێ دەکات ـ لەحوکمی خوا باشترە ، یان یەکسانە پێی یان دروستە حوکمی پێ بکات ، بەڵام لەبەر زەرەرگەیاندن بەحوکم لەسەر دراوەکە ، حوکمی بەوە کردووە کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، ئا لەم حاڵەدا ناڵێین : ئەم کاربەدەستە کافرە ، بەڵکو ستەمکار و زاڵمە .

حاڵەتی سێیەم : ئەوەیە کە حوکم بکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، و بیروباوەڕیشی وایە کە حوکمی خوا لەپێشتر وسودبەخشترە بۆ بەندەکانی خوا ، و ئەو بەو کارەی سەرپێچیکارە بۆ خوای پەروەردگار ، بەڵام دادوەری پێکردووە لەبەر ئارەزوویەك ، یان لەبەر بەرژەوەندیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی ، یان بۆ ئەو کەسەی کە حوکمەکەی بۆ داوە ، ئەمە فاسق ودەرچووە لەگوێڕایەڵی خوای پەروەردگار .

وە لەسەر ئەم سێ حاڵەتەیە : ئەم ووتانەی خوای پەروەردگار دادەبەزێنرێن کە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، لەسەر حاڵەتی یەکەم ، و ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، لەسەر حاڵەتی دووەم ، و ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ، لەسەر حاڵەتی سێیەم .

وە ئەم پرس وباسەش یەکێکە لەترسناکترین ئەو پرس وباسانەی ئەم سەردەمە ، چونکە هەندێك خەڵك هەن شەیدا و سەرسوڕماون بەیاسای بێ باوەڕان ، تاکو سەرسامی بوون ، ڕەنگە پێشیشی بخەن لەحوکمی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ !!! کەچی نازانێت حوکمی خوای پەروەردگار وپێغەمبەرکەی ﷺ هەرماوەیە تاکو ڕۆژووی دوایی ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : نێردراوم بۆ هەموو خەڵکی تاو ڕۆژی دوایی ، وە ئەوەش کە ناردوویەتی زانایە بەبار وحاڵی بەندەکانی تا ڕۆژی دوایی ، بۆیە نابێت شتێکی بۆ دانابێتن لە شەرعدا جگە لەو شتانە نەبێت کە سود بەخش بۆیان لەکاروباری ئاین ودونیایاندا ، تاکو ڕۆژی دوای ، جا ئەوەی کە کەسەی گومانی وا بێت و بڵێت : جگە لەحوکمی خوای پەروەردگار ـ لەم سەردەمەدا ـ باشتر و سودبەخشترە بۆ بەندەکانی خوا ، لەو ئەحکامانەی کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ شەرع کراوون ، ئەوا گومڕاییەکی ئاشکرا گومڕا بووە ، پێویستە لەسەری کە تۆبە بکات بۆ لای خوای پەروەردگار و بێتەوە هۆشی خۆی وبیرێك لەبار وحاڵی خۆی بکات .

چوارەم : هێنانەوەی فەتوایەکی پێشەوایانی (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی وفەتوا) بۆ ئەوەی ئەوە لەلای خوێنەر دروست بکات کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێچەوانەی فەتوای ئەوانیش بووتەوە ، و هاودەنگە لەگەڵ مورجیئەی گومڕادا !! کەچی واش نیە !!!

یەکێکی تر لەو هەوڵە نەزۆك وچەواشەکاریانەی کە کاکی ڕشنووسکار لەڕەشنووسەکەی گرتوویەتیەبەر بۆ ئەوەی لەلای خوێنەران ئەوە گەلاڵە بکات کە پێشەوایانی (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی وفەتوا) ش لەگەڵ پێشەوا ئەلبانیدا پێچەوانەن لەوەی کە بەحەلاڵدانان وهاوشێوەکانی بەمەج دەزانێت بۆ حوکمدان بەسەر ئەو کەسەی کە حوکم بەجگە لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە !!! بگرە لەوەش زیاتر : ئەیەوێت بەزمانی حاڵی بڵێت : (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا) ش هاودەنگن لەگەڵ (جەنابیاندا !!) لەو تۆمەتەی کە دەیداتە پاڵ پێشەوا ئەلبانی ودەڵێت : ئەم پێشەوایە هاودەنگی مورجیئەی گومڕایە لەم باسەدا ـ واتە لەحوکمی ئەو کەسەی کە حوکم بەجگە لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ـ !!! بەڵام کە دەڕوانینە فەتوای پێشەوایانی (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا) دەبینین بەپێچەوانەی تۆمەتەکەی ئەو فەتواکانیان هاودەنگە لەگەڵ پێشەوا ئەلبانی ، نەك پێچەوانەی بن !!! ئەمەش چەند فەتوایەکی لیژنەی ناوبراوە ـ وەك نموونە ـ کە ڕاستی ئەم ووتەیەمان بۆ ئاشکرا دەکەن :

فەتوای یەکەم : لە وەڵامدانەوەیەکیاندا (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی وفەتوا) سەبارەت بەحوکمی ئەو کەسەی کە حوکم دەکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار فەرموویانە : ((من تولى القضاء وحكم بغير ما أنزل اللَّه له أحوال عِدَّة :

١ ـ من حكم بغير ما أنزل اللَّه من القوانين الوضعية مع علمه بذلك واستغلاله إياه وعدم مبالاته ، فهو كافر بإجماع أهل العلم ، وما يأخذه من الأجر أو المرتب على ذلك سحت وحرام بحت ، لا يحل له أخذه .

٢ ـ من حكم بغير ما أنزله اللَّه مع علمه بذلك **لكنه غير مستحل له** ، **ولا مستهتر** ، **إنما حمله عليه في بعض الأحيان : عصبية لقريب مثلا** ، **أو أخذ رشوة** ، **أو سخط على من حكم عليه** ، **أو غير ذلك من أنواع الهوى ؛ فهو آثم مرتكب لكبيرة من كبائر الذنوب ، غير أنها لا تخرجه من الإسلام ، فهو مؤمن بما فيه من إيمان عاص بارتكابه لكبيرة** .

٣ ـ من حكم بغير ما أنزل اللَّه لجهله فهو آثم ، وعليه أن يعتزل القضاء وأن يتوب إلى اللَّه مما وقع منه ؛ لكونه ليس أهلا للقضاء ، بل هو أحد القاضيين المتوعدين بالنار ، وهما من قضى للناس على جهل ، ومن جار في الحكم ، ولا يحل له أن يأخذ عليه أجراً .

٤ ـ من حكم في قضية بغير الصواب بعد أن اجتهد فيها وبذل وسعا وهو من أهل العلم في أحكام الشريعة ، فهو غير آثم ، بل هو مأجور على اجتهاده ، وهو معذور في خطئه ، ويجوز له أخذ الأجر أو المرتب الذي جعل له)) (فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ٢٤ / ص ١٤١ ، القضاء ، الفتوى رقم : ١٣٢٩ ، عبد اللَّه بن منيع ... عبد اللَّه بن غديان ... عبد الرزاق عفيفي ... عبد العزيز بن عبد اللَّه بن باز) ، واتە : ئەو کەسەی قەزاوەت دەکات و تێیدا حوکم دەکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، ئەوا چەند حاڵ وبارێکی هەیە :

١ ـ ئەو کەسەی کە حوکم بکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە لەیاسا دانراوەکان ، لەگەڵ زانینی ئەوە ، و بەهەلزانینی بۆی وگوێ پێنەدانی ، ئەوا کافرە بەکۆڕای ئەهلی عیلم ، وە ئەوەش کە وەری دەگرێت لەپاداشت وئەوەش کە لەئاکامی ئەوە بەدەست دێت ڕیبا وحەرامێکی ئاشکرایە ، و وەرگرتنی حەرامە .

٢ ـ ئەو کەسەی کە حوکم بکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، **بەڵام بە حەڵاڵی نەزانێت ، وبێ باکیش نەبێت لەکردنی ، وبەڵکو ئەوەی کەپاڵنەری بووبێت بۆ ئەوە لەهەندێك جاردا دەمارگیری بێت بۆ خزمەکەی وەك نموونەیەك ، یان بە هۆی وەرگرتنی بەرتیل بێت ، یان تووڕەبوونی بێت لەوەی کە حوکمی بەسەردا دابێت ، یان جگە لەوانە لەجۆرەکانی ئارەزوو ، ئەوا ئەو جۆرە کەسە تاوانبارە وتاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە لەتاوانە گەورەکان ، بەڵام ئەو کارەی لەئیسلام دەری ناکات ، بەڵکو ئیمانداره بەو ئیمانەی کە تێیدایە ، وسەرپێچیکاریشە بەئەنجامدانی بۆ ئەو تاوانە گەورەیە** .

٣ ـ ئەو کەسەی کە حوکم بکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە لەبەر نەزانینی ، ئەوا تاوانبارە ، وە پێویستە لەسەری کە دوربکەوێتەوە لەقەزاوەت وتۆبەش بکات بۆ لای خوای پەروەردگار لەوەی کە لێی وەشاوەتەوە ، لەبەر ئەوەی کە ئەو شیاو نیە بۆ قەزاوەت ، بەڵکو یەکێکە لەو دوو قازیەی کە پەیمانی ئاگری

پێدراوە ، کە بریتین لە : ئەو کەسەی قەزاوەت بۆ خەڵك بکات بەنەزانینەوە ، وە ئەوەی کە لەقەزاوەتیدا ستەم بکات ، وە بۆشی دروست نیە پارەی لەسەر وەرگرێت .

٤ ـ ئەو کەسەی کە لە کێشەیەکدا هەڵە بکات لە حوکمەکەیدا ، دوای ئەوەی کە ئیجتیهاد و هەوڵ و کۆششی خۆی کردووە تیایدا ، یەکێکە لە زانایان بە حوکمە شەرعیەکان ، ئەوا ئەو کەسە تاوانبار نیە ، بەڵکو پاداشتی لەسەر کۆشش و ئیجتیهادەکەی هەیە ، بیانوو (عذر) یشی هەیە لە هەڵەکەیدا ، و دەشتوانی کرێی خۆی لەسەر وەرگرێت ، یان ئەوەی کە بۆی دانراوە .

فەتوای دووەم : وە بەهەمان شێوە گەوەرە زانایانی (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی وفەتوا) لەوڵاتی (السعودية) پرسیاری ژمارە (٥٧٤١) ـدا ، کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((من لم يحكم بما أنزل اللّه هل هو مسلم أم كافر كفرا أكبر وتقبل منه أعماله ؟)) ، واتە : ئەو کەسەی کە حوکم ناکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، ئایا موسڵمانە و کردەوەکانی لـێ وەردەگیرێت ، یان کافرە بەشێوەیەك کە کوفرێکی گەورەی ئەنجام داوە ؟!

فەرموویانە : ((قال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) وقال ـ تَعَالَى ـ: ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) وقال ـ تَعَالَى ـ: ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) **لكن إن استحل ذلك** ، **واعتقده جائزاً** فهو كفر أكبر ، وظلم أكبر ، وفسق أكبر يخرج من الملة .

أما إن فعل ذلك من أجل الرشوة أو مقصد آخر وهو يعتقد تحريم ذلك فإنه آثم ، يعتبر كافرا كفرا أصغر ، وظالما ظلما أصغر ، وفاسقا فسقا أصغر لا يخرجه من الملة ، كما أوضح ذلك أهل العلم في تفسير الآيات المذكورة))

(فتوى رقم : ٥٧٤١ ، المفتون : الرئيس : سماحة الشيخ ابن باز ، ونائبه : عبدالرزاق عفيفي ، وعضو : عبداللّه الغديان) ، واتە : بەڵام ئەگەر ئەو کارەی بەحەڵاڵ دانا ، وبیروباوەڕی وابوو کە دروستە ، ئەوە کوفری گەورەیە ، و زڵمەکەش گەورەیە ، وفوسقەکەش هەر گەورەیە .

فەتوای سێیەم : وە لە فەتواياکەی تریاندا هاتووە : ((الواجب التحاكم إلى كتاب اللّه وسنة رسوله ﷺ عند الاختلاف ، ... والتحاكم يكون إلى كتاب اللّه ـ تَعَالَى ـ وإلى سنة الرسول ﷺ ، **فإن لم يتحاكم إليهما مستحلا التحاكم إلى غيرهما من القوانين الوضعية بدافع طمع في مال أو جاه أو منصب فهو مرتكب معصية وفاسق فسقا دون فسق ولا يخرج من دائرة الإيمان**)) (فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ٢ / ٢٠٣ ، السؤال ٣ من الفتوى رقم : ٦٣١٠ ، عبد العزيز بن عبد اللّه بن باز و عبد اللّه بن قعود و عبد اللّه بن غديان) .

واتە : پێویستە دادوەری بکرێت بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار وسوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، لە کاتی جیاوازیدا ، ... وە دادوەری دەبێت بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار و بۆ لای سوننەتی پێغەمبەر بێت ﷺ ، جا ئەگەر دادوەری بۆ لای نەکرد وبەحەڵاڵیشی زانی کە دادوەری بۆ لای جگە لەو بکرێت ، لەیاسا مرۆڤ کردەکان ، بەپاڵنەری تەماح لەماڵ وسامان ، یان لەپلە وپایە ، ئەوا ئەو جۆرە کەسە تاوانێکی ئەنجام داوە وفاسیقە وفاسقیکەشی لەئایین دەری ناکات ، و لەبازنەی ئیمان ناچێتە دەرەوە .

لەکۆتایی ئەم سێ فەتوایەدا دەڵێم : خوێنەری بەڕێز : خاڵ لەدوای خاڵ درۆی گەورە وشاخداری چەواشەکارانەی ڕەشنوسکارامان بۆ ئاشکرا دەبێت ، کە چۆن ئەو هەموو قرتاندن ودابڕانەی کردووە لەفەتواکان بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونە تەکفیریەکانیدا بێتەوە ـ کە دێنە سەر زمانیش دەڵێن : سەلەفیەکان ووتەی زانایان دەقرتێنن !!! ـ !!! ئەوەش تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم پرس وباسەدا کەوتووەتە هەڵەوە ، وپێچەوانەی هەموو زانایان بووەتە !!! ئەو کارەش نەك لەبەر ئاشکراکردن وباسکردنی بابەتەکەیە بەشێوەیەکی زانستیانە !!! بەڵکو لەبەر چەندەها مەبەست مەرامی خراپی ڕشنوسکار !!! پەروەردگاری پەنادەری ئێمە بێت لەوەی کە دینی خوای پەروەردگار بگۆڕین !!! یان تانەو تەشەرە بدەین لەمیراتگرانی پێغەمبەر ﷺ لەبەر هەندێك مەبەستی دونیایی !!!

ئەمە و لەکۆتایدا دەڵێم : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە لەوە زیاتر ئەم پەراوێزە درێژبێتەوە ، ئەوا دەقی ئەو فەتوایانەی تریشم دەهێناوە کە هەمان بۆچوونی هاوشێوە بۆچوونی پێشەوا ئەلبانیان هەیە ، کەچی کاکی ڕەشنوسکار ناوی خستوونەتە شوڵی ئەو زانایانەی کە گوایا بۆچوونی پێچەوانەیان هەیە بە بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی !!! لەوانەش فەتوای پێشەوا (عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب) !!! و پێشەوا (عبدارزاق العفيفي) یش کە هەردوو هاودەنگن لەگەڵ پێشەوا ئەلبانی لەم باس وپرسەدا ، نەك پێچەوانەی بێت ، هەروەکو ڕەشنوسکاری لافی ئەوە لێدەدات !!!

بەڵام کورد وەتەنی : مشتێك نیشانەی خەرمانێکە !! بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پێشەوا ئەلبانی هاودەنگە لە گەڵ زانایانی تری ئەهلی سوننە و جەماعە نەك پێچەوانەیانە !! هەر وەکو ڕەشنوسکار دەیڵێت : ((أن فضيلة الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. مع جلالة قدره ـ قد وقع في خطأ كبير في قضية الحكم بغير ما أنزل اللَّه .تَعَالَى. ، ـ وخالف فضيلته كل العلماء الذين ذكرناهم آنفا)) !!! (القول المبين في الحكم بغير ما أنزل اللَّه بين السلفية الحق !!! ومرجئة العصر !!!) .

بەشی دووەم :

ئاپا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هاودەنگە لەگەڵ ئەهلی سوننە یان لەگەڵ مورجیئە ؟!

- ئیمان و بنـەواکانی لـەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، کە مەرجی بەری بوونیەتی لەئیرجا .
- پێشەوا ئەڵبانی وخۆبەریکردنی لەئیرجا ودژایەتیکردنی بۆیان .
- گەواهی وشایەتیدانی زانایان بەسەلەفیەتی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و بەری بوونی لەئیرجا .
- جیاوازی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە لەلێکدانەوەی زاراوەی (شـرط) ـدا جیاوازیەکی گۆیی (لفظ) یە نەك حەقیقی !!!

بەشی دووەم : ئایا پێشەوا ئەلبانی هاودەنگە لە گەڵ ئەهلی سوننە یان لە گەڵ مورجیئە ؟!

ئیمان وبنەواکانی لەلای ئەلبانی کە مەرجی بەربوونیەتی لەئێرجا

بێگومان شێخی پایەبەرزی ئیسلام وفەرموودەناسی سەردەم (محمد ناصرالدين) ـی ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە هیچ باس و پرسێك لەباس و پرسەکانی ئیماندا پێچەوانەی زانایانی پێشین وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتە نەبووەتەوە ، و لەڕێباز و ڕێچکەی ئەوانیش لای نەداوە و دەرنەچووە ، سەرەڕای ئەو هەموو تەم و مژەی کە لەدەوری دروستکراوە و دەکرێت ، چەواشەکاری بێت یان درۆی بێ بنەواو و پوچەڵ !!! بەڵکو لە هەموو بنەواکاندا هاودەنگ و پێك دێتەوە لەگەڵ پێشین و زانایانی سەلەف ، و یەکێکیش بووە لە سەرخەرانی ئەو بنەوایانە ، و بەرهەڵستکاری ماندوو نەناس بووە ، و لەپێناو ئەوەدا تێکۆشاوە تاکو فەرمانی خوای پەروەردگاری لەسەر جێبەجێ کراوە و کۆچی دوای کردووە .

ئەم زانا پایەبەرزە هەوڵ وکۆششێکی ئاشکرا وڕوونی هەبووە لەبڵاوکردنەوە وبەرقەرارکردنی بنەواکانی ئیمان لەکۆمەڵگای ئیسلامەتی ، ئەوەتا دەبینین هەستاوە بە تەحقیق کردن و لەسەر نووسینی ئەو کتێبانەی کە بەسەرچاوەی بیروباوەڕی دروست دادەنرێن لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە ، سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ، لەوانەش کە تایبەتن بەبووارى ئیمان وبنەواکانی :

١ ـ (كتاب الإيمان) لە نووسینی پێشەوا (أبو عُبيد القاسم بن سلَّام) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. .

٢ ـ (كتاب الإيمان) لە نووسینی (شيخ الإسلام ابن تيميَّة) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. .

٣ ـ (كتاب الإيمان) لە نووسینی (أبو بكر ابن أبي شيبة) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. .

وە لەوانەش کە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعە لەگەڵ پرس وباسی ئیمان دەخەنەڕوو :

١ ـ (كتاب السُّنة) کە لەنووسینی (ابن أبي عاصم) ـە .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. .

٢ ـ و (شرح العقيدة الطَّحاويَّة) کە لەنووسینی (الطحاوية) ـە .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. ، و لەسەر نووسینی پێشەوا ئەلبانیە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

وە چەندان پەرتوکی تر کە هەر هەموو پڕن لەباسکردن وئاماژەکردن بەبیروباوەڕی ئەهلی سوننە وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ، لەوانەش : (سلسلةُ الأحاديثِ الصحيحةِ) ، و (سلسلةُ الأحاديثِ الضعيفةِ) ، کە جگە لەشەمشەمە کوێرەکانی شەوی زەنگی نەزانین ، و دەمارگیری نەبێت ، نکولی ئەو هەوڵ و کۆششە ئاشکرایەی ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ . ناکەن ، کە لە خۆری نیوەڕۆ ، و مانگی چواردە لە ئاسمانی سامالی بێ هەور ڕووناکترن !!!

شاعیر لە دێڕە هونراوەیەکدا فەرموویەتی [1] :

فَهَـذَا الْحَقُّ لَيْسَ بِـهِ خَفَـاءُ فَدَعْنِـي عَنْ بُنَيَّـاتِ الطَّرِيْقِ .

جا بۆ دەربڕینی ڕاستی و ناڕاستی ئەمەی کە دەووترێت ، لێرەدا چەند بنەوایەك لە بنەواکانی باوەڕ لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەخەینە ڕوو ، بە بەڵگە هێنانەوەی ووتەکانی بەڕێزیان لە پەرتوك و ووتارەکانیدا ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان ، **ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :**

---

[1] (البيت للأقيشر السعدي ، ينظر : ديوان الأقيشر السعدي ١ / ٣٥) .

📖 **بنەوای یەکەم : کردەوە بەشێکە لەئیمان :**

لەژێر ئەم سەرباسەدا ، چەند خاڵێك دەخەینەڕوو ، کە ئەوانیش بریتین لە :

❑ **یەکەم :** ئایا پێشەوا ئەلبانی کردەوە لەئیمان دادەنێت یان نە ؟!!

دووەم : وە ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی سودی هەیە ؟!

سێیەم : وە ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوایە چیە بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئیمان دەکرێت و تێیدا هاتووە : ((أَنَّ الْإِيْمَانَ هُوَ الْإِقْرَارُ بِاللِّسَانِ وَالتَّصْدِيْقُ بِالْجِنَانِ)) ، کە کردەوەی تێدا باس نەکراوە ؟!

وەلامدانەوەی هەموو ئەمانەش ئەوە جێگیر دەکەن و دەیسەلمێنن کە : ئایا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایان پێش خۆی کردەوە بەبەشێك لەئیمان دەزانێت یان نە ؟!

جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار بۆ وەلامدانەوەی هەریەك لەو پرسیارانە دەووترێت :

یەکەم : ئایا پێشەوا ئەلبانی کردەوە لەئیمان دادەنێت ودەزانێت ، یان نە ؟

پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایانی سەلەف ـ بە ڕەحمەت بن ـ وا دەبینێت کە : ئیمان بریتیە لەگوفتار وکردار ، وکردەوەش ـ کردەوەی دڵ بێت یان کردەوەی ئەندامەکان ـ بەشێکن لەئیمان .

ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیەوە فەرموویەتی :

((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

أقول : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللَّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي اليوم بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللَّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [1] .

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص ٣٢ ـ ٣٣) .

قال الشيخ ابن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((ومعلوم أن الإيمان قول وعمل يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية .

واتە : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە درێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکراکردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد و کەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەیەکی پێویست نیە بخرێتەسەری ـ لە کتێبی (الإیمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپییەی کە لە سەرین ، لە نەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

نازانم چی لەوە ڕوونتر بێت ـ لەلای ئەو کەسە نەزان ونادیار وهەرزە وهەڵانە ـ کە مرۆڤ بە زمانی خۆی ـ هەروەکو پێشەوا ئەلبانی فەرموویەتی ـ بڵێت : من ئەو بۆچوونەم هەیە لەباس و پرسی ئیماندا کە پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەیبووە ، و هەر ئەوەشە باشترین و تەواوترین بۆچوونێکیش کە پێویستی بەزیاتر نەبێت ، ئەوەش کە دەیەوێت زیاتر دەربارەی ئەو

ولأهل السنة عبارة أخرى في هذا الباب وهي أن الإيمان قول وعمل واعتقاد يزيد بالطاعات وينقص بالمعاصي ، وكلتا العبارتين صحيحة ، فهو قول وعمل ، يعني قول القلب واللسان وعمل القلب والجوارح وهو قول وعمل واعتقاد ؛ قول باللسان وعمل بالجوارح واعتقاد بالقلب ، فالجهاد في سبيل اللَّه والصلاة والزكاة والصيام والحج وسائر الأعمال المشروعة كلها أعمال خيرية ، وهي من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها عند أهل السنة والجماعة ؛ وهم أصحاب النبي ﷺ وأتباعهم بالإحسان .

فشهادة أن لا إله إلا اللَّه وأن محمدا رسول اللَّه ، والصلاة ، والزكاة ، والصوم ، والحج ، والجهاد في سبيل اللَّه ، وسائر الأعمال المشروعة كلها من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها)) (http://www.binbaz.org.sa/mat/8270) .

باسە شارەزا وبەئاگا بێت بابگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ناوبراو ؟! بەڵام چی بووترێت ئەگەر سەرکەشی وشوێنکەوتنی ئارەزووەکان چاوی خاوەنەکانیان لەئاستی ڕەواییا کوێردەکەن !!

بەڵام لەوانەیە یەکێك بڵێت ئەو ووتەی سەرەوە ڕوون نیە ، پێویستمان بە ووتەی زیاتر و ڕوونترە لەووتەکانی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە !!! ئەوا لە وەڵامیاندا دەووترێت : پێشەوا ئەلبانی لەووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : ((الإيمان يزيد وينقص وأن الأعمال من الإيمان ، وعليه جماهير العلماء سلفاً وخلفاً ما عدا الحنفية ؛ فإنهم لا يزالون يصرون على المخالفة ؛ بل إنهم ليصرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه ـ تَعَالَى ـ فقد جاء في (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ ما نصه : ٨ / ٢٠٥) : « والإيمان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمان عندنا ليس من الأعمال » ... وهذا يخالف ـ صراحة ـ حديث أبي هريرة رضي الله عنه ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ سُئِلَ : أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ : « إِيْمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ » ... ـ الحديث ـ أخرجه البخاري ـ وغيره ـ ، وفي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها في (الترغيب : ٢ / ١٠٧))) [1] ، واتە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لە ئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی پێشین و سەلەفی صالح ، و پاشینانیشیان ، جگە لە حەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بە کوفر و پاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لە کتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ باب الكراهية ، ٨ / ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نە زیاد و نە کەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لە کردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بە ڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە رضي الله عنه ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بە خوای

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني : ص ٣٢ ـ ٣٣) .

پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری و جگە لەویش گێڕاویانەتەوە ، و هەر لە واتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لە کتێبی (الترغيب : ٢ / ١٠٧) ـدان .

هەروەها فەرموویەتی : ((ننتقل إلى مسألة أخرى ، أو بعض المسائل الأخرى التي تتعلق بالعقيدة ، فالمسلمون مختلفون حتى في العقيدة ، وليس كما يقول جماهير المشايخ اليوم : إن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ولا تكاد تقرأ مجلة دينية إلا وتجد الضرب على هذه الوتيرة وعلى هذه النغمة فيها ، وهي أن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، ثم يزيدون على ذلك فيقولون : والاختلاف في الفروع رحمة ، وهذا كله خطأ من ناحيتين :

الناحية الأولى : أن الاختلاف يتعدى الفروع إلى الأصول ، بل إن الخلاف وقع في أس الأصول كلها ، ألا وهو الإيمان باللّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ ، فما أظنكم يخفى عليكم الخلاف بين الماتريدية ـ مثلاً ـ و أهل السنة جميعاً في الإيمان ، هل يقبل الزيادة والنقص أم لا ؟ وهل من مسماه الأعمال الصالحة أم لا ؟

فالجمهور ونصوص الكتاب والسنة تثبت أن الإيمان يزيد وينقص ، وأن العمل الصالح من الإيمان . أما الماتريدية فلا يزالون يقولون : الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وكل إيمان يقبل الزيادة فهو كفر !! ؛ لأنهم يعتقدون أن الإيمان شيء لا يقبل الزيادة والنقص أبداً ، وهذا المذهب حتى اليوم مسيطر وربما يكون مسيطراً على أكبر رقعة من العالم الإسلامي)) [1] .

واتە : دەچینە سەر باس و پرسێکی تر ، برێك باس و پرسی تایبەت و پەیوەست بە بیروباوەڕەوە ، ئەوەش ئەوەیە کە موسڵمانان جیاوازن تەنانەت لە بیروباوەڕیشدا ، وە بەو شێوەیەش

---

[1] (دروس للشيخ الألباني : ٨ / ٥ : اختلاف المسلمين في الأصول والفروع) .

نیە کە زۆرێك لە مامۆستایان ئەمڕۆ دەیڵێن : کە جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لە بابەتە فقهیەکانە ، نەك لە بیروباوەڕ ، بەڵام (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ، گەشتۆتە ئەوەی کە هیچ گۆڤارێکی ئایینی ناخوێنیتەوە ئیللا باس لەسەر ئەم بنەوایە دەکات ، کە ئەویش جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لە فیقهو پەرستشەکاندایە ، نەك لە بیروباوەڕدا !!! لەسەر ئەوەشە دەڵێن : جیاوازی لە پەرستش و فیقهدا ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگارە !!! وە ئەمەش هەموو هەڵەیە لە دوو بوار و ڕووەوە :

ڕووی یەکەم : بێگومان جیاوازیەکان لە فیقهو پەرستشەکانەوە تێپەڕیوە ، گەشتۆتە بیروباوەر ، بەڵکو جیاوازی لەگەورەترین بنەوادا کە ئیمان بوونە بەخوای پەروەردگار !!!

باوەڕیش ناکەم کە جیاوازی نێوان ماتوریدی ـ وەك نموونە ـ و ئەهلی سوننە لە لای هیچ یەکێك لە ئێوە شاراوە بێت ، لە ئیماندا ، ئایا قابیلی زیاد و کەم بوونە ، یان نە ؟! وە ئایا کردەوەی چاك لە ئیمانە ، یان نە ؟!

جمهوری زانایان و قورئان و سوننەت ئەوە جێگیر و دەسەلێنن کە ئیمان زیاد و کەم دەکات ، و کردەوەی چاکیش لە ئیمانە .

بەڵام ماتوریدیەکان تاکو ئێستا بەرادەوامن و دەڵێن : ئیمان زیاد ناکات و کەمیش ناکات ، وە هەموو ئیمانێك کە زیادبوونی تێدا ڕووبدات ئەوە کوفرە !!!

چونکە ئەوان بیروباوەڕیان وایە کە ئیمان یەك شتە و هەرگیز زیاد و کەمی تێدا ڕوونادات ، کە بەداخەوە ئەم بۆچونە دەستی گرتووە بەسەر گەورەترین پانتایی لە جیهانی ئیسلامی .

بەڵکو ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەشی ڕەتکردووەتەوە کە حەنەفی مەزهەبەکان سەبارەت بە ئیمان دەیڵێن : کە گوایا ئیمان تەنها بریتیە لە دانپیانان بە زمان ، و بەڕاستدانانی دڵە !!! بەبی ئەوەی کە کردەوەکان بەبەشێك دابنەن لە ئیمان [1] !!! وە ئەوەشی بە پێچەوانەی

---

[1] پێشەوا شێخ ئەلبانی لە بەرپەرچدانەوەیەکی بۆ کەسێکی سوفیگەر بەناوی (البوطي) فەرموویەتی : ((و من جهة أخرى فقد افترى علينا بقوله : ((و فاتهم أن الاقتداء ...)) إلخ .

پێشین و سەلەفی صالح ، و پێشەوایانی ئیسلام داناوە ، هەروەك لە بەرپەرچ دانەوەیاندا فەرموویەتی : ((هذا مَذهَبُ الحنفيَّةِ والماتُريديَّةِ خِلافاً للسَّلفِ وَجَماهِيرِ الأئمةِ ، كَمالك والشافعيِّ وأحمَد والأوزاعيّ وَغَيرِهِم ، فإنَّ هؤلاءِ زادوا على الإقرارِ والتَّصديقِ : العَملُ بالأركانِ ... فإنَّ الحنفيةَ لو كانوا غَيرَ مُخالِفينَ للجماهيرِ مُخالفةً حَقيقيَّةً في إنكارهم أنَّ العَمَلَ من الإيمانِ ؛ لاتَّفقوا مَعَهُم على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأنَّ زيادتهُ بالطاعةِ وَنَقصَهُ بالمعصيَةِ ، مَعَ تَظافرِ أدِلَّةِ الكتابِ والسُّنةِ والآثارِ السلفيَّةِ على ذلك)) [1] .

واتە : ئەمە بۆچوونی حەنەفی و ماتوریدیەکانە کە پێچەوانەی پێشین و سەلەفی صالح و پێشەوایان مالك ، و شافعی ، و ئەحمەد ، و ئەوزاعی ، و جگە لەوانیشە کە دەبینین ئەوانە لەسەر دانپیانان ، و بە ڕاست داناندا ، کردەوە کردنیان بە ئەرکانەکان زیاد کردووە ، ... جا ئەگەر حەنەفیەکان پێچەوانەی ئەوانە نەبووایەنەتەوە ، بە شێوەیەکی حەقیقی لە نکولێکردنیان لەوەی کە ئیمان بەشێك بێت لە ئیمان !!! ئەوا هاودەنگ دەبوون لە گەلیاندا لەوەی کە ئیمان زیاد وکەمیش دەکات ، وزیادبوونەکەشی بەگوێرایەلیە وکەمبوونەوەشی بەتاوان و سەرپێچیە ، لەگەڵ هاتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ، و شوێنەوارە سەلەفیەکان لەسەر ئەوە .

وە لە ووتەیەکی تریدا لە جیاوازی نێوان ئەهلی سوننە و مورجیئەدا لە باسی ئەوەی کە ئایا کردەوە بەشێکە لە ئیمان یان نە ؟ فەرموویەتی : ((ومن الاختلاف الواقع في الإيمان بين بعض الفرق المذكورة آنفا ـ أي : المرجئة والمعتزلة والأشاعرة وغيرهم ـ وبين أهل السنة هو : هل الإيمان يدخل فيه العمل الصالح أم لا يدخل ؟ مذاهب ، ولسنا الآن في صدد الكلام التفصيلي على الخلاف حول هذا الإيمان وإنما فقط ألفت النظر إلى أن المرجئة

فلم يفتنا ذلك مطلقاً بحمد اللّه بل نعلم علم اليقين أنه كلما ازداد المسلم اتباعاً للنبي ﷺ ازداد حباً له ، و أنه كلما ازداد حباً له ازداد اتباعاً له ﷺ ، **فهما أمران متلازمان كالإيمان والعمل الصالح تماماً**)) (الرابط : http: / /www.sahab.net /forums/showthre...805#post724805) .

[1] (العقيدة الطحاوية شرح وتعليق الألباني : ٦٢ ـ ٦٣ ، هامش : ٢) .

ومنهم ـ مع الأسف ـ الحنفية اليوم ، يقولون بأن الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وأن الإيمان لا يدخل فيه العمل الصالح .. وهكذا يقول المرجئة قديماً ، والحنفية حديثاً ، ولا ينبغي أن يفهم أحد أنهم ينكرون فرضية العمل الصالح .. لا ، ربنا ـعَزَّوَجَلَّ ـ يأمر المسلمين أن يعدلوا في إصدارهم أحكامهم على الناس ، وبخاصة إذا كانوا من المسلمين .. فالإيمان عند أهل السنة تعريفه : إقرار باللسان ، وتصديق بالجنان ، وعمل بالأركان .. أما عند المرجئة والحنفية اليوم : فالإيمان هو إقرار باللسان ، وتصديق بالجنان فقط ! أي لا يدخلون الأعمال الصالحة في مسمى الإيمان)) [1] .

واتە : لەو جیاوازیانەی کە لە نێوان ئەهلی سوننە و ئەو گروپانەدا هەیە کە باسمان کردن ـ وەك مورجیئە و موعتەزیلە و ئەشعەرێکان و جگە لەوانیش ـ لەباسی ئیماندا ئەوەیە : ئایا کردەوەی چاك بەشێکە لە ئیمان یان نە ؟! چەند بۆچوونێك لەو بارەیەوە هەیە ، ئێمەش لێرەدا لەوەدا نین کە بە تێروتەسەلی ئەو جیاوازیە بخەینەڕوو کە سەبارەت بە ئیمان هەیانە ، بەڵکو تەنها سەرنجتان بۆ مورجیئەکانیان ڕادەکێشم ـ کە بەداخەوە ـ حەنەفیەکانی ئەمڕۆ لەوانن ، و دەڵێن : ئیمان نەزیاد دەکات و نەش کەم دەکات !!! وە کردەوە چاکەکان بەشێك نین لە ئیمان !!! ... بەڵێ ئەمە ووتەی مورجیئەکانە لە کۆندا ، و حەنەفیەکان لە ئێستادا ، بەڵام نابێت کەسیش وا تێبگات کە ئەوان نکوڵی لە پێویستی (فەرزێتی) کردەوەی چاك دەکەن ... نەخێر ، پەروەردگارمان فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە دادپەروەر بن لەحوکم دانەکانیان بەسەر خەڵکدا ـ بە تایبەت ئەگەر موسڵمانیش بن ـ ... پێناسەی ئیمان لەلای ئەهلی سوننە : دانپیانانی زمان و بەڕاست دانانی دڵ و کردەوەشە بە بنەواو ئەندامەکان ... بەڵام لە لای مورجیئە و حەنەفەیەکانی ئەمڕۆ : تەنها دانپیانانی زمان و بەڕاست دانانی دڵە !! واتە : کردەوەی چاك ناخەنە ناو ئیمانەوە !!!

وە بەمەش دەزانین ـ بە بێ گومان و بە دڵنیاییەوە ـ **کە :** ئەم پێشەوا ستەم لێکراوە ـ لە لایەن کەسانی کاڵفام نەزانکار و شوێنکەوتوانی ئارەزووکانیان ـ ووتەکانی پێچەوانەی ووتەی گروپ و

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : شريط : ٧٣٠) .

کۆمەڵی مورجیئەی گومڕایە ، و هاوەڵەنگە لەگەڵ ئەهلی سوننە و زانایانی سەلەفی صالحەوە ، کە فەرموویانە : کردەوە بەشێکە لە ئیمان ، و ئەمەی خوارەوەش هەندێك لە ووتەکانیانە :

پێشەوا (مجاهد) ـی کوڕی (جبر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە یەکێکە لە شوێنکەوتوان ، فەرموویەتی : ((الْإِيْمَانُ : قَوْلٌ وَعَمَلٌ ؛ يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ)) [١] واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات .

وە پێشەوا (الحسن البصري) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە بەهەمان شێوە یەکێکە لە شوێنکەوتوان فەرموویەتی : ((لَيْسَ الْإِيْمَانُ بِالتَّحَلِي وَلَا بِالتَّمَنِّي ، وَلَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقُلُوبِ وَصَدَّقَتْهُ الْأَعْمَالُ)) [٢] ، واتە : ئیمان شتێك نیە لەبەر بکرێت ، یان تەنها بە ئاوات بێتە دی !! بەڵکو ئەوەیە کە لە دڵدا جێگیر دەبێت ، بەکردەوەکان سەلمێنراوە .

وە (الوليد) ی کوڕی (مسلم القرشي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((سَمعت الأوزاعي ، ومالك بن أنس ، وسعيد بن عبدالعزيز ، ينكرون قول من يقول : إن الإيمان قول بلا عمل . ويقولون : لا إيمان إلا بعمل ، ولا عمل إلا بإيمان)) [٣] ، واتە : لە (الأوزاعي) ، و (مالك) ـی کوڕی (أنس) ، و (سعيد) ـی کوڕی (عبدالعزيز) بیستوومە کە نکوڵیان لەسەر ووتەی ئەو کەسە دەکرد کە بڵێت : ئیمان ووتەی بێ کردەوەیە ، خۆشیان دەیانفەرموو : ئیمان نیە جگە بەکردەوەوە نەبێت ، و کردەوەش نیە جگە بە ئیمانەوە نەبێت .

پێشەوا (مالك) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە پێناسەی ئیماندا فەرموویەتی : ((الْإِيْمَانُ : قَوْلٌ وَعَمَلٌ)) [٤] ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە .

هەروەها پێشەوا (عبداللَّه) ـی کوڕی (المبارك) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :

---

[١] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٥ / ١٠٢٣ ، برقم : ١٧٢٨) .

[٢] (اقتضاء العلم العمل ، للخطيب البغدادي : رقم : ٥٦) .

[٣] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٤ / ٩٣٠ ، برقم : ١٥٨٦) .

[٤] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٥ / ١٠٣٠ ، برقم : ١٧٤٢) .

((الْإِيْمَانُ : قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، وَالْإِيْمَانُ يَتَفَاضَلُ)) [١] ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، و ئیمانیش زیاد و کەم دەکات .

وە پێشەوا (سفيان) ـی کوڕی (عيينة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الْإِيْمَانُ : قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ)) [٢] ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات .

وە بەهەمان شێوە پێشەوا (الشافعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص ، يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية ، ثم تلا قوله تَعَالَى : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ (المدثر : ١٣١))) [٣] ، واتە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات ، بەگوێرایەڵی زیاد دەکات ، و بە تاوان و سەرپێچیش کەم دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ .

وە پێشەوا (أبو زرعة الرازي) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان عندنا : قول وعمل ؛ يزيد وينقص ، ومن قال غير ذلك ؛ فهو مبتدع مرجيء)) [٤] ، واتە : ئیمان لەلای ئێمە : ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات ، وە ئەوەش جگە لەوە بڵێت : بیدعەکار و مورجیئەیە .

وە پێشەوا (البربهاري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە پێناسەیدا فەرموویەتی : ((الإيمان : قول و عمل ، وعمل وقول ، ونية وإصابة ؛ يزيد وينقص ، يزيد ما شاء اللَّه ، وينقص حتى لا يبقى منه شيء)) [٥] ، واتە : ئیمان : ووتە و کردەوەیە ، و کردەوە و ووتەشە ، و نیەت و

---

[١] (السنة ، لعبداللَّه بن الإمام أحمد : ٥ / ٣١٥ ، برقم : ٦٢٧) .

[٢] (سير أعلام النبلاء ، للذهبي : ٨ / ٤٦٨) .

[٣] (حلية الأولياء ، للأصفهاني : ٩ / ١١٥) .

[٤] (طبقات الحنابلة ، لابن رجب الحنبلي : ١ / ٢٠٣) .

[٥] (شرح السنة ، للإمام الحسن بن علي البربهاري : ص ٦٧ ، تحقيق الردادي) .

پێکانیشە (واتە : شوێنکەوتن) ، زیاد و کەمیش دەکات ، زیاد دەکات تاکو ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر هەبێت ، وە کەمیش دەکات تاکو هیچی نامێنێتەوە .

هەروەها پێشەوا (ابن مندة) ـەش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان : قول باللسان ، واعتقاد بالقلب ، وعمل بالأركان ؛ يزيد وينقص)) [١] ، واتە : ئیمان : ووتەی زمان ، و بیروباوەڕی دڵ ، و کردەوەکردنیشە بە ئەندامەکان ، زیاد و کەمیش دەکات .

وە شێخ (عبدالقادر الجيلاني) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ونعتقد أن الإيمان قول باللسان ، ومعرفة بالجنان ، وعمل بالأركان)) [٢] ، واتە : وە بیروباوەڕمان وایە کە ئیمان ووتەی زمانە و ناسین و زانینی دڵ ، و کردەوەی ئەندامەکانیشە .

نەك هەر ئەمە و بگرە هەندێك لە زانایان و پێشەوایانی ئیسلام کۆڕا ، یان هاودەنگی پێشین و زانایانی پێش خۆیان دەگێڕنەوە ، لەو بارەیەوە ، و ئەوەیان بە بۆچوونی ئەهلی حەدیس و بە بنەوایەك لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە داناوە :

پێشەوا (وكيل) ـی کوڕی (الجراح) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە باسی بنەواکانی بیروباوەڕ لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە فەرموویەتی : ((أهل السنة يقولون : الإيمان : قول وعمل)) [٣] ، واتە : ئەهلی سوننە دەڵێن : ئیمان ووتە و کردەوەیە .

وە پێشەوا (يحيى) ـی کوڕی (سعيد القطان) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە پێشین و زانایانی پێش خۆی فەرموویەتی : ((كل من أدركت من الأئمة كانوا يقولون : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص)) [٤] ، واتە : هەموو ئەو پێشەوایانەی کە پێیان گەشتووم دەیانفەرموو : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات .

---

[١] (كتاب الإيمان ، للإمام ابن مندة : ٢/ ٣٤١) .

[٢] (الغنية لطالبي طريق الحق ، للجيلاني : ١/ ٦٢ ، دار الألباب ـ دمشق) .

[٣] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٥ / ١٠٣٠ ، برقم : ١٧٤٩) .

[٤] (سير أعلام النبلاء ، للذهبي : ٩ / ١٧٩) .

هەروەها پێشەوا (الشافعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کۆڕای هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەوانەش کە پاش ئەوان هاتوون لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((كان الإجماع من الصحابة والتابعين من بعدهم ممن أدركناهم : أن الإيمان : قول وعمل ونية ، ولا يجزئ واحد من الثلاثة إلا بالآخر)) [١] ، واتە : هاودەنگی کۆڕای هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان ، لە دوای ئەوان ، لەوانەی کە ئێمە پێیان گەشتین لەسەر ئەوە بوو کە ئیمان : ووتە ، و کردەوە ، و نیەتە ، هیچ یەکێك لەوانە لە سێیە ، بەبێ ئەوانی تر نایکرێت ، سودی نیە .

وە پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((أجمع تسعون رجلاً من التابعين وأئمة السنة ، وأئمة السلف ، وفقهاء الأمصار على أن السنة التي توفي عنها رسول اللَّه ﷺ ... : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد بالطاعة ، وينقص بالمعصية)) [٢] ، واتە : نەوەد (٩٠) کەس لە شوێنکەوتوان و پێشەوایانی سوننە ، و پێشەوایانی سەلەف ، و شەرعزانانی وڵاتان لەسەر ئەوەن کە ئەو سوننەتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری مردووە ئەوەیە ... : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، بەگوێڕایەڵی زیاد دەکات ، و بەتاوانیش کەم دەکات .

پێشەوا (البخاري) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((كتبت عن ألف من العلماء وزيادة ، ولم أكتب إلا عمن قال : الإيمان : قول وعمل ولم أكتب عن من قال : الإيمان : قول)) [٣] ، واتە : فەرموودەم لە زیاد لە هەزار زانا نووسیوەتەوە ، وە فەرموودەم نەنووسیوەتەوە جگە لەوانە نەبێت کە دەیانووت : ئیمان : ووتە و کردەوەیە ، و لەوانەشەوە فەرموودەم نەنووسیوەتەوە کە دەیانووت : ئیمان تەنها ووتەیە .

---

[١] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٥ / ٩٥٦ ، برقم : ١٥٩٣) .

[٢] (طبقات الحنابلة ، لابن رجب الحنبلي : ١ / ١٣٠) .

[٣] (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكائي : ٥ / ٩٥٩ ، برقم : ١٥٩٧) .

وە فەرموویەتی : ((لقيت أكثر من ألف رجل من العلماء بالأمصار ، فما رأيت أحداً يختلف في : أن الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص)) [١] ، واتە : گەشتم بە زیاد لە هەزار لە زانایان لە وڵاتانی ئیسلامدا ، نەمبینیوە هیچ کەسێکیان جیاوازی لەوەدا هەبێت کە ئیمان : ووتە و کردەوەیە و زیاد و کەمیش دەکات .

پێشەوا (البغوي) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کۆڕای هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەوانەش کە پاش ئەوان هاتوون لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((اتفقت الصحابة والتابعين فمن بعدهم من علماء السنة على أن الأعمال من الإيمان .. وقالوا إن الإيمان قول وعمل وعقيدة ؛ يزيد بالطاعة ، وينقص بالمعصية على ما نطق به القرآن في الزيادة ، وجاء في الحديث بالنقصان في وصف النساء)) [٢] ، واتە : هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان ، و ئەوانەش لە دوای ئەوان هاتوون ، لە زانایانی سوننە لەسەر ئەوە بوو کە ئیمان : ووتە ، و کردەوە ، و بیروباوەڕە ، بەگوێڕایەڵی زیاد دەکات و بە تاوانیش کەم دەکات ، بەو پێیەی کە قورئان باسی زیادبوونی کردووە ، و لە فەرموودەشدا باسی کەمبوونەوەشی هاتووە لە باس و وەصفی ئافرەتاندا .

وە پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم پێناسەیە بە بنەوایەك لەبنەواکانی ئەهلی سوننە دادەنات ، و دەفەرموێت : ((ومن أصول أهل السنة : أن الدين والإيمان قول وعمل : قول القلب واللسان ، وعمل القلب واللسان والجوارح ، وأن الإيمان يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية)) [٣] ، واتە : یەکێك لەبنەواکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە کە : ئایین وئیمان : ووتە وکردەوەیە ، ووتەی دڵ وزمانە ، وکردەوەی دڵ وزمان وئەندامەکانە ، وئەوەش کە ئیمان بەگوێڕایەڵی زیاد دەکات ، و بەتاوان وسەرپێچیش کەم دەکات .

---

[١] (فتح الباري ، لابن حجر العسقلاني : ج١ ، ص ٤٧) .

[٢] (شرح السنة ، للإمام البغوي : ١/ ٣٨) .

[٣] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ١٥١) .

هەروەها پێشەوا (النووي) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم بیروباوەڕە بە خاڵێك دادەنات بۆ دابەستنی خۆشویستن و ڕق لێبوون لە سەری ، کە فەرموویەتی : ((قال عبدالرزاق : سمعت من أدركت من شيوخنا وأصحابنا : سفيان الثوري ، ومالك بن أنس ، وعبيد بن عمر ، والأوزاعي ، ومعمر بن راشد ، وابن جريج ، وسفيان بن عيينة ، يقولون : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص . وهذا قول : ابن مسعود ، وحذيفة ، والنخعي ، والحسن البصري ، وعطاء ، وطاووس ، ومجاهد ، وعبداللَّه بن المبارك ؛ فالمعنى الذي يستحق به العبد المدح والولاية من المؤمنين هو إتيانه بهذه الأمور الثلاثة : التصديق بالقلب ، والإقرار باللسان ، والعمل بالجوارح)) [1] ، واتە : (عبدالرزاق) فەرموویەتی : لەوانەی کە پێیان گەشتووم لە مامۆستایان و هاوەڵانمانەوە ، لەوانەش : (سفيان الثوري ، ومالك بن أنس ، وعبيد بن عمر ، و الأوزاعي ، ومعمر بن راشد ، وابن جريج ، وسفيان بن عيينة) ـ بە ڕەحمەت بن ـ فەرموویان : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، زیاد وکەمیش دەکات . هەر ئەمەش بۆچوونی : (ابن مسعود ، وحذيفة ، و النخعي ، والحسن البصري ، وعطاء ، وطاووس ، ومجاهد ، وعبداللَّه بن المبارك) ـە ـ بە ڕەحمەت بن ـ .

وە ئەوەش کە بەهۆیەوە بەندە شایتەی بەچاکە باسکردن و خۆشویستنە لە ئیمانداران ، ئەوەیە کە ئەم سێ شتەی بەدی هێنابێت : بەڕاست دانانی دڵ ، و دانپیانانی زمان ، و کردەوە بەئەندامەکانیش .

---

[1] (شرح صحيح مسلم ، للنووي : ١ / ١٤٦) .

❑ دووەم : ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی سودی هەیە ؟

لەم خاڵەدا ئەوە دەخەینەڕوو کە ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سودی هەیە ؟ یان پێویسە کردەوەی لەگەڵدا بێت ؟ ئەوەش بەهێنانەوەی چەند ووتەیەك لەووتەکانی ئەم زانا پایەدارە ، کە بەڕاشکاوی ئەوە دەردەخەن ، لەوانەش :

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((هذا ليدل أن الإيمان بدون عمل لا يفيد ؛ فاللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا أن نتخيله خيالا ؛ آمن من هنا ـ قال : أشهد أن لا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه ـ ومات من هنا ... هذا نستطيع أن نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ، ويعيش دهره ـ مما شاء اللَّه ـ ولا يعمل صالحاً !! ؛ فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه ، ولم يدخل الإيمان إلى قلبه ؛ فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح)) [1] .

واتە : ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمان بەبێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە

---

[1] (شرح الأدب المفرد ـ الشريط السادس ـ الوجه الأول) .

سئل الشيخ (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ فقال : ((من شهد أن لا إله إلا اللَّه ، واعتقد بقلبه ، ولكن ترك جميع الأعمال ، هل يكون مسلماً ؟

فأجاب ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((لا ، ما يكون مسلماً حتى يوحد اللَّه بعمله ، يوحد اللَّه بخوفه ورجاءه ، ومحبته ، والصلاة ، ويؤمن أن اللَّه أوجب كذا وحرم كذا . ولا يتصور ... ما يتصوّر أن الإنسان المسلم يؤمن باللَّه يترك جميع الأعمال ، هذا التقدير لا أساس له . لا يمكن يتصور أن يقع من أحد ... نعم ؛ لأن الإيمان يحفزه إلى العمل ؛ الإيمان الصادق ... نعم)) . (نقلاً من التعليق على فتح المجيد شرح كتاب التوحيد ، الشريط الثاني ، أول الوجه الثاني) .

بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد أن لا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه) و پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێ گومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بە زمانە ، و ئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لەدوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

وە کردەوەشی بەیەکێك لەپێویستیەکانی (لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه) زانیوە بۆ ڕزگاربوونی موسڵمان لەمانەوەی هەتا هەتایی لەدۆزەخ ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فقول المسلم أيّ مسلم كان : لا إله إلا اللَّه محمد رسول اللَّه هذا بلا شك ينجيه من عذاب الدنيا ألا وهو القتل . كما قال ﷺ : « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ ، فَإِذَا قَالُوهَا ، فَقَدْ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ » . فمن قال : لا إله إلا اللَّه ، نجى بنفسه من الموت ، ولكن لا ينجو أمام اللَّه عَزَّوَجَلَّ. من الخلود في النَّار ، إلا إذا قام بحق هذه الكلمة ، وأول حقها هو عبادة اللَّه عَزَّوَجَلَّ. وحده لا شريك له)) [1] .

واتە : ووتەی موسڵمانان ـ هەر موسڵمانێك بێت ـ کە دەڵێت : (لا إله إلا اللَّه محمد رسول اللَّه) بێگومان ئەمە ڕزگاری دەکات لە سزایی دونیا کە بریتیە لە گوشتن ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : فەرمانم پێکراوە لەگەڵ بێباوەڕاندا بجەنگێم تاکو شایەتومان دێنن و دەڵێن : (لا إله إلا اللَّه ومحمداً رسول اللَّه) ، جا ئەگەر ووتیان ، بەوە

---

[1] (رحلة النور : الشريط الثاني : الوجه الثاني) .

خوێن و سامانی خۆیان لەسەرم حەرام دەکەن جگە لەوەی کە لەبەر مافێك لە مافەکانی ئیسلام نەبێت ، و موحاسەبەکردنیشیان لەلای خوای پەروەردگار دەمێنێتەوە .

جا ئەو کەسەی کە دەڵێت : (لا إلـه إلا اللَّـه) لە مردن خۆی ڕزگار دەکات ، بەڵام ڕزگار نابێت لە مانەوەی هەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا لە لای خوای پەروەردگار ، ئەگەر هەڵنەستێت بە مافەکانی ئەم ووشەیە ، یەکەمین مافیشی ئەوەیە کە پەرستشی خوای پەروەردگار بکات کە هیچ هاوەڵێکی نیە .

وە کردەوەشی کردووە بە هۆکار بۆ چوونە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردگار ، هەروەکو فەرموویەتی : ((قال اللَّـه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (النحل : ٣٢) ، هذه الباء هنا سببيه ، يعني : بسبب عملكم الصالح ، وأعظم الأعمال الصالحة هو الإيمان ، كما جاء في الحديث الصحيح أن النبي سأله رجل عن أفضل الأعمال ؟ قال : إيمان باللَّـه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ . .

الإيمان عمل قلبي مُشْ كما يظن بعض الناس أنه لا علاقة له بالعمل ، لا ، الإيمان :

أولاً : لابد من أن يتحرك القلب بالإيمان باللَّـه ورسوله ، ثم لابد أن يقترن مع هذا الإيمان الذي وقر في القلب ، أن يظهر ذلك على البدن والجوارح ، لذلك فقوله ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، نص قاطع صريح بأن دخول الجنة ليس بمجرد الأماني ...)) [1] .

واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، پیتی (الباء) لێرەدا ، هۆکاریە (سببية) واتە : بەهۆی کردەوە چاکەکانتانەوە ، گەورەترین کردەوەی چاکیش بریتیە لە ئیمان ، هەروەکو لە فەرموودەی (صحيح) ـدا هاتووە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێاوێك پرسیاری لێکرد سەبارەت بە چاکترین کردەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمان هێنان بەخوای پەروەردگار .

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الشريط / ١١ ، الوجه الثاني) .

ئیمان کردوەیەکی دڵە ، نەك وەکو هەندێك خەڵك گومانی وایە کە هیچ پەیوەندیەکی بە کردەوەوە نیە !!! نەك بە ئیمانەوە !!!

یەکەم : پێویستە دڵ بجوڵێتەوە بەو ئیمانەی کە تێیدایە بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، پاشان پێویستە لەگەڵ ئەم ئیمانەدا کە لەدڵدا جێگیر بووە کردەوە هەبێت ، و لەکردەوە وئەندامەکانی لەشدا دەرکەوێت ، بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، دەقێکی یەکلایی کەرەوە ، و ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە چوونە بەهەشت تەنها بە ئاوات و خەونەکان نیە !!!

وە فەرموویەتی : ((واعلم أن هذا الحديث قد يُشْكِلُ على بعض الناس ، ويتوهم أنه مخالف لقوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (الزخرف : ٧٢) ونحوها من الآيات والأحاديث الدالة على أن دخول الجنة بالعمل ، وقد أجيب بأجوبة : أقربها إلى الصواب : أن الباء في قوله في الحديث : (بعمله) هي باء الثمنيَّة ، والباء في الآية باء السببية ، أي : أن العمل الصالح سبب لا بد منه لدخول الجنة ولكنه ليس ثمناً لدخول الجنة .. ومافيها من النعيم المقيم والدرجات ...)) [1] .

واتە : وە ئەوەش بزانە ڕەنگە ئەم فەرموودەیە لەلای زۆرێك لە موسڵمانان نادیاری هەبێت ، وە گومانی ئەوە بکەن کە پێچەوانەی ووتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، لەگەڵ هاوشێوەکانی لەو ئایەت وفەرموودانەی کە باس لەوە دەکەن کە چوونەبەهەشت بەهۆی کردەوەکانەوەیە ، وە زانایان بەچەند شێوەیەك وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە ، نزیکترینیان بۆ ڕاستی ئەوەیە کە : پێتی (الباء) لە ووتەکەیدا (بعمله) لە فەرموودەکەدا (باء الثمنيَّة : بائی نرخێتی) یە ، بەڵام لەئایەتەکەدا پیتی (الباء) بۆ (سببية : هۆکارێتیە) ، واتە : کردەوە چاکەکان هۆکارێکی پێویستن بۆ چوونە بەهەشتەوە ، نەك نرخی چوونە بەهەشت و ئەو هەموو ناز ونیعمەتە هەتاهەتایەی و پلەکانی بن کە تێیدان .

---

[1] (الصحيحة ، للألباني : الحديث رقم : ٢٦٠٢) .

❑ سێیەم : ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوایە چیە بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئیمان دەکرێت و تێیدا هاتووە : ((أن الإيمان هو الإقرار باللسان والتصديق بالجنان)) ؟

ئەگەر بووترێت ڕاست و دروستی ئەو پێناسەی چیە کە تێیدا هاتووە : ((الإيمان : إقرار باللسان ، و تصديق بالجنان ؟!)) واتە : ئیمان بریتیە لە : دان پیانانی زمان ، و بەڕاست دانانی دڵ ؟! کە کردەوەی تێدا نیە ، و لێی دەرکراوە !! و پێناسەکەش پێناسەی ماتوریدیەکان ، و فوقەهای مورجیئەیە !!!

لە وەڵامی ئەم پرسیارە ووتەیەکی بەنرخی پێشەوا ئەلبانی دێنینەوە ، کە تێیدا دەرکردنی کردەوە لەئیمان ڕەتدەکاتەوە ، و پێناسەکەش بە پێچەوانەی سەلەفی صالحی ئومەت دادەنێت ، بە پێچەوانەی زۆرینەی زانایانی دەزانێت ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا : هاودەنگی ئەم پێشەوایەیە لەگەڵ زانایانی پێشین و سەلەفی صالح و زانایان لەوەی کە کردەوە بەشێکە لە ئیمان ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەم پایەدارەی پێ تۆمەتبار دەکرێت !!!

پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((هذا مَذهَبُ الحنفيَّةِ والماتُريديَّةِ خِلافاً للسَّلفِ وَجَماهِيرِ الأئمةِ ، كَمالك والشافعيِّ وأحمَدَ والأوزاعيّ وَغَيرِهِم ، فإنَّ هؤلاءِ زادوا على الإقرارِ والتَّصديقِ : العَملَ بالأركانِ .

وَلَيسَ الخلافُ بَينَ المذهبينِ اختلافاً صُورياً كَما ذَهَبَ إليهِ الشَّارحُ ـ يعني ابن أبي العز الحنفي شارح الطحاوية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ [1] بِحُجَّةِ أنَّهم جَميعاً اتَّفقوا على أنَّ مُرتكِبَ الكَبيرةِ لا يَخرُجُ عَن الإيمانِ ، وأنَّه في مشيئةِ اللَّه إن شاءَ عَذَّبهُ وإن شاءَ عَفا عَنهُ ، فإنَّ هذا الاتِّفاقَ وإن كَانَ صَحيحاً فإنَّ الحنفيةَ لو كانوا غَيرَ مُخالِفينَ للجماهيرِ مُخالفةً حَقيقيَّةً

---

[1] وە لەو زانایانەش کە هەمان بۆچوونی پێشەوا ئەلبانیان هەیە پێشەوا (الآلوسي) یە لە (روح المعاني : ٩ / ١٧٦) ـدا ، و شێخ (عبيداللَّه المباكفوري) لە (مرقاة المفاتيح : ١/ ٣٧) ـدا ، و پێشەوا (ابن باز) یش لە (تعليق ابن باز على الطحاوية : ٤٨) ـ ڕەحمەتی خوا لەهەمووان ـ ، بڕوانە (التوضيحات الجَليَّة على شرح العقيدة الطحاوية : ٢ : ٨٢١ ، للدكتؤر محمد بن عبدارحمن الخميس) .

في إنكارهم أنَّ العَمَلَ من الإيمانِ ؛ لاتَّفقوا مَعَهُم على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأنَّ زيادتهُ بالطاعةِ وَنَقصَهُ بالمعصيَةِ ، مَعَ تَظافرِ أدِلَّةِ الكتابِ والسُّنةِ والآثارِ السلفيَّةِ على ذلك ... ثُمَّ كيف يَصِحُّ أن يَكونَ الخلافُ المذكورُ صُورياً وَهم يُجيزونَ لأفجَرِ واحدٍ منهم أن يَقولَ : إيماني كإيمانِ أبي بكرٍ الصّديق ، بَل كإيمانِ الأنبياءِ والمرسلينَ وَجِبريلَ وميكائيلَ ـعَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ ـ ، كَيفَ وهُم بِناءً على مَذهَبِهِم هذا لا يُجِيزونَ لأحَدِهِم ـ مَهما كَانَ فاسِقاً فاجِراً ـ أن يَقُولَ : أنا مؤمنٌ إن شاءَ اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ ، بل يَقولُ : أنا مؤمنٌ حقاً ، واللَّهُ ـ عَزّوَجَلّ ـ يقولُ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ (الأنفال : ٢ ـ ٤) ، ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ (النساء : ١٢٢))) [1] .

واته : ئەمە بۆچوونی حەنەفی وماتوریدیەکانە بەپێچەوانەی پێشین وسەلەفی صالح وپێشەوایان مالك ، وشافعی ، وئەحمەد ، وئەوزاعی ، وجگە لەوانیشە کە دەبینین ئەوانە لەسەر دانپیانان ، و بەڕاستداناندا ، کردەوە کردنیان بەئەرکانەکان وئەندامەکان زیادکردووە .

---

[1] (العقيدة الطحاوية شرح وتعليق الألباني : ٦٢ ـ ٦٣ هامش : ٢) .

وقال الشيخ ابن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ معلقاً على قول الطحاوي : « والإيمان : هو الإقرار باللسان والتصديق بالجنان » . هذا التعريف فيه نظر وقُصُورٌ !!

والصواب الذي عليه (أهل السنة والجماعة) : أن الإيمان : قولٌ وعملٌ واعتقادٌ ، يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية . والأدلة على ذلك من الكتاب والسنة أكثر من أن تحصر . وقد ذكر الشَّارح ابن أبي العز جملة منها ، فراجعها إن شئت . وإخراج العمل من الإيمان هو قول المرجئة .

وليس الخلاف بينهم وبين (أهل السنة) فيه لفظيّاً ، بل لفظي ومعنوي ، ويترتب عليه أحكام كثيرة ، يعلمها من تدبر كلام (أهل السنة) وكلام (المرجئة) ، واللَّه المستعان)) (نقلاً عن تعليق الشيخ على العقيدة الطحاوية ، ص٦٠) .

ئەم جیاوازیەش لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا جیاوازیەکی شێوەیی و ڕووکەش نیە ، هەروەکو ڕوونکەرەوەی کتێبەکە ـ واتە : (ابن أبي العز الحنفي) بە ڕەحمەت بێت ، کە هەستاوە بە ڕوونکردنەوەی کتێبی (عقيدة الطحاوية) ـ فەرموویەتی ، بەبیانووی ئەوەی کە هەردوو مەزهەبەکە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە کەسانی خاوەن تاوانە گەورەکان لەئیمان ناچنە دەروە بەو تاوانەیان ، بەڵکو دەکەونە ویستی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی لێ هەبێت سزایان دەدات ، وە ئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەك دەنگیە دروستە ، بەڵام حەنەفی مەزهەبەکان ئەگەر پێچەوانەی ئەوانە نەبوونایەتەوە ، بە شێوەیەکی حەقیقی لە نکوڵیکردنیان لەوەی کە کردەوە بەشێك بێت لەئیمان !!! ئەوا هاودەنگ دەبوون لەگەڵیاندا لەوەی کە ئیمان زیاد و کەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بە گوێرایەڵیە و کەمبوونەوەشی بە تاوان و سەرپێچیە ، لەگەڵ هاتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ، سەرەڕای بوون و هاتنی هەموو ئەو شوێنەوارە سەلەفیانە لەسەر ئەوە .

پاشان چۆن ڕاستە بووترێت کە ئەو جیاوازیە شێوەیی و ڕوکەشیە ، کەچی دەبینیت ئەوان بەدروستی دەزانن کە خراپترین و سەرکەشترین کەسیان بلێت : ئیمانی من وەکو ئیمانی ئەبو بەکری صدیقە ، بەڵکو وەکو ئیمانی پێغەمبەران و نێردراوانی خوای پەروەردگار جبریل و میکائیلە ـ عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ ـ ، چۆن ووتنی ئەوە دروست و ڕەوایە کە بووترێت جیاوازیەکەیان شێوەیی و ڕووکەشیە !!! لەکاتێکدا ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونەیان ئەوە بینا دەکەن کە ڕێگە نادەن بەیەکێکیان ـ تەنانەت ئەگەر فاسقترین کەسیش بێت ـ بڵێت : من ئیماندارم ـ ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ بەڵکو دەبێت بڵێت : بەحەقیقەت من ئیماندارم ، کەچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ .

بنەوای دووەم : زیادبوونی ئیمان و کەمبوونەوەی :

زانراوە کە بۆچوون و سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە ئەوەیە کە ئیمان زیاد دەکات ، و کەمیش دەکات ، زیادکردنەکەشی بە گوێرایەڵی و زیادکردنی چاکەکانە ، و کەمبوونەوەشی بەهۆی سەرپێچی و ئەنجامدانی تاوانەوەیە [1] ، هەروەکو لە هەندێك لە باس و پرسەکانی ئەم

---

[1] هاوەڵانی بەڕێز (عبداللَّه بن عباس ، و أبو هريرة ، و أبو الدرداء) ﷺ فەرموویانە : ((الإيمان يزيد وينقص)) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، اللالكائي : ٥/ ١٠١٦ : ١٧١١ ، ١٧١٢) ، واتە : ئیمان زیاد و کەم دەکات .

وە (عمير بن حبيب الخطمي) یش ﷺ فەرمویەتی : ((الإيمان يزيد وينقص ، قيل : وما زيادته ونقصانه ؟ قال : إذا ذكرنا اللَّه فحمدناه وسبحناه فتلك زيادته ، وإذا غفلنا ونسينا فذلك نقصانه)) (الإبانة ، لابن بطة : ٢ / ٨٤٥ ، ١١٣١) ، واتە : ئیمان زیاد وکەم دەکات ، پێیان فەرموو : زیاد وکومەی چیە ؟ فەرمووی : یاد ، و شوکرانەبژێری ، و تەسبیحاتی خوای پەروەردگارمان کرد ئەوە زیادبوونەکەیەتی ، وە ئەگەر بێئاگابووین لە پەروەردگار و لە یادمانکرد ئەوە کەمبوونەکەیەتی .

پێشەوای (مجاهد) ـی کوڕی (جبر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە یەکێکە لە شوێنکەوتوانی هاوەڵان فەرموویەتی : ((الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص)) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، اللالكائي : ٥ / ١٠٢٣ ، برقم : ١٧٢٨) ، واتە : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، و زیاد وکەمیش دەکات .

وە پێشەوا (سفيان) ـی کوڕی (عيينة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((يزيد وينقص)) (الإبانة ، لابن بطة : ٢ / ٨٥٢ ، ١١٤٩) و (سير أعلام النبلاء ، للذهبي : ٨ / ٤٦٨) ، واتە : ئیمان زیاد وکەم دەکات .

پێشەوا (الشافعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە یەکێك لە پێشەوایانی ئیسلام و سەرانی چوار مەزهەبەکەی ئیسلام فەرموویەتی : ((الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص ، يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية ، ثم تلا قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ (المدثر : ١٣١))) (حلية الأولياء ، للأصفهاني : ٩ / ١١٥) ، واتە : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، زیاد وکەمیش دەکات ، بەگوێرایەڵی زیاد دەکات ، و بە تاوان وسەرپێچیش کەم دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ .

وە پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) یش سەرمەزهەبی حەمبەلیەکان و سەروەر و پێشەوای ئەهلی سوننە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((أجمع تسعون رجلاً من التابعين وأئمة السنة ،

وأئمة السلف ، وفقهاء الأمصار على أن السنة التي توفي عنها رسول اللّه ﷺ ... : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد بالطاعة ، وينقص بالمعصية)) (طبقات الحنابلة ، لابن رجب الحنبلي : ١ / ١٣٠) ، واتە : نەوەد (٩٠) کەس لە شوێنکەوتوان و پێشەوایانی سوننە ، و پێشەوایانی سەلەف ، و شەرعزانانی ولاتان لەسەر ئەوەن کە ئەو سوننەتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری مردووە ئەوەیە ... : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، بەگوێرایەلی زیاد دەکات ، و بەتاوانیش کەم دەکات .

وە فەرموویەتی : ((الإيمان : يزيد وينقص ؛ فزيادته بالعمل ، ونقصانه بترك العمل)) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة : للالكائي : ٥ / ١٠٥٦ ، برقم : ٨١٧٩) ، واتە : ئیمان : زیاد وکەم دەکات ، زیادکرنی بەکردەوەی چاکە وە کەم کردنیشی بەوازهێنانە لەکردەوە .

وە پێشەوا (البخاري) ـش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لقيت أكثر من ألف رجل من العلماء بالأمصار فما رأيت أحداً يختلف في أن الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص)) (فتح الباري ، لابن حجر العسقلاني : ج١ ، ص ٤٧) ، واتە : گەشتم بە زیاد لەهەزار لەزانایان لەولاتانی ئیسلامدا ، نەمبینیوە هیچ کەسێکیان جیاوازی لەوەدا هەبێت کە ئیمان : ووتە وکردەوەیە و زیاد وکەمیش دەکات .

هەروەها پێشەوا (أبو زرعة الرازي) ـش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان عندنا قول وعمل ؛ يزيد وينقص ، ومن قال غير ذلك ؛ فهو مبتدع مرجئ)) (طبقات الحنابلة ، لابن رجب الحنبلي : ١ / ٢٠٣) ، واتە : ئیمان لەلای ئێمە : ووتە وکردەوەیە ، زیاد وکەمیش دەکات ، وە ئەوەش جگە لەوە بلێت : ئەوا بیدعەکار و مورجیئەیە .

وە پێشەوا (البيهقي) ـش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((أن الإيمان يزيد وينقص ، وإذا قبل الزيادة قبل النقص)) (الاعتقاد ،للإمام البيهقي : ص ١١٥ باب : القول في الإيمان) ، واتە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، ئەگەر قابیلی زیادبوونی هەبوو ، ئەوا قابیلی کەمبوونەوەشی هەیە .

پێشەوا (البغوي) ـش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کۆڕای هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەوانەش کە پاش ئەوان هاتوون لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((اتفقت الصحابة والتابعين فمن بعدهم من علماء السنة على أن الأعمال من الإيمان .. وقالوا إن الإيمان قول وعمل وعقيدة ؛ يزيد بالطاعة ، وينقص بالمعصية على ما نطق به القرآن في الزيادة ، وجاء في الحديث بالنقصان في وصف النساء)) (شرح السنة ، للإمام البغوي : ١/ ٣٨) ، واتە : هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان ، و ئەوانەش لە پاش ئەوان هاتوون ، لە زانایانی سوننە لەسەر ئەوە بوو کە ئیمان : ووتە ، وکردەوە ، و بیروباوەڕە ، بەگوێرایەلی زیاد دەکات و بە تاوانیش کەم دەکات

، بەو پێیەی کە قورئان باسی زیادبوونی کردووە ، و لە فەرموودەشدا باسی کەمبوونەوەشی هاتووە لە باس و وەصفی ئافرەتاندا .

وە پێشەوا (النَّوَوِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم بیروباوەڕە بە خاڵێك دادەنات بۆ دابەستنی خۆشویستن و ڕق لێبوون لە سەری ، کە فەرموویەتی : ((قال عبدالرزاق : سمعت من أدركت من شيوخنا وأصحابنا : سفيان الثوري ، ومالك بن أنس ، وعبيد بن عمر ، والأوزاعي ، ومعمر بن راشد ، وابن جريج ، وسفيان بن عيينة ، يقولون : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص . وهذا قول : ابن مسعود ، وحذيفة ، والنخعي ، والحسن البصري ، وعطاء ، وطاووس ، ومجاهد ، وعبداللَّه بن المبارك ؛ فالمعنى الذي يستحق به العبد المدح والولاية من المؤمنين هو إتيانه بهذه الأمور الثلاثة : التصديق بالقلب ، والإقرار باللسان ، والعمل بالجوارح)) (شرح صحيح مسلم ، للنووي : ١ / ١٤٦) ، واتە : (عبدالرزاق) فەرموویەتی : لەوانەی کە پێیان گەشتووم لە مامۆستایان و هاوەڵانمانەوە ، لەوانەش : (سفيان الثوري ، ومالك بن أنس ، وعبيد بن عمر ، و الأوزاعي ، ومعمر بن راشد ، وابن جريج ، وسفيان بن عيينة) ـ بە ڕەحمەت بن ـ فەرموویان : ئیمان وتە وکردەوەیە ، زیاد وکەمیش دەکات . هەر ئەمەش بۆچوونی : (ابن مسعود ، وحذيفة ، و النخعي ، والحسن البصري ، وعطاء ، وطاووس ، ومجاهد ، وعبداللَّه بن المبارك) ـە ـ بە ڕەحمەت بن ـ .

وە ئەوەش کە بەهۆیەوە بەندە شایتەی بەچاکە باسکردن و خۆشویستنە لە ئیمانداران ، ئەوەیە کە ئەم سێ شتەی بەدی هێنابێت : بەڕاست دانانی دڵ ، و دانپیانانی زمان ، و کردەوە بەئەندامەکانیش .

شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم وتەیە بە بنەوایەك لە بنەواکانی ئەهلی سوننە دادەنات ، و دەفەرموێت : ((ومن أصول أهل السنة : أن الدين والإيمان قول وعمل : قول القلب واللسان ، وعمل القلب واللسان والجوارح ، وأن الإيمان يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية)) (مجموع الفتاوى : ٣ / ١٥١) ، واتە : یەکێك لە بنەواکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە کە : ئایین و ئیمان : وتە و کردەوەیە ، ووتەی دڵ و زمانە ، و کردەوەی دڵ و زمان و ئەندامەکانە ، و ئەوەش کە ئیمان بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات ، و بە تاوان و سەرپێچیش کەم دەکات .

وە پێشەوا (البربهاري) ـش سەبارەت بە زیادبوون وکەمبوونەوەی ئیمان فەرموویەتی : ((الإيمان قول وعمل . وعمل وقول ، ونية وإصابة ؛ يزيد وينقص ، يزيد ما شاء اللَّه ، وينقص حتى لا يبقى منه شيء)) (شرح السنة ، للإمام الحسن بن علي البربهاري : ص ٦٧ ، تحقيق الردادي) ، واتە : ئیمان : وتە و کردەوەیە ، و

نووسینەدا ئاماژەی پێدراوە ، و پێشەوا ئەلبانیش وەکو هەموو زانایانی پێشین وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئیمان زیاد دەکات ، وکەمیش دەکات ، و بەڕاشکاوی ئەوەی لەگەلیّك نووسین و ووتەکانیدا دەربڕیوە ، لەوانەش لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة) ـدا [1] ، ناونیشانی (الإيمانُ يَزيدُ وَيَنقُصُ) ـی داناوە ، و فەمروودەی (أبو هريرة) ـەی رضي الله عنه وەکو بەڵگەیەك هێناوەتەوە لەسەری کە تێیدا هاتووە : (الإيمان بضعٌ وسبعونَ باباً ...) ، کە ئەم کارەش بەڵگەیە لە سەر بۆچوونی ئەم پێشەوایە لەم باسەدا .

وە لە ووتەیەکی تردا ئەم پێشەوایە بە ڕاشکاوی فەرموویەتی : ((الإيمان يزيد وينقص ، وأن الأعمال من الإيمان ، وعليه جماهير العلماء سلفاً وخلفاً ما عدا الحنفية ؛ فإنهم لا يزالون يصرون على المخالفة ؛ بل إنهم ليصرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه تَعَالَى ـ فقد جاء في (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي: ٨ / ٢٠٥) ـ ما نصه : « والإيمان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمان عندنا ليس من الأعمال » ... وهذا يخالف ـ صراحة ـ حديث أبي هريرة ، أن رسول اللَّه ﷺ سئل : أي العمل أفضل ؟ قال : « إيمان باللَّه ورسوله » ... ـ الحديث ـ أخرجه البخاري ـ وغيره ـ ،

کردەوە و ووتەشە ، و نیەت و پێکانیشە (واتە : شوێنکەوتن) ، زیاد و کەمیش دەکات ، زیاد دەکات تاکو ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر هەبێت ، وە کەمیش دەکات تاکو هیچی نامێنێتەوە .

هەروەها پێشەوا (ابن مندة) ـەش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان قول باللسان ، واعتقاد بالقلب ، وعمل بالأركان ؛ يزيد وينقص)) (كتاب الإيمان ، للإمام ابن مندة : ٢/ ٣٤١) ، واتە : ئیمان : ووتەی زمان ، و بیروباوەڕی دڵ ، و کردەوەکردنیشە بە ئەندامەکان ، زیاد وکەمیش دەکات .

وە پێشەوا (یحیی) ـی کوڕی (سعيد القطان) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە پێشین و زانایانی پێش خۆی فەرموویەتی : ((كل من أدركت من الأئمة كانوا يقولون : الإيمان : قول وعمل ؛ يزيد وينقص)) (سير أعلام النبلاء ، للذهبي : ٩ / ١٧٩) ، واتە : هەموو ئەو پێشەوایانەی کە پێیان گەشتووم دەیانفەرموو : ئیمان : ووتە وکردەوەیە ، زیاد وکەمیش دەکات .

[1] (السلسلة الصحيحة : ٤ / ٣٦٩) .

وفي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها في : الترغيب : ٢ / ١٠٧)) [١] ، واته : ئیمان زیاد وکەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لەئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی پێشین و سەلەفی صالح ، و پاشینانیشیان ، جگە لەحەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بە کوفر و پاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لەکتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ باب الكراهية ، ٨ / ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نە زیاد و نەکەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لەکردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بە ڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە رضي الله عنه ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری وجگە لەویش گێڕایانەتەوە ، و هەر لەواتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لەکتێبی (الترغيب : ٢ / ١٠٧) دان .

ئەم پێشەوایە ئەوەشی بە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ داناوە کە بووترێت : ئیمان زیاد و کەم ناکات ، هەروەکو فەرموویەتی : ((هؤلاء مثل الماتريدية حينما يفهمون أن الإيمان لا يقبل الزيادة والنقص ، ويعتقدون أن هذا هو الصواب ، ... ، مع أن هذه العقيدة وهذا الفقه يخالف الكتاب والسنة ، ...)) [٢] ، واته : ئەوانەی کە وەکو ماتوریدیەکان ، کاتێك واتێدەگەن کە ئیمان شایستەی زیاد وکەم نیە ، ولەباوەڕشدان کە ئەمە بۆچوونی دروستە ، ... ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بیروباوەڕ و تێگەیشتنە پێچەوانەی قورئان وسوننەتە .

وە ئەم پێشەوایە لەبەڵگەکانی هەڵبەستراوێتـ (موضوع) ـی و ئاشکراکردنی پوچەڵی ئەو فەرموودەیەی کە تێیدا هاتووە: « الإيمانُ مُثبتٌ في القلبِ كالجبالِ الرواسي ، وَزيادَتُهُ

---

[١] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص ٣٢ ـ ٣٣) .

[٢] (دروس للشيخ الألباني : ٨ / ٦ ، المفهوم الصحيح للدين) .

وَنَقصُهُ كُفرٌ » [١] . فەرموویەتی : ((وهـذا الـحديثُ مُـخالِفٌ للآياتِ الكثيـرةِ الـمُصرِّحةِ بِزيادَةِ الإيمـانِ ، كقولهِ ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ (الـمدثر : ٣١) ، فَكَفى بِـهذا دَليلاً علـى بُطلانِ مِثلِ هذا الـحدِيثِ ، ...)) [٢] ، واتە : وە ئەم فەرموودە هەڵبەسترا و دانراوە لەو لاشەوە پێچەوانەی ئەو هەموو ئایەتە ڕاشکاوانەیە کە باس لەزیادبوونی ئیمان دەکەن ، وەك ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ ، تەنها ئەمەش بەسە بۆ پوچەڵێتی وەك ئەم فەرموودەیە .

هەروەها فەرموویەتی : ((الـمسلمون مـختلفون حتى فـي العقيدة ، ... فالـجمهور ونصوص الكتاب والسنة تثبت أن الإيمـان يزيد وينقص ، وأن العمل الصالح من الإيمـان .

أما الـمـاتريدية فلا يزالون يقولون : الإيمـان لا يزيد ولا ينقص ، وكل إيمـان يقبل الزيادة فهو كفر ؛ لأنـهم يعتقدون أن الإيمـان شـيء لا يقبل الزيادة والنقص أبداً ، وهذا الـمذهب حتى اليوم مسيطر وربمـا يكون مسيطراً علـى أكبـر رقعة من العالـم الإسلامي)) [٣] .

واتە : موسڵمانان تەنانەت لە بیروباوەڕیشدا جیاوازن ، ... جومهور و دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەت ئەوە جێگیر و دەسەلێنن کە ئیمان زیاد و کومیش دەکات ، و کردەوەی چاکیش بەشێکە لە ئیمان .

کەچی ماتوریدیەکان تاکو ئیستاش بەردەوامن لەسەر ئەوەی کە : ئیمان نەزیاد و نەش کەم دەکات ، وە ئیمانێکیش کە قابیلی زیادبوون بێت کوفرە ، چونکە ئەوان بیروباوەڕیان وایە کە ئیمان یەك شتە و هەرگیز قابیلی زیاد وکەم نیە ، وە ئەم بۆچوونەش تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ بالادەستە ، وە لەوەانەیە دەستی کێشاوە بەسەر پانتاییەکی گەورەی جیهانی ئیسلامی .

---

[١] (الضعفاء لابن حبان : ٢ / ١٠٣ ، وحكم الألباني بوضعه في السلسلة الضعيفة ، برقم : ٤٦٤) .

[٢] (السلسلة الضعيفة ، للألباني : ١/ ٦٧٨) .

[٣] (دروس للشيخ الألباني : ٨ / ٥ : اختلاف الـمسلمين في الأصول والفروع) .

وە فەرموویەتی : ((مَن شَاءَ الإطِّلاعَ على الأحاديثِ الواردةِ في زيادةِ الإيمان وَنُقصانهِ ، وَكذا الآثار عَنِ الصحابةِ والتابعينَ ، فَليَرجِع إلى (كتاب الإيمانِ) لأبي بكرِ بن أبي شيبةَ الذي قُمنا بِتَحقيقِهِ وَطَبعِهِ مَعَ رَسائِلَ أُخرى)) [١] ، واتە : ئەو کەسەش کە دەیەوێت بەڵگەی زیاتر لەبەڵگەکانی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەها ئەو شوێنەوار و ئاسارانەی کە لەووتەی پێشین لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیانی بەرچاوکەوێت لەسەر زیادبوونی ئیمان و کەمبوونەوەی با بڕوانێتە پەرتوکی (كتاب الإيمان) ـی (أبو بكر ابن أبي شيبة) ـە کە هەستاوین بە پشکنین ، و چاپکردنی لەگەڵ چەندان نووسراوی تردا .

وە ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەڕاشکاوی ئەوەشی دەربڕیوە کە دەیەها ساڵە ئەوەی ئاشکراکردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و زیاد وکەمیشی بەسەردا دێت ، کەچی کەسانێکی نەزانی نادیار ، وهەرزە دێن وتۆمەتباری دەکەن بەوەی کە هەڵگری بیری ئیرجائە ، هەروەکو فەرموویەتی : ((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

أقول (أي : الألباني): هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللَّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي اليوم بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللَّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [٢] .

واتە : وە پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە درێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لە ئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد و کەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لەکتێبی (الإيمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

---

[١] (التنكيل ، للشيخُ العلامَةُ عبدالرحمن بن يحيى المعلميّ : ٢ / ٣٧٢) .

[٢] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص ٣٢ ـ ٣٣) .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپیەی کە لە سەرین ، لە نەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

جا موسوڵمانی خواناس با ئێمەش کوییبستی کەسانی نەزان و هەرزە نەبین ، بەڵکو ئەوە دووبارە بکەینەوە کە پێشەوایانی ئێمە ، وەك (أَحْمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوانی تریش فەرموویانە ئەو کەسەی کە بڵێت : ئیمان زیاد و کەم دەکات ئەوا بەریە لە ئیرجا ، هەروەك لە پرسیارێکی (أَحْمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە پێشتر خرایەڕوو سەبارەت بە کەسێك کە بڵێت : ((الإيمان يزيد وينقص ؟)) ـ کە پێشەوا ئەلبانیش یەکێکە لەوانەی کە فەرموویەتی ئیمان زیاد و کەمیش دەکات ـ پێشەوا (أَحْمَد) ـی کوڕی (حَنْبَل) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدا فەرموویەتی : ((قَالَ : هَذَا بَرِيْءٌ مِنَ الْإِرْجَاءِ)) [1] ، واتە : ئەم کەسە بەریە لە ئیرجا .

یان ئەوەی کە پێشەوا (البَرْبَهارِيّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو بارەیەوە فەرموویەتی :

((وَمَنْ قَالَ : الْإِيْمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ ، يَزِيْدُ وَيَنْقُصُ ، فَقَدْ خَرَجَ مِنَ الْإِرْجَاءِ كُلِّهِ : أَوَّلِهِ ، وَآخِرِهِ)) [2] ، واتە : ئەو کەسەی کە بڵێت : ئیمان : ووتە وکردەوەیە ، و زیاد وکەمیش دەکات ، ئەوا ئەو کەسە لە ئیرجا دەرچووە بەگشتی ، لە سەرەتا و کۆتاشی .

---

[1] (السنة ، للخلال : ٢ / ٥٨١) ، و (السنة ، لعبداللّه بن الإمام أحمد ، رقم : ٦٠٠) .

[2] (شرح السنة ، للبربهاري : ص١٣٢) .

📖 **بنەوای سێیەم** : دروستی هەڵاوێردن لە ئیماندا ((جواز الإستثناءُ في الإيمانِ))

واتە: دروستی ووتنی ئەوەی: من ئیماندارم .إنْ شَاءَ اللَّهُ. :

خەڵکی لەدروستی ونادروستی هەڵاوێردن ، واتە : ئەوەی کە ئیماندار بڵێت : من ئیماندارم .إنْ شَاءَ اللَّهُ. ، بوونەتە سێ کۆمەڵەوە ، پێشەوا (ابن تيمية) لەباسیاندا و لەدیاری کردنی ووتەی درووست تیایاندا فەرموویەتی : ((وَصارَ الناسُ في الاستثناءِ على ثَلاثَةِ أقوالٍ :

قَولٌ : أنَّهُ يَجِبُ الاستثناءُ ، وَمَن لم يَستَثنِ كانَ مُبتَدِعاً .

وَقَولٌ : أنَّ الاستثناءَ مَحظورٌ ، فانَّهُ يَقتَضِي الشكَّ في الإيمانِ .

والقولُ الثالِثُ أوسطُها وأعدَلُها : أنَّه يَجوزُ الاستثناءُ باعتبارٍ وَتركُهُ باعتبارٍ .

فإذا كان مَقصودُهُ أني لا أعلَمُ أني قائِمٌ بِكلِّ ما أوجبَ اللَّه عليَّ وأنَّه يقبلُ أعمالي لَيسَ مقصودهُ الشكُّ فيما في قَلبِهِ فهذا استثناؤهُ حَسَنٌ ، وَقَصدُهُ أن لا يزكِّي نَفسهُ وأن لا يَقطَع بأنَّهُ عَملَ عَملاً كما أُمِرَ فقُبِلَ مِنهُ ، والذنوبُ كَثيرةٌ والنِّفاقُ مَخُوفٌ على عامَّةِ النَّاسِ ، قال ابنُ أبي مُلَيكَة : أدركتُ ثلاثينَ مِن أصحابِ محمَّدٍ كلُّهم يخافُ النفاقَ على نَفسِهِ ، لا يَقولُ واحدٌ مِنهم إنَّ إيمانهُ كإيمانِ جِبريلَ وميكائيلَ)) [1] .

واتە : خەڵکی سەبارەت بەدروستی ونادروستی هەڵاوێردن لەئیماندا سێ بۆچوونیان هەیە :

ووتەیەکیان : هەڵاوێردن پێویستە و ئەو کەسەش کە هەڵاوێردن نەکات بیدعەکارە .

وە ووتەیەك : هەڵاوێردن قەدەغەکراوە ، چونکە خوازیاری گومانە لەئیماندا .

ووتەی سێیەمیان کە ناوەند و دادوەرترینیانە : ئەوەیە کە دروستە هەڵاوێردن بکرێت بەمەبەستێك ، وە وازیشی لێبهێنرێت بەمەبەستێکی تر ، جا ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە من نازانم ئایا بەهەموو پێویستیەکانی خوای پەروەردگار هەستاوم یان نە ؟ یان ئایا خوای پەروەردگار

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١٣ : ٤٠ ـ ٤١) .

وقال شيخ الإسلام .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. : ((وأمَّا الاستثناءُ في الإيمانِ بِقولِ الرجلِ : أنا مُؤمنٌ إن شاءَ اللَّهُ ، فالناسُ فيهِ على ثَلاثةِ أقوالٍ : مِنهم مَن يُوجِبُهُ ، وَمِنهم مَن يُحرِّمُهُ ، ومِنهم من يجوِّزُ الأمرين باعتبارينِ ، وهذا أصحُّ الأقوالِ ...)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٤٢٩) .

کردەوەکانی لێوەرگرتووم یان نە ؟ نەك مەبەستی گومان بێت لەوەی کە لە دڵیایە ، ئەمە هەڵاوێردنێکی چاکە ، وە مەبەستیشی پاکانەکردن نیە بۆ خۆی ، و ئەوەشی مەبەست نیە کە یەك لا کردەوەیەکی کردووە وەکو فەرمانی پێکراوە ، وەرگیراویشە لەلای خوای پەروەردگارەوە ، تاوانەکانیش زۆرن و ترسی ئەگـەری کەوتنە دووڕوویش بۆ هـەموو کەسێك واریدە ، هەروەکو (ابن أبـي مُلَيْكَة) فەرموویەتی : گەشتم بە زیاد لە سی لە هاوەڵانی (مـحمد) ﷺ هەمـوویـان ترسی دووڕووی و نیفاقیان لەخۆیان هەبوو ، و هیچ یەکێکیانیش نەیان دەووت کە ئیمانی ئەو وەکو ئیمانی (جِبـریل) ، و (میکائیل) ـە .عَلَيْهِمَا السَّلامُ. .

وە پێشەوا (ابن بَطَّة العُكبـري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەی بە ڕێگا و ڕێبازی ئیمانداران ، و ژیر و زانایانی ئیسلام زانیوە کە فەرموویەتی : ((فهـذهِ سبيلُ الـمؤمنيـنَ ، وَطَريقُ العُقلاءِ من العُلمـاءِ : لزومُ الإستثناءِ والـخوفِ والرجاءِ ، لا يَدرونَ كيفَ أحوالُـهُم عِندَ اللَّـهِ ، ولا كَيفَ أعمـالـهم ، أمَقبولةٌ هي أم مَردودَةٌ ... بِـهذا مَضَت سُنَّةُ الـمسلميـنَ ، وَعَليهِ جَرَت عـادتُـهُم ، وأَخَذَهُ خَلَفُهم عن سَلَفِهِم ، فَلَيسَ يُـخالِفُ الإستثناءَ في الإيمـانِ ويأبى قَبولَهُ : إلا رجلٌ خَبيثٌ مُرجيءٌ ضالٌّ ، قَد استحوَذَ الشيطانُ عَلَى قَلبِهِ ، نَعوذُ باللَّـه مِنهُ)) [1] ، واتە : کردنی هەڵاوێردن و

---

[1] (الإبانة عن شـريعة الفرقة الناجية ومـجانبة الفرق الـمذمومة ، لابن بطة العكبـري : ٢/ ٨٧٢) .

وقال عبداللَّـه بن مسعود ﷺ : ((من شهد علـى نفسه أنه مؤمن ؛ فليشهد أنه فـي الـجنة)) (شـرح أصول اعتقاد أهل السنة ، للالكـائي : ٥ / ١٠٤٨ ، بـرقم : ١٧٧٩) . و (كتـاب الإيمـان ، لابـن أبـي شيبة : ص ٤٩ ، برقم : ١٣٨) ، و (السنة ، لعبداللَّه بن الإمام أحـمد : ١ / ٣٢٢ ، برقم : ٦٥٦) .

وقال رجل عند ابن مسعود ﷺ : ((أنا مؤمن)) ! فقال ابن مسعود ﷺ : ((أفأنت فـي الـجنة ؟)) فقال : ((أرجو)) . فقال ابن مسعـود ﷺ : ((أفـلا وكلـت الأولـى كمـا وكلـت الأخـرى ؟)) (كتـاب الإيمـان ، للإمـام أبـي عبيد القاسم بن سلام : ص ٢٠ ، برقم : ٩) .

وقال الإمام أحـمد بن حنبل .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((أذهب إلـى حديث ابـن مسـعود فـي الاسـتثناء فـي الإيمـان ؛ لأن الإيمـان : قول وعمل ، والعمل الفعل ، فقد جئنا بالقول ، ونخشى أن نكون قد فرطنا فـي العمل ؛ فيعجبني أن نستثني فـي الإيمـان ، نقول : أنا مؤمن إن شاء اللَّـه)) (السنة ، للإمام الخلال : ٣ ، ٦٠٠ ، برقم : ١٥٦) .

وقال الوليد بن مسلم : سمعت أبا عمرو ـ يعني الأوزاعي ـ ومالك بن أنس، وسعيد بن عبد العزيز ؛ لا ينكرون أن يقول : أنا مؤمن ، ويأذنون في الاستثناء أن أقول : ((أنا مؤمن إن شاء اللَّه)) (السنة لعبداللَّه بن الإمام أحمد : ١/ ٣٤٧ ، ٧٤٤) .

وقال الإمام يحيى بن سعيد القطان ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((ما أدركت أحداً من أصحابنا ولا بلغنا إلا على الاستثناء)) (السنة ، للخلال : ٣/ ٥٩٥ ، ١٠٥٣) .

وعن جرير بن عبدالحميد قال : سمعت منصور بن المعتمر ، والمغيرة بن مقسم ، والأعمش ، وليث بن أبي سليم ، وعمارة بن القعقاع ، وابن شبرمة ، والعلاء بن المسيب ، وإسماعيل بن أبي خالد ، وعطاء بن السائب ، وحمزة بن حبيب الزيات ، ويزيد بن أبي زياد ، وسفيان الثوري ، وابن المبارك ، ومن أدركت : ((يستثنون في الإيمان ، ويعيبون على من لا يستثني)) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة ، اللالكائي : ٥/ ١٠٥٠ ، ١٧٨٥) .

وقال الإمام البيهقي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وقد روينا هذا ـ يعني الاستثناء ـ عن جماعة من الصحابة والتابعين والسلف الصالح ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ أَجْمَعِيْنَ ـ)) (شعب الإيمان ،للبيهقي : ١/ ٢١٢) .

وقال الإمام الآجري ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((من صفة أهل الحق ممن ذكرنا من أهل العلم : الاستثناء في الإيمان ، لا على جهة الشك ـ نعوذ باللَّه من الشك في الإيمان ـ ولكن خوف التزكية لأنفسهم من الاستكمال للإيمان ، لا يدري أهو ممن يستحق حقيقة الإيمان أم لا ؟ ... هذا طريق الصحابة والتابعين بهم بإحسان ، عندهم أن الاستثناء في الأعمال لا يكون في القول والتصديق في القلب ، وإنما الاستثناء في الأعمال الموجبة لحقيقة الإيمان ، والناس عندهم على الظاهر مؤمنون ، به يتوارثون به ، يتناكحون به ، تجري أحكام ملة الإسلام ، ولكن الاستثناء منهم على حسب ما بيناه لك ، وبينه العلماء من قبلنا ، روي في هذا سنن كثيرة ، وآثار تدل على ما قلنا)) (كتاب الشريعة ، للآجري : ٢/ ٦٥٦ ، باب ذكر الاستثناء من الإيمان من غير شك فيه) .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((إن الإيمان المطلق ؛ يتضمن فعل ما أمر اللَّه به عبده كله ، وترك المحرمات كلها ؛ فإذا قال الرجل : أنا مؤمن بهذا الاعتبار فقد شهد لنفسه بأنه من الأبرار المتقين القائمين بفعل جميع ما أمروا به ، وترك كل ما نهو عنه ؛ فيكون من أولياء اللَّه ، وهذا من تزكية الإنسان

ژیان لەنێوان ترسی سزای خوای پەروەردگار و ئاواتی لێخۆشبوونی ، ڕێگای ئیمانداران و ڕێگای خاوەن هزرانە لەزانایان ، چونکە نازانن بار وحاڵیان لەلای خوای پەروەردگار چیە و چۆنە ، ناشزانن کردەوەکانیان لەلای خوای پەروەردگار وەرگیراوە یان نە ، ... ڕێچکە و ڕێبازی موسڵمانان لەسەر ئەمە بووە و هەر لەسەر ئەمەش ڕۆشتووە ، پاشینانیان لە پێشینلنیان وەریگرتووە ، و هیچ کەسێکیش نیە کە پێچەوانەی هەڵاوێردن بێتەوە ، و قەبوڵی نەبێت ، ئیللا کەسێکی پیسی مورجیئەی گومڕا نەبێت ، کە شەیتان دەستی بەسەر دڵیدا گرتبێت ، پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار لێی .

وە پێشەوا (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ حەرامدانانی هەڵاوێردنی لە ئیمان بە بۆچوونی مورجیئە و جەهمیە و موعتەزیلەکان داناوە ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فالذین یحرِّمونهُ هم المرجئةُ والجهميةُ)) [1] ، واتە : ئەوانەی کە هەڵاوێردن لە ئیماندا بەحەرام دەزانن ، بریتین لە مورجیئە و جەهمیەکان .

وە فەرموویەتی : ((الاستثناءُ في الإيمانِ سُنَّةٌ عِند أصحابنا وأكثرِ أهلِ السنةِ ، وقالت المرجئةُ والمعتزلةُ : لا يَجُوزُ الاستثناءُ فيهِ ، بَل هُوَ شَكٌّ)) [2] ، واتە : هەڵاوێردن لە ئیماندا سوننەتە لەلای هاوەڵانمان ، و زۆرینەی ئەهلی سوننە ، بەڵام لەبەرامبەردا مورجیئە و موعتەزیلەکان دەڵێن : هەڵاوێردن دروست نیە ، بەڵکو ئەو کارە گومان بوونە لە ئیمان .

لنفسه ، وشهادته لنفسه بما لا يعلم ، ولو كانت هذه الشهادة صحيحة ؛ لكان ينبغي له أن يشهد لنفسه بالجنة إن مات على هذه الحال ، ولا أحد يشهد لنفسه بالجنة ؛ فشهادته لنفسه بالإيمان ؛ كشهادته لنفسه بالجنة إذا مات على هذه الحال ، وهذا مأخذ عامة السلف الذين كانوا يستثنون ، وإن جوزوا ترك الاستثناء بمعنى آخر)) (مجموع الفتاوى : ج٧ ، ص ٤٤٦) .

وقال : ((والمأثور عن الصحابة ، وأئمة التابعين ، وجمهور السلف ، وهو مذهب أهل الحديث ، وهو المنسوب إلى أهل السنة : أن الإيمان قول وعمل ؛ يزيد وينقص ، يزيد بالطاعة ، وينقص بالمعصية ، وأنه يجوز الاستثناء فيه)) (مجموع الفتاوى ، ج ٧ ، ص ٢٥٣) .

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٤٢٩) .

[2] (المصدر نفسه : ٧ / ٦٦٦) .

جا موسڵمانی خوانا سبا بۆ زانینی بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم پرس و باسەدا بڕوانینە ئەم ووتەیەی کە لەلێکدانەوە و ڕەتکردنەوەی فەرموودەیەکی (ضعيف) ـدا فەرموویەتی : ((.. وهناكَ شيءٌ آخر ؛ وهوَ أَنَّهُ مُخالِفٌ للآثارِ السلفيَّةِ المُجمِعَةِ على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأن زيادتهُ بالطَّاعَةِ ، وقد تفرَّعَ مِنه جَوازُ الاستثناءِ فيما إذا سُئلَ المؤمنُ ـ كما في الآثارِ ـ هل أنتَ مؤمنٌ ؟ أن يَقولَ أنا مؤمنٌ إن شاءَ اللَّه ، خِلافاً لِما في حَديثِ ابنِ بديل ، وذلكَ مَشروحٌ في كُتُبِ السُّنَّةِ والعَقيدَةِ)) [١] ، واتە : وە لێرەدا شتێکی تریش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەمە پێچەوانەی شوێنەوار و ئاسارە سەلەفیەکانە کە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد وکەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بەگوێڕایەڵیە ، ئەوەش کە لەمە کەوتووەتەوە دروستی هەڵاوێردنە ، لەوەی کە ئەگەر پرسیار لەئیماندار کرا ـ هەروەکو لە شوێنەوار و ئاسارەکاندا هاتووە ـ ئایا تۆ ئیمانداریت ؟ دەتوانێت بڵێت : ئەگەر خوا ویستی لەسەر ئەوە هەبێت من ئیماندارم ، بە پێچەوانەی فەرموودە هەڵبەستراوەکەی (ابن بديل) ، هەروەکو لە کتێبەکانی سوننەت و بیروباوەڕدا لێکدراوەتەوە ، و باس کراوە .

فەرموودەکەش : « إِذَا سُئِلَ أَحَدُكُمْ : أَمُؤْمِنٌ أَنْتَ ؟ فَلَا يَشُكَّ » [٢] ـە ، کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە فەرموودەی (ابن بديل) ناوی هێناوە .

شێخ و فەرموودەناسی سەردەم پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەر بەوەشەوە نەوەستاوە ، بەڵکو بەرپەرچی ئەوانەشی داوەتەوە کە ئەو بیروباوەڕە بە نادروست بزانن لە ئیماندا ، کە حەنەفی مەزهەب و ماتوریدیەکانی ئەم سەردەمە دەگرنەوە [٣] .

---

[١] (السلسلة الضعيفة ، للألباني : ٦ / ١٥٢) .

[٢] (أخرجه الطبري في : تهذيب الآثار وتفصيل الثابت عن رسول الله من الاخبار : ٢ / ٦٦٧ ، وضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة ، حديث رقم : ٢٦٤٣) .

[٣] ينظر : (شرح العقيدة الطحاوية : ٥٨ ـ ٥٩) .

📖 **بنەوای چوارەم : بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕووکەش و دڵدا :**

ئاشکرایە کە یەکێك لەبنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعە ، کە تێیدا پێچەوانەی گروپ و کۆمەڵی گومڕای مورجیئەبوونەتەوە ، ئەوەیە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان ڕووکەش و ناوەی مرۆڤی ئیماندار کە دڵیەتی ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فإذا كانَ القَلبُ صالحاً بما فيهِ من الإيمانِ عِلماً وَعَمَلاً قلبيَّاً ، لَزِمَ ضَرورةً صَلاحُ الجسدِ بالقولِ الظاهرِ ، والعَملُ بالإيمانِ المطلقِ كما قالَ أئمَّةُ أهلِ الحديثِ : قولٌ وعملٌ ؛ قولٌ باطنٌ وظاهرٌ ، وَعَمَلٌ باطنٌ وظاهرٌ ، والظاهرُ تابعٌ للباطنِ لازمٌ لهُ مَتى صَلحَ الباطنُ صَلحَ الظاهرُ وإذا فَسَدَ فَسَدَ ، ولهذا قالَ مَن قالَ من الصَّحابةِ عن المُصلِّي العابِثِ : لو خَشَعَ قَلبُ هذا لخشَعَت جَوارِحُهُ ، فلا بُدَّ في إيمانِ القلبِ مِن حُبِّ اللَّه وَرَسولِهِ)) [1] ، واتە : ئەگەر دڵ صالح و چاك بێت بەوەی کە تیایدایە لە ئیمان بەزانین و کردەوەی دڵەوە ، ئەوە دەخوازێت کە جەستەش چاك بێت بە ووتەی ئاشکرا و کردەوەکردن بەو ئیمانەی کە هەیەتی ، هەروەکو پێشەوایانی ئەهلی حەدیس فەرموویانە کە : ووتە وکردەوەیە ، ووتەی ناوەڕۆك و ڕووکەش ، لەگەڵ کردەوەی ناوەڕۆك و ڕووکەش ، ڕووکەشیش شوێنکەوتەی ناوەڕۆکە و خوازراویەتی ، چ کات ناوەڕۆك چاك و صالح بوو ڕووکەشیش چاك و صالح دەبێت ، وە ئەگەر خراپیش بوو ئەویش خراپ دەبێت ، بۆیە هەندێك لە هاوەڵان سەبارەت بە نوێژگەرێك فەرموویانە : ئەگەر دڵی خشوعی هەبێت ئەندامەکانیشی خشوعیان دەبێت .

وە پێشەوا (ابن القيم) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((قاعدةٌ : الإيمانُ لَهُ ظاهرٌ وباطنٌ ، وظاهرهُ قولُ اللِّسانِ وَعَمَلُ الجوارحِ ، وباطِنهُ تصديقُ القلبِ وانقيادُهُ ومحبَّتُهُ ، فلا يَنفَعُ ظاهرٌ لا باطِنَ لَهُ وإن حُقِنَ بهِ الدِّماءُ وعُصِمَ بِهِ المالُ والذُّريَّةُ ، ولا يُجزىءُ باطنٌ لا ظاهِرَ لَهُ ؛ إلا إذا تَعَذَّرَ بِعَجزٍ أو إكراهٍ وَخَوفِ هَلاكٍ ، فَتَخَلُّفُ العملِ ظاهراً مَعَ عَدَمِ المانعِ دَليلٌ على فَسادِ الباطنِ وخُلُوِّهِ من الإيمانِ ، وَنَقصُهُ دليلُ نَقصِهِ

---

[1] (مجموع الفتاوى ، للألباني : ٧ / ١٨٧) .

وقوَّتُهُ دليلُ قوَّتِهِ)) [١] ، واتە : ڕێسا و بنەوایەك : ئیمان ڕووکەش وناوەڕۆکی هەیە ، ڕووکەشەکەی ووتەی زمان وکردەوەی ئەندامەکان و ڕووکەشیەتی ، ناوەڕۆکیشی بەڕاستدانانی دڵ ، و ملکەچی ، و خۆشویستنیەتی ، ڕووکەشی بێ ناوەڕۆك هیچ سودێکی نیە ، ئەگەرچی خوێن و ماڵ زوڕیەتی خاوەنەکەی لەدونیادا بپارێزێت ، وە ناوەڕۆکی بێ ڕووکەشیش هیچ لەسەر خاوەنەکەی ناخات ، جگە لەوەی کە ئەگەر بە بیانووی نەتوانین ، و زۆرەملـێ و ترسی لەناوچوونی بۆ بهێنرێتەوە ، بەوەش کردەوەی ڕووکەشی نەبێت ، بەڵام لەگەڵ نەبوونی ڕێگر لەو کارە دەبێت بە بەڵگەی ونیشانەی پوچەڵی ناوەوەی ، و بەتاڵی لەئیمان ، وە کەم وکوڕیشی نیشانە و بەڵگەی کەم وکوڕیەتی ، و پتەویشی بەڵگەی پتەوی .

پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایانی سەلەفی صاڵحی پێش خۆی ، وا ئەبینێت کە پەیوەندی نێوان ڕووکەش و دڵ پەیوەندیەکی پێویستە ، هەروەك فەرموویەتی : ((والـحقيقة أنه لا يمكن تصور صلاح القلوب إلا بصلاح الأعمـال ولا صلاح الأعمـال إلا بصلاح القلوب ، وقد بيـن ذلك الرسول ﷺ أجـمل بيان)) [٢] ، واتە : وە لە ڕاستیدا ناتوانرێت تەصەوری چاکی دڵەکان بکرێت جگە لەگەڵ چاکی کردەوەکان نەبێت ، نەش تەصەوری چاکی کردەوەکانیش دەکرێت جگە لەگەڵ چاکی دڵەکان نەبێت ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بە جوانترین شێوە ڕوونکردووەتەوە .

وە لە ووتەیەکی تریدا هەمان بۆچوون دوپات دەکاتەوە ، و دەفەرموێت : ((أنا لا أزالُ أقولُ : إنَّ هناكَ ارتباطاً وَثيقاً جِداً بيـنَ قَلبِ الـمؤمنِ وَجَسدِهِ ... كما أنَّ صَلاحَ القَلبِ من النَّاحيـةِ الـماديَّةِ لهُ ارتباطٌ بِصلاحِ البدنِ ، فإنني لا أستطيعُ أن أتصوَّرَ رَجُلاً مَريضَ القلبِ وَيَكون صَحيحَ البدنِ !! لا أستطيعُ أن أتصوَّر هذا ، كذلكَ الأمرُ تَـماماً فيما يَتعلَّق بالناحيةِ الإيمـانيةِ ، لا أستطيعُ أن أتصوَّر مُؤمناً وَقد كَانَ كافراً ثم آمنَ باللَّـهِ وَرَسولِهِ حَقّاً ، مُستحيلٌ أن أتَصوَّر أنَّهُ سَيَبقى كَما كانَ ، وأظن أنك وافقت معي ، لكن قلت مش ضـروري ـ يقصد أن

---

[١] (الفوائد ، لابن القيم : ٨٥) .

[٢] (مقدمة تـحقيق رياض الصالـحيـن ، ص : ٢٢) .

يكون التغير كلياً ـ كما أضفت على لساني سهواً منك (كلياً) أنا ما قلت (كلياً) ، والسَّببُ أنَّ الإيمانَ ـ كما قُلنا ـ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، ولا أستطيع أن أتصور إنساناً كامل الإيمان بعد المعصوم ، ألا وهو رسول اللَّه ﷺ ، لكنني أتصور ناس يتفاوتون في الإيمان ، فكلما قوي إيمان أحدهم ، كلما قويت الأثار الصالحة الظاهرة في بدنه ، وكلما ضعف هذا الإيمان أو قلّت قوته على الأقل كلما كان الظاهر في بدنه قليلاً أيضاً . ولن تجد وسيلة لتخرج من هذا المأزق إلا أن تقول برأي أهل السنة والجماعة : الإيمان قول وعمل ، يزيد وينقص ، يصل لدرجة إذا نقص ذهب ، وليس كل ناقص معناه ذهب)) [1] .

واتە : من هێشتا هەر بەردەوامم لەووتنی ئەوەی کە : پەیوەندیەکی پتەو و توندوتۆڵ هەیە لەنێوان دڵی ئیماندار ولەشدا ... هەروەکو چۆن سەلامەتی دڵ لەلایەنی جەستەییەوە پەیوەستە بە لەشەوە ، من ناتوانم تەصەوری ئەوە بکەم کە کەسێك دڵی نەخۆش بێت کەچی تەندروست و لەش ساغ بێت !! هەرگیز ناتوانم تەصەوری ئەمە بکەم ، بەهەمان شێوەش شتەکە پەیوەستە بەلایەنی ئیمانیەوە ، ناتوانم تەصەوری ئەوە بکەم کە ئیماندار هەبێت ، کەچی دوای ئەوەی کە بێ باوەڕ بووە و بەڕاستی ئیمانی بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ هێنابێت ، و وەکو خۆی مابێتەوە هەرگیز تەصەوری ئەو شتە ناکرێت ، لەو باوەڕەشدام کە تۆش هاودەنگ بیت لەگەڵمدا ، بەڵام ووتت : ئەو شتە پێویست نیە ـ مەبەستی ئەوەیە کە گۆڕانەکە گشتی بێت ـ هەروەکو چۆن ـ بە سەهوەوە ـ ووشەی (هەموو = بە گشتی) ت لەلایەن خۆتەوە خستە سەر ووتەکەم ، من نەم ووتووە (هەموو = بە گشتی) ، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیمان ـ هەروەکو ووتمان ـ زیاد وکەم دەکات . وە ناشتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم (تەصەوری بکەم) کە مرۆڤێکی ئیمان کامڵ هەبێت دوای کەسی مەعصوم کە ئەویش پێغەمبەری خوایە ﷺ ، بەڵام خۆ دەتوانم ئەوە بێنمە پێش چاوی خۆم (تەصەوری بکەم) کە موسڵمانان جیاوازن لەئیمانیاندا ، بەشێوەیەك تاکو ئیمانی کەسێکیان پتەوتر بێت ، شوێنەواری کردەوە چاکە

---

[1] (شريط : ٤٤٦ من سلسلة الهدى والنور عند الدقيقة : ٠٤:٣٤) ، وانظر : (دلائل البرهان : ١٩) .

ئاشکراکان لە لەشیدا دەردەکەوێت ، وە تاکو ئەم ئیمانەش لاواز بێت ، یان ـ بەلای کەمەوە ـ توانای کەمبێتەوە ، بەهەمان شێوە کردەوەی ڕووکەشیشی کەم دەبێتەوە .

وە هیچ ڕێگەچارەیەکت نیە بۆ ئەوەی لەم چەقینە دەربچیت جگە لەوە نەبێت کە ئەو بۆچوونەی ئەهلی سوننە و جەماعە بڵێت کە فەرموویانە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، و زیاد و کەمیش دەکات ، دەگاتە ئەو پلەیەی کە کەمبێتەوە و نەمێنێت ، بەڵام ئەوەش بزانە کە هەموو کەمبوونەوەیەك بەواتای نەمان نایەت .

وە ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چەندەها بەڵگەشی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە پەیوەندی لە نێوان ڕووکەش و دڵدا هەیە ، **لەوانەش :**

یەکەم : فەرموودەی (أبو هريرة) ﷺ : ((إنَّ اللَّه لا يَنظُرُ إلى أجسامِكُم ولا إلى أحسابكم ولكن يَنظُرُ إلى قُلوبِكُم ، فمن كانَ له قلبٌ صالحٌ تَحنَّنَ اللَّه عَليهِ فإنما أنتُم بنو آدم وأحَبَّكُم إلي أتقاكُم)) [1] ، واتە : خوای پەروەردگار ناڕوانێتە لەش ، و پلە و پایە و ئەو شتانەی کە جێی شانازیتانن ، بەڵکو دەڕوانێتە دڵەکانتان ، جا هەر کامەیەکتان خاوەن دڵێکی چاك بوو ، ئەوا خوای پەروەردگار بەزەیی پێدادێتەوە ، چونکە ئێوە هەموو نەوەی ئادەمن و خۆشەویسترینتان لەلای من ئەوەتانە کە زیاتر لەخوا دەترسێت .

پاشان ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : ((وزادَ مُسلمُ وغيرُهُ ـ في روايةٍ ـ : (وأعمالِكُم) [2] .... وهذهِ الزِّيادةُ هامَّةٌ جِداً ؛ لأنَّ كثيراً من الناسِ يَفهَمونَ الحديثَ بِدونِها فَهماً خاطِئاً ؛ فإذا أنتَ أمرتَهم بما أمرهُم به الشَّرعُ الحكيمُ مِن مِثلِ إعفاءِ اللِّحيَةِ ، وَتَركِ التشبُّهِ بالكفَّارِ ، وَنحوِ ذلك من التكاليفِ الشرعيَّةِ ، أجابوكَ : بأنَّ العُمدةَ على ما في القلبِ ، واحتجُّوا على زَعمِهم بِهذا الحديثِ ، دونَ أن يَعلَموا بِهذهِ الزِّيادةِ الصحيحةِ الدَّالَّةِ على أنَّ اللَّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ يَنظُر أيضاً إلى أعمالهم ، ... والحقيقةُ أنَّه لا

---

[1] (مسند الشاميين ، للطبراني : ٢ / ٤٤٨) .

[2] (صحيح مسلم ، كتاب البر والصلة والآداب ، بَاب تَحْرِيمِ ظُلْمِ الْمُسْلِمِ ... : ٤ / ١٩٨٧) .

يُمكنُ تَصوُّرُ صَلاحِ القُلوبِ إلا بِصلاحِ الأعمال ، ولا صَلاحُ الأعمالِ إلا بِصلاحِ القُلوبِ))[1] ، واتە : پێشەوا (مسلم) و جگە لەویش ـ لەڕیوایەتێکی تردا ـ ووشەی (أعمالكم) مان بۆ زیاد دەکەنەوە ، ... وە ئەم زیادەیەش گرنگیەکی زۆری هەیە ، چونکە زۆرێك لە خەڵك بەبێ ئەو زیادەیە فەرموودەکە بە هەڵە تێدەگەن ، بۆ دەبینیت ئەگەر بەو شتانە فرمانیان پێ بکەی کە شەرع فەرمانی پێکردوون ، وەکو هێشتنەوەی ڕیش ، دوورکەوتنەوە لەخۆشوبهاندن بەبێباوەڕان ، و هاوشێوەی ئەوانە لەداواکاریە شەرعیەکان ، وەڵامت دەدەنەوە ودەڵێن : بنەوا لەدڵدایە ، و ئەم فەرموودەیەش بەبەڵگە دێننەوە بۆ ووتەکەیان ، بێ ئەوەی بە ئاگابن لەم زیادە

---

[1] (رياض الصالحين : ١٤ ـ ١٥) .

وقال الشيخ ابن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((قوله : الأعمال بالنيات وليس بالعمل ! هذا غلط ، نعم الأعمال بالنيات ، كما قال النبي ﷺ ، لكن لا بد من العمل أيضاً ، يقول ﷺ : (إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى) فلا بد من الأعمال ، ولكنها تبنى على النية ، فالأعمال لا بد لها من نية ، ولكن ليس معناها أن النية تكفي وتترك الأعمال ، النية وحدها لا تكفي ، لا بد من عمل ، فالواجب على كل مسلم أن يعمل بطاعة اللَّه ، وأن يدع معاصي اللَّه ، ولو نوى ولم يعمل بشرع اللَّه صار كافراً ، نسأل اللَّه العافية ، فلا بد من العمل ، اللَّه ـ جَلَّ وَعَلا ـ يقول : ﴿ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ ﴾ (التوبة : ١٠٥) ، ولما سئل النبي ﷺ : أي العمل أفضل ؟ قال : (إيمان باللَّه وجهاد في سبيله) ، فالإيمان عمل لا بد من إيمان ، فمن لم يؤمن باللَّه واليوم الآخر فهو كافر ، ومن لم يؤمن بأن الصلاة واجبة فهو كافر ، ومن لم يؤمن بأن صيام رمضان واجب فهو كافر ، لا بد من الإيمان ، وهكذا من لم يؤمن بأن اللَّه حرم الزنا وحرم الخمر ، وحرم العقوق وحرم الفواحش من لم يؤمن بهذا فهو كافر ، لا بد من إيمان ولا بد من عمل ولا بد من نية ، وهكذا قول بعضهم : الإيمان بالقلب ، إذا قيل له : صلِّ أو وفِّر لحيتك أو اترك ما حرم اللَّه عليك ، قال : الإيمان بالقلب ! هذه كلمة حق أريد بها باطل ، نعم أصل الإيمان يكون في القلب ، ولكنه يكون في الجوارح أيضاً ، يكون بالقول والعمل ، الإيمان عند أهل السنة قول وعمل ونية ، يعني قول وعمل واعتقاد ، فلا بد من القول ولا بد من العمل ولا بد من العقيدة)) .

الرابط : (http://www.binbaz.org.sa/mat/14408) .

صەحیحەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای پەروەردگار دەڕوانێتە کردەوەکانیشیان ، ... بەڵام لەڕاستیدا ناتوانرێت تەصەوری چاکی دڵەکان بکرێت جگە لەگەڵ چاکی کردەوەکان نەبێت ، نەش تەصەوری چاکی کردەوەکانیش دەکرێت جگە لەگەڵ چاکی دڵەکان نەبێت ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بە جوانترین شێوە ڕوونکردووەتەوە .

دووەم : فەرموودەی : ((أقيموا صُفوفَكُم ـ ثلاثاً ـ ، واللَّه لَتُقيمُنَّ صُفوفَكُم أو لَيُخالِفَنَّ بَين قُلوبِكُم)) ، واتە : سێ جار پێی فەرموون : ڕیزی نوێژەکانتان ڕێك بخەن ، سوێند بێت بەخوای پەروەردگار ڕیزی نوێژەکانتان ڕێك دەخەن ، یان خوای پەروەردگار جیاوازی دەخاتە نێوان دڵەکانتانەوە .

پاشان دوابەدوای هێنانەوەی ئەو فەرموودەیەی سەرەوە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕحمەت بێت ـ دەفەرموێت : ((في الحديثِ دَليلٌ واضِحٌ على أمرٍ لا يَعلَمُه كَثيرٌ من النَّاسِ ، و إن كانَ صَارَ مَعروفاً في عِلمِ النَّفسِ ، وَهو أنَّ فَسادَ الظَّاهرِ يؤثِّرُ في فَسادِ الباطنِ ، و العكسُ بالعكسِ ، و في هذا المعنى أحاديثُ كَثيرةٌ ، لَعلَّنا نَتَعرَّضُ لجمعِها و تخريجِها في مُناسبةٍ أخرى إنْ شَاءَ اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ)) [1] . واتە : بەڵگەیەکی ئاشکرا لەم فەرموودەیەدا هەیە سەبارەت بە بابەتێك کە زۆرێك لەخەڵك نایزانێت ، ئەگەرچی بووتە شتێکی ئاشکرا لە دەروونناسیدا ، ئەویش بریتیە لەوەی کە خراپی ڕووکەش کاریگەری هەیە لەسەر خراپی دڵ و ناوەوەی مرۆڤ ، پێچەوانەکەشی کاریگەری پێەوانە دەبێتەوە ، فەرموودەیەکی زۆریش هەیە کە ئەم واتایە بگرێتە خۆ ، بەڵکو ـ بە ویستی خوای پەروەردگار ـ بتوانین کۆیان بکەینەوە و تەخریجیشیان بکەین لە جێگە و بۆنەیەکی تردا .

وە ئەوەشی فەرموو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی بە باشترین شێوە ڕوونکردووەتەوە لە فەرموودەکانیدا ، وەکو فەرموودەی : ((... ألا وإنَّ في الجسدِ مُضغةً ؛ إذا صَلَحت صَلَح الجسدُ كُلُّهُ ؛ وإذا فَسَدت فَسَد الجسدُ كُلُّهُ ، ألا وهيَ القَلبُ)) [2] ، واتە : ئەوەش بزانن کە

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : ١/ ٣١) .

[2] (نفسه ، كتاب الإيمان ، بَاب فَضْلِ من اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ : ١/ ٢٨) ، و (رياض الصالحين : ١٤ ـ ١٥) .

پارچە گۆشتێك لە لەشدا هەیە ، ئەگەر چاك بێت ، لەش هەمووی چاك دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بێت هەموو لەش خراپ دەبێت ، کە ئەویش دڵە .

لە بەر هەموو ئەو فەرموودانە چەندەها فەرموودەی تر ـ کە پێشەوا ئەلبانی بەبەڵگە هێناویەتیەوە بۆ جێگیر کردن و سەلماندنی پەیوەندی نێوان ڕووکەش و دڵدا ـ زانایانی ئیسلام ئەوەیان بە مەحاڵ زانیوە کە پەیوەندی لە نێوان ڕووکەش و دڵدا نەبێت ، هەروەکو مورجیئە دەیڵێن ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لا يُتصوَّرُ في العادةِ أنَّ رَجُلاً يكُونُ مُؤمناً بِقلبِهِ ، مُقرّاً بانَّ اللّـه أوجبَ عليهِ الصلاةَ ، مُلتزِماً لِشريعةِ النبي ﷺ وما جَاءَ بِهِ ، يأمُرُهُ وليُّ الأمرِ بالصَّلاةِ فَيَمتَنِعُ حَتى يُقتَلَ ، وَيَكون مع ذلكَ مُؤمِناً في الباطِنِ ، ولا يَكُونُ إلا كافِراً . وَلَو قالَ : أنا مُقرٌّ بوجوبها غَيرَ أني لا افعلُها كانَ هذا القولُ مَعَ هذهِ الحالِ كَذِباً مِنهُ ، كما لو أخَذَ يُلقي المصحَفَ في الحشِّ وَيَقولُ : أشهدُ أنَّ ما فيهِ كلامُ اللّـه ، أو جَعَلَ يَقتلُ نبيّاً مِن الأنبياءِ وَيَقولُ : أشهدُ أنَّهُ رَسولُ اللّـه ، وَنحو ذلك من الأفعالِ التي تُنافي إيمانَ القلبِ .

فإذا قالَ : أنا مؤمنٌ بِقلبي معَ هذهِ الحالِ ، كان كاذباً فيما أظهرَهُ من القولِ ، فَهَذَا الْمَوْضِعُ يَنْبَغِي تَدَبُّرُهُ فَمَنْ عَرَفَ ارْتِبَاطَ الظَّاهِرِ بِالْبَاطِنِ زَالَتْ عَنْهُ الشُّبْهَةُ فِي هَذَا الْبَابِ وَعَلِمَ أَنَّ مَنْ قَالَ مِنْ الْفُقَهَاءِ أَنَّهُ إذَا أَقَرَّ بِالْوُجُوبِ ـ أي وجوب الصلاة ـ وَامْتَنَعَ عَنْ الْفِعْلِ لَا يُقْتَلُ أَوْ يُقْتَلُ مَعَ إسْلَامِهِ ؛ فَإِنَّهُ دَخَلَتْ عَلَيْهِ الشُّبْهَةُ الَّتِي دَخَلَتْ عَلَى الْمُرْجِئَةِ والجهمية وَالَّتِي دَخَلَتْ عَلَى مَنْ جَعَلَ الْإِرَادَةَ الْجَازِمَةَ مَعَ الْقُدْرَةِ التَّامَّةِ لَا يَكُونُ بِهَا شَيْءٌ مِنْ الْفِعْلِ ، وَلِهَذَا كَانَ الْمُمْتَنِعُونَ مِنْ قَتْلِ هَذَا مِنْ الْفُقَهَاءِ بَنَوْهُ عَلَى قَوْلِهِمْ فِي « مَسْأَلَةِ الْإِيمَانِ » وَأَنَّ الْأَعْمَالَ لَيْسَتْ مِنْ الْإِيمَانِ وَقَدْ تَقَدَّمَ أَنَّ جِنْسَ الْأَعْمَالِ مِنْ لَوَازِمِ إيمَانِ الْقَلْبِ وَأَنَّ إيمَانَ الْقَلْبِ التَّامِّ بِدُونِ شَيْءٍ مِنْ الْأَعْمَالِ الظَّاهِرَةِ مُمْتَنِعٌ سَوَاءٌ جَعَلَ الظَّاهِرَ مِنْ لَوَازِمِ الْإِيمَانِ أَوْ جُزْءاً مِنْ الْإِيمَانِ كَمَا تَقَدَّمَ بَيَانُهُ . وَحِينَئِذٍ فَإِذَا كَانَ الْعَبْدُ يَفْعَلُ بَعْضَ الْمَأْمُورَاتِ وَيَتْرُكُ بَعْضَهَا كَانَ مَعَهُ مِنْ الْإِيمَانِ بِحَسَبِ مَا فَعَلَهُ)) [1] .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٥) (الإيمان الأوسط ، لابن تيمية : ١/ ١٦٣) .

واتە : لەبارو دۆخی ئاساییدا ئەوە تەصەور ناکرێت کە پیاوێك بەدڵ ئیمانی هەبێت ، ودانی بەوەدا نابێت کە خوای پەروەردگار نوێژی لەسەر فەرزکردبێت ، وپابەندیش بێت بەشەریعەتەکەی پێغەمبەر ﷺ ، و ئەوەش کە پێی هاتووە ، کەچی کە کاربەدەستی موسڵمانان فەرمانی پێدەکات بەنوێژکردن ئەو نوێژناکات تاکو دەکوژرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بووترێت : ئەو کەسە لە دڵ و ناخیدا ئیماندارێکی تەواوە !!! و بەکافریش دانەنرێت !!! ئەگەر بشڵێت : من دان دەنێم بە پێویستی نوێژ ، جگە لەوەی کە ئەنجامی نادەم !!! ئەم ووتەیەی لەگەڵ ئەو بار و حاڵەی کە باسمان لێوەکرد درۆیەکە لەوەوە ، هەروەکو ئەوەی کە هەستێك بە فرێدانی قورئان بۆ ناو پیسی ، و بڵێت : گەواهی و شایەتی ئەوە دەدەم کە : ئەوەی کە تێیدایە ووتەی خوای پەروەردگارە !!! یان هەڵدەستێت بەکوشتنی پێغەمبەرێك لەپێغەمبەران ، ودەڵێت : گەواهی وشایەتی ئەوە دەدەم کە : ئەمە پێغەمبەری خوایە !!! وە هاوشێوەی ئەو کرادارانەی کە ئیمان لەدڵدا بەتاڵ دەکاتەوە و پێچەوانەیەتی .

ئەگەر بڵێت : من لەم بار وحاڵەدا ئیاندارم بەدڵم ، ئەوا درۆی داوەی لەوەی کە بەووتە دەری بڕیوە !!!! ئەمە جێگایەکە پێویستە تێرامانی تێدا بکرێت ، ئەو کەسەی پەیوەندی ڕووکەش بە ناوەڕۆك ودڵەوە بزانێت ، ئەوا توشی شوبهە نەبووە لەم باسەدا وڵێی ڕەویەتەوە ، وە دەزانێت ئەو شەرع زانەی کە دەڵێت : ئەگەر کەسێك دان بنێت بە پێویستی ـ واتە پێویستی نوێژ ـ ڕێگرە لە ئەنجامدانی ، ئەوا ناکوژرێت ، یان دەکوژرێت لەگەڵ موسڵمانێتی ئەو کەسە ، ئەوا ئەو جۆرە شەرع زانانە کەوتوونەتە ئەو شوبهەیەی کە تووشی مورجیئە و جەهمیەکان بووە ، یان ئەوەی کە تووشی ئەو کەسانە بووە کە وویستی تەواوی بێگومانیان لەگەڵ توانای تەواودا وا لێکداوەتەوە کە دەتوانرێت هیچ بەشێکی کردەوەی لەگەڵدا نەبێت !!!! وە لەبەر ئەمە ئەو شەرع زانانەی کە ڕێگربوون لەکوشتنی ئەو جۆرە کەسانە ئەو بۆچوونەیان لەسەر ئەو باس وپرسەی ئیمان بیناکردووە کە : کردەوە بەشێك نیە لەئیمان ، وە لەپێشدا ئێمە ئەوەمان ڕوونکردەوە کە ڕەگەزی کردەوە یەکێکە لەخوازراوەکان ئیمانی دڵ ، و ئەوەش کە ئیمانی تەواوی دڵ بەبێ شتێك لە کردەوەکانی ڕووکەش و ئەندامەکان هەرگیز نابێت ، بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەوەی کە ئەو کەسە ڕوکەش بەخوازراو ، یان بە بەشێك لەئیمان دەزانێت یان نە ، هەروەك لەپێشدا باسکرا ، وە لەو کاتەدا هەر بەندەیەك کە بڕێك لەفەرمان پێکراوەکان بکات ، وواز لەهەندێکیان بهێنێت ، ئەوا ئیمانی پێیە بەپێ ئەوەی کە کردوویەتی .

بنەوای پێنجەم : کاربگەری سەرپێچی و ئاوان لەسەر ئیمان :

بیروباوەڕ ومەنهەجی سەلەف سەباەرت بەوەی کە ئایا کردن ونەکردنی تاوان کاریگەری لە سەر ئیمان وباوەڕی تاکی باوەڕدار هەیە یان نە ؟ ئەوەیە کە بۆچوونی میانڕەوە لەنێوان خەواریج ومورجیئەدا ، نە ئەوە دەڵێن کە خەواریجەکان دەیڵێن کە : تاوان هۆکار وبەتاڵکەرەوەی ئیمانە ، واتە : ئەگەر کەسی ئیماندار تاوانێکی ئەنجامدا ئەوا ئیمانەکەی بەتاڵ وپوچەڵ دەبێتەوە !!! لە بەرامبەری ئەمانیشدا موجیئەکان دەڵێن : نەخێر تاوان هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئیمانی تاك نیە [1] !!! ووتەی میانڕەوی ئەهلی سوننە ئەوەیە کە : تاوان و سەرپێچی کاریگەری لەسەر ئیمان و باوەڕی باوەڕدار هەیە ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چی فەرمووە : ((ومِن أُصُولِ أهلِ السُّنة : أنَّ الدِّينَ والأيمانَ قَولٌ وَعَمَلٌ ، قَولُ القلبِ واللِّسانِ ، وَعَملُ القلبِ واللِّسانِ والجوارحِ ، وأنَّ الإيمانَ يَزيدُ بالطَّاعةِ وَيَنقُصُ بالمعصيةِ ، وَهم مَعَ ذلكَ لا يُكفِّرونَ أهلَ القِبلةِ بمُطلَقِ المعاصي والكبائرِ كما يَفعَلُهُ الخوارجُ ، بل الأخوَّةُ الإيمانيَّةُ ثابِتَةٌ مع المعاصي ، كَما قالَ ـ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ـ في آيةِ القَصاصِ : ﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ (البقرة : ١٧٨) ، وقال : ﴿ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ (الحجرات : ٩ ـ ١٠) ، ولا يسلبونَ الفاسِقَ المِلِّيَّ اسم الإيمانِ بالكليَّةِ ، ولا يخلِّدونهُ في النارِ كما تقولُهُ المعتزِلةُ ، بل الفاسِقُ يدخلُ في اسم الإيمانِ في مثلِ قولِهِ ـ تَعَالَى ـ : ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ (النساء : ٩٢) ، وقد لا يدخلُ في اسم الإيمانِ المطلقِ كما في قولِهِ ـ تَعَالَى ـ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا ﴾ (الأنفال : ٢) ، وَقولهُ ﷺ : « لَا يَزْنِي الزَّانِي حِيْنَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِيْنَ يَسْرِق وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا

---

[1] قال شيخ الإسلام ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (الفتاوى : ٧ / ٢٢٣) : ((و قالت المرجئة على اختلاف فرقهم : لا تذهب الكبائر و ترك الواجبات الظاهرة شيئاً من الإيمان)) .

يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِيْنَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلَا يَنتَهِبُ نَهْبَةً ذَاتَ شَرَفٍ يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيْهَا أَبْصَارَهُمْ حِيْنَ يَنْتَهِبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ » ، ويقولونَ : هو مؤمنٌ ناقصُ الإيمانِ ، أو مؤمنٌ بإيمانِهِ فاسِقٌ بكبيرتِهِ ، فلا يُعطى الاسمَ المطلقَ ولا يُسلَبُ مطلقَ الاسمِ)) [1] .

، واتە : وە یەکێك لە بنەواکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە : کە ئایین و ئیمان ووتە و کردەوەیە ، ووتەی دڵ و ووتەی زمان ، کردەوەی دڵ و زمان و ئەندامەکان ، وە ئیمان بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات ، و بە سەرپێچیش کەم دەکات ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەهلی سوننە موسڵمانانی ئەهلی قیبلە و ڕووگە تەکفیر ناکەن بە تاوانی ڕەها ، و تاوانە گەورەکان ، هەروەکو خەواریجەکان ئەنجامی دەدەن ، بەڵکو لەلای ئەهلی سوننە لەگەڵ ئەو تاوانانەش برایەتی لە سەر بنەوای ئیمان هەر دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەو تاوانانەش ، هەروەکو خوای پەروەردگار لەئایەتەکانی سنور و سزاکان (القصاص) ـدا فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ، وە ناوی تەواوی ئیمان بەگشتی لەتاوانباران و فاسقانی ئەم ئومەتە ناکەنەوە ، و ناشڵێن بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێننەوە ، هەروەکو موعتەزیلە مەزهەبەکان دەیڵێن ، بەڵکو کەسانی تاوانبار و فاسق ناوی ئیمان دەیانگرێتەوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ ، وە لەوانەش نەڕواتە ژێر ناوی ئیمانی ڕەهاوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا ﴾ ، وە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : زیناکار لەکاتی زیناکردنەکەیدا ئیمانی تێدا نامێنێت ، دزیش کاتێك کە دزیەکەی دەکات ئیمانی تێدا نامێنێت ، مەیخۆریش کاتی مەیخواردنەوەکەی ئیمانی تێدا نامێنێت ، وە شتێکی گرانبەهاش ـ کە خەڵك بەگەورەی دەزانن و جێی تێڕوانینیانە ـ نادزێت ونابات لەدەستکەوتەکانی جەنگ ـ واتە : غەنیمە ـ ئەوا

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ١٥١ ـ ١٥٢) .

کاتێك دەیدزێت و دەیبات ئیمانی تێدا نامێنێت . وە دەڵێن ـ واتە : ئەهلی سوننە و جەماعە ـ : ئەو جۆرە کەسە ئیمانداریکی ئیمان ناتەواوە ، یان ئیماندارە بە ئیمانەکەی ، و تاوانبار و فاسقیشە بەو تاوانە گەورەیەی کە ئەنجامیداوە ، واتە ناوی ڕەهای ئیمانی نادرێتێ ، و ڕەها و موتڵەقی ئیمانی لـێ ناسنرێتەوە .

وە لە ووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : ((وهم ـ أي : أهل السنة ـ في بابِ الأسماءِ والأحكامِ والوعدِ الوعيدِ : وَسَطٌ بين الوعيديَّةِ الذين يَجعلونَ أهلَ الكبائِرِ من المسلمينَ مُخلَّدينَ في النَّار ويُخرِجونهم مِن الإيمانِ بالكليَّةِ ، وَيُكَذِّبونَ بِشفاعةِ النبيِّ ﷺ ، وبينَ المرجئةِ الذين يَقولونَ : إيمانُ الفُسَّاقِ مِثلُ إيمانِ الأنبياءِ)) [1] ، واتە : ئەوان ـ ئەهلی سوننە و جەماعە ـ میانڕەوون لەباس وپرسی ناو وئەحکام ومژدە بەچاکەکاران وپەیمانی سزا دانی تاوانباران : لەنێوان وەعیدیەیەکان کە حوکم دەدەن بەسەر کەسانی خاوەن تاوانی گەورە لە موسڵمانان کە بەهەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخ دەمێننەوە ، و بەتەواوی لەئیمان دەریان دەکەنە دەرەوە ـ واتە : بەکافریان دەزانن ـ باوەڕیشیان بەشەفاعەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نیە ، و مورجیئەدا کە دەڵێن : ئیمانی فاسق وتاوانباران وەکو ئیمانی پێغەمبەرانە ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ .

پێشەوا ئەلبانیش لە ووتەیەکیدا کاریگەری تاوان و سەرپێچی لە سەر ئیمان و باوەڕی ئیماندار دەخاتە ڕوو ، و دەفەرموێت : ((ولا أعتقدُ أنَّ أحداً من العُلماءِ المُعتَبَرينَ يُكَفِّر مَنْ تَرَكَ صَومَ رمضانَ مَثَلاً غيرَ مُستَحِلٍّ لهُ ، خِلافاً لما يُفيدُهُ ظاهرُ الحديثِ واللَّه أعلم ، وممّا لا شَكَّ فيهِ أنَّ التساهلَ في أداءِ رُكنٍ واحدٍ من هذهِ الأركانِ الأربعةِ العمليَّة مما يُعرِّضُ فاعلَ ذلكَ للوقوعِ في الكفرِ ، كما أشارَ إلى ذلكَ قولُه ﷺ : « بينَ الرَّجُلِ وبين

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٣ / ٣٧٤) .

وقالَ أيضاً : ((وَمَذهَبُ أهلِ السُّنةِ والجماعةِ أنَّ فُسَّاق أهلِ الملَّةِ ليسوا مخلَّدين في النَّارِ كما قالتِ الخوارجُ والمعتزلةُ ، وليسوا كامِلينَ في الدِّين والإيمانِ والطاعةِ ، بل لهم حَسناتٌ وسيئاتٌ ، يَستَحِقُّونَ بِهذا العِقابَ وبِهذا الثَّوابَ)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧/ ٦٧٩) .

الكُفرِ والشِّـركِ تَركُ الصَّلاةِ » [١] فيُخشى على من تَهاونَ بالصَّلاةِ أن يَموتَ على الكُفرِ والعياذُ باللَّه تعالى)) [٢] ، واته : وه لەو باوەڕەدا نیم كه هیچ یەكێك لەو زانایانەی كه حیساب بۆ ووتەیان دەكرێت ، ئەو كەسە بەكافر بزانێت كه ڕۆژووی ـ وەك نموونه ـ تەرك كردووه ، بێ ئەوەی بەحەڵاڵی دابنێت ، بەپێچەوانەی ئەوەی كه لەڕووكەشی فەرموودەكەوە دەردەكەوێت ، خوای پەروەردگاریش زاناتره ، وه یەكێك لەو ڕاستیانەی كه گومانی تێدا نیه ئەوەیه : كه كەمتەرخەمی لەئەنجامدانی هەر یەكێك لەو چوار بنەوا كرداریانه ، لەوانەیه كه ئەنجامدەرەكەی تووشی كەوتنه كوفر بكات ، هەروەكو لەفەرموودەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێدەكات : « نیشانەی جیاكەرەوەی نێوان مرۆڤ و بێ باوەڕی و هاوەڵێریاردان وازهێنانه لەنوێژ » بۆیه ئەو كەسەی كه كەمتەرخەمی بكات لەنوێژ ترسی ئەوەی لێدەكرێت لەسەر بێ باوەڕی بمرێت ، خوای پەروەردگار پەناماں بدات .

وه پێشەوا ئەلبانی ـ به ڕەحمەت بێت ـ ئەو ووتەیەشی به ووتەی مورجیئه گومڕاكان داناوه كه دەڵێت : هیچ تاوانێك كاریگەری له سەر ئیمانی تاك نیه ، و هیچ زیانێكی پێ ناگەیەنێت ، ئەوەش له لێكدانەوه و لەسەر نووسینی ووتەیەكی پێشەوا (الطحاوي) ـ به ڕەحمەت بێت ـ كه فەرموویەتی : ((ولا نَقولُ : لا يَضرُّ معَ الإيمانِ ذَنبٌ لِمَن عَمِلَهُ)) واته : وه ناشڵێن : تاوان زیانی نیه لەگەڵ بوونی ئیماندا ، بۆ ئەو كەسەی كه ئەنجامی دەدات ، ئەویش فەرمووی : ((قُلتُ : وذلكَ لأنَّه مِن قَولِ المرجِئةِ المؤدِّي إلى التكذيبِ بآياتِ الوعيدِ وأحاديثِهِ الوارِدَةِ في حَقِّ العُصاةِ من هذه الأمَّةِ ، وأنَّ طَوائِفَ مِنهم يَدخُلونَ النَّارَ ثم يَخرُجونَ مِنها بالشَّفاعةِ أو بِغَيرِها)) [٣] ، واته : وه دەڵێم (واته : پێشەوا ئەلبانی) : ئەوەش لەبەر ئەوەی كه ئەوه ووتەی

---

[١] (صحيح مسلم ، كتاب الإيمان ، بَاب بَيَانِ إِطْلَاقِ اسْمِ الْكُفْرِ على من تَرَكَ الصَّلَاةَ : ١/ ٨٨) .

[٢] (السلسلة الضعيفة ، لابن تيمية : ١/ ٢١٢) .

[٣] (شرح العقيدة الطحاوية : ٦١ / هامش ١) .

وه فەرموویەتی : ((... ثم كيف يصح أن يكون الخلاف المذكور صورياً ـ بين الأحناف وجماهير العلماء ـ . وهم يجيزون لأفجر واحد منهم أن يقول : إيماني كإيمان أبي بكر الصديق ! بل كإيمان

مورجیئەیە ، و ئاکامەکەشی بەدرۆدانانی هەموو ئەو ئایەتانەیە کە هەڕەشە لە تاوان باران دەکەن ، و ئەو فەرموودانەش کە لەو بارەیەوە و سەبارەت بە تاوانبارانی ئەم ئومەتە هاتوون ، ئەوەی کە تێیدا هاتووە کە کۆمەڵانێك لێیان دەچنە ئاگرەوە و پاشان بەشەفاعەت و جگە لەوەش دەردەچن .

کەواتە : لەم پرس و باسەشدا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو پرس و باسەکانی پێشوو هاودەنگە لەگەڵ زانایانی ئەهلی سوننە و سەلەفی صالح ، و پێچەوانەشە لەگەڵ مورجیئەی گومڕادا .

وە ئەوەش کە زیاتر پاڵپشتی ئەم ڕاستیە بکات ئەوەیە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ووتەیەکی پێشەوا (ابن القیم) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەکتێبی (کتاب الصلاة : ص ٥٤) دەگێڕێتەوە لەم باسەدا ، و ئیقراری دەکات ، بێ ئەوەی هیچ شتێکی لەسەر بڵێت ، ووتەکەش ئەوەیە کە فەرموویەتی :

((و هاهنا أصل آخر ، وهو أن حقيقة الإيمان مركبة من قول و عمل . والقول قسمان : قول القلب ، وهو الاعتقاد ، وقول اللسان ، وهو التكلم بكلمة الإسلام . و العمل قسمان : عمل القلب ، وهو نيته وإخلاصه ، وعمل الجوارح .

فإذا زالت هذه الأربعة ، زال الإيمان بكماله ، وإذا زال تصديق القلب ، لم تنفع بقية الأجزاء ، فإن تصديق القلب شرط في اعتقادها وكونها نافعة .

الأنبياء والمرسلين وجبريل وميكائيل .عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ. ! كيف وهم بناء على مذهبهم هذا لايجيزون لأحدهم ـ مهما كان فاجراً فاسقاً ـ أن يقول : أنا مؤمن إن شاء اللَّه .تَعَالَى.، بل يقول : أنا مؤمن حقاً ! واللَّه .عَزَّوَجَلَّ. يقول : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقّاً ﴾ (الأنفال:٢ ـ ٤) ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلاً ﴾ (النساء : ٢٢) ... فهل بعد هذا مجال للشك في أن الخلاف حقيقي ؟ ومن شاء التوسع في هذه المسألة فليرجع إلى كتاب شيخ الإسلام ابن تيمية : (الإيمان) فإنه خير ما ألف في هذا الموضوع)) (نقلاً عن تعليق الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. على العقيدة الطحاوية) .

وإذا زال عمل القلب مع اعتقاد الصدق ، فهذا موضع المعركة بين المرجئة وأهل السنة ، فأهل السنة مجمعون على زوال الإيمان ، وأنه لا ينفع التصديق مع انتفاء عمل القلب ، وهو محبته وانقياده كما لم ينفع إبليس وفرعون وقومه واليهود والمشركين الذين كانوا يعتقدون صدق الرسول ، بل ويقرون به سرّاً وجهراً)) .

واتە : وە لێرەدا بنەوایەکی تر هەیە ، ئەویش ئەوەیە : کە ڕاستی ئیمان پێکهاتووە لە : ووتە وکردەوە . ووتەش دوو بەشە : ووتەی دڵ ، کە بیروباوەڕە ، و ووتەی زمانیش ، کە ووتنی ووشەی ئیسلامە (واتە : شایەتومان) . وە کردەوەش دوو بەشە : کردەوەی دڵ ، کە نیەت وئیخلاصێتی ، لەگەڵ : کردەوەی ئەندامەکان .

ئەگەر ئەم چوارە نەما ، ئیمانیش بەتەواوی نامێنێت ، وە ئەگەر بەڕاست دانانی دڵ نەما ، ئەوا بەشەکانی تری هیچ بونێکیان نابێت ، چونکە بەڕاست دانانی دڵ مەرجە لەبیروباوەڕیدا ، ئەوەش کە سود بەخش بێت .

وە ئەگەر کردەوەی دڵ نەما لەگەڵ بیروباوەڕی بەڕاست دانانی ، ئەوە ئێرەیە شوێنی جەنگی نێوان مورجیئە وئەهلی سوننە ، ئەهلی سوننە کۆڕان لەسەر نەمانی ئیمان ، و ئەوەش کە بەڕاست دانانی دڵ سودی نیە لەگەڵ نەمانی کردەوەی دڵ ، کە بریتیە لەخۆشەویستی و ملکەچی ، هەروەکو چۆن بیروباوەڕی بەڕاست دانانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵکو دانپیانان بەوە ـ بەنهێنی وئاشکراش ـ سودی بۆ ئیبلیس وفیرعەون وگەلەکەی وجولەکە وهاوەڵبڕیاردەران نەبوو .

ئەڵبانی و خۆ بەری کردنی لەئێرجا و دژایەتی کردنی بۆیان

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایانی سەلەفی صالح و پێشینی خۆی هەستاوە بە بەرپەرچدانەوەی لاڕێبووان ، و دەرخستنی گومڕایی و خراپەکانیان ـ زیادڕەویکار بن یان کەمڕەویکار ، بەواتایەکی تر : شوێنکەوتوان و هەڵگرانی بیری زیادڕەویکاری خەواریج بن ، یان هەڵگری بیری کەمڕەویکاری مورجیئە بن ـ ئەوەش کە لێرەدا شوێنی مەبەست و لێدوان بێت بەرپەرچدانەوە و خۆبەریکردنیەتی لەگروپی گومڕای مورجیئە ، ئەوەش بە چەند شێوەیەك ، هەروەك لەم خاڵانەی خوارەودا ئاشکرا دەبێت :

بەکەم : خۆدانە پاڵ ئەهلی حەدیس وسەلەفی صالح لەبڕس وباسەکانی ئیماندا :

هەر کەس بیەوێت ئەو ووتە ڕاشکاوانەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بزانێت کە سەبارەت بەخۆنیسبەتدانی بۆ ئەهڵی حەدیس ، وسەلەفی صالح فەرموونیەتی لەباس و پرسەکانی ئیمان ، و بیروباوەڕدا دەتوانێت ئەوەی بەئاسانی دەستکەوێت ، و بەرگوێ بکەوێت ، ئەگەر ئەرکی ئەوە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی کە بەنێو مرواری و گوڵزاری ووتە و نوسینەکانی ئەم پێشەوایەدا بگەڕێت ، بەڵام لێرەدا نووسەری ئەم چەند دێرە بەردەست ـ بەپشتیوانی خوای پەروەردگار ـ هەوڵی ئەوەی داوە ئەو ئەرکە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی و چەند دوڕ ومرواریەك لە ووتەکانی ئەو پێشەوایە ـ لەووتار ودەرسەکانی بێت یان لەنوسین وکتێبە گەوهەر ئاساکانی ـ بخاتە بەردەست خوێنەر ـ لەگەڵ یادخستنەوەی خوێنەر بەو ووتەیەی کە پێشینان فەرموویانە : مشتێك نیشانەی خەروارێکە ـ جا با بزانین ئەم پێشەوایە لەم بارەیەوە چی فەرمووە ؟

فەرموودەناسی سەردەم پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە بەرپەچ دانەوەیەکی بۆ ووتەی (سفر الحوالي) لە ڕەشنووسەکەیدا ـ کە تێیدا بە زوڵم ستەم پێشەوای بە تۆمەتی نارەوایی هاودەنگی لە گەڵ گروپی مورجیئەدا تۆمەتبارکردووە !!! ـ خۆی بەری دەکات لەو تۆمەتە و نیسبەتی خۆی داوەتە پاڵ ئەهلی حەدیس و خۆی بەسەرخەرانی ئەم کۆمەڵەیە دادەنێت ، هەروەك دەفەرموویت : ((وقد بدا لي من مطالعتي للكتاب المذكور ـ أي : ظاهرة الإرجاء ـ أنه ذو فائدة كبيرة جداً في الرد على علماء الكلام الذين يخالفون أهل الحديث في قولهم : (الإيمان يزيد وينقص ، وأن الأعمال الصالحة من الإيمان) ، مع غلو ظاهر في بعض

عباراته ؛ حتى ليخال إليَّ أنه يميل إلى مذهب الخوارج ، مع أنه يرد عليهم ، وغمزني بالإرجاء أكثر من مرة ؛ تارة تصريحاً وأخرى تلويحاً ، مع إظهاره الاحترام والتبجيل ـ خلافاً لبعض الغلاة ولا أقول : الأتباع ـ ، وهو يعلم أنني أنصر مذهب الحديث ... ومع هذا رمانا المؤلف بالإرجاء ... سامحه اللَّه ، وهدانا اللَّه وإياه لما اختلف في مِن الحق ؛ إنه يهدي من يشاء إلى صراط مستقيم)) [1] ، واته : وە لە خوێندنەوەمدا بۆ کتێبی ناوبراودا ـ واتە کتێبی : (ظاهرة الإرجاء) ـ ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە چەندەها سودی گەورەی تێدایە بۆ بەرپەرچدانەوەی زانایانی ئەهلی کەلام ، ئەوانەی کە پیچەوانەی ئەهلی حەدیس بوونەتەوە لەوەیاندا کە دەڵێن : (ئیمان زیاد وکەم دەکات ، وکردەوە چاکەکانیش لەئیمانن) ، لەگەڵ زیادڕەویەکی ئاشکرا لەزۆرێك لەووتەکانیدا ، تەنانەت ئەوەشم دێتە خەیاڵ کە بەرەو لای مەزهەبی خەواریج لای داوە ، لەگەڵ ئەوەی کە بەرپەرچیان دەداتەوە ، وە زیاتر لەجارێك تانەی ئیرجائی لێداوم ، جارێك بەڕاشکاوی ، وجاری تریش بەئاماژە ، لەگەڵ ئەوەی کە ئیحترام و ڕێزیشی بۆ دەربڕیووم ـ بەپێچەوانەی هەندێك لەزیادڕەویکاران !!! نەك بڵێم : شوێنکەوتوان ـ کەچی خۆشی باش دەزانێت کە من پشتیوان و سەرخەری مەزهەب و بۆچوونی ئەهلی حەدیسم ... لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر تۆمەتباری کردووین بەئیرجا ... خوای پەروەردگار لێی خۆش بێت ، هیدایەتی ئێمە وئەویش بدات بۆ ئەوەی کە جیازبوون تێیدا لەڕەوایی ، چونکە هەر ئەوە هیدایەتدەری ئەو کەسەی کە ویستی لەسەرە بۆ ڕێگای ڕاست .

وە لە ووتەیەکی تری ئاشکرایدا بەڕاشکاوی تۆمەتی ئیرجا دانەپاڵی ڕەتدەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە نزیکەی بیست ساڵێك زیاترە ـ پێش ئەو ووتەیەی ـ مەنهەجی سەلەف و ئەهلی سوننە و جەماعەی لە باس و پرسەکانی ئیمانی نووسیوە و ئیقراری کردوون ، کەچی کەسانێکە نەزان ئێستا دێن و تۆمەتەی ئەوەی دەدەنەپاڵ ، ئەوەش لەو ووتەیەیدا کە فەرموویەتی :

((فإن قلت : فمن أين تسربت هذه الفِرْيَةُ إلى قلب هذا الرجل الجاهل ، حتى جرى بذلك قلمُه ، ولحق به إثمه ؟

---

[1] (سلسلة الأحاديث الضعيفة ، لابن تيمية : ١٤/ ٩٤٩) .

فأقول : يبدو لي ـ واللَّه أعلم ـ من مجموع كلامه المتقدّم بصورة عامة ، ومن قوله في هذه الفِقرة بصورة خاصة ـ : أن الرجل حنفي المذهب ، ماتريدي المعتقد ، ومن المعلوم أنهم لا يقولون بما جاء في الكتاب والسنة وآثار الصحابة من التصريح بأن الإيمان يزيد وينقص وأن الأعمال من الإيمان ، وعليه جماهير العلماء سلفاً وخلفاً ما عدا الحنفية ؛ فإنهم لا يزالون يصرون على المخالفة ؛ بل إنهم ليصرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه تعالى ـ فقد جاء في (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي) ما نصه (٨ / ٢٠٥) : ((والإيمان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمان عندنا ليس من الأعمال)) ... وهذا يخالف ـ صراحة ـ حديث أبي هريرة ، أن رسول اللَّه ﷺ سئل : أي العمل أفضل ؟ قال : « إيمان باللَّه ورسوله » ... ـ الحديث أخرجه البخاري وغيره ـ ، وفي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها في (الترغيب : ٢ / ١٠٧) .

وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الإيمان من الأعمال ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

أقول (أي : الإمام الألباني) : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللَّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي ـ اليوم ـ بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللَّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [1] .

واتە : وە ئەگەر بڵێیت : ئەم تۆمەتە لەکوێوە دزەی کردووە و هاتووە ناو دڵی ئەم پیاوە نەزانە ، تاکو بە پێنووسەکەی نوسیویەتیەوە ، و تاوانەکەی کەوتووەتە سەر ؟

ئەوا دەڵێم : لەکۆی ووتەکانی پێشووی بەشێوەیەکی گشتی ، و لەووتەکەی لەم بڕگەیەدا بەتایبەتی ـ خوای پەروەردگاریش زاناترە ـ ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە : ئەم پیاوە حەنەفی مەزهەبە ، و بیروباوەڕ ماموریدیە ، ئاشکراشە ئەوانە ئەوە نالێن کە قورئانی پیرۆز ، و سوننەت

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، لابن تيمية : ص ٣٢ ـ ٣٣) .

، و ئاسار و شوێنەواری هاوەڵان دەیڵێن لەوەی کە بەڕاشکاوی ئەوەیان دەربڕیوە کە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لەئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی پێشین وسەلەفی صالح ، وپاشینانیشیان ، جگە لەحەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بەکوفر و پاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لەکتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ باب الكراهية ، ٨ / ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نەزیاد و نەکەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لەکردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بەڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە رضي الله عنه ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری و جگە لەویش گێڕایانەتەوە ، و هەر لەواتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لە کتێبی (الترغيب : ٢ / ١٠٧) ـدان .

وە پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەدرێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد و کەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لە کتێبی (الإيمان) ـیدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپیەی کە لەسەرین ، لەنەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

دووەم : خۆ بەربکردن لەو گروپ وکۆمەڵە گومڕایانە وبەربەرچدانەوەیان :

بێگومان ئەوانەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەدەنەپاڵ گروپ وتاقمە گومڕاکان ، وەکو مورجیئە !!! زۆرینەیان دڵنیان لەوەی کە ئەم پێشەوایە بەریە لەئیرجا وەکو بەری بوونی گورگ لە خوێنی پێغەمبەر یوسف عليه السلام !!! بەڵام نەزانی و شوێنکەوتنی ئارەزوو چاوەکان لە ئاستی ڕەواییدا کوێر دەکەن ، ئەوەتا پێشەوا ئەلبانی لە بەرپەچ دانەوەیەکی بۆ ووتەی (سفر الحوالي) لەڕەشنووسەکەیدا ـ کەتێیدا بەزوڵم وستەم پێشەوای بەتۆمەتی نارەوای هاودەنگی لەگەڵ گروپی مورجیئەدا تۆمەتبارکردووە !!! ـ خۆی بەری دەکات لەو تۆمەتە و نیسبتی خۆی داوەتە پاڵ ئەهلی حەدیس و خۆی بەسەرخەرانی ئەم کۆمەڵەیە لە قەڵەم دەدات ، و سەبارەت بە بەرامبەرەکەشی فەرموویەتی : ((... ، وهو يعلم ـ (أي سفر الحوالي !!!) ـ أنني أنصر مذهب الحديث ... ومع هذا رمانا المؤلف بالإرجاء ... سامحه اللَّه ، وهدانا اللَّه وإياه لما اختلف في مِن الحق ؛ إنه يهدي من يشاء إلى صراط مستقيم)) [1] ، واتە : کەچی خۆشی باش دەزانێت ـ واتە : (سفر الحوالي) ـ کە من پشتیوان و سەرخەری مەزهەب و بۆچوونی ئەهلی حەدیسم ... لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر تۆمەتباری کردووین بەئیرجا .... خوای پەروەردگار لێی خۆش بێت ، هیدایەتی ئێمە وئەویش بدات بۆ ئەوەی کە جیازبوون تێیدا لەڕەوایی ، چونکە هەر ئەوە هیدایەت دەری ئەو کەسەی کە ویستی لەسەرە بۆ ڕێگای ڕاست .

وە لە ووتەیەکی تریشدا هەمان ووتە دووبارە دەکاتەوە ، کە بەرامبەرەکان باش دەزانن کە ئەم ـ پێشەوا ئەلبانی ـ پێچەوانەیەکی تەواوی مورجیئەیە ، کەچی هەر تۆمەتی ئیرجای دەدەنە پاڵ ، وەك فەرموویەتی : ((... مَعَ أَنَّهُ يَعلَمُ أني أُخالِفهم ـ أي المرجئة ـ مُخالفةً جَذريةً ، فأقولُ : الإيمانُ يَزيدُ وينقصُ ، وأنَّ الأعمالَ الصالحةَ من الإيمانِ ، وأنَّهُ يَجوزُ الإستثناءُ فيهِ ، خلافاً للمرجئةِ ، وَمَع ذلك رَماني أكثرَ مِن مَرةٍ بالإرجاءِ !!! فَقَلَبَ بذلكَ وصيَّةَ الرسولِ ﷺ : « وأَتْبِعِ السيِّئَةَ الحسَنَةَ تَمْحُها » (سنن الترمذي ، كتاب البر والصلة : ٤ / ٣٥٥) ، فقلت : ما أشبه

---

[1] (سلسلة الأحاديث الضعيفة ، لابن تيمية : ١٤/ ٩٤٩) .

اليوم بالبارحة !!)) [١] ، واته : لەگەڵ ئەوەی کە ئەو باش دەزانێت کە من لەڕەگ و ڕیشەوە پێچەوانەیان ـ واته پێچەوانەی مورجیئە ـ بومەتەوە ، چونکە من دەڵێم : ئیمان زیاد وکەم دەکات ، وکردەوە چاکەکانیش لەئیمانن ، وە دروستە هەوڵاوێردنی تێدا بکرێت ، بەپێچەوانەی مورجیئەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لەجارێك زیاتر تۆمەتباری کردووم بەئێرجا !!! بەوەش ئامۆژگاریەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێچەوانە کردووەتەوە کە فەرموویەتی : « چاکە بەدوای خراپەدا بکە بۆ ئەوەی بیسڕیتەوە » ، منیش دەڵێم : ئای ئەمڕۆ چەند هاوشێوەی دوێنێیە .

وە لەیەکێکی تر لەووتە پڕ لەزانستیەکانیدا هەر سەبارەت بەناوبراو دەڵێت : ((اتّق اللّه ؛ فهم ـ أي : المرجئة ـ يقولون : الصلاة ليست من الإيمان ، ونحن ـ أي الألباني ـ نقول بخلافه)) ، واته : لەخوا بترسە ئەوان ـ واته : مورجەئەکان ـ دەڵێن : نوێژ بەشێك نیە لەئیمان ، کەچی ئێمە ـ واته : خودی پێشەوا ئەلبانی ـ پێچەوانەی ئەوە دەڵێین .

ئەوەش کە زیاتر سەلەفیەتی پێشەوا ئەلبانی بسەلمێنێت ئەوەیە کە ئەم زانایە بەرپەرچی ئەو ووتانەی داوەتەوە کە پاڵپشتی بۆچوونەکانی مورجیئە دەکەن ـ لە هەر کەسێکەوە بێت ـ ئەوتا بەرپەرچی حەنەفی مەزهەبەکان دەداتەوە لەپێناسەی ئیماندا کە ووتوویانە ئیمان بریتیە لەدانپیانی وهێنانی شایەتومان بەزمان ، بەڕاست دانانی دڵ (واته : الإيمان : هو الإقرارُ باللِّسانِ والتَّصديقُ بالجَنانِ) [٥] !!!! بەوەش کردەوە لە ئیمان دەردەکەن ، و بە بەشێکی نازانن لێی !!! پێشەوا ئەلبانی فەرموویەتی : ((هذا مَذهَبُ الحنفيَّةِ والماتُريديَّةِ خِلافاً للسَّلفِ

---

[١] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : ١٥٣ ـ ١٥٤) .

[٢] ينظر لقول الأحناف : (شرح العقيدة الطحاوية : ٣٣١ ـ ٣٣٢) .

أما قَولُ السَّلفِ فَهُوَ ظاهرٌ في زيادةِ الإيمانِ ونُقصانِهِ ، وَقَد تَقَدَّم النَّقلُ عَنهُم في أكثَرَ مِن مَوضِعٍ .

وَقَد بيَّن الحافِظ ابن حَجر مَذهبَ المرجئةِ في الإيمانِ بقولِهِ : ((والمرجئة قالوا : هوَ اعتقادٌ ونطقٌ فقط)) (فتح الباري : ١/ ٤٦) ؛ فأخرَجوا بِذلكَ العَمَلَ مِن الإيمانِ .

وَكذا شيخُ الإسلامِ ابن تيميَّة فَقَد بيَّن مَذهبَ المُرجئة بِقَولِهِ : ((والمرجئةُ الذينَ قالوا : الإيمانُ تَصديقُ القلبِ وَقَولُ اللِّسانِ ، والأعمالُ لَيسَت مِنهُ)) (مجموع الفتاوى : ٧ / ١٩٤) .

وَجَماهِيرِ الأئمةِ ، كَمالك والشافعيِّ وأحمَدَ والأوزاعيّ وَغَيرِهِم ، فإنَّ هؤلاءِ زادوا على الإقرارِ والتَّصديقِ : العَملُ بالأركانِ .

وَلَيسَ الخلافُ بَين المذهبينِ اختلافاً صُورياً كَما ذَهَبَ إليهِ الشَّارحُ ـ يعني ابن أبي العز الحنفي شارح الطحاوية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ بِحُجَّةِ أنَّهم جَميعاً اتَّفقوا على أنَّ مُرتكِبَ الكَبيرةِ لا يَخرُجُ عَن الإيمانِ ، وأنَّه في مشيئةِ اللَّه إن شاءَ عَذَّبهُ وإن شاءَ عَفا عَنهُ ، فإنَّ هذا الاتِّفاقَ وإن كَانَ صَحيحاً فإنَّ الحنفيةَ لو كانوا غَيرَ مُخالِفينَ للجماهيرِ مُخالفةً حَقيقيَّةً في إنكارهم أنَّ العَمَلَ من الإيمانِ ؛ لاتَّفقوا مَعَهُم على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأنَّ زيادتهُ بالطاعةِ وَنَقصَهُ بالمعصيَةِ ، مَعَ تَظافرِ أدِلَّةِ الكتابِ والسُّنةِ والآثارِ السلفيَّةِ على ذلك ... ثُمَّ كيف يَصِحُّ أن يَكونَ الخلافُ المذكورُ صُورياً وَهم يُجيزونَ لأفجَرِ واحدٍ منهم أن يَقولَ : إيماني كإيمانِ أبي بكرٍ الصّديق ، بَل كإيمانِ الأنبياءِ والمرسلينَ وَجِبريلَ وميكائيلَ ـ عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ ـ ، كَيفَ وهُم بِناءً على مَذهَبِهِم هذا لا يُجِيزونَ لأحَدِهِم ـ مَهما كَانَ فاسِقاً فاجِراً ـ أن يَقُولَ : أنا مؤمنٌ إن شاءَ اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ ، بل يَقولُ : أنا مؤمنٌ حقاً ، واللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ يقولُ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ (الأنفال : ٢ ـ ٤) ، ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ (النساء : ١٢٢))) [١] .

واتە : ئەمە بۆچوونی حەنەفی وماتوریدیەکانە بەپێچەوانەی پێشین وسەلەفی صالح و پێشەوایان مالك ، وشافعی ، وئەحمەد ، وئەوزاعی ، وجگە لەوانیشە کە دەبینین ئەوانە لەسەر دانپیانان ، وبەڕاستداناندا ، کردەوەکردنیان بەئەرکانەکان وئەندامەکان زیادکردووە .

ئەم جیاوازیەش لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا جیاوازیەکی شێوەیی و ڕووکەش نیە ، هەروەکو ڕوونکەرەوەی کتێبەکە ـ واتە : (ابن أبي العز الحنفي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، کە هەستاوە بە

---

[١] (العقيدة الطحاوية شرح وتعليق الألباني : ٦٢ ـ ٦٣ ، هامش : ٢) .

ڕوونکردنەوەی کتێبی (عقيدة الطحاوية) ـ فەرموویەتی ، بەبیانووی ئەوەی کە هەردوو مەزهەبەکە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە کەسانی خاوەن تاوانە گەورەکان لەئیمان ناچنە دەروە بەو تاوانەیان ، بەڵکو دەکەونە ویستی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی لێ هەبێت سزایان دەدات ، وە ئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەك دەنگیە دروستە ، بەڵام حەنەفی مەزهەبەکان ئەگەر پێچەوانەی ئەوانە نەبوونایەتەوە ، بە شێوەیەکی حەقیقی لە نکوڵیکردنیان لەوەی کە کردەوە بەشێك بێت لەئیمان !!! ئەوا هاودەنگ دەبوون لەگەڵیاندا لەوەی کە ئیمان زیاد و کەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بەگوێرایەڵیە و کەمبوونەوەشی بەتاوان و سەرپێچیە ، لەگەڵ هاتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ، سەرەڕای بوون و هاتنی هەموو ئەو شوێنەوارە سەلەفیانە لەسەر ئەوە .

پاشان چۆن ڕاستە بووترێت کە ئەو جیاوازیە شێوەیی و ڕوکەشیە ، کەچی دەبینیت ئەوان بەدروستی دەزانن کە خراپترین و سەرکەشترین کەسیان بلێت : ئیمانی من وەکو ئیمانی ئەبو بەکری صدیقە ، بەڵکو وەکو ئیمانی پێغەمبەران و نێردراوانی خوای پەروەردگار جبریل و میکائیلە .عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ. ، چۆن ووتنی ئەوە دروست و ڕەوایە کە بووترێت جیاوازیەکەیان شێوەیی و ڕووکەشی !!! لە کاتێکدا ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونەیان ئەوە بیناەدەکەن کە ڕێگە نادەن بەیەکێکیان ـ تەنانەت ئەگەر فاسقترین کەسیش بێت ـ بڵێت : من ئیماندارم ـ ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ بەڵکو دەبێت بڵێت : بەحەق من ئیماندارم ، کەچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ .

کەواتە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ نەك هەر خۆبەریدەکات لەگروپ وکۆمەڵی گومڕای مورجیئە بەڵکو بەرپەرچیشیان دەتاوە لەو بۆچوونانەیان کە تێیدا پییچەوانەی سەلەفی صالح بوونەتەوە ، هەروەکو ئاشکرا کرا ، دەبا ئەوانە لە خوا بترسن کە ئەم پێشەوایە تاوانباردەکەن بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان بۆچوونی مورجیئەی هەیە !!! یان ئیرجائی تێدایە !!! کە هەرهەمووشی لە تۆمەت و درۆ بەدرە هیچی تر نین !!!

سێیەم : ئاوئوپڵکردن وئەحفێفکردنی ئەو فەرموودانەی کە سەبارەت بە خرایی مورجیئە هاتوون ، بان پاڵپشتی بیروڕاکانیان دەکەن :

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەرەڕای ئەوەی کە گروپ و کۆمەڵی مورجیئە بە گومڕا دەزانێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((هُمْ فِرْقَةٌ مِنَ الْفِرَقِ الضَّالَّةِ ، تَقُولُ : لَا يَضُرُّ مَعَ الْإِيْمَانِ مَعْصِيَةٌ)) [١] ، واتە : کۆمەڵێکن لەکۆمەڵە گومڕاکان ، کە دەڵێن : تاوان هیچ کاریگەریەکی نیە لەگەڵ ئیماندا !!! ئەو فەرموودانەشی لەپەرتوکەکانیدا تاوتوێ وتەحقیقکردووە ، بەتایبەت ئەو فەرموودانەی کە بەخراپ باس لەو گروپ و کۆمەڵەیە دەکەن ، هەروەکو لەم فەرموودەیەدا دەرئەکەوێت :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « صِنْفَانِ مِنْ أُمَّتِي لَا يَرِدَانِ عَلَيَّ الْحَوْضَ : الْقَدَرِيَّةُ وَالْمُرْجِئَةُ » [٢] ، واتە : دوو کۆمەڵ لەئوممەتەکەم نایەنەسەر حەوزی کەوسەر ، ئەوانیش : قەدەری و مورجیئەکانن .

یان ئەو فەرموودانەی بە (ضعیف) و (موضوع) داناوە کە پاڵپشتی بنەواکانی ئەم گروپ و کۆمەڵەیە دەکەن ، هەروەك لە فەرموودەی : ((الْإِيْمَانُ مُثْبَتٌ فِي الْقَلْبِ كَالْجِبَالِ الرَّوَاسِي ، وَزِيَادَتُهُ وَنَقصُهُ كُفرٌ)) [٣] ، واتە : ئیمان لەدڵدا وەکو شاخە گەورەکان جێگیرە ، زیادبوون و کەمبوونی کوفرە .

---

[١] (مختصر صحيح الإمام البخاري : الحاشية رقم : ١٩) .

[٢] أخرجه العقيلي في (الضعفاء : ص ١٥٦) ، والطبري في (التهذيب : ٢/ ١٨٠/ ١٤٧٢) ، و ابن أبي عاصم في (السنة : ٩٤٩) ، واللالكائي في (شرح السنن : ٤/ ١٤٢/ ١١٥٧) ، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٧٤٨) .

[٣] (حديث موضوع : حكم الألباني بوضعه في السلسلة الضعيفة ، برقم ٤٦٤ ، وانظر : الضعفاء لابن حبان ٢ / ١٠٣) .

كه دوای حوكمدانی لەسەر فەرموودەكە بەوەی كە فەرموودەیەكی (موضوع) ـە ، فەرموویەتی : ((وَهَذَا الْحَدِيْثُ مُخَالِفٌ لِلآيَاتِ الْكَثِيْرةِ الْمُصِرِّحَةِ بِزِيَادَةِ الْإِيْمَانِ ، كَقَوْلِهِ ـتَعَالَى ـ : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ (المدثر : ٣١) ، فَكَفَى بِهَذَا دَلِيْلاً عَلَى بُطْلَانِ مِثْلِ هَذَا الْحَدِيْثِ)) [١] ، واته : وه ئەم فەرموودە هەڵبەستراوە پێچەوانەی ئایەتێلێكی زۆرن كە بەڕاشكاوانە باس لەزیادبوونی ئیمان دەكەن ، وەكو ئەوەی كە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ﴾ ، تەنها ئەمەش بەسە بۆ پوچەڵی وەك ئەم فەرموودانە .

وە فەرموودەی : ((إِذَا سُئِلَ أَحَدُكُمْ : أَمُؤْمِنٌ أَنْتَ ؟ فَلَا يَشُكُّ [فِي إِيْمَانِهِ])) [٢] ، واته : ئەگەر پرسیار لەیەكێك لەئێوە كرا : ئایا تۆ ئیمانداریت ؟ ئەوا باگومان نەكات لە ئیمانەكەی ـ واته : نەڵێت : ئیماندارم ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت !!! ـ .

بە هەمان شێوەی فەرموودەی پێشوو پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای حوكم دانی لەسەر فەرموودەكە بەوەی كە فەرموودەیەكی (منكر) ـە ، فەرموویەتی : ((وهنا شيء آخر ، وهو أنه مخالف للآثار السلفية المجمعة على أن الإيمان يزيد وينقص ، وأن زيادته بالطاعة ، وقد تفرع منه جواز الاستثناء فيما إذا سئل المؤمن ـ كما في الآثار ـ : هل أنت مؤمن ؟ أن يقول : أنا مؤمن إن شاء اللَّه . خلافا لما في حديث ابن بديل . وذلك مشروح في كتب السنة والعقيدة ، ومنها كتاب الإمام الطبري المتقدم (تهذيب الآثار) ، وغيرها ، فليرجع إليها من شاء ، فمن كان على علم بها مسبقا ،؟ كان عونا له على تحقيق القول في

---

[١] (السلسلة الضعيفة ، للألباني : ١/ ٦٧٨ ، حديث رقم : ٤٦٤) .

[٢] (أخرجه ابن جرير الطبري في : (تهذيب الآثار : ٢/ ١٨٦) ، و أبو نعيم في : (الحلية : ٧/ ٢٣٨) ، و قال العلامة الألباني في : (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة : ٦ / ١٤٨ ، برقم : ٢٦٤٣ : حديث منكر ، والزيادة : أوردها السيوطي في (جامعيه) ، وعزاه في (الكبير) للطبراني وأبي نعيم ، وفي (الصغير) للطبراني وحده ! وقد عرفت أنه لا أصل لها عند المصدرين المذكورين ، فلعلها سبق قلم من السيوطي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ) .

حديث ابن بديل والقطع بأنه حديث منكر . واللّـه الـموفق)) [1] ، واته : وه لێرەدا شتێکی تریش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەمە پێچەوانەی شوێنەوار وئاسارە سەلەفیەکانە کە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد وکەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بە گوێڕایەڵیە ، ئەوەش کە لەمە کەوتووەتەوە دروستی هەڵاوێردنە ، لەوەی کە ئەگەر پرسیار لە ئیماندار کرا ـ هەروەکو لەشوێنەوار وئاسارەکاندا هاتووە ـ ئایا تۆ ئیمان داریت ؟ دەتوانێت بڵێت : ئەگەر خوا ویستی لەسەر ئەوە هەبێت من ئیماندارم ، بە پێچەوانەی فەرموودە هەڵبەستراوەکەی (ابن بديل) ، هەروەکو لە کتێبەکانی سوننەت و بیروباوەڕدا لێکدراوەتەوە ، و باس کراوە .

لەوانەش کتێبی پێشووتر (تـهذيب الآثار) کە لەنووسینی پێشەوا (الطبـري) یە ، و جگە لەویش ، جا ئەو کەسەی کە دەیەوێت با بۆی بگەڕێتەوە ، وە ئەو کەسەش کە پێشتر زانیاری پێ بووە ، ئەوا یارمەتیدەریەتی لەیەکلاکردنەوەی ووتە سەبارەت بەفەرموودەی (ابن بديل) ، و یەکلابوننەوەی لەوەی کە فەرموودەیەکی (منكر) ، سەرخەریش هەر خوای پەروەردگارە .

جا نازانم ئەو کەسانەی کە تۆمەتباری پێشەوا دەکەن بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان هەر شتێکی تر !!! چۆن بیر لەوە دەکەنەوە پێشەوایەك : کە دەزانێت مورجیئە کۆمەڵ و گروپێکی گومڕای ئاوان کە بێ بەشن لەئاوی کەوسەر و ناچنەسەر ئەو حەوزە ؟!! یان کۆمەڵ وگروپێك ووتەکانیان پێچەوانەی چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز بێت !!! و ... هتد ، پاشان دێت و بیروباوەڕی ئەو کۆمەڵەیە هەڵدەگەرێت ؟!!

ئەی باشە بۆ بیر لەوە ناکەنەوە ـ ئەمە ئەگەر بیربکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن چی دەڵێن ؟!! و چی بەسەرزاریاندا دێت ؟!! ـ ئەگەر ئەو تۆمەتەی ئەوان وایە بۆچی ئەم پێشەوایە ئەو فەرموودانە بە (صحيح) دەزانێت کە دژ بەخۆیەتی ؟!! یان ئەوانە بە (موضوع) دەزانێت کە پشتگیری خۆیەتی ؟!! وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش بۆ خۆیان دەهێلمەوە !!!

---

[1] (سلسلة الأحاديث الضعيفة والـموضوعة وأثرها السيئ في الأمة ، للألباني : ٦/ ١٥٢) .

چوارەم : هەستانی بە ئەحقیق و لەسەرنوسینی ئەو کتێبانەی کە زاناپانی سەلەفی صالح نووسیوپانە و ئێپرا بەرپەرچی لاڕێپوانپان دابێتەوە و بیروباوەڕی دروست و ڕاستی ئەهلی سوننەپان ئێرا خستبێتە ڕوو ، لەوانەش :

١ ـ (كتاب الإيمان) لە نووسینی (شيخ الإسلام ابن تيميَّة) .

٢ ـ وە (كتاب الإيمان) لە نووسینی (أبو بكر ابن أبي شيبة) .

٣ ـ وە (كتاب الإيمان) لە نووسینی پێشەوا (أبو عُبيد القاسم بن سلَّام) .

٤ ـ وە (كتاب السُّنة) لە نووسینی (ابن أبي عاصم) .

وە چەندان پەرتوکی تر کە سەرتاپا هەموو پڕن لەباسکردن وئاماژەکردن بەبیروباوەڕی ئەهلی سوننە و سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە لەباس و پرسەکانی ئیمان ، و بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵ وگروپە گومڕاکان ، کەچی شەمشەمە کوێرەکانی شەوی تاریك نکولی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە ئاشکرایەی پێشەوا دەکەن ـ کە لەخۆری نیوەڕۆ ، و مانگی چواردە لەئاسمانی سامالی بێ هەور ڕووناکترن !!! ـ و دێن ودەڵێن : وەڵلاهی ئەلبانی (مەرجەئەیە !!!) !!! یان ئیرجائی تێدایە !!!! یان و هەزار یانی پوچەڵی تر !!!

پێنجەم : ئاشکراکردنی سەرانی لاڕێپووی ئەم گرووپانە لەکۆن و ئازەدا :

لەناودارترینی ئەو کەسانەی کە هەڵگری بیری مورجیئەی گومڕان لەم سەردەمە و پێشەوا ئەلبانیش هەستابێت بە بەرپەرچدانەوەیان (الزاهد الكوثري) ، و (ابن نُجَيْم الحنفي) یە ، کە پێشەوا ئەلبانی لە زۆر لە ووتەکانیدا هەستاوە بە ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە بەرپەرچدانەوەی (أبو غدة) و شێخەکەی (الزاهد الكوثري) ـدا فەرموویەتی : ((المسألة الخامسة : يقول الإمام تبعا للأئمة مالك والشافعي وأحمد والأوزاعي وإسحاق بن راهوية وسائر أهل الحديث وأهل المدينة : (إن الإيمان هو تصديق بالجنان ، وإقرار باللسان ، وعمل بالأركان ، وقالوا يزيد وينقص) ، وشيخك ـ أي : الزاهد الكوثري ـ تعصبا لأبي حنيفة يخالفهم ! مع صراحة الأدلة التي تؤيدهم من الكتاب والسنة وآثار السلف الصالح رضي الله عنهم ، بل ويغمزهم جميعا مشيرا إليهم بقوله في (التأنيب : ص

٤٤ ـ ٤٥) إلى : « أُنَاسٌ صَالِحُونَ » !!! يشير أنهم لا علم عندهم فيما ذهبوا إليه ولا فقه ، وإنما الفقه عند أبي حنيفة دونهم !!! ثم يقول : إن الإيمان الكلمة !! ، وأنه الحق الصراح .

وعليه فالسلف وأولئك الأئمة الصالحون (!!!) هم عنده على الباطل في قولهم : بأن الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ...)) [١] .

واتە : باسی پێنجەم : پێشەواش وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێشەوایان مالك وشافعی وئەحمەد وئەوزاعی وئیسحاقی کوڕی راهویە وهەموو ئەهلی حەدیس وئەهلی مەدینەش فەرموویەتی : ئیمان بریتیە لەبەڕاست دانان بەدڵ ، ودانپیانانی زمان ، وکردەوەکردن بەئەرکانەکان ، فەرمووشیانە : زیاد وکەمیش دەکات ، وە شێخەکەشت ـ واتە : (الزاهد الكوثري) ـ لەبەر دەمارگیری بۆ ئەبو حەنیفە پێچەوانەیان بووتەوە ، لە گەڵ ڕاشکاوێتی بەڵگەکان کە پشتیوان و لایەنگریانە لەقورئانی پیرۆز وسوننەت ، وئاساری پێشە پیاوچاکانی ﷺ بەڵکو توانجی لە هەموویان داوە ! ئەوەش بەو ووتەیەی کە لە (التأنيب : ص ٤٤ ـ ٤٥) ـدا دەیڵێت : کەسانێکی صاڵحان وچاك بوونە !! کە بەم ووتەیەی ئاماژە بەوە دەکات کە زانست وتێگەیشتنیان نەبووە لەوەی کە بۆی چوون ، چونکە تەنها تێگەیشتن لەلای ئەبو حەنیفەیە جگە لەوان !!! پاشان دەڵێت : ئیمان بریتیە لەووتنی ووشەکە !!! وە هەر ئەوەشە ڕەوایی ئاشکرا !!!

جا لەسەر ئەم ووتەیە ئەو پێشەوایانە (صاڵحان وچاکبوونە !!!) ، چونکە ئەو پێشەوایانە لەلای ئەو لەسەر نارەوایین لەو ووتەیەیاندا کە : کردەوە لەئیمانە ، و زیاد وکەمیش دەکات .

تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت : ((والكوثري في كلمته المشار إليها يحاول فيها أن يصور للقاريء أن الخلاف بين السلف والحنفية في الإيمان لفظي ، يشير بذلك إلى أن الأعمال ليست ركناً أصليّاً ، ثم يتناسى أنهم يقولون : بأنه يزيد وينقص وهذا ما لا يقول به الحنفية إطلاقا)) [٢] ، واتە : (الكوثري) لەووتەی ئاماژە پێکراویدا هەڵدەدات تیایدا کە خوێنەر وا تێبگەیەنێت کە جیاوازی نێوان پێشین وحەنەفیەکان لەئیماندا جیاوازیەکی شێوەیی وگۆییە ،

---

[١] (شرح العقيدة الطحاوية ، للألباني : ص ٥٨) .

[٢] (المصدر نفسه : ص ٥٨) .

بەوەش ئاماژە بەوە دەکات کە کردەوە بنەوایەکی ئەصلی نیە تیایدا ، پاشان ئەوە لەبیر خۆی دەبات کە ئەوان دەڵێن : ئیمان زیاد وکەم دەکات ، ئەوەی کە هەرگیز حەنەفی مەزهەبەکان نایڵێن .

وە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدانەوەی (ابن نُجَيم الحنفيِّ) ـدا کە کردەوە دەردەکات لەئیمان ، و بە بەشێکی نازانێت لێی ، فەرموویەتی : ((فإن قلت : فمن أين تسربت هذه الفِرْيَةُ إلى قلب هذا الرجل الجاهل ، حتى جرى بذلك قلمُه ، ولحق به إثمه ؟

فأقول : يبدو لي ـ واللَّه أعلم ـ من مجموع كلامه المتقدّم بصورة عامة ، ومن قوله في هذه الفِقرة بصورة خاصة : أن الرجل حنفي المذهب ، ماتريدي المعتقد ، ومن المعلوم أنهم لا يقولون بما جاء في الكتاب والسنة وآثار الصحابة من التصريح بأن الإيمان يزيد وينقص وأن الأعمال من الإيمان ، وعليه جماهير العلماء سلفاً وخلفاً ما عدا الحنفية ؛ فإنهم لا يزالون يصرون على المخالفة ؛ بل إنهم ليصرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه تعالى ـ فقد جاء في (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي) ما نصه (٨ / ٢٠٥) : ((والإيمان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمان عندنا ليس من الأعمال)) ... : وهذا يخالف ـ صراحة ـ حديث أبي هريرة ، أن رسول اللَّه ﷺ سئل : أي العمل أفضل ؟ قال : « إيمان بالله ورسوله » ... ـ الحديث أخرجه البخاري وغيره ـ ، وفي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها في (الترغيب : ٢ / ١٠٧))) [1] .

واتە : وە ئەگەر بڵێیت : ئەم تۆمەتە لەکوێوە دزەی کردووە و هاتووە ناو دڵی ئەم پیاوە نەزانە ، تاکو بە پێنووسەکەی نوسیویەتیەوە ، و تاوانەکەی کەوتووەتە سەر ؟

ئەوا دەڵێم : لەکۆی ووتەکانی پێشووی بە شێوەیەکی گشتی ، و لە ووتەکەی لەم بڕگەیەدا بەتایبەتی ـ خوای پەروەردگاریش زاناترە ـ ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە : ئەم پیاوە حەنەفی مەزهەبە ، و بیروباوەڕ ماموریدیە ، ئاشکراشە ئەوانە ئەوە نالێن کە قورئانی پیرۆز ، و سوننەت ، و ئاسار و شوێنەواری هاوەڵان دەیڵێن لەوەی کە بەڕاشکاوی ئەوەیان دەربڕیوە کە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لە ئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني : ص ٣٢ ـ ٣٣) .

پێشین وسەلەفی صالح ، وپاشینانیشیان ، جگە لەحەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بەکوفر وپاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لەکتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ باب الكراهية ، ٨ / ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نەزیاد و نەکەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لەکردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بە ڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە رضي الله عنه ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری و جگە لەویش گێڕایانەتەوە ، و هەر لە واتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لە کتێبی (الترغيب : ٢ / ١٠٧) ـدان .

دەبا دوای ئەم خستنەڕووە کە تێیدا ئاشکرابوو : کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ خۆی دەتاپاڵ پێشین و سەلەفی صالح ئەم ئومەتە ، و بەرپەرچی نەیارانیان دەتاوە لە باس و پرسەکانی ئیمان ، و بیروباوەڕدا ، و چۆن ئەم پێشەوایە خۆی بێ بەریدەکات لەگروپی مورجیئە و بنەواکانیان ـ نەك ئەوەی هەڵگر و بانگەشەکاری بێت بۆ ئەو کۆمەڵەیە !!! ـ .

وە لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی هەستاوە بە تەحقیقکردنی ئەو پەرتوکانەی کە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەخەنەڕوو ، و هەر هەمووشیان بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕە خوار و لاڕێکانی مورجیئەن !!!

با هەموو ئەو ڕاستیانە زەنگی هۆشیارکردنەوە بن بۆ ئەوانەی کە تا ئیستا بە نەزانینەوە تۆمەتباری پێشەوا ئەلبانیان کردووە بەوەی کە مورجئەیە !!! یان ووتەکانی ووتەی مورجیئەیە !!! یان ئیرجائی تێدایە !!! و هۆکاری ڕاچەڵەکاندنیان بێت لەخەوی غەفڵەت ، و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان ، و تۆبەیەکی ڕاستەقینە بکەن لەو کارە و جارێکی تر نەکەونە تاوانی خواردنی گۆشتی زانایان ، و تانە لێدان ، و تۆمەتبارکردنیان ، بەڵکو پەروەردگار بە ڕەحم و بەزەیی خۆی لێیان ببورێ و قەڵەمی عەفو بەسەر تاوانەکانیان بێنێت .

گەواهی و شایەتبدانی زانایان بەسەلەفیەتی ئەلبانی و بەربیوونی لە ئبرجا

ڕێگای گەشتن بەناسینی زانایان ، ودروستی ونادروستی پەیڕەویان ، ودیاریکردنی پلە وپایەیان ، بریتیە لەپرسیارکردن لەگەورە زانایانی هاوچەرخ وسەردەمی خۆی ، شێخ (أحمد بازمول) لەلیکدانەوەی ووتەیەکی پێشەوا (ابن سيرين) کە فەرموویەتی : ((كَيْفَ يُعْرَفُ الْعَالِمُ ؟)) واتە : چۆن زانا بناسرێت ؟ فەرموویەتی : ((السَّبِيْلُ إِلَى مَعْرِفَةِ الْعَالِمِ بِسُؤَالِ أَهْلِ الْعِلْمِ فِي وَقْتِهِ عَنْهُ ، وَالْمَشْهُورِيْنَ مِنْ فُقَهَاءِ عَصْرِهِ ، وَيُعَوَّلُ عَلَى مَا يُخْبِرُونَهُ مِنْ أَمْرِهِ ، وَأَنْ يَشْتَهِرَ بِطَلَبِ الْعِلْمِ)) [١] ، واتە : ڕێگە بۆ ناسینی زانایەتی کەسێك ، پرسیارکردنە سەبارەتی لە زانایانی چاوچەرخی خۆی ، و شەرعزانانی ناسراوی سەردەمەکەی ، وە متمانەش دەکرێتە سەر ئەوەی کە سەبارەت بەو کەسە دەیلێن ، لە گەڵ ناسراوێتی بە داواکردنی و هەوڵدانی بۆ زانستی شەرعی .

ئەم ووتەیەش زادەی ئەو ووتە زانستیانەیە کە زانایان فەرموویانە و بوونەتە پێوەر بۆ زانایانی دوای خۆیان ، بۆ ناسینەوەی زانایان ، لەوانەش :

پێشەوا (شعبة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((خُذُوا الْعِلْمَ مِنَ الْمَشْهُورِيْنَ)) [٢] ، واتە : زانست لە ناسراوانەوە وەرگرن .

وە پێشەوا (ابن عون) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : ((لَا يُؤْخَذُ هَذَا الْعِلْمَ إِلَّا مَمَّنْ شُهِدَ لَهُ بِالطَّلَبِ)) [٣] ، واتە : ئەم زانستە ـ مەبەستی زانستی شەرعیە ـ وەرناگیرێت جگە لەوانە نەبێت کە گەواهی و شایەتی ئەوەیان بۆ دراوە کە فیرخوازی زانستی شەرعین .

بەڵێ : زانایانی پێشین و سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە نەك هەر ئەوەندە بە ووتە باسیان لەم ڕێسا وبنەوایە کردبێت ، وە نەش هەر تەنها بۆ ناسیی زانایانی تر ئەم پەیڕەوەیان بەکار هاوردبێت ،

---

[١] (انظر الفقيه والمتفقه ، للخطيب البغدادي : ٢ / ٣٢٥) .

[٢] (أخرجه ابن أبي حاتم في الجرح والتعديل : ٢/ ٢ ، والخطيب في الكفاية : ١٦١ من طريقين) .

[٣] (أخرجه ابن أبي حاتم في الجرح والتعديل : ٢/ ٢ ، وابن عدي في الكامل : ١/ ١٥٣ ، والرامهرمزي في المحدث الفاصل ، ٤٠٥ ، والخطيب في الكفاية : ١٦١ من طرق) .

بەڵکو بە شێوەیەکی کرداری بۆ زانین وگەشتن بەوەی کە ئایا خۆیان کەسێکی شیاون بۆ فەتوادان ، پرسیاریان لە زانایانی لە خۆ زاناتر سەبارەت بە خۆیان کردووە ، ئەوەتا پێشەوا (مالك) ـی کوڕی (أنس) ، هەروەك فەرموویەتی : ((ما أجبت في الفتوى حتى سألت من هو أعلم مني : هل يراني موضعا لذلك ؟ سألت ربيعة ، وسألت يحيى بن سعيد ، فأمرني بذلك .

فقيل له : يا أبا عبداللّه لو نهوك ؟ قال : كنت أنتهي . لا ينبغي لرجل أن يرى نفسه أهلا لشيء حتى يسأل من هو أعلم منه)) [1] ، واتە : وەڵامی هیچ فەتوایەکم نەداوەتەوە تاکو پرسیارم نەکرد لەوانەی کە لەخۆم زاناتربوون ، ئایا بەشیاوم دەزانێت بۆ ئەو شوێنە ؟ پرسیارم لە (ربيعة) کرد و پرسیاریشم لە (يحيى) ـی کوڕی (سعيد) کرد ، فەرمانیان پێکردم بەو کارە .

بە پێشەوا (مالك) ووترا : ئەی باوکی عەبدوڵڵا ئەگەر یاساغی و قەدەغەی ئەو کارەیان لێ بکردایەی ؟ ئەویش فەرمووی : وازم ئەهێنا و ئەو کارەم نەدەکرد . چونکە نابێت هیچ کەسێك خۆی بە شیاو بزانێت بۆ شتێك تاکو پرسیاری لە خۆی زاناتر نەکات .

چونکە ئەگەر وا نەبێت نازناو و پلە شەرعیەکان لەلای کەسانێکی نەزانکار ئاسان و بێ نرخ دەبن و هەرکەس هەر پلەیەکی بوێت بەخۆی یان بە خەڵکانی تری لەخۆ نەزانتری دەنێت !!! تاکو وای لێدێت ، کەسانی نەزان بە شێخ !! و گەورە زانا !!! و عەللامە ـ بە تەشدیدی لام نەك بە سوك کردنەوەی !! ـ دەناسرێنەوە !!!! شاعیر دەڵێت :

أَلْقَابُ مَمْلَكَةٍ في غَيْرِ مَوْضِعِهَا كَالْهِرِّ يَحْكِي انتِفَاخَاً صَوْلَةَ الأَسَدِ

پێشەوا (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەو جۆرە کەسانەی فەرموویەتی : ((مع الأسف الشديد ، إن كلمة الشهيد اليوم صارت رخيصة ، كما صارت كلمة الشيخ ، فالآن كلمة الشيخ رخيصة ، يعني يقال للإنسان الذي لا يعرف كوعه من كرسوعه ، يقال له : شيخ !!!!

---

[1] (أخرجه أبو نعيم في حلية الأولياء : ٦ / ٣١٦ ، والبيهقي في المدخل إلى السنن الكبرى : ٤٤٠ ، برقم : ٨٢٥ ، والخطيب في الفقيه والمتفقه : ٢ / ٣٢٦ ، من طريقين) .

وتجده يجلس في مجلس كله عوام ، ثم يقوم يتكلم بكلام فصيح بين ، وعن شجاعة ، فيقولون : هذا عالم ، لا نظير له ، فيكون عندهم شيخ الشيوخ [١] !!!

وكذلك أيضا سهلت كلمة الإمام ، الآن لو صنف الإنسان كتابا مختصرا من أبسط ما يكون ، قالوا : هذا إمام ! سبحان اللّه تعالى !

الإمام لابد أن يكون عالما كبيرا متبوعا ، وليس كل إنسان يؤلف يسمى إماما ، ولهذا لما اختلفت المفاهيم هنا ، صارت الألقاب تشوش ، فعندما تقرأ كتابا صغيرا لأحد المؤلفين ، وتقول : قال الإمام فلان ابن فلان ! ماذا يظن السامع ؟ ، يظن أنه إمام من أكابر العلماء ، وهذا لا يجوز ، أن نصف الإنسان بما لا يستحق ، لأن هذا فيه شيء من الكذب)) [٢] .

واتە : بەداخێکی زۆر گەورەوە دەڵێم : ووشەی شەهید لەم ڕۆژگارەدا بێنرخ بووە ، هەروەکو چۆن ووشەی شێخیش بێنرخ بووە ، ئیستا ووشەی شێخ بێنرخ بووە ، ئەوەش بەوەی کە بەکەسانێك دەووترێت : کە دوو سەری ئێسکەکەکانی باسکیان (کوع و کرسوع) لە یەك جیاناکەنەوە !! کەچی پێیان دەووترێت : شێخ !!!!

وە دەبینیت لە مەجلیسی وا دادەنیشێت کە هەموو کەسانی عەوامن ، و ئەویش هەڵدەستێ بە ووتنی چەند ووتەیەکی ڕەونەق دار ، و ئازایەتی خۆی دەردەخات ، و خەڵکەکەش دەڵێن : ئەمە زانایە !! و هاوشێوەشی نیە !! بۆیە دەبینیت لای ئەوان بەشێخی هەموو شێخان دەژمێردرێت !!

هەروەها ووتنی ووشەی پێشەواش ئاسان بووە ، دەبینیت ئەگەر کەسێك پەرتوکێکی کورت ، کە ئاسانترین شتە نووسیەوە ، دەووترێت : ئەوە پێشەوایە !!! پاکی و بێگەردی بۆ خوای

---

[١] لەوەش خرابتر ئەوەیە کە دەبینین لەسەردەمانی ئەمڕۆدا کەسانێك هەن فەخر و شانازی دەکەن و پوز لەسەر خەڵکی تر لێدەدەن بەوە کە پێیان ووتراوە : ((الشيخ فلان !!!)) ، یان دەڵێن : ((ئێمە فلانە ... پێی ووتووین زانایین !!!)) کەچی لەواقیعدا ، جگە لەبیدعەکارێکی خۆ بەزانا زان نەبێت هیچی تر نیە !!!

وە هەندێکی تری نەزانیان دێت فەخر و شانازی بەوە دەکات کە : بڕوانامەی شەرعی هەیە !!! لەلایەن شێخێکی لەخۆی تەکفیری تر !!! کەچی جگە لەکەسێکی بیدعەکاری حیزبی زیاتر هیچی تر نیە !!!

[٢] (فوائد من شرح عقيدة أهل السنة والجماعة ، للشيخ ابن عثيمين : ١/ ٣٠) .

پەروەردگار !! پێشەوا دەبێت زانایەکی گەورە بێت ، و خەڵکی شوێنکەوتووی هەبێت ، نەك هەر کەس و نووسی پێی بووترێت پێشەوا !!! وە لەبەر ئەوەی کە لێرەدا چەمکەکان تێکەڵ بوون ، دەبینیت نازناوەکان دەشێوێنرێن و ئاوەژوو دەکرێت ، چونکە کە پەرتوکێکی بچوکی یەکێك لە نووسەران دەخوێنیتەوە و دەڵێت : پێشەوا فلانی کوڕی فلان فەرموویەتی !!! بیسەر گومانی چی دەبات ؟!! گومانی ئەوە دەبات کە پێشەوایەکە لە زانایان ، ئەمەش نادروستە و نابێت کەسێك وەسف بکەین بە سیفەتێك کە شایستەی نیە ، چونکە بڕێك درۆی تێدایە .

خوێنەری داوەر و حەق ویست با بزانین پێشەوایان و گەورە زانایانی سەردەم چیان سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی و بیروباوەڕی بەگشتی ، و پرس و باسی ئیمان بەتایبەتی فەرمووە ، ئەوەش بۆ ئەوەی گەواهی و شایەتی دانی ئەو پێشەوایانە بکەینە چرا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و ڕووناك کردنەوەی ، وە بۆ ئەوەی ئیتر ووتەی نەزانکاران دید و بۆچوونمان نەگۆڕێت بەرامبەر بەم پێشەوایە ، و نەبنە لەمپەرێك لە پێش سود وەرگرتنمان لەهەموو ئەو زانست ، و زانیاریانەی کە لەدوای خۆی بەجێی هێشتووە لەنووسین و ووتەکانیدا ، جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار هەندێك لەو گەواهی و شایەتیدانانە دەخینەڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

پێشەوا و موفتی پێشووی وڵاتی سعودیە (عبدالعزيز بن باز) :

شێخ (الربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ شایەتیدان و گەواهیدانی پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە بێبەرییبوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ئیرجا ، دەکاتە پێوەرێك ـ هەروەکو لە پێشتردا باسکرا ـ بۆ بەرییبوونی ئەم پێشەوایە لەو تۆمەتانەی کە دەرێنە پاڵی ـ هەروەکو لە ووتەیەکیدا فەرموویەتی : ((ابن باز وابن عثيمين وغيرهما بلغهم كلام الألباني في هذه القضية ، وبرّؤوه من الإرجاء ، ما قالوا مرجيء ، كما برَّأ أحمد ـ أي : الإمام أحمد بن حنبل ـ مسعراً ، وغيره ـ ولا أستحضر أسماءهم الآن ـ يقولون له : فلان مرجيء ؟ فيقول : لا ، وغيره يرميه بالإرجاء)) [1] ، واتە : پێشەوایان (ابن باز) و (ابن عثيمين) و جگە لەوانیش ووتەی پێشەوا ئەلبانیان لەم پرس و باسەدا پێگەیشتووە ، و بێ بەریان کردووە لە ئیرجا ، و نەیانفەرمووە : مورجیئەیە ، هەروەکو چۆن پێشەوا ئەحمەد (مسعر) و جگە لەوی ـ کە ئێستا ناوەکانیانم بە بیردا نایەت ـ بێ بەری کردووە ، کە پێیان دەووت : فلانە کەس مورجیئەیە ؟ ئەویش دەیفەرموو : نەخێر ، کەچی جگە لەویش ـ ئەو کەسەیان ـ بە ئیرجا تۆمەتباریان دەکرد .

جا بابزانین پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چی فەرمووە سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی و بەرییبوونی لە ئیرجا ؟!!

خوێنەری بەڕێز : فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە تیایدا باس لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار لە سەر هەموو سەد ساڵێك کەسێك دەنێرێت بۆ تازەکردنەوەی ئایین ، کە ئەمە دەقەکەیەتی : « إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لِهَا دِيْنَهَا » ، واتە : خوای پەروەردگار لەسەری هەموو سەد ساڵێکدا ـ واتە : سەدەیەك ـ کەسێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە بۆ ئەوەی ئایینەکەی بۆ نوێباکاتەوە .

---

[1] (كلمة في التوحيد ﴿ وكذلك جعلناكم أمة وسطاً ﴾ ، و تعليق على بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص : ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في (٢١/ ١٢/ ١٤٢٥) .

الرابط : (http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002) .

سەبارەت بەم فەرموودەیە پرسیارکرا لە پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : ((مَن هو مُجدّدُ هذا القرن ؟)) ، واتە : نوێکەرەوەی ئایین لەم سەدەیەدا کێیە ؟

ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ((الشيخ محمد ناصر الدين الألباني هو مُجدّدُ هذا العصر في ظنّي ، واللّه أعلم)) [١] ، واتە : بە گومانی من شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) نوێکەرەوەی ئایینە لەم سەردەمەدا ، و خواش زاناترە .

هەروەها پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێشەوا ئەلبانی بە یەکێك لە پشتیوان ، و بانگەوازخواز ، و (حافظ) ، و تێکۆشەرانی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەزانێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((من أنصار السنة ، و من دعاة السنة ، و من حفاظ السنة ، و من المجاهدين في حفظ السنة ، وفقه الله وزاده خيرا)) [٢] ، واتە : لە پشتیوانان ، و بانگەوازکاران ، و پارێزەرانی سوننەتە ، و یەکێکە لە تێکۆشەران بۆ پاراستنی سوننەت ، وخوای پەروەردگار سەرکەوتوی بکات و زیاتر خێر خۆی پێ ببەخشێت .

وە لە وەڵامی ئەوانەی کە تۆمەتباری دەکەن بە نادروستی بیروباوەڕ و پەیڕەوی لە ئیماندا دەفەرموێت : ((الشيخ محمد ناصرالدين الألباني من خواص إخواننا المعروفين بالاستقامة و حسن العقيدة و السيرة ، و النشاط في جمع الحديث و بيان صحيحه من سقيمه هو مشهور و معروف لدينا و له في هذا جهود مباركة و أعمال جليلة نسأل اللّه لنا و له المزيد من التوفيق مع صلاح النية و العمل .

ولكنه مثل غيره من أهل العلم ليس معصوما قد تقع له بعض الأخطاء بعض الغلط في التصحيح والتضعيف و في الآراء ولكنه يشكر على اجتهاده وعلى قصده الخير وإذا أخطأ فلا مانع من التنبيه من أهل العلم أن ينبهوه ويكتبوا إليه حتى يحصل التعاون على البر والتقوى عملا بقوله ـ سُبْحَانَهُ ـ : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ (المائدة : ٢) ، هكذا كان العلماء في

---

[١] (الشيخ عبدالعزيز بن باز ، منقول عن شريط : تبرئة كبار العلماء للألباني من تهمة الإرجاء) .

[٢] (المصدر نفسه) .

قديم الدهر وحديثه يتعاونون وينصح بعضهم بعضا ولا يسب بعضهم بعضا ولا يحتقره ولا يعيبه ولا يغتابه ولكن ينصح له ويعينه على الخير وينبهه إذا أخطأ)) [1] .

واتە : شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) لەبرا تایبەتەکانمانە کە ناسراوە بەچاکی بیروباوەڕ وسەرگوزەشتەی ژیانی وچالاکی لەبواری کۆکردنەوەی فەرموودە و ڕوونکردنەوەی فەرموودە (صحيح) و لاوازەکان لەیەکتر ، وە بەناوبانگ وناسراوە لەلامان ، وکۆششی وهەوڵی پیرۆز وکاری گەورەی هەیە ، داواکاری تەوفیقی زیاترین لەخوای گەورە بۆ ئێمە و بۆ ئەویش ، لەگەڵ چاکی نیەت وکردەوەدا .

بەڵام ئەویش وەك جگە لەخۆی لەزانایانی تر پارێزراو نیە لەهەڵە لەوانەیە هەندێك هەڵە بکات لەبەڕاستدانان و لاوازدانانی فەرموودە وە لەبیروبۆچووندا بەڵام سوپاس دەکرێت لەسەر کۆششکردنی وە نیەتچاکی ، وە ئەگەر هەڵەیەکیشی کرد ئەوا هیچ ڕێگرییەك نیە زانایان وریای بکەنەوە و بۆی بنوسن تاکو هاریکاری و یارمەتیدان لەسەر چاکەو لەخواترسان بێتە دی ، وەکو ئیشکردنێك بەو ووتەیەی خوای گەورە : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ ، واتە : هاریکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و لە خواترسان . زانایان لەکۆن ونوێدا بەم شێوە بوون هاریکاری و ئامۆژگاری یەکتریان دەکرد و جنێویان بەیەکتر نەدەدا و یەکتریان بەکەم نەدەزانی و عەیبیان لە یەکتر نەدەگرت وغەیبەتی یەکتریان نەدەکرد بەڵکو ئامۆژگاریان دەکرد و یارمەتیان دەدا و ئەگەر هەڵەی بکردایە ئاگاداریان دەکردەوە .

وە پرسیارێکی لێ دەکرێت سەبارەت بەوانەی کە گومان و تۆمەت دەدەنەپاڵ ئەم پێشەوا بەڕێزە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە ئەمە دەقی پرسیار و وەڵامەکەشیەتی :

پرسیار : ((يثير بعضهم شبهات حول عقيدة العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني وينسبونه إلى بعض الفرق الضالة كالمرجئة ، فما نصيحتكم لأولئك ؟!)) ، واتە : هەندێك کەس چەند شوبهە وگومانێك دەربارەی بیروباوەڕی شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) دەوروژێنن و دەیدەنە پاڵ هەندێك کۆمەڵی گومڕای وەکو مورجیئە ، جا ئامۆژگاریتان چیە بۆ ئەوانە ؟!

---

[1] (فتاوى نور على الدرب ، الشريط : ٥٣٤) .

وەلاّم : ((الشيخ ناصرالدين الألباني من إخواننا المعروفين المحدثين من أهل السنة والجماعة نسأل اللّه لنا وله التوفيق والإعانة على كل خير ، والواجب على كل مسلم أن يتقي اللّه ويراقب اللّه في العلماء ، وألا يتكلم إلا عن بصيرة)) [١] ، واته : شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) لەبرا ناسراوە فەرموودە ناسەکانمانە لە ئەهلی سوننە و جەماعەت ـ بۆ ئێمە و ئەویش داوای تەوفیقی و یارمەتی لەسەر خێر لە خوای گەورە دەکەین ـ وە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك لە خوا بترسێت و هەست بەچاودێری خوا بکات دەربارەی زانایان ، وە قسەش نەکات بە بەرچاوڕوونی و عیلم نەبێت .

بۆیە ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات کە دەبێت هەڵوێستیان بەرامبەر بەم زانا و پێشەوایە ئەوە بێت کە ((لا يجوز سبُّه ، ولا ذمُّه ، ولا غيبته ، بل المشروع الدعاء له بالمزيد من التوفيق وصلاح النية والعمل)) [٢] ، واته : دروست نیە جنێوی پێبدرێت ، و زەمبکرێت ، و غەیبەت بکرێت ، بەڵکو شەرعیە دوعای زیاتری سەرکەوتن و چاکی نیەت و کردەوەی بۆ بکرێت .

کەواتە : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە دید و بۆچوونی پێشەوا (ابن باز) ـدا:

- ❑ موجەدید و نوێکەرەوەی ئاییە لە سەردەمی خۆیدا .
- ❑ وە پشتیوان ، و بانگەوازخواز ، و (حافظ) ، و تێکۆشەرە لە پێناوی سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ .
- ❑ وە یەکێکە لە برایانی تایبەتی ، و ناسراوە بە بەردەوامی لە سەر ڕێگای ڕاست و بیروباوەڕی دروست و سەرگوزەشتەی پاك .
- ❑ وە یەکێکە لە فەرموودەناسانی ئەهلی سوننە و جەماعە لەم سەردەمە .
- ❑ وە نابێت تانە و تەشەرەی لێ بدرێت ، و سەرزنشت و غەیبەت بکرێت ، بەڵکو دەبێت دوعای خێری بۆ بکرێت .

---

[١] (الشيخ عبدالعزيز بن عبداللّه بن باز ، منقول من شريط : تبرئة كبار العلماء للألباني من تهمة الإرجاء) .

[٢] (المصدر نفسه) .

پێشەوا وزانای ئوصولی (محمّد بن صالح العثيمين) ـ بەڕەحمەت بێت ـ :

هەروەك لەپێشدا ئاماژە بەوەدرا و ڕوونكرایەوە : كە یەكێك لەپەیڕەوەكانی ئەهلی سوننە و جەماعە ئەوەیە بۆ ناسین زانایان و دروستی و نادروستی بیروباوەڕیان پرسیار لەگەورە زانایان و پێشەوایانی سەردەمی خۆی بكرێت ، ئەوەتا وەك پیادەكردنێك بۆ ئەم بنەوایە فیرخوازانی زانستی شەرعی لەجەزائر پەیوەندیەكی تلیفۆنیان لەگەڵ پێشەوا (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەنجامدەدەن ، و تێیدا پرسیار سەبارەت بەوانە دەكەن كە پێشەوا ئەلبانی تۆمەتبار دەكەن بەوەی كە مورجیئەیە ؟! ئەمەش دەقی پرسیارەكەیانە : ((شيخنا عندنا هنا في الجزائر وردت رسالة لأحد المجهولين وهو أبو رحيّم اتهم فيها الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. بالإرجاء وكذا تلامذته كـ ... ، هل تعرفون هذا الشخص وماذا تعرفون عليه ؟)) ، واتە : شێخمان لای ئێمە لێرە لەجزائیر نوسراوێك لەكەسێكی نەناسراوە هاتووە كە ئەویش (أبو رُحَيِّم) ـە كە تیایدا شێخ ئەلبانی ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ !!! وە هەروەها قوتابیەكانیشی وەكو ... بەئێرجا تۆمەتباركردووە !!! ئایا ئەم كەسە دەناسن وچی لەسەر دەزانن ؟

ئەویش لە وەڵامیاندا فەرمووی : ((لا واللَّـه ما أعرفه ، ولكن مَن رَمى الشيخَ الألبانيَّ بالإرجاءِ : فَقد أخطأَ ، إما أنَّه لا يَعرِفُ الألبانيَّ ، وإما أنه لا يَعرِفُ الإرجاءَ [1] .

---

[1] (التعريف والتنبئة : ١٤٤ ، هامش : ٣) .

لەوانەشە بێژەری ئەم تۆمەتە : نەزان وجاهل بێت بەهەردووكیان !! كە لەڕاستیدا ئەمەیان حاڵ وڕاستی هەموو ئەوانەیە كە تانە و تەشەرە لەپێشەوا ئەلبانی دەدەن !!! تەنانەت جەهالەت و نەزانینی هەندێكیان گەشتووەتە ئەوەی بە مورجیئە !!! بڵێت : مەرجەئە !!!! جا ئەگەر ئەمە هەموو زانینێكی بێت بەناوەكەی ؟!! ئەی دەبێت چۆن لەناوەڕۆكەكەی تێگەیشتبێت !!!! ئەمە ڕاستی نەزان و نەزانكارانە !!! بەڵام زانایان : ((**ابن باز وابن عثيمين وغيرهما بلغهم كلام الألباني في هذه القضية ، وبرّؤوه من الإرجاء ، ما قالوا مرجيء** ، ...)) (كلمة في التوحيد ﴿ وكذلك جعلناكم أمة

الألبانيُّ رَجُلٌ مِن أهلِ السُّنةِ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، مُدافعٌ عنها ، إمامٌ في الحديثِ ، لا نَعلمُ أنَّ أحداً يُبارِيهِ في عصرنا ، لكنَّ بعضَ الناسِ ـ نسألُ اللَّه العافيةَ ـ يَكونُ في قَلبِهِ حِقدٌ ، إذا رأى قَبولَ الشَّخصِ ذَهَبَ يلمِزُهُ بشيءٍ ، كَفِعلِ المنافقينَ : ﴿ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ ﴾ (التوبة : ٧٩) ، يَلمِزونَ المُتصدِّق المُكثِرَ من الصَّدقَةِ ، والمُتصدِّق الفَقيرَ .

الرجلُ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ نَعرِفُهُ من كُتُبِهِ ، وأعرِفهُ بِمُجالَسَتِهِ ـ أحياناً ـ : سَلفيُّ العَقيدةِ ، سليمُ المنهجِ ، لكنَّ بعضَ النَّاس يُريدُ أن يُكفِّرَ عِبادَ اللَّه بما لم يكفِّرهُمُ اللَّه بِهِ ، ثُمَّ يَدَّعي أنَّ مَن خالفهُ في هذا التَّكفيرِ بأنَّه مُرجئٌ ـ كَذِباً وزوراً وبُهتاناً ـ لذلك لا تَسمَعوا لهذا القولِ مِن أيِّ إنسانٍ صَدَرَ)) [1] .

واتە : نەخێر سوێند بەخوا ناینناسم ، بەڵام هەر کەسێك شێخ ئەلبانی بەئیرجا تۆمەتبار بکات ئەوە هەڵەی کردووە یان ئەوەیە ئەلبانی ناناسێت یان ئەوەیە ئیرجا ناناسێت .

ئەلبانی پیاوێکە لەئەهلی سوننە ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ بەرگری لێدەکات ، پێشەوایە لە فەرموودەدا و وانازانین کەسێك هەبێت لەم سەردەمەدا پێی بگات ، بەڵام هەندێك لە خەڵکی ـ داوای سەلامەتی لە خوا دەکەین ـ ڕقی لە دڵدایە ، ئەگەر ببینێت کەسەکە لەناو خەڵك قبوڵە ئیتر ئەو تانە و تەشەرەی لێدەگرێت ، وەکو ئیشی دووڕووەکان : ﴿ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ ﴾ ، واتە : تانە و تەشەرە لەو کەسانە دەدەن کە زۆر صەدەقە دەکەن وە ئەوانەی کە هەژارن و صەدەقە دەکەن .

وسطاً ﴾ ، و تعليق عل بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص : ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع شيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في (٢١ / ١٢/ ١٤٢٥) .

سەرچاوە : (http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002) .

[1] (مجلة الأصالة : عدد ٢٣) ، و (التعريف والتنبئة : ١٤٤) .

ئەم پیاوە ـ واتە : پێشەوا ئەلبانی ـ لە کتێبەکانیەوە دەیناسین ، وە لە لەگەڵ دانیشتنەکانیەوە دەیناسم ـ کە هەندێك ڕوویداوە ـ لە بیروباوەڕدا سەلەفیە ، و مەنهەجی سەلامەتە ، بەڵام هەندێك لە خەڵکی دەیانەوێت بەندەکانی خوا بێباوەڕ بکەن بە شتێك کە خوای پێی کافر و بێباوەڕ نەکردوون ، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر کەسێك پێچەوەی بکات لەم تەکفیر کردنەوە مورجیئەیە ـ بەدرۆ و بوهتان ـ لەبەر ئەوە گوێ بۆ ئەم وتەیە مەگرن لە هەر کەسێکەوە دەردەچێت .

وە لە پرسیارێکی تردا و سەبارەت بە هاودەنگ بوون یان پێچەوانە بوونەوەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە گەڵ مورجیئەدا هاتووە : ((هل قَولهُ في مَسائِلِ الإيمانِ قولُ المرجئةِ ؟)) ، واتە : ئایا ووتەی ئەلبانی لە بابەت و پرسەکانی باوەڕدا ووتەی مورجیئەیە ؟

پێشەوا (ابن عثيمين) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە ڕاشکاوی فەرمووی :

((أقولُ كما قال الأوَّل :

أَقِلُّوا عَلَيْهِم لَا أَبَا لِأَبِيْكُمُ مِنَ اللَّومِ أَوْ سُدُّوا الْمَكَانَ الَّذِيْ سَدُّوا [1] .

الألبانيُّ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عالمٌ ، مُحدِّثٌ ، فَقيهٌ ، وإن كانَ مُحدِّثاً أقوى منهُ فَقيهاً ، ولا أعلَمُ لَهُ كَلاماً يدلُّ على الإرجاءِ أبداً ، لكنَّ الذين يُريدونَ أن يُكفِّروا الناسَ يَقولونَ عَنهُ ، وَعن أمثالِه : إنَّهم مُرجئةٌ ، فَهُوَ مِن بابِ التَّلقيبِ بألقابِ السُّوءِ .

وأنا أشهدُ للشيخِ الألبانيِّ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ بالاستقامَةِ ، وَسلامةِ المُعتقدِ ، وحُسنِ المقصدِ ، وَلكن مَعَ ذلكَ لا نَقولُ أنهُ لا يُخطئ ، لأنَّه لا أحدَ مَعصومٌ إلا الرسولُ ﷺ)) .

واتە : منیش ئەوە دەڵێم کە شاعیرێك ووتوویەتی :

أَقِلُّوا عَلَيْهِم لَا أَبَا لِأَبِيْكُمُ مِنَ اللَّوْمِ أَوْ سُدُّوا الْمَكَانَ الَّذِيْ سَدُّوا

ئەلبانی ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ زانایە ، فەرمودەناسە ، شەرعزانە و فەقیهە ، هەر چەندە لەفەرموودەناسیدا بەهێزترە لەوەی کە شەرعزان و فەقیهە بێت ، وە هەرگیز هیچ وتەیەکیم

---

[1] (البيت للحطيئة كما في : خزانة الأدب ولب لباب لسان العرب ، للبغدادي : ٤/ ٩٨) .

نەزانیوە کە ئاماژە بدات بەئیرجا ، بەڵام ئەوانەی کە دەیانەوێ خەڵکی کافربکەن دەربارەی ئەو و هاوشێوەکانی دەڵێن : ئەوانە مورجیئەن ، ئەوا لەبابەتی ناز ناولێنانە بەنازناوی خراپ .

وە من شایەتی دەدەم بۆ شێخ ئەلبانی بەدامەزراوی ، و سەلامەتی بیروباوەڕ و نیەت چاکی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نالێین هەڵە ناکات ، چونکە هیچ کەسێك مەعصوم و پارێزراو نیە لە تاوان جگە لە پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ .

وە لە ووتەیەکی تریدا سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی فەرموویەتی : ((حريص جداً ـ أي : الشيخ الألباني ـ على العمل بالسنة ، و محاربة البدعة ، سواء كانت في العقيدة أم في العمل)) [1] ، واتە : زۆر بەپەرۆش و سورە لەسەر ئیشکردن بەسوننەت و دژایەتیکردنی بیدعە جا چ لە بیروباوەڕدا بێت یان لە کردەوەدا .

خوێنەری یەکخواپەرست لەکۆی ئەم سێ ووتەیەی پێشەوا (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویانێتی ، بە ئاشکرا و بە ڕوونی ئەم خاڵانەی خوارەوەت بەرچاو دەکەوێت :

❑ پێشەوا (ابن عثيمين) ئەلبانی لەکتێب ، و لە لەگەڵ دانیشتنەکانیەوە دەناسێت بەوەی کە هەرگیز هیچ وتەیەکی نیە ئاماژە بەئیرجا بدات ، بۆیە شایەتی دامەزراوی ، و سەلامەتی بیروباوەڕ ، ونیەتچاکی بۆ دەدات ، و لەبیروباوەڕیشدا لەلای ئەو سەلەفیە ، و مەنهەجی سەلامەتە ، وپیاوێکە لەئەهلی سوننە و بەرگری لەسوننەت دەکات ، و زۆر بەپەرۆشە لەسەر ئیشکردن بەسوننەت ودژایەتیکردنی بیدعە جا چ لەبیروباوەڕدا بێت یان لەکردەوەدا .

❑ پێشەوا (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەو کەسانەی کە پێشەوا ئەلبانی بە ئیرجا تۆمەتبار دەکەن بە هەڵە دەزانێت .

❑ هۆکاری ئەم تۆمەتبارکردنە لە لای پێشەوا (ابن عثيمين) دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ :

یەکەم : ڕق لەدڵبوون بەرامبەر بەپێشەوا ئەلبانی ، بەتایبەت لەو کاتەی کە دەبینن کە ئەم پێشەوایە لەناو خەڵك قبوڵە بۆیە ئەو تانە و تەشەرەیەی لێدەگرن !!!

---

[1] (كتاب حياة الألباني ، للشيباني ، من رسالة ابن العثيمين إلى محمد الشيباني) .

دووەم : بۆچوونی تەکفیریانەی تۆمەتبارکاران ، ئەوەش بەوەی کە هەندێك لەخەڵك هەن دەیانەوێت بەندەکانی خوا تەکفیر بکەن بە شتێك کە خوای پەروەردگار پێی کافر و بێاوەڕی نەکردوون ، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکات ـ بەدرۆ و بوهتان ـ کە هەر کەسێك پێچەواەی ببێتەوە لەم تەکفیر کردنەدا مورجیئەیە !!!

جا نازانم بۆ ئێمەی موسڵمان وەکو پەڕی ـ بێ ویست ـ بکەوینە ڕووگەی بای ئەو جۆرەکەسانە و بەهەر کوێیەکدا بیانەوێت و بەویستی خۆیان بمانسوڕێننەوە ؟!!! هەرجارە و کەسێکی نەزان و کەودەنمان لـێ هەڵکەوێت ، و بەشێوە و شێوازێك تانە و تەشەرە ، توانج بدات لە پێشەوایانمان !!! و تۆمەتباریان بکات بەوەی کە :

جارێکیان : پێشەوایانمان غولاتی (مەرجەئەن !!!) !!!

نەخێر ئەمجارەیان دەیگۆڕن بەوەی کە : تەنها مورجیئەن !!! نەك غولاتەکانیان !!!

دواجاریش دێنەوە ودەڵێن : کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئیرجاوە !!! یان ئیرجایان تێدایە !!!

کە هەر هەمووشی لە ستەم و درۆ نەبێت هیچی تری تیابەسەر نیە !!!

هۆکاری سەرەکیشی نەگەڕانەوەیە بۆ پێشەوایان ، و گەورە زانایانی سەردەم ، و متمانە کردنە سەر ووتەکانیان ، و گوێنەدان بە ووتەی کەسانی کەودەن ، و سەرەنەزانەکانی سەردەم .

پێشەوا وموفتی پێشووتر ی وڵاتی سعودیە (محمد بن إبراهيم آل الشيخ) :

ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەسفی پێشەوا ئەلبانیدا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((هُوَ صَاحِبُ سُنَّةٍ ، وَنُصْرَةٍ لِلْحَقِّ ، وَمُصَادَمَةٍ لِأَهْلِ الْبَاطِلِ)) [1] .

واتە : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ زانایایەکی خاوەن سوننەتە ، پشتیوان و سەرخەری ڕاستی و ڕەواییە ، و بەرهەڵستکار و ڕووبەڕووکاری کەسانی ناڕەواییە .

---

[1] (مجموع فتاوى ورسائل الشيخ إبراهيم آل الشيخ : ٤ / ٩٢) .

موفتی ئێسنای ولاتی سعودیە (عبدالعزیز آل الشیخ) ـ خوا بیپارێزێت ـ :

پێشەوا ئەلبانی هاوچەرخی سێ لە موفتیانی ولاتی سعودیە بووە ، یەك لەدوای یەك پاکانە و وەسفی چاکیان کردووە و گەواهی دروستی پەیڕە و زانایەتیان بۆ داوە ، ئەوەتا موفتی ئێستای ولاتی سعودیە شێخ (عبدالعزیز آل الشیخ) ـ خوا بیپارێزێت ـ وەکو موفتیانی پێشووی خۆی دەڵێت : ((الشیخ ناصر الدین الألباني من خواص إخواننا الثقات المعروفین بالعلم ، و الفضل ، و العنایة بالحدیث الشریف : تصحیحا ، و تضعیفا)) [1] .

واتە : شێخ (ناصرالدین الألباني) لە برایانی تایبەتی متمانە پێکراوەکانمانە کە ناسراوە بە: زانست ، وفەزڵ ، وبایەخدان بە فەرموودەی پیرۆز لە ڕووی جیاکردنەوەی (صحیح) و (ضعیف) ـەکانیەوە .

وە لە ووتەیەکی تریدا ـ خوا بیپارێزێت ـ فەرموویەتی : ((رَجَلٌ صَاحِبُ سُنَّةٍ ، وَمُحِبٌّ لِلسُّنَّةِ ، وَمُدَافِعٌ عَنْهَا)) [2] ، واتە : پیاوێکە لەسەر سوننەتە و سوننەتی خۆشدەوێت و بەرگریشی لێدەکات .

---

[1] (مجلة الأصالة ، العدد ٢٣ ، ص ٦٥) .

[2] (المصدر نفسه) .

فەرموودەناس وموجاهدی ولاتی یەمەن شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) :

فەرموودەناس و موجاهدی ولاتی یەمەن ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ووتەیەکی بەنرخیدا هەڵویستی خۆی ئاشکرا دەکات سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، و ئەوانەش کە تانەو توانج دەدەن لەم پێشەوایە ، ئەوەش لەو ووتەیەی کە تێیدا فەرموویەتی :

((لا يقدح في الشيخ ناصرالدين وفي عِلمه إلا مبتدع من ذوي الأهواء ، فهم الذين يبغضون أهل السنة ويُنفرون عنهم .

إن الشيخ محمد ناصرالدين الألباني لا يوجد له نظير في علم الحديث ، و قد نفع اللَّه بعلمه و بكتبه أضعاف ما يقوم به أولئك المتحمسون للإسلام على جهل أصحاب الثورات و الانقلابات .

والذي أعتقده وأدين للَّه به أن الشيخ محمد ناصرالدين الألباني من المجددين الذين يصدق عليهم قول الرسول : « إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِئَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا أَمْرَ دِيْنَهَا » (رواه أبو داود وصححه العراقي وغيره))) [1] .

واتە : قسە بە شێخ (ناصرالدين) و بە زانستەکەی ناڵێت مەگەر کەسێکی بیدعەچی لەشوێنکەوتووانی هەوا وئارەزوو نەبێت ، ئا ئەوانەی ڕقیان لەئەهلی سوننەیە وخەڵکیان لێدەڕەوێننەوە . بەدڵنیاییەوە شێخ (ناصرالدين الألباني) هاوشێوەی نیە لەزانستی فەرموودەدا ، وە خوای گەورە بە زانست و کتێبەکانی سوودی بەخشیوە بەموسڵمانان چەند ئەوەندەی ئەوەی کە ئەو کەسە نەزانە بەجۆش وحەماسی وکودەتاکار و ئاشوبگێڕانە بۆ ئیسلامی دەیکەن .

وە پێم وایە شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) لەو نوێکەرەوانەی ئایینە کە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریان ﷺ بەسەردا جێبەجێ دەبێت : « إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِئَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا أَمْرَ دِيْنَهَا » (رواه أبو دادو وصححه العراقي وغيره) .

---

[1] (إقامة البرهان ، ص ٦ ـ ٧) .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەم زانا بەڕێزە هاودەنگە لە گەڵ پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە نوێکەروە و موجەدیدی ئایین دەژمێردرێت لە سەردەمی خۆی ، بە بەڵگەی هەمان فەرموودەی پێشوو ، وە لەوەشدا هاودەنگە لە گەڵیدا کە نابێت تانە و توانجی لێبدرێت ، بەڵکو زیاد لەسەر قەدەغەکردنی بۆ ئەوە ، ئەو کەسەش بە موبتەدیع و شوێنکەوتەی ئارەزووەکانی دەزانێت ، چونکە ئەو کەسانە بەرهەڵستکاری ئەهلی سوننە و جەماعەن .

شێخ وزاناکی پایەبەرز (الدکتور صالح الفوزان) ـ خوا بپارێزێت ـ :

پرسیارێك کرا لە شێخ و دکتۆری پایەبەرز (صالح الفوزان) سەبارەت بەوەی کە لەم دواییانەدا لەلایەن کەسانێکی نەزانکارەوە بلاودەکرێتەوە لە تانەدان لەگەورە زانایانی سەردەم وەکو پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، ڕای بەرێزیان چیە لەو بارەیەوە ، و ئەمەش دەقی پرسیارەکەیە : ((سماحة الوالد ، كثر في الآونة الأخيرة الطعن في الأئمة و كبار العلماء لاسيما في عقائدهم ، ومن ذلك العلامة الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. حيث ظهر من الجهلة الأغرار من يرمونه بالإرجاء !!! فما قولكم في هذه الفرية ، وما قولكم في سماحة الشيخ الألباني قطعا للخلاف الواقع بين طلبة العلم ، وكبتا للفتنة ، وجزاكم اللَّه خيرا ؟)) ، واتە : لەم دوایانەدا تانەدان لەپێشەوایان و گەورە زانایان زۆر بووە بەتایبەتیش لەبیروباوەڕیان ، لەو زانایانەش زۆر پێشەوا ئەلبانیە ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ کە هەندێك کەسی نەزانی فرێوخواردوو بە ئیرجا تۆمەتباری دەکەن قسەتان چیە سەبارەت بەم قسە هەڵبەستنە وە قسەتان چیە سەبارەت شێخ ئەلبانی بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازی و خیلافەی لە نێوان فێرخوازاندا هەیە وە بۆ سەرکوت کردنی فیتنە ـ خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە .

بەڕێزیشان بە ڕاشکاوی پاکانە و گەواهی ڕاستی و دروستی بیروباوەڕی پێشەوا ئەلبانی و هەوڵ و کۆششەکانی کرد و فەرمووی : ((رجعنا إلى الكلام الذي مر وهو تجريح العلماء ، والكلام في الناس وأن هذا من الجرح والتعديل ، هذا كلام لا يجوز في العوام فكيف بالعلماء ، والشيخ الألباني توفي إلى رحمة اللَّه و نرجوا له المغفرة والرحمة ، وله جهود ...

وله جهود جيدة ، وعقيدته سليمة ، وإن وقع في شيء من الخطأ فاللَّه يغفر له ، و لا يجوز أننا نبعث هذا الشيء وننشره بين الناس)) [1] ، واته : گەڕاینەوە سەرباسی ڕۆشتوو کە ئەویش بریتییە لە جەرحکردنی زانایان وە قسەکردن لەسەر خەڵکی وە ئەمەش لە (الجرح والتعديل) ـە ، ئەمە قسەیەکە سەبارەت بەخەڵکی عەوام دروست نیە چجای زانایان ، شێخ ئەلبانی وەفاتی کردووە بۆ ڕەحمەتی خوا وە ئومێدی لێخۆشبون و ڕەحمەتمان بۆی هەیە ، وە کۆششی زۆری چاکی هەیە ، وە بیروباوەڕی سەلامەتە ، ئەگەر کەوتبێتە هەڵەیەکیشەوە خوا لێی خۆش دەبێت ، وە دروست نیە ئێمە ئەم شتە بڵاوبکەینە وبیوروژێنین و لەناو خەڵکدا وبلاوی بکەینەوە .

زانای موجاهید و هەڵگری بەیداخی (الجرح والتعديل) لەم سەردەمە شێخی دکتۆر (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ :

پله و پایه و مەنزیلەتی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لای زانای موجاهید و هەڵگری بەیداخی (الجرح والتعديل) لەم سەردەمە شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ پله و پایه و مەنزیلەیەکی زۆر گەورە بووە ، بەوەی کە دەبینین بە سەروەر و پێشەوای ئەهلی حەدیسی دەزانێت لە سەردەمی خۆیدا ، ئەوەش لەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی کە تێیدا هاتووە : ((هل الشيخ الألباني هو رأس أهل الحديث في هذا العصر ؟)) ، واته : ئایا شێخ ئەلبانی بە سەروەر و پێشەوای ئەهلی حەدیس دادەنرێت لەم سەردەمەدا ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی : ((واللَّه هذا يُسلِّم به الشيخ (ابن باز) و (ابن عثيمين) و العلماء الذين عاشروه ، سألوهم بهذا أنه في الحديث لا يُلحق ، لا يلحق أبداً ، بل من قرون ما أحد وصل إلى ما وصل إليه الشيخ الألباني . بل أنا أرى في الإطِّلاع أنه ما لحقه لا (ابن

---

[1] (يوم الأربعاء : ١٦/ ربيع الأول / ١٤٢٨هـ ، الموافق : ٤/ ٤/ ٢٠٠٧م ، وذلك في : كلية الحديث بالجامعة الإسلامية بالمدينة النبوية) .

الرابط : (http://up.9q9q.net/up/index.php?f=Svq55zuWR) .

تيمية) و لا (ابن حجر) في الاطلاع على الكتب ، الحفظ يحفظون أكثر منه ، لكن الاطلاع و البحث و التشمير عن ساعد الجد في البحث لا نظير له هذا الرجل .

و قدَّم مكتبة للإسلام ، تعجز الدول و مؤسساتها عن تقديم هذا القدر ، و كل من يكتب في الحديث الآن عالة على هذا الرجل .

و ظلم هذا الرجل و ما عرف حقه العرب ، رجلٌ ينقله اللَّه من قلب أوروبا و يحطه في المكتبة الظاهرية ـ أحسن مكتبة في الشرق ـ و يعكف فيها ستين سنة ، ويقدِّم هذه الجهود العظيمة ، ماذا لقي منَّا ؟ مع الأسف لا يعرف الفضل لأهله إلا ذووه .

أما العلماء فعرفوا له بالفضل و اعترفوا له به (ابن باز) و (ابن عثيمين) وغيرهم من علماء الإسلام ، و علماء الهند و الباكستان و المغرب العربي و غيرها عرفوا منزلة هذا الرجل و ماذا قدَّم للأمة في العقيدة و المنهج و في خدمة سنة رسول اللَّه ـ عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ ـ ، فرحمه اللَّه وجزاه عن دين اللَّه وسنة نبيه ـ عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ ـ خير ما جاز العاملين و لمن خدموا سنة رسول اللَّه ودينه)) [1] .

---

[1] (مجلس يوم : ٢٦ / ٠١ / ١٤٢٦هـ) .

وقال الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : ((**فلو سئل الإمام أحمد الآن عن عبارة الألباني ؟ لقال : ليس مرجئا . كيف إنسان يحارب الإرجاء طول حياته في عدد من كتبه وفي أشرطته وفي حياته كلها ؟! ثم بدرت منه عبارة !! يقال فيه : إنه مرجيء ؟!!** وأنا واللَّه ـ استنكرت هذه العبارة ـ من غيره ـ قبل أن يقولها الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ هذه العبارة ـ العمل شرط كمال في الايمان ـ وابن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ يشاركه شيئا ما ، سألوه عن العمل ، هل هو شرط كمال أو شرط صحة ؟ قال : منه ما هو شرط صحة كالصلاة ـ و عندي قال : وأعمال القلوب ، وعند غيري قال : الصلاة ـ ، من الأعمال ما هو شرط صحة ، مثل الصلاة و ما عداها كلها شرط كمال . فقد شارك الألباني في جانب كبير ـ في كل الإسلام إلا الصلاة ـ في كل أعمال الإيمان إلا الصلاة)) (كلمة في التوحيد ﴿ وكذلك جعلناكم أمة وسطاً ﴾ ، و تعليق

واتە : وەڵاهی ئەمە ـ سەروەری و پێشەوایەتی ئەلبانی بۆ ئەهلی حەدیس لەم سەردەمەدا ـ شێخ (ابن باز) و (ابن عثیمین) و ئەو زانایانەی کە لەگەڵی ژیاون دانیان پێداناوە ، پرسیاریان لێکراوە دەربارەی ئەم بابەتە ئەوانیش فەرموویانە لە فەرموودەدا کەس پێی ناگات هەرگیز پێی ناگات ، بەڵکو چەندە سەدەیە هیچ کەسێك نەگەیشتووە بەوەی کە شێخ ئەلبانی پێی گەیشتووە ، بەڵکو من وادەبینم لە موتالاکردندا نە (ابن تیمیة) و نە (ابن حجر) یش پێی نەگەیشتوون لە موتالاکردنی کتێبدا ، ئەوان لە ئەلبانی زیاتر شتیان لەبەر بووە ، بەڵکو لە موتالاکردن و توێژینەوە و کۆشش کردنی زۆر لە توێژینەوەدا ئەم پیاوە ـ ئەلبانی ـ هاوشێوەی نیە .

کتێبخانەیەکی پێشکەش بەئیسلام کردووە ، دەوڵەت و دامەزراوەنیان ناتوانن ئەم ڕێژەیە پێشکەش بکەن ، ئێستا هەر کەسێك لە فەرموودەدا دەنووسێت سوود لە نوسینەکانی ئەو وەردەگرێت .

وە ئەم پیاوە ستەمی لێکراوە و عەرەبیش هەقیان نەزانی ، پیاوێك خوای گەورە گواستیەوە لە ناوجەرگەی ئەوروپاوە بۆ کتێبخانەی (ظاهریة) کە چاکترین کتێبخانەیە لەڕووژهەلاتدا شەست ساڵ تێیدا مایەوە و ئەم کۆشش و کارە زۆرەی پێشکەش کرد ، چی لە ئێمەوە پێگەیشت ؟ بەداخەوە قەدری خاوەن فەزڵەکان نازانرێت تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە نەبێت کە هاوشێوەی ئەوانن .

بەڵام زانایان فەزڵیان زانیوە ودانیان پێداناوە بۆی ، (ابن باز) و (ابن عثیمین) جگە لەوانیش لەزانایانی ئیسلام وزانایانی هیند وپاکستان ومەغریبی عەرەبی وجگە لەوانیش پلەوپایەی ئەم پیاوەیان زانیوە لەگەڵ ئەوەی کە پێشکەشی کردووە لە بواری بیروباوەڕ و مەنهەج وڕێباز و خزمەتکردنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ڕەحمەتی خوای لێبێت خوای گەورە سەبارەت بەخزمەتەی کە پێشکەش بە ئایین و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوویەتی پاداشتی بداتەوە بەباشترین پاداشت کە پاداشتی ئیشکەران و خزمەتکارانی سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایینەکەی دابێتەوە .

على بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص : ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع شيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في (٢١ / ١٢ / ١٤٢٥) .

الرابط : (http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002) .

کەواتە شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ هاودەنگە لەگەڵ زانا و پێشەوایان (ابن باز) و (ابن عثيمين) و زانایانی تری هیندستان ، پاکستان وڵاتانی تری ئیسلامیدا لە سەر ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەروەر و پێشەوای ئەهلی حەدیسە لە سەردەمی خۆیدا .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاشکاوی و ئاشکرا تر گەواهی لەسەر دروستی بیروباوەڕی ئەم پێشەوا دەدات ، لەخزمەت کردنی بۆ پەیڕەو وبیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعە ، بەرپەرچ دانەوەی بۆ بیدعەکاران ، بەتایبەت مورجیئە گومڕاکان ، لەم بارەیەوە پرسیارێکی ئاراستە دەکرێت کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((السائل : وردت رسالة لأبي رحيم هذا وكثير من الشباب تأثّروا بهذه الرسالة و أصبحوا يطعنون في الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. ... ، فنرجوا منكم كلمة حول الشيخ الألباني .جَزَاكُمُ اللَّهُ خَيْراً.)) ، واتە : نامێلکەیەکی (أبو رحيم) هەیە زۆرێك لەگەنجان پێی کاریگەربوونە و تانە لەشێخ ئەلبانی ... دەدەن ، بۆیە داواکارین لێتان وتەیەك بڵێن سەبارەت سەبارەت بە شێخ ئەلبانی ... خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە .

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا دەفەرموویت : ((الألباني من أئمّة السنّة ، و لا يجوز لكم الطعن فيه ، و إذا أخطأ فهو خطأ اجتهادي .إِنْ شَاءَ اللَّهُ. يغفر له فيه ، نحن لا نقول أنّه معصوم ، لكن نقول : إنّ هذا الرجل جنّد نفسه ستّين عاما أو أكثر في خدمة المنهج ، خدمة العقيدة ، و محاربة البدع و أهلها ، و حُورِبَ من كلّ مكان لأجل هذا الحقّ فلا يكافَأ منّا بهذا العقوق و هذه المواقف الرّديئة .

استفيدوا من علم الرجل الذي قدّمه لكم ، استفيدوا من خدمته لسنّة رسول اللَّه ، خدمته للعقيدة ، محاربته للإرجاء ، هذا الذي تلصقونه به ، مات وهو يتبرّأ من الإرجاء و يبكي ممّن يرميه بالإرجاء .

فإذا كان يقول : الإيمان قول وعمل و اعتقاد و يزيد وينقص ، و المرجئة خالفوا كتاب اللَّه و سنّة رسول اللَّه ﷺ ، هذا ابن أبي العز يقول الخلاف بيننا و بين مرجئة

الفقهاء أبو حنيفة و جماعته خلاف لفظي ، قال الألباني : لا ليس بلفظي ، بل هو حقيقي و جوهري ـ راجعوا شرح الطحاوية له (الشرح الصغير) ـ و أكّد هذا مرّات و كرّات إلى أن مات ، فإذا صدرت منه كلمة في حال المناظرة لا نسقطه على طريقة أهل الأهواء .

و نحن لا نجامل أحدا ، نقول كلمة الحقّ .إِنْ شَاءَ اللَّهُ. و لو كان خصم الألباني يهوديّ أو مبتدع و الحقّ معه نقول الحقّ ـ فضلا عن أن يكون واحد سلفيّ ـ و إذا كان الحقّ له ننصره و نذّب عنه .إِنْ شَاءَ اللَّهُ.)) [1] .

واتە : ئەلبانی لە پێشەوایانی سوننەیە و دروست نیە بۆتان تانەی لێبدەن ، ئەگەر هەڵەی کرد هەڵەیەکی (اجتهادي) ــە .إِنْ شَاءَ اللَّهُ. ، ولێخۆش بوون هەیە بۆی ، ئێمە نالێین پارێزراوە لەتاوان ، بەڵام دەڵێین ئەم پیاوە شەست ساڵ یان زیاتر لەخزمەتی مەنهەج و خزمەتی بیروباوەڕ و بەرنگاربوونەوەی بیدعە وئەهلی بیدەع کاریکردووە لەهەموو شوێنێك لەبەر ئەم هەقە دژایەتی کراوە بۆیە بەم ئازاردان و هەڵوێستە خراپانە لەلایەنمانەوە پاداشت نادرێتەوە .

سوود لە زانستی ئەو پیاوە وەربگرن کە پێشکەشتانی کردووە ، سوود لە خزمەتکردنی وەربگرن بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وە خزمەتکردنی بیروباوەڕ و دژایەتیکردنی (إرجاء) ، ئەوەی کە دەیدەنە پاڵی مرد و خۆی بەری دەکرد لە (إرجاء) و دەگریا سەبارەت بەو کەسانەی تۆمەتباری دەکەن بە (إرجاء) .

دەیوت : باوەڕ وتە وکردەوە وبیروباوەڕە و زیاد و کەم دەکات ، وە مورجیئە سەرپێچی کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ یان کردووە (ابن أبي العز) دەفەرموێت : جیاوازی و خیلاف لە نێوان ئێمە و مورجیئە فوقەها جیاوازی و خیلافی زارەکیە (لفظي) !!! ئەلبانیش فەرموویەتی : نەخێر زارەکی نیە ، بەڵکو جیاوازییەکی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکیە ـ بگەڕێنەوە بۆ شەرحی ئەلبانی بۆ (الطحاوية) وە ئەمەی چەندین جار دووپات کردووەتەوە تا مردنی ، بەڵام

---

[1] (نصّ مكالمة طلبة العلم من الجزائر مع العلاّمة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللَّهُ .) .

ئەگەر لە کاتی (مناظرة) دا ڕستەیەکی لێوە دەرچووبێت بە هۆی ئەوەوە (إسقاط) ـی ناکەین وەکو ڕێبازی شوێنکەوتوانی هەوا و ئارەزوو .

ئێمە موجامەلەی کەس ناکەین ، وتەی هەق دەڵێین ـ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ـ ئەگەر ئەو کەسە دژی ئەلبانیە جولەکە یان بیدعەچی بێت و هەق لەگەڵ ئەودا بێت هەق دەڵێین ـ چ جای ئەو کەسە سەلەفی بێت ـ ئەگەر هەق لەگەڵدا بێت سەری دەخەین و بەرگری لێدەکەین ـ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ـ .

شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ لەوەڵامی پرسیارێك کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((هناك من يرمي محدث العصر الإمام الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. بالإرجاء !! نرجو التعليق)) ، واتە : هەندێك کەس فەرموودەناسی سەردەم پێشەوا ئەلبانی ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ بە (إرجاء) تۆمەتبار دەکەن ، داوا دەکەین (تعليق) لەسەر ئەوە بدەی .

ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو تۆمەتبارکردنە بە ئیرجا بۆ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دژایەتی کردنی ئەولیایاکانی خوای پەروەردگارە هەروەکو لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە ، سەرچاوەی هەڵەکانیشیان لە تۆمەتبارکردنەکانیاندا دەگێڕێتەوە بۆ :

ئەوەی کە چەند ووتەیەکی گشتین و ئەوەیان لـێ دەخوێنرێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێشینی لەو ووتانەدا هەیە ، بەواتایەکی تر هەڵەکان گۆیین (لفظي) ن و پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ووتەکانیدا پێچەوانەی ئەوەی سەلماندووە .

یان بۆ ئەوەی کە : نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، کە ئەمەشیان وەکو خاڵی پێشوو پێشین پێشەوایانی ئیسلام پێشی کەوتوون ، وەکو پێشەوا مالك ، وشافعی ، و أبو حەنیفە ، وپێشەوا ئەحمەدیش ـ بە ڕەحمەت بن ـ لە بۆچوونیکیدا ، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات لە سەر ئەوانەی کە پێشەوا ئەلبانی بەوە تۆمەتبار دەکەن ، ئەوا دەبێت ئەو پێشەوایانەش بەهەمان تۆمەت تۆمەتبار بکات !!!

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی شێخە بۆ پرسیارەکەی سەرەوە :

((يقول النبي ﷺ فيما يرويه عن اللَّه .جَلَّ وَعَلا. من حديث أبي هريرة رضي الله عنه الذي رواه الإمام البخاري في صحيحه : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » ، ومعاداة أهل

العلم ورميهم بما ليس فيهم و اتهامهم بما هم منه برآء من عادات المنافقين ، ... و تهمة شيخنا الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. بالإرجاء جريمة كبرى ، و خطأ فادح ، و زلل فاضح ، بل هو ممن يرد على الإرجاء .

و هذا الخلل دخل على أولئك من وجهين :

الوجه الأول : هناك إطلاق عند شيخنا الشيخ ناصر و هو مسبوق إليه ، لكن نرى أنه خطأ ، و هو إطلاقه بـ (أن الكفر العملي لا يخرج من الدين) ، و هذا خطأ من الشيخ يخالف منهجه هو نفسه عند التطبيق ؛ خطأ لفظي .

وأيضا قوله (إن الأعمال شرط كمال في الإيمان) ، بينما نراه في تعليقه على الطحاوية وغيرها يقرر أن العمل من الإيمان و هذا ضد مذهب المرجئة ، حتى مرجئة الفقهاء .

ونحن وإن كنا لا نوافقه .رَحِمَهُ اللَّهُ. على مثل هذه العبارة : (أن العمل شرط كمال) ؛ لأن من ترك العمل بالكلية و لم يعمل عملا مطلقا ، فلا شك في كفره إجماعا [1] .

---

[1] لەوانەیە ئەم ووتەیەی شێخ ڕەبیع ـ خوا بیپارێزێت ـ ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە لێکدەدانەوەی شێخ بۆ ئەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی کە فەرموویەتی : ((أن العمل شرط كمال)) وابێت کە گوایا : پێشەوا ئەلبانی وازهێنانی گشتی لەکردەوە بەکوفر نەزانێت !! ئەم لێتێگەشتنەش لەووتەکەی شێخ ڕەبیع لەبەر ئەوەیە چونکە شێخ ـ خوا بیپارێزێت ـ هۆکار وسەبەبی هاودەنگ نەبوونی لەگەڵ پێشەوا ئەلبانی لەم بڕگەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە دەفەرموێت : ((**ونحن وإن كنا لا نوافقه** .رَحِمَهُ اللَّهُ. على **مثل هذه العبارة** : (أن العمل شرط كمال) ؛ **لأن من ترك العمل بالكلية و لم يعمل عملا مطلقا** ، **فلا شك في كفره إجماعا**)) !!! بەڵام ڕوونکردنەوەی مەبەست لەم بڕگەیەی پێشەوا ئەلبانی لە (**گومان وشوبهەی دووەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی بەوەی کە** (ترك جنس عمل) **بە کوفر دانانێت !!!**) ڕوونکراوەتەوە لەم نووسینەدا ئەوەش لە ڕوونکردنەوە و بەرپرچدانەوەی ووتەی شێخ (عبدالعزيز الريس) لە پەڕەی (٤١٠ ـ ٤١٥) ـ خوای پەروەردگاریش زاناترە ـ .

و إن أدق عبارة ينبغي أن تقال هي عبارات السلف ؛ كما قال الإمام البخاري أدركت ألفا من العلماء يقولون : (الإيمان قول وعمل) هذه أدق عبارة . . . .

لكن أقول : إن المتتبع لمعتقد الشيخ ناصر ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ وإن كان أطلق هذه الكلمة ، فإنه عند التطبيق لا يريد مدلولها الذي قد يتبادر إلى الذهن ، ولذلك يجب التورع عن رميه بالإرجاء ، بل إنه قد ظهرت زمرة الآن و فئة ممن يفتون بغير علم ؛ إذا لم تقل إن العمل شرط صحة ربما كفروك أو وصفوك بالإرجاء ، و نحن نقول إن أدق العبارات هي عبارات السلف : (العمل من الإيمان) أو (الإيمان قول وعمل) بدلا من أن نمتحن الناس بألفاظ قد ترد عليها إلزامات ؛ إما أن ترد عليها من قِبَلِ الخوارج وإما أن ترد عليها من قِبَلِ المرجئة . فالتقيد بألفاظ السلف فيه خير كبير .

المسألة الثانية : التي ربما البعض يأخذها على الشيخ : (عدم تكفيره لتارك الصلاة) و هذه المسألة هو مسبوق إليها ، فمن ترك الصلاة تهاونا ـ في الحقيقة أنا أعتقد أن النصوص الشرعية واضحة في كفر تارك الصلاة و لو تهاونا . ومع هذا كله فقد قال بعض الأئمة الجهابذة مثل مالك والشافعي وأبي حنيفة ورواية عند أحمد أن تارك الصلاة تهاونا لا يكفر ، بل هو عاص من العصاة ، والشيخ وافقهم في هذا ، فإذا قلنا إنه مرجيء ؟!

بناء على هذه المسألة فيلزمنا القول بأن مالكا والشافعي وأبا حنيفة وأحمد في إحدى روايتيه كلهم يعتبرون مرجئة !!! وهذا لم يقل به أحد من أهل العلم ، و إن كنا نرجح خلاف هذا الأمر المنسوبة إلى الجمهور ، والذي يبدو أن تارك الصلاة يكفر مطلقا ، و النصوص في هذا واضحة ، فإذن نقول لهولاء : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » . ونقول لهم ما قاله ابن عساكر : ((لُحُومُ الْعُلَمَاءِ مَسْمُومَةٌ وَسُنَّةُ اللَّهِ فِي مُنْتَقِصِيهِمْ مَعْلُومَةٌ)) .

لا شك أن الشيخ الألباني وغيره عنده بعض الزلات و بعض الهفوات ، لكن فرقٌ بين أن يكون الشخص مرتكسا بالبدع يؤصل لها و يقيم دينه عليها و بين من تَصدُر منه زلة أو هفوة

لعل اللّـه أن يغمرها في خِضَمٍّ ما قدم من خدمة للسنة ، و كل يؤخذ من قوله ويرد إلا رسول اللّـه ﷺ ، انتبهوا لـخطورة هذا الأمر و لا تفتتنوا بزبالات الإنتـرنت ، فلان مرجيء ، فلان كذا ، فلان كذا ... الـهذيان الذي يردد خصوصا عبـر موقع يسمى (الـموقع الأثري) و هو الـموقع الذي هو ضد الأثر و ضد أهل الأثر ؛ يعني و العياذ باللّـه يتكلمون بأسمـاء مستعارة في ذم أهل العلم و ذم طلبة العلم و القائم عليها أحد الأطفال الصغار في بعض البلاد ، فاحذروا من هذه الـمواقع فإنـها جد خطيـرة)) [١] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەرموودەی (أبو هريرة) ـدا ـ کە بوخاری لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە ـ لەخوای گەورەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » ، دژایەتیکردنی ئەهلی عیلم وتۆمەتبارکردنیان بەوەی کە تیایاندا نیە ولێیبەرین لەعادەت وسیفەتی دووڕووانە ... وە تۆمەتبارکردنی شێخ ئەلبانی بە (إرجاء) تاوانێکی گەورەیە وهەڵەیەکی ئابڕووبەرە ، بەڵکو شێخ لەو کەسانەیە کە ڕەدیان هەیە لەسەر ئێرجا .

ئەوەی وای لەو کەسانە کردووە ڕەخنە لە شێخ بگرن دوو شتە :

ڕووی یەکەم ـ ئەو ووتە ڕەهایەی کە شێخ وتوویەتی و ئێمە پێمان وایە هەڵەیە کە بریتییە لەوەی (کوفری کرداری موسوڵمان لەئایین دەرناکات) ، ئەمەش هەڵەیە پێچەوانەی شێخ خۆیەتی لەکاتی جێبەجێکردن و کرداریدا ، هەڵەیەکی زارەکی (لفظي) یە [٢] .

وە هەروەها ئەو وتەیەی کە دەڵێت : (إن الأعمـال شـرط كمـال في الإيمـان) ، لەکاتێکدا دەبینین لەسەرنووسینی بۆ ـ الطحاوية ـ و جگە لەویش ئەوەی چەسپاندووە کە کردەوە لەباوەڕە و ئەمەش دژی مورجیئەیە هەتا دژی مورجیئەی فوقەهائیشە .

---

[١] (من شـرح نواقض الإسلام الشريط : ١ : الساعة ١ : الدقيقة ٩ : الثانية ٣٠) .

[٢] نەك وەك ئەوەی کە هەندێك کەس لە ووتەکانی شێخ واتێگەیشتوون کە دەڵێت : ((پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ووتەی مورجیئەکان دەڵێت)) !!!

وە ئێمە ئەگەرچی هاوڕانین لەگەڵیدا ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ لەسەر ئەم دەستەواژەیە (کردەوە مەرجی کەمالە) ، چونکە هەر کەسێك بەڕەهایی هیچ کردەوەیەك نەکات ئەوا گومان لە بێباوەڕبونیدا نیە بە کۆڕای زانایان [1] .

وە وردترین و دروسترین دەستەواژەیەك کە بوترێت دەستەواژەکانی پێشینە ، وەکو پێشەوا بوخاری کە دەفەرموێت گەشتم بەهەزاران کەس لە زانایان دەیانفەرموو : (باوەڕ : ووتە و کردەوەیە) ، ئەمە ووردترین دەستەواژەیە .

بەڵام دەڵێم : ئەوەی بەدوای بیروباوەڕی شێخ ناصردا بگەڕێت ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ ئەگەرچی ئەم ووتەیەشی وتبێت ، ئەوا دەبینین شێخ لەلایەنی جێجێکردن و عەمەلیدا ئەو واتا و مەبەستەی ناوێت کە بەر زەینی دەکەوێت لەسەرتادا ، بۆیە پێویستە خۆبگریتەوە لە تۆمەتبارکردنی بە ئیرجا ، بەڵام ئێستا کۆمەڵێك دەرکەتوون ، کە بەبێ عیلم فەتوا دەدەن ، ئەگەر نەڵێیت کردەوە مەرجی دروستێتیە (شرط الصحة) لەوانەیە بێباوەرت بکەن یان وەسفت بکەن بە ئیرجا !!! ئێمە دەڵێین : وردترین دەستەواژە ئەو دەستەواژانەیە کە پێشین بەکاریان هێناوە : (کردەوە لە باوەڕە) یان (باوەڕ : ووتە و کردەوەیە) ، لە جیاتی ئەوەی خەڵکی تاقی بکەینەوە بەچ لەفزێك کە لەوانەیە چەند خوازراوێکی لەسەر دروست بێت ، لەلایەن خەواریجەوە بێت یان لەلایەن مورجیئەوە ، بۆیە پەیوەست بوون بەو لەفزانەی سەلەفەوە چاکەی گەورەی تێدایە .

پرس و باسی دووەم : کەلەوانەیە خەڵك بەهۆیەوە ڕەخنە لە شێخ بگرێت (کافر نەکردنی نوێژنەکەرە) ـ ئەو کەسەی بەتەمەڵی نوێژ نەکات ـ لەڕاستیدا من پێم وایە دەقە شەرعیەکان ڕوونن لە بێباوەڕکردنی نوێژنەکەردا ئەگەر بەتەمەڵیش بێت . لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هەندێك لە پێشەوا بلیمەتەکان وەکو مالیك وشافیعی وأبو حنیفە وڕیوایەتێك لەئەحمەدەوە پێیان وایە نوێژنەکەر بێباوەڕ ناکرێت ئەگەر بەتەمەڵیش بێت بەڵکو یەکێکە لەسەرپیچیکاران ، شێخ ئەلبانیش لەمەدا هاوڕا بووە لەگەڵ ئەو زانایانەدا ، ئەگەر بڵێین شێخ ئەلبانی مورجیئەیە دەبێ

---

[1] بۆ زیاتر ئاشکرابوونی ئەم ڕاستیە بڕوانە بابەتی :((ئایا حوکمی (ترك جنس العمل) لەلای زانایان بەگشتی وپێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەتایبەت چیە ؟)) .

بڵێین کە مالیك وشافیعی أبو حنیفە وأحمد لەڕیوایەتێك هەموو بەمورجیئە دادەنرێن !!! ئەمەش یەکێك لەزانایان نەی وتووە ، ئەگەر چی ئێمە ڕای پێچەوانەی ئەوەمان هەیە کە دەدرێتە پاڵ جمهوری ، ئەوەی دەردەکەوێت و دیارە نوێژنەکەر بەڕەهایی بێباوەڕ دەکرێت ، دەقەکانیش لەم بارەوە ڕوونە ، بۆیە بەو کەسانە دەڵێین : ((مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ)) ، وە ئەوەیان پێدەڵێین کە (ابن عساکر) فەرموویەتی : ((گۆشتی زانایان ژەهراویە و سوننەتی خواش لە تۆڵەکردنەوە لەوانەی کە کەم وکۆڕیان دەدەنەپاڵ زانراو وئاشکرایە)) .

گومانی تێدا نیە کە شێخ ئەلبانی و جگە لەویش چەندین هەڵەیان هەیە ، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە بیدعە دەکات و بنچینەی بۆ دادەنێن و دینەکەی لەسەر بونیات دەنێت وە ئەوەی کە هەڵەیەکی لێوە دەردەچێت کە لەوانەیە خوای گەورە لەو خزمەتە زۆرەی کە بە سوننەتی کردووە داپپۆشێت ، هەموو کەسێکیش لە وتەی وەردەگیرێت و ڕەد دەکرێتەوە تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ وریای ئەم کارە بن و توشی فیتنە مەبن بەو پۆخڵەواتانەی کە لە ئەنتەرنێت دا هەیە فلان مورجیئەیە ، فلان وایە ، فلان وایە ... .

ئەو وڕێنە و قسە بێ بنەمایانەی کە بەتایبەی لەسایتێکی بەناو (سایتی ئەسەرەوە) دووبارە دەکرێتەوە و ئەو سایتە دژی ئەسەر وئەهلی ئەسەرە پەنا بەخوا بەچەندین ناوی خوازراوەوە زەمی ئەهلی عیلم و فێرخوازان دەکەن ئەوەشی کە ئەو سایتە بەڕێوە دەبات یەکێکە لەو منداڵە بچووکانەی ئەو وڵاتانە ، بۆیە وریای ئەم سایتە بن چونکە زۆر مەترسیدارە .

لەکۆتایی ووتەکانیشیدا ئەبێت ئەوە بزانین ، کە شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ ئەو کەسانەی کە تانە وتوانج لەپێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەدەن شوێنکەوتوانی ئارەزووەکان دەزانێت هەروەکو فەرموویەتی : ((لَا يَتَكَلَّمُ فِيْهِ إِلَّا أَهْلُ الْأَهْوَاءِ)) ، واتە : جگە لە شوێنکەوتوانی ئارەزوو نەبێت کەسی تر ووتەی پێ ناڵێت .

زانا وفەرموودەناس شێخ (عبدالمحسن العباد البدر) ـ خوا بپارێزێت ـ :

زانا وفەرموودەناس شێخ (عبدالمحسن العباد) ـ خوا بپارێزێت ـ لە ووتارێکیدا پاش قسەکردنی لەسەر دەقەکانی موژدە بەچاکەکاران و پەیمانی سزادانی تاوانباران و هەڵوێستی دروست لێیان فەرموویەتی : ((وإن مما يؤسف له أن يُبتلى عدد قليل من طلبة العلم بالنيل من الشيخ العلامة المحدث الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ووصفه بالإرجاء ، في الوقت الذي سلم منهم دعاة التغريب قتلة الأخلاق الذين يسعون جاهدين للإفساد في بلاد الحرمين بعد إصلاحها ، وسلم منهم أهل الزندقة وأهل الزيغ والضلال ، وكأنه ليس أمامهم في الميدان إلا هذا الرجل ذو الجهود العظيمة في خدمة سنة الرسول ﷺ وبيان عقيدة السلف ، وما أحسن الأثر الذي نقله ابن كثير في (البداية والنهاية : ١٣/ ١٢١) عن سفيان بن حسين قال : (ذكرتُ رجلا بسوء عند إياس بن معاوية فنظر في وجهي ، وقال : أغزوت الروم ؟! قلت : لا ، قال : فالسند والهند والترك ؟! قلت : لا ، قال : أفتَسْلم منك الروم والسند والهند والترك ولم يسلم منك أخوك المسلم ؟ قال : فلم أعد بعدها)) ، وهم بنيلهم من الشيخ الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ يُهدون له بعض حسناتهم ، ومن الخير لهم أن يُبقوا على تلك الحسنات وأن يستفيدوا من علمه ويوجِّهوا سهامهم إلى غيره ممن يستحق أن توجه إليه ، وقد وقفت في كلامه على ما يوضح سلامته من الإرجاء ؛ وذلك في مقدمة تحقيقه لكتاب (رياض الصالحين ، للنووي : ص ١٤ ـ ١٦) وفي شرحه وتعليقه على (العقيدة الطحاوية : ص ٤٢) ، وجاء في شرحه المسجل للأدب المفرد في الشريط السادس قوله : (وهذا ليدل على أن الإيمان بدون عمل لا يفيد ، وأن العمل الصالح هو من الإيمان ، كما نحن في صدد الحديث الآن ، لذلك يعني فائدة السنة هو تقويم المفاهيم المعوجة ، فاللَّه حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نستطيع أن نتصور إيماناً بدون عمل صالح إلا لإنسان نتخيله تخيلاً : آمن من هنا قال : أشهد أن لا إله إلا اللَّه وأن محمداً رسول اللَّه ومات من هنا ، هذا نستطيع أن نتصوره ،

لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه محمد رسول اللَّه ، وهو يعيش دهراً ما شاء اللَّه ولا يعمل صالحاً فعدم عمله الصالح هو كدليل أنه يقولها بلسانه ولما يدخل الإيمان إلى قلبه ، فذِكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان هو ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح) .

وما جاء عنه في الموضوع من كلام فيه إجمال واحتمال ينبغي أن يحمل على أحسن المحامل فيحمل على كلامه المفسَّر ، وقد قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (الرد على البكري : ص ٣٢٤) : ((وَمَعْلُومٌ أَنَّ مُفَسَّرَ كَلَامِ الْمُتَكَلِّمِ يَقْضِي عَلَى مُجْمَلِهِ ، وَصَرِيحُهُ يُقَدَّمُ عَلَى كِنَايَتِهِ)))) [1] .

واتە : وە یەکێك لەوانەی کە جێگەی ئەفسوز ونیگەرانیە کە هەندێکی کەم لەفێرخوازانی زانستی شەرعی گیرۆدەی تانە وتوانجدان لەفەرموودەناس وشێخی پایەبەرز ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و وەسفکردنی بوون بەئێرجا !!! لەکاتێکدا کە بانگخوازان بۆ کەلتووری ڕۆژئاوا ، و بکوژی ڕەوشتیان لێ پارێزراو بووە !!! ئەوانەی کە هەموو هەوڵێکیان بۆ تێکدانی وڵاتی سعودیەیە دوای چاککردنی ، کەسانی بێباوەڕ وزندیق ولاڕێبووان وگومڕایانیان لێ پارێزراوبووە !!! وەك بڵێیت کە لەپێشیاندا نیە لەگۆڕەپانەکەدا جگە لەم پیاوە خاوەن ئەو هەموو کۆششە نەبێت لەخزمەتکردنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئاشکراکردنی بیروباوەڕی سەلەفیەت نەبێت ، ئای چەند جوانە ئەو ئەسەرەی کە پێشەوا (ابن كثير) لە (البداية والنهاية : ١٣ : ١٢١) ـدا لە (سفيان) ـی کوڕی (حسين) ـەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (باسی پیاوێکم کرد بەخراپی لەلای (إياس) ـی کوڕی (معاوية) ، و ئەویش ڕوانیە نێوچاوانم و فەرمووی : ئایا تۆ غەزای ڕۆمت کردووە ؟! ووتم : نەخێر . فەرمووی : ئەی غەزای سیند و هیند و تورك ؟! ووتم : نەخێر . جا پێی فەرمووم : ئایا تۆ ڕۆم وسند وهیند وتورك لێت پارێزراو بوونە

---

[1] (مقال بعنوان : الحق في نصوص الوعد والوعيد وسط بين طرفي الإفراط والتفريط ، للمحدث الشيخ عبدالمحسن العباد البدر ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ ، ٥ / ٥ / ١٤٣١ هـ) .

، کەچی برای موسڵمانت لێت پارێزراو نەبووە ؟!! بۆیە جارێکی تر نەگەڕامەوە بۆ ئەو کارەم) .

بۆیە ئەوانە بە تانەو توانجیان لە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەندێك لە چاکەکانی خۆیان پێشکەش بە ئەو دەکەن ، کەچی ئەوەیان بۆ باشە کە ئەو چاکانەی خۆیان بهێڵنەوە و سود لە زانستەکەی وەرگرن ، و تیرەکانیان ڕووبکەن لە جگە لەو لەوانەی کە شایستەی ئەوەن کە ڕووی تێبکرێت ، من ووتەیم بەرچاو کەوتووە کە بەرییوونی لە ئیرجا دەردەخات ، ئەوەش لە پێشەکی تەحقیقکردنی بۆ ، (رياض الصالحين ، للنووي : ص ١٤ ـ ١٦) ، وە لە لەسەرنووسینی بۆ (العقيدة الطحاوية : ص ٤٢) ، وە لە لێکدانەوەی تۆمارکراوی بۆ (الأدب المفرد) و لەشریتی شەشەمدا ، ئەو ووتەیەی کە فەرموویەتی : (ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوەمان پێڕابگەیەنێت کە ئیمان بەبێ کردەوە سودی نیە ، وئەوەش کە کردەوە بەشێکە لەئیمان ، هەروەکو ئێمە لەباسی ئەوەداین ، واتە سودی سوننەت ئەوەیە کە بیرۆچکە لارەکان (خوارەکان) ڕاست بکاتەوە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانێکی بێ کردەوەی چاك هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللّه ومحمد رسول اللّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللّه ، محمد رسول اللّه) و پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێگومان نەبوونی کردەوەی چاکی وەکو بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بەزمانە ، وئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لەدوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت) .

بەڵام ئەوەی کە لێیوە هاتووە لەم باسەدا لە ووتەکانی و (إجمال) و ئەگەری تێدایە ، ئەوا پێویستە بەباشترین شێوە لێکبدرێتەوە ، و بە پێی ئەو ووتە ڕوون و لێکدراوانەی بێت ، ئەوەتا پێشەوا و شێخی ئیسلام (ابن تيمية) لە (الرد على البكري : ص ٣٢٤) ـدا فەرموویەتی :

(وە زانراوە کە ووتەی ڕوون و لێکدراوی بێژەرێك پێش دەخرێت لە ووتە موجمەلەکانی ، وە ڕاشکا و ئاشکراکانیشی پێش دەخرێت لەو ووتانەی کە درکە و کینایەی تێدایە) .

وە سەبارەت بە هەواڵی کۆچی پێشەوا ئەلبانی ، ودەست نیشانکردنی پلە و پایەی ئەم زانایایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەزانست وفەرموودە ناسیدا فەرموویەتی :

((وإن مما حصل في الأيام الماضية ، أنه قد توفي العالم الكبير ، والمحدث الشهير ، العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ وَغَفَرَلَهُ. .

وهو في الحقيقة عالم كبير ، و محدث مشهور ، و له عناية عظيمة في خدمة السنة ، وفي العناية بحديث رسول اللَّه ﷺ ، وبيان مصادر تلك الأحاديث ، والكتب التي ذكرتها ، وبيان درجاتها من الصحة ، والضعف)) [1] .

واتە : ئەوەی لەو چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویدا مردنی زانای گەورە و فەرمودەناسی بەناوبانگ زۆر زانا شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) بوو ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ و خوا لێی خۆش بێت .

لە ڕاستیدا زانایەکی گەورە وفەرموودەناسێکی بەناوبانگ بوو ، بایەخێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ خزمەتکردنی سوننەت ، وفەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕونکردنەوەی سەرچاوەی فەرموودەکان ، و ئەو کتێبانەی باسی کردوون ، لە گەڵ ڕوونکردنەوەی پلەی فەرموودەکان لە (صحيح) ـی و لاوازیەوە .

وە سەبارەت بە بانگەشەکردنی بۆ لای خوای پەروەردگار ، و پشتیوانی بۆ بیروباوەڕی سەلەفیەت ـ نەمورجیئە !! ـ ودژایەتیکردنی بۆ بیدعەکاران وئارەزووپەرستان ، وسەرخستنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لقد كان .رَحِمَهُ اللَّهُ. من العلماء الأفذاذ الذين أفنوا أعمارهم في خدمة السنة ، والتأليف فيها ، والدعوة إلى اللَّه .عَزَّوَجَلَّ. ، ونصرة العقيدة

---

[1] (مجلة الأصالة ، عدد ٢٣) .

السلفية ، ومحاربة البدعة ، والذب عن سنة الرسول ﷺ ، وهو من العلماء المتميزين ، وقد شهد تميزه الخاصة و العامة .

و لا شك أن فقد مثل هذا العالم من المصائب الكبار التي تحل بالمسلمين . فجزاه اللّه خيراً على ما قدم من جهود عظيمة خير الجزاء ، و أسكنه فسيح جناته)) [1] .

واتە : ڕەحمەتی خوای لێبێت لەو زانا گەورانە بوو کە تەمەنی خۆیان بەسەر برد لە خزمەتکردنی سوننەت و نووسین لەو بوارەدا و بانگەوازکردن بۆ ئاینی خوا ، و سەرخستنی بیروباوەڕی سەلەفیەت ، و دژایەتیکردنی بیدعە و بەرگری لە سوننەت پێغەمبەر ﷺ لە زانا تایبەتمەندەکان ، زانایان و خەڵکی عەوامیش شاهیدی ئەو تایبەتمەندیەی بۆ دەدەن .

وە گومانی تێدا نیە کە لەدەستدانی نموونەی ئەم زانایە لەو موسیبەتە گەورانەن کە تووشی موسوڵمان دەبن ، خوا پاداشتی خێری بداتەوە بەباشترین پاداشت لەبەر ئەو هەوڵ و کۆششە گەورانەی کە هەیبوو و بیخاتە بەهەیشتە فراوانەکەیەوە .

شێخ (محمد بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ :

هەر لەم پرس وباسەدا چەند پرسیار و ووتوێژێك ئاراستەی شێخ دەکرێت سەبارەت بە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە ئەمە دەقەکەیەتی : پرسیارکار : ((شيخ عندنا يعني بعض الناس عوام ، يقولون : أن الألباني قال بقول الإرجاء !! ونحن لا ننصح بالألباني !! صارت يعني شبهة كبيرة أن الطلبة يخافون من الاستماع إلى الألباني ؟)) ، واتە : لەلای ئێمە کەسانێکی عەوام هەن دەڵێن : ئەلبانی هەمان ووتەی مورجیئەکان دەڵێت !! بۆیە ئێمە ئامۆژگاری بەسود وەرگرتن لەئەلبانی ناکەین !! ئەمەش گومانێکی گەورەی لەلای فێرخوازانی زانستی شەرعی دروستکردووە بەشێوەیەك دەترسن لەگوێگرتن لەئەلبانی ؟!

بەڕێزیشیان ـ خوا بیپارێزێت ـ لە وەڵامدا دەڵێت : ((الألباني علم من أعلام السنة والحديث في هذا الزمان ، وإمامه المبرّز ، وفارسه الذي لا يجارى فيه ، وإذا أخطأ

---

[1] (مجلة الأصالة ، عدد ٢٣) .

فخطأه مردود كخطأ غيره ، والقائل بأن الألباني مرجيء !!! ، هذا كذب)) واته : ئەلبانی گەورە زانایەکە لە زانایانی ئەهلی سوننە و حەدیس لەم سەردەمەدا ، و پێشەوای دەرکەوتوویەتی ، و ئەو سورچاکەیەتی کە پێشبڕکێی لەگەڵدا ناکرێت ، جا ئەگەر هەڵەیەکی کرد ئەوا هەڵەکەی ڕەتدەکرێتەوە ، وەکو هەڵەی جگە لەو ، وە بێژەری ئەوەش کە دەڵێت : ئەلبانی مورجیئەیە !!! ، ئەوە درۆزنە .

پرسیارکار : ((شيخ هم يقولون لا نقول أنه مرجيء !! لكن قال بقول الإرجاء ؟!!)) ، واته : شێخ ئەوان دەڵێن : ئێمە ناڵێین مورجیئەیە !!! بەڵکو دەڵێین : هەمان ووتەی مورجیئەی ووتووەتەوە !!!

جارێکی تر شێخ دەفەرموێت : ((وإذا وقع في خطأ ـ مثل الألباني ـ يقال عنه أنه مرجيء ؟!! وهذه كتبه تنضح بمحاربة الإرجاء ، بل الإرجاء الذي يعتذر عن أصحابه ، ويقال أنّ الخلاف بيننا وبينهم لفظي ، الذين هم مرجئة الفقهاء مرجئة الأحناف ... الألباني ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ يقول أن الخلاف بيننا وبينهم أصلي ـ حقيقي ما هو لفظي ـ فكيف يكون هذا مرجيء ؟!! هذا من أكذب الكذب وأبطل الباطل ، فإذا وقع عنده زلل في عبارة فهي على خلاف أصله وزلّت لسانه بها ، اللَّه يبارك فيكم ...

رحم اللَّه الألباني وعلماء الإسلام ـ رَحِمَهُمُ اللَّهُ ـ نحن ما سمعنا بهذه الشنشنة إلَّا لمّا مات الشيخ ناصر الدين الألباني ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ والشيخ عبدالعزيز ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ وأدركت هذه الشنشنة في أوّل ما أدركت يعني ظهورها جزءا من حياة الشيخ محمد بن صالح بن العثيمين ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ .

فالألباني وابن باز في عصرنا كالإمام أحمد وإسحاق ابن راهويه في عصرهما ، وما زلت أقول ذلك ، ـ فَرَحْمَةُ اللَّهِ تَعَالَى وَرِضْوَانُهُ عَلَيْهِمَا ـ نعم ، ولا يتكلّم في الألباني إلَّا مريض ... فأهل العلم إذا نظرت إلى ردود بعضهم على بعض تجد فيها العلم والفائدة ،

أمّا هؤلاء أهل السفه وأهل الأهواء ، فغالب الذين يتكلّمون في الشيخ ويرمونه بهذا هم كما قال الشيخ محمد ـ أي : ابن العثيمين ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ : هم ممن ينتحلون النحلة التكفيرية !!! ويريدون التوصل إلى ما هم عليه بهذا الكلام الذي سمعناه من هذا السائل أو نقلا عن هذا الرجل مما ذكره أخونا السائل)) .

واتە : ئەگەر کەسێکی وەکو ئەلبانی بکەوێتە هەڵەوە ، پێی دەووترێت مورجیئەیە ؟!! کەچی ئەمە کتێبەکانیەتی دژایەتی ئیرجای لێ دەڕژێت ، بەڵکو ئەو ئیرجائەش بیانوو بۆ خاوەنەکانیشی دەهێنرێتەوە ، کە دەووترێت جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوان جیاوازیەکی زارەکیە ، ئەوانەی کە پێیان دەووترێت مورجیئەی فوقەها یان مورجیئەی حەنەفی مەزهەبەکان ... ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ تەنانەت سەبارەت بەوانەش دەڵێت کە جیاوازی نێوان ئێمە وئەوان بنەڕەتیە ، واتە : حەقیقیە نەك زارەکی جا نازانم چۆن ئەمە مورجیئیە ؟! ئەمە درۆترین درۆ و ناڕەواترین ناڕەواییە ، جا ئەگەر هەڵەیەکی لێبووشێتەوە وپێچەوانەی بنەواکانی بێت .

ڕەحمەتی خوا لە پێشەوا ئەلبانی بێت ئەم ووتی ووتی و هاشوهوشە دوای مردنی بەڕێزیان و مردنی پێشەوا (ابن باز) دروست بووە ، ئەمە هەندێك لە سەردەمەکانی سەرەتای ژیانی پێشەوا (ابن عثيمين) ـی گرتەوە ... .

وە بێگومان کە پێشەوا ئەلبانی و (ابن باز) لەم سەردەمەی ئێمەدا وەکو پێشەوایان ئەحمەد و ئیسحاقی کوڕی ڕاهوییەن لەسەردەمی خۆیاندا ، وە بەردەوامم لەووتنی ئەوە ، ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان ، بەڵێ : وە جگە لەکەسانی نەخۆش نەبێت قسەی پێ ناکات ... ئەگەر بڕوانینە بەرپەرچدانەوەی هەندێك لەزانایان بۆ یەکتر زانست وسودی تێدا دەبینیت ، بەڵام ئەوانە : ڕیسوا و شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیانن ، وە زۆرینەی ئەوانەی کە قسە بەشێخ دەکەن و بەوە تۆمەتباری دەکەن ، ئەوانەن کە شێخ (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەتیان فەرموویەتی : ئەوانەن کە هەڵگری بیروباوەڕی تەکفیرین !! ودەیانەوێت بەوە بگەن بەوەی کە لەسەرین کە لەپرسیارکارەوە بیستمان ، یان ئەوەی کە گێڕادراوەتەوە لەلایەن برای پرسیارکارەوە .

وە پاشان لەدرێژەی باسەکە وئەم پرسیارەی پرسیارکار : ((إذا تكلّم الداعية بكلام مشبوه كأن تنقّص مثلا من العلماء فهل يتوقّف عن الجلوس معه ثم يسأل عنه أم يسأل عنه ثم يتوقف عن الجلوس معه ؟)) ، واتە : ئەگەر بانگخوازێك ووتەیەکی نادیاری ووت ، وەك ئەوەی بڵێت کەمکردنەوە بێت لەڕێز وپلەی زانایان ، ئایا لە لەگەڵ دانشتنی دەوەستین و پاشان پرسیاری سەبارەت دەکرێت ؟ یان پرسیاری سەبارەت دەکرێت و پاشان لە لەگەڵ دانشتنی دەوەستین ؟!

شێخ دەفەرموێت : ((أمّا علماء السنة المعروفين المشهورين فإذا رأيت الرجل ينتقصهم !!! فاعلم أنّه على غير السنة والسبيل ، ... إذا رأيت الرجل اليوم يطعن في الشيخ ابن باز ماذا تقول ؟ يدل على انحرافه ، إذا رأيته يطعن في الشيخ الألباني ماذا تقول ؟ يدل على انحرافه ... أمّا الذين يتكلّمون ويطعنون ، هؤلاء الذين نقول أنّهم على غير السبيل ، فتارة : يطلع اليوم طالع ويقول الألباني مرجيء !!! وأمس يطلع آخر ويقول : الشيخ ابن باز من علماء السلاطين !!!! أرضعوه حتى أخضعوه !!! وأشبعوه حتى أسكتوه !!! وثالث يأتي ويقول : عمود النفاق ورأس الكفر ، وقائد مسيرة التبريرات لحكّام آل سعود عبدالعزيز بن عبداللّه بن باز !!! وهكذا ، هؤلاء ماذا يقال فيهم ؟ هؤلاء يقال فيهم مجرمون شياطين الإنس ، وإنّما أرادوا أن يتوصّلوا إلى مرادهم بإسقاط أهل العلم !!! ونزع هيبتهم من قلوب الناس العام !!! فإذا انتزعت الهيبة خلت القلوب ، فإذا خلت القلوب تمكّن هؤلاء أن يغرسوا فيها ما شاؤوا وأن يقولوا ما شاؤوا ، والحمد للّه دين اللّه منصور والعقيدة محميّة ومحروسة واللّه يهيّء لدينه في كلّ زمان ومكان من ينصره ، ففرق بين الرد بالعلم والطّعن)) [1] .

واتە : سەبارەت بە زانایانی ناوداری ئەهلی سوننە ، ئەگەر کەسێکت بینی کەم وکوڕی و بێڕێزیەکی دایەپاڵیان !!! ئەوا بزانە کە ئەو لەسەر سوننەت و ڕێگا و ڕێبازی دروست نیە ، ...

---

[1] (منابر أهل السلفية ـ المنبر العام ـ المنبر الإسلامي العام ، لا يتكلّم في الألباني إلاّ مريض ، نقلاً عن : شريط مسائل فقهيّة ومنهجيّة للشيخ محمد بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللّهُ. منقول من البيضاء العلمية للأخ : أبي عبدالرحمن السبداوي ، بعنوان : من أكذب الكذب وأبطل الباطل) .

ئەگەر لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تانە و توانج لە شێخ (ابن باز) دەدات ، چی دەڵێیت : ئەو کارەی بەڵگەیە لەسەر لادان و لەڕی دەرچوونی . وە ئەگەر بینیت تانە و توانج لەشێخ (الألباني) دەدات ، چی دەڵێیت : ئەو کارەی بەڵگەیە لەسەر لادان و لەڕی دەرچوونی ... بەڵام ئەوانەی کە ووتە دەڵێن و تانەدەدەن ، ئەوانە ئەوانەن کە پێیان دەڵێین لەسەر ڕێگا و ڕێبازێکی ترە ، جارێکیان : کەسێکمان بۆ دەردەچێت و دەڵێت : ئەلبانی مورجیئەیە . وە جارێکی تر یەکێکی تریان دەڵێت : شێخ (ابن باز) زانای سوڵتانە !!! شیریان پێدا تاکو ملکەچیانکرد ، وە تێریانکرد تاکو بێدەنگیانکرد !!! وە سێیەمیانیش دێت ودەڵێت : کۆڵەکەی دووڕووی و سەری بێ باوەڕی ، و پێشەوای بیانوو هێنانەوە بۆ کاربەدەستانی (آل السعود) ، (عبدالعزیز بن عبداللَّه بن باز) ـە !!! وە بەم شێوەیە ، ئایا چی سەبارەت بە ئەو جۆرە کەسانە دەووترێت ؟ ئەوانە پێیان دەووترێت : تاوانبار و شەیتانەکان مرۆڤ ، ئەوانە بەو کارەیان ـ واتە : بە خستنی زانایان ـ ویستوویانە بگەنە مەبەستەکانیان !!! و هەیبەتیان لەدڵی خەڵکدا نەیەلن !!! جا ئەگەر هەیبەتیان نەهێلا لە دڵەکاندا ، و ئەگەر دڵەکان بەتاڵبوونەوە ، ئەوان دەتوانن چیان دەوێت بیچێنن تیایدا ، وە ئەوەشیان بڵێن کە دەیانەوێت ، بەڵام شوکر و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ئایینەکەی خوا سەرخراوە و بیروباوەڕەکەشی پارێزراوە ، و خوای پەروەردگاریش لە هەموو سەردەم وکاتێکدا کەسانێکی بۆ ئامادەباش دەکات بۆ ئەوەی بیپارێزێت ... هتد .

جارێکی تر و لە ووتەیەکی تریدا سەبارەت بە بەرگریکردنی لە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەر ئەم شێخە بەڕێزە (محمد بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ لە وەڵامی پرسیارێك کە ئەمە دەقەکەیەتی وتێدا پرسیارکار دەڵێت : ((سمعت هذه الأيام رجلا يقول على الشيخ الألباني ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ ما نصه قال : والعجيب أن كثيرا من المرجئة ومن دخلت عليهم شبهة الجهمية هم في واقعهم أفضل حالا من الألباني في عقيدته الشنيعة هذه ... فآمل التوجيه والنصيحة جزاكم اللَّه خيرا)) ، واتە : لەم ڕۆژانەدا گوێم لەکەسێك بوو سەبارەت بە شێخ ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ووتەیەکی دەووت ئەمە دەقەکەیەتی : ئەوەی جێی سەرسوڕمانە زۆرێك لەمورجیئە وئەوانەی کە شوبهەکانی جەهمیەکانیان کەوتووەتە سەر لە

سەردەمی خۆیاندا ، حاڵ وباریان زۆر باشتربووە لەئەلبانی لەم بیروباوەڕە خراپانەی ... جا داواکارم ڕێنموویی وئامۆژگاریەك لەم بارەیەوە بکەی ، وای پەروەردگار پاداشتی بەخێرتان بداتەوە .

فەرموویەتی : ((هذا أحد رجلين : إما جاهل بالألباني ، أو كاذب صاحب هوى ، وآفة الرأي الهوى ، فمن يطع هواه غالبا فقد هوى .

يقول الخليل بن أحمد الفراهيدي .رَحِمَهُ اللَّهُ. : فالجاهل لا حيلة فيه .

ويقول الشافعي [.رَحِمَهُ اللَّهُ.] : ما ناظرت عالما إلا غلبته ولا جاهلا إلا غلبني ما تستطيع تخصمه بخصام ولا تزمه بزمام لأنه ما عنده شرع يمسك به أنت تتخاطب معه بالشرع والعقل وهذا لا شرع ولا عقل لا عقل ولا نقل .

وقديما قيل : الشَّرعُ أَعْظَمُ مُرْشِدٍ فِي ظُلْمَةِ الْجَهْلِ الْبَهِيْمَهْ
والْعَقْلُ يَتْلُوهُ وَلَوْ لاهُ لَكُنَّا كَالْبَهِيْمَهْ
فَاتْبَعْهُمَا وَلِمَنْ لَحَا كَ عَلَيْهِمَا قُلْ : يَا بَهِيْمَهْ

أنا أقول لهذا : يا بهيمة ما هو يا بهيمة . فالشاهد : هذا أحد رجلين : إما جاهل ، وإما كاذب ، لا يفهم ما يقرأ !!! أو أنه صاحب هوى ، وصاحب الهوى لا حيلة فيه لو تقوم الدنيا كلها لا حيلة فيه أبدا .

فأنا أقول هذا الكلام الذي ذكرته عن الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. أنا ما وقفت يعني على كلامه في الأدب المفرد ، أما كلامه في الطحاوية ، فهذا من قرابة نحو أربعين سنة ، موجود و قرأناه ، ونعلم ذلك وسمعناه من الشيخ مباشرة ونعلم ذلك منه .

وأنا قد ذكرت قبل أن تورد هذا الكلام تعلق القلب بالظاهر وتأثره به وتعلق الظاهر بالقلب وتأثره به وسقت الأدلة على ذلك مختصرة والكلام لا يتسع له هذا المجال لكن أقول من قال بعد ذلك أن الألباني شر من الجهمية فهذا نقول له : حسبنا اللَّه ونعم الوكيل عليه .

إذا كان الألباني الذي لم يخدم أحد سنة النبي ﷺ شر من جهم ؟! فإلى اللَّه المشتكى .

جهم كفره أئمة الإسلام ، وهذا طعن فيه جهلاء المسلمين ، وسفهاء المسلمين ، وكذابي المسلمين مثل هذا الرجل وأمثاله ، بل حتى أعدائه في بلده يوم أن كان بين ظهرانيهم ما قالوا فيه هذه المقالة الشنيعة ، ولكن أقول لهذا القائل لهذه المقالة : اللَّه الموعد بينك وبين الشيخ بين يده .سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. .

أما الذي نعرفه نحن وندين الله .تَعَالَى. به أن هذا الرجل لم يخدم أحد سنة النبي ﷺ في هذه الأعصار المتأخرة مثله ولا نعلم غير ذلك .

وهذا إن شاء الله .تَعَالَى. من الأجر الذي أراد اللَّه .سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. أن يجريه على هذا العالم وأهل السنة في كل زمان ومكان لا يخلون من أن يبتلوا بمثل هذا السفيه وأمثاله .

وقديما قال القائل : جَهِلْتَ وَلَمْ تَدْرِي بِأَنَّكَ جَاهِلُ وَمَنْ لِي بِأَنْ تَدْرِي بِأَنَّكَ لَا تَدْرِي

وقال الآخر : قَالَ حِمَارُ الْحَكِيْمِ تَوْمَا لَوْ أَنْصَفُونِي لَكُنْتُ أَرْكَبْ

لِأَنَّنِي جَاهِلٌ بَسِيْطُ وَصَاحِبِي جَاهِلٌ مُرَكَّبْ

فهذا القول لا يصدر إلا من جاهل جهلا مركبا وهو الجاهل الذي لا يدري بأنه جاهل فهذا تعجز أن تبين لـه .

فنسأل الله أن يعافينا وإياكم وأن يجعل قلوبنا وقلوبكم وألسنتنا وألسنتكم سليمة لأهل العلم خاصة علماء السنة الذين أمضوا حياتهم وأفنوا عصارة حياتهم في خدمة هذا الدين . وصلى اللَّه وسلم وبارك على عبده ورسوله نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه إحسان)) [1] .

واتە : ئەو کەسەی کە تۆ باسی لێوە دەکەی یەکێکە لەم دوو کەسە :

یان نەزانە بەئەلبانی ، وە یان درۆزنێکی ئارەزووپەرستە ، وە گرفت وکێشەی بۆچوونەکانیش ئارەزووە ، و ئەو کەسەش گوێرایەڵی ئارەزووەکانی بکات ئەوا گومڕابووە .

---

[1] الرابط : (http://www.salafishare.com/arabic/22...AM/8W14JDP.mp3) .

(خليل) ـی کوڕی (أحمد الفراهيدي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر نەزانەوە نیە) . وە پێشەوا (الشافعي) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (گفتوگۆ و ڕووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵ هەر زانایەکدا کردبێت ئیللا لێم بردوونەتەوە و بەسەریاندا سەرکەوتووم ، وە لە گەڵ هەر نەزانێکیشدا کردبێتم ئیللا لێی بردوومەتەوە و بەسەرمدا زاڵبووە !!!) ئەو جۆرە کەسانە نە دەتوانی گفتوگۆیان لە گەڵ بکەی ، ونەش بە پەیوەندێك پەیوەندیان بکەی ، چونکە هیچ شەرعێکی نیە پابەند بێت پێوەی !!! تۆ بە شەرع و بە عەقڵ ووتوویژی لەگەڵدا دەکەی ، بەڵام ئەو نەشەرعی هەیە نەش عەقڵ ، نە عەقڵ و نەش نەقڵ ـ واتە : بەڵگەی شەرعی ـ !!!

لەکۆنـدا ووتراوە : الشَّـرعُ أَعْظَمُ مُرْشِـدٍ فِـي ظُلْمَةِ الْـجَهْلِ الْبَهِيْمَهْ

والْعَقْـلُ يَتْلُـوهُ وَلَـوْ لاهُ لَكُـنَّـا كَالْبَـهِيْـمَـهْ

فَاتْبَعْهُمَـا وَلِـمَنْ لـحَا كَ عَلَيْهِمَـا قُلْ : يَا بَـهِيْمَهْ

من بەم جۆرە دەڵێم : ئەی گیان لەبەر ! ئەوە چیە ئەی گیان لەبەر ؟!!

دەمەوێت بڵێم : ئەمە یەکێکە لە دوو کەس : یان نەزانە ، وە یان درۆزنێکە ، تێناگات چی دەخوێنێتەوە !! یا کەسێکی شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیەتی ، کەسی شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیش هیچ گۆڕانێکی تێدا نابێت ، ئەگەرچی هەموو دونیا هەستێنیت ، هەرگیز هیچ گۆڕانێکی تێدا ڕوونادات !!! ... ئەگەر ئەلبانی کە خزمەتی سوننەتی پێغەمبەری ﷺ کردووە خراپتر بێت لە جەهم !!! شکایەتی خۆمان بۆ لای خوای پەروەردگار بەرز دەکەینەوە !!!

جەهم پێشەوایانی ئیسلام بەکافریان داناوە ، بەڵام ئەمەیان ـ واتە : پێشەوا ئەلبانی ـ نەزان و کاڵفام و درۆزنەکانی موسڵمانان تانە و تەشەرەیان لێداوە ، بۆیە نموونەی ئەم کەسە و هاوشێوەکانی تەنانەت دوژمنانی لە وڵاتەکەی خۆی ئەو ڕۆژانەی کە تیایاندا ژیاوە ووتەی ناشیاوی وایان پێنەووتووە ، بەڵام من بە بێژەری ئەم ووتەیە دەڵێم : وەعدی تۆ و شێخ لەلای خوای پەروەردگار ، و بەردەسی ئەو بێت .

بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ، و باوەڕیشمان وایە وەکو دینداریەك بۆ خوای پەروەردگار ئەوەیە کە هیچ کەسێك وەکو ئەم پیاوە خزمەتی سوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ نەکردووە لەم سەردەمانەی دواییدا ، و جگە لەوەش نازانین .

وە ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی کە خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بووە بۆ ئەوەی بەردەوام پاداشت و چاکەیەکی زۆر تووشی ئەم زانایە ، وە هەموو سەردەم و کاتێك بەتاڵنەبووە لەوەی کە ئەهلی سوننە گیرۆدە و تاقی بکرێنەوە بەکەسانی کەودەنی ئاوا و هاوشێوەکانی .... .

چونکە ئەم ووتەیە لەکەسێکی نەزانەوە نەبێت دەرناچێت ، نەزانینەکەشی جەهلی مورەکەبە ، ئەویش ئەو کەسەیە کە نازانێت کە نەزانە ، ئائەم جۆرە کەسانە ناتوانیت بۆی ڕوون بکەیتەوە ، داواکارین لە خـوای پەروەردگار ئێمە و ئێوەش بپارێزێت ، وە دڵ و زمانی ئێمە وئێوەش پاکبکاتەوە بەرامبەر بەزانایان ، بەتایبەت زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، کە ژیانیان لە پێناو ئەم ئایینەدا سەرف کردووە ، وە درود و صەڵاواتیش لەسەر بەندە و پێغەمبەری خوا (مـحمد) و ئەهل و بەیت و یار و یاوەڕان و شوێنکەوتوانی بێت بەچاکە .

شێخ (صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ) ـ خوا بپارێزێت ـ :

شێخ (صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ) ـ وەزیری کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف لەوڵاتی سعودیە دوای بیستنی هەواڵی کۆچی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرمووی :

((الـحمد للَّـه علـى قضائه وقدره (إِنَّا لِلَّـهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) ، ولا شك أن فَقْدَ العلامة الشيخ مـحمد ناصـرالدين الألباني مصيبة ، لأنه عَلَمٌ من أعلام الأمة ، و مـحدث من مـحدثيهم ، و بـهم حفظ اللَّـه ـجَلَّ وعَلا ـ هذا الدين ، ونشـر بـهم السنة)) [1] .

واتە : سوپاس بۆ خوا لەسەر قەزاو قەدەری : (إِنَّا لِلَّـهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) ، بێگومان لەدەستدانی زانای پایەبەرز شێخ (مـحمد ناصـرالدين الألباني) موسیبەتە ، چونکە زانایەکە

---

[1] (الأصالة العدد : ٢٣ / ص٦٥) .

لەزانایانی ئومەت ، و فەمودەناسێکە لە فەرموودەناسانی ئومەت ، خوا .جَلَّ وَعَلا. بە ئەوان ئەم ئاینەی پاراستووە ، و سوننەت بلاوکردووەتەوە .

وە سەبارەت بە هەوڵ وکۆششەکانی ئەم پێشەوایە لەپێناو سەرخستنی بیروباوەڕی سەلەفیەت ، و پەیڕەوی ئەهلی سوننە فەرموویەتی : ((إن للفقيد مآثر عدَّة في نصرة العقيدة السلفية ، و منهج أهل الحديث)) [١] ، واتە : کۆچکردووە چەندین شوێنەواری هەیە لەسەرخستنی بیروباوەڕی سەلەفیەت و پەیڕەوی ئەهلی حەدیسدا .

شێخ (حُمُود التُّوَيْجِرِي) ـ بەڕەحمەت بێت ـ :

شێخ (حمود التويجري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت پلە و پایەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و حوکمی تانە ، و توانج لێدانی فەرموویەتی : ((الْأَلْبَانِيُّ ـ الْآنُ ـ عَلَمٌ عَلَى السُّنَّةِ ، الطَّعْنُ فِيْهِ إِعَانَةٌ عَلَى الطَّعْنِ فِي السُّنَّةِ)) [٢] .

واتە : ئێستا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دروشم و نیشانەیە بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، تانەلێدانی یارمەتیدانە بۆ تانەدان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئەم گەواهیەش لەم زانا بەڕێزەوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێچەوانەی ووتەی بێ بنەوای کەسانی نەزان و کەودەنە کە پێشەوا و زانای پایەبەرز شێخ ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە دروشم و بانگەشەکار دەزانن بۆ ئیرجا !!! یان دەیدەنە پاڵ کۆمەڵ و گروپی گومڕای مورجیئە !!! یان دەڵێن ئیرجای تێدایە !!!

---

[١] (الأصالة العدد : ٢٣/ ص٦٥) .

[٢] موقع الإمام المحدث محمد ناصر الدين الألباني؟ تحت عنوان (تزكيات كبار العلماء للألباني) .

والربط : (http://www.alalbany.net/misc005.php) .

شێخ (عبداللَّه العبيلان) ـ خوا بپارێزێت ـ :

شێخ (عبداللَّه العبيلان) ـ خوا بپپارێزێت ـ دوای سەرەخۆشی لەخۆی و موسڵمانان بە کۆچی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەیەکێکی دەزانێت لە گەورەترین بانگخوازان بۆ سەلەفیەت ، و کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و ئاگادارکردنی موسڵمانان لە بیدعە و تازەگەریەکان ، ئەوەش لە ووتەیەکی زێڕینیدا کە فەرموویەتی :

((أعزي نفسي و إخواني المسلمين في جميع أقطار الأرض بوفاة الإمام العلامة المحقق الزاهد الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ، و في الحقيقة الكلمات تعجز أن تتحدث عن الرجل ، ولو لم يكن من مناقبه إلا أنه نشأ في بيئة لا تعد بيئة سلفية ، و مع ذلك صار من أكبر الدعاة إلى الدعوة السلفية ، و العمل بالسنة ، و التحذير من البدع لكان كافياً)) [1] .

واتە : سەرەخۆشی لەخۆم و برا موسوڵمانەکانم لەهەموو ناوچەکانی سەر زەوی دەکەم بە بۆنەی وەفاتی پێشەوا و زۆرزانا و لێکۆڵەر و دونیا نەویست ـ شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) ـ وە لە ڕاستیدا ووشەکان ناتوانن قسە لەسەر ئەم پیاوە بکەن ، ئەگەر هیچ چاکەیەکی نەبێت جگە لەوەی کە لە ژینگەیەکی ناسەلەفیدا پەروەردەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە گەورەترین بانخوازان بووە بۆ دەعوە و بانگەوازی سەلەفیەت و ئیشکردن بەسوننەت ، و ئاگادارکردنەوە لە بیدعە بەس بوو بۆی .

---

[1] موقع الإمام المحدث محمد ناصرالدين الألباني ؟ تحت عنوان : (تزكيات كبار العلماء للألباني) . والربط : (http://www.alalbany.net/misc005.php) .

زانای عەللامە شێخ (أحمد النَّجْمِيّ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ :

فەرموودەناس و زانای عەللامە شێخ (أحمد النجمي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامی پرسیارێك كە سەبارەت بە كەسانێك كراوە كە نەك هەر تەنها پێشەوا ئەلبانی بە مورجیئە دەزانن ، بەڵكو پێشەوایان (ابن باز و ابن عثيمين) یش ـ بە ڕەحمەت بن ـ بە مورجیئە دەزانن ، و ئەمەش دەقی پرسیارەكەیە : ((أحسن اللَّه إليكم : هذا سائل يقول : بعض من تربى على كتب السرورية والحزبية ، يتهم الأئمة الثلاثة : ابن باز ، و ابن العثيمين ، و الألباني .رَحِمَهُمُ اللَّهُ. يتهمهم بالإرجاء ، لأنهم لا يكفرون الحكام فما تعليقكم ؟)) .

واتە : هەندێك لەوانەی كە لەسەر كتێبی سروریەت و حیزبیەت پەروەردەبوونە هەرسێ پێشەوا (ابن باز ، ابن عثيمين ، الألباني) بەئێرجا تۆمەتبار دەكەن ، لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایان بێباوەڕ ناكەن تەعلیقتان چیە ؟

بەڕێزیشیان ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدا فەرمووی : ((هذا جهل وضلال ، وهؤلاء المبتدعة كل يوم يظهرون علينا بوجه آخر .

إذا كان الألباني ، وابن باز ، وابن عثيمين ، علماء الأمة ، وقادتها ، وأحبارها ، وكبارها ، ورجال العلم فيها ، يُنْبَزُونَ بأنهم مرجئة !!! فمن بقي ؟! من هو الذي بقي ؟! ... بقي أحد ؟! ما بقي أحد !!! إنا للَّه وإنا إليه راجعون ... هذه مصيبة ... هذه آفة .

وإن هؤلاء رأيي فيهم : أنه من ظهر عليه هذا القول ، وثبت عليه ، أن يحبس ، و يُأَدَّب ، و يضرب ، فإن لم يتراجع فإنه ... يعني ... ربما أنه يحتاج إلى تأديب أكثر)) [1] .

واتە : ئەمە نەزانی و گومڕاییە ، و ئەو بیدعەچیانە هەموو ڕۆژێك بەڕوویەكی ترەوە لێمان دەردەكەون . ئەگەر (ابن باز ، وابن عثيمين ، والألباني) زانایان وسەركردە وگەورەكانی

---

[1] (الشيخ أحمد النجمي ، منقول من شريط : تبرئة كبار العلماء للألباني من تهمة الإرجاء) .

ئومەت بەوە تۆمەتبار بکرێن کە مورجیئەن ، ئەی ئیتر کێ دەمێنێتەوە ؟!! کێ مایەوە ؟!! کەس مایەوە ؟!! کەس نەمایەوە .. إِنَّا لِلَّـهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ .. ئەمە موسیبەتە ... ئەمە ئافاتە .

بۆچونوم دەربارەی ئەو کەسانە وایە : ئەو کەسەی ئەم قسەیەی لێ دەرکەوت ، و لەسەر سەلما ، بەند (سجن ، حەپس ، زیدانی) بکرێت ، و تەمبێ بکرێت ، و لێی بدرێت ، ئەگەر لە قسەکەی پەشیمان نەبوویەوە .... لەوانەیە پێویستی بەتەمبێ کردنی زیاتر بێت .

شێخمان عەللامە (عبيد الجابري) ـ خوا ببپارێزێت ـ :

پرسیارکرا لە شێخمان (عبيد الجابري) سەبارەت بەوانەی کە دەڵێن : پێشەوا ئەلبانی سەرچاوە و چاوگەی ئیرجائە ؟! فیرخوازەکانیشی میراتگری ئەون لەوەدا ، ئەمەش دەقی پرسیارەکەیە : ((فضيلة الشيخ عبيد ـ حَفِظَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ ، ما رأي فضيلتكم فيمن يقول : أن العلامة الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ هو منبع بدعة الإرجاء ، و ... ؟!)) ، واتە : بۆچوونی بەڕێزتان چیە دەربارەی ئەوانەی کە دەڵێن : ئەلبانی سەرچاوەی بیدعەی ئیرجائە ، و ... ؟!

شێخمان ـ خوا بیپارێزێت ـ پاش کورتە باسێك سەبارەت بە ئیرجا و واتاکەی لە زمانەوانی وزاراوەی زانایاندا ، وباسکردنی گروپ وکۆمەڵەکانی مورجیئە ، دێتەسەر باسی تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە ئیرجا و سێ خال لە وڵامەکەیدا دەخاتە ڕوو هەروەکو فەرموویەتی : ((فيما يتعلق بالألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، فإن الذي عرف أصول الألباني الذي عرف أصول الألباني وخبرها يظهر له شيئان :

الشيء الأول : أنه معنا ، ومع أئمة السنة قبلنا في أن الإيمان : قول باللسان ، واعتقاد بالقلب ، وعمل بالجوارح ، يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية ، ويحذر من المعاصي ويعتقد أن استحلالها كفر ، يحذر من المعاصي كالإسبال وغيره (إسبال الثياب بالنسبة للرجال) وغيره ، فأين الإرجاء ؟

الشيء الثاني : هو يخالفنا ، و يخالف أئمتنا من قبل ... يعني في أمور ، وبعضها له فيها سلف ، منها ؛ أنه يرى أنه يمكن دخول الجنة بلا عمل ... تنبهوا ، يقول : يمكن دخول الجنة بلا عمل ، ولا ينكر العقوبة على ذلك : ما ينكر العقوبة على ذلك [1] .

ومنها أنه يرى تارك الصلاة تهاونا فاسق وليس بكافر ، وسلفه في ذلك رواية عن الإمام أحمد ، والشافعي ، والزهري وجمهور ، هم سلف الشيخ . والقول الآخر : بأن تارك الصلاة تهاونا يكفر كالجاحد ، وهم متفقون والشيخ معهم متفقون على أنه يستتاب فإن تاب وإلاّ قتل ، لكن المكفرون يرون أنه يقتل مرتدا لا يغسل ولا يكفن ولا يصلى عليه ولا يدفن في مقابر

---

[1] دەڵێم : لەوانەیە شێخمان (عبيد الجابري) ـ خوا بیپارێزێت ـ ئەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی پێ نەگەشتبێت کە لە (شرح الأدب المفرد ـ الشريط السادس ـ الوجه الأول) ـدا فەرموویەتی : ((**هذا ليدل أن الإيمان بدون عمل لا يفيد** ؛ **فالله** ـ عَزَّوَجَلَّ ـ **حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح** ؛ **لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح** ، **إلا أن نتخيله خيالا** ؛ **آمن من هنا قال : أشهد ألا إله إلا الله ومحمد رسول الله** ، **ومات من هنا** ... **هذا نستطيع أن نتصوره** ، **لكن إنسان يقول : لا إله إلا الله** ، **محمد رسول الله** ، **ويعيش دهره ـ مما شاء الله ـ ولا يعمل صالحاً** !! ؛ **فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه** ، **ولم يدخل الإيمان إلى قلبه** ؛ **فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقرونًا بالعمل الصالح**)) ، واتە : ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمان بەبێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللّه ومحمد رسول اللّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللّه ، محمد رسول اللّه) و پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێگومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بە زمانە ، و ئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لە دوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

بۆیە پێشەوا ئەلبانی لەوەشدا هاودەنگە لەگەڵ پێشەوایاندا ... نەك پێچەوانەیان بووبێت !!!

المسلمين ، والمفسقون يرون أنه يقتل حدا وعليه فإنه يغسل ويكفن ويصلى عليه ويستغفر له ويدعى له ويدفن في مقابر المسلمين ويرثه أهله ، على الذهب الأول لا يرثه أهله .

وهنا ننبه إلى شيء ؛ أن الأئمة ... أعني من كفر تارك الصلاة تهاونا مع اعتقاده وجوبها لم يكن بينهم شطط ولا وصف بغير وصف أهل السنة ، فالمكفرون لم يصفوا المفسقين بالإرجاء ، والمفسقون لم يصفوا المكفرين بالخروج أبداً .

وإنما انسحبت هذه من السرورية وأظنها أول ما ظهرت من (محمد قطب) ، ثم تلقاها بعض تلاميذه ومنهم (سفر الحوالي) في كتابه (ظاهرة الإرجاء) ، يسمونها ظاهرة الإرجاء وأظنهم يعنون أن من لم يكفر مرجيء ، من لم يوافقهم على التكفير فهو مرجيء ، قلت هذا للحذر)) [1] .

واتە : ئەوەی بنەواکانی ئەلبانی بزانێت دوو شتی بۆ دەردەکەوێت :

یەکەم : ئەوەیە ئەلبانی لەگەڵ ئێمە وپێشەوایانی پێش ئێمەدایە لەوەی کە باوەڕمان بریتییە لە : وتە بەزمان وبیروباوەڕی دڵ وکردەوەی ئەندامەکانی لاشە ، بەگوێرایەڵی زیاد دەکات وبەسەرپێچی کەم دەکات ، وە وریایی دەدات لەسەرپێچیەکان وباوەڕی وایە بە حەلاڵ زانینیان کوفرە ، وە وریایی دەدات لەسەرپێچیەکانی وەك درێژکردنی جلوبەرگ بۆ پیاوان و جگە لەوەش ، کەواتە ئێرجا لە کوێدایە ؟!!!

دووەم : پێچەوانەی ئێمە وپێشەوایانی پێش ئێمەی کردووە لەچەند شتێکدا کە لەهەندێك لەوانەدا پێشینی هەیە ، لەوانەش ئەوەیە کە پێی وایە دەکرێت کەسێك بەبێ کردەوە بچێتە بەهەشتەوە ... وریابن دەڵێت : چوونە بەهەشت دەکرێت بەبێ کردەوە بێت ، بەڵام نکۆڵی لە سزا ناکات لەسەر ئەو تاوانانە ، نکۆڵی لە سزا ناکات لە سەر ئەوانە .

یەکێکی تر لەو شتانە ئەوەیە پێی وایە نوێژنەکەر بە تەمبەڵی فاسقە و بێباوەر نیە ، سەلەفیشی لەم بابەتەدا : ڕیوایەتێکە لەپێشەوا ئەحمدەوە ، شافعی ، زوهری ، جمهور ، ئەوانە

---

[1] من مقال بعنوان : (تبرئة العلماء لمحدث الشام الإمام الألباني من تهمة الارجاء) (شبكة العلوم السلفية ، الرابط : **http://www.aloloom.net/vb/showthread.php?t=403**) .

سەلەفی شێخن . یەکێکی تر لەو شتانە : ئەو کەسەی نوێژ نەکات بە تەمبەڵی ئەوا زانایان یەك دەنگن شێخیش هاوڕایە لەگەڵیادا کە داوای تەوبەی لێدەکرێت ئەگەر نەیکرد دەکوژرێت ، بەڵام ئەوانەی نوێژنەکەر بەتەمبەڵی کافردەکەن دەڵێن : بەهەڵگەڕاوەیی دەکوژرێت بۆیە ناشۆردرێت و کفن ناکرێت ونوێژی لەسەر ناکرێت ولەگۆڕستانی موسڵماندا نانێژرێت ، بەڵام ئەوانەی کافری ناکەن وبەفاسقی دادەنێن وەکو شێخ ئەلبانی پێیان وایە وەکو (حَدّ) ـێك دەکوژرێت بۆیە دەشۆرێت وکفن دەکرێت ونوێژی لەسەر دەکرێت وداوای لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت ودوعای بۆ دەکرێت کەسوکاری میراتی لێدەبەن بەڵام لەسەر مەزهەبی یەکەم کەسوکاری میراتی لێنابەن .

لێرەدا وریایی دەدەین دەربارەی شتێك ، پیشەوایان مەبەستم ئەوانەیە نوێژنەکەر ئەوەی بەتەمبەڵی نایکات کافردەکەن وتەی دوور لە هەق و وەصفی جگە لە وەصفی ئەهلی سوننە لە نێوانیاندا نەبوو ، ئەوانەی نوێژنەکەر (کافر) دەکەن ئەوانەیان بە ئیرجا وەصف نەکردووە کە نوێژنەکەر بە (فاسق) دادەنێن ، ئەوانەشی کە نوێژنەکەر بەفاسق دادەنێن ئەوانەیان بە خەوارج دانەناوە کە نوێژنەکەر بەکافر دادەنێن .

ئەم شتە لە سروریەکانەوە سەری هەڵداوە پێشم وایە یەکەم کەس ئەم شتەی لێدەرکەوت : (محمد قطب) بوو ، پاشان هەندێك لە قوتابیەکانی لێوەیان وەرگرت (سفر الحوالي) لە کتێبی (ظاهر الإرجاء) ناوی دەنێت دیاریدەی ئیرجا ، پێشم وایە مەبەستیان ئەوەیە کە : هەرکەسێك تەکفیر نەکات مورجیئەیە !!! وە هەرکەسێك لەگەڵیاندا هاوڕانەبێت لە (تکفیر) ـدا مورجیئەیە !!! ئەمە بۆ وریایی دەیڵێم .

شێخمان ـ خوا بیپارێزێت ـ لەکۆتایی وەڵامەکەیدا ئەوانەی کە تۆمەتباری پێشەوا ئەلبانی دەکەن بە ئیرجا ئەکات بە دوو کۆمەڵەوە ، هەروەك فەرموویەتی : ((أن من يطلق الإرجاء على الشيخ الألباني هو أحد صنفين : إما : أنه يجهل الإرجاء ؛ لا يعرفه ولا يعرف أهله !!! وإما : أنه لم يعرف الشيخ الألباني على حقيقته !!!)) [1] ، واتە : ئەوانەی کە شێخ ئەلبانی

---

[1] المقال السابق : (تبرئة العلماء لمحدث الشام الإمام الألباني من تهمة الارجاء) .

تۆمەتبار دەکەن دوو کۆمەڵەن : یان ئەوەیە : نە ئیرجا و نە ئەهلی ئیرجائیش ئەناسن !!! یان ئەوەیە : بە حەقیقەت شێخ ئەلبانی ناناسن !!!

شێخی دکتۆر (صالح السحيمي) ـ خوا بپارێزێت ـ :

پرسیار کرا لە شێخ (صالح السحيمي) سەبارەت بەوانەی کە پێشەوا ئەلبانی تۆمەتبار دەکەن بە ئیرجا ، کە ئەمەش دەقی پرسیارەکەیە : ((هناك من يقول أو يتهم الشيخ الألباني ـرَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ بالإرجاء ؟!)) ، واتە : کەسانێك هەن شێخ ئەلبانی بە ئیرجا تۆمەتبار دەکەن ؟

شێخیش لەوەڵامدا ، ودوای دیاریکردنی پلە وپایەی پێشەوا ئەلبانی لە ناو زانایاندا ـ کە بە هاوشان و هاوپەلەی دەزانێت لەگەڵ پێشەوایان (ابن باز) و (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بن ـ ئەم ووتەیە بە بوختیان و تۆمەتی دەزانێت ، و پاشان ئاماژە بە هۆکارەکانیشی دەدات ، هەروەك فەرموویەتی : ((شيخنا الشيخ محمد ناصرالدين الألباني شيخ السنة وإمام أهل الحديث ، وقِرْنٌ وأخ لمشايخنا : الشيخ ابن باز ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، الشيخ العثيمين ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، كلهم قد خدموا السنة ، وقدموا الكثير ، والخير الكثير في خدمة المنهج الحق ، والسنة النبوية ؛ فهذا القول افتراء ؛ نتج عن إجمالات في مسألة عند الشيخ ؛ عندما يقول إن العمل في الإيمان شرط كمال ، ونحن لا نقر الشيخ على الكلمة ، نحن نقول ما قاله السلف : العمل من الإيمان ، والإيمان قول وعمل ، ومن أخرج العمل من الإيمان بالكلية فهو مرجئ ملحد .

وربما جرأ البعض رأيُه في حكم تارك الصلاة تهاونا ، ونحن وإن كنا نخالفه في هذا ؛ فنعتقد أن تارك الصلاة ـ تهاونا ـ يكفر ، ويخرج من دين الإسلام ، لكن هذه المسألة للشيخ فيها سلف أم لا ؟ من هم ؟ مثل من ؟ مالك ، والشافعي ، وأبو حنيفة ، ورواية عن أحمد كلهم يرون هذا الرأي ؛ فإذا قلنا : إن الألباني مرجئ في هذه المسألة لابد أن نقول ذلك ـ أيضا ـ عمن ؟ عن مالك والشافعي وأحمد وأبي حنيفة .

والحق أن هذا ليس من الإرجاء في شيء ؛ هذا اختلاف في هذه المسألة ـ قديما وحديثا ـ اختلاف في مسألة تارك الصلاة ـ تهاونا .

في الحقيقة نحن ما ضاءلة علمنا مع من يقول : إن تارك الصلاة ماذا ؟

يكفر ، ولا شك ، بل لا أكاد أشك في كفره ، من ترك الصلاة ولو تهاونا كفر ، لكن هل إذا اقتنعت بهذا الرأي ألزم العلماء الربانين القدامى ومن السلف الصالح بأن من خالفني في هذا الرأي يكون مرجئا ؟!

لا ؛ هذا لا يجوز ؛ لكن المسألة تزعمها بعض شذاذ الآفاق من الجهلة ، وبعض الحداديين ، بدأ بها محمود الحداد ، وسلكها بعض الناس من بعده ؛ ونقول لهؤلاء قول النبي ﷺ فيما يرويه عن اللَّه : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » .

واللَّه يا إخوتاه ! في السنة التي حمل فيها بعض الشذاذ على الشيخ ناصر ؛ بعدها بأسابيع قليلة رشحته الدولة ـ وَفَّقَهَا اللَّهُ ـ لجائزة الملك فصيل في خدمة السنة ؛ فأخذها وهو أهل لها ـ رَحِمَهُ اللَّهُ رَحْمَةً وَاسِعَةً ـ ؛ فالمسؤولون ـ وَفَّقَهُمُ اللَّهُ ـ يعرفون أنه عالم من كبار علماء المسلمين ، ولا يسمعون إلى نعيق زيد ، أو عمرو ممن يصفونه بالإرجاء .

وَكَمْ مِنْ عَائِبٍ قَوْلاً صَحِيْحَاً وَآفَتُهُ مِنَ الفَهْمِ السَّقِيْمِ

والقائلون بهذا لا يخرجون عن ثلاثة أصناف :

إما جاهل إمعة كالببغاوات يقلد الناس فيما يقولون .

وإما مريض في قلبه مرض على أهل العقيدة ؛ فيريد أن يسقط علماءهم .

وإما أنه صاحب مصلحة وهوى ؛ يريد أن يتوصل بهذا إلى التزلف ، ويستغل بعض الأمور ؛ ليركب مطية الشيطان هذه)) [1] .

---

[1] (شرح كتاب (فضل علم السلف على علم الخلف) (الشرح الثاني ـ دروة ابن رجب ـ ينبع) للشيخ صالح السحيمي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ عند (٢٣ : ٣١) من الوجه الثاني من الشريط الثالث) .

واتە : شێخمان شیخ (محمد ناصرالدین الألباني) شێخی سوننە و پێشەوای ئەهلی حەدیسە ، هاوەڵ و برای شێخەکانمانە شێخ ابن باز ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ شێخ ابن عیپیمین ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ هەموویان خزمەتی سوننەتیان کردووە و چاکەیەکی زۆریان پێشکەش کردووە لە خزمەت کردنی پەیڕەو (مەنهەجی) ـی حەق و سوننەتدا ئەم قسەیەی دەیڵێن هەڵبەستراوە ، ودەرئەنجامی چەند ووتەیەکی تێکڕایی شێخ ئەلبانیە لەبابەتێکدا ئەمەش کاتێك دەڵێت : کردەوە مەرجی کەماڵە لەباوەڕ ، ئێمە هاوڕانین لەگەڵ شێخدا لەسەر ئەم ووشەیە ، بەڵکو ئێمە ئەوە دەڵێین کە سەلەف وتویانە : کردەوە لە باوەڕە و باوەڕیش ووتە وکردەوەیە ، هەر کەسێك کردەوە بە گشتی لەباوەر دەربکات ئەوە مورجیئەیەکی مولحیدە .

وە لەوانەیە هەندێك کەس ئەو بۆچونەی ئەلبانیان قۆستبێتەوە کە دەربارەی حوکمی نوێژ نەکەر هەیەتی ئەگەر بە تەمبەڵی نەیکات ، ئێمە ئەگەرچی لەمەدا ڕای پێچەوانەی شێخمان هەیە و پێمان وایە کە نوێژنەکەر بە تەمبەڵی بێباوەڕ دەبێت و لەئاینی ئیسلام دەردەچێت ، بەڵام ئایە لەم بابەتەدا شێخ سەلەفی هەیە یان نا ؟ کێن ؟ وەکو کێ ؟ مالیك وشافعی وئەبو حەنیفە وڕیوایەتێکیش لەئەحمەدەوە هەموویان ئەم بۆچوونەی شێخیان هەیە ، ئەگەر بڵێین ئەلبانی لەم بابەتەدا مورجیئەیە ئەوا دەبێت ئەم حوکمەیش بدەین دەربارەی کێ ؟ دەربارەی مالیك وشافعی وئەحمەد وئەبو حەنیفە .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە ئێرجا نیە ، ئەمە جیاوازی و ڕاجیاییە لەم بابەتەدا لەکۆن و نوێدا ڕاجیایی لەبابەتی وازلێهێنانی نوێژ بەتەمبەڵی .

هەر کەسێك بڵێت نوێژنەکەر چیە ؟

بێباوەڕ دەبێت ، گومانێشی تێدا نیە ، بەڵکو گومانیشم لە بێباوەڕبوونی نیە ، هەر کەسێك نوێژنەکات ئەگەر بە تەمبەڵش بێت بێباوەڕ دەبێت ، بەڵام ئەگەر بەم بۆچوونە قایل بوویت ئایە زانایانی کۆن وپێشینە چاکەکان خەڵکیان پەیوەست کردووە کە هەر کەسێك پێچەوانەی بۆچوونی ئێمەی هەبێت ئەوا مورجیئەیە ؟

نەخێر ، ئەمە درووست نیە ، بەڵام ئەم بابەتە بۆچوونی هەندێك کەسی ڕیزپەڕە لە نەزانەکان ، هەندێك لە حەددادیەکان ، کە (محمود الحداد) دەستی پێکرد ، هەندێك خەڵك

لەدوای ئەو ئەم ڕێگەیان گرتەبەر ، ئەوە بەو کەسانە دەڵێین ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە خواوە ریوایەتی کردووە : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » .

بەخوا برام : لەو ساڵەدا کە ئەو کەسە ڕیزپەڕانە قسەیان بەشێخ ناصر ووت چەند هەفتەیەکی کەم دوای ئەوە دەولەتی سعودی . وَفَّقَهَا اللَّهُ . پاڵاوتی بۆ خەڵاتی مەلیك (فیصل) سەبارەت بەخزمەتکردنی سوننەت ، لەکاتێکدا کە ئەو شیاوی ئەو خڵاتەبوو ـ ڕەحمەتی خوای لیبێت ڕەحمتێکی فراوارن ـ بەرپرسەکان . وَفَّقَهُمُ اللَّهُ . دەیانزانی زانایەکە لەزانا گەورەکانی موسڵمانان ، گوێیان نەدا بەهاوارکردنی زەید یان عەمر ئەوانەی کە شێخ بەئیرجا وەسف دەکەن .

وَكَمْ مِنْ عَائِبٍ قَوْلاً صَحِيْحاً وَآفَتُهُ مِنَ الفَهْمِ السَّقِيْمِ

ئەوانەی کە شێخ تۆمەتبار دەکەن لە سێ چین و کۆمەڵ دەرناچن :

یان : نەزانێکی توتی ئاسایە کە هەرچی خەڵك دەیڵێت ئەویش لاساییان دەکاتەوە .

وەیان : نەخۆشێکە کە نەخۆشی لەدڵدایە بەرامبەر بەئەهلی ئیمان وبیروباوەڕ ، بۆیە دەیەوێ زاناکانیان لەکەدار بکات و بیان خات .

وەیان : کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی و هەوایە ، دەیەوێت بەم ڕێگایە خۆی نزیك بکاتەوە و هەندێك شت بقوزێتەوە .

جا موسڵمانی خوا ناس با من و ئێوەش خۆمان بپارێزین لەوەی کە وەکو تۆمەتبارکارانی پێشەوا ئەلبانی بین ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لە دیدی شێخ صالح لە سێ کۆمەڵ بەدەر نین :

یەکەم : نەزانکارێکی تووتی ئاسا ، و لاسایکاری کەسانی ترە !!!

دووەم : بەرهەڵستکاری زانایانی بیروباوەڕ دروست ، بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵەوە !!!!

سێیەم : کەسێکی هەلپەرست بۆ گەشتن بە بەرژەوەندیە کاتی و دونیاییەکان ، و شوێنکەوتەی بیرۆچکە شەیتانیەکان !!!!!

وە شێخ (صالح السحيمي) ـ خوا بیپارێزێت ـ هەر لەم بارەیەوە و لە باسی ئامۆژگاری بۆ لاوان ئەم پرسیارەی لێدەکرێت : ((هناك بعض الشباب من وقعت في نفسه شبهة حول الإرجاء ، فأخذ يتهم الإمام الألباني . رَحِمَهُ اللَّهُ . بالإرجاء ، فما نصيحتكم تجاه هؤلاء الشباب ؟!)) ،

واتە : هەندێك گەنجان توشی شوبهەی ئیرجا بوونە ، و پێشەوا ئەلبانی ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ بە ئیرجا تۆمەتبار دەکەن ، ئامۆژگاریتان چییە بۆ ئەو گەنجانە ؟

بەڕێزیشیان لە وەلامدا گەواهی و شایەتی خۆی لەسەر پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەدات ، و پاشان چەند ئامۆژگاریەك ئاراستەی لاوان دەکات ، هەروەك فەرموویەتی : ((الحمد للَّه ، نصيحتي لهؤلاء الشباب أن يتقوا اللَّه في لحوم العلماء فإنها مسمومة .

وشهادة حق أتقرب بها إلى اللَّه .جَلَّ وَعُلا. أنه ما خدم السنة في هذا العصر مثل رجلين شيخنا الشيخ عبدالعزيز بن باز .رَحِمَهُ اللَّهُ. ، وشيخنا الشيخ محمد ناصر الدين الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. ، فهما فرسا رهان ، وإذا كان أحد قد فهم من علمائنا الأجلاء النيل من هذا الشيخ العظيم فهو واهم ، لا أعني العلماء أنفسهم وإنما أعني من فهم عنهم خطأ ، وإن وجدت ملاحظات على الشيخ أو على غيره فبيّنها أحد من العلماء لا يجوز لنا أن نلزم ذلك العالم بأنه ينال من الشيخ فهو .رَحِمَهُ اللَّهُ. يحبهم ويحبونه .

وأنا أشهد اللَّه على أنني سمعت هذا منه ومن لسانه وهو لا يرجو من أحد شيئاً ، ومع ما حصل له فقد أوصى بمكتبته كاملة للجامعة الإسلامية بالمدينة النبوية ، والشيخ له ما يربو على مائة مؤلف في خدمة السنة ، فهل يليق بك أخي المسلم طالب العلم أن تنال من شيخ قدّم هذه الخدمة لسنة نبينا محمد ﷺ ؟!!

أحياناً قد يدخل الهوى والتعصب فيحمل صاحبه على التحامل على العلماء ، وإني أذكره بالمواقف العظيمة التي يقفها أهل العلم عند الاختلاف في بعض المسائل ، فانظر يا رعاك اللَّه إلى الردود بين الشيخ ابن باز والشيخ الألباني في كثير من مسائل الفقه وما فيها من أدب واحترام فيما بينهما ، وانظر إلى رجوع الشيخ الألباني .يَرْحَمُهُ اللَّهُ. إلى ما رجحه الشيخ عبدالعزيز بن باز .رَحِمَهُ اللَّهُ. لمّا ظهر له الحق مما يدل على تجرده وعدم تعصبه لكونه ليس صاحب هوى ، وإنما رائده الحق أنّا وجده اتبعه .

فأوصيكم ونفسي بالورع والكف عن الولوغ في أعراض العلماء وبخاصة من خدم السنة مثل هذين الشيخين وفضيلة الشيخ محمد بن عثيمين ـ رَحِمَ اللَّهُ الْجَمِيْعَ ـ ، ولنا في علمائنا الموجودين ـ وَفَّقَهُمُ اللَّهُ ـ أسوة حسنة .

انظروا ماذا كتبوا لما توفي الشيخ الألباني ؟ ماذا كتب المشايخ ؟ ماذا كتب معالي وزير الشئون الإسلامية الشيخ صالح ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ ؟ ماذا قال سماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبداللَّه آل الشيخ ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ ؟ ماذا قال بقية شيوخنا الأفاضل من الدعاء للشيخ والترحم عليه أليس لنا فيهم أسوة حسنة . يا إخوة الإسلام إني أعجب لشاب يدعي السلفية ثم ينال من الشيخ أو غيره من علماء الأمة .

يا أخي نحن لا ندعي العصمة لأحد ، الشيخ عنده أخطاء ولكنها أخطاء اجتهادية تتمثل في بعض الإطلاقات التي استغلها من استغلها ، فادعى أو نسب إلى الشيخ الإرجاء ، لو أردنا أن ننسب إلى الشيخ الإرجاء لقلنا أن كل من قال إن تارك الصلاة تهاوناً ليس بكافر يكون مرجئاً وهذا يلزم الإمام أحمد في إحدى روايتيه ، ويلزم الإمام أبا حنيفة ومالكاً والشافعي وجمع من السلف وهذا لم يقل به أحد ، مع أن الذي نعتقده ونراه مع قلة بضاعتنا أن تارك الصلاة كافر لوضوح النصوص في ذلك . فإذا قال الشيخ ناصر أو غيره من أهل العلم بعدم كفر تارك الصلاة أليس له سلف في هذا ؟

فيا إخواني التجرد من الهوى مهم جداً في حق المسلم ، والرسول ﷺ يقول فيما يرويه عن اللَّه ـ جَلَّ وَعَلا ـ : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » ، والذين يتكلمون في الشيخ هم الحدّادية أمثال عبداللطيف باشميل ، وغيره ممن يتقربون بنهش لحوم العلماء ، وهؤلاء ليسوا قدوة لأحد ، وليسوا طلاب علم محققين ، وكثير منهم قد أخذه الهوى والتعصب مما جعلهم لا يتركون أحداً من علماء الأمة وليس فقط الشيخ ناصر بل نالوا من كثير من علماء السلف بطريق مباشر أو غير مباشر .

فيا إخوتاه : أوصوا الشباب بأن يشتغلوا بالعلم ، وأن يبتعدوا عن بنيات الطريق ، وأن يبتعدوا عن نهش لحوم العلماء ، أعني العلماء الربانيين الذين ينفون عن كتاب اللَّه ـ تَعَالَى ـ تحريف الغالين وانتحال المبطلين وتأويل الجاهلين ، اقرؤوا ما كتبه الشيخ محمد بن إبراهيم ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عن الشيخ الألباني ، اقرؤوا ما كتبه الشيخ ابن باز ، اقرؤوا ما كتبه الشيخ ابن عثيمين ، اقرؤوا ما كتبه عدد من مشايخنا ـ وَفَّقَهُمُ اللَّهُ ـ ، فاتقوا اللَّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ وأوصوا الشباب بالكف عن هذا التحامل . يا أخي أنت ماذا قدمت حتى تأتي وتنال من الألباني أو غيره ؟ وليس عندك إلا جراب الكلام الذي لا فائدة منه .

والذي ينبغي لنا إذا سمعنا بعض الرعاع يتكلمون في هذه القضايا ويلزمون الشيخ بما لا يلزمه من أولئك الذين لا نصيب لهم من العلم ، وأنا أعرف أحدهم عندنا في المدينة يهرف بما لا يعرف نسأل اللَّه العافية والسلامة يضيع أوقات الطلاب في سب الألباني والنيل منه ، وهو جاهل مسكين لا يقدّر تبعات ما يقول ، هو و عبداللطيف باشميل يعملان في خندق واحد في النيل من كثير من العلماء ومنهم الشيخ الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ .

أوصيكم ونفسي بتقوى اللَّه ـ جَلَّ وَعَلَا ـ والتجرد من التعصب ومن الهوى ، فإن الهوى خطير إذا تمادى فيه المرء يوقعه في متاهات لا تحمد عقباها ، واسمحوا لي لو أطلت في هذا الأمر لأن الناس أصبحوا يلوكونه كثيراً ولا يتورعون من الوقوع في أعراض أهل العلم ، والذي يعزينا في هذا أن الرسول ﷺ ما سلم من قول القائلين ، قالوا : شاعر ، قالوا : ساحر ، قالوا : كاهن ، وقال المعتزلة القدامى عن أئمة السلف : حشوية ، نابتة ، مجسمة ، وقال الحزبيون المعاصرون عن علمائنا : أنهم لا يعلمون إلا أحكام الحيض والنفاس ، و ((هَذِهِ شَنْشَنَةٌ نَعْرِفُهَا مِنْ أَخْزَم)) .

فأقول : حسبنا اللَّه ونعم الوكيل ، حسبنا اللَّه ونعم الوكيل ، حسبنا اللَّه ونعم الوكيل ، ونسأل اللَّه الكريم أن يحفظ علمائنا من كيد الكائدين ، وأن يبقيهم ذخراً للإسلام والمسلمين ... وصلى اللَّه وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين)) [١] .

واتە : سوپاس بۆ خوا ئامۆژگاریم بۆ ئەو گەنجانە ئەوەیە بەرامبەر بە زانایان لە خوا بترسن ، چونکە گۆشتی زانایان ژەهراوییە .

وە شایەتیەکی حەق کەخۆمی پێ لەخوا نزیك بکەمەوە ئەوەیە : لەم سەردەمەدا کەس بەقەد ئەم دوو پیاوە شێخمان شێخ (ابن باز) ، و شێخمان شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) ـ ڕەحمەتی خوایان لێبێت ـ خزمەتی سوننەتیان نەکردووە ، وەکو دوو سوارچاکی مەیدان لەپێشبڕکێدا بوونە لەو خزمەتەدا ، وە ئەگەر کەسێك لەزانا گەورە و بەڕێزەکانمان وا تێگەیشتبێت کە قسە بەم شێخە گەورەیە دەکەن ئەوە وەهمە و بنچینەی نیە ، مەبەستم زاناکان نیە بەڵکو مەبەسم ئەوانەیە کە بەهەڵە لەوان تێگەیشتوون ، ئەگەر چەند تێبینیەکیش هەبێت یەکێك لەزانایان ڕوونیان کردبێتەوە دروست نیە ئەو زانایە پەیوەست بکەیت بەوەوە کە قسەی بە شێخ وتووە چونکە ئەو ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ خۆشی ویستوون وە خۆشیان ویستووە .

وەمن خوای گەورە دەکەم بە شاهید کە من ئەمەم لێ بیستووە وە ئەو بە تەمای شت نەبووە لە هیچ کەس وە لەگەڵ ئەوەشی کە ڕوویدا وەسێتی کردبە هەموو کتێبخانەکەی بۆ زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە ، وە شێخ نزیکەی سەد دانراوی هەیە لە خزمەتکردنی سوننەتدا ، ئایە گونجاوە بۆ تۆ برای موسڵمانی فێرخواز قسە بە شێخێك بڵێیت کە ئەم خزمەتەی پێشکەش بەسوننەتی پێغەمبەر مان موحەممەد ﷺ کردبێت ؟

جاری وا هەیە ئارەزوو و دەمارگیری وا لە خاوەنەکەی دەکەن شتێك بکەوێتە دڵییەوە و قسە بە زانایان بکات ... برام ئێمە بانگێشی پارێزراوی لە هەڵە و تاوان بۆ هیچ کەس ناکەین ، شیخ چەند هەڵەیەکی هەیە بەڵام هەڵەکان (اجتهاد) ین ، و خۆیان لە هەندێك (إطلاقات) ـدا دەبیننەوە

---

[١] (أملاه : د . صالح بن سعد السحيمي عضو هيئة التدريس بالجامعة الإسلامية بالمدينة النبوية والمدرس بالمسجد النبوي ، في درس الفجر من يوم الاثنين الموافق ٢٩ ربيع الأول لعام ١٤٢٣ هـ) .
الرابط : (http://alathary.net/vb2/showthread.php?t=3934) .

كه هەندێك قۆستیانەتەوە و تۆمەتی ئیرجائیان داوەتەپاڵ شێخ .... براكانم خۆ دامالێن لە هەوا و ئارەزوو زۆر گرنگە لە حەقی موسڵماندا ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوای گەورەوە گێڕاویەتیەوە كه فەرموویەتی : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْب » ، ئەوانەی قسە بە شێخ دەڵێن حددادیەكانن وەكو (عبداللطیف باشمیل) وە هاوشێوەكانی ئەو ... وە ئەوانە پێشەنگی هیچ كەسێك نین ، وە فێرخواز و لێكۆڵەر نین ، زۆرێك لەوانە هەواو دەمارگیریان هەیە كه وایلێكردوون هیچ یەكێك لەزانایانی ئومەتیان نەهێشتووە قسەی پێنەڵێن نەك تەنها شێخ ناصر قسەیان بە زانایانی پێشینیش وتووە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بێت یان نا ڕاستەوخۆ !!! ... هتد .

شێخ (محمد علي فركوس) ی جەزائیری :

شێخ (محمد علي فركوس) ی جەزائیری ئەم پرسیارەی لێكرا : ((لقد تطاول بعض المشتغلين بالعلم على أهل العلم ، وتجاسروا بالذات على الشيخ العلامة ـ محمد ناصر الدين الألباني ـ رحمه الله ـ تَعَالَى ـ ، ووصفوه هو و تلامذته بالإرجاء لمخالفة لهم في حكم تارك الصلاة ، ولتصريحه بأنّ الأعمال الصالحة كلّها شرط كمالٍ عند أهل السنة ، فهل يجوز شرعا أن يوصف المخالف في هاتين المسألتين من كلا الجانبين بالإرجاء ؟ أفيدونا زادكم الله من فضله و سدّد خُطاكم)) ، واته : هەندێك لەوانەی سەر قاڵن بە عیلمەوە قسە بە زانایان دەڵێن بە تایبەتیش شیخ ئەلبانی ، وە وەسفی خۆی و قوتابییەكانی دەكەن بە ئیرجا لە بەر ئەوەی لە بابەتی حوكمی نوێژنەكەردا هاوڕا نیە لە گەڵیاندا ، وە لە بەر ئەوەی شێخ بە ڕاشكاوی دەڵێت كردەوە چاكەكان مەرجی كەماڵن لە لای ئەهلی سوننە ، ئایە لە ڕووی شەرعییەوە دروستە یەكێك لەو لایەنانەی كە ڕاجیاییان هەیە لەو دوو بابەتەدا بە ئیرجا وەسف بكرێن ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :

((إنّ الشيخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني أحد أئمّة الدعوة السلفية في عصرنا الحاضر وهو محدّث العصر وحافظ العصر ومن أشدِّ الذابين عن السنة النبوية المطهّرة وعن أهلها ، وقد كان له الفضل في بيان أصول المنهج السلفي السوّي ودعا إلى الانتساب إليه إيمانا واعتقادا ، فِقه وفهما وعبادةً وسلوكا وتربيةً وتزكية ، فكان فعلا محيي السنّة وقامِع

للبدعة ومجدّد هذا العصر وهو من الأوائل الداعّين إلى نبذ التقليد والتزام الدليل ، ولا شك أنه لا يسعنا هذا أن نجلس في تِعداد فضائله الكثيرة التي لا نستوفي حقّها .

أمّا وصفه بالإرجاء ، فلا ينبغي أن يوصفَ في مثل هذه المسائل ، كمسألة حكم تارك الصلاة التي أختلف فيها السلف من أهل السنة والجماعة ، ولا علاقة لها بمسائل الإرجاء لا من بعيد ولا من قريب ، ذلك بأنّ السلف وعلماء السلف الذين ذهبوا إلى القول بأنّ تارك الصلاة تكاسلا وعمدا أنّه مؤمن عاصي فكفرهُ كفرُ عمل لا ينقله عن الملّة ، هؤلاء أمثال الإمام مالك ، والشافعي ، والزهري ، وأبي حنيفة ، وأصحاب الرأي بل هو المشهور عن جمهور المتأخرّين ، بل أنّ الحنابلة أو جمهور الحنابلة يذهبون إلى هذا القول ، وهو اختيار أبي محمد المقدسي .رَحِمَهُ اللَّهُ. في المغني ، حيث أنّ الحنابلة خرّجوا عن الإمام أحمد فيه قولا بقتل الإمام له حدا ، يقتل الإمام التاركة الصلاة كسلا وعمدا أنّه يقتله عمدا ، وهذا لا يتم بناءه إلا على القول بعدم التكفير .

فإذا كان هؤلاء يصفون الشيخ محمد ناصر الدّين الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. بالإرجاء من أجل هذه المسألة فإنه يلزم من يدّعي أنّه قول المرجئة أن يُطلق هذا الوصف على هؤلاء جميعا .

وأكيد أن الخلاف في هذه المسألة معروف بين كثير من أهل العلم ولم يرِد منهم تبديع أحدٌ به و لا إطلاق وصفة إرجاء عليهم ، بل لا يجوز أصلا وصف أحد من أهل السنة وخاصةً إذا كانوا من أهل العلم الربّانيين بأنّهم مرجئة بسبب عدم تكفيرهم لتارك الصلاة ، ذلك لأنّ أهل السنة يُدخلون الأعمال ضمن الإيمان بخلاف المرجئة ، و الخلاف بين أهل السنة في هذه المسألة لا يترتّب عليه فساد اعتقاد لأنّ أهل السنّة يتّفِقون على أنّ مُرتكب الكبيرة لا يخرجُ من الإيمان بل هو في مشيئة اللَّه إن شاء عذّبه و إن شاء غفر له والقائلون بتكفير تارك الصلاة ضمّوا إلى هذا الأصل أدلّة أخرى ، فترجيح العلم لأحد الرأيين المتنازعين في هذه المسألة ينبغي أن يُرَاعى فيه منهجية البحث وأدب الخلاف وأن يبقى في حدود إتباع منهج

السلف الغير المؤثر على الأخوّة الإيمانيّة كما كان عليه الأمرُ السنّي سابقا ولا يكدّر صفاء مسيرة الدعوة السلفية ويُفسد مراميها وغاياتِها المَرجُوّة .

أمّا المسألة الثانية التي تفضّلتم بها وهي المتعلقة بشرطيّة الأعمال ، من المسائل التي وصِف فيها ظلماً وعدوانا الشيخ محمد ناصرالدين الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. بالإرجاء في شرطيّة الأعمال هل هي شرط صحّة أو شرط كمال ، فإنه لا يُساورُنا شك أنّ الإيمان عند أهل السنّة والجماعة يتمثّل في تصديق بالقلب والإقرار أو النطق باللسان وعمل بالجوارح والأركان .

وأهل السنة يختلفون مع المرجئة سواء جهمية مرجئة وهم الذين يعتقدون أنّ الإيمان هو المعرفة أو الكرّامية وهو القائلون أن الإيمان قول باللسان دون القلب أو مرجئة الفقهاء وهو الذين يقصدون الإيمان على اعتقاد القلب وقول اللسان ، وهذه الأصناف الثلاثة من المرجئة أخرجوا العمل عن مُسمّى الإيمان ، وأكيد أنّ هذا المذهب أو هذه الفرقة الضالّة ليست على نهج السنّة وأهلها في إدخال الأعمال في دائرة الإيمان .

ومن هنا يظهرُ جليًّا أنّ الشيخ الحافظ محمد ناصرالدين الألباني وإن جعل العمل شرط كمالٍ على الوجوب في الإيمان إلا أنّه لم يُخرج العمل عن مُسمّى الإيمان بل متى ترك العمل فإنّ إيمانه ناقص ويَأثم ويستحق العقاب والعذاب ، إلا أنه لا يُخلّد في النار بل الإيمان عنده يزيد وينقص ، ولا ريب أنّ هذا مُخالفٌ تماما لقول المرجئة من ناحية أنّهم يعتقدون أنّ من نطق بالشهادتين فهو مؤمنٌ مستكمل الإيمان !!! ، ويرون أنّ تارك العمل كالعامل !!! ، ومقترف السيّئات والموبقات فجميعهم إيمانهم واحد على أصلهم !! بمعنى أنّ الإيمان على أصلِهم أنّه لا يزيد ولا ينقص .

ولا يخفى أنّ هذا المذهب لا يقول به الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. ولا غيره من أهل السنّة أبدا ، ذلك لأنّ من قال أنّ الإيمان يزيد بالطاعة وينقص بالمعصيّة أنّه اعتقاد وقول وعمل

فقد برئ من الإرجاء كلّه أولّه و أخره كما نُقل ذلك عن الإمام أحمد بن حنبل و البربهاري وغيره من أهل السنة .

ثمّ إنّ الشيخ الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. لم ينفرِد بهذا القول أي بأنّ الأعمال كماليّة دون سائر أهل السنّة أجمعين وإنّما في مقالة أبي عبيد القاسم بن السلام في كتابه (الإيمان) وكذلك ما ورد عن الحافظ بن رجب في (فتح الباري) ما فيه إشارة إلى هذا القول ، بل هو مقتضى مذهب كل من لم يُكفر تارك الصلاة ، فمقتضى الكلام القائلين بعدم تكفير تارك الصلاة يلزم منهم ما يلزم قول الشيخ الألباني في ما ذهب إليه وعلى رأسهم الأئمة الكبار من أهل السنة و الجماعة .

وعليه فإنه يلزم إطلاق هذا الوصف عليهم جميعاً وهذا باطِلٌ بلا ريب ، لذلك الواجب توقير العلماء لكونهم ورثة الأنبياء مع اقتران توقيرهم بالمحبّة الصادقة لأهل العلم والعدل والتقوى والإخلاص وتحسين الظنِّ به وإنزالهم المنازل الجديرة بهم مع عدم الاعتقاد العصمة فيهم ؛ فإنّ ذلك إحدى علامات أهل السنة وهي حبّهم لأئمة السنة وعلماءها وأنصارها وأولياءها ، أمّا علامة أهل البدع فالوقيعة في أهل الأثر .

وعليه فإنّه إذا كان الاختلاف على الأنبياء سببا في هلاك من قبلنا ، فالاختلاف على ورثة الأنبياء بالباطل لا يجوز لأنه يؤدي إلى الهلاك على نحو ما أخبر به النبيّ ﷺ حيث قال : « إِنَّمَا هَلَكَ الَّذِيْنَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ ، وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ » .

أسأل الله .سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. أن يُعزّ أولياءه ويذلّ أعداءه ويهدينا للحق فهو حسبنا ونعم الوكيل وبكلّ جميل كفيل وعليه الاتكال في الحال والمآل والحمد للَّه ربّ العالمين)) [1] .

واته : نابێت لەم بابەتانەدا وەسف بکرێت بە ئیرجا ، وەکو بابەتی حوکمی نوێژنەکەر کە سەلەف لەئەهلی سوننە وجەماعە جیاوازیان تێدا هەبووە نە لە نزیك وە نە لە دوورەوە پەیوەندی

---

[1] (مجالس تذكيرية على مسائل منهجية ، السؤال : ١٨) .

بە ئیرجائەوە نیە زانایانی پێشین وەکو (پێشەوا مالیك وشافعی وزوهری وئەبو حەنیفە) لەسەر ئەو بۆچونەن کە نوێژنەکەر بەتەمبەڵی باوەڕدارێکی سەرپێچی کارە و کوفرەکەی کوفرێکی کرداریە و لەمیللەتی ئیسلام دەری ناکات تەنانەت ئەم بۆچونە لای جمهوری زانا پاشینەکان وەرگیراوە ، وجمهوری حەنبەلیەکان ئەم بۆچونەیان هەیە ، وە ئەمەش بۆچونی (أبو محمد المقدسي) لە کتێبی (المغني) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ ....

ئەگەر ئەو کەسانە شێخ ئەلبانی بە ئیرجا وەسف بکەن لەسەر کافرنەکردنی نوێژنەکەر ئەوا دەبێت ئەو پێشەوایانەی تریش کە هەمان بۆچوونیان هەیە بەو شیوەیە وەسف بکەن .

بە دڵنیاییەوە خیلاف لەم بابەتەدا لەنێوان زانایاندا شتێکی زانراوە ولێیانەوە نەهاتووە کە کەسی پێ (تبدیع) کرابێت یان کەس بە (ئیرجاء) وەسف کرابێت ، بەڵکو دروست نیە وەسفی هیچ یەکێك لەئەهلی سوننە بەتایبەتیش زانایان بکرێت بە (مورجیئە) بەهۆی ئەوەی کە نوێژنەکەر کافرناکەن ، چونکە ئەهلی سوننە بەپێچەوای مورجیئەوە کردەوە دەخەنە پێناسەی باوەڕەوە ، وە جیاوازی نێوان ئەهلی سوننە لەم بابەتە خراپی بیروباوەڕی لێ ناکەوێتەوە چونکە ئەهلی سوننە یەکڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی تاوانی گەورە بکات لە باوەڕ دەرناچێت بەڵکو لە ژێر ویستی خوا دایە ئەگەر ویستی لە سەر بێت سزای دەدات و ئەگەر ویستی لە سەر بێت لێ ی خۆش دەبێت ، بەڵام ئەوانەی تەکفیری نوێژنەکەر دەکەن چەند بەڵگەیەکی تریان بۆ ئەم بنچینەیە زیادکردووە ، بۆیە پەسەند کردنی هەر بۆچونێك لەوانە پێویستە ڕەچاوی پەیڕەوی توێژینەوە و ئەدەبی خیلافی تێدا بکرێت وە لە سنوری شوێنکەوتنی پەیڕەوی پێشین دا بمێنێتەوە کە کاریگەری نەبێت لەسەر برایەتی ئیمانی ... وە پاکی ڕێڕەوی بانگەوازی سەلەفیەت لەکەدار نەکات و ئامانجەکانی خراپ نەکات .

بەڵام سەبارەت بە بابەتی دووەم : کە پەیوەستە بە مەرجیەتی کردەوەکان ، لەو بابەتانەیە کە بە ستەم و دوژمنکاری تیایدا (محمد ناصر الدين الالباني) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ بە (ئیرجا) وەسف کراوە ...

ئەهلی سوننە جیاوازن لەگەڵ مورجیئەدا جا مورجیئەی جەهمیە بێت کە پێان وایە : باوەڕ بریتیە لە زانین (معرفة) ، یان مورجیئەی (کەڕامیە) کە دەڵێن : باوەڕ تەنها وتنە بە زمان

بە بێ دڵ ، وە مورجیئەی (فوقەها) کە دەڵێن : بیروباوەڕی دڵ و ووتەی زمانە ، ئەم سێ کۆمەڵە مورجیئە کردەوەیان لەناو لێنراو (المسمی) ـی باوەڕ دەرکردووە ، بە دڵنیاییەوە ئەم مەزهەبە یان ئەم کۆمەڵە گومڕایە لە سەر پەیڕەوی سوننەت وئەهلی سوننە نیە لە داخل کردنی کردەوە بۆ ناو چوار چێوەی باوەڕ .

لێرەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە شێخی (الحافظ محمد ناصرالدین الألباني) ئەگەرچی کردەوەی بەمەرجی کەمال داناوە لە باوەڕدا بەڵام کردەوەی لە ناولێنراو (المسمی) ـی باوەڕ دەرنەکردووە ، بەڵکو هەر کاتێك کەسەکە کردەوەی نەکرد باوەڕەکەی ناتەواوە و تاوانبار دەبێت و شیاوی تۆڵە و سزایە . ئاگادار بە بەهەمیشەیی نامێنێتەوە بەڵکو باوەڕ لە لای ئەو زیاد دەکات و کەم دەکات .

وە گومانی تێدا نیە ئەمەش پێچەوانە ووتەی مورجیئەیە لە ڕووی ئەوەی کە ئەوان پێیان وایە هەر کەسێك شایەتومان بهێنێت ئەو باوەڕدارێکە باوەڕ تەواوە ، وە پێیان وایە ئەو کەسەی کردەوە ناکات وەکو ئەوە وایە کە کردەوە دەکات و تاوانی لەناو بەر دەکات هەموویان یەك باوەڕیان هەیە واتە بەپێی ئەو بنچینەیەی ئەوان باوەڕ زیاد و کەم ناکات .

شاراوە نیە ئەم مەزهەبەی مورجیئە نە شێخ ئەلبانی ـ رحمەتی خوای لێ بێت ـ وە نەجگەلەویش لە ئەهلی سوننە هەرگیز نە یانوتووە ، چونکە هەر کەس بڵێت باوەڕ بە گوێڕیەڵی زیاد دەکات و بە سەر پێچی و تاوان کەم دەکات باوەڕ (إیمان) بیروباوەڕ و ووتە و کردەوەیە ، ئەوا بە تەواوی لە (ئیرجا) بەری بووە ، وەکو چۆن پێشەوا (أحمد بن حنبل) و (البربهاري) و جگە لەوانیش لە ئەهلی سوننە گێڕدراوەتەوە .

پاشان شێخ ئەلبانی ـ رحمەتی خوای لێبێت ـ خۆی بە تەنها نەی ووتووە کردەوە مەرجی کەماڵە لە باوەڕ بەڵکو لە کتێبی (الإیمان) ـی (أبو عبید القاسم بن سلام) ، و ئەوەی لە (ابن رجب) ـەوە گێڕدراوەتەوە لە (فتح الباري) ـدا ئاماژەی بۆ ئەم وتەیە تێدایە بەڵکو خوازراوی (مقتضی) ـی بۆچونی هەموو ئەوانەیە کە نوێژنەکەر کافر نازانن ... لە سەرووی هەمووشیانەوە زانا گەورەکانی ئەهلی سوننە و جماعە ... بۆیە پێویستە ڕێز لە زانایان بگیردرێت چونکە ئەوان میراتگری پێغەمبەرانن ـ صەلاَت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ ... هتد .

جیاوازی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە لە لێکدانەوەی زاراوەی (شرط) ـدا جیاوازیەکی گۆڕی (لفظ) بە نەك حەقیقی !

❑ پلە و پایەی کردەوە لە ئیماندا و پەیوەندیان بە یەکەوە :

لە پرس و باسەکانی پێشودا ـ لەم نووسراوەی کە لەبەر دەستدایە ـ ئەوە ئاشکرا بوو کە : ئیمان لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە بریتیە لە : ووتە وکردەوە ، ووتەش : ووتەی دڵ و ووتەی زمانە ، وکردەوەش : کردەوەی دڵ وکردەوەی ئەندامەکان و ڕووکەشە .

ووتەی دڵیش بریتیە لە : بەڕاست دانان (التصديق) و زانین و مەعریفەی دڵ ...

ووتەی زمانیش بریتیە لە : ووتنی شایەتومان (لا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) کە زانایانی کۆڕان لەسەر ئەوەی کە نەووتنی لەگەڵ بوونی توانا و نەبوونی هیچ ڕێگرێك پاشگەزبوونەوە و بەتاڵبوونەوەی ئەوەیە کە لەدڵدا هەیە لەئیمان .

وە بریتیە : لەهەموو ئەو زیکر و ووتن وخوێندنانەی کە بەزمان ئەنجام دەدرێن ... لە خوێندی قورئان و ووتنی : (سبحان اللَّه) و (الحمد للَّه) و (اللَّه أكبر) ... هەموو یاد و زیکرەکانی تر ، و هەموو ئەو فەرمان بەچاکە کردنانە کە بەزمان دەکرێت ، و هەموو ئەو یاساغیانەش کە بەزمان دەکرێت لە خراپە ...

کردەوەی دڵیش بریتیە لە : ئیخلاص و ترسان لەخوا و ڕەجابوون و تەوەکول و ... هتد .

کردەوەی ڕووکەش و ئەندامەکانیش بریتیە لە : نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و دانی زەکات و حەجکردنی ماڵی خوای پەروەردگار ، و دەستنوێژ گرتن و تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگا و هەموو ئەو کردەوانەی کە بە ئەندامەکانی لەش و ڕووکەش ئەنجام دەدرێن .

کردەوەش بەگشتی ـ کردەوەی دڵ بێت یان کردەوەی ئەندامەکان و ڕووکەش ـ : بەبەشێك لە ئیمان دادەنرێت ، وازهێنان و نەکردنی تاکەکانی کردەوە ـ جگە لەنوێژ کە جێگەی مشتومڕ و جیاوازی زانایانە لەکۆن و تازەدا ـ بە کوفر دانانرێت ، بە پێچەوانەی بۆچوونی خەواریجەکان کە وازهێنانیان لەتاکەکانی کردەوە بەکوفر زانیوە !!! بەڵام ـ لەلای ئەهلی سوننە وزانایانی سەلەفی ـ وازهێنان لەتاکەکانی کردەوە کاریگەری دەبێت لە کەمبوونەوە ئیمان ، نەك کافربوونی

خاوەنەکەی ، هەر ئەمەش پێچەوانە بوونەوەیە بۆ بۆچوونی مورجیئەکان کە نەکردنی کردەوە ـ لەلایان ـ هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر ئیمان .

بەڵام : وازهێنان گشتی لەهەموو پێویست و داواکاریەکانی ئیسلام ، کە کردەوەی ئەندامەکان و ڕووکەش ـ ترك جنس العمل ـ کردار بن یان گوفتار ـ سەرەڕای مانەوەیەکی زۆر لەژیاندا ـ دوای هێنان و ووتنی شایەتومان ـ و نەبوونی هیچ بەربەستێك بۆ ئەنجامدانی کردەوەکان ، بەکوفر دادەنرێت ، بە کۆڕای زانایانی پێشین و زانایانی سەلەفی لەم سەردەمەدا .

ئەم کورتە باسە : لەووتەی زانایانی پێشین و زانایانی سەلەفی لەم سەردەمەدا لەباس و ووتە وپیادەکردنی کرداریان دەردەکەوێت ، لەگەڵ ئاماژەکردن بەجیاوازیان لەگوزارش و ووتەکانیان ، کە دەبینین هەندێکیان دەلێن : کردەوە بەش (جزء) ـە لەئیمان ، یان هەندێکی تریان : زاراوەی مەرج (شرط) ـیان لەجیاتی بەش (جزء) بەکارهێناوە ، یان هەندێکی تریان ڕوکنیان بەکارهێناوە ... هتد ... لەگەڵ هاودەنگیان لەوەی کە کردەوە بەشێکە لەئیمان .

پاشان دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت کە : مەبەست لە زاراوەی مەرج (شرط) لە ووتەکانیاندا مەبەستی زمانەوانیە نەك مەبەست پێی زاراوەیی بێت ، جا بابزانین ووشەی (شرط) لە زمانەوانی و زاراوەدا بە واتای چی هاتووە ، چۆن باسی لێوە کراوە ؟

❑ واتای (شرط) لەزمانەوانی و زاراوەی زاناپانی ئوصوڵدا :

ووشەی (شرط) لەزمانەوانیدا :

لەهەندێك لەفەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هاتووە کە ووشەی (شرط) بەواتای نیشانە دێت ، ئەوەتا (ابن الفارس) دەڵێت : ((شرط : الشين والراء والطاء : أصلٌ يدلُّ على عَلَمٍ وعلامة ، وما قارب ذلك من عَلَم . من ذلك الشَّرَط العَلَامة . وأشراط الساعة : علاماتُها)) [1] ، واتە : پیتی شین و ڕاو و (طاء) بنەوایەکە بەواتای نیشانە دێتەوە ، یان ئەو واتایانەی کە نزیکن لێیەوە ، لەوانەش ووشەی (الشَّرَط) ـە کە واتای نیشانەیە ، و (أشراط الساعة) ش واتە : نیشانەکانی ڕۆژی دوایی .

---

[1] (معجم مقاييس اللغة ، لابن فارس : ٣ / ٢٦٠) .

بۆیە دەبینین پێشەوا (ابن عثیمین) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەواتای زمانەوانی ئەم ووشەیەدا فەرموویەتی : ((الشَّـرط لُغةً : العلامة ، ومنه قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلاَّ السَّاعَةَ أَنْ تَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا ﴾ (محمد : ١٨) ، أي : علاماتها)) [١] .

بەڵام پێشەوا شەوکانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای گێڕانەوەی ئەم واتایە فەرموویەتی :

((واعترض عليه : بما في (الصحاح) وغيره من كتب اللغة ، بأن الذي بمعنى العلامة هو الشَـرَطُ بالتحريك ، وجمعه أشراط ، ومنه أشراط الساعة ، أي : علاماتها .

وأما الشَـرْطُ ، بالسكون : فجمعه شروط ، هذا جمع الكثرة فيه ، ويقال في جمع القلة منه أشرط كفلوس وأفلس)) [٢] ، واتە : وە ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە بەوەی کە لە (الصحاح) و جگە لەویشدا هاتووە کە : ئەوەی کە بەواتای نیشانە دێتەوە وشەی (الشَـرَط) ـەیە ، و کۆکەشی (أشراط) ، و هەر لەوەشەوە (أشراط الساعة) وەرگیراوە کە واتای : نیشانەکانی دواڕۆژە .

بەڵام ووشەی (الشَـرْط) کۆکردنەوەکەی (شروط) ـە ، ئەمەیان (جمع الكثرة) ـە و بۆ کۆکۆدنەوەی بە (جمع القلة) دەووترێت : (أشرط) ، وەکو (فلوس وأفلس) .

بەڵام سەرەڕای ئەوە ووشەی (شَـرْط) لە فەرنگەکانی زمانی عەرەبیدا بەچەند واتایەکی تر هاتووە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن :

١ ـ بەواتای (الشَّق) درز : (ابن دريد) فەرموویەتی : ((وَالشَّـرْطُ أَصْلُهُ الشَّقُّ)) [٣] ، واتە : بنەوای (شرط) بریتە لە درز .

٢ ـ بە واتای (إِلزامُ الشيء والتِزامُه) پابەندکردن وپابەندبوون بەشتێکەوە : (ابن المنظور) سەبارەت بەم واتایە فەرموویەتی : ((والشَّـرْطُ : إِلزامُ الشيء والتِزامُه في البيعِ ونحوه والجمع

---

[١] (الشرح الممتع على زاد المستقنع ، لابن العثيمين ، باب شروط الصَّلاة : ٢ / ٩٣) .

[٢] (إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول ، للإمام الشوكاني : ج ١/ ص ٣٧٥ ، المسألة الثانية عشرة : التخصيص بالشرط) .

[٣] (جمهرة اللغة ، للأزدي : ٢ / ٧٢٦) .

شُروط ...)) [١] ، واتە : مەرج بریتیە لە : پابەندکردن و پابەندبوون بە شتێکەوە . بۆیە لەهەندێك لەکتێبەکانی ئوصولدا هاتووە : ((والشرط لغة : إلْزام الشيء والتزامه)) [٢] .

ووشەی (شرط) لەزاراوەی ئوصولیەکاندا :

زانایانی ئوصل لە پێناسەکردنی زاراوەی (شرط) ـدا فەرموویانە : ((مَا يَلْزَمُ مِنْ عَدَمِهِ الْعَدَمُ ، وَلَا يَلْزَمُ مِنْ وُجُودِهِ الْوُجُودُ)) [٣] ، واتە : ئەوەیە کە نەبوونی نەبوونی ئەو شتە دەخوازێت کە بەشە لێی ، بەڵام بوونی بوونی ئەو شتە ناخوازێت کە بەشە لێی .

وە پێشەوا شەوکانیش فەرموویەتی : ((وَأَحْسَنُ مَا قِيْلَ فِي حَدِّهِ : أَنَّهُ مَا يُتَوَقَّفُ عَلَيْهِ الْوُجُودُ ، ...)) [٤] ، واتە : باشترین ووتەیەك کە سەبارەت بە (شرط) ووترابێت ئەوەیە کە : ئەو شتەیە کە بوونی ئەو شتەی لەسەر بەندە کە بەشە لێی .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ زیاد لەسەر ئەوەی کە (شرط) بەنەبوونی ئەو شتە بەتاڵ دەکاتەوە کە بەشە لێی ، فەرموویەتی : (شرط) دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی شتەکەوە ،

---

[١] (لسان العرب ، لابن المنظور : ٧ / ٣٢٩) ، وە بڕوانە : ((ش ر ط ، الشَّرْطُ : إلْزامُ الشَّيْء والْتِزامُه في البَيْعِ ونحوِه)) (تاج العروس من جواهر القاموس ، للزَّبيدي : ١٩ / ٤٠٤) ، وە بە هەمان شێوە لە (المعجم الوسيط) ـدا هاتووە : ((الشرط : ما يوضع ليلتزم في بيع أو نحوه)) (المعجم الوسيط ، لمجموعة : ١/ ٤٧٩) .

[٢] (العقد الثمين في شرح منظومة الشيخ ابن عثيمين ، للمشيقح : ١/ ١٠٠) ، وە بڕوانە : (إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول ، للشوكاني : ج ١/ ص٢٧) .

[٣] (الشرح الممتع على زاد المستقنع ، لابن العثيمين : ٢ / ٩٣ ، بابُ شُرُوط الصَّلاة) ، و (العقد الثمين في شرح منظومة الشيخ ابن عثيمين ، للمشيقح : ١/ ١٠٠) ، وانظر : (إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول ، للشوكاني : ج ١/ ص ٢٧) .

[٤] (إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول ، للشوكاني : ج ١/ ص ٣٧٦ ، المسألة الثانية عشرة : التخصيص بالشرط) .

هەروەکو لەم ووتەیەیدا هاتووە : ((و الشرط : كالركن [١] إلا أنه يكون خارجاً عما هو شرط فيه . كالوضوء مثلاً في الصلاة . فلا تصح بدونه)) [٢] .

وە پێشەوا (ابن عثيمين) یش فەرموویەتی : ((شروط الصلاة : ما يتوقف عليه صحة الصلاة من أمور خارجة عن ماهيتها ، ...)) [٣] ، واتە : مەرجەکانی نوێژ : ئەوانەن کە دروستی نوێژیان لەسەر دەوەستێت ، لە شتێلێك کە دەکەونە دەرەوەی ماهیەتەوە .

کەواتە بەوە دەگەین : کە (شرط) لەزاراوەدا بریتیە لەوەی کە بەنەبوونی حوکم بەبەتاڵی لەسەر ماهیەتی ئەو شتە دەدرێت کە بەشە لێی ، ودەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی شتەکەوە .

❑ دروستی ونادروستی بەکارهێنانی ئوصوڵیانە بۆ زاراوەکی (شرط) لە پرس و باسەکانی ئیماندا و دەرەنجامی ئرسناکی ئەو بەکارهێنانە :

ئەگەر زانرا کە ووشەی (شرط) لە لای ئوصوڵیەکان بریتیە : لەوەی کە بە نەبوونی حوکمی بەتاڵی لەسەر ماهیەتی ئەو شتە دەدرێت کە بەشە لێی ، و دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی شتەکەوە ، کەواتە بەکارهێنانی ئەم ووشەیە و بەواتای زاراوەیی ئوصوڵی لە باس و پرسی کردەوە و پەیوەندی بە ئیمانەوە ، بەکارهێنانێکی نادروستە وئاکامێکی خراپی لێ دەخوێنرێتەوە [٤] ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

---

[١] وە لە پێناسەی (الركن) ـدا فەرموویەتی : ((هو ما يتم به الشيء الذي هو فيه ، ويلزم من عدم وجوده بطلان ما هو ركن فيه ، كالركوع مثلاً في الصلاة ، فهو ركن فيها ، يلزم من عدمه بطلانها)) (تلخيص صفة صلاة النبي ﷺ ، للألباني : ١/ ١) .

[٢] (تلخيص صفة صلاة النبي ﷺ ، للألباني : ١/ ١) .

[٣] (مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : ١٢/ ٣٧٤ ، السؤال : ٣٥٧) .

[٤] شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ لەوەڵامی پرسیارێك کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((هناك من يرمي محدث العصر الإمام الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. بالإرجاء . نرجو التعليق)) .

شێخ ڕەبیعیش لە وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە دەڵێت : ((و نحن نقول إن أدق العبارات هي عبارات السلف : (العمل من الإيمان) أو (الإيمان قول وعمل) بدلا من أن نمتحن الناس بألفاظ قد ترد

یەکەم : ئەگەر بووترێت تاکەکانی کردەوە لە حوکمدا وەکو حوکمی (شـرط) وایە !!! ئەو کاتە بۆچوونی خەواریج لەووتەکە دەخوێنرێتەوە ، چونکە (شـرط) بەنەبوونی ماهیەتەکە بەتاڵ دەبێتەوە ، ئەو کاتەش بەنەبوونی تاکی کردەوە ئیمان بەتاڵ دەبێتەوە !!! کە ئەمەش بۆچوونی خەواریجە کە دەڵێن : ئیمان یەك بەشە ، و پارچە پارچە نابێت ، بە نەمانی بەشێکی ئیمانەکە بە تەواوی بەتاڵ دەبێتەوە !!! بەتاڵی ئەم بۆچوونەش ئاشکرایە !!!

دووەم : ئەگەر بووترێت کردەوە لەشوین وجێگەی لەماهیەتی ئیماندا وەکو شوێن و جێگەی (شـرط) وایە !!! ئەو کاتە کردەوە دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتەوە هەروەکو چۆن (شـرط) دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی ئەو شتەی کە بەشە لێی ، بەوەش کردەوە لەئێمان دێتەدەر ، هەروەکو چۆن (شـرط) لە ماهیەتی شتەکان بەدەرە !!! بەمەش بۆچوونی مورجیئەی گومڕا لە ووتەکە دەخوێنرێتەوە !!! بەتاڵی ئەمەشیان وەمو بۆچوونەکەی پێشوو ئاشکرایە !!!

بۆیە بەکارهێنانی ووشەی (شـرط) لە باس و پرسی کردەوە و پەیوەندی بە ئیمانەوە ، بە واتای زاراوەیی بەکارهێنانێکی هەڵەیە و ئاکامێکی ترسناکی لێدەکەوێتەوە ، هەروەکو خرایە ڕوو ، و ئاشکرا کرا (١) .

هەر لەبەر ئەمەیە ـ لێرەدا ـ نووسەری ئەم چەند ووشەیە کە لەبەر دەستدایە بەدڵنیاییەوە و بەبێ هیچ گومانێك دەتوانێت بڵێت : کە بەکارهێنانی زانایانی پایەبەرزی سەلەف و ئەهلی سوننە وجەماعە ، وەك پێشەوایان (البغوي) و (ابن بطة العكبري) و (شيخ الإسلام ابن تيمية) لەپێشینان وپێشەوایان (الحافظ الحكمي وابن باز والألباني وابن عثيمين) لەم

عليها إلزامات ؛ إما أن ترد عليها من قِبَلِ الخوارج وإما أن ترد عليها من قِبَلِ المرجئة . فالتقيد بألفاظ السلف فيه خير كبير ... إلخ)) (شرح نواقض الإسلام ، الشريط ١) .

(١) بەهەمان شێوە بەکارهێنانی هەندێك لە زانایان بۆ ووشە و زاراوەی (الركن) لە باسی پەیوەندی کردەوەکان ـ بەتایبەت چوار پایە کرداریەکەی ئیسلام : نوێژ وڕۆژوو وزەکات وحەج ـ بە ئیمانەوە ، بەواتای زاراوەیی نیە ، بەڵکو بە واتای زمانەوانیە و بە واتای (جزء) واتە بەش دێت ، نەك بەوەی کە ئەگەر هەریەك لەوانە نەمان ئیمانەکەنە بەتاڵ دەبێتەوە !!! هەروەك دەبینین پێشەوا وشێخی پایەبەرزی ئیسلام لە هەندێك شوێنی (المجموع) ـدا ئەوەی بەکارهێناوە .

سەردەمە ـ بەتایبەت پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە کەسایەتی ئەم باس وتوێژینەوەیە ـ بۆ ووشەی (شـرط) لە باس وپرسی کردەوە وپەیوەندی بەئیمانەوە بەکارهێنانی زاراوەیی نیە ، بەڵکو بە واتای بەش (جزء) بەکاریان هێناوە ، چونکە ئەو گران قەدرانە بەڕاشکاوی لە ووتەکانیاندا فەرموویانە : کردەوە بەشێکە لەئیمان ، و بەکرداریشیان ئەوەیان سەلماندووە و ئاشکرایان کردووە ، ئەمەش ـ وەك نمونە ـ چەند ووتەیەکی ئەو ئپێشەوایانەیە ـ بە ڕەحمەت بن ـ لەو بارەیەوە کە تیایدا ئەو ووشەیەیان تێیدا بەکارهێناوە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

✍ ووتەی پێشەوا (البغوي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا (البغوي) لە ووتەیەکیدا فەرموویەتی : ((وقوله : « مَا الْإِحْسَانُ » فإن معنى الإحسان هاهنا : الإخلاص ، وهو شـرط في صحة الإيمـان والإسلام معا)) [1] ، وە مەبەست لەو ووتەیەی جبریل ـ عَلَيْهِ السَّلَامُ ـ کە هاتووە دەپرسێت (الإحسان) چیە ؟ لێرەدا بە واتای ئیخلاص دێتەوە ، کە (شـرط) ـە بۆ دروستی ئیمان وئیسلامیش .

کەواتە ئەگەر وا بێت کە بەکارهێنانی پێشەوایان بۆ ووشەی (شـرط) بە واتای زاراوەییە ، نەك بە واتا زمانەوانەییەکەی کە بەواتای بەش دێت ، ئەوا دەبێت لێرەدا بووترێت : ئەم پێشەوایە ئیخلاص بە بەشێکی دەرەکی دەزانێت لە دەرەوەی ماهیەت !!!

✍ ووتەی پێشەوا (ابن بطة العكبـري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا (ابن بطة) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە باسی تەوەکولدا فەرموویەتی : ((فالتوكل : شـرط في صحة الإيمـان ، وهو الاعتمـاد على اللَّـه ، وتفويض الأمر إليه ، بعد فعل الأسباب النافعة ، هذا هو الاستعانة والتوكل ، يـجمع أمرين ....)) [2] ، واتە : تەوەکول (شـرط) بۆ دروستی ئیمان ، ... هتد واتاکەی ، کەواتە سەبارەت بە ووتەی ئەم پێشەوایەش هەمان ئەوە

---

[1] (شـرح السنة ـ للإمام البغوى متنا وشـرحا : ١ / ١١) .

[2] (الإبانة الصغرى ، لابن بطة : ج ١/ ص ٢٨) .

دەووترێت ، کە سەبارەت بەووتەکەی پێشەوا (البغوي) ووترا !!! بەڵام نەئەم و نەئەویشیان ئەوەیان مەبەست نیە کە ئەو دوو کردەوەیەی دڵ لە ئیمان دەربکەن و بەبەشی نەزانن لەئیمان !!!

هەر ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە نوێژ دەفەرموێت : ((لأن الصلاة شرط في صحة الإيمان والتوحيد ، فإذا لم يصل فإنها تنتقض عليه كلمة التوحيد ، ما يكون موحدا إلا إذا صلى ، فإذا صلى يكون موحدا ، يكون إذا ترك الصلاة انتقض توحيده ، كما لو توضأ ثم أحدث ينتقض وضوءه ، كما أن الوضوء شرط في صحة الصلاة ، فكذلك : الصلاة شرط في صحة الإيمان والتوحيد)) [1] .

کە بە ئاشکرا و ڕاشکاوی ئەوە دەردەبڕێت کە نوێژ (شرط) ـە بۆ دروستی ئیمان !!! لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی ستەم لێکردنە کە بووترێت ، ئەم پێشەوایە نوێژ کە گەورەترین کردەوەی کرداریە لە پایەکانی ئیسلام لە ئیمان دەردەکات !!!!

✍ ووتەی پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا (ابن تيمية) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو ئەو زانایانەی پێش خۆی ووشەی (شرط) بەکار هێناوە لە باسی ئیماندا ، هەروەك فەرموویەتی : ((إن الذي عليه الجماعة : أن من لم يتكلم بالإيمان بلسانه من غير عذر لم ينفعه ما في قلبه من المعرفة ، وأن القول من القادر عليه شرط في صحة الإيمان ، ....)) [2] ، واتە : ووتەی زمان ـ کە لێرەدا مەبەست پێی ووتنی شایەتوومانە ـ (شرط) ـە لە دروستی ئیمان ، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ـ ئەگەر بووترێت بەکارهێنانەکەی بۆ ووشەی (شرط) زاراوەییە کە دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتەوە ـ پێشەوا (ابن تيمية) ـ ووتەی زمان لە ئیمان دەردەکات !!!!! کە واش نیە !!!!!

---

[1] (الإبانة الصغرى ، لابن بطة : ج ١/ ص ٣٠٩) .

[2] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية : ٦/ ١٢) .

✍ ووتەی پێشەوا (الحافظ الحكمي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

ئەوەتا پێشەوا (الحافظ الحكمي) یش لە ووتەیەکیدا بە ئاشکرا ووشەی (شرط) بەکاردێنێت لەباسی ئەوەی کە جیاوازی بۆچوونی پێشین و زانایانی سەلەف ، لەگەڵ لاڕێبوواندا لە باسی ئەوەی کە کردەوە (شرط الكمال) ـە یان (شرط الصحة) یە فەرموویەتی : ((أن السلف لم يجعلوا كل الأعمال شرطا في الصحة ، بل جعلوا كثير منها شرطا في الكمال ، كما قال عمر بن عبدالعزيز فيها : (من استكملها استكمل الإيمان ، ومن لم يستكملها لم يستكمل الإيمان) . والمعتزلة : جعلوها كلها شرطا في الصحة ، واللَّه أعلم)) [1] ، واتە : وە جیاوازیش لە نێوان ئەمە و ووتەی پێشین و سەلەفی صالح ئەوەیە کە : سەلەفی صالح هەموو کردەوەکانیان بە مەرج دانەناوە بۆ دروستی ئیمان ، بەڵکو زۆرێکیان بەمەرج داناوە بۆ کەماڵی ئیمان ، هەروەکو پێشەوا (عمر) ـی کوڕی (عبدالعزيز) سەبەرەت بەکردەوەکان فەرموویەتی : ئەو کەسەی تەواوی بکات ئەوا ئیمانەکەی کامڵ کردووە ، وە ئەو کەسەش کە تەواوی نەکردووە ئەوا ئیمانەکەی کامڵ و تەواو نەکردووە ، بەڵام لەبەرامبەریشدا ، موعتەزیلەکان : هەموو کردەوەکانیان بە مەرج داناوە بۆ دروستی ئیمان ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

لەو باوەڕدا نیم کەسێك هەبێت بڵێت : کە پێشەوا (الحكمي) کردەوە لە ئیمان نازانێت !!!

✍ ووتەی پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا (ابن باز) گەورە زانای هاوچەرخی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە چەندەها ووتە وفەتوایدا لەباسی کردەوەدا ئاماژەی بەوە داوە کە کردەوەکان بە (شرط) دادەنرێن لە ئیماندا ، کەچی بە هیچ شێوەیەك ـ هەروەکو چۆن پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە هیچ شێوەك مەبەستی ئەوەی نیە ـ مەبەستی ئەوە نیە کە کردەوە لە ئیمان دەربکات ، و بە بەشێکی نەزانێت لە ئیمان ، لەو ووتەو فەتوایانەش :

شێخ (عبدالعزيز بن فيصل الراجحي) لە ڕۆژنامەی (الجزيرة) ـدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت : ((سألت شيخنا الإمام ابن باز ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ عام (١٤١٥هـ) ـ وكنا في أحد دروسه ـرَحِمَهُ

---

[1] (معارج القبول ، للحكمي : ٢ / ٦٠٢) .

اللَّهُ.ـ عن الأعمال : أهي شرط صحة للإيمان ، أم شرط كمال ؟)) ، واته : له سالّی (١٤١٥ ك) پرسیارم له شێخمان پێشەوا (ابن باز) کرد کاتێك له یەکێك له دەرسەکانیدا بووین سەبارەت به کردەوە : ئایا مەرجە بۆ دروستی ئیمان ، یان مەرجە بۆ تەواوی و کاملێتی ؟

پێشەوا (ابن باز) یش ـ به ڕەحمەت بێت ـ له وەڵامدا فەرمووی : ((من الأعمال شرط صحة للإيمان لا يصح الإيمان إلا بها كالصلاة ، فمن تركها فقد كفر . ومنها ما هو شرط كمال يصح الإيمان بدونها ، مع عصيان تاركها وإثمه)) [1] ، واته : هەندێك له کردەوەکان هەن مەرجە بۆ دروستی ئیمان ، بەشێوەیەك ئیمان دروست نیە جگە بەوە نەبێت وەك نوێژکردن ، ئەوەی کە وای لێبێنێت کافردەبێت ، وە هەشێتی مەرجە بۆ تەواوی وکاملێتی ، بەشێوەیەك ئیمان دروستە بەجگە لەوانەش ، لەگەڵ سەرپێچی خاوەنەکەی وتاوانبارێتی .

✍ ووتەی پێشەوا ئەلبانی ـ به ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا ئەلبانی فەرموویەتی : ((فأين الجواب عن كون الصلاة شرطاً لصحة الإيمان ؟ أي : ليس فقط شرط كمال ، ...)) [2] ، واته : جا کوا وەڵامی ئەوەی کە نوێژ مەرجە بۆ دروستی ئیمان ؟ واته ئەوەی کە تەنها مەرج نیە بۆ کاملێتی .

---

[1] (نقلاً عن جريدة الجزيرة ـ عدد : ١٢٥٠٦ ، في : ١٣/ ٧ / ١٤٢٣هـ ، الثالث) .

يقول الشيخ عبد العزيز بن فيصل الراجحي ، فقلت له ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : من لم يكفر تارك الصلاة من السلف ، أيكون العمل عنده شرط كمال ؟ أم شرط صحة ؟ فقال : لا ، بل العمل عند الجميع شرط صحة ، إلا أنهم اختلفوا فيما يصح الإيمان به منه ؛ فقالت جماعة : إنه الصلاة ، وعليه إجماع الصحابة ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ ـ ، كما حكاه عبداللَّه بن شقيق .

وقال آخرون بغيرها . إلا أن جنس العمل لابد منه لصحة الإيمان عند السلف جميعاً . لهذا الإيمان عندهم قول وعمل واعتقاد ، لا يصح إلا بها مجتمعة .

[2] (حكم تارك الصلاة ، للألباني : ص ٤٢) .

✍ ووتەی پێشەوا (ابن العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

پێشەوا (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم ووتەیەیدا بەڕاشکاوی ئەوە دەردەبڕێت کە کردەوە (شرط) ـە بۆ ئەو کەسەی کە شایەتومان دەهێنێت ، و بەڵگەشی بۆ دەهێنێتەوە ، ئەوەش کە فەرموویەتی : ((فالحديث واضح الدلالة على شرطية العمل لمن قال : لا إله إلا اللَّه ، حيث قال : « يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللَّهِ » ، ولذا قال بعض السلف عند قول النبي ﷺ « مِفْتَاحُ الْجَنَّةِ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ » : لكن من أتى بمفتاح لا أسنان له لا يفتح له ...)) [1] ، واتە : فەرموودەکە ڕاشکاوە لە سەر ئەوەی کە کردەوە (شرط) ـە بۆ ئەو کەسەی کە شایەتومانی هێناوە ... هتد ... جا نازانم تۆ بڵێت : ئەم پێشەوایە مەبەستی لە ووتەکەی ئەوە بێت کە کردەوە دەکەوێتە دەرەوەی ئیمان !!! چونکە ووشەی (شرط) ـی بەکارهێناوە ؟!!

---

[1] (القول المفيد على كتاب التوحيد ، لابن العثيمين : ١/ ٧٧ ـ ٧٨) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((و أما هل العمل شرط في صحة الإيمان ؟ **فنقول** : **العمل منه شرط الإيمان ، ومنه ما ليس بشرط** ، **فالصلاة فعلها شرط في أصل الإيمان وليس في كماله** ، فمن لم يصل فهو كافر كفراً مخرجاً عن الملة)) (لقاءات الباب المفتوح : ١٩٢/ ٢٣ ، كفر تارك الصلاة بالكلية) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ أيضا ـ : ((ولا حاجة أن نقول ما يدور الآن بين الشباب وطلبة العلم : هل الأعمال من كمال الإيمان أو من صحة الإيمان ؟ فهذا السؤال لا داعي له ، أي إنسان يسألك ويقول : هل الأعمال شرط لكمال الإيمان أو شرط لصحة الإيمان ؟

قلنا : **منها ما هو شرط ومنها ما ليس بشرط ، فقول** (لا إله إلا اللَّه) **أو** (شهادة أن لا إله إلا اللَّه وأن محمداً رسول اللَّه) **شرط في وجود الإيمان من لم يقل :** (أشهد أن لا إله إلا اللَّه وأن محمداً رسول اللَّه) **فهو كافر** ، وإن آمن باللَّه ومن لم يصل والصلاة عمل فهو كافر ...)) (شرح العقيدة السفارينية : ١/ ٣١١ ـ ٣١٢) .

وفي قول آخر له ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ يقول : ((**وأما هل العمل شرط في صحة الإيمان ؟ فنقول : العمل منه شرط الإيمان ، ومنه ما ليس بشرط ، فالصلاة فعلها شرط في أصل الإيمان وليس في كماله** ، فمن لم يصل فهو كافر كفراً مخرجاً عن الملة)) (لقاءات الباب المفتوح : ١٩٢ / ٢٣ ، كفر تارك الصلاة بالكلية) .

وە لەکۆتایی خستنەڕووی ووتەی زانایان دەڵێم : لەلای چ ستەمکارێك ڕەوایە بووترێت کە ئەم پێشەوایانە ووشەی (شـرط) یان بەمانا زاراوەییەکەی بەکارهێناوە لەم پرس وباسەدا ؟!!

لەکاتێکدا کە دەبینین بەڕاشکاوی ئەم زانایانە ـ بەتایبەت پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە جێی ئەم باس ولێکۆڵینەوەی ئەم نووسینەیە ـ لەچەندەها شوێن لەنووسین و پەرتوکەکانیاندا ئەوەیان دەربڕیوە !!!

بۆ نموونە پێشەوا ئەلبانی ، بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمـان يزيد وينقص وأن الأعمـال من الإيمـان ، وعليه جمـاهير العلمـاء سلفاً وخلفاً ما عدا الـحنفية ؛ فإنـهم لا يزالون يصـرون علـى الـمخالفة ؛ بل إنـهم ليصـرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صـرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه تعالـى ـ فقد جاء فـي (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الـحنفي ـ ما نصه : ٨ / ٢٠٥) : (والإيمـان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمـان عندنا ليس من الأعمـال » ... وهذا يـخالف ـ صـراحة ـ حديث أبـي هريرة ﷺ ، أن رسول اللَّه ﷺ سُئِلَ : أيُّ العمل أفضل ؟ قال : « إِيْمَـانٌ بِاللَّـهِ وَرَسُولِهِ » ... ـ الـحديث ـ أخرجه البخاري ـ وغيـره ـ ، وفـي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها فـي (التـرغيب : ٢/ ١٠٧))) [1] ، واتە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لەئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی پێشین و سەلەفی صالح ، و پاشینانیشیان ، جگە لەحەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بەکوفر وپاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لەکتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الـحنفي ـ باب الكراهية ، ٨/ ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نە زیاد و نەکەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لەکردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بەڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە ﷺ ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری وجگە لەویش گێڕایانەتەوە ، و هەر لە واتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لە کتێبی (التـرغيب : ٢ / ١٠٧) ـدان .

---

[1] (كتاب الذب الأحـمد عن مسند الإمام أحـمد ، للألباني ، ص٣٢ ـ ٣٣) .

هەروەها فەرموویەتی : ((ننتقل إلى مسألة أخرى ، أو بعض المسائل الأخرى التي تتعلق بالعقيدة ، فالمسلمون مختلفون حتى في العقيدة ، وليس كما يقول جماهير المشايخ اليوم : إن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ولا تكاد تقرأ مجلة دينية إلا وتجد الضرب على هذه الوتيرة وعلى هذه النغمة فيها ، وهي أن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، ثم يزيدون على ذلك فيقولون : والاختلاف في الفروع رحمة ، وهذا كله خطأ من ناحيتين :

الناحية الأولى : أن الاختلاف يتعدى الفروع إلى الأصول ، بل إن الخلاف وقع في أس الأصول كلها ، ألا وهو الإيمان باللَّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ ، فما أظنكم يخفى عليكم الخلاف بين الماتريدية ـ مثلاً ـ وأهل السنة جميعاً في الإيمان ، هل يقبل الزيادة والنقص أم لا ؟ وهل من مسماه الأعمال الصالحة أم لا ؟

فالجمهور ونصوص الكتاب والسنة تثبت أن الإيمان يزيد وينقص ، وأن العمل الصالح من الإيمان . أما الماتريدية فلا يزالون يقولون : الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وكل إيمان يقبل الزيادة فهو كفر !! ؛ لأنهم يعتقدون أن الإيمان شيء لا يقبل الزيادة والنقص أبداً ، وهذا المذهب حتى اليوم مسيطر وربما يكون مسيطراً على أكبر رقعة من العالم الإسلامي)) [1] .

واتە : دەچینە سەر باس وپرسێکی تر ، برێك باس وپرسی تایبەت وپەیوەست بەبیروباوەڕەوە ، ئەوەش ئەوەیە کە موسڵمانان جیاوازن تەنانەت لەبیروباوەڕیشدا ، وە بەو شێوەیەش نیە کە زۆرێك لەمامۆستایان ئەمڕۆ دەیڵێن : کە جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لەبابەتە فقهیەکانە ، نەك لەبیروباوەڕ ، بەڵام (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ، گەشتۆتە ئەوەی کە هیچ گۆڤارێکی ئایینی ناخوێنیتەوە ئیللا باس لەسەر ئەم بنەوایە دەکات ، کە ئەویش جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لەفیقهو پەرستشەکاندایە ، نەك لەبیروباوەڕدا !!! لەسەر ئەوەشە دەڵێن : جیاوازی لەپەرستش و فیقهدا ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگارە !!! وە ئەمەش هەموو هەڵەیە لە دوو بوارەوە ڕێگەوە :

---

[1] (دروس للشيخ الألباني : ٨ : ٥ : اختلاف المسلمين في الأصول والفروع) .

ڕێگەی یەکەم : بێگومان جیاوازیەکان لەفیقهو پەرستشەکانەوە تێپەڕیوە ، گەشتۆتە بیروباوەر ، بەڵکو جیاوازی لەگەورەترین بنەوادا کە ئیمان بوونە بەخوای پەروەردگار !!!

باوەڕیش ناکەم کە جیاوازی نێوان ماتوریدی ـ وەك نموونە ـ و ئەهلی سوننە لەلای هیچ یەکێك لەئێوە شاراوە بێت ، لەئیماندا ، ئایا قابیلی زیاد وکەم بوونە ، یان نە ؟! وە ئایا کردەوەی چاك لەئیمانە ، یان نە ؟!

جمهوری زانایان وقورئان وسوننەت ئەوە جێگیر ودەسەلێنن کە ئیمان زیاد وکەم دەکات ، و کردەوەی چاکیش لەئیمانە . بەڵام ماتوریدیەکان تاکو ئێستا بەرادەوامن ودەڵێن : ئیمان زیاد ناکات وکەمیش ناکات ، وە هەموو ئیمانێك کە زیادبوونی تێدا ڕووبدات ئەوە کوفرە !!! چونکە ئەوان بیروباوەڕیان وایە کە ئیمان یەك شتە وهەرگیز زیاد وکەمی تێدا ڕوونادات ، کە بەداخەوە ئەم بۆچونە دەستی گرتووە بەسەر گەورەترین پانتایی لە جیهانی ئیسلامی .

وە لەوەش زیاتر ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای ئاماژە کردنی بۆ ئەوەی کە پێشەوا (ابن تيمية) لەکتێبی ئیماندا سەلماندوویەتی کە کردەوە بەشێکە لەئیمان ، بەرپەرچی ئەوانەش دەداتەوە کە تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە ئیرجائی تێدایە !!! ئەگەرچی ئەو پێش زیاد لەبیست ساڵ ئەوەی سەلماندووە کە کردەوە بەشێکە لەئیمان !!! هەروەك فەرموویەتی :

((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

أقول : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللَّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي اليوم بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللَّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [1] .

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص ٣٢ - ٣٣) .

وقال الشيخ ابن باز ، ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((ومعلوم أن الإيمان قول وعمل يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية . ولأهل السنة عبارة أخرى في هذا الباب وهي أن الإيمان قول وعمل واعتقاد يزيد بالطاعات وينقص بالمعاصي ، وكلتا العبارتين صحيحة ، فهو قول وعمل ، يعني قول القلب واللسان وعمل القلب والجوارح وهو قول وعمل واعتقاد ؛ قول باللسان وعمل بالجوارح واعتقاد بالقلب ،

واتە : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تیمیة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە درێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد وکەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لەکتێبی (الإیمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لەپرس وباسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپیەی کە لە سەرین ، لە نەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بەکارهێنانی زانایانی سەلەفی لەم سەردەمە ـ لە کۆنیشدا ـ بۆ ووشەی (شرط) بەکاهێنانێکی زمانەوانیە ، و بەواتای بەش (جزء) ـە ، نەك بەکارهێنانێکی زاراوەییە کە بەواتای ئەوەی کە دەکەوێتە دەروەی ماهیەتەوە !!! و بەنەبوونی نەبوون و بەتاڵی ماهیەتی ئەو شتەیە کە بەشە لێی ... خوای پەروەردگاریش زاناترە .

فالجهاد في سبيل اللَّه والصلاة والزكاة والصيام والحج وسائر الأعمال المشروعة كلها أعمال خيرية ، وهي من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها عند أهل السنة والجماعة ؛ وهم أصحاب النبي ﷺ وأتباعهم بالإحسان .

فشهادة أن لا إله إلا اللَّه وأن محمدا رسول اللَّه ، والصلاة ، والزكاة ، والصوم ، والحج ، والجهاد في سبيل اللَّه ، وسائر الأعمال المشروعة كلها من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها)) (http://www.binbaz.org.sa/mat/8270) .

❑ نادروستی هەربەك لە : لێڵكرانەوەی ئوصوڵیانە بۆ زاراوەی (شرط) لەم باس و پرسەدا ، و حوكمدان لەسەر بەكارهێنەرەكەی بەوەی كە مورجیئەیە !!! بان خەواریجە[1] !!!

لەباسێكی پێشتردا ئەوە ئاشكرا بوو كە ووشەی (شرط) بریتیە : لەوەی كە بە نەبوونی حوكمی بەتاڵی لەسەر ماهیەتی ئەو شتە دەدرێت كە بەشە لێی ، و دەكەوێتە دەرەوەی ماهیەتی شتەكەوە !!! وە ئەوەش ئاشكرا كرا كە بەكارهێنانی ئەم ووشەیە و بەواتای زاراوەیی لەباس و پرسی كردەوە و پەیوەندی بەئیمانەوە ، بەكارهێنانێكی نادروستە و ئاكامێكی خراپی لێ دەخوێنرێتەوە ، ئەوەش لەدوو خاڵدا ، و بەم پێیەی خوارەوە :

یەكەم : ئەگەر بووترێت تاكەكانی كردەوە لە حوكمدا وەكو حوكمی (شرط) وایە !!!! ئەو كاتە بۆچوونی خەواریج لە ووتەكە دەخوێنرێتەوە ، چونكە (شرط) بە نەبوونی ماهیەتەكە بەتاڵ دەبێتەوە ، ئەو كاتە بەنەبوونی تاكی كردەوەش ئیمان بەتاڵ دەبێتەوە !!! كە ئەمەش بۆچوونی خەواریجە كە دەڵێن : ئیمان یەك بەشە ، و پارچە پارچە نابێت ، بە نەمانی بەشێكی ئیمانەكە بە تەواوی بەتاڵ دەبێتەوە !!! بەتاڵی ئەم بۆچوونەش ئاشكرایە !!!

دووەم : ئەگەر بووترێت كردەوە لەشوین وجێگەی لەماهیەتی ئیماندا وەكو شوێن و جێگەی (شرط) وایە !! ئەو كاتە كردەوە دەكەوێتە دەرەوەی ماهیەتەوە هەروەكو چۆن (شرط) دەكەوێتە دەرەوەی ماهیەتی ئەو شتەی كە بەشە لێی ، بەوەش كردەوە لەئێمان دێتە دەر ، هەروەكو چۆن (شرط) لەماهیەتی شتەكان بەدەرە !!! بەمەش بۆچوونی مورجیئەی گومڕا لە ووتەكە دەخوێنرێتەوە !!!!

---

[1] شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) فەرموویەتی : ((و نحن نقول إن أدق العبارات هي عبارات السلف : (العمل من الإيمان) أو (الإيمان قول وعمل) بدلا من أن نمتحن الناس بألفاظ قد ترد عليها إلزامات ؛ إما أن ترد عليها من قِبَلِ الخوارج وإما أن ترد عليها من قِبَلِ المرجئة . فالتقيد بألفاظ السلف فيه خير كبير .... إلخ)) (شرح نواقض الإسلام ، الشريط ١) .

بۆیە بەکارهێنانی ووشەی (شـرط) لە باس و پرسی کردەوە و پەیوەندی بە ئیمانەوە ، بە واتای زاراوەیی بەکارهێنانێکی هەڵەیە و ئاکامێکی ترسناکی لـێ دەکەوێتەوە ، هەروەکو خرایە ڕوو ، و ئاشکرا کرا .

وە خاڵێکی تر کە ـ ڕەنگە ـ هیچ لەڕوونکردنەوەی یەکەم کەمتر نەبێت ئەوەیە کە : لێکدانەوەی ئوصوڵیانە بۆ زاراوەی (شـرط) لەم باس وپرسەدا ، وحوکمدان لەسەر بەکارهێنەرەکەی بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان خەواریجە !!! کە لەو باوەڕەدام ئەم لێکدانەوەیە ئاکامێکی خراپی لێکەوتووەتەوە ، کە چەندەها زانای پایەبەرز ، و فێرخوازانی شەرعی بە هۆیەوە تاوانبارکراوون بەوەی کە : ووتەیان ووتەی مورجیئەیە !!! یان : ئیرجایان تێدایە !!! لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە : ئەو زانا وفێرخوازانە بە مورجیئە لەقەڵەم بدرێن !!!

وە بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ئەو مەترسیە ئەگەر بمانەوێت لێرەدا ئاماژە بدەین بە هەندێك لەو زانایانەی کە ئەم زاراوەیەیان بە واتای ئوصوڵی لێکداوەتەوە نەك بە واتای زمانەوانی ئەوا شێخ (عبدالعزيز الراجحي) وەك نموونە بهێنینەوە ، هەر ئەوەش لەهەندێك لە لەسەر نووسین و ووتەکانی پێشەوا (صالح الفوزان) یش دەردەکەوێت ، هەروەکو لەم ووتانەی خوارەوەدا هاتووە :

شێخ (عبدالعزيز الراجحي) لەوەڵامی پرسیارێك کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((س : يقول هذا السائل الشيخ محمد ناصرالدين الألباني .رَحِمَهُ اللَّهُ. له رسالة صغيرة أن الأعمال الصالحات كلها شرط كمال في الإيمان عند أهل السنة فهل كلامه صحيح أفتونا مأجورين ؟)) ، واتە : ئەم پرسیارکارە دەڵێت : شێخ محمد ناصرالدینی ئەلبانی لە نووسراوێکی بچووکیدا فەرموویەتی : لە لای ئەهلی سوننە کردەوە چاکەکان هەموو مەرجی کاملێتین لە ئیماندا ، ئایا ئەم ووتەیەی دروستە ، وڵامان بدەنەوە ، خوای پەروەردگار پاداشتی بەخێرتان بداتەوە .

فەرموویەتی : ((لَيْسَ بصَحيحْ ، وَ الصَّوابُ عَنْدَ أَهْلِ السُّنةِ والجَمَاعةِ أَنْ الأَعمالَ جُزءٌ منَ الإِيمانِ ، وليْسَتْ شَرْطاً ، فالشَّرْطُ خَارِجُ المَشْرُوط ، كالوضوءِ شرطٌ لصحةِ الصَّلاةِ وَهوَ خارِجٌ عنِ الصَّلاةِ ، وَأَهْلُ السُّنةِ يَقُولُونَ أَنَّ الإيمانَ قولٌ باللسانِ ، وتصديقٌ بالقلبِ ، وعملٌ

بالقلبِ وعملٌ بالـجوارحِ ، يقولون عملٌ وقولٌ ونيةٌ ، يزيدُ بالطاعةِ وينقصُ بالـمعصيةِ ، وليسَ شـرطاً ، فالشَّـرطُ خارجٌ عنِ الـمشـروطِ !!!)) [1] .

واتە : نەخێر دروست نیە ، بەڵکو ووتەی دروستی ئەهلی سوننە وجەماعە ئەوەیە کە کردەوەکان بەشن لەئیمان ، نەك مەرج (شـرط) بن ، چونکە مەرج (شـرط) دەکەوێتە دەرەوەی ئەو شتەی کە بەمەرج دانراوە بۆی ، وەك چۆن دەستنوێژ مەرجە بۆ دروستی نوێژ ، و دەکەوێتە دەرەوەی نوێژەوە ، ئەهلی سوننە لەم بارەیەوە دەڵێن : ئیمان : ووتەیە بەزمان ، وبەڕاست دانانی دڵ ، وکردەوەیـە بەدڵ وئەنـدامەکان ، یـان دەڵێن : کردەوە و ووتـە و نیـەتە ، بەگوێرایەڵی زیاد دەکات ، و بەسەرپێچیش کەم دەکات ، وە کردەوەش مەرج (شـرط) نیە تێیدا ، چونکە مەرج (شـرط) دەکەوێتە دەرەوەی ئەو شتەی کە بە مەرج (شـرط) دانراوە بۆی .

پێشەوا (صالح الفوزان) ـ خوا بیپارێزێت ـ لە وەڵامی پرسیارێك کە ئەمە دەقەکەیەتی : ((هناك من يقول : « الإيمـان قول واعتقاد وعمل ، لكن العمل شـرط كمـال فيه » ، ... فهل هذا القول من أقوال أهل السنة أم لا ؟)) ، واتە : هەندێك هەن دەڵێن : ئیمان ووتە و بیروباوەڕ و کردەوەیە ، بەڵام کردەوە مەرجی تەواوێتیە تیایدا ، ... جا ئایا ئەم ووتەیە لە ووتەکانی ئەهلی سوننەیە یان نە ؟

فەرموویەتی : ((الـجواب : ... وقوله : إن الإيمـان قول وعمل واعتقاد .. ثم يقول : إن العمل شـرط فـي كمـال الإيمـان وفـي صحته ، هذا تناقض !! كيف يكون العمل من الإيمـان ثم يقول العمل شـرط ، ومعلوم أن الشـرط يكون خارج الـمشـروط ، فهذا تناقض منه . وهذا يريد أن يـجمع بيـن قول السلف وقول الـمتأخرين وهو لا يفهم التناقض ، لأنه لا يعرف قول السلف

---

[1] (١٤ی ربيع الأول ١٤٢٧ هـ ، درس تفسيـر ابـن كثيـر سـورة النسـاء ، وصـحيح ابـن حبـان : الـمجلد الثانـي) . کەچی شێخ (الراجحی) خۆشی ووشەی (شـرط) بەکاردەهێنێت لەباسی نوێژ وئیمانـدا ، کـە دەفـەرموویت : ((**لأن الصلاة شـرط في صحة الإيمـان** ، ...)) (شـرح العقيـدة الطحاويـة ، عبـدالعزيز الراجحي : ١ / ٣٨١) ، جا ئەگەر بەو پێوەرە بێت کە باس کرا ئەوا دەبێت خـودی شـێخیش بەهـەمان پێـوەر بپێورێت ، و ئەمەش بێگومان پێوانێکی نادروستە ، و ستەمە لەم شێخە بەڕێزە .

ولا يعرف حقيقة قول المتأخرين ، فأراد أن يدمج بينهما .. فالإيمان قول وعمل واعتقاد ، والعمل هو من الإيمان وهو الإيمان ، وليس هو شرطاً من شروط صحة الإيمان أو شرط كمال أو غير ذلك من هذه الأقوال التي يروجونها الآن . فالإيمان قول باللسان ، واعتقاد بالقلب ، وعمل بالجوارح ، وهو يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية)) [1] .

واتە : ئەوەی کە ووتوویەتی : ئیمان ووتە وکردەوە وبیروباوەڕە ، پاشان دەڵێت : کردەوە مەرجی (شرط) تەواوێتیە لەئیماندا ، یان لەدروستێتیدا ، ئەم دوو ووتەیە یەکتر پوچەڵ دەکەنەوە !! چۆن کردەوە بەبەشێك لەئیمان دادەنرێت ، پاشان دەڵێت : کردەوە (شرط) ـە ، ئاشکراشە کە (شرط) دەکەوێتە دەرەوەی ئەو شتەی کە (شرط) ـە تێیدا ، بۆیە ئەم دوو ووتەیەی یەکتر پوچەڵ دەکەنەوە ، وە ئەم جۆرە کەسانە دەیانەوێت ووتەی پێشین وپاشین لەگەڵ یەکدا کۆبکاتەوە ، کەچی لەدژیەکی ووتەکانی تێناگات ، چونکە ئەو نازانێت ووتەی پێشین ، و بنج وبنەواوی ووتەی پاشینیش نازانێت ، بۆیە ویستویەتی هەردوو ووتەکە تێهەڵکێش بکات ... بۆیە ئیمان ووتە وکردەوە وبیروباوەڕە ، وکردەوەش بەشە لەئیمان ، وئیمانیشە ، و بە (شرط) دانانرێت لەمەرجەکان (شروط) ـی دروستی ئیمان ، یان مەرجی تەواوێتی ئیمان ، یان جگە لەم ووتانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت ، کەواتە : ئیمان ووتەی زمانە وبیروباوەڕی دڵ وکردەوەی ئەندامەکان وڕووکەشە ، وزیادیش دەکات بەگوێرایەڵی وتاعەت وکەمیش دەکات بەسەرپێچی وتاوان .

وە لە پەرتۆکی (أقوال ذوي العرفان في أن أعمال الجوارح داخلة في مسمى الإيمان) کە لە نووسینی (عصام السناني) ـە ، نووسەر هەر لەم بارەیەوە ووتەیەکی پێشەوا (الفوزان) دەگێڕێتەوە کە لەکاتی پێداچوونەوەی بۆ کتێبی ناوبراودا فەرموویەتی : ((لأنهم يقولون : العمل شرط صحة للإيمان ، وبعضهم يقول شرط كمال)) ، واتە : چونکە ئەوانە ـ ئەو کەسانەی کە بۆچوونی ئەهلی سوننە و مورجیئەیان لەووتەکانیاندا کۆکردووەتەوە ـ دەڵێن : کردەوە مەرجی دروستین بۆ ئیمان ، وە هەندێکیان دەڵێن : مەرجی تەواوێتین ... و پاشان لە پەراوێزەکەیدا

---

[1] (أسئلة وأجوبة في مسائل الإيمان والكفر .. لفضيلة الشيخ الدكتور صالح الفوزان : ج ١ : ص ٢ ـ ص ٣ ، السؤال الثاني) .

نووسەر ئەمەی لەسەر ئەم ووتەیەی پێشەوا (صالح الفوزان) نووسیوە کە : ((ومراد الشيخ : أن الشرط خارج عن ماهية الشيء ، والعمل جزء من الإيمان لا خارج عنه ...)) [١] ، واتە : مەبەستی شێخیش ئەوەیە کە مەرج (شرط) دەکەوێتە دەرەوەی ماهیەتی شتەکەوە ، کەچی کردەوە بەشێکە لەئیمان ، نەك لەدەرەوەی بێت .

بۆیە ـ لەژێر ڕۆشنایی باسەکانی پێشوو ـ دەوترێت : لێکدانەوەی شێخ (عبدالعزيز الراجحي) و پێشەوا (صالح الفوزان) بۆ ووشەی مەرج (الشرط) لە ووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و جگە لەویش بەواتای زاراوەیی ، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە ، هەروەکو چۆن لەسەر نووسینی (عصام السناني) بۆ ووتەکەی پێشەوا (صالح الفوزان) یش لە لێکدانەوەی (شرط) بەو شێوەیە هەڵەیە !!! خوای پەروەردگاریش زاناترە .

❑ دەرەنجام و کۆتایی ئەم ڕوونکردنەوەیە :

لەکۆتایی ئەم باسەدا بەوە دەگەین کە مەبەست لەبەکارهێنانی ووشەی (شرط) لەلایەن زانایانی سەلەفی ـ لەم سەردەمەدا ـ مەبەست پێی بەکارهێنانە زمانەوانیەکەیە کە بەواتای بەش (جزء) دێت نەك واتا زاراوەییەکەی کە کردەوەی پێ دەردەکرێت لەئیمان !!! وبەنەبوونی تاکەکانی ئیمانی پێ بەتاڵ دەبێتەوە !!! لەکاتێکدا کە خودی ئەو زانایانە لەووتە ونوسراویاندا بەڕاشکاوی ئەوە دەسەلێنن کە کردەوە بەشێکە لەئیمان .

---

[١] (نقلاً عن : أقوال ذوي العرفان في أن أعمال الجوارح داخلة في مسمى الإيمان ، لعصام بن عبداللّه السناني ، مراجعة : فضيلة الشيخ العلامة صالح بن فوزان الفوزان ، ص ٢٤ ، الحاشية رقم ٣) .

بەشی سێیەم :

ئەو گومانانەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ پێ ئۆمەتبار دەکرێت وڕەتدانەوەو بە درۆخستنەوەیان

📖 یەکەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە کردەوە بە بەشێك لەئیمان نازانێت !!!

📖 دووەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە (ترك جنس عمل) ـ بەو واتایەی کە ئەوان مەبەستیانە ـ بە کوفر دانانێت !!!

📖 سێیەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، و ئەو کەسەش کە نوێژنەکەر بەکافر نەزانێت ـ بە گومانی ئەوان ـ کاریگەری ئیرجائی کەوتووەتە سەر !!!

📖 چوارەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی : ئەو کاربەدەستە بەکافر نازانێت کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، ئەگەر بەحەڵاڵدانانی لەگەڵدا نەبێت ، ئەمەش لەلای ئەوان بۆچوونی مورجیئەیە نەك ئەهلی سوننە !!!

📖 پێنجەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە گوایا دەڵێت : کوفر بەکردەوە ڕوونادات !! بەڵکو تەنها بەبیروباوەڕ دەبێت !! ، واتە : کوفر حەصر دەکات لە (بەدرۆدانان : التكذيب = نفي التصديق) کە پەیوەستە بە دڵەوە !!!

📖 شەشەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە هیچ کردەوەیەك لەلای ئەو خۆی بۆ خۆی کوفر نیە ، بەڵکو نیشانە و بەڵگەیە لەسەر کوفر ، کە ئەمەش بۆچوونی مورجیئەیە !!!

📖 حەوتەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە کەس بەکافر نازانێت تاکو مەبەستی کوفرەکەی نەبێت (قصد الكفر) نەك مەبەستی کردەوەکە (قصد الفعل) !!!

📖 هەشتەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە جنیودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایینەکەی بە کوفر نازانێت !!!

ئەو گومانانەی کە
پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ پێ ئۆمەتبار دەکرێت
وڕەتدانەوەو بەدرۆخستنەوەیان

کەسانی نەزان بەزانستە شەرعیەکان ، و تێنەگەشتوان لەووتەکانی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەچەندان تۆمەت ئەم پێشەوایە تۆمەتباردەکەن ، بۆیە دەبینیت خەڵکی لە ڕاستیەکان وێڵ و چەواشەکراون ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :

((وَكَثِيْراً مَا يَضِيْعُ الْحَقُّ بَيْنَ الْجُهَّالِ الْأُمِّيِّيْنَ وَبَيْنَ الْمُحَرِّفِينَ لِلْكَلِمِ الَّذِينَ فِيهِمْ شُعْبَةُ نِفَاقٍ كَمَا أَخْبَرَ ـ سُبْحَانَهُ ـ عَنْ أَهْلِ الْكِتَابِ ، حَيْثُ قَالَ : ﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَنْ يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ : ﴿ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ ﴾ الْآيَةَ)) [1] .

واتە : زۆرجار ڕەوایی وندەبێت لە نێو نەزانانە نەخوێندەوارەکان ، و لە نێو ئەوانەی ووتەکان لە ڕێڕەوی خۆی لادەدەن ، ئەوانەی کە ئاکار وسیفەت و بەشێك لەدووڕوویان تێدایە ، هەروەکو خوای پەروەردگار سەبارەت بە ئومەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان هەواڵی پێداوین ، کە فەرموویەتی : ﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَنْ يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ ... ﴾ تاکو کۆتایی ئایەتەکە .

کە هەر هەموو ئەو تۆمەتبارکردنانە لەکۆتاییدا لەیەك تۆمەتدا کۆدەبنەوە کە ئەویش ئەوەیە : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ تێیدا دەدرێتەپاڵ گروپ وکۆمەڵی گومڕای مورجیئە !!! بەڵام ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئاشکراترینی ئەو تۆمەتانە بخەینەڕوو لەگەڵ سەلماندن و جێگیرکردنی پێچەوانەکەی لەنووسین و ووتارەکانی خودی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆ سەلماندنی بەریبوونی ئەو پێشەوایە لەو تۆمەتە نادروست و نابەجێیە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٥ / ١٢٩ ـ ١٣٠) .

📖 گومان و شوبهەی بەکەم : ئۆمەئبار کردنی پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە کردەوە بە بەشێك لەئیمان نازانێت !!!

خوێنەری بەڕێز : لەژێر ئەم ناونیشان وخاڵ وسەرباسەدا ، و لەوەڵامی ئەم گومانە پوچەڵەدا وەڵامی چەند خاڵێك دەخەینەڕوو ، **کە ئەوانیش بریتین لە :**

یەکەم : ئایا پێشەوا ئەڵبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوە لەئیمان دادەنێت یان نە ؟!

دووەم : ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سودی هەیە ؟!

سێیەم : وە ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئیمان دەکرێت و تێیدا هاتووە : ((الإيمان : هو الإقرار باللسان ، و التصديق بالجنان)) [1]

واتە : ئیمان بریتیە لەدانپیانی وهێنانی شایەتومان بەزمان ، بەڕاست دانانی دڵ !!!! کە کردەوەی لێ دەردەکرێت ؟!!!!

جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار بۆ وەڵامدانەوەی هەریەك لەو پرسیارانە دەووترێت :

یەکەم : ئایا پێشەوا ئەڵبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوە لە ئیمان دادەنێت یان نە ؟

پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایانی سەلەف وا دەبینێت کە : ئیمان بریتیە لەگوفتار وکردار ، وکردەوەش ـ کردەوەی دڵ بێت یان کردەوەی ئەندامەکان ـ بەشێکن لێی ، بۆ نموونە ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

---

[1] بۆ زانینی ووتەی حەنەفیەکان بڕوانە : (شرح العقيدة الطحاوية : ٣٣١ ـ ٣٣٢) .

بەڵام سەبارەت بە بۆچوونی سەلەف ئەوا لە زۆر شوێنی ئەم نوسینەدا ووتەیان هێنراوەتەوە ، و ئاشکرایە پێشەوا (الحافِظ ابن حَجر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆچوونی مورجیئەی لە ئیمان و باوەڕدا ئاشکرا کردووە کە فەرموویەتی : ((والمرجئة قالوا : هوَ اعتقادٌ ونطقٌ فقط)) (فتح الباري : ١ / ٤٦) ، بەمەش دەردەکەوێت کە بەو ووتەیەیان کردووە لە ئیمان دەردەکەن ... ، وە هەروەها پێشەوا (شيخ الإسلام ابن تيمية) ـەش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆچوونی مورجیئەی لەم بارەیەوە ڕوونکردووەتەوە کە فەرموویەتی : ((والمرجئةُ الذينَ قالوا : الإيمانُ تَصديقُ القلبِ وَقَولُ اللِّسانِ ، والأعمالُ لَيسَت مِنهُ)) (مجموع الفتاوى : ٧ / ١٩٤) .

أقول (أي : الإمام الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ) : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللَّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي اليوم بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللَّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [1] .

واتە : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە درێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لە ئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد و کەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لە کتێبی (الإيمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني : ص ٣٢ ـ ٣٣) .

قال الشيخ بن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((معلوم أن الإيمان قول وعمل يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية .

ولأهل السنة عبارة أخرى في هذا الباب وهي : أن الإيمان قول وعمل واعتقاد يزيد بالطاعات وينقص بالمعاصي ، وكلتا العبارتين صحيحة ، فهو قول وعمل ، يعني قول القلب واللسان وعمل القلب والجوارح ، وهو قول وعمل واعتقاد ؛ قول باللسان وعمل بالجوارح واعتقاد بالقلب ، فالجهاد في سبيل اللَّه والصلاة والزكاة والصيام والحج وسائر الأعمال المشروعة كلها أعمال خيرية ، وهي من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها عند أهل السنة والجماعة ؛ وهم أصحاب النبي ﷺ وأتباعهم بالإحسان .

فشهادة أن لا إله إلا اللَّه وأن محمدا رسول اللَّه والصلاة والزكاة والصوم والحج والجهاد في سبيل اللَّه وسائر الأعمال المشروعة كلها من شعب الإيمان التي يزيد بها الإيمان وينقص بنقصها)) .

الرابط : (http://www.binbaz.org.sa/mat/8270) .

سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپییەی کە لە سەرین ، لە نەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

وە لە ووتەیەکی تریدا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((الإيمان يزيد وينقص وأن الأعمال من الإيمان ، وعليه جماهير العلماء سلفاً وخلفاً ما عدا الحنفية ؛ فإنهم ـ أي : الأحناف ـ لا يزالون يصرون على المخالفة ؛ بل إنهم ليصرحون بإنكار ذلك عليهم ، حتى إن منهم من صرح بأن ذلك ردة وكفر ـ والعياذ باللَّه تعالى ـ فقد جاء في (باب الكراهية) من (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ ما نصه : ٨ / ٢٠٥) : « والإيمان لا يزيد ولا ينقص ؛ لأن الإيمان عندنا ليس من الأعمال » ... وهذا يخالف ـ صراحة ـ حديث أبي هريرة ، أن رسول اللَّه ﷺ سئل : أي العمل أفضل ؟ قال : « إِيْمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ » ... ـ الحديث ـ أخرجه البخاري ـ وغيره ـ ، وفي معناه أحاديث أخرى ترى بعضها في (الترغيب : ٢ / ١٠٧)) [1] .

واتە : ئیمان زیاد و کەم دەکات ، بێگومان کردەوەش بەشێکە لەئیمان ، هەر ئەم بۆچوونەشە بۆچوونی زانایانی پێشین و سەلەفی صالح ، و پاشینانیشیان ، جگە لە حەنەفی مەزهەبەکان ، کە تاکو ئێستا هەر سوڕن لەسەر پێچەوانە بوونەوە !!! بەڵکو بەڕاشکاوی نکوڵی لەوە دەردەبڕن بەرامبەریان ، تەنانەت گەشتۆتە ئەوەی کە هەندێکیان ئەو کارە بە کوفر و پاشگەزبوونەوە بزانن ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ !!! ئەوەتا لە کتێبی (البحر الرائق ، لابن نجيم الحنفي ـ باب الكراهية ، ٨ / ٢٠٥) هاتووە کە : « ئیمان نە زیاد و نە کەمیش دەکات ، چونکە ئیمان لەلای ئێمە لە کردەوە نیە » وە ئەم ووتەیەش بە ڕاشکاوانە پێچەوانەی فەرموودەکەی (أبو هريرة) یە رضي الله عنه ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا : چ کردەوەیەك باشترە ؟ ئەویش فەرمووی : « ئیمان بوون بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ » ... فەرموودەکەش پێشەوا بوخاری و جگە لەویش گێڕایانەتەوە ، و هەر لە واتای ئەم فەرموودەیەش چەندەها فەرموودەی تر هەن ، هەندێکیان لە کتێبی (الترغيب : ٢ / ١٠٧) ـدان .

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني : ص ٣٢ ـ ٣٣) .

به هەمان شێوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەفەرموێت : ((ننتقل إلى مسألة أخرى ، أو بعض المسائل الأخرى التي تتعلق بالعقيدة ، فالمسلمون مختلفون حتى في العقيدة ، وليس كما يقول جماهير المشايخ اليوم : إن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ولا تكاد تقرأ مجلة دينية إلا وتجد الضرب على هذه الوتيرة وعلى هذه النغمة فيها ، وهي أن الخلاف بين المسلمين إنما هو في الفروع وليس في الأصول ، ثم يزيدون على ذلك فيقولون : والاختلاف في الفروع رحمة ، وهذا كله خطأ من ناحيتين :

الناحية الأولى : أن الاختلاف يتعدى الفروع إلى الأصول ، بل إن الخلاف وقع في أس الأصول كلها ، ألا وهو الإيمان باللَّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ ، فما أظنكم يخفى عليكم الخلاف بين الماتريدية ـ مثلاً ـ وأهل السنة جميعاً في الإيمان ، هل يقبل الزيادة والنقص أم لا ؟ وهل من مسماه الأعمال الصالحة أم لا ؟

فالجمهور ونصوص الكتاب والسنة تثبت أن الإيمان يزيد وينقص ، وأن العمل الصالح من الإيمان . أما الماتريدية فلا يزالون يقولون : الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وكل إيمان يقبل الزيادة فهو كفر ؛ لأنهم يعتقدون أن الإيمان شيء لا يقبل الزيادة والنقص أبداً ، وهذا المذهب حتى اليوم مسيطر وربما يكون مسيطراً على أكبر رقعة من العالم الإسلامي)) [1] .

واتە : دەچینە سەر باس وپرسێکی تر ، برێك باس وپرسی تایبەت و پەیوەست بەبیروباوەڕەوە ، ئەوەش ئەوەیە کە موسڵمانان جیاوازن تەنانەت لەبیروباوەڕیشدا ، وە بەو شێوەیەش نیە کە زۆرێك لە مامۆستایان ئەمڕۆ دەیڵێن : کە جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لە بابەتە فقهیەکانە ، نەك لە بیروباوەڕ ، بەڵام (هذه شنشنة نعرفها من أخزم) ، گەشتۆتە ئەوەی کە هیچ گۆڤارێکی ئایینی ناخوێنیتەوە ئیللا باس لەسەر ئەم بنەوایە دەکات ، کە ئەویش جیاوازی نێوان موسڵمانان تەنها لە فیقهو پەرستشەکاندایە ، نەك لە بیروباوەڕدا !!! لەسەر ئەوەشە دەڵێن :

---

[1] (دروس للشيخ الألباني : ٨ / ٥ : اختلاف المسلمين في الأصول والفروع) .

جیاوازی لە پەرستش و فیقهدا ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگارە !!! وە ئەمەش هەموو هەڵەیە لە دوو بوار و ڕێگەوە :

ڕێگەی یەکەم : بێ گومان جیاوازیەکان لە فیقهو پەرستشەکانەوە تێپەڕیوە ، گەشتۆتە بیروباوەر ، بەڵکو جیاوازی لە گەورەترین بنەوادا کە ئیمان بوونە بە خوای پەروەردگار !!!

باوەڕیش ناکەم کە جیاوازی نێوان ماتوریدی ـ وەك نموونە ـ و ئەهلی سوننە لە لای هیچ یەکێك لە ئێوە شاراوە بێت ، لە ئیماندا ، ئایا قابیلی زیاد و کەم بوونە ، یان نە ؟! وە ئایا کردەوەی چاك لە ئیمانە ، یان نە ؟!

جمهوری زانایان و قورئان و سوننەت ئەوە جێگیر و دەسەلمێنن کە ئیمان زیاد و کەم دەکات ، و کردەوەی چاکیش لە ئیمانە . بەڵام ماتوریدیەکان تاکو ئێستا بەرادەوامن و دەڵێن : ئیمان زیاد ناکات و کەمیش ناکات ، وە هەموو ئیمانێك کە زیادبوونی تێدا ڕووبدات ئەوە کوفرە !!!

چونکە ئەوان بیروباوەڕیان وایە کە ئیمان یەك شتە و هەرگیز زیاد و کەمی تێدا ڕوونادات ، کە بەداخەوە ئەم بۆچونە دەستی گرتووە بەسەر گەورەترین پانتایی لە جیهانی ئیسلامی .

بەڵکو ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەشی ڕەتکردووەتەوە سەبارەت بە ئیمان کە حەنەفی مەزهەبەکان دەیڵێن : کە گوایا ئیمان تەنها بریتیە لە دانپیانان بە زمان ، و بەڕاستدانانی دڵە !!! بەبی ئەوەی کە کردەوەکان بەبەشێك دابنەن لە ئیمان .

پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامیاندا فەرموویەتی : ((هذا مَذهَبُ الحنفيَّةِ والماتُريديَّةِ خِلافاً للسَّلفِ وَجَماهِيرِ الأئمةِ ، كَمالك والشافعيِّ وأحمَدَ والأوزاعيّ وَغَيرِهِم ، فإنَّ هؤلاءِ زادوا على الإقرارِ والتَّصديقِ : العَملُ بالأركانِ .

وَلَيسَ الخلافُ بَينَ المذهبينِ اختلافاً صُورياً كَما ذَهَبَ إليهِ الشَّارحُ ـ يعني ابن أبي العز الحنفي شارح الطحاوية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ بِحُجَّةِ أنَّهم جَميعاً اتَّفقوا على أنَّ مُرتكِبَ الكَبيرةِ لا يَخرُجُ عَن الإيمانِ ، وأنَّه في مشيئةِ اللَّه إن شاءَ عَذَّبهُ وإن شاءَ عَفا عَنهُ ، فإنَّ هذا الاتِّفاقَ وإن كَانَ صَحيحاً فإنَّ الحنفيةَ لو كانوا غَيرَ مُخالِفينَ للجماهيرِ مُخالفةً حَقيقيَّةً في إنكارهم أنَّ العَمَلَ من الإيمانِ ؛ لاتَّفقوا مَعَهُم على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأنَّ زيادتهُ بالطاعةِ وَنَقصَهُ بالمعصيَةِ ، مَعَ تَظافرِ أدِلَّةِ الكتابِ والسُّنةِ والآثارِ السلفيَّةِ على ذلك ... .

ثُمَّ كيف يَصِحُّ أن يَكونَ الخلافُ المذكورُ صُورياً وَهم يُجيزونَ لأفجَرِ واحدٍ منهم أن يَقولَ : إيماني كإيمانِ أبي بكرٍ الصّديق ، بَل كإيمانِ الأنبياءِ والمرسلينَ وَجِبريلَ وميكائيلَ ـ عَلَيهِم الصّلاةُ والسّلامُ ـ ، كَيفَ وهُم بِناءً على مَذهَبِهِم هذا لا يُجيزونَ لأحَدِهِم ـ مَهما كَانَ فاسِقاً فاجِراً ـ أن يَقُولَ : أنا مؤمنٌ إن شاءَ اللّهُ تعالى ، بل يَقولُ : أنا مؤمنٌ حقاً ، واللّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ يقولُ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ (الأنفال : ٢ ـ ٤) ، ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ (النساء : ١٢٢))) [1] .

واتە : ئەمە بۆچوونی حەنەفی وماتوریدیەکانە بەپێچەوانەی پێشین وسەلەفی صالح وپێشەوایان مالك ، وشافعی ، وئەحمەد ، وئەوزاعی ، وجگە لەوانیشە کە دەبینین ئەوانە لەسەر دانپیانان ، و بەڕاست داناندا ، کردەوە کردنیان بەئەرکانەکان وئەندامەکان زیادکردووە .

ئەم جیاوازیەش لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا جیاوازیەکی شێوەیی و ڕووکەش نیە ، هەروەکو ڕوونکەرەوەی کتێبەکە ـ واتە : (ابن أبي العز الحنفي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، کە هەستاوە بە ڕوونکردنەوەی کتێبی (عقيدة الطحاوية) ـ فەرموویەتی ، بەبیانووی ئەوەی کە هەردوو مەزهەبەکە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە کەسانی خاوەن تاوانە گەورەکان لە ئیمان ناچنەدەروە بەو تاوانەیان ، بەڵکو دەکەونە ویستی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی لێ هەبێت سزایان دەدات ، وە ئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەك دەنگیە دروستە ، بەڵام حەنەفی مەزهەبەکان ئەگەر پێچەوانەی ئەوانە نەبوونایەتەوە ، بە شێوەیەکی حەقیقی لە نکوڵیکردنیان لەوەی کە ئیمان بەشێك بێت لە ئیمان !!! ئەوا هاودەنگ دەبوون لە گەڵیاندا لەوەی کە ئیمان زیاد و کەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بە گوێڕایەڵیە و کەمبوونەوەشی بە تاوان و سەرپێچیە ، لەگەڵ هاتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ، سەرەڕای بوون و هاتنی هەموو ئەو شوێنەوارە سەلەفیانە لەسەر ئەوە .

پاشان چۆن ڕاستە بووترێت کە ئەو جیاوازیە شێوەیی و ڕوکەشیە ، کەچی دەبینیت ئەوان بەدروستی دەزانن کە خراپترین و سەرکەشترین کەسیان بلێت : ئیمانی من وەکو ئیمانی ئەبو بەکری

---

[1] (العقيدة الطحاوية شرح وتعليق ، للألباني : ٦٢ ـ ٦٣ ، هامش : ٢) .

صديقه ، بەڵكو وەكو ئيمانی پێغەمبەران و نێردراوانی خوای پەروەردگار جبريل و ميكائيله .عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ. ، چۆن ووتنی ئەوە دروست و ڕەوايە كە بووترێت جياوازيەكەيان شێوەيی و ڕووكەشی !!! لەكاتێكدا ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونەيان ئەوە بيناەدەكەن كە ڕێگە نادەن بەيەكێكيان ـ تەنانەت ئەگەر فاسقترين كەسيش بێت ـ بڵێت : من ئيماندارم ـ ئەگەر خوای پەروەردگار ويستی لەسەر بێت ـ بەڵكو دەبێت بڵێت : بەحتەق من ئيماندارم ، كەچی خوای پەروەردگار فەرموويەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ ... ﴾ ، وە فەرموويەتی : ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ .

وە لە ووتەيەكی تريدا و لە جياوازی نێوان ئەهلی سوننە و مورجيئەدا لە باسی ئەوەی كە ئايا كردەوە بەشێكە لە ئيمان يان نە ؟ فەرموويەتی : ((يجب على المسلم أن يؤمن بكل ما ثبت عن اللَّه ورسوله ، هذا مجمل الإيمان ، ويدخل فيه ـ كما تعلمون ـ من الخلاف القديم بين أهل السنة وبين الفرق الضالة من المرجئة والمعتزلة والأشاعرة وغيرهم .. وإن كانوا يختلفون في نسبة انحرافهم ، ونسبة ضلالهم عن الإيمان العام الذي جاء به الرسول .عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ. .

ومن الاختلاف الواقع في الإيمان بين بعض الفرق المذكورة آنفا وبين أهل السنة هو : هل الإيمان يدخل فيه العمل الصالح أم لا يدخل ؟ مذاهب ، ولسنا الآن في صدد الكلام التفصيلي على الخلاف حول هذا الإيمان وإنما فقط ألفت النظر إلى أن المرجئة ومنهم ـ مع الأسف ـ الحنفية اليوم ، يقولون بأن الإيمان لا يزيد ولا ينقص ، وأن الإيمان لايدخل فيه العمل الصالح .. وهكذا يقول المرجئة قديماً ، والحنفية حديثاً ، ولا ينبغي أن يفهم أحد أنهم ينكرون فرضية العمل الصالح .. لا ، ربنا ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ يأمر المسلمين أن يعدلوا في إصدارهم أحكامهم على الناس ، وبخاصة إذا كانوا من المسلمين .. فالإيمان عند أهل السنة تعريفه : إقرار باللسان ، وتصديق بالجنان ، وعمل بالأركان .. أما عند المرجئة والحنفية اليوم : فالإيمان هو إقرار باللسان ، وتصديق بالجنان فقط ! أي لا يدخلون الأعمال الصالحة في مسمى الإيمان)) [1] .

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : شريط : ٧٣٠) .

واتە : پێویستە لەسەر موسڵمان ئیمانی بەهەموو ئەوانە هەبێت کە لەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ جێگیر بووە ، ئەمە ئیمانە بەگشتی ، وە ئەو جیاوازیە کۆنەش دەگرێتەوە ـ هەروەکو دەزانن ـ کە لەنێوان ئەهلی سوننە وکۆمەڵە گومڕاکاندا هەبووە لەمورجیئە وموعتەزیلە وئەشعەریەکان ، و جگە لەوانیش ... ئەگەرچی جیاوازیش بن لەڕێژە وبڕی لادان وگومڕاییان دەربارەی ئیمان بەگشتی ، کە پێغەمبەری خوا .عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ. پێی هاتووە .

لەو جیاوازیانەی کە لەنێوان ئەهلی سوننە و ئەو گروپانەدا هەیە کە باسمانکردن ـ وەك مورجیئە وموعتەزیلە وئەشعەرێکان و جگە لەوانیش ـ لەباسی ئیماندا ئەوەیە : ئایا کردەوەی چاك بەشێکە لەئیمان یان نە ؟! چەند بۆچوونێك لەو بارەیەوە هەیە ، ئێمەش لێرەدا لەوەدا نین کە بە تێروتەسەلی ئەو جیاوازیە بخەینەڕوو کە سەبارەت بەئیمان هەیانە ، بەڵکو تەنها سەرنجتان بۆ مورجیئەکانیان ڕادەکێشم ـ کە بەداخەوە ـ حەنەفیەکانی ئەمڕۆ لەوانن ، و دەڵێن : ئیمان نەزیاد دەکات و نەش کەم دەکات !!! وە کردەوە چاکەکان بەشێك نین لەئیمان !!! ... بەڵێ ئەمە ووتەی مورجیئەکانە لەکۆندا ، وحەنەفیەکان لەئێستادا ، بەڵام نابێت کەسیش وا تێبگات کە ئەوان نکوڵی لەپێویستی (فەرزێتی) کردەوەی چاك دەکەن ... نەخێر ، پەروەردگارمان فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە دادپەروەر بن لەحوکم دانەکانیان بەسەر خەڵکدا ـ بەتایبەت ئەگەر موسڵمانیش بن ـ ... پێناسەی ئیمان لەلای ئەهلی سوننە : دانپیانانی زمان و بەڕاست دانانی دڵ و کردەوەشە بەبنەواو ئەندامەکان ... بەڵام لەلای مورجیئە وحەنەفەیەکانی ئەمڕۆ : تەنها دانپیانانی زمان وبەڕاست دانانی دڵە !! واتە : کردەوەی چاك ناخەنە ناو ئیمانەوە !!!

وە بەمەش ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دەزانین ـ بە بێگومان و بەدڵنیاییەوە ـ کە ووتەی ئەم پێشەوای ستەم لێکراوە لەلایەن کەسانی نەفام ونەزانکارەوە پێچەوانەی ووتەی گروپ وکۆمەڵی مورجیئەی گومڕایە ، وهاودەنگە لەگەڵ ئەهلی سوننە وزانایانی سەلەفی صالحەوە ، کە فەرموویانە : کردەوە بەشێکە لەئیمان .

دووەم : ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سودی هەیە ؟!

لەم خاڵەدا ئەوە دەخەینەڕوو کە ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سودی هەیە ؟ یان ئیمان پێویسە کردەوەی لەگەڵدا بێت ؟ ئەوەش بەهێنانەوەی چەند ووتەیەك لە ووتەکانی ئەم زانا پایەدارە ، لەوانەش :

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((هذا ليدل أن الإيمان بدون عمل لا يفيد ؛ فاللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا أن نتخيله خيالا ؛ آمن من هنا ـ قال : أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه ـ ومات من هنا ... هذا نستطيع أن نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ، ويعيش دهره ـ مما شاء اللَّه ـ ولا يعمل صالحاً !! ؛ فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه ، ولم يدخل الإيمان إلى قلبه ؛ فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح)) [1] ، واتە : ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمان بەبێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك

---

[1] (شرح الأدب المفرد ـ الشريط السادس ـ الوجه الأول) .

وسئل الشيخ (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : من شهد أن لا إله إلا اللَّه ، واعتقد بقلبه ، ولكن ترك جميع الأعمال ، هل يكون مسلماً ؟ فأجاب الشيخ (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((لا ، ما يكون مسلماً حتى يوحد اللَّه بعمله ، يوحد اللَّه بخوفه ورجاءه ، ومحبته ، والصلاة ، ويؤمن أن اللَّه أوجب كذا وحرم كذا . ولا يتصور ... ما يتصوّر أن الإنسان المسلم يؤمن باللَّه يترك جميع الأعمال ، هذا التقدير لا أساس له . لا يمكن يتصور أن يقع من أحد ... نعم ؛ لأن الإيمان يحفزه إلى العمل ؛ الإيمان الصادق ... نعم)) . (نقلاً من التعليق على فتح المجيد شرح كتاب التوحيد الشريط الثاني أول الوجه الثاني) .

بڵێت : (لا إله إلا اللَّـه ، محمد رسول اللَّـه) و پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێگومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بە زمانە ، و ئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لە دوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

وە کردەوەشی بە یەکێك لە پێویستیەکانی (لا إله إلا اللَّـه ، محمد رسول اللَّـه) زانیوە بۆ ڕزگاربوونی موسڵمان لەمانەوەی هەتا هەتایی لەدۆزەخ ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فقول المسلم أيّ مسلم كان : لا إله إلا اللَّـه محمد رسول اللَّـه هذا بلا شك ينجيه من عذاب الدنيا ألا وهو القتل . كما قال ﷺ : « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّـهِ ، فَإِذَا قَالُوهَا ، فَقَدْ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّـهِ » . فمن قال : لا إله إلا اللَّـه ، نجى بنفسه من الموت ، ولكن لا ينجو أمام اللَّـه .عَزَّوَجَلَّ. من الخلود في النار ، إلا إذا قام بحق هذه الكلمة ، وأول حقها هو عبادة اللَّـه .عَزَّوَجَلَّ. وحده لا شريك له)) [1] .

واتە : ووتەی موسڵمانان ـ هەر موسڵمانێك بێت ـ کە دەڵێت : (لا إله إلا اللَّـه محمد رسول اللَّـه) بێگومان ئەمە ڕزگاری دەکات لە سزایی دونیا کە بریتیە لە گوشتن ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : فەرمانم پێکراوە لەگەڵ بێباوەڕاندا بجەنگێم تاکو شایەتومان دێنن و دەڵێن : (لا إله إلا اللَّـه ومحمداً رسول اللَّـه) ، جا ئەگەر ووتیان ، بەوە خوێن و سامانی خۆیان لەسەرم حەرام دەکەن جگە لەوەی کە لەبەر مافێك لە مافەکانی ئیسلام نەبێت ، و موحاسەبەکردنیشیان لەلای خوای پەروەردگار دەمێنێتەوە .

جا ئەو کەسەی کە دەڵێت : (لا إله إلا اللَّـه) لە مردن خۆی ڕزگار دەکات ، بەڵام ڕزگار نابێت لە مانەوەی هەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا لە لای خوای پەروەردگار ، ئەگەر هەڵنەستێت

---

[1] (رحلة النور : الشريط الثاني : الوجه الثاني) .

بە مافەکانی ئەم ووشەیە ، یەکەمین مافیشی ئەوەیە کە پەرستشی خوای پەروەردگار بکات کە هیچ هاوەڵێکی نیە .

وە کردەوەشی کردووە هۆکار بۆ چوونە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردگار ، هەروەکو فەرموویەتی : ((قال اللَّه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (النحل : ٣٢) ، هذه الباء هنا سببيه يعني بسبب عملكم الصالح ، وأعظم الأعمال الصالحة هو الإيمان ، كما جاء في الحديث الصحيح أن النبي سأله رجل عن أفضل الأعمال ؟ قال : إيمان باللَّه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ ، الإيمان عمل قلبي مُشْ كما يظن بعض الناس أنه لا علاقة له بالعمل ، لا .

الإيمان : أولاً : لابد من أن يتحرك القلب بالإيمان باللَّه ورسوله .

ثم لابد أن يقترن مع هذا الإيمان الذي وقر في القلب ، أن يظهر ذلك على البدن والجوارح ، لذلك فقوله ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، نص قاطع صريح بأن دخول الجنة ليس بمجرد الأماني ...)) [1] .

واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، پیتی : (الباء) لێرەدا ، هۆکاریە (سببية) ە ، واتە : بەهۆی کردەوە چاکەکانتانەوە ، گەورەترین کردەوەی چاکیش بریتیە لەئیمان ، هەروەکو لەفەرموودەی (صحيح) دا هاتووە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێاوێك پرسیاری لێکرد سەبارەت بە چاکترین کردەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمان هێنان بەخوای پەروەردگار .

ئیمان کردوەیەکی دڵە ، نەك وەکو هەندێك خەڵك گومانی وایە کە هیچ پەیوەندیەکی بە کردەوەوە نیە !!! نەخێر .

لە ئیمان و باوەڕدا : یەکەم : پێویستە بجوڵێتەوە بەو ئیمانەی کە تێیدایە بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ .

پاشان پێویستە لەگەڵ ئەم ئیمانەدا کە لەدڵدا جێگیر بووە کردەوە هەبێت ، و لەکردەوە و ئەندامەکانی لەشدا دەرکەوێت ، بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الشريط / ١١ ، الوجه الثاني) .

كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، دەقێکی یەکلایی کەرەوە ، و ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە چوونە بەهەشت تەنها بە ئاوات و خەونەکان نیە !!!

وە فەرموویەتی : ((واعلم أن هذا الحديث قد يُشْكِلُ على بعض الناس ، ويتوهم أنه مخالف لقوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (الزخرف : ٧٢) ونحوها من الآيات والأحاديث الدالة على أن دخول الجنة بالعمل ، وقد أجيب بأجوبة : أقربها إلى الصواب : أن الباء في قوله في الحديث : (بعمله) هي باء الثمنيَّة ، والباء في الآية باء السببية ، أي : أن العمل الصالح سبب لا بد منه لدخول الجنة ولكنه ليس ثمناً لدخول الجنة .. وما فيها من النعيم المقيم والدرجات ...)) [1] .

واتە : وە ئەوەش بزانە ڕەنگە ئەم فەرموودەیە لەلای زۆرێك لەموسڵمانان نادیاری هەبێت ، وە گومانی ئەوە بکەن کە پێچەوانەی ووتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ، لە گەڵ هاوشێوەکانی لەو ئایەت و فەرموودانەی کە باس لەوە دەکەن کە چوونە بەهەشت بەهۆی کردەوەکانەوەیە ، وە زانایان بەچەند شێوەیەك وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە ، نزیکترینیان بۆ ڕاستی ئەوەیە کە : پێتی (الباء) لە ووتەکەیدا (بعمله) لەفەرموودەکەدا (باء الثمنيَّة : بائی نرخێتی) ـە ، بەڵام لەئایەتەکەدا پیتی (الباء) بۆ (سببية : هۆکارێتیە) ، واتە : کردەوە چاکەکان هۆکارێکی پێویستن بۆ چوونە بەهەشتەوە ، نەك نرخی چوونە بەهەشت و ئەو هەموو نازونیعمەتە هەتاهەتایەی و پلەکانی بن کە تێیدان .

هەموو ئەم ووتانەش هەر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئیمان و کردەوە دوو شتی پەیوەست بەیەکن ، کە ئەوەش بۆچوونی پێشەوایان و پێشین و سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتەیە ، هەروەك پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدانەوەی بۆ (البوطي) فەرموویەتی : ((و من جهة أخرى فقد افترى علينا بقوله : ((وفاتهم أن الاقتداء ...)) إلخ . فلم يفتنا ذلك مطلقاً بحمد اللَّه بل نعلم علم اليقين أنه كلما ازداد المسلم اتباعاً للنبي ﷺ ازداد حباً له ، و أنه كلما ازداد

---

[1] (الصحيحة ، للألباني : الحديث رقم : ٢٦٠٢) .

حباً له ازداد اتباعاً له ﷺ ، فهما أمران متلازمان كالإيمان ، والعمل الصالح تماماً)) [1] ، واته : وه له لايەكی ترەوه بختی بەدەمەوه كردووين بەو ووتەيەی : ((وه ئەوەيان له يادچووه كه لاسايكردن ... هتد)) ، نەخێر ـ شوكر بۆ خوای پەروەردگار ـ ئەوەمان هەرگيز لەياد نەچووه ، بەڵكو دەزانين ، و دڵنياشين لەوەی كه تاكو موسڵمان شوێنكەوتنی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ زياد بكات ، خۆشەويستی بۆی زياد دەكات ، وه تاكو خۆشەويستيشی بۆی زياد بكات ، شوێنكەوتنی بۆی زياد دەكات ، چونكه ئەو دووه دووشتی پەيوەستن بەيەكەوه ، وەكو پەيوەستی ئيمان و كردەوەی چاك بەيەكەوه .

سێيەم : ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوايە ـ به ڕەحمەت بێت ـ چيه بۆ ئەو پێناسەيەی كه بۆ ئيمان دەكرێت و تێيداهاتووه : ((أن الإيمان هو الإقرار باللسان والتصديق بالجنان)) ؟

ئەگەر بووترێت ڕاست و دروستی ئەو پێناسەی چيه كه تێيدا هاتووه : ((الإيمان : إقرار باللسان ، و تصديق بالجنان ؟!)) واته : ئيمان بريتيه له : دان پيانانی زمان ، و بەڕاست دانانی دڵ ؟! كه كردەوەی تێدا نيه ، و لێی دەركراوه !! پێناسەكەش پێناسەی ماتوريديەكان ، و فوقەهای مورجيئەيه !!!

له وەڵامی ئەم پرسيارەدا ووتەيەكی بەنرخی پێشەوا ئەلبانی دێنينەوه ، كه تێيدا دەركردنی كردەوه له ئيمان ڕەت دەكاتەوه ، و پێناسەكەش به پێچەوانەی سەلەفی صاڵحی ئوممەت دادەنێت ، و به پێچەوانەی زۆرينەی زانايانی دەزانێت ، كه ئەمەش خۆی له خۆيدا : هاودەنگی ئەم پێشەوايەيه له گەڵ زانايانی پێشين و سەلەفی صاڵح و زانايان لەوەی كه كردەوه بەشێكه له ئيمان ، به پێچەوانەی ئەوەی كه ئەم پايەدارەی پێ تۆمەتبار دەكرێت !!!

ووتەكەش ئەوەيه كه پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ تێيدا فەرموويەتی : ((هذا مَذهَبُ الحنفيَّةِ والماتُريديَّةِ خِلافاً للسَّلفِ وَجَماهِيرِ الأئمةِ ، كَمالك والشافعيِّ وأحمَدَ والأوزاعيِّ وَغَيرِهِم ، فإنَّ هؤلاءِ زادوا على الإقرارِ والتَّصديقِ : العَملُ بالأركانِ .

---

[1] الرابط : (http://www.sahab.net/forums/showthre...805#post724805) .

وَلَيسَ الخلافُ بَين المذهبينِ اختلافاً صُورياً كَما ذَهَبَ إليهِ الشَّارحُ ـ يعني ابن أبي العز الحنفي شارح الطحاوية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ بِحُجَّةِ أنَّهم جَميعاً اتَّفقوا على أنَّ مُرتكِبَ الكَبيرةِ لا يَخرُجُ عَن الإيمانِ ، وأنَّه في مشيئةِ اللَّه إن شاءَ عَذَّبهُ وإن شاءَ عَفا عَنهُ ، فإنَّ هذا الاتِّفاقَ وإن كَانَ صَحيحاً فإنَّ الحنفيةَ لو كانوا غَيرَ مُخالِفينَ للجماهيرِ مُخالفةً حَقيقيَّةً في إنكارهم أنَّ العَمَلَ من الإيمانِ ؛ لاتَّفقوا مَعَهُم على أنَّ الإيمانَ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، وأنَّ زيادتهُ بالطاعةِ وَنَقصَهُ بالمعصيَةِ ، مَعَ تَظافرِ أدِلَّةِ الكتابِ والسُّنةِ والآثارِ السلفيَّةِ على ذلك ... ثُمَّ كيف يَصِحُّ أن يَكونَ الخلافُ المذكورُ صُورياً وَهم يُجيزونَ لأفجَرِ واحدٍ منهم أن يَقولَ : إيماني كإيمانِ أبي بكرٍ الصّديق ، بَل كإيمانِ الأنبياءِ والمرسلينَ وَجِبريلَ وميكائيلَ ـ عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ ـ ، كَيفَ وهُم بِناءً على مَذهَبِهِم هذا لا يُجيزونَ لأحَدِهِم ـ مَهما كَانَ فاسِقاً فاجِراً ـ أن يَقُولَ : أنا مؤمنٌ إن شاءَ اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ ، بل يَقولُ : أنا مؤمنٌ حقاً ، واللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ يقولُ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ (الأنفال : ٢ ـ ٤) ، ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ (النساء : ١٢٢))) [1] .

---

[1] (العقيدة الطحاوية شرح وتعليق ، للألباني : ٦٢ ـ ٦٣ ، هامش : ٢) .

قال الشيخ (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ معلقاً على قول الطحاوي : « والإيمان : هو الإقرار باللسان والتصديق بالجنان » : ((هذا التعريف فيه نظر وقُصُورٌ !! والصواب الذي عليه (أهل السنة والجماعة) : أن الإيمان قولٌ وعملٌ واعتقادٌ ، يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية . والأدلة على ذلك من الكتاب والسنة أكثر من أن تحصر . وقد ذكر الشَّارح ابن أبي العز جملة منها ، فراجعها إن شئت . وإخراج العمل من الإيمان هو قول المرجئة . وليس الخلاف بينهم وبين (أهل السنة) فيه لفظيّاً ، بل لفظي ومعنوي ، ويترتب عليه أحكام كثيرة ، يعلمها من تدبر كلام (أهل السنة) وكلام (المرجئة) ، واللَّه المستعان)) (نقلاً عن تعليق الشيخ على العقيدة الطحاوية ، ص٦٠) .

واتە : ئەمە بۆچوونی حەنەفی وماتوریدیەکانە بەپێچەوانەی پێشین وسەلەفی صالح و پێشەوایان مالك ، وشافعی ، وئەحمەد ، وئەوزاعی ، و جگە لەوانیشە کە دەبینین ئەوانە لەسەر دانپیانان ، و بەڕاستداناندا ، کردەوە کردنیان بەئەرکانەکان وئەندامەکان زیادکردووە .

ئەم جیاوازیەش لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا جیاوازیەکی شێوەیی و ڕووکەش نیە ، هەروەکو ڕوونکەرەوەی کتێبەکە ـ واتە : (ابن أبي العز الحنفي) بە ڕەحمەت بێت ، کە هەستاوە بە ڕوونکردنەوەی کتێبی (عقيدة الطحاوية) ـ فەرموویەتی ، بەبیانووی ئەوەی کە هەردوو مەزهەبەکە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە کەسانی خاوەن تاوانە گەورەکان لە ئیمان ناچنە دەروە بەو تاوانەیان ، بەڵکو دەکەونە ویستی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی لـێ هەبێت سزایان دەدات ، وە ئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەك دەنگیە دروستە ، بەڵام حەنەفی مەزهەبەکان ئەگەر پێچەوانەی ئەوانە نەبوونایەتەوە ، بە شێوەیەکی حەقیقی لە نکوڵیکردنیان لەوەی کە ئیمان بەشێك بێت لە ئیمان !!! ئەوا هاودەنگ دەبوون لە گەڵیاندا لەوەی کە ئیمان زیاد و کەمیش دەکات ، و زیادبوونەکەشی بە گوێرایەڵیە و کەمبوونەوەشی بە تاوان و سەرپێچیە ، لەگەڵ هاتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ، سەرەڕای بوون و هاتنی هەموو ئەو شوێنەوارە سەلەفیانە لەسەر ئەوە .

پاشان چۆن ڕاستە بووترێت کە ئەو جیاوازیە شێوەیی و ڕوکەشیە ، کەچی دەبینیت ئەوان بەدروستی دەزانن کە خراپترین و سەرکەشترین کەسیان بلێت : ئیمانی من وەکو ئیمانی ئەبو بەکری صدیقە ، بەڵکو وەکو ئیمانی پێغەمبەران و نێردراوانی خوای پەروەردگار جبریل و میکائیلە .عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ. ، چۆن ووتنی ئەوە دروست و ڕەوایە کە بووترێت جیاوازیەکەیان شێوەیی و ڕووکەشی !!! لە کاتێکدا ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونەیان ئەوە بینا دەکەن کە ڕێگە نادەن بە یەکێکیان ـ تەنانەت ئەگەر فاسقترین کەسیش بێت ـ بڵێت : من ئیماندارم ـ ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ بەڵکو دەبێت بڵێت : بەحتەق من ئیماندارم ، کەچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ ... ﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴾ .

لە کۆی ئەوەی خرایەڕوو ئەوە ئاشکرا دەبێت کە : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوە بە بەشێك لە باوەڕ و ئیمان دەزانێت ، و ئەوەش کە سەبارەتی دەووترێت لە پڕوپاگەندە بەدەر هیچی تر نیە ، و تۆمەتێکی بێ بنەوایە بۆ ئەم پێشەوایە دەکرێت ، و پێچەوانەی ئەو هەموو ووتانەیە کە لە ژیانیدا فەرموویەتی .

جا ئەگەر زانرا و ئاشکرابوو کە بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، ئەوەیە کە کردەوە بە بەشێك لەئیمان دەزانێت ، باشە بابزانین : بۆچی تۆمەتبار دەکرێت و ئەم تاوانە ناقۆڵایەی دەدرێتەپاڵ کە گوایا : کردەوە بە بەشێك لەئیمان نازانێت ؟!!!

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەووترێت : گەورەترین شتێك کە تۆمەتبارکاران پێشەوای پێ تۆمەتبار دەکەن ، یان هۆکاری ئەو تۆمەتبارکردنەیە ، ووتەیەکی پێشەوا ئەلبانیە کە لە زۆرێك لە ووتار و دەرس ، و نووسینەکانیدا دەری دەبڕێت ، کە ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێت : ((العمل شرط لكمال الإيمان)) ، ئەم ووتەیەش ـ لە دید و بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانە ـ ئەوە دەگەیەنێت کە پێشەوا ئەلبانی کردەوە بە بەشێك لەئیمان نازانێت !!! بەوەش هاودەنگ دەبێت لەگەڵ گروپی مورجیئە کە کردەوە لەئیمان دەردەکەن !!!

بۆیە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی و ناڕاستی ئەم ووتەیە ، و هەڵسەنگاندنی بە پێوەرێکی زانستیانە ، و ئاشکراکردنی ئەم گومانە ـ بەپشتیوانی خوای پەروەردگار ـ چەند ڕوونکردنەوەیەك دەخرێنەڕوو :

ڕوونکردنەوەی یەکەم : بەکارهێنانی ئەم بڕگەیە (الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان) لەکاتی بەرپەرچدانەوەی ئەو نەیارانە کە بەتاوان موسڵمانان تەکفیر دەکەن :

دادوەری لەوەدایە کە موسڵمان هەر ووتە و گوفتارێك لەکاتی لێکدانەوەیدا لە شوێنی خۆیدا دابنێت ، لێرەشدا وەکو هەموو جێگاکانی تر دەبوایا نەیاران و ڕەخنەگران ئەوەیان ڕەچاو بکردایە کە ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە زۆری لەکاتی بەرپەرچدانەوە و تاوتوێکردنی بابەتەکان لەگەڵ هەڵگران یان کاریگەربووان بەبیرۆچکەکانی خەواریج و موعتەزیلە بەکاردەهێنێت ، چونکە ئەو گروپانە دەڵێن : ئیمان یەك بەش و پارچەیە ، بە نەمانی هەر بەشێك لێی ئیمانەکە پووچەڵ وبەتاڵ دەبێتەوە ، ونەمانی بەسەردا دێت !!! بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەهلی سوننە وجەماعە ، وزانایانی سەلەف ، بۆیە دەبینیت ، ئەم

پێشەوایە لەکاتی بەرپەرچ دانەوەیان دەیفەرموو : ((فأين الجواب عن كون الصلاة شرطاً لصحة الإيمان ؟ أي : ليس فقط شرط كمال ، فإن الأعمال الصالحة كلها شرط كمال ، خلافا للخوارج ، والمعتزلة ...)) [1] ، واتە : جا کوا وەڵامی ئەوەی کە نوێژ مەرجە بۆ دروستی ئیمان ؟ واتە ئەوەی کە تەنها مەرج نیە بۆ کامڵێتی ، چونکە کردەوە چاکەکان هەموو مەرجی کامڵێتین ، بە پێچەوانەی بۆچوونی خەواریج و موعتەزیلەکان .

جا ئەگەر دیقەتی ئەم ووتەیەی پێشەوا بدەین و لێی ووردبینەوە ئەو دەرەنجامەی سەرەوەمان لەلا ڕووندەبێتەوە ، کە باسەکە باسی پێچەوانە بوونەوەی خەواریج و موعتەزیلەکانە ، نەك حوکم دان بە دەرکردنی کردەوە لەحەقیقەتی ئیمان ، هەروەك ووتراوە !!!

ئەوەتا پێشەوا (الحافظ الحكمي) یش لەووتەیەکیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە جیاوازی بۆچوونی پێشین و زانایانی سەلەف ، لەگەڵ لاڕێبوواندا لەباسی ئەوەی کە کردەوە (شرط الكمال) ـە یان (شرط الصحة) یە ئەوەیە کە : ((أن السلف لم يجعلوا كل الأعمال شرطا في الصحة ، بل جعلوا كثير منها شرطا في الكمال ، كما قال عمر بن عبد العزيز فيها : من استكملها استكمل الإيمان ، ومن لم يستكملها لم يستكمل الإيمان . والمعتزلة : جعلوها كلها شرطا في الصحة ، واللَّه أعلم)) ، واتە : وە جیاوازیش لە نێوان ئەمە و ووتەی پێشین و سەلەفی صاڵح ئەوەیە کە : سەلەفی صاڵح هەموو کردەوەکانیان بە مەرج دانەناوە بۆ دروستی ئیمان ، بەڵکو زۆرێکیان بەمەرج داناوە بۆ کەماڵی ئیمان ، هەروەکو پێشەوا (عمر) ـی کوڕی (عبدالعزيز) سەبەرەت بەکردەوەکان فەرموویەتی : ئەو کەسەی تەواوی بکات ئەوا ئیمانەکەی کامڵکردووە ، وە ئەو کەسەش کە تەواوی نەکردووە ئەوا ئیمانەکەی کامڵ و تەواو نەکردووە ، بەڵام لە بەرامبەریشدا ، موعتەزیلەکان : هەموو کردەوەکانیان بە مەرج داناوە بۆ دروستی ئیمان ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

بێ ئەوەش مەبەستی پێشەوا (الحافظ) ئەوە بێت کە کردەوە لەئیمان دەربکات !!! چونکە لەچەند پەڕەیەکی پێشتر لەو ووتەیەی ئەوە ئاشکرا دەکات کە : ئەگەر ئیمان بە تەنها باس

---

[1] (حكم تارك الصلاة ، للألباني : ص ٤٢) .

بكرێت ئەوا مەبەست پێی هەموو ئایینە ، پاشان بەڵگەی قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەر ئەوەش بەمەبەستی سەلەف و پێشین دەزانێت لەپێناسەی ئیماندا كە دەڵێن : ئیمان ووتە وكردەوەیە وهەموو كردەوەكانیش بەشن لەئیمان ... بەڵكو هەندێكیان كۆڕای هاوەڵان وشوێنكەوتوان وزانایانی لەسەر ئەوە دەگێڕنەوە وەك پێشەوا شافعی وجگە لەویش ... وە ئینكاری ئەوەشیان كردووە لەسەر ئەوانەی كە كردەوە لەئیمان دەردەكەن و بەووتەیەكی داهێنراویان زانیوە ... هەر ئەوەش بەمەبەستی پێشەوا بوخاری لەصحیحەكەیدا ... وە كردەوەی پێشەوا (النسائي) و (الترمذي) یش لەسوننەنەكەیاندا دەزانێت ... هەتا دوای باسەكەی ... ئەو پێناسەشیان بۆ بەرپەرچدانەوەی گومڕایان ولاڕێبوونە ، هەروەكو فەرموویەتی : ((وكلام أئمة الحديث وتراجمهم في كتبهم يطول ذكره ، وهو معلوم مشهور ، ومما قصدوه بذلك الرد على أهل البدع ممن قال : ...)) ، واتە : وە ووتەی پێشەوایانی ئەهلی حەدیس ، لەگەڵ ئەوەی كە لە كتێبەكانیان باسیان لێوە كردووە ، باسكردنی درێژە دەكێشێت ، زانرا و بەربڵاویشە ، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەوان بێت لەو ووتانەیاندا : بەرپەرچدانەوەی ئەهلی بیدەع و بیدعەكارانە ، لەوانەی كە ووتوویانە ... هتد .

دواتر باسی ئەوانە دەكات كە پێشین و سەلەفی صالح بەرپەرچیان داونەتەوە ، لەوانەی كە دەڵێن : ئیمان تەنها بەڕاست دانانی دڵە !!! یان دەڵێن : تەنها زانین ومەعریفەیە بەخوای پەروەردگار !!! وە ئەوانەی كە دەڵێن : ئیمان بریتیە لەدانپیانانی زمان بێ بوونی بیروباوەڕی دڵ !!! وە ئەوانەش كە ووتوویانە : بەڕاست دانانی دڵ و ووتن ودانپیانان زمانە !!! وە خەواریجەكانیش كە ووتوویانە : ئیمان : هەموو عیبادەت وگوێڕایەڵیەكان دەگرێتەوە ـ سوننەت بن یان فەرز ـ ، ونەمانی هەر بەشێكی ئیمانەكە بەتاڵ دەكاتەوە !!! پاشان بۆچوونی جوبائی وموعتەزیلە بەصریەكانیش دێنێتەوە [1] !!!

وە پێشەوا (ابن عبدالبر) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەرەڕای ئەوەی كردەوەكانی ڕووكەشیش بە بەشێك لە ئیمان دەزانێت ، فەرموویەتی : ((من لم يصل من المسلمين في مشيئة اللَّه إذا

---

[1] (معارج القبول ، للحكمي : ٢/ ٥٩٧ ـ ٦٠٢) .

كان موحداً مؤمناً بما جاء به محمد ﷺ مصدقاً مقراً ، و إن لم يعمل ، و هذا يرد قول المعتزلة والخوارج بأسرها)) [1] ، واته : ئەوەی نوێژنەکات لە موسڵمانان لە ژێر ویستی خوای پەروەردگاردا دەبێت ، ئەگەر یەکخواپەرست و ئیمانی هەبێت بەوەی کە (محمد) ﷺ پێهاتووە ، و بەڕاستی بزانێت ، دانیشی پیابنات ، ئەگەرچی کردەوەش نەکات ، وە ئەمەش تەواوی ووتەی موعتەزیلە و خەواریج ڕەت دەکاتەوە .

کەواتە ئەبێت جێگە وشوێنی بەکارهێنانی ووتە ڕەچاوبکرێت ، لەکاتی لێکدانەوەی ووتەی زانایان ، وگشتگیر نەکرێت ، چونکە هەروەکو ووتراوە : (لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَالٌ) ، واتە : هەموو جێگە و شوێنێك ووتەی تایبەت بەخۆی هەیە .

ڕوونکردنەوەی دووەم : ئەم بڕگەیە (الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان) دوو لایەنەیە و نابێت خوازراو (لازم) ـی خراپی وەربگیرێت وپێشەوا ئەلبانی پێ تۆمەتبار بکرێت :

لەوانەیە زۆرێك لەووتەی مرۆڤەکان لازمی هەبێت ـ واتە : مانایەکی زیاد لەسەر مەبەستی سەرەکی بێژەرەکەی بخوازێت ـ بۆیە لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێویستە ئەم پێوەرەی پێشەوا وشێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) لە پێش چاو بگرین ، کە سەبارەت بەلازمی ووتەی زانایان فەرموویەتی : ((وعلى هذا فلازم قول الإنسان نوعان :

أحدهما : لازم قوله الحق : فهذا مما يجب عليه أن يلتزمه ، فإن لازم الحق حق و يجوز أن يضاف إليه إذا علم من حاله أنه لا يمتنع من التزامه بعد ظهوره ، وكثير مما يضيفه الناس إلى مذهب الأئمة من هذا الباب .

والثاني : لازم قوله الذي ليس بحق : فهذا لا يجب التزامه إذ أكثر ما فيه أنه قد تناقض ، و قد ثبت أن التناقض واقع من كل عالم غير النبيين ثم إن عرف من حاله أنه يلتزمه بعد ظهوره له فقد يضاف إليه و إلا فلا يجوز أن يضاف إليه قول لو ظهر له فساده لم يلتزمه ، لكونه قد قال ما يلزمه وهو لا يشعر بفساد ذلك القول و لا يلزمه .

---

[1] (التمهيد ، لابن عبدالبر : ٢٢ / ٢٩٠) .

وهذا التفصيل في اختلاف الناس في لازم المذهب هل هو مذهب أو ليس بمذهب ؛ هو أجود من إطلاق أحدهما ، فما كان من اللوازم يرضاه القائل بعد وضوحه له فهو قوله ، وما لا يرضاه فليس قوله وإن كان متناقضا)) [١] .

واتە : وە بەم پێیە دەردەکەوێت کە خوازراوی ووتەی مرۆڤ دوو جۆرە :

یەکەمیان : خوازراوی ڕەوای ووتەکەی : ئا ئەمەیان پێویستە کە پابەند بێت پێیەوە ، چونکە خوازراوی ڕەوایی ڕەوایە ، وە دەشتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر بزانرێت بە شێوەیەکە ئەگەر ئەوە ئاشکرابوو ڕێگرنیە لە پانەدبوونی پێوەی ، وە زۆرێك لەوەی کە خەڵکانێك دەیدنە پاڵ بۆچوونی پێشەوایان ئا لەم جۆرەیانە .

دووەمیان : خوازراوی ناڕەوای ووتەکەی : ئەم جۆرەیان نابێت پابەند بکرێت پێوەی ، چونکە ئەوپەڕی کە بووترێت ئەوەیە کە ووتەکانی دژیەك بوونەتەوە ، وە لەشەریعەتیشدا ئەوە جێگر سەلمێنراوە کە هەموو زانایەك ووتەی دژیەکی لێ دەکەوێتەوە ، جگە لە پێغەمبەران نەبێت ، پاشان ئەگەر بەشێوەیەك بزانرێت کە ئەو کەسە پابەندی ئەو بۆچوونە دەبێت ئەگەر ئاشکرا بکرێت ، ئەوا دەتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ، ئەگەرنە نابێت و دروست نیە ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر خراپی بۆ ئاشکرابوو پابەندنابێت پێوەی ، چونکە ئەو ووتەیەکی فەرمووە ئەوەی خواستووە ، و بێ ئاگاش بووە لەپوچەڵی ئەو ووتەیە ، بۆیە نابێت بدرێتە پاڵی .

ئا ئەم لێکدانەوە بەم فراوانیە لە پرس و باسی ئەوەی کە خوازراوی ووتە بە بۆچوونی بیژەرەکەی دادەنرێت یان نە ؟ ، لەوە باشترە کە یەکێکیان بە ڕەهایی بووترێت ، بۆیە ئەوەی کە خوازراوی ووتەکەیەتی و پێی ڕازی دەبێت ئەگەر بۆی ئاشکرا کرا ئەوەش بە ووتەی ئەو دادەنرێت ، بەڵام ئەوەی کە بیژەکە پێی ڕازی نابێت ئەوا ناکرێت بە ووتەی ئەو دابنرێت ، ئەگەرچی ووتەکانی پێچەوانەی یەك بوونەتەوە .

چونکە ئەگەر ووشەی (شرط) کە لەو برگەیەدا بەکارهێنراوە بەمانای زاراوەیی زانایانی ئوصول لێك بدرێتەوە ـ کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵەیە بۆ ئەو ووشەیە چونکە لێرەدا بەکارهێنانەکە زمانەوانیە نەك زاراوەیی کە بە واتای بەش دێت ـ بەشێکە دەکەوێتە دەروەی

---

[١] (القواعد النورانية ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١٩٣) .

ماهیەتەوە !!! بەنەمانی ماهیەت وحەقیقەتی شتەکە بەتاڵ دەبێتەوە !!! ئەو کاتە ئەوە دەگەیەنێت کە کردەوە لە دەرەوەی ئیماندایە و لەئیمان دەرکراوە !!!

یان : کە کردەوە بەئەصل وکەمال لێکدرایەوە ، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ولازمەکەی ئەوەیە کە کردەوە بە بەشێکی ئەصلی دانەنرێت لەئیمان ، و بەوەش کردەوە دەردەکرێت لەئیمان !!!

کەوابوو ـ موسڵمانی خواناس و دادوەر ـ نابێت :

١ ـ لازمی خراپی ووتەی ئەم پێشەوایە وەربگیرێت لە لێکدانەوەی ووتەکانی ـ هەروەك لە ووتەکەی پێشەوا (ابن تيمية) خرایە ڕوو ـ ، لەبەر ئەوەی کە ئەم پێشەوایە لە ووتەکانیدا ـ ئەگەر هەمووی کۆبکرێتەوە ـ ئەوە دەردەبڕێت کە کردەوە بەشێکە لەئیمان .

پێشەوا (صالح الفوزان) ـ خوا بیپارێزێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((إذا كان ولابد من نقل كلام أهل العلم فعليه أن يستوفي النقل من أوله إلى آخره ، ويجمع كلام العالم في المسألة من مختلف كتبه ؛ حتى يتضح مقصوده ، ويرد بعض كلامه إلى بعض ، ولا يكتفي بنقل طرف ويترك الطرف الآخر ؛ لأن هذا يسبب سوء الفهم ، وأن ينسب إلى العالم ما لم يقصده)) [١] ، واتە : ئەگەر هەر پێویستی کرد ووتەی زانایان بگێڕدرێتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەری بەتواوی بیگێڕێتەوە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی ، لەگەڵ کۆکردنەوەی هەموو ووتەکانی زاناکە لەو پرس و باسەدا لە هەموو کتێبەکانی بەگشتی ، بۆ ئەوەی مەبەست لە ووتەکەی ئاشکرا بێت ، وە ووتەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ لای یەك ، نەك لایەکی بگێڕێتەوە و لاکەی تری واز لێبێنێت ، و بە بەسی بزانێت ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە ، و ئەوەی ئەو زانایە شتێکی بدرێتە پاڵ کە مەبەستی نیە .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

---

[١] (مقدمة رفع اللآئمة ، للدوسري : ص ٥ ـ ٦) .

أقول : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ثم يأتي اليوم بعض الجهلة الأغمار ، والناشئة الصغار : فيرموننا بالإرجاء !! فإلى اللّه المشتكى من سوء ما هم عليه من جهالة وضلالة وغثاء)) [1] ، واته : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە درێژی و بەشێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد وکەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لە کتێبی (الإيمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی نەزانی نادیار ، و هەرزەی منداڵکار دێن ، تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجا !!! جا سکاڵای ئەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بەرزدەکەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپیەی کە لە سەرین ، لە نەزانین ، گومڕایی ، و بێنرخی و سوکێتیان .

بۆیە ئەگەر ـ هەر پێویست بکات کە ووتەیەك بووترێت سەبارەت بەم بڕگەیە ـ دەتوانرێت بووترێت : کە بەکارهێنانی ئەم بڕگەیە هەڵەیەکی زمانەوانیە ، باشترواوبوو کە بەشێوەیەك بووترایە خوازراوی خراپی نەبوایە واتە : هەڵەکە لەفزیە ، نەك ئەوەی کە بووترێت :

هاودەنگە لەگەڵ غولاتی (مەرجەئە !!!) !!!

یان : ووتەکەی ووتەی مورجیئەیە !!!

یان : کەوتووەتە ژێر کاریگەری مورجیئە !!!!

یان ئیرجای تێدایە !!! کە هەر هەموو لە درۆ و بوختیان و تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی نەبێت ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هیچی تر نیە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِنْ يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ﴾ (الكهف : ٥) .

---

[1] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص : ٣٢ ـ ٣٣) .

٢ ـ وە نابێت : ووشەی (شـرط) بە واتای زاراوەیی ئوصولّی لێك بدرێتەوە ، بەڵکو دەبێت بە واتای زمانەوانی لێکبدرێتەوە کە بەواتای بەشێك لەماهیەت دێتەوە ـ واتە : کردەوە بەشێکە لەئیمان ـ چونکە بەکارهێنانی زانایان بۆ ئەم ووشەیە بە واتا زمانەوانیەکەیەتی نەك زاراوەییەکەی ، جا بەئاگا بە !!!

چونکە ئەگەر بەو واتایە بێت کە ئەوان لێکی دەدەنەوە و بێژەرەکەی بە هەڵە دەخەنەوە ، ئەو ڕۆژێك دێك کەسانێکی تری نەزانکار پەیدا دەبن ، ئەمجارەیان زانایان تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە بیرۆچکەی خەوارجیان هەیە لەوەی کە دەڵێن : ((الأعما شـرط لصحة الإيمـان)) !!! چونکە (شـرط) لە ئوصولّدا وا پێناسەکراوە کە ((هُوَ مَا يَكُونُ مِنْ عَدَمِهِ الْعَدَمُ ، وَ ...)) ، واتە : ئەو شتەیە کە بەنبوونی حوکم لەسەر ماهیەت دەدرێت بە بەتاڵی !!! کەواتە بەنەبوونی هەر کردەوەیەك کە (شـرط) ـە لەئیمان ، حوکم لەسەر ئیمانەکە دەدرێت بە بەتاڵی ، و نەمانی !!! کە ئەمەش بۆچوونی خەواریجە گومڕاکانە !!!

بۆیە دەبێت لەلێکدانەوەی ئەم ووشەیە ـ واتە : (شـرط) ـ بە واتای زمانەوانی لێك بدرێتەوە نەك بە واتای زاراوەیی ئوصولّی ، چونکە لەگۆمێك دەرمان دەکات ، کەچی دەمانخاتە گۆمێك و زۆنگاوێکی لەو قولّترەوە !!

هەر لەبەر هۆکاری لەم جۆرەیە دەبینین زانایان ، وەك : (ابن عثيمين) ، و (ربيع بن هادي المدخلي) ، و (السحيمي) ، و (الراجحي) ، هانی دوورکەوتنەوەمان دەدەن لەو زاراوانەی کەچەند لایەنن ، لەواتاکانیاندا ، وەکو (شـرط الكمـال ، و شـرط الصحة ، و جنس العمل ... إلخ) ، چونکە ئەم ووشانە هۆکاری نانەوەی ئاشووبێکی زۆر بوون لەلایەن لاوانی موسڵمانەوە ، لەبەر نەزانین و پەلەکردنیان لەلێکدانەوەیاندا ، وە چەندەها کەسی لاڕێبوو بەهەلیان زانیوە بۆ تانەدان وتۆمەتبارکردنی زانایان ، هەروەکو لەگەڵ پێشەوا ئەلبانی کردوویانە !!!

ڕوونکردنەوەی سێیەم : هاوشێوەی ئەم ووتەیەی پێشەوا لەووتەی زانایانی تردا بەدی دەکرێت ، بۆیە تۆمەتبارکردنی ئەو تۆمەتبارکردنی ئەوانیشە :

دوای ئەوەی کە پێشتر ئەوە ڕوونکراوەیە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوە بە بەشێك لەئیمان دەزانێت ، و بەڕاشکاوی ئەوە دەخاتەڕوو ، دەبێت بزانرێت پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم ووتەیەیدا پێشین وسەلەفی هەیە ـ بەڕاشکاوی بێت یان بە واتا ـ ، ئەمەی خوارەوەش چەند زانایەکن لەو زانایانە :

١ ـ پێشەوا (الحافظ ابن حجر العسقلاني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :

((وَالْكَلَام هُنَا فِي مَقَامَيْنِ : أَحَدهمَا : كَوْنه قَوْلاً وَعَمَلاً . وَالثَّانِي : كَوْنه يَزِيد وَيَنْقُص .

فَأَمَّا الْقَوْل : فَالْمُرَاد بِهِ النُّطْق بِالشَّهَادَتَيْنِ . وَأَمَّا الْعَمَل : فَالْمُرَاد بِهِ مَا هُوَ أَعَمّ مِنْ عَمَل الْقَلْب وَالْجَوَارِح ، لِيَدْخُل الِاعْتِقَاد وَالْعِبَادَات . وَمُرَاد مَنْ أَدْخَلَ ذَلِكَ فِي تَعْرِيف الْإِيمَان وَمَنْ نَفَاهُ إِنَّمَا هُوَ بِالنَّظَرِ إِلَى مَا عِنْداللَّهِ .تَعَالَى..

فَالسَّلَف قَالُوا هُوَ اِعْتِقَاد بِالْقَلْبِ ، وَنُطْق بِاللِّسَانِ ، وَعَمَل بِالْأَرْكَانِ ، وَأَرَادُوا بِذَلِكَ أَنَّ الْأَعْمَال شَرْط فِي كَمَالِهِ . وَمِنْ هُنَا نَشَأَ ثَمَّ الْقَوْل بِالزِّيَادَةِ وَالنَّقْص كَمَا سَيَأْتِي .

وَالْمُرْجِئَة قَالُوا : هُوَ اِعْتِقَاد وَنُطْق فَقَطْ . وَالْكَرَامِيَّة قَالُوا : هُوَ نُطْق فَقَطْ . وَالْمُعْتَزِلَة قَالُوا : هُوَ الْعَمَل وَالنُّطْق وَالِاعْتِقَاد .

وَالْفَارِق بَيْنهمْ وَبَيْن السَّلَف : أَنَّهُمْ جَعَلُوا الْأَعْمَال شَرْطاً فِي صِحَّته ، وَالسَّلَف جَعَلُوهَا شَرْطاً فِي كَمَالِهِ)) [1] ، واتە : ووتەکانیش لێرەدا دوو تەوەر دەگرنەوە : یەکێکیان : ئەوەی کە ئیمان ووتە وکردەوەیە ، دووەمیشیان : ئەوەی کە زیاد وکەم دەکات .

سەبارەت بەووتە : مەبەست پێی ووتن وهێنانی هەردوو شایەتومانەکەیە . وە سەبارەت بەکردەوە : مەبەست پێی گشتگیرترە لەکردەوەی دڵ وئەندامەکان ، بۆ ئەوەی بیروباوەڕ و پەرستشەکانیش بگرێتەوە . وە مەبەستی ئەوەی کە ببەشێکی داناوە لە پێناسەی ئیمان ، و ئەوەش کە بەبەشێکی دانەناوە ، تەنها بریتیە لەڕوانیان بۆ ئەوەی کە لەلای خوای پەروەردگارە .

---

[1] (فتح الباري ، لابن حجر العسقلاني ، الجزء الأول ، صفحة : ٩) .

بۆیە پێشین و سەلەفی صالح فەرموویانە : بریتیە لە بیروباوەڕی دڵ ، و ووتنی بەزمان ، وکردەوەشە بە ئەندامەکان ، وە مەبەستیشیان لەوە ئەوەیە کە کردەوەکان مەرجن لە کاملێتی وتەواوی ئیماندا ، وە لێرەشەوە ووتەی : زیاد بوون وکەمبوونی ئیمان هاتۆتەکایەوە ، هەروەکو دواتر بەرچاو دەکەوێت .

وە مورجیئەکانیش ووتوویانە : بریتیە لە بیروباوەڕ و ووتنی زمان !! وە کەڕامیەکانیش ووتوویانە : تەنها ووتنی زمانە !!! و موعتەزیلەکانیش دەڵێن : بریتیە لە کردەوە و ووتن و بیروباوەڕ !!!

جیاوازیش لەنێوان ئەوان وسەلەفدا ئەوەیە کە : ئەوان کردەوەیان بەمەرج گرتووە بۆ دروستی ئیمان ، کەچی سەلەف کردوویانە بەمەرج لەکەماڵ و تەواوێتیدا .

ئەوەتە پێشەوا (الحافظ ابن حجر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوە دەداتە پاڵ سەلەف و پێشینی صالحی ئەم ئومەتە ، کە فەرموویانە : (الأَعْمَالُ شَرْطٌ فِي كَمَالِ الإِيمانِ) ، ئەوەش لەیەکێك لەگەورە سەرچاوەکانی ئەهلی سوننە وجەماعە کە کتێبی (فتح الباري شرح صحيح البخاري) یە ، و پێش چەندەها سەدە ، کەچی نەشمان بیستووە کە زانایان ئەم پێشەوا بەڕێزەیان دابێتە پاڵ کۆمەڵی گومڕای مورجیئە !!! یان فەرموویێتیان : کەوتووەتە ئیرجاوە !!! یان کاریگەری ئیرجای بەسەرەوەیە ؟!!! ئەوپەڕی کە ووترابێت ئەوەیە کە : ئەم ووتەیە ووتەیەکی هەڵەیە ، هەروەکو پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لەسەر نوسینی (التعليق) بۆ ووتەکانی پێشەوا (ابن حجر) لە (فتح الباري) فەرموویەتی .... خوای پەروەردگار زاناترە .

جا با ئەو کەسانەی پێشەوا ئەلبانی بەو تۆمەتە ناقۆڵایە تاوانبار دەکەن ، ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن کە : ئایا جیاوازی ووتەکەی پێشەوا (الحافظ ابن حجر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و پێشەوا (الألباني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە لەڕووی گۆ و وواتاوە ؟!

پاشان ئەگەر وەڵامەکەیان ئەوە بوو کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان ووتەکانیان ، نە لە ڕووی گۆ و نەش لەڕووی وواتاوە ، با پێمان بڵێن حوکمی پێشەوا (الحافظ ابن حجر) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە لەلای ئەوان ؟!!!

ئایا ئەویش بە مورجیئە لە قەڵەم دەدەن ؟!!! یان دەڵێن : ووتەکەی ووتەی مورجیئەیە ؟!!! یان : کاریگەر بووە بە ووتە و بۆچوونی مورجیئە ؟!!!

٢ ـ وە ئەوەش کە زیاتر کۆشکی بێ بنەوای تۆمەتباری تۆمەتباران تێك و پێك بشکێنێت ، ئەو ووتەیەی پێشەوا (الشافعي) یە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەیگێڕێتەوە ، وئیقراری دەکات ، کە تێیدا کردەوەی بە (كمال الإيمان) داناوە ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فالدين القائم بالقلب من الإيمان علماً وحالاً هو الأصل ، والأعمال الظاهرة هي الفروع ، وهي كمال الإيمان ، فالدين أول ما يبنى من أصوله ويكمل بفروعه ، كما أنزل اللَّه بمكة أصوله من التوحيد والأمثال التي هي المقاييس العقيلة ، والقصص والوعد والوعيد ، ثم أنزل اللَّه بالمدينة ـ لما صار له قوة فروعه الظاهرة من الجمعة والجماعة والأذان والإقامة والجهاد والصيام وتحريم الخمر والزنا والميسر وغير ذلك من واجبات ومحرمات ، فأصوله تمد فروعه وتثبتها وفروعه تكمل أصوله وتحفظها ، فإذا وقع فيه نقص ظاهر فإنما يقع ابتداءاً من بعض فروعه)) [1] ، واتە : ئەو ئایینەی کە لەدڵدایە لەباوەڕ وئیمان بە زانست و حاڵیەوە ئەوەیان بنەوایە ، وکردەوەکانی ڕوکەشیش چڵ و لقەکانین ، وە بریتین لە تەواوی و کەماڵی ئیمان ، چونکە ئایین سەرەتا لە بنەواکانی بنیات دەنرێت ، و پاشان بەچڵ و لقەکانی تەواو دەبێت ، هەروەك ئەوەی کە خوای پەروەردگار بنەواکانی ، لە یەکخواپەرستی و نموونەکان ، وپێوەڕە هرزیەکان وچیرۆك وپەیمان وهەڕەشەکانی ، لەمەکەدا ناردەخوارەوە وپاشان لە مەدینەدا ـ کە هێزی بۆ پەیدابوو ـ چڵ ولقە ئاشکراکانی دابەزاند لەنوێژی هەینی ونوێژی

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ١٠/ ٣٥٥) ، شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) ـ خوا بیپارێزێت ـ فەرموویەتی : ((وكثير من العلماء يقول : (الإيمان أصل والعمل كمال ، والعمل فرع) يقولون هذا الكلام هل نقول : هم مرجئة ؟! أعوذ باللَّه من ذلك)) (كلمة في التوحيد [وكذلك جعلناكم أمة وسطاً] ، وتعليق عل بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص : ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في (٢١ / ١٢/ ١٤٢٥) .

الرابط : (http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002) .

بەکۆمەڵ وبانگ وقامەت ، وتێکۆشان وڕۆژوو ، وقەدەغەکردنی مەی ، وداوێن پیسی ، قومار و جگە لەوانەش لەپێویستی وقەدەغەکراوەکان ، چونکە بنەواکان وپاڵپشت وجێگیرکاری چڵ و لقەکانین ، وە چڵ ولقەکانیش تەواکاری بنەوا وپارێزەریان دەبن ، جا ئەگەر کەم وکوڕیەکی ئاشکرای تێکەوت ئەوا بەدڵنیایەوە لەسەرەتادا لەهەندێك لە چڵ ولقەکانەوە درووست دەبێت .

برای موسڵمان : دیقەتدە و بڕوانە کە چۆن پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم ووتەیەی پێشەوا (الشافعي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەگێڕێتەوە و ئیقراری دەکات ، کەچی کردەوەکانی ڕووکەش بە فەرع ، و کەمالی ئیمان دەدەنێت !!! هەر ئەمەشە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی و ئەصڵ و کەمالی تێدا جێگیرکردووە .

بۆیە ئەگەر کردەوەکانی ڕووکەش فەرع وکەمالی ئیمان بن (الأعمال الظاهرة هي الفروع وهي كمال الإيمان) !!! نازانم چ جیاوازیەك لە نێوان ئەو واتایە و ئەوەی پێشەوا ئەلبانی هەیە کە فەرموویەتی : (شرط الكمال) !!!!

٣ ـ وە پێشەوایەکی تر لەو پێشەوایانە کە ئاماژە بە هەمان وواتای ووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەکات ، پێشەوا (محمد بن إسحاق بن يحي بن منده) یە کە لە ساڵی (٣٩٥ ك) ـدا کۆچی کردووە ، بەڕێزیان لەم ووتەیەیدا فەرموویەتی : ((ذكر اختلاف أقاويل الناس في الإيمان ما هو :

فقالت طائفة من المرجئة : الإيمان فعل القلب دون اللسان . وقالت طائفة منهم : الإيمان فعل اللسان دون القلب ، وهم أهل الغلو في الإرجاء . وقال جمهور أهل الإرجاء : الإيمان هو فعل القلب واللسان جميعا .

وقالت الخوارج : الإيمان فعل الطاعات المفترضة كلها بالقلب واللسان وسائر الجوارح . وقال آخرون : الإيمان فعل القلب واللسان مع اجتناب الكبائر .

و قال أهل الجماعة : الإيمان هي الطاعات كلها بالقلب واللسان وسائر الجوارح غير أن له أصلا وفرعا ، فأصله المعرفة باللَّه والتصديق له وبه وبما جاء من عنده بالقلب واللسان ، مع

الخضوع له ـ والحب له ، والخوف منه ، والتعظيم له مع ترك التكبر والاستنكاف والمعاندة ، فإذا أتى بهذا الأصل ، فقد دخل في الإيمان ، ولزمه اسمه ، وأحكامه .

و لا يكون مستكملا له حتى يأتي بفرعه ، وفرعه المفترض عليه ، أو الفرائض واجتناب المحارم . وقد جاء الخبر عن النبي ﷺ أنه قال : « الْإِيْمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ سِتُّونَ شُعْبَةً أَفْضَلُهَا شَهَادَةُ أَنّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيْقِ ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيْمَان » ، فجعل الإيمان شعبا بعضها باللسان والشفتين وبعضها بالقلب وبعضها بسائر الجوارح .

فشهادة أن لا إله إلا اللَّه : فعل اللسان ، تقول : شهدت أشهد شهادة ، والشهادة فعله بالقلب واللسان لا اختلاف بين المسلمين في ذلك ، والحياء في القلب ، وإماطة الأذى عن الطريق فعل سائر الجوارح)) [1] .

واته : باسكردنی جیاوازی ووتەی خەڵك سەبارەت بەئیمان چیە ؟

كۆمەڵێك لە مورجیئەكان ووتوویانە : ئیمان تەنها كردەوەی دڵە بەبێ زمان . وە كۆمەڵێكی تریان دەڵێن : ئیمان تەنها كردەوەی زمانە بەبێ دڵ ، ئەم كۆمەڵەش زیادڕەویكاران و غولاتەكانیانن لە ئیرجادا . وە زۆرینەی مورجیئەكان ووتوویانە : ئیمان بریتیە لە كردەوەی دڵ و زمان پێكەوە .

وە خەواریجەكان ووتوویانە : ئیمان تەنها كردنی هەموو گوێڕایەڵیە پێویستەكانە ، بەدڵ و بە زمان و بە هەموو ئەندامەكانی لەش . وە هەندێكی تر ووتوویانە : ئیمان كردەوەی دڵ وزمان ودورکەوتنەوەیە لە تاوانە گەورەكان .

بەڵام ئەهلی سوننە و جەماعە ووتوویانە : هەموو گوێڕایەڵیەكانە بەدڵ و زمان و هەموو ئەندامەكانی لەش ، جگە لەوەش بنەوا و چڵ ولقیشی هەیە ، بنەواكەی بریتیە لەناسینی خوای پەروەردگار وبەڕاستدانانی ، وبەوەش كە لێیەوە هاتووە بەدڵ و زمان ، لەگەڵ ملكەچی بۆی ، و لەبەر ئەو خۆشویستن ، ولێترسانی ، وبەگەورەدانانی ، لەگەڵ وازهێنان لەفیززلی و بێمنەتبوون و

---

[1] (كتاب الإيمان ، لابن منده ، الجزء الأول ، ص : ٢٠٩) .

بەرهەڵستی کردنی ، جا ئەگەر ئەم بنەوایەی هێنا ، ئەوا هاتووەتە ناو ئیمانەوە ، و ناوەکەشی پێویست دەکات ، لەگەڵ ئەحکامەکانی .

وە تەواو و کاملی ناکات تاکو چڵ و لقەکانی بەجێ نەهێنێت ، وە ئەو چڵ و لقانەی کە پێویستن لەسەری ، یان پێویستەکان ، و دورکەوتنەوەی لە قەدەغەکراوەکان .

وە فەرموودەشمان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێگەیشتووە کە فەرموویەتی : ئیمان حەفتا و ئەوەندە ، یان شەست و ئەوەندە بەشە ، و باشترین و بەرزترینیان شایەتیدانە بەوەی کە هیچ خوایەك نیە کە شایستەی پەرست بێت جگە لە (اللَّه) نەبێت ، نزمترینیشی لابردنی ئەزیەت و نارەحەتیە لەسەر ڕێگەی موسڵمانان ، و حەیا وشەرمیش بەشێکە لەئیمان ، ئەوەتا دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ ئیمانی کردووەتە چەند بەشێکەوە ، هەندێکی بەزمان و لێوەکان ئەنجام دەدرێن ، هەندێکی بە دڵ ، و هەندێکی تری بە هەموو ئەندامەکانی لەش .

شایەتومان (لا إله إلا اللَّه) : کردەوەی زمانە ، کە دەڵێت : شایەتی دەدەم ، وە شایەتی دانیش کردەوەپێکردنی بەدڵ وزمان هیچ جیاوازیەك نیە تێیدا لەنێو موسڵمانان ، شەرم وحەیاش لەدڵدایە ، ولابردنی ئەزیەتیش لەسەر ڕێگەی موسڵمانان کردەوەی هەموو ئەندامەکانی لەشە .

ئەوەتا پێشەوا (ابن منده) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەمان واتای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دووپات دەکاتەوە و دەفەرموێت : ئەو کەسەی کە شایەتوومان بە زمان بهێنێت ، و بە دڵیشی باوەڕی هەبێت ، هاتووەتە ناو بازنەی ئیمانەوە ، و بنەوای (أصل) ـی ئیمانی بەدیهێناوە ، و ناو و ئەحکامەکانی ئیمانی لەسەر جێبەجێ دەبێت ، وە ئەوەش تەواو (کاملْ) ناکات بە فەرعەکانی نەبێت ، کە کردەوەکانی ڕووکەشن ، کە فەرزکراوون لەسەری .

ئایا ـ ئەو کەسانەی کە بە نارەوایی پێشەوا تۆمەتبار دەکەن !!! ـ دەتوانن ئەم پێشەوایەش بەوە تۆمەت باربکەن کە مورجیئەیە ؟!!! یان ووتەی مورجیئەکانی ووتووە ؟!!!

ڕەنگە یەکێك بڵێت : پێشەوا (ابن منده) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەووتەکانی تریدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە ، واتە ووتەی گشتی وتایبەتی هەیە ، ومەبەستەکەی ڕوونکردووەتەوە .

لەوەلامدا دەووترێت : ڕاستە ووتەی تری ڕوونکەرەوەی ئەم ووتەیەی هەیە ، هەروەها پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ووتەی تری هەیە ، ومەبەستی ئەوە ڕوونەدەکاتەوە ، ئەوەتا

فەرموویەتی : ((وقد فصل شيخ الإسلام ابن تيمية وجه كون الأعمال من الإيمان ، وأنه يزيد وينقص ـ بما لا مزيد عليه ـ في كتابه (الإيمان) ، فليراجعه من شاء البسط .

أقول : هذا ما كنت كتبته من أكثر من عشرين عاماً ، مقرراً مذهب السلف ، وعقيدة أهل السنة ـ وللّه الحمد ـ في مسائل الإيمان ، ...)) [١] .

واتە : پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەدرێژی و بە شێوەیەکی تێروتەسەل ڕووی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کردەوە لەئیمانە ، و ئەوەش کە زیاد وکەم دەکات ـ بەشێوەیەك کە هیچ زیادەی نەخرێتەسەر ـ لە کتێبی (الإيمان) یدا ، جا هەرکەس درێژەی ئەو باسەی دەوێت با بۆی بگەڕێتەوە .

دەڵێم (پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ) : هەر ئەمەیە کە منیش بیست ساڵ لەمەو پێش نووسیومە و تێیدا ـ شوکر بۆ خوای پەروەردگار ـ دانم بە بۆچوون و مەزهەبی سەلەف ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا ناوە و جێگیرم کردووە ، لە پرس و باسەکانی ئیماندا ، ... .

بۆیە نابێت لە حوکمەکانیاندا ـ ئەو کەسانەی کە بەناڕەوایی پێشەوا تۆمەتبار دەکەن !!! ـ کورد ووتەنی : یەك بان و دوو هەوان بێت !!! وە ناشبێت : بە دوو پێوەر پێوانە بکەن !!!

بۆیە پێویستە لەووتەی هەردوو پێشەوا (ابن منده) ، و (الألباني) ـ بە ڕەحمەت بن ـ بەباشترین شێوە لێك بدرێتەوە ، و هەموو ووتەکانیان لەم بارەیەوە کۆبکەینەوە ، و حوکمیان لە سەر بدەین ، و مەبەستیان ئاشکرا بکەین ، هەروەکو پێشەوا (صالح الفوزان) ـ خوا بیپارێزێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((إذا كان ولابد من نقل كلام أهل العلم فعليه أن يستوفي النقل من أوله إلى آخره ويجمع كلام العالم في المسألة من مختلف كتبه حتى يتضح مقصوده ويرد بعض كلامه إلى بعض ولا يكتفي بنقل طرف ويترك الطرف الآخر ؛ لأن هذا يسبب سوء الفهم وأن ينسب إلى العالم ما لم يقصده)) [٢] ، واتە : ئەگەر هەر پێویستی

---

[١] (كتاب الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد ، للألباني ، ص : ٣٢ ـ ٣٣) .

[٢] (مقدمة رفع اللآئمة ، للدوسري : ص ٥ ـ ٦) .

کرد ووتەی زانایان بگێڕدرێتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەری بەتواوی بیگێڕێتەوە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی ، لەگەڵ کۆکردنەوەی هەموو ووتەکانی زاناکە لەو پرس و باسەدا لەکتێبەکانی بەگشتی ، بۆ ئەوەی مەبەست لەووتەکەی ئاشکرا بێت ، وە ووتەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ لای یەك ، نەك لایەکی بگێڕێتەوە ولاکەی تری واز لێبێنێت ، و بە بەسی بزانێت ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە ، و ئەوەی ئەو زانایە شتێکی بدرێتە پاڵ کە مەبەستی نیە .

وە ئەگەر لازمێکی خراپ هەبوو بۆ ووتەکانیان ، ئەو لازمە وەرنەگیرێت بەتایبەت لە کاتێکدا کە پێچەوانەی ئەوەیان لەووتەکانیاندا دەربڕیە وبەرائەتی خۆیانکردووە لەپێچەوانەکەی ، هەروەکو لە ووتەکەی پێشووی پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەلازمی ناڕەوایی ووتەی زانایان فەرموویووی : ((... لازم قوله الذي ليس بحق : فهذا لا يجب التزامه إذ أكثر ما فيه أنه قد تناقض ، و قد ثبت أن التناقض واقع من كل عالم غير النبيين ثم إن عرف من حاله أنه يلتزمه بعد ظهوره له فقد يضاف إليه و إلا فلا يجوز أن يضاف إليه قول لو ظهر له فساده لم يلتزمه ، لكونه قد قال ما يلزمه وهو لا يشعر بفساد ذلك القول و لا يلزمه ...)) [1] .

واتە : ... خوازراوی ناڕەوای ووتەکەی : ئەم جۆرەیان نابێت پابەند بکرێت پێوەی ، چونکە ئەوپەڕی کە بووترێت ئەوەیە کە ووتەکانی دژیەك بوونەتەوە ، وە لە شەریعەتیشدا ئەوە جێگر سەلمێنراوە کە هەموو زانایەك ووتەی دژیەکی لێ دەکەوێتەوە ، جگە لە پێغەمبەران نەبێت ، پاشان ئەگەر بە شێوەیەك بزانرێت کە ئەو کەسە پابەندی ئەو بۆچوونە دەبێت ئەگەر ئاشکرا بکرێت ، ئەوا دەتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ، ئەگەرنە نابێت و دروست نیە ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر خراپی بۆ ئاشکرا بوو پابەند نابێت پێوەی ، چونکە ئەو ووتەیەکی فەرمووە ئەوەی خواستووە ، و بێ ئاگاش بووە لە پوچەڵی ئەو ووتەیە ، بۆیە نابێت بدرێتە پاڵی .

---

[1] (القواعد النورانية ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١٩٣) .

٤ ـ پێشەوا (ابن جرير الطبري) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەگێڕانەوەی بۆ بۆچوونی ئەهلی سوننە لەپرس وباسی ئیماندا فەرموویەتی : ((قال بعضهم : الإيمان : معرفة بالقلب ، وإقرار باللسان ، وعمل بالجوارح . فمن أتى بمعنيين من هذه المعاني الثلاثة ولم يأت بالثالث فغير جائز أن يقال أنه مؤمن ، ولكنه يقال له إن كان اللذان أتى بهما المعرفة بالقلب ، والإقرار باللسان ، وهو في العمل مفرط ، فمسلم)) [1] ، واتە : هەندێك ووتوویانە : ئیمان بریتیە لە زانین بەدڵ ، ودانپیانان بەزمان ، کردەوەکردنیشە بەئەندامەکانی لەش . جا ئەوەی دوو وواتا لەم سێ واتایە ئەنجام بدات ، وسێیەمیانی ئەنجام نەدات ، ئەوا دروست نیە پێ بووترێت ئیماندارە ، بەڵام پێی دەووترێت موسڵمان ئەگەر ئەو دووەی کە ئەنجامیانی داوە زانینی دڵ ودانپیانانی زمان بێت ، ئەگەرچی کەمتەرخەمیشی کردبێت بێت لەئەنجامدانی کردەوەکاندا .

٥ ـ بەهەمان شێوەی زانایانی پێشوو پێشەوا (ابن رجب الحنبلي) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَمَعلومٌ أن الجنَّة إنَّما يُستَحقُّ دُخُولُهَا بالتصديقِ بالقَلبِ ، مَعَ شَهادَةِ اللِّسانِ ، وَبِهما يَخرُج من يَخرُج مِن أهلِ النَّارِ ، فَيَدخُلَ الجنَّة)) [2] ، واتە : وە زانراویشە کە شاییستەیی ڕۆشتنە بەهەشت بە بەڕاست دانانی دڵە ، لەگەڵ شایەتی دانی زمان (ووتنی : لا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) ، هەر بەو دووەشە کە دۆزەخیان لە دۆزەخ دەردەچن و دەڕۆنە بەهەشتەوە .

وە لەووتەیەکی تریدا و لەلێکدانەوەی فەرموودەی شەفاعەدا فەرموویەتی : ((والمراد بقوله : « لَمْ يَعْمَلُوا خَيْراً قَطُّ » مِنَ أعمال الجوارح ، وإن كان أصل التوحيد معهم ، ولهذا جاء في حديث الذي أمر أهله أن يحرقوه بعد موته بالنار ، إنه لم يعمل خيراً قط غير التوحيد ... ويشهد لهذا ما في حديث أنس عن النَّبيِّ ﷺ في حديث الشفاعة قال : « فأقول يارب ائذن لي فيمن يقول : لا إله إلا اللَّه ، فيقول : وعزتي وجلالي وكبريائي وعظمتي لأخرجن من قال

---

[1] (التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين ، للإسفراييني : ١٨٨) .

[2] (فتح الباري ، لابن رجب : مكتبة الغرباء الأثرية ، ١/ ١٢١) .

: لا إله إلا اللَّه » (خرجاه في الصحيحين) ، وعند مسلم « فَيَقُولُ : لَيْسَ ذَلِكَ لَكَ أَوْ لَيْسَ ذَلِكَ إِلَيْكَ » . وهذا يدل على أن الذين يخرجهم اللَّه برحمته من غير شفاعة مخلوق هم أهل كلمة التوحيد الذين لم يعملوا خيراً قط بجوارحهم)) [١] .

واتە : مەبەست بەوەی کە فەرموویەتی : « لم يعملوا خيراً قط : هەرگیز هیچ خێرێکیان نەکردووە » ، واتە : لەکردەوەی ئەندامەکان ، ئەگەرچی بنەوای یەکخواپەرستیان هەیە ، بۆیە لەفەرموودەی ئەو کەسەدا هاتووە کە فەرمانی کرد بە کەس وکارەکەی کە دوای مردنی بە ئاگر بیسوتێنن هاتووە کە : « لم يعمل خيراً قط غير التوحيد : جگە لە یەکخواپەرستی هەرگیز هیچ خێرێکی نەکردووە » ... ئەوەش کە پاڵپشت وگەواهی ئەمە بدات فەرموودەکەی (أنس) ـە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لە فەرموودەی شەفاعەتدا کە فەرموویەتی : ئەو کاتە منیش دەڵێم : ئەی پەروەردگارم ڕێگەم بدە بە شەفاعەت کردن بۆ هەموو ئەوانەی کە ووتوویانە : ((لا إلـه إلا اللَّه)) ، پەروەردگاریش دەفەرموێت : سوێند بێت بە ((عزت وجلال وكبرياء وعظمة)) ـم ، هەموو ئەوانە دەردەکەم کە ووتوویێتیان : ((لا إله إلا اللَّه)) ، پێشەوایان بوخاری وموسلیم لە صحیحەکەیاندا گێڕاویانەتەوە ، وە لەڕیوایەتی پێشەوا موسلمدا هاتووە ، وە خوای پەروەردگـار دەفـەرموێت : ((لَيْسَ ذَلِكَ لَكَ)) ئەوە بۆ تۆ نیە ، یان : ((لَيْسَ ذَلِكَ إِلَيْكَ)) ئەوە نادرێتە تۆ . وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی کە خوای پەروەردگار بە بەزەیی وڕەحمەتی خۆی دەریاندەکات ، بەبێ شەفاعەتی دروستکراوانی ، کەسانی خاوەن ووتەی یەکخواپەرستین ، ئەوانەی کە هەرگیز هیچ خێرێکیان نەکردووە بە ئەندامەکانیان .

٦ ـ پێشەوا (الحافظ الحكمي) لە (معارج القبول : ٢ / ٥٩٧ ـ ٦٠٢) ـدا و لە باسی (مرتبة الإيمان) باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئیمان بە تەنها باس بکرێت ئەوا مەبەست پێی هەموو ئایینە ، پاشان بەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەر ئەوەش بە مەبەستی سەلەف و پێشین دەزانێت لە پێناسەی ئیماندا کە دەڵێن : ئیمان ووتە وکردەوەیە و هەموو کردەوەکانیش بەشن لەئیمان ... بەڵکو هەندێکیان کۆڕای هاوەڵان و شوێنکەوتوان و

---

[١] (التخويف من النار ، لابن رجب ، الباب الثامن والعشرون : ١ / ص ٢٥٩) .

زانایانی لەسەر ئەوە دەگێڕنەوە وەك پێشەوا شافعی و جگە لەویش ... وە ئینکاری ئەوەشیان کردووە لەسەر ئەوانەی کە کردەوە لەئیمان دەردەکەن و بەووتەیەکی داهێنراویان زانیوە ... هەر ئەوەش بە مەبەستی پێشەوا بوخاری لە صحیحەکەیدا ... وە کردەوەی پێشەوا (النسائي) ، و (الترمذي) یش لە سوننەنەکەیاندا دەزانێت ... هەتا دوای باسەکەی ... و پاشان فەرموویەتی : ((وكلام أئمة الحديث وتراجمهم في كتبهم يطول ذكره ، وهو معلوم مشهور ، ومما قصدوه بذلك الرد على أهل البدع ممن قال : ...)) ، واتە : وە ووتەی پێشەوایانی ئەهلی حەدیس ، لە گەڵ ئەوەی کە لە کتێبەکانیان باسیان لێوە کردووە ، باسکردنی درێژە دەکێشێت ، زانرا و بەربڵاویشە ، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەوان بێت لەو وتانەیاندا : بەرپەرچدانەوەی ئەهلی بیدەع وبیدعەکارانە ، لەوانەی کە ووتوویانە ... هتد .

دواتر باسی ئەوانە دەکات کە پێشین و سەلەفی صالح بەرپەرچیان داونەتەوە ، لەوانەی کە دەڵێن : ئیمان تەنها بەڕاست دانانی دڵە !!! یان دەڵێن : تەنها زانین و مەعریفەیە بە خوای پەروەردگار !!! وە ئەوانەی کە دەڵێن : ئیمان بریتیە لە دانپیانانی زمان بێ بوونی بیروباوەڕی دڵ !!! وە ئەوانەش کە ووتوویانە : بەڕاست دانانی دڵ و ووتن ودانپیانان زمانە !!! وە خەواریجەکانیش کە ووتوویانە : ئیمان : هەموو عیبادەت وگوێڕایەڵیەکان دەگرێتەوە ـ سوننەت بن یان فەرز ـ ، و نەمانی هەر بەشێکی ئیمانەکە بەتاڵ دەکاتەوە !!! پاشان بۆچوونی جوبائی وموعتەزیلە بەصریەکانیش دێنێتەوە !!!

لە کۆتاییشدا لە باسی جیاوازی نێوان بۆچوونی ئەوان و بۆچوونی پێشین و سەلەفی صالح دەخاتە ڕوو دەفەرموێت : ((والفرق بين هذا وبين قول السلف الصالح : أن السلف لم يجعلوا كل الأعمال شرطا في الصحة ، بل جعلوا كثير منها شرطا في الكمال ، كما قال عمر بن عبدالعزيز فيها : من استكملها استكمل الإيمان ، ومن لم يستكملها لم يستكمل الإيمان . والمعتزلة : جعلوها كلها شرطا في الصحة ، واللَّه أعلم)) ، واتە : وە جیاوازیش لە نێوان ئەمە و ووتەی پێشین و سەلەفی صالح ئەوەیە کە : سەلەفی صالح هەموو کردەوەکانیان بە مەرج دانەناوە بۆ دروستی ئیمان ، بەڵکو زۆرێکیان بەمەرج داناوە بۆ کەمالی ئیمان ، هەروەکو پێشەوا (عمر) ـی کوڕی (عبدالعزيز) سەبارەت بە کردەوەکان فەرموویەتی : ئەو

کەسەی تەواوی بکات ئەوا ئیمانەکەی کاملّ کردووە ، وە ئەو کەسەش کە تەواوی نەکردووە ئەوا ئیمانەکەی کاملّ و تەواونەکردووە ، بەڵام لەبەرامبەریشدا ، موعتەزیلەکان : هەموو کردەوەکانیان بە مەرج داناوە بۆ دروستی ئیمان ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

٧ ـ پێشەوا (ابن باز) گەورە زانای هاوچەرخی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە چەندەها ووتە و فەتوایدا لە باسی کردەوەدا ئاماژەی بەوە داوە کە هەندێك کردەوە هەن بە (شرط الكمال) ، و (كمال) ی ئیمان دادەنرێن ، کەچی بە هیچ شێوەیەك ـ هەروەکو چۆن پێشەوا ئەلبانیش بە ڕەحمەت بێت بەهیچ شێوەك مەبەستی ئەوەی نیە ـ ئەویش مەبەستی ئەوە نیە کە کردەوە لەئیمان دەربکات ، و بە بەشێکی نەزانێت لەئیمان ، لەو ووتەو فەتوایانەش :

❑ شێخ (عبدالعزيز بن فيصل الراجحي) لە ڕۆژنامەی (الجزيرة) دا بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت : ((سألت شيخنا الإمام (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عام (١٤١٥هـ) ـ وكنا في أحد دروسه ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عن الأعمال : أهي شرط صحة للإيمان ، أم شرط كمال ؟)) ، واتە : لە ساڵی (١٤١٥ ك) پرسیارم لە شێخمان پێشەوا (ابن باز) کرد کاتێك لە یەکێك لە دەرسەکانیدا بووین سەبارەت بەکردەوە : ئایا مەرجە بۆ دروستی ئیمان ، یان مەرجە بۆ تەواوی و کاملّیتی ؟

پێشەوا (ابن باز) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدا فەرمووی : ((من الأعمال شرط صحة للإيمان لا يصح الإيمان إلا بها كالصلاة ، فمن تركها فقد كفر . ومنها ما هو شرط كمال يصح الإيمان بدونها ، مع عصيان تاركها وإثمه)) [1] ، واتە : هەندێك لە کردەوەکان

---

[1] (نقلاً عن جريدة الجزيرة ـ عدد ١٢٥٠٦ ، في : ١٣ / ٧ / ١٤٢٣هـ ، الثالث) .

ويقول الشيخ عبد العزيز بن فيصل الراجحي ، فقلت له ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((من لم يكفر تارك الصلاة من السلف ، أيكون العمل عنده شرط كمال ؟ أم شرط صحة ؟)) .

فقال : ((لا ، بل العمل عند الجميع شرط صحة ، إلا أنهم اختلفوا فيما يصح الإيمان به منه ؛ فقالت جماعة : إنه الصلاة ، وعليه إجماع الصحابة رضي الله عنهم ، كما حكاه عبداللَّه بن شقيق . وقال

هەن مەرجە بۆ دروستی ئیمان ، بەشێوەیەك ئیمان دروست نیە جگە بەوە نەبێت وەك نوێژكردن ، ئەوەی كە وای لێبێنێت كافر دەبێت ، وە هەشێتی مەرجە بۆ تەواوی و كاملێتی ، بەشێوەیەك ئیمان دروستە بەجگە لەوانەش ، لەگەڵ سەرپێچی خاوەنەكەی و تاوانبارێتی .

❑ وە لەپرسیارێكیشدا كە ئاراستەی پێشەوا (ابن باز) كرا هاتووە كە : ((أعمال الجوارح هل تعتبر كمالا للإيمان ، أو تعتبر كصحة للإيمان ؟)) ، واتە : ئایا كردەوەی ئەندامەكان بەتەواكەر وكەماڵێتی ئیمان دادەنرێت ، یان بەمرجی دروستی ئیمان دادەنرێت ؟

پێشەواش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەڵامدا فەرمووی : ((أعمال الجوارح فيها ما هو كمال للإيمان ، وفيها ما تركه مناف للإيمان ، والصواب أن الصوم يكمل الإيمان ، الصدقة من كمال الإيمان ، وتركها نقص في الإيمان وضعف في الإيمان ، ومعصية ، أما الصلاة فالصواب أن تركها كفر أكبر ، نسأل اللّه العافية ، وهكذا كون الإنسان يأتي بالأعمال الصالحات ، هذا من كمال الإيمان ، وكونه يكثر من الصلاة ومن صوم التطوع ، ومن الصدقات ، هذا من كمال الإيمان ، مما يقوى به إيمانه)) [1] ، واتە : كردەوەی ئەندامەكان لێیان هەیە مەرجی تەواوێتی وكاملێتی بۆ ئیمان ، وە تیایاندا هەیە وازلێهێنانی پێچەوانەی ئیمان و بەتاڵكەرەوەیەتی ، وە ووتەی دروستیش ئەوەیە كە ڕۆژوو ئیمان تەواودەكات ، زەكاتیش لە تەواوێتی وكاملێتی ئیمانە ،

آخرون بغيرها . إلا أن جنس العمل لابد منه لصحة الإيمان عند السلف جميعاً . لهذا الإيمان عندهم قول وعمل واعتقاد ، لا يصح إلا بها مجتمعة)) .

[1] (مجموع فتاوى ابن باز (٣٠) جزءا : ٢٨ / ١٤٩ ـ ١٥٠ ، س ٧) .

قال الشيخ ربيع بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللَّهُ. : ((**فلو سئل الإمام أحمد الآن عن عبارة الألباني ؟ لقال : ليس مرجئا** . **كيف إنسان يحارب الإرجاء طول حياته في عدد من كتبه وفي أشرطته وفي حياته كلها** ؟!!! **ثم بدرت منه عبارة** !!! **يقال فيه : إنه مرجيء** ؟!!)) (كلمة في التوحيد [وكذلك جعلناكم أمة وسطاً] ، وتعليق على بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص : ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في : (٢١/ ١٢/ ١٤٢٥) .

الرابط : (http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002) .

وازلێهێنانیشی ناتەواویە بۆ ئیمان ، ولاوازی بۆ ئیمان ، وتاوانیشە ، بەڵام سەبارەت بەنوێژ ئەوا ووتەی دروست ئەوەیە کە وازلێهێنانی کوفری گەورەیە ، خوای پەروەردگار بمانپارێزێت ، و هەروەها بەو شێوەیەی کە مردۆڤ کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدات ، ئەوە لەتەواوی ئیمانە ، و کە نوێژێکی زۆر دەکات ، یان ڕۆژووی سوننەت دەکات ، یان لە زەکات داندا ، ئەمە لە کاملێتی و تەواوی ئیمانە ، و لەوانەشە کە ئیمانەکەی پێ پتەو دەکات .

پاش ئەم دوو ووتەیەی پێشەوا دەپرسم : ئایا گوزارشکردن بەوەی کە هەندێك لەکردەوەکانی ڕووکەش ، یان پایەکانی ئیسلام کە (شرط الكمال) ـن ، هەروەکو لەووتەی یەکەمی پێشەوادا دەردەکەوێت ، یان بەوەی کە (كمال الإيمان) ـن ، هەروەکو لەووتەی دووەمدا ئاشکراکراوە ، ئەوە دەگەیەنێت کە پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوە لەئیمان دەردەکات ؟!!! بە دڵنیاییەوە لەوەڵامدا ـ هەر وەکو لەحەقی پێشەوا ئەلبانیش دەووترێت ـ : نەخێر هەرگیز ئەم پێشەوایە کردەوە لەئیمان دەرناکات ، بەڵکو کردەوە بە بەشێك لەئیمان دەزانێت !!! هەروەکو چۆن پێشن وسەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتە بڕیاریان لەسەر داوە .

بەڵکو پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەو زانایانە بەمورجیئە نازانێت ، کە وازهێنان لەکردەوەکانی ڕووکەش (الجوارح) و نەکردنیان ـ واتە : چوار پایەکەی ئیسلامە جگە لەشایەتوومان بەکافرنازانن ، ئەگەر کەسەکە شایەتوومانی هێنابێت ـ واتە : لەگەڵ ئەو شایەتوومانەدا ئەصلی ئیمانی هەبێت ـ ، هەروەکو لەم پرسیارەدا هاتووە : ((سُئِلَ عَن العُلماءِ الذين قالوا بِعَدَمِ كُفرِ مَن تَرَكَ أعمالَ الجوارِحِ ـ مَع تَلَفُّظِهِ بالشهادَتينِ ، ووُجُودِ أصلِ الإيمانِ القلبيِّ ـ هل هُم من المرجئةِ ؟)) ، واتە : پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو زانایانەی کە ئەو کەسانە بەکافر نازانن کە واز لەکردەوەی ئەندامەکان دەهێنن ، لەگەڵ بوون و ووتنی شایەتوومان ، بوونی بنەواوی ئیمان کە لە دڵدایە ، ئایا ئەو زانایانە لە مورجیئەن دەژمێردرێن ؟

ئەمەش دەقی وەڵامی بەڕێزیانە : ((هذا من أهل السنة والجماعة . فمن قال بعدم كفر من ترك الصيام ، أو الزكاة ، أو الحج ، هذا ليس بكافر ، لكنه أتى كبيرة عظيمة ، وهو كافر عند بعض العلماء ، لكن على الصواب لا يكفر كفرا أكبر . أما تارك الصلاة فالأرجح فيه أنه كفر أكبر ، إذا تعمد تركها .

و أما ترك الزكاة ، والصيام ، والحج ، فهو كفر دون كفر ، معصية وكبيرة من الكبائر ، والدليل على هذا أن النبي ﷺ قال في من منع الزكاة : « يُؤْتَى بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُعَذَّبُ بِمَالِهِ » .

كما دَلَّ عليه القرآن الكريم : ﴿ يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ ﴾ (التوبة : ٣٥) .

أخبر النبي أنه يُعَذَّبُ بماله ، بإبله ، وبقره ، وغنمه ، وذهبه ، وفضته ، ثم يَرَى سبيله بعد هذا إلى الجنة أو إلى النار ، دل على أنه لم يكفر ، كونه يرى سبيله إما إلى الجنة ، وإما إلى النار ، دل على أنه متوعد ، قد يدخل النار ، وقد يكتفي بعذاب البرزخ ، ولا يدخل النار ، بل يكون إلى الجنة بعد العذاب الذي في البرزخ)) [1] .

واتە : ئەم جۆرە زانایانە لە ئەهلی سوننە و جەماعەن . ئەو کەسەی بڵێت : ڕۆژوونەگرتن و زەکات نەدان و حەج نەکردن کافر نیە ، بەڵام تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە ، کەچی لەلای هەندێکی تر لە زانایان بە کوفر دادەنرێت ، بەڵام ووتەی دروست ئەوەیە کە ئەو سێیە کوفرێکی گەورە نیە ، بەڵام لەنوێژنەکەردا ووتەی هەڵبژاردە ئەوەیە کە کافرە وکوفرەکەشی کوفری گەورەیە ، ئەگەر بەئەنقەست وازی لێبێنێت .

بەڵام زەکات نەدان و ڕۆژوونەگرتن و حەج نەکردن کوفرەکەی بچووکە ، و تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە ، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە زەکات نەدەر فەرموویەتی : لە ڕۆژی دواییدا دەهێنرێت و بەماڵ و سامانەکەی سزا دەدرێت .

هەروەکو قورئانیش باسی کردووە کە : ﴿ يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ ﴾ .

پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە زەکات نەدەر بەسامان ، و ووشتر ومانگا و مەڕوماڵات ، وئاڵتون ، وزیوەکانی ، ئەزیەت دەدرێت ، وە لەپاش ئەوە ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر

---

[1] (مجموع فتاوى ابن باز (٣٠) جزءا : ٢٨ / ١٤٤ ـ ١٤٥) .

وقال العلامة ابن باز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((العلماء الذين قالوا بعدم كفر من ترك أعمال الجوارح مع تلفظه بالشهادتين ، ووجود أصل الإيمان القلبي هم من أهل السنة والجماعة)) (مجلة الفرقان العدد : ٩٤) .

یان بەرەو بەهەشت یان بەرەو دۆزەخ ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە نەکردنی ئەو کارەی کافر نەبووە ، چونکە ئەو کەسە دواتر ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەڕەشە لێدراوە ، ڕەنگە بڕواتە دۆزەخەوە ، لەوانەشە تەنها سزایی ناو گۆری بەس بێت ، پێویست بەوە نەکات بڕواتە دۆزەخەوە ، بەڵکو دوای ئەو سزایەی کە لە ناو گۆڕدا بینیویەتی بڕواتە بەهەشتەوە .

لەکۆتایی ئەم خستنە ڕووە : بۆمان ئاشکرا دەبێت کە چەندەها گەورە زانای پێشین وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ، پێش پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەمان دەربڕینیان هەیە ، جا بەڕاشکاوی بێت ، یان بەواتا بێت ، لەوانەش پێشەوایان : (ابن حجر العسقلاني) ، و (الشافعي) ، و (ابن تيمية) ، و (ابن منده) ، و (ابن جرير الطبري) ، و (ابن رجب الحنبلي) ، و (الحافظ الحكمي) ، و (ابن باز) ـ ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە هەموویان بێت ـ و چەندەها زانای تر کە ئێرە شوێنی هێنانەوە و کۆکردنەوەی هەموویان نیە ، بۆیە ئەو کەسانەی کە پێشەوا ئەبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ تۆمەتباردەکەن لەبەر ئەو ووتەیەی ـ بیانەوێت یان نە ـ تۆمەتباری ئەو پێشەوایانەش دەکەن بە هەمان تۆمەت !!! چونکە ووتەی هەموویان هاودەنگە لەگەڵ یەکدا ئەگەرچی جیاوازی لەووشە و دەربڕینیاندا هەبێت !!!

بۆیە ئەو بڕگەیەی کە گومانی خوازراوی تری لێدەکرێت لەووتەی زانایان ، پێویستە لە ڕوانگەی ووتەکانی تریان لێکبدرێتەوە ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فغير الرسول ﷺ إذا عبر بعبارة موهمة مقرونة بما يزيل الإيهام كان هذا سائغا باتفاق أهل الإسلام . ـ وأيضا ـ فالوهم إذا كان لسوء فهم المستمع لا لتفريط المتكلمين ، لم يكن على المتكلم بذلك بأس ، ولا يشترط في العلماء إذا تكلموا في العلم أن لا يتوهم متوهم من ألفاظهم خلاف مرادهم ، بل ما زال الناس يتوهمون من أقوال الناس خلاف مرادهم ، ولا يقدح ذلك في المتكلمين بالحق)) [1] .

---

[1] (الرد على البكري ، لابن تيمية : ٢ : ٧٠٥) .

واتە : جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بڕگەیەکی نائاشکرای خستەڕوو لەگەڵ ووتەی تردا کە ئەو نائاشکرایە ڕوون دەکاتەوە ، ئەوە شتێکی وەرگیرا و ئاساییە بەیەك دەنگی ئەهلی ئیسلام . وە هەروەها : نائاشکرایی ئەگەر لەلایەن تێگەیشتنی گوێگرەوە بێت نەك کەم تەرخەمی بێژەر ، ئەوا هیچ شتێك لەسەر بێژەرەکە نیە ، وە مەرجیش نیە لە زانایان ئەگەر ووتەیەکیان لەزانستدا فەرموو ئیتر نابێت لەلای کەس ـ بە پێچەوانەی مەبەستیان ـ نائاشکرایی وهەڵە تێگەیشتن دروست بێت بەهۆی ووشەکانیانەوە ، بەڵکو تا ئێستاش هەر بەردەوام خەڵکی بە پێچەوانەی مەبەستی بێژەرەکانیان هەڵەتێگەیشتن دروست دەبێت ، ئەوەش هیچ تانەیەك نیە لە بێژەرانی ڕەوایی .

ڕوونکردنەوەی چوارەم : مەبەست لە بڕگەی (شرط الكمال) وازهێنان نیە لەکردەوە بەگشتی (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) بەڵکو وازهێنانە لەتاکی کردەوەکان (آحاد الأعمال = آحاد المباني الأربعة) :

لێکدانەوەی مەبەست لەووتەی زانایان بەویست وئارەزووی کەس نیە ، بەڵکو بە پێی ویست و مەبەستی خۆیەتی ، دەرکەوتنی ئەوەش بە کۆکردنەوە و گێڕانەوەی تەواوی ووتەی ئەو زانایەیە کە دەمانەوێت لە ووتەکەی بگەین ، هەروەك پێشەوا (صالح الفوزان) ـ خوا بیپارێزێت ـ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((إذا كان ولابد من نقل كلام أهل العلم فعليه أن يستوفي النقل من أوله إلى آخره ويجمع كلام العالم في المسألة من مختلف كتبه حتى يتضح مقصوده ويرد بعض كلامه إلى بعض ولا يكتفي بنقل طرف ويترك الطرف الآخر ؛ لأن هذا يسبب سوء الفهم وأن ينسب إلى العالم ما لم يقصده)) [1] ، واتە : ئەگەر هەر پێویست بوو ووتەی زانایان بگێڕدرێتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەری بەتواوی بیگێڕێتەوە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی ، لەگەڵ کۆکردنەوەی هەموو ووتەکانی زاناکە لەو پرس وباسەدا لەکتێبەکانی بەگشتی ، بۆ ئەوەی مەبەست لەووتەکەی ئاشکرا بێت ، وە ووتەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ لای یەك ، نەك لایەکی

---

[1] (مقدمة رفع اللآئمة ، للدوسري : ص ٥ ـ ٦) .

بگێڕێتەوە و لاکەی تری واز لێبێنێت ، و بە بەسی بزانێت ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە ، وئەوەی ئەو زانایە شتێکی بدرێتە پاڵ کەمەبەستی نیە .

چونکە ئەگەر وا نەبێت خراپ تێگەیشتن ڕوودەدات لە ووتەی زانایان ، و مەبەستی تر لە ووتەکانیان دەکەوێتەوە ، هەروەکو لەم پرس و باسەدا ئاشکرا دەبێت .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە دەڵێت : ((الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان)) لە لێکدانەوەی ئەم ووتەیە دەبێت دوو خاڵ ڕەچاو بکرێت بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی لەم ووتەیەدا ، کە ئەوانیش :

یەکەم : ئەم ووتەیەی پێشەوا مەبەست پێی وازهێنانە لەتاکی کردەوەکانە (آحاد أعمال الجوارح = آحاد المباني الأربعة) ، و بەرپەرچدانەوشە بۆ خەواریج کە ئیمان لەلایان بە نەکردنی پێویستێك بەتاڵدەبێتەوە ، یان بە ئەنجامدانی قەدەغەکراوێك .

دووەم : مەبەست لەم بڕگەیە ـ واتە : ((الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان)) ـ وازهێنان نیە لە کردەوە بەگشتی (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) .

ئەوەش کە پاڵپشتی ئەمە بکات چەند شتێکە :

١ : ووتەکانی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ یەك یەکتر ڕوون دەکاتەوە ، و ئاشکرای دەکات ، بۆیە نابێت ـ ئەمەی وەرگرم و واز لە ووتەکانی تری بێنم .

٢ : لە هەندێك لە ووتووێژەکانیدا دوای بەکارهێنانی ئەم برگەیە ، بەچەند دێڕێك ئەوەی فەرمووە کە ئیمانی بێ کردەوەی چاك هیچ سودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((... الإيمان بدون عمل لا يفيد ، وأن العمل الصالح من الإيمان ، فاللَّه حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نستطيع نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا لإنسان نتخيله خيالًا ، آمن مِنْ هنا ، قال : أشهد أن لا إله إلا اللَّه ، ومحمد رسول اللَّه ، ومات من هنا ، هذا نستطيع نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ، ويعيش دهراً مما شاء ، ولا يعمل صالحاً ؟ فعدم عمله الصالح ، هو كدليل أنه يقولها بلسانه ،

ولـمَّـا يدخل الإيمـان إلـى قلبه ...)) [١] ، واته : ... ئيمان بەبێ كردەوە سودى نيە ، چونكە خواى پەروەردگار كە باسى ئيمان دەكات لەگەڵ كردەوەى چاكدا باسى دەكات ، چونكە ئێمە ناتوانين تەصەورى ئەوە بكەين كە ئيمانى بێ كردەوە هەبێت ، ... ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللَّـه ، مـحمد رسول اللَّـه) وپاشان تەمەنێكى درێژ بمێنێتەوە كەچى هيچ كردەوەيەكى چاك ئەنجام نەدات !!! بێ گومان نەبوونى كردەوەى چاكى بەڵگەيە لەسەر ئەوەى كە شايەتومانەكەى تەنها بە زمانە ، و ئێمان نەڕۆشتووەتە دڵيەوە .

٣ : پاشان پێشەوا ئەلبانى ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لێكدانەوەى فەرموودەى (الشفاعة) [٢] ، و لە نووسراوى (حكم تارك الصلاة) ـدا ـ كە ناوەكەى واتاكارى ناوەڕۆكەكەيەتى ـ سەبارەت بەپرس وباسى نوێژنەكەر دەدوێت ، و باس لەوازهێنان لەكردەوە بەگشتى ناكات (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) ، هەروەكو خۆى ئەوە ئاشكرا دەكات لە ڕەتدانەوەيەكيدا بۆ (سفر الـحوالـي) و لەكتێبى (الدرر الـمتلألئة فـي نقد وتعقبات مواضع من ظاهرة الإرجاء : ص ١٢٦) كە دبينيت لەوەڵامى ئەم ووتەيەى (الـحوالـي) ـدا كە دەڵێت : ((حيث جعل ـ أي : الإمام الألباني ـ التارك الكُلِّي مؤمناً من أهل الشفاعة ، وركَّب رسالته كلها على هذا !!)) [٣] ، واته : لەكاتێكدا كە ـ پێشەوا ئەلبانى ـ وازهێنەرى گشتى بۆ كردەوەكان بەئيمانداريك داناوە شەفاعەتى بەردەكەوێت ، و هەموو ناميلكەكەى لەسەر ئەمە دامەزراندووە .

---

[١] (شرح الأدب الـمفرد ـ الشريط السادس ـ الوجه الأول) .

[٢] وينبغي أن يتنبه لـما يلـي : أن هناك أحاديث فيها نفي العمل مع ذكر بعض الأعمـال فـي الـحديث نفسه ، كحديث أبي سعيد الـخدري فـي الذي قتل مائة نفس ، قالت ملائكة العـذاب : « لـم يعمل خيراً قط » (متفق عليه) . مع وجود أعمـال صالـحة عملها كالـهجرة ، فصار النفي فـي هـذه الأحاديث ليس نفياً للكل كما أفاده ابن خزيمة في (كتاب التوحيد : ٢ / ٧٣٢) .

[٣] (ظاهرة الإرجاء : للحوالي : ص ٦٦) .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ليس كذلك ؛ فالرسالة قائمة على تارك الصلاة ـ كسلاً ـ)) ، واتە : ئەو شتە وانیە ، چونکە نامیلکەکە لەسەر نوێژنەکەرێك دانراوە کە لەبەر تەمەڵی نوێژەکانی نەکات !!!

٤ : هاودەنگی پێەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەگەڵ زانایانی تر لەکافرێتی ئەو کەسەی کە بەتەواوی واز لەکردەوە دەهێنێت (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) ـ سەرەڕای ئەوەی کە دوای هێنانی شایەتوومان تەمەنێکی درێژ دەمێنێتەوە ـ بەڵگەیەکی ترە بۆ ئاشکراکردنی مەبەستی پێشەوا ئەلبانی لە بەکارهێنانی ئەو بڕگەیە ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَهَـذِهِ الْـمَسْأَلَةُ لَـهَا طَرَفَـانِ : أَحَـدُهُمَا : فِـي إِثْبَـاتِ الْكُفْرِ الظَّـاهِرِ . وَالثَّـانِـي : فِـي إِثْبَـاتِ الْكُفْرِ الْبَاطِنِ . فَأَمَّـا (الطَّرَفُ الثَّـانِـي) فَهُوَ مَبْنِيٌّ عَلَـى مَسْأَلَةِ كَوْنِ الْإِيمَـانِ قَوْلاً وَعَمَـلاً كَمَـا تَقَـدَّمَ . وَمِنْ الْـمُمْتَنِـعِ أَنْ يَكُونَ الرَّجُلُ مُؤْمِـناً إِيمَـاناً ثَابِتاً فِـي قَلْبِـهِ بِأَنَّ اللَّـهَ فَرَضَ عَلَيْهِ الصَّـلَاةَ وَالزَّكَاةَ وَالصِّيَـامَ وَالْـحَجَّ وَيَعِيشُ دَهْـرَهُ لَا يَسْجُـدُ لِلَّـهِ سَجْدَةً !! ، وَلَا يَصُومُ مِنْ رَمَضَانَ !! ، وَلَا يُؤَدِّي لِلَّـهِ زَكَاةً !! ، وَلَا يَـحُجُّ إلَـى بَيْتِهِ !! ، فَهَذَا مُـمْتَنِعٌ وَلَا يَصْدُرُ هَذَا إلَّا مَعَ نِفَاقٍ فِـي الْقَلْبِ وَزَنْدَقَةٍ لَا مَعَ إيمَـانٍ صَحِيحٍ)) [1] .

واتە : ئەم پرس و باسە دوو لای هەیە : یەکێکیان : لە جێگیربوونی کوفری ڕووکەشە . و دوومیش : لە جێگیربوونی کوفری ناوەوەیە . سەبارەت بە (لایەنی دووەم) لەسەر پرس و باسی ئەوە بنیات نراوە کە ئیمان ووتە وکردەوەیە ، هەروەکو لەپێشدا باسکرا .

وە هەرگیز ناکرێت کە کەسێك ئیمانداریکی تەواو بێت لە دڵیدا بەوەی کە خوای پەروەردگار نوێژ وزەکات وڕۆژوو وحەجی لەسەر فەرزکردووە ، کەچی ژیانێکی درێژ دەمێنێتەوە بێ ئەوەی سوژدەیەك بۆ خوای پەروەردگار بەرێت !!! ، یان ڕۆژوو لەڕەمەزان بگرێت !!! ، یان زەکاتی ماڵەکەی بدا !!! ، یان حەجی ماڵەکەی خوا بکات !!! ، ئەمەش هەرگیز نابێت ، و ناکەوێتەوە جگە لەگەڵ دووڕووی نەبێت لە دڵەکەی ، لەگەڵ بێباوەڕیدا نەبێت ، نەك لەگەڵ بوونی ئیمانی ڕاست ودروستدا .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١١) ، و (الإيمان الأوسط ، له : ١/ ١٥٥ ـ ١٥٦) .

پێشەوا ئەلبانیش هەمان واتا دووبارە دەکاتەوە ، هەروەکو فەرمووتی : ((إن الإيمان بدون عمل لا يفيد ؛ فاللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا أن نتخيله خيالا ؛ آمن من هنا ـ قال : أشهد ألا إله إلا اللَّه ، و محمد رسول اللَّه ـ ومات من هنا ... هذا نستطيع أن نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ؛ ويعيش دهره ـ مما شاء اللَّه ـ ولا يعمل صالحاً ؛ فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه ، ولم يدخل الإيمان إلى قلبه ؛ فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح)) [1] .

واتە : ئیمانی بێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه) وپاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێ گومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بە زمانە ، و ئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لە دوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

کەواتە تەرك کردن و وازهێنان لەکردەوە بە گشتی (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) ، سەرەڕای ژیانێکی درێژخایەن دوای هێنان و ووتنی شایەتوومان ، لەلای پێشەوایانی سەلەف ، و پێشەوا ئەلبانیش لەگەڵیاندا ، بەلاف وئیدیعاکردن دەژمێردرێت ، وشایەتوومانەکەی هیچ

---

[1] (شرحه على الأدب المفرد : الشريط السادس / الوجه الأول).

هەر ئەمەشە ووتەی پێشەوا (ابن باز) ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ، بڕوانە لەسەر نووسینی بۆ : (فتح المجيد شرح كتاب التوحيد ، الشريط الثاني ، أول الوجه الثاني) .

سودێك بەخاوەنەكەی ناگەیەنێت ، ئەمەش لەبەشەكانی تری ئەم نووسینەدا ، و لەباسی شوبهەی دووەمدا ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ زیاتر ڕوون دەبێەوە .

باسێكی تر كە پەیوەست بێت بەم پرس و باسەوە ئەوەیە كە ئەگەر كەسێك نوێژ ـ یان هەر واجبێكی تر ـ نەكات ، و كاربەدەستی موسڵمان فەرمانی پێ بكات بە ئەنجامدانی ، ئەگەرنە ناچار دەبێت بەكوشتنی ، كەچی ئەو هەر بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجام نەدانی ، ئەگەرچی بگاتە ئەوەی كە بشكوژرێت !!! ئەوا ئەو جۆرە كەسانە كە كوشتنیان پێش دەخەن لەسەر ئەنجامدانی ئەو واجبە بەكافر دەژمێردرێن ، و گومانی ئەوە ناكرێت كە ئیمان لەدڵیاندا هەبێت ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((لا يُتصوَّرُ في العادةِ أنَّ رَجُلاً يكُونُ مُؤمناً بِقلبِهِ ، مُقرّاً بانَّ اللّه أوجبَ عليهِ الصلاةَ ، مُلتزِماً لِشريعةِ النبي ﷺ وما جَاءَ بِهِ ، يأمُرُهُ وليُّ الأمرِ بالصَّلاةِ فَيمتَنِعُ حَتى يُقتَلَ ، وَيَكون مع ذلكَ مُؤمِناً في الباطِنِ ، ولا يَكُونُ إلا كافِراً . وَلَو قالَ : أنا مُقرٌّ بوجوبها غَيرَ أني لا أفعلُها كانَ هذا القولُ مَعَ هذهِ الحالِ كَذِباً مِنهُ ، كما لو أخَذَ يُلقي المصحَفَ في الحشِّ وَيَقولُ : أشهدُ أنَّ ما فيهِ كلامُ اللّه ، أو جَعَلَ يَقتلُ نبيّاً مِن الأنبياءِ وَيَقولُ : أشهدُ أنَّهُ رَسولُ اللّه ، وَنحو ذلك من الأفعالِ التي تُنافي إيمانَ القلبِ .

فإذا قالَ : أنا مؤمنٌ بِقلبي معَ هذهِ الحالِ ، كان كاذباً فيما أظهرَهُ من القولِ ، فَهَذَا الْمَوْضِعُ يَنْبَغِي تَدَبُّرُهُ فَمَنْ عَرَفَ ارْتِبَاطَ الظَّاهِرِ بِالْبَاطِنِ زَالَتْ عَنْهُ الشُّبْهَةُ فِي هَذَا الْبَابِ)) [1] .

واتە : لە بارودۆخی ئاساییدا ئەوە تەصەور ناكرێت كە پیاوێك بەدڵ ئیمانی هەبێت ، و دانی بەوەدا نابێت كە خوای پەروەردگار نوێژی لەسەر فەرزكردبێت ، وپابەندیش بێت بە شەریعەتەكەی پێغەمبەر ﷺ ، و ئەوەش كە پێی هاتووە ، كەچی كە كاربەدەستی موسڵمانان فەرمانی پێ دەكات بەنوێژكردن ئەو نوێژناكات تاكو دەكوژرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بووترێت : ئەو كەسە لەدڵ وناخیدا ئیمانداریكی تەواوە !!! و بەكافریش دانەنرێت !!! ئەگەر بشڵێت : من دان دەنێم بەپێویستی نوێژ ، جگە لەوەی كە ئەنجامی نادەم !!! ئەم ووتەیەی لەگەڵ ئەو بار وحاڵەی كە باسمان لێوەكرد درۆیەكە لەوەوە ، هەروەكو ئەوەی كە هەستێك بەفڕێدانی قورئان بۆ ناو

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٥) .

پیسی ، وبڵێت : گەواهی وشایەتی ئەوە دەدەم کە ئەوەی کە تێیدایە ووتەی خوای پەروەردگارە !!! یان هەڵدەستێت بەکوشتنی پێغەمبەرێك لەپێغەمبەران ، ودەڵێت : گەواهی وشایەتی ئەوە دەدەم کە : ئەمە پێغەمبەری خوایە !!!! وە هاوشێوەی ئەو کرادارانەی کە ئیمان لەدڵدا بەتاڵ دەکاتەوە و پێچەوانەیەتی .

ئەگەر بڵێت : من لەم بار وحاڵەدا ئیاندارم بەدڵم ، ئەوا درۆی داوەی لەوەی کە بەووتە دەری بڕیوە !!! ئەمە جێگایەکە پێویستە تێرامانی تێدا بکرێت ، ئەو کەسەی پەیوەندی ڕووکەش بە ناوەڕۆك ودڵەوە بزانێت ، ئەوا توشی شوبهە نەبووە لەم باسەدا وڵێی ڕەویەتەوە .

هەروەها پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومتى امتنع الرجل من الصلاة حتى يقتل !! لم يكن في الباطن مقراً بوجوبها ، ولا ملتزماً بفعلها ، وهذا كافر باتفاق المسلمين ، كما استفاضت الآثار عن الصحابة بكفر هذا)) [1] ، واتە : وە هەر کاتێك کە مرۆڤ سوڕبوو لەسەر نوێژنەکردنی تاکو بکوژرێت !!! ئەوا لەناخیدا دانی بەواجبێتی نوێژەکەدا نەناوە ، و پابەندیش نیە بەکردنیدا ، ئەمەش بەهاودەنگی موسڵمانان کافرە ، هەروەکو بەڵگە و ئاسارێکی زۆرمان لەهاوەڵانەوە پێگەیشتووە بەکوفری ئەم جۆرە کەسە .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٢ / ٤٨) .

وكذلك قوله ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((فمن عرف ارتباط الظاهر بالباطن زالت عنه الشبهة في هذا الباب ، وعلم أن من قال من الفقهاء أنه إذا أقر بالوجوب وامتنع عن الفعل لا يقتل أو يقتل مع إسلامه فإنه دخلت عليه الشبهة التى دخلت على المرجئة والجهمية ، والتى دخلت على من جعل الإرادة الجازمة مع القدرة التامة لا يكون بها شيء من الفعل ، ولهذا كان الممتنعون من قتل هذا من الفقهاء بنوه على قولهم فى مسألة الإيمان ، وأن الأعمال ليست من الإيمان ، وقد تقدم أن جنس الأعمال من لوازم إيمان القلب ، وأن إيمان القلب التام بدون شيء من الأعمال الظاهرة ممتنع ، سواء جعل الظاهر من لوازم الإيمان ، أو جزءاً من الإيمان كما تقدم بيانه)) (مجموع الفتاوى : ٧ / ٦١٦) أو : (الإيمان الأوسط ، لابن تيمية : ١/ ١٦٣) .

ووتەی پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە هاودەنگە لەگەڵ زانایانی پێشینی خۆی ، و هاودەنگی موسڵمانان ، هەروەکو فەرموویەتی :

((قلت ـ أي : الألباني ـ : قد يكون ذلك ـ أي ترك الصلاة ـ من الكفر الاعتقادي أحياناً ، وذلك إذا اقترن به ما يدل على فساد عقيدته ، كاستهزائه بالصلاة والمصلين ، وكإيثاره القتل على أن يصلي إذا دعاه الحاكم إليها ، كما سيأتي ، فتذكر هذا ، فإنه مهم)) [1] .

واتە : لەوانەیە ـ هەندێك جار ـ ئەوە ـ واتە : نوێژ نەکردنی ـ یەکێك بێت لە جۆرەکانی کوفری بیروباوەڕ ، ئەوەش لە کاتێکدا کە شتێکی پێوە پەیوەست دەبێت ، بەڵگەیە لەسەر خراپی بیروباوەڕی ، وەك : گاڵتەکردن بە نوێژ و نوێژخوێنان ، یان پێشخستنی کوشتنی لە نوێژکردن لەو کاتەی کە کاربەدەستی موسڵمانان بانگی دەکات بۆی ، هەروەکو دواتر دێت ، جا ئەمەت لە یاد بێت ، چونکە زۆر گرنگە .

---

[1] (سلسلة الأحاديث الصحيحة ، للإمام الألباني : ٧ / ١٣٤ ، بعد أن قدم دراسته الحديثية لحديث الشفاعة ، برقم : ٣٠٥٤) .

📖 گومان وشوبهـەکی دووەم : ئۆمەتبـارکردنی پێشـەوا ئەلبـانی بەوەی کە (ترك جنس عمل) ـ بەو واتایەی کە ئەوان مەبەستیانە ـ بە کوفر دانانێت :

لەکاتی خستنەڕووی گومانی یەکەم وتاوتوێکردنی ویستم ئەم باسەش وەکو بەشێك یان خاڵێك لەو خاڵە ـ واتە لەخاڵی یەکەم ـ بخەمەڕوو ، بەڵام لەبەر فراوانی و چڕی بابەتەکە ئەوەم بەباش زانی کە لەژێر ناونیشانێکی تری سەربەخۆدا بیخەمەڕوو ، بەڵام ئەوە دەڵێم : کە ئەم بەشە بە تەواوکەری باس و پرسی خستنەڕووی گومانی یەکەم دادەنرێت ، **جا بابزانین :**

یەکەم : واتای (جنس العمل) و سنوری لە ووتەی زانایاندا چیە ؟

دووەم : ئایا پێشەوایان و زانایانی سەردەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیان پێ چۆنە ؟!

سێیەم : لەکۆتاییدا : ئایا حوکمی (ترك جنس العمل) ـ بەو واتایەی کە نەیاران لێکدانەوەی بۆ دەکەن ـ لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە ؟

سەرەڕای ئەم هەموو ڕوونکردنەوەش دەبێت بزانرێت کە باسکردن و خستنەڕووی ئەم پرس و باسە ، پرس و باسێکی (نظري) یە نەك کرداری ، چونکە کەس ناتوانێك حوکم لەسەر کەسێك بدات کە هیچ کردەوەیەکی چاکی نەکردووە (واتە : تَرَكَ جِنْسَ الْعَمَلِ) ، چونکە تەنها خوایە بەئاگا لەئاشکرا و پەنهانیەکان !!! بۆ ئەوەی پێمان ڕابگەیەنێت کە فلانە کەس یان فیسارە کەس هیچ چاکەیەکی لەژیانیدا نەکردووە .

باسکردنیشی لەلایەن زانایانەوە تەنها بۆ بەرپەرچدانەوەی مورجیئەیە ، و بۆ جێگیرکردن وسەلماندنی ئەوەیە کە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە لەنێوان ڕووکەش و دڵدا ، بەپێچەوانەی بۆچوونی مورجیئە لەم پرس وباسەدا ، خواش زاناترە .

وە دەبێت ئەوەش بزانرێت و ڕەچاو بکرێت کە جیاوازی هەیە لەنێوان باس و پرسی (ترك جنس العمل) ، و (ترك أفراد الأعمال) ، چونکە زۆرینەی ووتەی زانایان لەباسی دووەمدایە ، و کە باسیش لەسەر پرس وباسی یەکەم بکرێت لەکاتێکدا دەبێت کە دەیانەوێت بەرپەرچی مورجیئە بدەنەوە لەوەی کردەوە بەشێکە لەئیمان ، یان پەیوەندیەکی توند وتۆڵ لەنێوان ڕووکەش ودڵدا هەیە .

پێشەوایان وزانایانی سەلەفی صالح وەکو لەپێشدا خرایەڕوو ـ بەپێچەوانەی کۆمەڵە گومڕا و لاڕێبووەکان ـ ئیمان بەوە پێناسە دەکەن کە بریتیە لە ووتە وکردەوە (قول وعمل) ، ووتەی دڵ (قول القلب) و ووتەی زمان (قول اللسان) ، کردەوەی دڵ (عمل القلب) و کردوەی ڕووکەش (عمل الـجوارح) ، کردەوەش بە گشتی بە بەشێك لە ئیمان دەزانن ، لە گەڵ ئەوەشدا تاوانە گەورەکان (الکبائر) ، و وازهێنان لە تاکی کردەوەکان (ترك آحاد العمل) ـ جگە لە نوێژ کە جێگەی خیلاف و جیاوازیە لەنێوان ئەهلی سوننەدا ـ بە کوفر نازانن ، و چەند گروپ و کۆمەڵێك پێچەوانەیان بوونەتەوە لەم بیروباوەڕەیاندا ، لەوانەش :

خەواریج وموعتەزیلەیە ، کە ئیمان لەلایان ووتە وکردەوە وبیروباوەڕە ، کەچی پێچەوانەی ئەهلی سوننەن لەوەی کە ئەو کەسەی کە واز بێنێت لەهەندێك ـ تاکی ـ لە کردەوەکان یان ئەو کەسەی کە تاوانی گەورە ئەنجام دەدا هیچ ئیمانێك لەدڵیدا نیە ، و بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان لەنێوان خۆیاندا پێچەوانەن بۆ یەکتر لەوەی کە لەدونیادا حوکمی چی دەبێت ؟!

خەواریجەکان دەڵێن : لەدونیاشدا بەکافر دەژمێردرێت !!!

کەچی موعتەزیلە دەڵێن : (في منزلة بين منزلتين) لە مەنزیلەیەکدایە لە نێوان دوو مەنزیلەتدا ، واتە : نەکافرە ونەموسڵمان ، بەڵکو لەنێوان ئەو دوو پلە ومەنزیلەتەدایە !!!

جا خوێنەری بەڕێز با بزانین لەباس وپرسی (جنس العمل) ـدا هەڵویستی زانایانی ئەهلی سوننە چیە ؟!! یان ئەو گروپانە لەچیدا یەکدەگرنەوە و هاودەنگن لەگەڵ ئەهلی سوننەدا و لەچیدا جیاوازن لەگەڵیـاندا ؟!!

یەکەم : واتای (جنس العمل) و سنوری لەووتەی زانایاندا چیە ؟

ووشەی (جنس) ووشــەیەکی چەند لایەنەیە ، و بە چەند واتایەك بەکاردەهێنرێت ، شێخ (ربيع بن الهادي الـمدخلي) سەبارەت بە واتای ئەم ووشەیە فەرموویەتی : ((لأن (الـجنس) قد يراد به : الواحد ، وقد يراد به : الكل ، وقد يراد به : الغالب)) [١] ، واتە : ووشەی (الـجنس) لەوانەیە لەبەکارهێناندا مەبەست پێی : (تاك) بێت ، وە لەوانەشە مەبەست پێی : (هەموو) بێت ، وە لەوانەشە مەبەست پێی (زۆرینە) بێت .

بۆیە دەبینین بەکارهێنانی زانایان بۆ ووشە و زاراوەی (جنس العمل) جیاوازە ، هەروەك دەبینین ، بەواتای تاکی کردەوە (آحاد العمل) بەکاریان هێناوە ، ئەوەتا فەرموودەناس و زانای پایەبەرز شێخ (عبدالـمحسن العباد) ـ خوا بیپارێزێت ـ بەم واتایە بەکاری دەهێنێت ، ولێکی دەداتەوە ، و دەفەرموێت : ((ومعنى جنس العمل : أيّ عمل من الأعمـال ، وأما إذا ترك العمل فيقال فيه : ترك العمل نـهائياً ، أو ترك كل الأعمـال)) [٢] ، واتە : واتای (جنس العمل) واتە هەر کردەوەیەك لەکردەوەکان ، بەڵام ئەگەر وازی لەکردەوە هێنا ئەوا پێی دەووترێت : وازی لە کردەوە هێناوە بەتەواوی ، یان وازی لەهەموو کردەوەکان هێناوە .

وە شێخ (حـمد بن عبدالعزيز العتيق) ووشەی (جنس العمل) بە واتای (هەموو ـ واتە : كل العمل ـ) بەکاردەهێنێت لەپێناسەکردنی بۆ ئەم ووشەیە هەروەکو فەرموویەتی : ((صورة الـمسألة ـ أي : ترك جنس العمل ـ هي في رجل نطق بالشهادتيـن ثم بقي دهراً لـم يعمل خيـراً مطلقاً : لا بلسانه ، ولا بجوارحه ، ولـم يعد إلى النطق بالشهادتيـن مطلقاً ، مع زوال الـمـانع)) [٣] ، واتە : شێوەی باسەکە ـ وازهێنان لە (جنس العمل) ـ ئەوەیە کە کەسێك بەزمان هەردوو

---

[١] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي الـمدخلي) .

[٢] (شـرح سنن أبي داود : عبدالـمحسن العباد : ج ١/ ص٢ ، حكم ترك جنس العمل) .

[٣] (تنبيه الغافليـن إلى إجـماع الـمسلميـن على أن ترك جنس العمل كفـر فـي الـدين ، للشـيخ : حـمد بن عبدالعزيز العتيق ، الفصل الثالث : ترك جنس العمـل كفـر أكبـر : الـمبحث الأول : ص ٥ ،

شایەتومانەکەی هێناوە ، پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە و هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك هیچ خێر وچاکەیەك نەکات ، نە بەزمانی نە بەئەندامەکانی ، وە نەجارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ ووتنی شایەتوومانەکەی بەهیچ شێوەیەك ، سەرەڕای نەبوونی ڕێگر لەپێشیدا .

وە شێخ (صالح آل الشيخ) یش ـ لە باسی کردەوە و پەیوەندی بەئیمانە ، و مەبەستی زانایان پێی ـ فەرموویەتی : ((كذلك ينبغي أن يُعلم أن قولنا : (العمل داخل في مسمَّى الإيمان وركن فيه لا يقوم الإيمان إلا به) ، نعني به (جنس العمل) ، وليس (أفراد العمل) ، لأن المؤمن قد يترك أعمالا كثيرة صالحة مفروضة عليه ويبقى مؤمنا ، لكنه لا يُسمّى مؤمنا ولا يصحّ منه إيمان إذا ترك كل العمل ، يعني إذا أتى بالشهادتين وقال أقول ذلك واعتقده بقلبي ، وأترك كل الأعمال بعد ذلك أكون مؤمنا ، فالجواب أن هذا ليس بمؤمن ؛ لأنه تركٌ مسقطٌ لأصل الإيمان ؛ يعني ترك جنس العمل مسقط لأصل الإيمان ؛ فلا يوجد مؤمن عند أهل السنة والجماعة يصحّ إيمانه إلا ولابد أن يكون معه مع الشهادتين جنس العمل الصالح ، يعني جنس الامتثال للأوامر والاجتناب للنواهي)) [1] ، واتە : هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت کە دەڵێن : کردەوە لەئیمانە و پایەیەکە تیایدا ، وە ئەوەی کە بەبێ کردەوە نابێت ، مەبەستمان پێی تاکێکە لە کردەوەکان (جنس العمل) ـە ، نەك هەموو تاکێکی کردەوە (أفراد العمل) ، چونکە لەوانەیە بڕوادار واز لە زۆر کردەوەی چاك بهێنێت کە فەرزکراونەتە سەری لەگەڵ ئەوشدا بەئیمانداریتی دەمێنێتەوە ، بەڵام بەئیمانداری تەواو ناوی لێنانرێت ، وە ئیمانەکەشی دروست نیە ئەگەر واز لە هەموو کردەوەکان بێنێت ، واتە ئەگەر شایەتومان بێنێت و بڵێت : من ئەمە دەڵێم ،

وانظر : كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، و القول الحق المبين على من يخاصم في إجماع علماء المسلمين ، لأبي يحيى بن محمد بن أحمد آل بدر : ١١٣) .

پێشەوا (ابن باز) یش بەهەمان واتا بەکاری هێناوە هەروەکو فەرموویەتی : ((المشكاة : المقصود بالعمل جنس العمل ؟ الشيخ : من صلاة وصوم وغير ، عمل القلب من خوف ورجاء)) (نقلا عن مجلة المشكاة المجلد الثاني ، الجزء الثاني ، ص ٢٧٩، ٢٨٠) .

[1] (نقلا عن : القول الحق المبين على من يخاصم في إجماع علماء المسلمين : ١/ ١١٨) .

بە دڵیش بڕوای پێ دەهێنم ، بەڵام واز لەهەموو کردەوەکان دێنم ، کەچی دوای ئەوەش ئیماندارم !!! وەڵامیشی ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسە ئیماندار نیە ، چونکە وازهێنانێکە ڕووخێنەر و بخەری بنەوای ئیمانە ، واتە وازهێنان لە (جنس العمل) ـی ڕووخێنەر و بخەرە بۆ بنەوای ئیمان ، بۆیە لەلای ئەهلی سوننە هیچ ئیماندارێك نیە ئیمانەکەی دروست ئیللا بەوەی کە لەگەڵ بوونی (جنس العمل) لەگەڵ هەردوو شایەتومانەکەیدا ، واتە : ڕەگەزی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی ، و دوورکەوتنەوەی لەیاساغی کراوەکانی .

کەواتە لەبەر فرە لایەنی واتای ئەم ووشەیە (واتە : جنس العمل) ، دەبێت موسڵمان لە کاتی تاوتوێکردنی واتاکەی پەلە نەکات لەو کارەیدا ، چونکە بە پێی مەبەست لە ووشەکە ئەحکامەکان دەگۆڕێت ، و بۆچوونەکان ئاشکرا دەبن ، ئەوەتا شیخ (ربيع بن هادي المدخلي) دوای هێنانەوەی پێناسەکەی شێخ (حمد بن عبدالعزيز العتيق) دەفەرموێت : ((إن كان المراد بـ (جنس العمل) هذه الصورة ؟ فإني لا أتردد ولا يتردد مسلم في تكفير من هذا حاله ، وأنه منافق زنديق !!! إذ لا يفعل هذا من عنده أدنى حد للإيمان)) [1] ، واتە : ئەگەر مەبەست بە (جنس العمل) ئەم شێوەیە بێت ؟ ئەوا من و هیچ موسڵمانێك نیە کە دوو دڵی بکات لەکافرێتی ئەو کەسەی کە ئەوە حاڵێتی ، و ئەوەش کە ئەو جۆرە کەسانە دووڕوو و بێباوەڕن !!! چونکە هیچ کەسێك نیە کە ئەوە بکات ئەگەر نزمترین پلەی ئیمانی هەبێت .

وە دەفەرموێت : ((وهنا ملاحظة مهمة ينبغي لفت النظر إليها وهي : أن الصورة التي ذكرها الأخ حمد .وَفَّقَهُ اللَّهُ. لا يجوز لمسلم أن يتردد في تكفير صاحبها إن وُجِدَ ، ولكنها في الوقت نفسه هي نظرية غير واقعية ولا عملية ؛ إذ لا يتصور وقوعها من مسلم ، والشرائع لم تبن على الصور النادرة)) [2] ، واتە : وە لێرەدا تێبینیەك هەیە کە پێویستە دید و بۆچوونەکانی بۆ لا ڕابکێشرێت ، ئەویش ئەوەیە : ئەو شێوەیەی کە برامان شێخ (حمد) ـ خوا بیپارێزێت ـ باسی

---

[1] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

[2] (المصدر نفسه) .

كردووە نابێت هیچ موسڵمانێك دوو دڵ بێت لە بەكافركردنی خاوەنەكەی ئەگەر بوونی هەبێت ، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەوە شتێكی نەزەریە نەك واقعی وكرداری ، چونكە لەو باوەڕەدا نیم كە لەهیچ موسڵمانێك بووەشێتەوە ، وئەحكامە شەرعیەكانیش لەسەر نموونە بەدەگمەنەكان بینا نەنراوون .

فەرموودەناس شێخ (عبدالمحسن العباد) لە وەڵامی پرسیارێك كە ئەمە دەقەكەیەتی : ((هل أجمع العلماء على أن ترك (جنس العمل) كفر ؟)) ، واتە : ئایا زانایان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە نەكردنی (جنس العمل) كوفرە ؟

فەرموویەتی : ((كيف يكون ذلك والذين يقولون : إن ترك (جنس العمل) كفر إنما هم الخوارج ؟ فهم يقولون : إن الإنسان إذا ارتكب معصية فإنه يخرج من الإيمان ويصير كافراً ، ويقول المعتزلة : إنه يخرج من الإيمان ولا يدخل في الكفر ، فهو في منزلة بين المنزلتين ، لكنهم يتفقون مع الخوارج في كونه خالداً في النار أبد الآباد .

ويقابلهم في الجانب الآخر المرجئة ، وعندهم أن مرتكب الكبيرة مؤمن كامل الإيمان ، والحق وسط بين هؤلاء وهؤلاء ، وهو ما عليه أهل السنة والجماعة ، فهم يقولون : هو مؤمن بإيمانه فاسق بكبيرته ، أو هو مؤمن ناقص الإيمان ، فقولهم : مؤمن ، خالفوا فيه الخوارج الذين قالوا : هو كافر ، وقولهم : ناقص الإيمان ، خالفوا فيه المرجئة الذين قالوا : هو كامل الإيمان ، وهما طرفا الإفراط والتفريط ، فالمرجئة فرطوا وأهملوا وضيعوا ، فقولهم فيه تحلل من الدين ، وانفلات من أحكام الشريعة ، ويكون مع ذلك مؤمناً كامل الإيمان ، والخوارج والمعتزلة أفرطوا حتى أخرجوا المؤمن العاصي من الإيمان ، فالحق وسط بين الإفراط والتفريط كما قال الخطابي : ولا تغل في شيء من الأمر واقتصد كلا طرفي قصد الأمور ذميم يعني : طرف الإفراط وطرف التفريط .

ومعنى (جنس العمل) : أيّ عمل من الأعمال ، وأما إذا ترك العمل فيقال فيه : ترك العمل نهائياً ، أو ترك كل الأعمال)) [1] .

---

[1] (شرح سنن أبي داود : عبدالمحسن العباد : ج ١/ ص ٢ ، حكم ترك جنس العمل) .

وسئل العلامة عبدالمحسن العبَّاد ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : ((السؤال : **هل الأعمال شرط كمال أو شرط صحة في الإيمان** ؟ فأجاب ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : **هي جزء منه** ، **ومنها ما هو شرط كمال** ، **ومنها ما هو شرط صحة** ، فمنها ما يكون

واتە : چۆن ئەوە ـ واتە : کۆڕابوونی زانایان ـ دەبێت لە کاتێکدا ئەوانەی دەڵێن : وازهێنان لە (جنس العمل) کوفرە تەنها خەواریج مەزهەبەکانن ؟! چونکە ئەوان (خەواریجەکان) دەڵێن : مرۆڤ ئەگەر تاوانێکی ئەنجامدا ، ئەوا لەئیمان دەردەچێت ، وکافردەبێت ، وە موعتەزیلەکان دەڵێن : لەئیمان دەردەچێت ، ناکەوێتە کوفرەوە ، بەڵکو لەموەنزیلەتێك دەبێت لەنێوان ئەو مەنزیلەتەدا ، بەڵام هاودەنگن لەگەڵ خەواریجدا لەوەی کە بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە .

وە لەبەرامبەریشیاندا لە لاکەی تر مورجیەئەیە ، و لەلای ئەوان کەسی خاوەن تاوانی گەورە ئیمانداریکی تەواو ئیمانە !!! بەڵام ڕەواویی لە نێوان ئەمانە و ئەوانە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەرین ، و دەڵێن : ئەو کەسە بەپێی ئیمانەی ئیماندارە ، و بەپێی تاوانەکەشی فاسق بووە ، یان ئیماندارێکی ئیمان ناتەواوە ، لەکاتێکدا کە دەڵێن : ئیماندارە ، پێچەوانەی خەواریج دەبنەوە کە دەڵێن : کافرە !!! وە کە دەڵێن : ئیمانی ناتەواوە ، پێچەوانەی مورجیئە بوونەتەوە تێیدا کە دەڵێن : ئیمانی تەواوە !!! ئەو دوو فیرقە و کۆمەڵەش دوولای زیادڕەوی و کەمڕەوین ، مورجیئە کەمڕەوی و کەمتەرخەمی و فەوتانیان کردووە ، چونکە ووتەکەیان دامالکانی تێدایە لەئاین ، و دەرچوونیشی تێدایە لەئەحکانە شەرعیەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا ئیماندارێکی تەواو ئیمانە !!! وە خەواریج وموعتەزیلەش زیادڕەویان کردووە تاکو دەگاتە ئەوەی کە ئیمانداری تاوانبار لەئیمان دەردەکەن ، ڕەواییش مامناوەندە لە نێوان زیادڕەوی

لا بد منه لأنه يحصل به الكمال ، ومنها ما يحصل به الأساس مثل الصلاة ، فإن الصلاة لا يقال : إن الإنسان إذا أتى بها حصل كمالاً وإذا لم يأت بها لم يحصل شيئاً ، وهذا على القول الصحيح بأنه كفر .

فالكمال بالنوافل ، وأما الفرائض فهي على سبيل الوجوب واللزوم ، ولا بد منها .

وفي هذه الأيام أصبحنا نسمع أن من ترك جنس العمل فإنه يكفر ، ومعنى ترك جنس العمل : ترك أي عمل من الأعمال ، وهذا هو معتقد الخوارج الذين يكفرون مرتكب الكبيرة ، فعندهم أن من ترك جنس العمل ـ أي : ترك أي شيء من العمل ـ فإنه يكفر . **و الصواب** : أن الأعمال مثلها كمثل جسد الإنسان ، فهي متفاوتة ، فمنها أشياء إذا ذهبت بقي الإيمان ، ومنها أشياء إذا ذهبت ذهب الإيمان ، فجسد الإنسان لو قطعت منه أصبعاً بقي الجسد ، لكن لو قطع رأسه أو قطع منه شيء قاتل فإنه يذهب)) (شرح سنن أبي داوود ، الشريط : ٥٢٤) .

وکەمڕەویدا ، هەروەکو (الخطابي) فەرموویەتی : زیادڕەوی مەکە لەهیچ شتێکدا ، ومامناوەندبە ، چونکە هەردوو لای شتەکان زەمکراون ، واتە : لای زیادڕەوی و کەمڕەوی .

واتای (جنس العمل) یش بریتیە لە : هەر کردەوەیەك لەکردەوەکان ، بەڵام ئەوەی کە واز لەکردەوە بهێنێت پێی دەووترێت : وازی لەکردەوە هێناوە بەتەواوی ، یان وازی لەهەموو کردەوەکان هێناوە .

بەمەش ئەوە ئاشکرابوو کە ووشەی (ترك جنس العمل) ووشەیەکی چەند لایەنەیە وچەند واتایەك دەگرێتەوە ، بۆیە ئەگەر موسڵمانان بەئاگا نەبن لەبەکارهێنانیدا ڕەنگە بکەونە هەڵەوە ، و بەهەمان ئەقاردا بچن کە خەواریجی پێدا تێپەڕبوو ، یان لەئینکارکردنیدا ـ واتاکەی نەك زاراوەکە ـ ، بکەونە هەڵەی مورجیئەکانەوە ... پاشان با بزانین پێشەوایان و زانایان بەکارهێنانی ئەم زاراوەیان پێ چۆنە وئامۆژگاری موسڵمانان بەچی دەکەن ؟

دووەم : ئایا پێشەوا و زانایان بەکارهێنانی ئەم زاراوەیان پێ چۆنە ؟!

لەم بەشەدا ئەوە ئاشکرا دەکرێت کە هەندێك لە پێشەوایان و زانایانی سەردەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە (واتە : جنس العمل) یان پێ باش نەبووە ، چونکە هۆکاری ئاشووب و فیتنەی نێو موسڵمانان بووە وکەسانی نەزانکار ونەیار بۆ زانایانی ئەهلی سوننە ، و بۆ لێدانی هەندێك لەزانایان ونانەوەی ئاشووب لەنێو موسڵماناندا بەکاریان هێناوە !!! بۆیە دەبینین ئەو زانایانە بەکارهێنانی ئەم ووشەیەیان ـ نەك واتا وناوەڕۆکی ووشەکە ـ بەخراپ داناوە ، لەوانەش ، پێشەوا (محمد بن صالح العثيمين) ـە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئەمە دەقەکەیەتی : (([تارك جنس العمل كافر ، تارك آحاد العمل ليس بكافر] ما رأيكم في ذلك ؟)) ، واتە : هەندێك دەڵێن : ئەو کەسەی کە واز لەکردەوە بەگشتی بێنێت کافرە ، و ئەوەش کە واز لەتاکی کردەوە بێنێت کافر نیە ، ڕای بەڕێزتان لەم بارەیەوە چیە ؟

فەرموویەتی : ((من قال هذه القاعدة ؟! من قائلها ؟! هل قالها محمد رسول اللَّه ﷺ ؟! كلام لا معنى له !! نقول : من كفره اللَّه ورسوله ، فهو كافر ، و من لم يكفره اللَّه و رسوله ، فليس بكافر ، هذا الصواب . أما جنس العمل ، أو نوع العمل ، أو آحاد العمل ، فهذا كله طنطنة

لا فائدة منه)) [1] ، واتە : ئەم ڕێسایە کێ ووتوویەتی ؟! کێ بێژەرەکەیەتی ؟! ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی ؟! ووتەیەکی بێ مانایە !!! دەڵێین : ئەوەی کە خوای پەروەردگار و

---

[1] ئەم پرسیارە کراوە لە (فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين) لە لایەن (إدارة الدعوة بقطر) و لە تۆڕی ئەنتەرنێتی ، و لە (شبكة السحاب) یش لە بەرواری (١٣/ ٥/ ٢٠٠٠) بڵاوکراوەتەوە .

قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (النبوآت : ١/ ١٤٤) : ((ثم قالت الخوارج والمعتزلة وهو أداء الواجبات واجتناب المحرمات فاسم المؤمن مثل اسم البر والتقى وهو المستحق للثواب فإذا ترك بعض ذلك زال عنه اسم الإيمان والإسلام)) .

وقال أيضا ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (مجموع الفتاوى : ١٨/ ٢٧٠) : ((فقالت الخوارج والمعتزلة : فعل الواجبات وترك المحرمات من الإيمان ، فإذا ذهب بعض ذلك ذهب الإيمان كله ، فلا يكون مع الفاسق إيمان أصلا بحال ، ثم قالت الخوارج : هو كافر ، وقالت المعتزلة : ليس بكافر ، ولا مؤمن ، بل هو فاسق ننزله منزلة بين المنزلتين ؛ فخالفوا الخوارج في الاسم ، ووافقوهم في الحكم ، وقالوا : أنه مخلد في النار ، لا يخرج منها)) .

وقال أيضاً ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (مجموع الفتاوى : ١٩/ ١٥١) : ((ثم إذا ترك واجبا أو فعل محرما قالوا بنفوذ الوعيد فيه ، فيوجبون تخليد فساق أهل الملة في النار ، وهذا قول جمهور المعتزلة والخوارج ، ولكن الخوارج يكفرون بالذنب الكبير أو الصغير عند بعضهم ، وأما المعتزلة فيقولون هو في منزلة بين منزلتين لا مؤمن ولا كافر)) .

وقال أيضاً ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (مجموع الفتاوى : ٧/ ٥١٠) : (قالت الخوارج والمعتزلة : الطاعات كلها من الإيمان ، فإذا ذهب بعضها ذهب بعض الإيمان ؛ فذهب سائره ؛ فحكموا بأن صاحب الكبيرة ليس معه شيء من الإيمان ، وقالت المرجئة والجهمية ليس الإيمان إلا شيئا واحدا لا يتبعض إما مجرد تصديق القلب كقول الجهمية أو تصديق القلب واللسان كقول المرجئة)) .

هذه أقوال شيخ الإسلام في تقرير عقيدة الخوارج في تكفيرهم لتارك الواجب الواحد أو بعض الواجب أو مرتكب المعصية الواحدة أو مرتكب بعض المعاصي (آحاد العمل) .

پێغەمبەرەکەی ﷺ بەکافری داناوە ، ئەوە کافرە ، ئەوەش کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بەکافریان دانەناوە ، ئەوە کافر نیە ، ئەمەیە ڕاستی و ڕەوایی .

بەڵام سەبارەت بە (جنس العمل) یان (نوع العمل) ، یان (آحاد العمل) ، ئەمە هەمووی وورتە ورت و گاڵە گاڵێکە هیچ سودێکی نیە .

وە یەکێکی تر لەو زانایانەی کە بەکارهێنانی ئەم ووشەیەی پێ باش نیە ، بەڵکو وەکو پێشەوا (ابن عثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پابەند بوون بە زاراوە قورئانی و سوننەتیەکانی پێ باشە ـ واتە : ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم و سەلەفی صالح بەکاریان هێناوە ـ شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) یە ـ خوا بیپارێزێت ـ کە لە ئامۆژگاری بۆ سەلەفیەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەکان دەفەرموویت : ((وأنصح السلفيين أن يلتزموا بقول السلف الشائع المتواتر من أول عهد السلف إلى يومنا هذا ، ألا وهو قولهم : إن الإيمان : قول وعمل ، قول بالقلب واللسان ، وعمل بالقلب والجوارح ، ..)) [1] ، واتە : وە ئامۆژگاری سەلەفیەکان دەکەم کە پابەندبن بە ووتەی سەلەفەوە کە بەربڵاو و موتەواتیرە لێیانەوە ، هەر

وقال فضيلة الشيخ صالح آل الشيخ ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : ((كذلك ينبغي أن يُعلم أن قولنا : (العمل داخل في مسمَّى الإيمان وركن فيه لا يقوم الإيمان إلا به) ؛ نعني به جنس العمل ، وليس أفراد العمل ؛ لأن المؤمن قد يترك أعمالا كثيرة صالحة مفروضة عليه ويبقى مؤمنا ، لكنه لا يُسمّى مؤمنا ولا يصحّ منه إيمان إذا ترك كل العمل ، يعني إذا أتى بالشهادتين وقال أقول ذلك واعتقده بقلبي ، وأترك كل الأعمال بعد ذلك أكون مؤمنا ، فالجواب أن هذا ليس بمؤمن ؛ لأنَّه تركٌ مسقطٌ لأصل الإيمان ؛ يعني ترك جنس العمل مسقط لأصل الإيمان ؛ فلا يوجد مؤمن عند أهل السنة والجماعة يصحّ إيمانه إلا ولا بد أن يكون معه مع الشهادتين جنس العمل الصالح ، يعني جنس الامتثال للأوامر والاجتناب للنواهي)) (نقلا عن : القول الحق المبين على من يخاصم في إجماع علماء المسلمين : ١ / ١١٨ ، يراجع أقوال الشيخ صالح آل الشيخ ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ في جنس العمل) .

[1] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

لەسەرەتای سەردەمی سەلەفەوە تاکو ئەمڕۆمان ، کە ئەویش ئەوەیە کە فەرموویانە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، ووتەی دڵ و زمان ، و کردەوە بەدڵ و بەئەندامەکان .

چونکە سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدان و بەکارهێنانی ئەم ووشەیە دەفەرموویت : ((أما هؤلاء فقد مكروا وتحايلوا ؛ لترويجها وإلباسها لباس المنهج السلفي ، فوجدوا فكرة تكفير تارك (جنس العمل) وتكفير تارك الصلاة أعظم وسيلة لترويج فكرتهم ، وأعظم مصيدة للشباب السلفي ، ومن أعظم الوسائل لتفريقهم وضرب بعضهم ببعض ، ووجدوا منهما جسراً لرمي أهل السنة بالإرجاء ، فالذي لا يركض من أهل السنة معهم في ميدان الخوارج ؛ فيكفر الحكام بالطريقة الخارجية الجاهلة ، فهو مرجيء وعميل وخائن ... إلخ ، والذي لا يكفر تارك الصلاة منهم مرجيء)) [1] .

واتە : بەڵام سەبارەت بەوانە ـ واتە : تەکفیریەکان ـ مەکر وحیلەیان بەکارهێناوە بۆ ڕەواجدان ولەبەرکردنی پۆشاکی سەلەفیانە بۆ بیروباوەڕەکانیان ، بۆیە بیرۆچکەی تەکفیرکردنی وازهێنەر لەکردەوەکان بەگشتی (تارك جنس العمل) و وازهێنان لەنوێژیان کرد بەگەورەترین هۆکار بۆ ڕەواجدان بەبیرۆچکەکانیان ، وگەورەترین تۆڕ بۆ هەڵخەڵەتاندنی لاوانی سەلەفی ، وە یەکێك لەگەورەترین هۆکارەکانی پەرتەوازییان ، ولێکدانی هەندێکیان بۆ هەندەکەی تریان ، و هەر ئەو دوەشیان کرد بەپردێك بۆ ئەوەی لێوەی ئەهلی سوننە تۆمەتبار بکەن بەئیرجا ، بۆیە دەبینین ئەو کەسەی لەئەهلی سوننە کە لەگەڵیاندا نەڕوات و لەگۆڕەپانی خەواریج نەبێت ، و کاربەدەستان لەسەر ڕێگەی نەزانکارانەی خەواریجەکان تەکفیر نەکات ، ئەوا کەسێکی مورجیئیە وبەکرێگیراو وخیانەتکارە .... هتد ، وە ئەوەش لێیان ـ واتە : لەئەهلی سوننە جەماعە ـ کە وازهێنان لە نوێژ بە کوفر نەزانێت ئەوا مورجیئەیە !!!!

بۆیە شێخ (ربیع) بەکارهێنانی ئەو ووشەیە بەباش نازانێت ، و چەند هۆکار و بیانوویەك بۆ بەکارنەهێنانی ئەم زاراوەیە دێنێتەوە و دەفەرموویت : ((لكني لا أحب للسلفيين التعلق بلفظ (جنس العمل) لأمور :

---

[1] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي)

أولها : أنه لفظ مجمل يحتمل هذه الصورة ويحتمل غيرها وهو ما يريده التكفيريون .

ثانيها : كما قال أخونا حمد العتيق : ((إنها مسألة غير عملية بمعنى أنه لا يمكن أن يقال : إن هناك زيداً ـ من الناس ـ قد شهد أن لا إله إلا اللَّه وأن محمداً رسول اللَّه ، ولم يعمل بعدها خيراً قط ، فإن هذا النفي المطلق لا يمكن لأحد إلا اللَّه أن يحيط به)) ، والأمر كما ذكر الأخ حمد .

ثالثها : دندنة التكفيريين حوله لمقاصد سيئة ؛ منها : رمي أئمة السنة بالإرجاء ، فمن لا يكفر تارك الصلاة عندهم مرجيء أو أتي من شبهة الإرجاء ، ومن لا يكفر الحاكم الذي يحكم بغير ما أنزل اللَّه تكفيراً مخرجاً من الملة فهو مرجيء وإن فصل على طريقة السلف وإن قال بكفر تارك الصلاة .

رابعها : من أجل ما في هذا اللفظ من الإجمال المشار إليه سلفاً يقع من إطلاقه من اللبس على كثير من الناس .

ولما يوقع من الخلاف بين أهل السنة والشحناء والفتن بينهم ، ترجح لي أنه يجب الابتعاد عنه ، لأن الجنس قد يراد به الواحد وقد يراد به الكل وقد يراد به الغالب ، ومن هنا إذا دندن حوله السلفيون حصل بينهم الخلاف الذي يريده التكفيريون وتكثروا بمن يقول به منهم ، فيقولون هذا فلان السلفي يقول بتكفير تارك جنس العمل فيجرون الناشيء إلى مذهبهم في تكفير الحكام على منهجهم وإلى رمي علماء السنة بالإرجاء ... الخ .

وأنصح السلفيين أن يلتزموا بقول السلف الشائع المتواتر من أول عهد السلف إلى يومنا هذا ألا وهو قولهم : إن الإيمان قول وعمل ، قول بالقلب واللسان وعمل بالقلب والجوارح ، أو إن الإيمان قول باللسان واعتقاد بالجنان وعمل بالأركان يزيد بالطاعة وينقص بالعصيان ، أو كما قال الإمام أحمد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : (الإيمان قول وعمل يزيد وينقص) .

أو كما قال البخاري : (كتبت عن ألف شيخ وزيادة ولم أكتب إلا عمن يقول الإيمان قول وعمل) ، ونحو هذه العبارات الموروثة عن السلف التي لا تخرج عن هذا المعنى فالتزام عبارات السلف فيه رد لضلال المرجئة ، وهو رد كاف شاف وفيه أمان وضمان للسلفيين من الاختلاف والقيل والقال ، وحماية من استغلال التكفيريين لإطلاق بعض السلفيين لجنس العمل .

ومن أصول أهل السنة وجوب سد الذرائع ، ووجوب درء المفاسد ، وتقديم درء المفاسد على جلب المصالح ، فإطلاق جنس العمل فيه مفاسد لما فيه من الإجمال الموقع في اللبس ولما يثيره من الاختلاف والفرقة فيجب اجتنابه)) [1] .

واتە : بەڵام من حەزم لێنیە سەلەفیەکان خۆیان پەیوەست بکەن بە گۆی (جنس العمل) ـەوە لەبەر چەند خاڵێك :

یەکەمیان : لەبەر ئەوەی کە گۆیەکی چەند لایەنەیە و ئەم شێوەیە دەگرێتەوە ـ مەبەستی ئەو شێوەیەیە کە شێخ (حمد العتيق) خستویەتیە ڕوو و لە خاڵەکەی تردا دێت ـ و جگە لەئەمەش دەگرێتەوە ، ئەوەی کە تەکفیریەکان مەبەستیانە .

دووەمیان : ئەم باسە باسێکی کرداری وعەمەلی نیە هەروەکو برامان شێخ (حمد العتيق) فەرموویەتی : ((ئەم باسە باسێکی کرداری وعەمەلی نیە ، بەو واتایەی کە ناتوانرێت بووترێت : کە فلانە کەس کە ناوی زەیدە لەخەڵکی شایەتوومانی هێناوە و ووتوویەتی : (لا إله إلا اللّه ، محمداً رسول اللّه) وە پاش ئەو شایەتوومانە هیچ کردەوەیەکی نەکردووە ، چونکە ئەم نەرێکردنە بەو شێوە ڕەهایە لە توانای کەسدا نیە جگە لە (اللّه) یەك کە بەئاگایە لە هەموو شتێکی)) ئەم باسەش بەو شێوەیە کە برامان شێخ (حمد العتيق) فەرموویەتی .

سێیەمیان : گاڵەگاڵ و ورتەورتی تەکفیریەکان لە دەوروبەری ئەم زاراوەیە ، بۆ مەبەستی خراپیان ، لەوانەش : تۆمەتبارکردنی پێشەوایانی ئەهلی سوننە بە ئیرجا !!! بۆیە دەبینین ئەو کەسەی کە نوێژ نەکەر بەکافر نەزانێت لەلای ئەوان مورجیئەیە !!! وە ئەو کەسەش ئەو

---

[1] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

کاربەدەستە کە حوکم بەجگە لەوە دەکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە بەکافرێك نەزانێت کە لەئیسلام دەرچووبێت ، ئەوا مورجیئیە !!! ئەگەرچی ئەو تەفصیلەشی بداتێ کە سەلەف لەباسیدا کردوویانە و نوێژنەکەریش بەکافر بزانێت ؟!!!

چوارەمیان : لەبەر ئەو گشتیەی کە لەو گۆیەدا هەیە وپێشتریش ئاماژەمانپێدا ، لە دەربڕینی ڕەهایدا تێکەڵ وپێکەڵیەك لەلای زۆرێك لەخەڵدا دەخاتەوە ، وە لەبەر ئەو هەموو جیاوازیەی کە لەنێوان ئەهلی سوننە دەیناتەوە ، لەگەڵ ئەو مشتومڕ وئاشوبەی کە خستویەتیە نێوانیانەوە ، ئەوەم لەلا پێشترە کە پێویستە لێی دوور بکەورێتەوە ، چونکە وشەی (الجنس = ڕەگەز) ڕەنگە مەبەست پێی یەك بێت ، وە ڕەنگە مەبەست پێی هەموو بێت ، لەوانەشە مەبەست پێی زۆرینە بێت ، لەمەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەگەر سەلەفیەکان باسی لێوە بکەن جیاوازیان دەکەوێتە نێوانەوە ، ئەو جیاوازیەی کە تەکفیریەکان دەیانەوێت ، و بەو کەسانەش کە ئەوە دەڵێن پاڵپشت و پشتیوان بۆ خۆیان زیاد دەکەن ، و دەڵێن : ئەوەتا فلانە کەسی سەلەفی بۆچوونی وایە کە (تارك جنس العمل) کافرە ، بەوەش کەسانی سەرەتا بۆ بۆچوونەکانی خۆیان ڕادەکێشن لە بەکافرکردنی کاربەدەستان لەسەر بیروباوەڕی خۆیان ، و تۆمەتبارکردنی زانایانی ئەهلی سوننە بە ئیرجا ... هتد .

وە ئامۆژگاری سەلەفیەکانیش دەکەم کە پابەند بن بەو ووتانەی پێشینانیان کە بەربلاوە و بەزۆری پێمان گەشتووە ، هەر لەسەردەمەکانی سەرەتای پێشینەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ، کە بریتیە لەوەی کە دەیانفەرموو : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، ووتەی دڵ وزمان ، وکردەوەی دڵ وئەندامەکان ، یان ئەوەی کە فەرموویانە : ئیمان ووتەی زمان وبیروباوەڕی دڵە وکردەوەی ئەندامەکانە ، بە گوێرایەڵی زیاد دەکات ، و بە سەرپێچیش کەم دەکات .

یان هەروەك ئەوەی کە پێشەوا (أحمد) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (ئیمان ووتە وکردەوەیە ، وزیاد وکەمیش دەکات) .

یان وەك ئەوەی کە پێشەوا (البخاري) فەرموویەتی : (لە هەزار شێخەوە بگرە زیاتریش فەرموودەم نووسیوەتەوە ، بەڵام لەجگە لەوانە نەمنوسیوە کە دەڵێن : ئیمان ووتە وکردەوەیە)) ، یان هاوشێوەی ئەم ووتانە ، کە لەپێشینەوە بۆمان ماونەتەوە ، و لەم واتایە دەرناچن ، چونکە

بێگومان پابەند بوون بە ووتەی پێشینانەوە بەرپەرچدانەوەی گومڕاییەکانی مورجیئەی تێدایە ، وە بەسە بۆ بەرپەرچدانەوە چارسەیەکی تەوا و پارێزەر و گرنتیە بۆ سەلەفیەکان لە جیاوازی و ووتی ووتی ، و پارێزەریشە لەوەی کە تەکفیریەکان بیقۆسنەوە بۆ لێکدانەوەی ووتەی ڕەهای هەندێك لە سەلەفیەکان بۆ زاراوەی (جنس العمل) .

وە لە بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعە ئەوەیە کە : ڕێگری بکرێت لە وانەی کە موسڵمانان بۆ ئاکامی خراپ دەبەن ، وە : پێویستی ڕەتکردنەوەی خراپەکاریەکان ، هەروەها : پێشخستنی ڕەتکردنەوەی خراپە لە بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکان ، بۆیە ووتی ڕەهای : (جنس العمل) خراپەی تێدایە ، لەبەر ئەو چەند لایەنیەی کە لە واتاکەیدا هەیە و خەڵك دەخاتە تێکەڵ و پێکەڵیەوە ، و لەبەر ئەو جیاوازی و تەفریقەیەی کە دەیناتەوە ، بۆیە پێویستە لێی دووربکەورێتەوە .

بەڵام شێخ ـ خوا بیپارێزێت ـ لەگەڵ ئەو حەزلێنەبوونەش دەڵێت : ئەگەر هەر پێویست بوو کە بەکار بهێنرێت با زانایان سەبارەتی ـ لەکاتی پێویستدا ـ بدوێن ، و واتاکەی دیاری و یەك لا بکرێتەوە ، و مەبەست پێی ئاشکرا بکرێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فإذا كان لابد من الكلام فيها فيكون من العالم الفطن عند الحاجة كأن يسأله تكفيري عن كفر تارك جنس العمل فيقول له هذه كلمة مجملة فماذا تريد بها فبين لي ما تقصده ، فإن ذكر له صورا باطلة ردها عليه بالحجة والبرهان ، وإن ذكر الصورة السابقة قال له هذا حق وأنا معك ولكني أحذرك من التلبيس على الناس بذكر غير هذه الصورة)) [1] .

واتە : ئەگەر هەر پێویستی کرد کە ووتەی تێدا بووترێت ، با زانایانی ووردکار ـ لەکاتی پێویستدا ـ قسەی لێوە بکەن ، وەك ئەوەی کە کەسێکی تەکفیری پرسیاریان لێبکات سەبارەت بە کافرکردنی (تارك جنس العمل) ؟ با لەوەڵامدا پێی بڵێت : ئەم زاراوەیە ووتەیەکی فرە مانایە ، چیت دەوێت لێی ، و مەستت بۆم ئاشکرا بکە ؟! جا ئەگەر شێوازە پوچەڵەکانی مەبەست بوو ، ئەوا بە بەڵگە ڕەتیان دەکاتەوە ، وە ئەگەر ئەو شێوازانەی پێشووی مەبەست بوو

---

[1] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

ئەوا پێی دەڵێت منیش لەگەڵتام ، بەڵام هۆشیارت دەکەمەوە لە تێکەڵ و پێکەڵکردن و چەواشەکاری خەڵك بەباسکردنی جگە لەم شێوازانە .

ئەم دووا ووتەیەی شێخ (ربیع) ـ خوا بیپارێزێت ـ سەرڕاست کردنەوەی ئەو بنەوا و ڕاستیەیە کە زانایان سەبارەتی فەرموویانە : ((لَا مَشَاحَةَ فِي الاصْطِلَاحِ)) ، واتە : کێشە نیە لە بەکارهێنانی زاراوەکان .

بەڵام چ کاتێك ئەم ووتەیە پیادە دەکرێت ، و چۆن ((لَا مَشَاحَةَ فِي الاصْطِلَاحِ)) ؟

لەوەڵامدا دەووترێت : پیادەکردنی ئەم ڕێسایە لەکاتێکدا دەبێت کە واتا و شوێنی بەکارهێنانی ڕەچاو بکرێت ، هەروەکو زانایان فەرموویانە : ((فَلَا مَشَاحَةَ فِي ذَلِكَ ، فَإِنَّ لِكُلِّ أَحَدٍ أَنْ يَصْطَلِحَ عَلَى مَا شَاءَ ، بَعْدَ رِعَايَةِ الْمُنَاسَبَةِ)) [1] ، واتە : کێشە نیە لەوەدا ، چونکە بۆ هەموو کەسێك هەیە هەر زاراوەیەك بەکار بهێنێت ، دوای ڕەچاوکردنی گونجاوێتی .

وە فەرموویانە : ((وَإِذَا عُرِفَتِ الْمَعَانِي ، لَا مَشَاحَةَ فِي الْأَلْفَاظِ)) [2] ، واتە : ئەگەر واتاکان زانران ئەوا کێشە لە گۆی ووشەکاندا نیە .

یان فەموویانە : ((لَا مَشَاحَةَ فِي الْأَلْفَاظِ ، بَعْدَ مَعْرِفَةِ الْمَعَانِي)) [3] ، واتە : کێشە لە گۆی ووشەکاندا نیە ، دوای زانینی واتاکان .

هەروەها فەرموویانە : ((فَلَا مَشَاحَةَ فِي الْعِبَارَةِ ، بَعْدَ مَعْرِفَةِ الْمَعْنَى)) [4] ، کێشە لە بڕگە و دەربڕینەکان نیە ، دوای زانینی واتاکان .

بۆیە ـ هەر لەم واتایەدا ـ شیخ (ربیع بن هادي المدخلي) دوای هێنانەوەی پێناسەکەی شێخ (حمد بن عبدالعزيز العتيق) بۆ (جنس العمل) ـ کە لە پێشدا خرایە ڕوو ـ دەفەرموێت : ((إن كان المراد بـ (جنس العمل) هذه الصورة ؟ فإني لا أتردد ولا يتردد مسلم في تكفير

---

[1] (التقرير والتحبير : ج ٦ / ص ٢٧٢) .

[2] (تاريخ ابن خلدون : ج ١ ، ص ٦١١) ، أو : (مقدمة ابن خلدون : ج ١ / ص ٢٨٦) .

[3] (المستصفى ، لأبي حامد الغزالي ، تحقيق : محمد عبدالسلام عبدالشافي) .

[4] (مدارج السالكين ، لابن القيم الجوزية : ج ٢ ، ص ١٦٩) .

من هذا حاله ، وأنه منافق زنديق !!! إذ لا يفعل هذا من عنده أدنى حد للإيمان)) [١] ، واته : ئەگەر مەبەست بە (جنس العمل) ئەم شێوەیە بێت ؟ ئەوا من و هیچ موسڵمانێك نیە كە دوو دڵی بكات لە كافرێتی ئەو كەسەی كە ئەوە حاڵێتی ، و ئەوەش كە ئەو جۆرە كەسانە دووڕوو و بێباوەڕن !!! چونكە هیچ كەسێك نیە كە ئەوە بكات ئەگەر نزمترین پلەی ئیمانی هەبێت .

وە دەفەرموێت : ((وهنا ملاحظة مهمة ينبغي لفت النظر إليها وهي : أن الصورة التي ذكرها الأخ حمد .وَفَّقَهُ اللَّهُ. لا يجوز لمسلم أن يتردد في تكفير صاحبها إن وجد ، ولكنها في الوقت نفسه هي نظرية غير واقعية ولا عملية إذ لا يتصور وقوعها من مسلم ، والشرائع لم تبن على الصور النادرة)) [٢] ، واته : وە لێرەدا تێبینیەك هەیە كە پێویستە دید و بۆچوونەكانی بۆ لا ڕابكێشرێت ، ئەویش ئەوەیە : ئەو شێوەیەی كە برامان شێخ (حمد) ـ خوا بیپارێزێت ـ باسی كردووە نابێت هیچ موسڵمانێك دوو دڵ و ڕاڕا بێت لە بەكافركردنی خاوەنەكەی ئەگەر بوونی هەبێت ، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەوە شتێكی (نظري) یە نەك واقعی و كرداری ، چونكە لەو باوەڕەدا نیم كە لە هیچ موسڵمانێك بووەشێتەوە ، و ئەحكامە شەرعیەكانیش لەسەر نموونە بەدەگمەنەكان بینا نەنراوون .

پاشان با بزانین حوكمی (ترك جنس العمل) بەو وواتایەی كە شێخ (حمد بن عبدالعزيز العتيق) دەیخاتەڕوو ، و شێخ (ربيع) یش ئیقراری كردووە حوكمی لەلای پێشەوایانی سەلەف بە گشتی و پێشەوا ئەلبانیش بە تایبەت چیە ؟

---

[١] (كلمة حق حول جنس العمل ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

[٢] (المصدر نفسه) .

سێیەم : ئایا حوکمی (ترك جنس العمل) لە لای زانایان بەگشتی و پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەتایبەت چیە ؟

ووشە و زاراوەی (جنس العمل) لە زۆرینەی ووتەی زانایان و پێشەوایانی سەلەف ـ بەپێی پشکنین و بەرچاوکەوتنی نووسەر ـ وەکو خۆی دەقاودەق نەهاتووە و وەك خۆی بەکار نەهێنراوە ، بەڵکو لەزۆر لەووتەکانیان واتای ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە ـ ئەگەر بووترێت : مانای وازهێنان لەکردەوە بەگشتی دەگرێتەوە ـ ، چونکە ئەم زاراوەیە تا ئەو دواییانە و لەسەردەمی پێشەوا (ابن تیمیة) ـدا بەکارهێنراوە ، و پاشان لەووتەی هەندێك لەزانایانی ئەم سەردەمە بەکارهێنراوە ، ئەوەی کە لەووتەی زانایانی پێشوودا بەکارهێنراوە تەنها واتای ئەم ووشە و زاراوەیەیە ، هەروەکو لەم ووتانەیاندا ئاشکرا دەبێت ، و دەردەکەوێت :

پێشەوا (سفیان) ـی کوڕی (عیینة) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە مورجیئە فەرموویەتی : ((يقولون الإيمان قول ، ونحن نقول الإيمان قول وعمل . والمرجئة أوجبوا الجنة لمن شهد أن لا إله إلا اللَّه مصراً بقلبه على ترك الفرائض ، وسموا ترك الفرائض ذنباً بمنزلة ركوب المحارم ، وليسوا بسواء لأن ركوب المحارم من غير استحلال معصية ، وترك الفرائض متعمداً من غير جهل ولا عذر هو كفر)) [1] ، واتە : مورجیئەکان دەڵێن : ئیمان ووتەیە !! و ئێمە دەڵێن : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، وە مورجیئەکان بەهەشت پێویست دەکەن بۆ ئەو کەسەی تەنها بڵێت : (أشهد أن لا إله إلا اللَّه) ئەگەرچی بەدڵیش سوڕبێت لەسەر وازهێنان لە هەموو پێویست کراوەکان ، وە وازهێنانیان لە هەموو پێویستیەکان بە تاوان زانیوە ، و بەهاوشێوەی ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکانیان داناوە ، کەچی واش نیە چونکە ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان بەبێ بەحەڵاڵ زانینیان سەرپێچیە ، بەڵام وازهێنان لەهەموو پێویستەکان بەعەنقەستەوە ، و بە بێ نەزانین و بەبێ بوونی هیچ بیانوویەکەوە کوفرە .

وە پێشەوا (الحميدي) ش سەبارەت بەخەڵکانێك فەرموویەتی : ((أُخبرتُ أن ناساً يقولون : من أقر بالصلاة والزكاة والصوم والحج ولم يفعل من ذلك شيئاً حتى يموت ، أو

---

[1] (السُّنَّة ، لعبداللَّه بن أحمد : ١ / ٣٤٧) .

يصلي مستدبر القبلة حتى يموت ، فهو مؤمن ما لم يكن جاحداً إذا علم أن تركه ذلك في إيمانه ، إذا كان يقر بالفرائض واستقبال القبلة . فقلت : هذا الكفر الصراح)) [1] ، واته : پێم

---

[1] (روى الخلال في السنة : ٣ : ٥٨٦ ، واللالكائي في : شرح أصول الاعتقاد للالكائي : ٥ / ٨٨٧ ، بإسنادين عن حنبل بن إسحاق) .

ـ قال أبو جعفر الطبري ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وأما قوله : ﴿ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا ﴾ (الأنعام : ١٥٨) ، فإنه يعني : أو عملت في تصديقها باللَّه خيراً من عملٍ صالحٍ تصدقُ قِيْلَه وتحققه ، من قبل طلوع الشمس من مغربها ... ولا ينفع من كان باللَّه وبرسله مصدقاً ولفرائض اللَّه مضيعاً ، غير مكتسبٍ بجوارحه للَّه طاعة ، إذ هي طلعت من مغربها أعمالُه إن عمل ، وكسبه إن اكتسب ، لتفريطه الذي سلف قبل طلوعها في ذلك ، كما حدثني محمد بن الحسين قال : حدثنا أحمد بن المفضل قال : ثنا أسباط عن السدي ﴿ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا ﴾ ، يقول : كسبت في تصديقها خيراً : عملاً صالحاً ، فهؤلاء أهل القبلة وإن كانت مصدقة ولم تعمل قبل ذلك خيراً ، فعملت بعد أن رأت الآية لم يقبل منها ، وإن عملت قبل الآية خيراً ثم عملت بعد الآية خيراً قبل منها)) (تفسيره : ٨ / ٧٦) .

ـ قال الشوكاني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((قوله : ﴿ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا ﴾ معطوف على ﴿ آمَنَتْ ﴾ ، والمعنى : أنه لا ينفع نفساً إيمانها عند حضور الآيات متصفةً بأنها لم تكن آمنت من قبل ، أو آمنت من قبل ولكن لم تكسب في إيمانها خيراً . فحصل من هذا أنه لا ينفع إلا الجمع بين الإيمان من قبل مجيء بعض الآيات مع كسب الخير في الإيمان ، فمن آمن من قبل فقط ولم يكسب خيراً في إيمانه ، أو كسب خيراً ولم يؤمن فإن ذلك غير نافعه)) (فتح القدير ، للشوكاني : ٢ / ٢٥٤) .

ـ قال الآجري ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ بعد ذكره هذه الآية : ((فأخبر ـ تَعَالَى ـ بأن الكلام الطيب حقيقته أن يُرفع إلى اللَّه ـ تَعَالَى ـ بالعمل ، إن لم يكن عمل بطل الكلام من قائله ورُدَّ عليه. ولا كلام طيب أجل من التوحيد ، ولا عمل من أعمال الصالحات أجل من أداء الفرائض)) (١/ ٢٨٤) .

ـ قال ابن الحنبلي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وقال ـ عَزَّوَجَلَّ ـ : ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى ﴾ (طه :٨٢) ، فأخبر ـ تَعَالَى ـ : أنه لا يغفر إلا لمن يجمع له القول والعمل ، فهو لا ينفع أحدهما دون صاحبه ... وقد قال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (الزخرف : ٧٢) .

وقال أيضاً : ﴿ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ (الأحقاف : ١٤) ، فهذه الآيات تدل على أنه لا ينفع أحدهما دون الآخر . فهذه براءةٌ من قول المرجئة ، وما يتشعب من مذاهبهم وأقاويلهم)) (الرسالة الواضحة في الرد على الأشاعرة : ٢ / ٨٠٣ ، ٨٠٨) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((والدلالة أيضا على أن الإيمان قول وعمل ، قول اللَّه ـ تَعَالَى ـ : ﴿ إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ﴾ ، فأخبر اللَّه ـ تَعَالَى ـ أن القول لا يرفع إلا بالعمل ؛ إذ العمل يرفعه ، فدل على أن قولاً لا يقترن بالعمل لا يرفع)) (الرسالة الواضحة في الرد على الأشاعرة : ٢ / ٨٠٢) .

ـ قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((والقرآن يبين أن إيمان القلب يستلزم العمل الظاهر بحسبه)) (الفتاوى : ٧ / ٢٢١) . وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وقد تبين أن الدين لابد فيه من قول وعمل ، وأنه يمتنع أن يكون الرجل مؤمناً باللَّه ورسوله بقلبه أو بقلبه ولسانه ولم يؤد واجباً ظاهراً ، ولا صلاة ولا زكاة ولا صياماً ولا غير ذلك من الواجبات ، لا لأجل أن اللَّه أوجبها ، مثل أن يؤدي الأمانة و يصدق الحديث ، أو يعدل في قسمه وحكمه ، من غير إيمان باللَّه ورسوله ، لم يخرج بذلك من الكفر ، فإن المشركين وأهل الكتاب يرون وجوب هذه الأمور ، فلا يكون الرجل مؤمناً باللَّه ورسوله مع عدم شيء من الواجبات التي يختص بإيجابها محمد ﷺ)) (الفتاوى : ٧ / ٦٢١) .

ـ قال سهل بن عبداللَّه التستري ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ((لما سئل عن الإيمان ما هو ؟ قال : « هو قول ونية وعمل وسنة ؛ لأن الإيمان إذا كان قولاً بلا عمل فهو كفر ، وإذا كان قولاً وعملاً بلا نية فهو نفاق ، وإذا كان قولاً وعملاً ونية بلا سنة فهو بدعة)) . نقله شيخ الإسلام مقراً له في (الفتاوى : ٧ / ١٧١) ، وانظر (الإبانة : ٢٨١٤) .

ـ قال الإمام محمد بن نصر ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((ولو أقر ، ثم لم يؤد حقه ، كان كمن جحده في المعنى ، إذ استويا في الترك للأداء ، فتحقيق ما قال أن يؤدي إليه حقه ، فإن أدى جزءاً منه ، حقق بعض ما قال ، ووفّى ببعض ما أقر به ، وكلما أدى جزءاً ، ازداد تحقيقاً لما أقرَّ به ، وعلى المؤمن الأداء أبداً لما أقر به ، حتى يموت)) (تعظيم قدر الصلاة : ٢ / ٥١٧) .

گەشتووە کە خەڵکانێك هەن دەڵێن : هەر کەسێك تەنها دان بنات بە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەجدا ئەگەرچی هیچێك لەوانە نەکات تاکو دەمرێت !! یان نوێژەکانی پشت لە قیبلە بکات تاکو دەمرێت !! ئەوا ئەو کەسە ئێماندارە بەمەرجێ نکوڵیان لێ نەکات ، و بزانێت ئەو وازهێنانەی لە ئیمانەکەیەتی ، ئەگەر دان بنات بەپێویستکراوەکان ، و ڕووکردن لە قیبلە !!! منیش دەڵێم : ئەمە کوفرێکی ڕاشکاوە .

بە هەمان شێوەش پێشەوا (الشوكاني) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەڵامی پرسیارێك کە سەبارەت بەحوکمی کەسانێك کراوە کە واز لەهەموو کردەوە وگوفارێکی ئیسلام ئەهێنن ، جگە لەهێنانی شایەتومان نەبێت !!! ئەمەش دەقی پرسیارەکەیە کە تێیدا هاتووە : ((في البادية من الأعراب من لا يفعلون شيئاً من الشرعيات إلا مجرد التكلم بالشهادة ؟!)) ، واتە : لە خێڵەکیە عەرەبەکاندا کەسانی وا هەن ، هیچ شتێك لەشتە شەرعیەکان ئەنجام نادەن ، تەنها ووتنی شایەتوومان نەبێت ؟! ئەو جۆرە کەسانە حوکمیان چیە ؟!

ـ قال الآجري ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((فالأعمال ـ رَحِمَكُمُ اللَّهُ تَعَالَى ـ بالجوارح : تصديق عن الإيمان بالقلب واللسان ، فمن لم يصدق الإيمان بعمله وبجوارحه : مثل الطهارة ، والصلاة ، والزكاة ، والصيام ، والحج ، والجهاد ، وأشباه لهذه ، ورضي من نفسه بالمعرفة والقول ، لم يكن مؤمناً ، ولم ينفعه المعرفة والقول ، وكان تركه للعمل تكذيباً منه لإيمانه ، وكان العمل بما ذكرناه تصديقاً منه لإيمانه ، وباللَّه التوفيق)) (كتاب الشريعة : ١/ ٢٧٥) ، وقال أيضا في : ((اعلموا ـ رَحِمَنَا اللَّهُ وَإِيَّاكُمْ ـ أن الذي عليه علماء المسلمين : أن الإيمان واجب على جميع الخلق : وهو التصديق بالقلب ، وإقرار باللسان ، وعمل بالجوارح ... ولا تجزئ معرفة بالقلب والنطق باللسان حتى يكون معه عمل بالجوارح . فإذا كملت الخصال الثلاث كان مؤمناً ... فالأعمال بالجوارح تصديق عن الإيمان بالقلب واللسان . فمن لم يصدق الإيمان بعمله وبجوارحه مثل الطهارة والصلاة والزكاة والصيام والحج والجهاد أشباه لهذه ، ورضي لنفسه المعرفة والقول دون العمل لم يكن مؤمناً ، ولم تنفعه المعرفة والقول)) (كتاب الأربعين له : ١٣٥ـ ١٣٧) .

ئەویش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدا دەفەرموێت : ((وأقول : من كان تاركاً لأركان الإسلام وجميع فرائضه ، و رافضاً لما يجب عليه من ذلك من الأقوال والأفعال ، ولم يكن لديه إلا مجرد التكلم بالشهادتين ، فلا شك ولا ريب أن هذا كافرٌ شديد الكفر حلال الدم)) [١] ، واتە : لە وەڵامدا دەڵێم : ئەو جۆرە کەسانەی کە وازیان هێناوە لە بنەواکانی ئیسلام و هەموو پێویستکراوەکانی ، و هەموو ئەوانەش کە لەسەریان فەرزکراوە ـ گوفتار بێت یان کردار ـ ڕەتدەکەنەوە ، و جگە لە ووتنی شایەتوومانیان نیە ، گومان لەوەدا نیە کە ئەو کەسە کافرە و کوفرەکەشی زۆر توندە ، و خوێنیشی حەڵاڵە .

بەڵام لەسەردەمەکانی تردا ـ بەتایبەت سەردەمی پێشەوا (ابن تيمية) ـ تا دەگاتە سەردەمی ئێستای زانایان بەکارهێنانی ئەم ووشە وەك زاراوەیەك (واتە : جنس العمل) بەکاردەهێنرێت ، هەروەکو بەڕاشکاوی لە ووتەی هەندێکیاندا دەردەکەوێت :

ئەوەتا پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە چەند ووتەیەکیدا ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((فقول السلف : الإيمان قول وعمل ؛ ليبينوا اشتماله على الجنس ؛ ولم يكن مقصودهم ذكر صفات الأقوال والأعمال)) [٢] ، واتە : ووتەی پێشین کە فەرموویانە : ئیمان ووتە وکردەوەیە ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە ئیمان ڕەگەز (الجنس) دەگرێتەوە ، نەك ئەوەی مەبەستیان باسکردنی سیفەتی ووتە وکردەوەکان بێت .

---

[١] (الرسائل السلفية ـ إرشاد السائل إلى دليل المسائل : ٤٣) .

[٢] (الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٥٠٦) ، وقال شيخ الإسلام ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ أيضاً : ((وأيضا فإن الإيمان عند أهل السنة والجماعة : قول وعمل ، كما دل عليه الكتاب ، والسنة ، وأجمع عليه السلف . وعلى ما هو مقرر في موضعه ، فالقول : تصديق الرسول ، **والعمل : تصديق القول** ، **فإذا خلا العبد عن العمل بالكلية لم يكن مؤمنا** ، والقول الذي يصير به مؤمن قول مخصوص وهو الشهادتان ، فكذلك العمل هو الصلاة ... وأيضا فإن حقيقة الدين هو الطاعة والانقياد ، وذلك إنما يتم بالفعل لا بالقول فقط **فمن لم يفعل لله شيئا فما دان لله دينا ومن لا دين له فهو كافر**)) (شرح العمدة ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ٢ / ٦١ ، تحقيق المشيقح ، أو نفسه : ٤ / ٨٦ ، تحقيق العطيشان) .

هەروەها فەرموویەتی : ((وقد تقدم أن (جنس الأعمال) من لوازم إيمان القلب ، وأن إيمان القلب التام بدون شيء من الأعمال الظاهرة ممتنع)) [1] ، واتە : وە لە پێشدا ئەوە خرایەڕوو کە (جنس العمل) یەکێکە پێویستیەکانی ئیمانی دڵ ، وە ئەوەش کە ئیمانی دڵی تەواو بەبێ شتێك لە کردەوەکانی ڕووکەش قەدەغەیە .

یان بەواتا بەکاری هێناوە ، هەروەك فەرموویەتی : ((مِنَ الْمُمْتَنَع أن يكونَ الرَّجُلُ مؤمِناً إيماناً ثابِتاً في قلبِهِ بأنَّ اللَّه فَرَضَ عليهِ الصَّلاةَ والزَّكاةَ والصيامَ والحجَّ ، ويعيشُ دهرَهُ لا يسجُدُ

---

[1] (الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٦) .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((وقد بسطنا الكلام على هذه في مسألة الإيمان ، وبيَّنا أن ما يقوم بالقلب من تصديق وحب للَّه ورسوله وتعظيم ، لابد أن يظهر على الجوارح وكذلك بالعكس ؛ ولهذا يستدل بانتفاء اللازم الظاهر على انتفاء الملزوم الباطن ، كما في الحديث الصحيح عن النبي ﷺ أنه قال : « أَلَا إِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلُحَتْ ، صَلُحَ لَهَا سَائِرُ الْجَسَدِ ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ لَهَا سَائِرُ الْجَسَدِ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ » ، وكما قال عمر بن الخطاب رضي الله عنه لمن رآه يعبث في الصلاة : « لَوْ خَشَعَ قَلْبُ هَذَا لَخَشَعَتْ جَوَارِحُهُ)) » (الجواب الصحيح : ٦/ ٤٨٧) ، وقال : ((ما في القلب مستلزم للعمل الظاهر . وانتفاء اللازم يدل على انتفاء الملزوم)) (الفتاوى : ٧ : ٢٩٤) .

قال الإمام ابن القيم .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((تخلّف العمل ظاهرا مع عدم المانع دليل على فساد الباطن وخلوّه من الإيمان ، ونقصه دليل نقصه ، وقوته دليل قوته)) (الفوائد ، لابن القيم : ١١٢) .

قال شيخ الإسلام ابنِ تيميَّةَ .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((الإيمانُ عندَ أهلِ السُّنَّةِ والجماعةِ : قولٌ وعملٌ . كما دلَّ عليه الكتابُ والسُّنَّةُ ، وأجْمَعَ عليه السلفُ ، وعلى ما هو مقرَّرٌ في موضِعِهِ : فالقولُ : تصديقُ الرَّسُولِ . والعملُ : تصديقُ القولِ . فإذا خَلا العبدُ عن العملِ بالكُلِّيَّةِ : لمْ يكُنْ مُؤمناً . والقولُ الذي يَصيرُ به مُؤمناً : قولٌ مخصوصٌ ، وهو : الشهادتان . فكذلك العملُ : هو الصلاةُ)) (شرح العمدة ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ٢ / ٦١ ، تحقيق المشيقح ، أو نفسه : ٤ / ٨٦ ، تحقيق العطيشان) .

للَّه سجدةً ، ولا يصومُ مِن رمضانَ ، ولا يؤدّي للَّه زكاةً ، ولا يحجّ إلى بيتِهِ فهذا مُمتَنَعٌ ؛ ولا يصدُرُ هذا إلا مَعَ نِفاقٍ في القَلبِ وَزَندَقَةٍ لا معَ إيمانٍ صحيحٍ)) [1] .

واتە : هەرگیز ناکرێت کە کەسێك ئیمانداریکی تەواو بێت لەدڵیدا بەوەی کە خوای پەروەردگار نوێژ وزەکات وڕۆژوو وحەجی لەسەر فەرزکردووە ، کەچی ژیانێکی درێژ دەمێنێتەوە بێ ئەوەی سوژدەیەك بۆ خوای پەروەردگار بەرێت ، یان ڕۆژوو لەڕەمەزان بگرێت ، یان زەکاتی ماڵەکەی بدا ، یان حەجی ماڵەکەی خوا بکات ، ئەمەش هەرگیز نابێت ، و ناکەوێتەوە جگە لەگەڵ دووڕووی نەبێت لەدڵەکەی ، لەگەڵ بێباوەڕیدا نەبێت ، نەك لەگەڵ بوونی ئیمانی ڕاست ودروستدا .

وە لە پێشەوایان و زانایانی سەردەم پێشەوا (ابن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کە تێیدا هاتووە ((من لم يكفر تارك الصلاة من السلف ، أيكون العمل عنده شرط كمال ؟)) ، واتە : ئەو زانایەی ـ لە پێشینان ـ کە نوێژنەکەری بەکافر دانەناوە ، ئایا کردەوەکان لەلایدا (شرط كمال) ـە ؟

بەڕێزیشیان ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم ووشەیەیان بەکارهێناوە ، لە وەڵامدا کە فەرموویەتی : ((جنس العمل لابد منه لصحة الإيمان عند السلف جميعاً . لهذا الإيمان عندهم ؛ قول وعمل واعتقاد ، لا يصح إلا بها مجتمعة)) ، واتە : لەلای پێشین بە گشتی (جنس العمل) بۆ دروستی ئیمان پێویست بووە ، لەبەر ئەمەیە ئیمان لەلایان بریتیبووە لە ووتە وکردە وبیروباوەڕ ، ئێمان دروست نیە جگە بەوانە نەبێت لەگەڵ یەکدا .

هەر ئەم پێشەوایە هەمان ووشەی بە واتاش بەکاری هێناوە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ((من شهد أن لا إله إلا اللَّه واعتقد بقلبه ولكن ترك جميع الأعمال ، هل يكون مسلماً ؟)) ، واتە : ئەو کەسەی کە شایەتوومانی هێناوە بە ووتنی (لا إله إلا اللَّه) و بەدڵیشی بیروباوەڕی پێ هەبووە ، بەڵام وازی لە هەموو کردەوەکان هێناوە ، ئایا ئەمە بە موسڵمان دەژمێردرێت ؟

هەروەك فەرموویەتی : ((لا ، ما يكون مسلماً حتى يوحد اللَّه بعمله ، يوحد اللَّه بخوفه ورجاءه ، ومحبته ، والصلاة ، ويؤمن أن اللَّه أوجب كذا وحرم كذا . ولا يتصور .. ما يتصوّر أن

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١١) .

الإنسان المسلم يؤمن باللّه يترك جميع الأعمال ، هذا التقدير لا أساس له . لا يمكن يتصور أن يقع من أحد .. نعم ؛ لأن الإيمان يحفزه إلى العمل ؛ الإيمان الصادق .. نعم)) [1] ، واته : نەخێر ، ئەو کەسە موسڵمان نیە تاکو بەکردەوەکانیشی یەکتاپەرستی خوای پەروەردگار ڕانەگەیەنێت ، یەکتاپەرستی خوا بکات بەترسان و ئاوات و خۆشویستن و نوێژ ، و باوەڕیشی بەوە هەبێت کە خوای پەروەردگار ئەوەی پێویست کردووە و ئەەشی حەرام کردووە ... وناشتوانرێت ئەوە بهێنرێتە پێش چاو کە مرۆڤی موسڵمان هەبێت باوەڕی بە خوای پەروەردگار هەبێت و واز لەهەموو کردەوەکان بهێنێت ، ئەم هەڵسەنگاندنە هیچ بنەوایەکی نیە ، ناکرێت ئەوە بهێنرێتە پێش چاو کە لەکەسێکەوە بووەشێتەوە ... بەڵێ ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئیمان پاڵنەرێتی بۆ ئەنجامدانی کردەوە ، مەبەستمان ئیمانی دروستە ... بەڵێ .

پێشەوا (صالح الفوزان) یش ـ خوا بیپارێزێت ـ سەرەڕای ئەوەی کە وشەی (ترك جنس العمل) ـی وەکو زاراوە بەکارهێناوە ، دەبینین بەواتاش بەکاری دەهێنێت و ئەو تەرك کردنەشی بۆ کردەوە بە گشتی پێ کوفرە ، ئەوەش لەوەڵامی ئەم پرسیارەی کە کراوە لەشێخ وتێیدا هاتووە : ((ما حكم من ترك جميع العمل الظاهر بالكلية لكنه نطق بالشهادتين ويقر بالفرائض لكنه لا يعمل شيئاً البتة ، فهل هذا مسلم أم لا ؟ علماً بأن ليس له عذر شرعي يمنعه من القيام بتلك الفرائض ؟)) ، واته : حوکمی ئەو کەسە چیە کە بەگشتی وازی لەکردەوەکانی ڕووکوش هێناوە ، بەڵام لەبەرامبەریشدا شایەتومانی هێناوە ، ودان دەنات بەفەرزیەتی هەموو فەرزکراوەکان ، کەچی بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێك ناکات ، ئایا ئەمە موسڵمانە ، یان نە ؟ لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کەسە هیچ بەهانە وبیانوویەکی شەرعی نیە کە ڕێگربێت لەهەستانی بەو فەرزانە !!

ئەویش ـ خوا بیپارێزێت ـ لە وەڵامدا فەرمووی : ((هذا لا يكون مؤمناً ، من كان يعتقد بقلبه ويقر بلسانه ولكنه لا يعمل بجوارحه ، عطّل الأعمال كلها من غير عذر هذا ليس بمؤمن ،

---

[1] (نقلاً من التعليق على فتح المجيد شرح كتاب التوحيد الشريط الثاني أول الوجه الثاني) ، وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((**إن جنس العمل لابد منه لصحة الإيمان عند السلف**)) (جريدة الرياض ، عدد : ١٢٥٠٦ ، بتاريخ : ١٣/ ٧/ ١٤٢٣ هـ ، نقلا عن الإيمان عند السلف : ٢ / ٥٨) .

لأن الإيمان كما ذكرنا وكما عرفه أهل السنة والجماعة أنه : قول باللسان واعتقاد بالقلب وعمل بالجوارح ، لا يحصل الإيمان إلا بمجموع هذه الأمور ، فمن ترك واحداً منها فإنّه لا يكون مؤمناً)) [١] ، واته : ئەمە ئیماندار نیە ، ئەو کەسەی کە بە دڵ بیروباوەڕی هەبێت ، و بە زمانیش دانی پێدا بنێت ، بەڵام بەئەندامەکانی کردەوە ناکات ، بە شێوەیەك کە هەموو کردەوەکانی لەکارخستووە بەبێ هیچ بیانو و بەهانەیەکی شەرعی ، ئائەمە بەئیماندار ناژمێردرێت ، چونکە ئیمان هەروەکو باسمان لێوەکرد و وەك ئەوەی کە پێشەوایانی ئەهلی سوننە و جەماعە پێناسەیان کردووە بریتیە لە : ووتن بەزمان ، و بیروباوەڕبوون بەدڵ ، و کردەوەکردن بەئەندامەکانی لەش ، و ئیمانیش دروست نابێت جگە بەکۆی ئەم سێ شتە نەبێت ، بۆیە ئەگەر کەسێك واز لە یەکێکیان بێنێت بێگومان بە ئیماندار ناژمێردرێت .

وە شێخ (صالح آل الشيخ) یش ـ خوا بیپارێزێت ـ لە وەڵامی ئەم پرسیاردا : ((هل تارك العمل بالكلية مسلم ؛ تارك الأركان وتارك غيرها من الواجبات والمستحبات والأعمال الظاهرة بالجوارح ؟)) واته : ئایە ئەو کەسەی کە بەتەواوی واز لەکردەوەکان دەهێنێت موسڵمانە ؟ مەبەست ئەو کەسەیە کە واز لەهەموو بنەواکان و جگە لەوانیش لەپێویستیەکان وسوننەت وکردەوەکانی ڕووکەشی ئەندامەکان دەهێنێت .

شێخیش ـ خوا بیپارێزێت ـ فەرموویەتی : ((إنَّ العمل عند أهل السنة والجماعة داخل في مسمى الإيمان ؛ يعني أنَّ الإيمان يقع على أشياء مجتمعة وهي الاعتقاد والقول والعمل ، ولذلك من ترك جنس العمل فهو كافر ؛ لأَنَّهُ لا يصحّ إسلام ولا إيمان إلا بالإتيان بالعمل)) [٢] ، واته : بێگومان کردەوە لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە دەچێتە ناو موسەمای ئیمانەوە ، بەو واتایەی کە ئیمان چەند شتێك پێکەوە دەگرێتەوە کە بریتین لە : بیروباوەڕ و ووتە و کردەوە ، بۆیە

---

[١] (أسئلة وأجوبة في مسائل الإيمان والكفر للشيخ صالح الفوزان ، السؤال السادس : ١/ ٥) .

[٢] (شرح العقيدة الطحاوية ، المسمى بـ : (إتحاف السائل بما في الطحاوية من مسائل ، للشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ : ج ٦ / ص٢٣ ، السؤال الثاني) .

هەر کەسێك کە واز لە (جنس العمل) بهێنێت ئەوا کافرە ، چونکە نە ئیسلام و نەش ئیمانی کەسێك دروست نابێت تاکو کردەوە ئەنجام نەدات .

وە هەروەها فەرموویەتی : ((ترك جنس العمل مسقط للإيمان ، فلا يوجد مؤمن عند أهل السنة والجماعة يصحّ إيمانه إلا ولا بد أن يكون معه مع الشهادتين جنس العمل الصالح ، يعني جنس الامتثال للأوامر ، والاجتناب للنواهي)) [١] ، واتە : وازهێنانی گشتی لە کردەوە ڕووخێنەری ئیمانە ، هیچ باوەڕدارێك نیە لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە ئیمانەکەی دروست بێت ئیللا بەوە نەبێت کە لە گەڵ ووتنی شایەتوومانەکەی ڕەگەزی کردەوەی چاکی (جنس العمل الصالح) ـی هەبێت ، بەواتای ئەوەی کە دەبێت ڕەگەزی ئەنجامدانی هەبێت بۆ فەرمان پێکراوەکان ، و دورکەوتنەوەی لە یاساغی (نەهی) لێکراوەکان .

وە لە ووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : ((جنس العمل تاركه قد كفر ـ نسأل اللّه العافية ـ ، لأن العمل جزء من الإيمان)) [٢] ، واتە : (جنس العمل) وازلێهێنەری کوفری کردووە ـ داواکارین لە خوای پەروەردگار پارێزەرمان بێت ـ چونکە کردەوە بەشێکە لە ئیمان .

وە شێخ (زيد المدخلي) ش لە ووتەیەکیدا سەبارەت بەمورجیئە فەرموویەتی : ((عموم المرجئة الذين أخرجوا العمل عن مسمى الإيمان ، وادعوا أن من حصل له مجرد التصديق فتصديقه هذا باق على حاله لا يتغير سواء أتى بشيء من الطاعات أم لا ، و سواء اجتنب المعاصي أو ارتكبها ، فهم لم يفرقوا بين (جنس العمل) ـ والذي يعد شرطاً في

---

[١] (شرح لمعة الاعتقاد ، لصالح آل الشيخ) .

[٢] (من أحد أجوبة الشيخ زيد المدخلي المسجلة) .

وقال الشيخ زيد المدخلي في أحد أجوبته المسجلة : ((معروف عند أهل السنة وهو أن ترك الأعمال كلها فلم يعمل شيئاً من أعمال الجوارح فلا حظَّ له في الإسلام)) .

وقال الشيخ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في جواب مسجل آخر : ((تارك الأعمال جملةً وتفصيلاً لا حظَّ له في الإسلام ، ولا يتورع أحد في القول بكفره الكفر المخرج من الملة)) .

صحة الإيمان عند أهل السنة ـ وبين (آحاد العمل وأفراده) ـ والذي يعد تاركه غير مستكمل الإيمان ـ ، وقد استعملوا القياس فقالوا : « لا يضر مع الإيمان معصية ، كما لا تنفع مع الكفر طاعة »)) [١] ، واته : بەگشتی مورجیئە مەزهەبەکان ئەوانەی کردەوەیان لەموسەمای ئیمان هێناوەتەدەر ، وە ووتوویانە ئەوەی کە تەنها بەڕاست دانان هەیە ، ئەو بەڕاست دانانەی بەو شێوەیەی خۆی دەمێنێـەوە ، و ناگۆڕێت ئەگەر شتێك لە گوێڕایەڵیەکانی ئەنجام دابێت یان نە !!! وە ئوەشیان لە لا یەکسانە کە خۆیپاراستبێت لە تاوانەکان یان ئەنجامی دابێتن !!! ئەوان جیاوازیان نەکردووە لە نێوان (جنس العمل) کە بە مەرج دادەنرێت لەلای ئەهلی سوننە بۆ دروستی ئیمان ، و لە نێوان تاك و بەشەکانی کردەوە (آحاد العمل و أفراده) کە وازلێهێنەری بە ئیمانداری تەواو ناژمێردرێت ، وە لەو کارەیاندا قیاسیان کردووە کە دەڵێن : ((سەرپێچی هیچ کاریگەریەکی نیە لەگەڵ بوونی ئیماندا ، هەروەکو چۆن گوێڕایەڵیش سودی نیە لە گەڵ کوفر و بێباوەڕیدا)) !!!

وە فەرموویەتی : ((تارك (جنس العمل) بالكلية لا يحل حلالاً ولا يحرم حراماً ؛ ولا يقيم فرضا ولا واجباً ؛ فهذا ليس معه إيمان ؛ لأن الإيمان يدفع صاحبه إلى العمل فإذا كان ليس من أهل الأعمال ؛ ولم يعمل بشيء من أركان الإسلام ... ما بقي معه إيمان)) [٢] ، واته : وازهێنەر لە (جنس العمل) بەگشتی بەوەی کە نە حەلاڵ بە حەڵ بزانێت ، و نەش حەرام بەحەرام !!! و نە پێویست کراوەکان بە پێویست بزانێت !! ئا ئەم جۆرە کەسانە هیچ ئیمانێکیان نیە ، چونکە ئیمان پاڵنەری خاوەنەکەیەتی بۆ ئەنجامدانی کردەوە ، جا ئەگەر لە ئەنجامدەرانی کردەوە نەبێت ، و هیچێك لە بنەواکانی ئیسلام ئەنجام نەدات ... ئەوا ئیمانی لەلا نەماوە .

---

[١] (من أحد الأجوبة المسجلة للشيخ زيد المدخلي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ) .

[٢] (كذلك من أحد أجوبة الشيخ المسجلة ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ) .

کەواتە ... لەوەی کە ڕابوورد وخرایە پێش چاو دەردەکەوێت کە ... پێشەوایانی ئەهلی سوننە لەکۆن وتازەدا لەو باوەڕەدان کە وازهێنان لە (جنس العمل) ـ بە واتای : هەموو کردەوەکانی ڕووکەش ـ و بەبێ هیچ بیانوو و بەهانەیەکی شەرعی ، کوفرە و بەیەکێك لەبەتاڵکەرەوەکانی بنەوای ئیمانی دەزانن ، وخاوەنەکەی هیچ سودمەند نابێت بەشایەتوومان وئیمانەکەی ، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی واز لەهەموو کردەوەکانی ڕووکەش بهێنێت ، سەرەڕای مانەوەی بۆ تەمەنێکی درێژ ونەبوونی هیچ بڕوبیانوو وڕێگرێکی بۆ ئەو وازهێنانەی .

پاشان با بزانین : ئایا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چی لەو بارەیەوە دەڵێت ، و بیروباوەڕی سەبارەت بەوازهێنی گشتی چیە بۆ کردەوە (واتە : ترك جنس العمل) ؟ بەوەش ڕاستی وناڕاستی ئەم شوبهەیەمان لەلا ئاشکرا دەبێت ، و دەزانین کە ئایا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هاودەنگە لەگەڵ پێشەوایانی سەلەفی صاڵحی پێش خۆی ـ بە ڕەحمەت بن ـ یان پێچەوانەیان بووەتەوە و هاودەنگە لە گەڵ مەرجیئەی گومڕادا ؟!!!

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە وازهێنانی گشتی لەکردەوەکانی ڕووکەش (ترك جنس العمل) فەرموویەتی : ((إن الإيمان بدون عمل لا يفيد ؛ فاللَّه ـعَزَّ وَجَلَّ ـ حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا أن نتخيله خيالا ؛ آمن من هنا ـ قال : أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه ـ ومات من هنا ... هذا نستطيع أن نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ، ويعيش دهره ـ ما شاء اللَّه ـ ولا يعمل صالحاً ، فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه ، ولم يدخل الإيمان إلى قلبه ؛ فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح)) [1] ، واتە : ئیمانی بێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد

---

[1] (شرحه على الأدب المفرد : الشريط السادس / الوجه الأول) .

رسول اللَّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه) و پاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێگومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بەزمانە ، وئێمان نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لەدوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەدات کە (ترك جنس العمل) کوفرە ، لەگەڵ ئەوەشدا بزانە کە : پرس وباسی بەکافردانانی کەسی وازهاوردوو لەکردەوە بەگشتی ، فەرعێکە لەبنەوایەك لەبنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعە کە ئەویش بریتیە لە : جێگیرکردن وسەلماندنی پەیوەندی توند وتۆڵ لەنێوان ڕوکەش ودڵدا ، کە لەپێشدا بە تێروتەسەلی خرایەڕوو ، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم پرس وباسە بەڕاشکاوی لەباس و ووتار ونوسینەکانیدا جێگیر وسەلماندوویەتی ، بەوەش شوێنکەوتە وهاودەنگە ـ لەبنەوا وفەرعەکەیشیدا ـ لەگەڵ هەموو زانایانی سەلەفی صالحی پێش خۆی .

ئەمەش هەندێك لەو ووتانەی پێشەوایە کە تێیدا ئەبینێت پەیوەندی نێوان ڕووکەش ودڵ بە پەیوەندیەکی پێویست دەزانێت ، هەروەك فەرموویەتی : ((والحقيقة أنه لا يمكن تصور صلاح القلوب إلا بصلاح الأعمال ولا صلاح الأعمال إلا بصلاح القلوب ، وقد بين ذلك الرسول ﷺ أجمل بيان)) [1] ، واتە : وە لەڕاستیدا ناتوانرێت تەصەوری چاکی دڵەکان بکرێت جگە

---

[1] (مقدمة تحقيق رياض الصالحين ، ص ٢٢) .

وقال الشيخ ابن باز ـرَحِمَهُ اللَّهُـ : ((قوله الأعمال بالنيات وليس بالعمل ! هذا غلط ، نعم الأعمال بالنيات ، كما قال النبي ﷺ ، لكن لا بد من العمل أيضاً ، يقول ﷺ : « إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّات ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى » ، فلا بد من الأعمال ، ولكنها تبنى على النية ، فالأعمال لا بد لها من نية ، ولكن ليس معناها أن النية تكفي وتترك الأعمال ، النية وحدها لا تكفي ، لا بد من عمل ، فالواجب

لەگەڵ چاکی کردەوەکان نەبێت ، نەش تەصەوری چاکی کردەوەکانیش دەکرێت جگە لەگەڵ چاکی دڵەکان نەبێت ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بە جوانترین شێوە ڕوونکردووەتەوە .

وە لەوتەیەکی تریدا هەمان بۆچوون دوپاتدەکاتەوە کە فەرموویەتی :

((أنا لا أزالُ أقولُ : إنَّ هناكَ ارتباطاً وَثيقاً جِداً بينَ قَلبِ المؤمنِ وَجَسدِهِ ... كما أنَّ صَلاحَ القَلبِ من النَّاحيةِ المادِيَّةِ لهُ ارتباطٌ بِصلاحِ البدنِ ، فإنني لا أستطيعُ أن أتصوَّرَ رَجُلاً مَريضَ القلبِ وَيَكون صَحيحَ البدنِ !! لا أستطيعُ أن أتصوَّر هذا ، كذلكَ الأمرُ تَمَاماً فيما يَتعلَّق بالناحيةِ الإيمانيةِ ، لا أستطيعُ أن أتصوَّر مُؤمناً وَقد كَانَ كافراً ثم آمنَ باللَّهِ وَرَسولِهِ حَقّاً ، مُستحيلٌ أن أتَصوَّر أنَّهُ سَيَبقى كَما كانَ ، وأظن أنك وافقت معي ، لكن قلت مش ضروري ـ يقصد أن يكون التغير كلياً ـ كما أضفت على لساني سهواً منك (كلياً) أنا ما قلت (كلياً) ، والسَّببُ أنَّ الإيمانَ ـ كما قُلنا ـ يَزيدُ وَيَنقُصُ ، ولا أستطيع أن أتصور إنساناً كامل الإيمان بعد

على كل مسلم أن يعمل بطاعة اللَّه وأن يدع معاصي اللَّه ، ولو نوى ولم يعمل بشرع اللَّه صار كافراً ، نسأل اللَّه العافية ، فلا بد من العمل ، اللَّه ـ جَلَّ وَعَلا ـ يقول : ﴿ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ ﴾ (التوبة : ١٠٥) ، ولما سئل النبي ﷺ : أي العمل أفضل ؟ قال : « إِيْمَانٌ بِاللَّهِ وَجِهَادٌ فِي سَبِيْلِهِ » ، فالإيمان عمل لا بد من إيمان ، فمن لم يؤمن باللَّه واليوم الآخر فهو كافر ، ومن لم يؤمن بأن الصلاة واجبة فهو كافر ، ومن لم يؤمن بأن صيام رمضان واجب فهو كافر ، لا بد من الإيمان ، وهكذا من لم يؤمن بأن اللَّه حرم الزنا وحرم الخمر ، وحرم العقوق وحرم الفواحش من لم يؤمن بهذا فهو كافر ، لا بد من إيمان ولا بد من عمل ولا بد من نية ، وهكذا قول بعضهم : الإيمان بالقلب ، إذا قيل له : صلِّ أو وفِّر لحيتك أو اترك ما حرم اللَّه عليك ، قال : الإيمان بالقلب ! هذه كلمة حق أريد بها باطل ، نعم أصل الإيمان يكون في القلب ، ولكنه يكون في الجوارح أيضاً ، يكون بالقول والعمل ، الإيمان عند أهل السنة قول وعمل ونية ، يعني قول وعمل واعتقاد ، فلا بد من القول ولا بد من العمل ولا بد من العقيدة ...)) .

الرابط : (http://www.binbaz.org.sa/mat/14408) .

المعصوم ، ألا وهو رسول اللّه ﷺ ، لكنني أتصور ناس يتفاوتون في الإيمان ، فكلما قوي إيمان أحدهم ، كلما قويت الأثار الصالحة الظاهرة في بدنه ، وكلما ضعف هذا الإيمان أو قلّت قوته على الأقل كلما كان الظاهر في بدنه قليلاً أيضاً .

ولن تجد وسيلة لتخرج من هذا المأزق إلا أن تقول برأي أهل السنة والجماعة : الإيمان قول وعمل ، يزيد وينقص ، يصل لدرجة إذا نقص ذهب ، وليس كل ناقص معناه ذهب)) [1] .

واته : من هێشتا هەر بەردەوامم لەووتنی ئەوەی کە : پەیوەندیەکی پتەو وتوند وتۆڵ هەیە لەنێوان دڵی ئیماندار ولەشدا ... هەروەکو چۆن سەلامەتی دڵ لەلایەنی جەستەییەوە پەیوەستە بە لەشەوە ، من ناتوانم تەصەوری ئەوە بکەم کە کەسێك دڵی نەخۆش بێت کەچی تەندروست و لەش ساغ بێت !! هەرگیز ناتوانم تەصەوری ئەمە بکەم ، بەهەمان شێوەش شتەکە پەیوەستە بەلایەنی ئیمانیەوە ، ناتوانم تەصەوری ئەوە بکەم کە ئیماندار هەبێت ، کەچی دوای ئەوەی کە بێ باوەڕ بووە وبەڕاستی ئیمانی بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ هێنابێت ، و وەکو خۆی مابێتەوە هەرگیز تەصەوری ئەو شتە ناکرێت ، لەو باوەڕەشدام کە تۆش هاودەنگ بیت لەگەڵمدا ، بەڵام ووتت : ئەو شتە پێویست نیە ـ مەبەستی ئەوەیە کە گۆڕانەکە گشتی بێت ـ هەروەکو چۆن ـ بە سەهوەوە ـ ووشەی (هەموو = بەگشتی) ت لەلایەن خۆتەوە خستەسەر ووتەکەم ، من نەم ووتووە (هەموو = بەگشتی) ، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیمان ـ هەروەکو ووتمان ـ زیاد وکەم دەکات . وە ناشتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم (تەصەوری بکەم) کە مرۆڤێکی ئیمان کامڵ هەبێت دوای کەسی مەعصوم کە ئەویش پێغەمبەری خوایە ﷺ ، بەڵام خۆ دەتوانم ئەوە بێنمە پێش چاوی خۆم (تەصەوری بکەم) کە موسڵمانان جیاوازن لە ئیمانیاندا ، بەشێوەیەك تاکو ئیمانی کەسێکیان پتەوتر بێت ، شوێنەواری کردەوە چاکە ئاشکراکان لە لەشیدا دەردەکەوێت ، وە تاکو ئەم ئیمانەش لاواز بێت ، یان ـ بەلای کەمەوە ـ توانای کەمبێتەوە ، بەهەمان شێوە کردەوەی ڕووکەشیشی کەم دەبێتەوە .

---

[1] (دلائل البرهان ، ص ١٩ ، من شريط رقم : ٤٤٦ ، من سلسلة الهدى والنور) .

وە هیچ ڕێگەچارەیەکت نیە بۆ ئەوەی لەم تێچەقینە دەربچیت جگە لەوە نەبێت کە ئەو بۆچوونەی ئەهلی سوننە و جەماعە بڵێت کە فەرموویانە : ئیمان ووتە و کردەوەیە ، و زیاد و کەمیش دەکات ، دەگاتە ئەو پلەیەی کە کەمبێتەوە نەمێنێت ، بەڵام ئەوەش بزانە کە هەموو کەمبوونەوەیەك بەواتای نەمان نایەت .

وە فەرموویەتی : ((في الحديثين دَليلٌ واضِحٌ على أمرٍ لا يَعلَمُه كَثيرٌ من النَّاسِ ، وإن كانَ صَارَ مَعروفاً في عِلمِ النَّفسِ ، وَهو أنَّ فَسادَ الظَّاهرِ يؤثِّرُ في فَسادِ الباطنِ ، والعكسُ بالعكسِ ، وفي هذا المعنى أحاديثُ كَثيرةٌ ، لَعلَّنا نَتَعرَّضُ لجمعِها وتخريجِها في مُناسبةٍ أخرى إن شاءَ اللَّه ـ تَعَالَى ـ)) [1] ، واتە : بەڵگەیەکی ئاشکرا لەم فەرموودەیەدا هەیە سەبارەت بە بابەتێك کە زۆرێك لەخەڵك نایزانێت ، ئەگەرچی بووتە شتێکی ئاشکرا لەدەروننناسیدا ، ئەویش بریتیە لەوەی کە خراپی ڕووکەش کاریگەری هەیە لەسەر خراپی دڵ وناوەوەی مرۆڤ ، پێچەوانەکەشی کاریگەری پێچەوانە دەبێتەوە ، فەرموودەیەکی زۆریش هەیە کە ئەم واتایە بگرێتە خۆ ، بەڵکو ـ بە ویستی خوای پەروەردگار ـ بتوانین کۆیان بکەینەوە و تەخریجیشیان بکەین لە جێگە و بۆنەیەکی تردا .

بەمەش دەگەینە ئەوەی کە : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم بنەوایەی ئەهلی سوننە دەسەلمێنێت کە : پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ڕووکەش ودڵدا ، لەگەڵ ئەوەشدا وازهێنانی گشتی لەکردەوەکانی ڕووکەش (ترك جنس العمل) بە کوفر دەزانێت ، کە فەرعێکە لەم بنەوا گشتیە .

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : ١/ ٧٤) .

دەمێنێتەوە ئەوە ئاشکرا و ڕوون بکەینەوە کە : لێکدانەوەی شێخ (عبدالعزيز الريس) بۆ ئەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە دەڵێت : ((الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان)) لێکدانەوەیەکی هەڵەیە و مەبەستی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وازهێنان نیە لە کردەوە بەگشتی (واتە : جنس العمل) !!!

شێخ (عبدالعزيز الريس) دەڵێت : ((أنه ـ أي : الألباني ـ لا يكفر بترك جنس عمل الجوارح : ونسبة هذا القول إليه ثابت !! فقد قرَّره في بعض محاضراته ، وفي كتاب : (حكم تارك الصلاة) ، إذ قال : (الأعمال شرط كمال) ، وهذه زلة خطيرة ، وكبوة كبيرة ، ...)) !!! ، واتە : پێشەوا ئەلبانی : بەوازهێنان و نەکردنی (جنس العمل) لەکردەوەی ئەندامەکان ، کەس بەکافر ناکات !!! ، وە نیسبەتدانی ئەم ووتەیەش بۆ پێشەوا ئەلبانی جێگرە لێیەوە ، چونکە لەهەندێك لە موحازەرەکانیدا ئەوەی فەرمووە ، و لە کتێبی : (حكم تارك الصلاة) ـدا ، کە تێیدا دەڵێت : (الأعمال شرط كمال : کردەوەکان مەرجی تەواوێتین) ، وە ئەم ووتەیەش هەڵەیەکی ترسناك و گلاّنێکی گەورەیە .

ئەمە لە کاتێکدا دەوترێتێت ئەگەر مەبەستی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەو شێوەیە بێت کە شێخ (عبدالعزيز الريس) لێی تێگەیشتووە ، و لێکدانەوەی بۆ دەکات ـ کە واش نیە ـ !!!! چونکە ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەبەست پێی وازهێنانە لەتاکی کردەوەکان (آحاد أعمال الجوارح) یان (آحاد أو كل المباني الأربعة) یە ، نەك مەبەست پێی وازهێنان بێت لەکردەوەکانی ڕووکەش بەگشتی (ترك العمل كله = ترك جنس العمل) ، ئەو بەکارهێنانەش بەرپەرچدانەویە بۆ خەواریج و موعتەزیلە کە ئیمان لەلایان بەتاڵ دەبێتەوە بە نەکردنی پێویستێك ، یان بە ئەنجامدانی قەدەغەکراوێك .

وە ئەوەش لەبەر ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لێکدانەوەی فەرمووەی (الشفاعة) ـدا ، و لەنووسراوی (حكم تارك الصلاة) ـدا ـ کە ناوەکەی واتاکاری ناوەڕۆکەکەیەتی ـ سەبارەت بە پرس وباسی نوێژنەکەر دەدوێت ، و باس لەوازهێنان لەکردەوە بەگشتی ناکات (ترك كل العمل = ترك جنس العمل) ، هەروەکو خۆی ئەوە ئاشکرا دەکات لە ڕەتدانەوەیەکیدا بۆ (سفر

الحوالي) و له كتيّبى (الدرر المتلألئة في نقد وتعقبات مواضع من ظاهرة الإرجاء : ص ١٢٦) كه دەبينيت لەولامى ئەم ووتەيەى (الحوالي) ـدا كه دەڵێت : ((حيث جعل ـ أي : الإمام الألباني ـ التارك الكُلِّي مؤمناً من أهل الشفاعة ، وركَّب رسالته كلها على هذا !!!)) [١] ، واته : لەكاتێكدا كه ـ پێشەوا ئەلبانى ـ وازهێنەرى گشتى بۆ كردەوەكان به ئيمانداريك داناوه شەفاعەتى بەردەكەوێت ، و هەموو ناميلكەكەى لەسەر ئەمە دامەزراندووە .

پێشەوا ئەلبانى ـ به ڕەحمەت بێت ـ فەرموويەتى : ((ليس كذلك ؛ فالرسالة قائمة على تارك الصلاة ـ كسلاً ـ)) ، واته : ئەو شته وانيه ، چونكه ناميلكەكه (نووسراوەكه) لەسەر نوێژنەكەريك دانراوه كه لەبەر تەمەڵى نوێژەكانى نەكات !!!

ئەمە لەلايەكەوە ، لەلايەكى تريشەوە من لەو باوەڕدام كه سەرچاوەى ئەم لێكدانەوە هەڵەيەى شێخ (عبدالعزيز الريس) له دوو هۆكارەوە سەراوى گرتووە :

يەكەميان : بەرچاونەكەوتن و كۆنەكردنەوەى تەواوى ووتەكانى پێشەوا ئەلبانى ـ به ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەيەوە ، بەتايبەت ئەو ووتەيەى كه بەڕاشكاوى تێيدا وازهێنانى گشتى لەكردەوەكانى ڕووكەش (ترك جنس العمل) به كوفر دەزانێت ، هەروەك له پێشدا خرايەڕوو .

پێشەوا (صالح الفوزان) ـ خوا بيپارێزێت ـ له هۆكارى ئەم جۆره باسانەدا فەرموويەتى : ((إذا كان ولابد من نقل كلام أهل العلم فعليه أن يستوفي النقل من أوله إلى آخره ، و يجمع كلام العالم في المسألة من مختلف كتبه ؛ حتى يتضح مقصوده ، ويرد بعض كلامه إلى بعض ، و لا يكتفي بنقل طرف ويترك الطرف الآخر ؛ لأن هذا يسبب سوء الفهم وأن ينسب إلى العالم ما لم يقصده)) [٢] ، واته : ئەگەر هەر پێويستى كرد ووتەى زانايان بگێڕدرێتەوە ، ئەوا پێويسته لەسەرى بەتواوى بيگێڕێتەوە لەسەرەتاوە تاكو كۆتايى ، لەگەڵ كۆكردنەوەى هەموو ووتەكانى زاناكه لەو پرس و باسەدا لەكتێبەكانى بەگشتى ، بۆ ئەوەى مەبەست لەووتەكەى ئاشكرا بێت ، وە ووتەكانى بگەڕێنێتەوە بۆ لاى يەك ، نەك لايەكى بگێڕێتەوە و لاكەى ترى

---

[١] (ظاهرة الإرجاء : للحوالي : ص ٦٦) .

[٢] (مقدمة رفع اللآئمة ، للدوسري : ص ٥ ـ ٦) .

وازلێبێنێت ، و بەبەسی بزانێت ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە ، و ئەوەی ئەو زانایە شتێکی بدرێتە پاڵ کە مەبەستی نیە .

چونکە ئەگەر وا نەبێت خراپ تێگەیشتن ڕوودەدات لە ووتەی زانایان ، و مەبەستی تر لە ووتەکانیان دەکەوێتەوە ، هەروەکو لەم پرس و باسەدا ئاشکرا دەبێت .

دووەمیان : لە لێکدانەوەیان بۆ بڕگەی (الأعمال الصالحة شرط لكمال الإيمان) ، کە تێیدا لازمی ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانیان وەرگرتووە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، کە گوایا ووتەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە وازهێنانی گشتی لە کردەوەکانی ڕووکەش (ترك جنس العمل) بەکوفر نازانێت !!!

بەوەش بەوە دەگەین کە ئەم لێکدانەوەیە هەڵەیە و وانیە لەبەرسێ خاڵ :

خاڵی یەکەم : ئەم لێکدانەوەیە وەرگرتنی لازمی خراپی مەزهەبی ووتەکەی پێشەوا ئەلبانیە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : و ئەمەش نابێت ، هەروەکو پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە لازمی ووتەی زانایان فەرموویەتی :

((وعلى هذا فلازم قول الإنسان نوعان :

أحدهما : لازم قوله الحق : فهذا مما يجب عليه أن يلتزمه ، فإن لازم الحق حق و يجوز أن يضاف إليه إذا علم من حاله أنه لا يمتنع من التزامه بعد ظهوره ، وكثير مما يضيفه الناس إلى مذهب الأئمة من هذا الباب .

والثاني : لازم قوله الذي ليس بحق : فهذا لا يجب التزامه إذ أكثر ما فيه أنه قد تناقض ، و قد ثبت أن التناقض واقع من كل عالم غير النبيين ثم إن عرف من حاله أنه يلتزمه بعد ظهوره له فقد يضاف إليه وإلا فلا يجوز أن يضاف إليه قول لو ظهر له فساده لم يلتزمه ، لكونه قد قال ما يلزمه و هو لا يشعر بفساد ذلك القول و لا يلزمه ...)) [1] .

واتە : وە بەم پێیە دەردەکەوێت کە خوازراوی ووتەی مرۆڤ دوو جۆرە :

---

[1] (القواعد النورانية ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ١٩٣) .

یەکەمیان : خوازراوی ڕەوای ووتەکەی ، ئا ئەمەیان پێویستە کە پابەند بێت پێیەوە ، چونکە خوازراوی ڕەوایی ڕەوایە ، وە دەشتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر بزانرێت بە شێوەیەکە ئەگەر ئەوە ئاشکرا بوو ڕێگر نیە لە پانەد بوونی پێوەی ، وە زۆرێك لەوەی کە خەڵکانێك دەیدنە پاڵ بۆچوونی پێشەوایان ئالەم جۆرەیانە .

دووەمیان : خوازراوی نارەوای ووتەکەی : ئەم جۆرەیان نابێت پابەند بکرێت پێوەی ، چونکە ئەوپەڕی کە بووترێت ئەوەیە کە ووتەکانی دژیەك بوونەتەوە ، وە لە شەریعەتیشدا ئەوە جێگر سەلمێنراوە کە هەموو زانایەك ووتەی دژیەکی لێدەکەوێتەوە ، جگە لە پێغەمبەران نەبێت ، پاشان ئەگەر بە شێوەیەك بزانرێت کە ئەو کەسە پابەندی ئەو بۆچوونە دەبێت ئەگەر ئاشکرا بکرێت ، ئەوا دەتوانرێت ئەوەی بدرێتە پاڵ ، ئەگەرنە نابێت و دروست نیە ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەگەر خراپی بۆ ئاشکرا بوو پابەند نابێت پێوەی ، چونکە ئەو ووتەیەکی فەرموو ئەوەی خواستووە ، و بێ ئاگاش بووە لە پوچەڵی ئەو ووتەیە ، بۆیە نابێت بدرێتە پاڵی .

کەواتە نابێت ئەو خوازراو ولازمە خراپە وەربگیرێت لەووتەکەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەمە ئەگەر ووتەشی نەبێت کە پێچەوانەی ئەوە بێتەوە ، ئەی چ جای ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی پێچەوانەی ئەو لازمەیە ـ وەکو لە پێشدا خرایە ڕوو ـ ؟!!!

خاڵی دووەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەبەستی خۆی ئاشکرا دەکات لە ڕەتدانەوەیەکیدا بۆ (سفر الحوالي) : ئەوەتە لە کتێبی (الدرر المتلألئة في نقد وتعقبات مواضع من ظاهرة الإرجاء : ص١٢٦) کە دەبینیت لە وەڵامی ئەم ووتەیەی (الحوالي) ـدا کە دەڵێت : ((حيث جعل ـ أي : الإمام الألباني ـ التارك الكُلِّي مؤمناً من أهل الشفاعة ، وركَّب رسالته كلها على هذا !!!)) [1] ، واتە : لە کاتێکدا کە ـ پێشەوا ئەلبانی ـ وازهێنەری گشتی بۆ کردەوەکان بە ئیمانداریك داناوە شەفاعەتی بەردەکەوێت ، و هەموو نامیلکەکەی لەسەر ئەمە دامەزراندووە .

---

[1] (ظاهرة الإرجاء : للحوالي : ص ٦٦) .

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ليس كذلك ؛ فالرسالة قائمة على تارك الصلاة ـ كسلاً ـ)) ، واتە : ئەو شتە وانیە ، چونکە نامیلکەکە لەسەر نوێژنەکەرێك دانراوە کە لەبەر تەمەڵی نوێژەکانی نەکات !!!!

بۆیە نابێت لێکدانەوەی ووتەیەکی گشتی پێشەوایەك بکرێت بە بەڵگە بۆ بۆچوون و مەزهەبی لەپرس و باسێکدا لەکاتێکدا خۆی بەئاشکرا پێچەوانەکەی دەربڕێت ؟!!!

خاڵی سێیەم : ڕاشکاوێتی بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە وازهێنانی گشتی لە کردەوەکانی ڕووکەش (ترك جنس العمل) : هەروەکو فەرموویەتی : ((إن الإيمان بدون عمل لا يفيد ؛ فاللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ حينما يذكر الإيمان يذكره مقروناً بالعمل الصالح ؛ لأننا لا نتصور إيماناً بدون عمل صالح ، إلا أن نتخيله خيالا ؛ آمن من هنا ـ قال : أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه ـ ومات من هنا ... هذا نستطيع أن نتصوره ، لكن إنسان يقول : لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه ، ويعيش دهره ـ مما شاء اللَّه ـ ولا يعمل صالحاً ، فعدم عمله الصالح هو دليل أنه يقولها بلسانه ، ولم يدخل الإيمان إلى قلبه ؛ فذكر الأعمال الصالحة بعد الإيمان ليدل على أن الإيمان النافع هو الذي يكون مقروناً بالعمل الصالح)) [1] .

واتە : ئیمان بەبێ کردەوە سودی نیە ، چونکە خوای پەروەردگار کە باسی ئیمان دەکات لەگەڵ کردەوەی چاکدا باسی دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین تەصەوری ئەوە بکەین کە ئیمانی بێ کردەوە هەبێت ، جگە لەوە نەبێت کە بەخەیاڵات ئەو شتە دروست بکەین ، لێرەوە ئیمانی هێنا و شایەتومانی هێناوە : (أشهد ألا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه) ، و ڕاستەوخۆ لەولاوە کۆچی دوای کرد !!! ئەمە تەنها دەتوانین بەخەیاڵ تەصەوری بکەین ، بەڵام مرۆڤێك بڵێت : (لا إله إلا اللَّه ، محمد رسول اللَّه) وپاشان تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە ـ ئەوەندەی خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت ـ کەچی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام نەدات !!! بێ گومان نەبوونی کردەوەی چاکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتومانەکەی تەنها بە زمانە ، و ئێمان

---

[1] (شرحه على الأدب المفرد : الشريط السادس / الوجه الأول) .

نەڕۆشتووەتە دڵیەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی چاك لە دوای ئیمان بۆ ئەوەیە کە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە ئیمانی سودبەخش ئەو ئیمانەیە کە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بێت .

بۆیە ئەم ڕەخەنگرتنەی شێخ (عبدالعزيز الريس) جێی خۆی نیە کە دەڵێت :

((أنه ـ أي : الألباني ـ لا يكفر بترك جنس عمل الجوارح : ونسبة هذا القول إليه ثابت !!! فقد قرَّره في بعض محاضراته ، وفي كتاب : (حكم تارك الصلاة) ، إذ قال : (الأعمال شرط كمال) ، وهذه زلة خطيرة ، وكبوة كبيرة ، ...)) .

واتە : پێشەوا ئەلبانی بەوازهێنان و نەکردنی (جنس العمل) لەکردەوەی ئەندامەکان ، وە نیسبەتدانی ئەم ووتەیە بۆ پێشەوا ئەلبانی جێگرە لێیەوە ، چونکە لەهەندێك لە موحازەرەکانیدا ئەوەی فەرمووە ، و لە کتێبی : (حكم تارك الصلاة) ، کە تێیدا دەڵێت : (الأعمال شرط كمال : کردەوەکان مەرجی تەواوێتین) ، وە ئەم ووتەیەش هەڵەیەکی ترسناك و گڵانێکی گەورەیە .

📖 گومان وشوبهەکی سێیەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، ئەو کەسەش نوێژنەکەر بەکافر نەزانێت ـ بە گومانی ئەوان ـ کاربگەری ئێرجائی کەوتووەتە سەر :

لەبەشەکانی پێشوودا ئەوەمان لە لا ئاشکرابوو کە نوێژ : یەکێکە لەپایە گەورە وگرنگە کرداریەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، بەڵکو بەکۆڵەکەی هەرە گرنگی دادەنرێت ـ دوای شایەتومان ـ وبەڵگە ونیشانەی ئیمانە ، و بە بەشێك لەئیمان دادەنرێت ، وسیفەتی جیاکاری نێوان موسڵمانان و بێباوەڕانە ، وحوکمی ئەو کەسەی کە وازی لێدەهێنێت بەوەی کە باوەڕی بە واجبێتی نیە وئینکاری ونکوڵی لێدەکات (واتە : إنكارا وجحودا) کافرە ودەرچووە لەئاینی ئیسلامی پیرۆز ، ئەوەش بەکۆڕای زانایان و بەبێ هیچ جیاوازیەك لەنێوانیاندا ، بەهەمان شێوە ئەو کەسەش ـ کافر ودەرچووە لەئیسلام ـ کە پێی بووترێت نوێژ بکە ئەگەرنە دەکوژرێیت ، کەچی کوشتن پێش بخات لە سەر نوێژکردنی [1] .

ئەوەش کە لێرەدا پێویستە بووترێت ئەوەیە کە : ئەو کەسەش کە ئەو جۆرە کەسانە بە کافر نەزانێت ، و بەموسڵمانیان بزانێت ـ سەرەڕای ئەوەی کوشتنیان پێش دەخەن لە نوێژکردن ـ ئەوا تووشی ئەو شوبهەیە بوون کە مورجیئە تووشی بوون ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((فمن عرف ارتباط الظاهر بالباطن زالت عنه الشبهة في هذا الباب وعلم أن من قال من الفقهاء أنه إذا أقر بالوجوب وامتنع عن الفعل لا يقتل أو يقتل مع إسلامه فإنه دخلت عليه الشبهة التي دخلت على المرجئة والجهمية والتي دخلت

---

[1] دەبێت ئەوە ڕەچاوبکرێت کە بەنوێژنەکەرێك ووترا : نوێژ بکە ـ لەگەڵ بوونی توانا بۆ ئەو کارە و نەبوونی هیچ ڕێگرێك لەوە کارە ـ تاکو بگاتە ئەوەی کە پێی بووترێت : ئەگەر نوێژنەکەی دەکوژرێیت ، کەچی بەکوشتنی ڕازی بێت ، ئەو جۆرە کەسانە زانایانی هەردوو لای جیاوازی بەکافری دەزانن ، ویەك دەنگن لەسەری ، پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومتى امتنع الرجل من الصلاة حتى يقتل لم يكن في الباطن مقراً بوجوبها ، ولا ملتزماً بفعلها ، وهذا كافر باتفاق المسلمين ، كما استفاضت الآثار عن الصحابة بكفر هذا)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٢٢ / ٤٨) .

على من جعل الإرادة الجازمة مع القدرة التامة لا يكون بها شيء من الفعل ولهذا كان الممتنعون من قتل هذا من الفقهاء بنوه على قولهم في مسألة الإيمان وأن الأعمال ليست من الإيمان وقد تقدم أن جنس الأعمال من لوازم إيمان القلب وأن إيمان القلب التام بدون شيء من الأعمال الظاهرة ممتنع سواء جعل الظاهر من لوازم الإيمان أو جزءاً من الإيمان كما تقدم بيانه)) [1] .

واتە : ئەو کەسەی پەیوەندی ڕووکەش بە ناوەڕۆك و دڵەوە بزانێت ، ئەوا توشی شوبهە نەبووە لەم باسەدا و لێی ڕەویەتەوە ، وە دەزانێت ئەو شەرعزانەی کە دەڵێت : ئەگەر کەسێك دانبنێت بەپێویستی ـ واتە : پێویستی نوێژ ـ ڕێگرە لەئەنجامدانی ، ئەوا ناکوژرێت ، یان دەکوژرێت لەگەڵ موسڵمانێتی ئەو کەسە ، ئەوا ئەو جۆرە شەرعزانانە کەوتوونەتە ئەو شوبهەیەی کە توشی مورجیئە وجەهمیەکان بووە ، یان ئەوەی کە تووشی ئەو کەسانە بووە کە وویستی تەواوی بێ گومانیان لەگەڵ توانای تەواودا وا لێکداوەتەوە کە دەتوانرێت هیچ بەشێکی کردەوەی لە گەڵدا نەبێت !!!! وە لەبەر ئەمە ئەو شەرع زانانەی کە ڕێگر بوون لەکوشتنی ئەو جۆرە کەسانە ئەو بۆچوونەیان لەسەر ئەو باس وپرسەی ئیمان بیناکردووە کە : کردەوە بەشێك نیە لەئیمان ، وە لەپێشدا ئێمە ئەوەمان ڕوونکردەوە کە ڕەگەزی کردەوە (جنس العمل) یەکێکە لەخوازراوەکان ئیمانی دڵ ، و ئەوەش کە : ئیمانی تەواوی دڵ بەبێ شتێك لەکردەوەکانی ڕووکەش وئەندامەکان هەرگیز نابێت ، بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەوەی کە ئەو کەسە ڕوکەش بەخوازراو ، یان بە بەشێك لەئیمان دەزانێت یان نە ، هەروەك لەپێشدا باسکرا .

وە لەپێشدا ئەوە ئاشکرابوو کە : جیاوازی هەیە لە نێوان زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعە ـ شوێنکەوتوانی سەلەفی صالح ـ لەوەی کە ئەگەر کەسێك لەبەر تەمەڵی نوێژنەکات ، بەبێ ئەوەی ئینکار ونکوڵی لەواجبێتی بکات ، کافرە یان نە ؟ دووەمیان ـ واتە کافر نەبوونی ـ لە پێشەوایان (مالك وشافعي وأبو حنيفة وأحمد) یش لەڕیوایەتێکدا ـ بە ڕەحمەت بن ـ دەگێڕدرێتەوە ، و پێشەوا (أحمد) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەڕیوایەتەکەی تردا بەکافری زانیوە .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٦) .

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم تێبینیە ، تیبینیەکەش ئەوەیە : کە ئەهلی سوننە ـ ئەوانەیان کە نوێژنەکەر بەکافر نازانن ـ وازهێنانەکە بەتاوان دەزانن ، و پێیان وایە کە ئیمانی پێ کەم دەبێتەوە ، چونکە نوێژ بە بەشێك لەئیمان دادەنێن . ئەمەش بەپێچەوانەی مورجیئەکانەوە کە نوێژ بە بەشێك لەئیمان نازانن وبوون ونەبوونی وەکو یەکە لایان !!! ونەکردنیشی هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئیمان نیە لەلایان !!! هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وَالَّذِينَ لَا يَكْفُرُونَ مِنْ تَرْكِ هَذِهِ الْمَبَانِي يَجْعَلُونَهَا مِنْ الْإِسْلَامِ كَالشَّافِعِيِّ وَمَالِكٍ وَأَبِي حَنِيفَةَ وَغَيْرِهِمْ)) [1] ، واتە : ئەو زانایانەی کە کەسانی وازهاوردوو لەم بنەوایانە بەکافر نازانن ، بنەواکان لەئیسلام دادەنێن ، وەك پێشەوا شافعی ومالك وأبو حەنیفە وجگە لەوانیش ـ بە ڕەحمەت بن ـ .

وە پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە بەرپەرچدانەوەیەکیدا بۆ ڕەشنووسی (ظاهرة الإرجاء) ـی (سفر الحوالي) ، ئەوەی دووپاتکردووەتەوە و فەرموویەتی : ((اتّق اللَّه ؛ فهم ـ أي : المرجئة ـ يقولون : الصلاة ليست من الإيمان ، ونحن نقول بخلافه)) ، واتە :

---

[1] (كتاب الإيمان ، لابن تيمية ، تحقيق الألباني ، ط : ٥ ، المكتب الإسلامي : ٢ / ٤٨٤) .

سئل العلامة الشيخ صالح الفوزان ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : ((أحسن اللَّه إليكم سماحة الوالد يقول السائل : **هل من يقول بأن الإيمان يزيد وينقص ، ويرى الاستثناء في الإيمان ، ويرى أن الأعمال داخلة في مسمى الإيمان ، لكنه لا يرى تكفير تارك الصلاة** . **فهل يقال إنه مرجئي** ؟

فأجاب فضيلته : **ما هو يقال إنه مرجئي** ... تارك الصلاة إن كان جاحدا لوجوبها فهو كافر بالإجماع ، أما إن كان متكاسلا وهو يعترف بوجوبها قد اختلف العلماء في تكفيره ، الجمهور على أنه لا يكفر الكفر الأكبر ، وإنما يكفر الكفر الأصغر ، والقول الصحيح الذي عليه المحققون أنه يكفر الكفر الأكبر ، ولا صارف إلى الكفر الأصغر ، لا دليل على صرفه ، فيكفر الكفر الأكبر ... **لكن لا يعد هذا من المرجئة لأن هذه مسألة خلافية** ، نعم)) (شبكة سحاب السلفية ، المنابر ، المنبر الإسلامي : فتوى هل من يرى عدم كفر تارك الصلاة يعد من المرجئة ؟ العلامة الفوزان ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ) .

لەخوا بترسە ئەوان ـ مورجەئەکان ـ دەڵێن : نوێژ بەشێك نیە لەئیمان ، کەچی ئێمە ـ واتە : خودی پێشەوا ئەلبانی ـ پێچەوانەی ئەوە دەڵێین ـ واتە بەبەشێکی دەزانین لەئیمان ـ .

وە دەبێت ئەوەش بزانرێت کە : ئەو زانایانەی کە نوێژنەکەر بەڕەهایی بەکافر دانابێت ، پێچەوانەکەی بەمورجیئە لەقەڵەم نەداوە ، و بەوەی تۆمەتبار نەرکردووە !!!!

وە ئەوەشیان : کە لەبەر تەمەڵی نوێژنەکەری بەکافر نەزانیوە ، پێچەوانەکەی بە خەواریج دانەناوە و بەوەی تۆمەتبار نەکردووە !!! بۆشیان دروست نیە ئەو کارە بکەن !!!

بۆیە جیاوازی سەبارەت بەنوێژنەکەر ـ بەو شێوەیە ڕەوایە ـ جیاوازیەکی دروستە ونابێت برایەتی نێوان لایەنە جیاوازەکان تێك بدات ، هەروەکو پێشین وسەلەفی صالحی ئەم ئومەتە لەسەری بوون ، لەپێشەوایانێك کە ئومەت دانی بەپێشەوایەتیاندا ناوە ، وشایەتی سەروەری و پێشەوایەتیان بۆ داوون ، وەکو پێشەوایان (مالك وشافعي وأحمد) و جگە لەوانیش ... ئەو جیاوازیە زانستیەش بەو شێوە بەردوام بووە تاگەشتۆتە سەردەمانی خۆمان ، هەروەکو لە جیاوازی دوو پێشەوا ئەلبانی و (ابن باز) ـدا ـ بە ڕەحمەت بن ـ دەردەکەوێت [1] .

بەڵام کەسانی نەزان و بێ ئاگا لەم جیاوازیەی نێوان زانایانی سەلەف ، دەبینین ئەو کەسەی کە نوێژنەکەر بەڕەهایی بەکافر نەزانێت ، بەوەی تۆمەتبار دەکەن کە مورجیئەیە !!! یان کاریگەری مورجیئەی کەوتووەتە سەر !!! ئاشکراشە کە ئەم تۆمەتبارکردنە سەرچاوە و سەراوی لەنازیەوەیە !!! یان لەشوێنکەوتنی ئارەزووەکانەوەیە ـ کە هەردووکیشیان زەرەریان زۆر بەئایین گەیاندووە ـ چونکە ئەگەر وابێت ئەوا ئەو تۆمەتەیان زۆرێك لەزانایانی سەلەف دەگرێتەوە ، کە باوەڕیان وابووە کە نوێژنەکەر لەبەر تەمەڵی کافر نیە وەکو پێشەوا (الزهري ، ومالك ، والشافعي ، وأبو عبيد قاسم بن سلام) ، وچەندەها زانای تر ، ئەم ووتەیەش ووتەیەکە لەدوو ووتەکەی زانایانی ئەهلی سوننە ـ نەك مورجیئە ـ هەروەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێدا ، وئاشکرا بوو لەووتەی زانایانەوە .

---

[1] قال شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ : ((ونحن إذا قلنا : أهل السنة متفقون على أنه لا يكفر بالذنب ، فإنما نريد به المعاصي ؛ كالزنا ، والشرب ، وأما هذه المباني ففي تكفير تاركها نزاع مشهور)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٣٠٢) .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە : هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ووتەی ئەو زانایانەی ئەهلی سوننە کە نوێژنەکەر بەکافر نازانن ـ لە بەر تەمەڵی ـ و مورجیئەدا نیە !!!

پاشان و دوای خستنەڕووی پەیوەندی نێوان نوێژنەکردن بە ئیرجاوە ، دەووترێت :

ڕاستە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، بەڵام تاوانێکی گەورە وگومڕاییە کە تۆمەتبار بکرێت بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان کەوتووەتە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی مورجیئەوە !!!! یان بەو هۆکارە ئیرجای تێدایە !!!!!

بەڵام چی بڵێین لەگەڵ هەڵگرانی بیری خارجیەت لەم سەردەمەدا کە بەکافر دانەنانی نوێژنەکەریان کردووەتە هۆکارێك بۆ توانج وتانەدان لەزانایینی سەلەفیەت ، وخودی سەلەفیەت !! بۆیە دەبینیت ئەو زانایەی کە نوێژنەکەر بەکافر نەزانێت بە مورجیئەی لەقەڵەم دەدەن !!!

لەمەشدا زیندووکەرەوەی بیری گروپ وکۆمەڵی مەنصوریەکانن لەخەواریج [1] بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ، یان بەخۆیان دەزانن کەچی خۆ لە کەودەنی دەدەن (وَ أَحْلاهُمَا مُرٌّ) !!!!

نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەو کارەیان تۆمەتبارکردنی پێشەوایان وزانایینی پێشین وسەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتەیە لە مالك ، وشافعی ، وئەبو حنیفە ، و پێشەوا ئەحمەد لە بۆچوونێکیدا [2] ، لەگەڵ (أبو عبيد القاسم بن سلام ، و الزهري) چەندەها زانای تر !!!!

---

[1] هەروەکو پێشەوا (أبو الفضل السكسكي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆمان دەگێڕێتەوە کە : ((أن طائفة من أهل البدعة تسمى بالمنصورية يتهمون أهل السنة بأنهم مرجئة لقولها ـ أي : لقول أهل السنة ـ إن تارك الصلاة إذا لم يكن جاحداً لوجوبها مسلم على الصحيح من المذهب : أي من مذهب الإمام أحمد ، ويقولون هذا يؤدي إلى أن الإيمان عندهم قول بلا عمل !!!)) (البرهان في معرفة عقائد أهل الأديان : ص ٩٥ ـ ٩٦) .

[2] يقول شيخ الإسلام ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وَكَذَلِكَ التَّكْفِيرُ بِتَرْكِ الْمَبَانِي كَانَ ـ أي : أحمد بن حنبل ـ تَارَةً يَكْفُرُ بِهَا حَتَّى يَغْضَبَ ؛ وَتَارَةً لَا يَكْفُرُ بِهَا)) (مجموع الفتاوى : ٧ / ٣٧٢) .

وقال ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وأما مع الإقرار بالوجوب إذا ترك شيئاً من هذه الأركان الأربعة ففي التكفير أقوال للعلماء هي روايات عن أحمد : (أحدها) : انه يكفر بترك واحد من الأربعة حتى الحج ... ، و (الثاني) : أنه لا يكفر بترك شيءٍ من ذلك مع الإقرار بالوجوب ... ، و (الثالث) : لا يكفر إلا بترك

لە کۆتایی خستنەڕووی وەڵامی ئەم شوبهەیە ووتەی هەندێك لەزانایانی سەردەم دەخەینەڕوو کە باس لەکەوتنە هەڵەیی ئەوانە دەکەن کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان کاریگەری بۆچوونەکانی مورجیئەی کەوتووتە سەر !!! یان ئیرجائی تێدایە !!! ئەوەش لەبەر ئەوەی کە نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ـ ئەگەر لە بەر تەمەڵی بێت ـ [1] !!! لەو زانایانەش :

الصلاة ... ، و (الرابع) : يكفر بتركها ، وترك الزكاة فقط . و (الخامس) : بتركها وترك الزكاة إذا قاتل الإمام عليها دون ترك الصيام والحج)) (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٦١٠ ـ ٦١١) .

وقالَ الشيخُ المجدِّد مُحمَّد بن عبدالوهاب .رَحِمَهُ اللَّهُ. لما سُئِلَ عَمَّا يَكفُرُ الرجلُ بِهِ ؟

فأجابَ الشيخ .رَحِمَهُ اللَّهُ. : ((أركانُ الإسلامِ الخمسةُ ، أوَّلُها الشهادتانِ ، ثُمَّ الأركانُ الأربعةُ ؛ فالأربعةُ : إذا أقرَّ بِها ، وتَرَكَها تهاوُناً ، فَنَحنُ وإن قاتَلناهُ على فِعلِها ، فلا نُكَفِّرهُ بِتَركِها ؛ والعُلماءُ اختلفوا في كُفرِ التاركِ لَها كَسَلاً مِن غَيرِ جُحودٍ ؛ ولا نُكَفِّرُ إلا ما أجمعَ عليهِ العُلماءُ كلُّهم ، وَهوَ الشَّهادَتانِ)) (الدرر السنية : ١/ ١٠٢) .

[1] یەکێك لەوانە ـ ئەگەر نەووترێت سەری فیتنەکە ـ (سفر الحوالي) یە لە ڕەشنووسی (ظاهرة الإرجاء) ـدا کە تێیدا دەڵێت : ((مَنْ لَمْ يُكَفِّرْ تَارِكَ الصَّلاةِ ، فَهُوَ مُتَأَثِّرٌ بالإرجَاءِ شَعَرَ أم لَمْ يَشْعُرْ !!)) !!! کە ـ بە ڕاستی ـ ئەم تۆمەتەش ئەوپەری نەزانی و ستەمە کە بەرامبەر پێشەوایانی ئیسلام پێشینی ئەم ئومەتە بکرێت لە شافعی و مالك و ئەحمەد ... هتد پێش زانایانی سەردەم لە پێشەوا ئەلبانی و جگە لەویش ـ ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە زانایانی پێشین و سەردەمیش بێت ـ .

بەڵام شێخ (الفوزان) .حَفِظَهُ اللَّهُ. فەرموویەتی : ((**ما هو يقال إنه مرجئي** ... تارك الصلاة إن كان جاحدا لوجوبها فهو كافر بالإجماع ، أما إن كان متكاسلا وهو يعترف بوجوبها قد اختلف العلماء في تكفيره ، الجمهور على أنه لا يكفر الكفر الأكبر ، وإنما يكفر الكفر الأصغر ، والقول الصحيح الذي عليه المحققون أنه يكفر الكفر الأكبر ، ولا صارف إلى الكفر الأصغر ، لا دليل على صرفه ، فيكفر الكفر الأكبر ... **لكن لا يعد هذا من المرجئة لأن هذه مسألة خلافية** ، نعم)) (شبكة سحاب السلفية ، المنابر ، المنبر الإسلامي : فتوى هل من يرى عدم كفر تارك الصلاة يعد من المرجئة ؟ العلامة الفوزان .حَفِظَهُ اللَّهُ.) .

یەکەم : شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) : ـ خوا بیپارێزێت ـ هەروەکو فەرموویەتی : ((... وفي تارك الصلاة الخلاف جار بين السلف ، فمن ترجح له التكفير لا نلومه إذا اتّقى اللّه واجتهد وترجح له التكفير ؛ لأنّ هذا من مسائل الاجتهاد ، فلا نلومه ولا نختصم معه ، هو أخونا ، و من ترجح له عدم التكفير ، لا نقول عنه مرجئا ، والذي يكفر تارك الصلاة ، لا نقول عنه خارجيّ ، عرفت ؟)) [1] ، واتە : وە سەبارەت بە نوێژنەکەر جیاوازی لە نێوان زانایانی پێشیندا هەبوو ، جا ئەو زانایەی کە کافرێتی نوێژنەکەری لا پێشتر و ڕاجح بوو هیچ لۆمەیەکی ناخەینەسەر ، ئەگەر لە خوابترسێت ، و کۆششی کرد و کافرێتی لا پێشتر و جێگیر بوو ، چونکە ئەمە لەو پرس و باسانەیە کە جێی ئیجتیهادە ، بۆیە لۆمەی ناکەین لەسەر ئەو کارەی ، و دووبەرێکێی لەگەڵدا دروست ناکەین و بەڵکو بەبرای خۆمانی دەزانین ، وە ئەو زانایەش کە کافرنەبوونی نوێژنەکەری لەلا پێشتر و ڕاجح بوو ئەوا پێی ناڵێن مورجیئەیە !!! و ئەوەش کافرێتی لا پێشتر و راجح بوو پێی ناڵێن خەواریجە !!! تێگەیشتی ؟

وە فەرموویەتی : ((المسألة الثانية : التي ربما البعض يأخذها على الشيخ : (عدم تكفيره لتارك الصلاة) وهذه المسألة هو مسبوق إليها ، فمن ترك الصلاة تهاونا ـ في الحقيقة أنا أعتقد أن النصوص الشرعية واضحة في كفر تارك الصلاة و لو تهاونا ـ ومع هذا كله فقد قال بعض الأئمة الجهابذة مثل : مالك والشافعي وأبي حنيفة ورواية عند أحمد أن تارك الصلاة تهاونا لا يكفر ، بل هو عاص من العصاة ، والشيخ وافقهم في هذا .

فإذا قلنا إنه مرجيء ـ بناء على هذه المسألة ـ فيلزمنا القول بأن مالكا والشافعي وأبا حنيفة وأحمد في إحدى روايتيه كلهم يعتبرون مرجئة !!!

و هذا لم يقل به أحد من أهل العلم ، و إن كنا نرجح خلاف هذا الأمر المنسوبة إلى الجمهور ، والذي يبدو أن تارك الصلاة يكفر مطلقا ، و النصوص في هذا واضحة)) [2] .

---

[1] (نصّ مكالمة طلبة العلم من الجزائر مع الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ) .

[2] (من شرح نواقض الإسلام ، الشريط : ١) .

واتە : پرس وباسی دووەم : لەوانەیە هەندێك كردبێتیانە ڕەخنە لەسەر شێخ ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : بەكافردانەنانیەتی بۆ نوێژنەكەر ، كەچی چەندەها زانا لەپێش ئەو هەمان بۆچوونیان هەبووە لەم پرس وباسەدا ، بۆیە هەر زانایەك نوێژنەكەر بەكافرنەزانێت لەبەر تەمەڵی ـ ئەگەرچی لەڕاستیدا من بیروباوەڕم وایە كە بەڵگە شەرعیەكان ئاشكران لەكافرێتی نوێژنەكەردا ئەگەر لەبەر كەمتەرخەمیش بێت ـ ئەوا پێشینی هەیە لەو بۆچوونەی وهاودەنگە لەگەڵ چەندەها پێشەوای گرانقەدر وەك : مالك وشافعی وئەبو حەنیفە ـ بە ڕەحمەت بن ـ و پێشەوا ئەحمەدیش ـ بەڕەحمەت بێت ـ لەڕیوایەتێكدا ـ هەموو ئەوانە نوێژنەكەریان بەكافر نەزانیوە ، بەڵكو بەسەرپێچیكارێك لەسەرپێچیكارانیان زانیوە ، پێشەوا ئەلبانیش هاودەنگیانە لەم باسەدا .

بۆیە ئەگەر بەپێشەوا ئەلبانی بڵێین : مورجیئەیە ـ ئەوەش بەمتمانەكردن بەسەر ئەو باسە ـ ئەوا ئەو كارەمان ئەوە دەگەیەنێت كە مالك وشافعی وئەبو حەنیفە وپێشەوا ئەحمەدیش لە یەكێك لەو ڕیوایەتانەی كە لێوەی دەكرێت هەموویان بەمورجیئە دەژمێردرێن .

ئەم ووتەیەش هیچێك لەزانایان نەیانفەرمووە ، ئەگەرچی ئیمە ووتەی پێچەوانەی ئەمە هەڵدەبژێرین وتەرجیحی دەكەین ، كە دراوەتەپاڵ زۆرینەی زانایان ، وە ئەوەش كە بۆمان دەردەكەوێت ئەوەیە كە نوێژنەكەر بەڕەهایی كافر دەبێت ، بەڵگەكانی ئەمەش ئاشكران .

دووەم : شێخ (صالح السحيمي) كە فەرموویەتی : ((لو أردنا أن ننسب إلى الشيخ الإرجاء لقلنا : أن كل من قال إن تارك الصلاة تهاوناً ليس بكافر يكون مرجئاً ، وهذا يلزم الإمام أحمد في إحدى روايتيه ، ويلزم الإمام أبا حنيفة ومالكاً والشافعي وجمع من السلف وهذا لم يقل به أحد)) [1] ، واتە : ئەگەر بمانەوێت تۆمەتی ئیرجا نیسبەت بدەینەپاڵ شێخ ، ئەوا ووتەكەمان ئەوە دەگەیەنێت كە : هەموو ئەو زانایانەی كە نوێژنەكەر لەبەر كەمتەرخەمی بەكافر نازانن هەموو مورجیئەن !!!! وە ئەمەش ئەوە دەخوازێت كە پێشەوا ئەحمەد لەیەكێك لەو

---

[1] (أملاه : د . صالح بن سعد السحيمي عضو هيئة التدريس بالجامعة الإسلامية بالمدينة النبوية والمدرس بالمسجد النبوي ، في درس الفجر من يوم الاثنين ، الموافق ٢٩ ربيع الأول لعام ١٤٢٣ هـ) .

الرابط : (http://alathary.net/vb2/showthread.php?t=3934) .

ڕیوایەتانەی کە لێوەی دەکرێت ، و پێشەوا ئەبو حەنیفە ومالك وشافعی وکۆمەڵانێك لەپێشین بەمورجیئە دابنەین !!!! ئەم ووتەیەش هیچ کەسێك نەیووتووە .

وە هەروەها فەرموویەتی : ((و ربما جرأ البعض رأيُه في حكم تارك الصلاة تهاونا ـ ونحن وإن كنا نخالفه في هذا ؛ فنعتقد أن تارك الصلاة تهاونا يكفر ، ويخرج من دين الإسلام ـ لكن هذه المسألة للشيخ فيها سلف أم لا ، من هم ؟ مثل من ؟ مالك ، والشافعي ، وأبو حنيفة ، ورواية عن أحمد ، كلهم يرون هذا الرأي ؛ فإذا قلنا : إن الألباني مرجيء في هذه المسألة !!! لابُدَّ أن نقول ذلك ـ أيضا ـ عَمَّنْ ؟! عن : مالك والشافعي وأحمد وأبي حنيفة !!!

والحق أن هذا ليس من الإرجاء في شيء ؛ هذا اختلاف في هذه المسألة ـ قديما وحديثا ـ اختلاف في مسألة تارك الصلاة ـ تهاونا .

في الحقيقة نحن مع ضاءلة علمنا مع من يقول : إن تارك الصلاة ماذا ؟ يكفر ، ولا شك ، بل لا أكاد أشك في كفره . من ترك الصلاة ولو تهاونا كفر ، لكن هل إذا اقتنعت بهذا الرأي ألزم العلماء الربانين القدامى ومن السلف الصالح بأن من خالفني في هذا الرأي يكون مرجئا ؟!

لا ؛ هذا لا يجوز ؛ لكن المسألة تزعمها بعض شُذَّاذ الآفاق من الجهلة ، وبعض الحداديين ، بدأ بها محمود الحداد ، وسلكها بعض الناس من بعده .

ونقول لهؤلاء قول النبي ﷺ فيما يرويه عن اللَّه : « مَنْ عَادَى لِي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ » .

واللَّه يا إخوتاه ! في السنة التي حمل فيها بعض الشُذَّاذ على الشيخ ناصر ؛ بعدها بأسابيع قليلة رشحته الدولة ـ وَفَّقَهَا اللَّهُ ـ لجائزة الملك فصيل في خدمة السنة ؛ فأخذها وهو أهل لها ـ رَحِمَهُ اللَّهُ رَحْمَةً وَاسِعَةً ـ ؛ فالمسؤولون ـ وَفَّقَهُمُ اللَّهُ ـ يعرفون أنه عالم من كبار علماء المسلمين ، ولا يسمعون إلى نعيق زيد ، أو عمرو ممن يصفونه بالإرجاء .

وَكَمْ مِنْ عَائِبٍ قَوْلاً صَحِيْحاً وَآفَتُهُ مِنَ الْفَهْمِ السَّقِيْمِ

والقائلون بهذا لا يخرجون عن ثلاثة أصناف : **إما** جاهل إمعة كالببغاوات يقلد الناس فيما يقولون . **وإما** مريض في قلبه مرض على أهل العقيدة ؛ فيريد أن يسقط علماءهم . **وإما** أنه

صاحب مصلحة وهوى ؛ يريد أن يتوصل بهذا إلى التزلف ، ويستغل بعض الأمور ؛ ليركب مطية الشيطان هذه)) [1] .

واتە : وە لەوانەیە بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەکافرنەبوونی نوێژنەکەر کەسانێکی نەترس کردبێت لەوەی کە قسەی پێ بکەن ، لەکاتێکدا ئێمە پێچەوانەی ئەوین لەمەدا ، وبیروباوەڕمان وایە کە نوێژنەکەر لەبەر کەمتەرخەمی کافرە و لەئایینی ئیسلام دەچێتەدەر ، بەڵام لەم باس و پرسەدا پێشینی هەیە یان نە ؟

پێشینەکانی کێیشن ؟ وەکو کێ ؟ مالك وشافعی وئەبو حەنیفە وڕیوایەتێکیش لە ئەحمەدەوە ـ هەموو ئەوانە ئەم بۆچوونەی ئەویان هەیە ، بۆیە ئەگەر بڵێین : ئەلبانی مورجیئەیە لەم باس و پرسەدا !!! پێویستە ئەوەش دەربارەی کێیش بڵێن ؟!!! دەربارەی : مالك وشافعی وئەحمەد و ئەبو حەنیفە !!!!!

ووتەی ڕەواش ئەوەیە کە ئەم باس و پرسە هیچ پەیوەندیەکی بەئێرجائەوە نیە ، بەڵکو ئەمە جیاوازیەکە لەکۆن وتازەدا هەر هەبووە ـ واتە : جیاوازی سەبارەت بەکافرێی یان کافرنەبوونی نوێژنەکەر لەبەر کەمتەرخەمی و تەمبەڵی ـ .

لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ کەمی زانستمان لەگەڵ ئەو زانایانەین کە دەڵێن : نوێژنەکەر چیە ؟ کافر دەبێت ، وهیچ کومانیش لەوەدا نیە ، بەڵکو نزیکە لەوەی کە هیچ گومانێکم لەکافرێتیدا نەبێت ، ئەو کەسەی کە واز لەنوێژ بهێنێت ـ ئەگەرچی لەبەر کەمتەرخەمیش بێت ـ کافر دەبێت ، بەڵام ئایا ئەگەر قایلبووم بەم بۆچوونە ئەوە پێویست بکەم لەسەر زانایانی خواناس لەپێشین کە ئەو کەسەی پێچەوانەم بێتەوە لەم بۆچوونەمدا ئەوا مورجیئەیە ؟!!!

نەخێر ، نابێت ئەمە بکرێت ، بەڵام دەبینین ئەم باس و پرسە کەسانێکی نەزانکاری نامۆ لە ناوچەکان ، و هەندێك لەحەدادیەکان ، کە مەحمود حەداد دەستپێشخەری تێداکردووە ، خەڵکانێك لە پاش ئەو گرتوویانەتە بەر !!!!

---

[1] (شرح كتاب (فضل علم السلف على علم الخلف) (الشرح الثاني ـ دورة ابن رجب ـ ينبع) للشيخ صالح السحيمي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ عند (٢٣ : ٣١) من الوجه الثاني من الشريط الثالث) .

جا بەو جۆرە کەسانە دەڵێین : گوێبیستی ئەم فەرموودەیە بن کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوای پەروەردگارەوە دەیگێڕێتەوە : « هەر کەسێك دژایەتی دۆست و وەلیەکی من بکات ئەوا منیش بانگێشی شەڕی لەگەڵدا دەکەم » .

بە خوا برایان ! هەر لەو ساڵەی کە هەندێك لەو کەسە نامۆیانە توانج وتانەیان لەشێخ دەدا ، پاش ئەوە بەچەند هەفتەیەکی کەم وڵات ـ مەبەستی وڵاتی سعودیەیە ـ خوا بیپارێزێت پاڵاوتی بۆ پێدانی دیاری (ملك فيصل) بۆ خزمەتکردنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، و وەریشیگرت ـ کە شایستەشێتی ـ پەروەردگار بە ڕەحمی فراوانی ڕەحمی لێبکات ـ کاربەدەستان ـ خوا سەرکەوتوویان بکات ـ دەزانن کە یەکێکە لەگەورە زانایانی موسڵمانان ، وگوێنادەن بە زەڕەی زەید یان عەمر لەو کەسانەی کە وەسفی بەئێرجا دەکەن .

چەندەها ووتەی چاك بەخراپ لێك دەدەنەوە کەچی کێشەشیان تێگەیشتنی چەوتی خۆیانە !

بێژەرانی ئەمەش لەسێ کۆمەڵ بەدەرنین ، ئەوانیش : **یان** : نەزانێکی تەمام عەیارە وەکو توتی لاسایی خەڵك دەکاتەوە لەوەی کە دەیڵێن !!! **ویان** : کەسێکە نەخۆشی لەدڵیدایە بەرامبەر کەسانی خاوەن بیروباوەڕ دروست ، ودەیەوێت زانایانیان لەپێش چاو موسڵمانان بخات !!! **وە یان** : کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی وئارەزووە ، دەیەوێت بەوە بگات بەشتێك ، وهەندێك شت بەهەل بزانێت ، بۆ ئەوەی سواری کەری شەیتان ببێت !!!

وە لە کۆی ئەم ووتانە ئەم خاڵانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت :

١ ـ باس وپرسی کافربوون نوێژنەکەر لەبەر کەمتەرخەمی یان کافرنەبوونی ، هەر لەکۆنەوە جێی مشتومڕ و بگرە وبەردەی زانایان بووە وجیاوازیەکە تا سەردەمانی ئێستاش هەر بەردەوامی هەیە لەنێو زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعە .

٢ ـ زانایانی پێشین وشوێنکەوتوانیان لەم سەردەمەدا لەم پرس وباسەدا کەسیان لۆمەی ئەوی بەرامبەریان نەکردووە بەوەی کە : ئەگەر نوێژنەکەر بەکافر نەزانیت ئەوا تۆ مورجیئەی !!! یان کاریگەری مورجیئەت کەوتووەتە سەر !!! وە ئەوانیش بڵێت : نەخێر تۆ بۆچوونەکەت بۆچوونی خەواریجە چونکە نوێژنەکەر بەکافر دەزانیت !!!

٣ ـ ووتنی ئەوەی کە پێشەوا ئەلبانی مورجیئەیە !!! یان کاریگەری مورجیئەی کەوتووەتە سەر !!! یان ووتەکەی ووتەی مورجیئەیە !!!! لەبەر ئەوەی کە نوێژنەکەر لەبەر کەمتەرخەمی بەکافر نازانێت ، ئەوە دەگەیەنێت کە پێشەوایان مالك وشافعی وئەبو حەنیفە وپێشەوا

ئەحمەدیش لەبۆچوونێکیدا ، بەو تۆمەتە تۆمەتبارن !!! چونکە هەر ئەو پێشەوایانە وچەندەها پێشەوا وگەورە زانای ترن کە پێشین وسەلەفی پێشەوا ئەلبانین لەم بۆچوونەیدا !!!

٤ ـ بێژەرانی ئەم تۆمەتە و ئەو کەسانەش کە ڕەواجی پێدەدەن لە سێ کۆمەڵ بەدەر نین ، کە ئەمانەی خوارەوە :

أ / نەزانێکی تەمام عەیارە کە توتی ئاسا لاسایی خەڵك دەکاتەوە لەوەی کە دەیڵێن !!!

ب / کەسێك کە نەخۆشە لەدڵدایە ، ونەخۆشیەکەی بەرامبەر کەسانی خاوەن بیروباوەڕ دروستە ، و دەیەوێت زانایانیان لەپێش چاو موسڵمانان بخات !!!

جـ / کەسانێکی خاوەن بەرژەوەندی وئارەزوو وهەلپەرست !!!

📖 گومان وشوبهەی چوارەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی بەوەی : ئەو کاربەدەستە بەکافر نازانێت کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەگەر بەحەلاڵدانانی لەگەڵدا نەبێت ، ئەمەش لەلای ئەوان بۆچوونی مورجیئەیە نەك ئەهلی سوننە :

سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی ئەم تۆمەتبارکردنە ـ واتە : بەکافر نەزانینی ئەو کاربەدەستانەی کە حوکم بەوە ناکەن کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، ئەگەر بەحەلاڵدانانی لەگەڵدا نەبێت ـ ئەوەیە کە خەڵکانێك ئەیانەوێت تۆش وەکو ئەوان بە بێ یەك و دوو !!! یان بەبێ جیاوازی لە نێوان ئەم وئەویـان !!! ڕاستەوخۆ هەرکەسێك ـ بەتایبەت کاربەدستان ـ کەوتە ئەوەی کە حوکم بکەن بەجگە لـەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە کافرە و لەئایین دەرچووە و پاشگەزبووەتەوە لەئیسلام ... هتد ، ئەوەش نەك لەبەر ئەوەی کە حوکمەکە وایە ، و دەبێت وەکو خۆی پیادە بکرێت و داببەزێنرێتە سەر کەسی شایستەی خۆی !!! بەڵکو لەبەر ئەوەی کە مەبەستێك لە پشتەوەی باسەکانەوە هەیە !!! وشوێنکەوتنی ئارەزووەکانە !!! یان لە بەر جەهل و نەزانینە [1] !!!

---

[1] (مەلایەك !!!) پاش نووسینی ئەم سەرباس و ناونیشانە : ((پرۆگرامی ئەهلی سوننەت و جەماعە لە هەڵسوکەوت کردن بەرانبەر دەسەڵاتداران)) لە کتێبەکەیدا ، لە پەراوێزدا دەڵێت : ((**ئەم بابەتە : یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی بیروباوەڕ و عەقیدە ، چونکە : بنەڕەتە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و ئاسایش لەوڵاتی ئیسلامدا ، و دەبێتە هۆی پاراستنی خوێن وشەرەف وماڵی موسڵمانان ، و زۆربەی کێشەکان لەناو موسڵماناندا لەکۆن وتازەدا ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە**)) (پوختەی بیروباوەڕ وعەقیدە بەبەڵگەی قورئان وفەرموودە : ص : ٨٤٧ ، پەراوێزی : ٣٦٣) .

لەڕاستیدا ئەم ووتەیە ووتەیەکی ڕاست ودروستە سەبارەت بەگرنگی ئەم پرس وباسە و ئەو ئاکامانەی کە لێی دەکەونەوە ، بەڵام بەداخەوە کاکی ڕشنووسکار (مەلای بڕێز !!) بە چەند ووتەیەکی تری تەکفیریانەی ئەم ووتەیەی هەڵدەوەشێنێتەوە !!! ـ بەخستنەڕووی بۆچوونی بەکافردانانی کاربەدەستان بەبێ یەك و دوو !!! کە بۆچوونی خەواریجە وبۆچوونێکی تەکفیریانەیە !!! وهەموو ئاشووب وگرتن وبڕین وئاژەوەیەکی لێکەوتووەتەوە !!! هەر لەسەردەمی دەرکەوتنی پێشینە خەوارجەکانیان تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ !!! کە لەشێوازی کوشتن وبڕین وتەقینەوە و خۆ تەقاندنەوە ، کاوڵکاری و وێرانسازی ماوەتەوە !!! هەروەکو لەم چەند دێڕەدا

ئاشكرا دەبێت ـ و تیایدا تیشك دەخرێتە سەر ئەم ڕاستسیە وڕووی تەكفیریانەی ئەم بەناو (مەلا) تەكفیریە دەخرێتەڕوو بۆ ئەوانەی كە تا ئێستا هەڵخەڵەتاوون بە ووتار ودەرس نووسینەكانی و بەكەسێكی ئەهلی سوننە وجەماعەی دەزانن !!! نەك بەتەكفیری وشوێنكەوتەی بیری خەواریج !!! وهانی خەڵی دەدەن كە هاوكاری بكەن و تێكەڵاوی ودەرسی لەگەڵدا بڵێنەوە !!!

ئەم (مەلایە !!!) دەڵێت : ((**بنچینەی باوڕ** (أصل الإيمان) : **ئەو لقانە دەگرێتەخۆ كە بنەڕەتی باوەڕی لەسەر دادەمەزرێت ، وە نەبوونی هەریەكێكی دەبێتە هۆی دروست نەبوونی باوەڕهێنان**)) .

وە دەڵێت : ((**بنچینەكانی باوەڕ** : **ئەوەیە كەوا بەنەبوونی هەریەكێكی ئیمانی ئادەمیزاد وەرگیراو وقەبوڵ نابێت** ، **وە** : **بەبوونی هەمووشی لەكوفر وبێباوەڕیی ڕزگاری دەبێ ودێتە ریزی باوەڕدارانەوە**)) (پوختەی بیروباوەڕ و عەقیدە بەبەڵگەی قورئان وفەرموودە : ص : ٦٤٢ ، پەراوێزی : ٢٧٥) .

بەڵێ : كەواتە ئەم مەلایە ئەو لقانەی كە بە بەشیان دەزانێت لەئەصڵی ئیمانی ، بەنەبوونی هەریەكەیان ئەم ئەصڵە بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دروست نەبوونی ، و بەوەش بێ باوەڕ وكافردەبێت ، و ئەگەر لەسەر ئەوەش بمرێت بەكافری دەزانێت ، و خوای پەروەردگار دەیخاتە دۆزەخ و بەهیچ شێوەیەك ڕزگاری نابێت ، هەروەكو دەڵێت : ((**وە ئەگەر كەسێك بنچینەیەك یان زیاتر لە بنچینەكانی باوەڕهێنانی بەجێ نەهێنا ، ئەوە بێباوەڕ وكافرە ، وە ئەگەر لەسەریشی بمرێت و تەوبە نەكات ئەوە خوای گەورە دەیخاتە دۆزەخەوە ، و بەهیچ شێوەیەكیش دەرچوونی نیە**)) (پوختەی بیروباوەڕ وعەقیدە بەبەڵگەی قورئان وفەرموودە : ص ٦٤٥) .

جا بابزانین خاڵی تەكفیر لەكوێی ووتەكانی ئەم (مەلا !!!) تەكفیریەدایە ؟!!!

خوێنەری بەڕێز : ناوبراو لەوتەیەك لەوتەكانی لەڕەشنووسەكەیدا دەڵێت : ((جا ئەو بنچینانەش بریتیە لەچەند لقێك ، باوەڕی هیچ ئادەمیزادێك ڕاست ودروست نیە مەگەر هەر هەموو ئەو لقانەی تێدا بێتەجێ .

جا ئەو لقانەی كە بنچینەی باوەڕن وتایبەتن بەدڵەوە : ... وە ئەوانەشی كە بەئەندامەكان ئەنجام دەدرێن : نوێژكردن ، لەگەڵ پایەكانی تری ئیسلام ـ لەلای هەندێك لە زانایان ـ **وحوكم ودادوەری كردن بەشەریعەتی خوا** ، **وگەڕانەوە بۆ لای بۆ چارەسەری كێشەكان** ، ورازیبوونی تەواو پێی وملكەچ كردنیش بۆ بڕیارەكانی)) (پوختەی بیروباوەڕ وعەقیدە بەبەڵگەی قورئان وفەرموودە : ص ٦٤٣) .

بە ووردی بڕوانە ئەوەی كە دەڵێت : ((**و حوكم و دادوەری كردن بە شەریعەتی خوا ، و گەڕانەوە بۆ لای بۆ چارەسەری كێشەكان**)) !!!! **كەواتە ـ لەلای ئەم مەلایە ـ ئەم كارە یەكێكە لەبنچینەكانی ئیمان بوونی نیشانەی ڕاستی و دروستی ئیمانە و نەبوونیشی نادروستی ئیمان ڕادەگەیەنێت** .

بەڵام لە باس وپرسێکی پێشووتردا ئەوەمان ئاشکراکرد کە ئەگەر کەسێك لەموسڵمانان ـ کاربەدەست بێت یان هەر تاکێکی تری موسڵمان ، چونکە ئەو کارە پەیوەست نیە تەنها بە کاربەدەستانەوە !!! هەروەکو کەسانێکی نەزانکار تێگەیشتوون !!! ـ بکەوێتە ئەم تاوانەوە !!! چ حوکمێکی دەبێت ، و چ مەرجێکی بۆ دانراوە ؟!!

بۆ ئەوەش چەندان ووتەی پێشەوایان و زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەمان خستەڕوو کە تێدا گەشتینە ئەوەی کە مەرج نیە ئەو کارە یەك لایەنە لەو جۆرە کوفرانە بێت کە ئەنجامدەری لەئایین بڕواتە دەرەوە و حوکمی پاشگەزبووی بەسەردا بدرێت ، ئەگەرچی لەزۆرینەی حاڵەت و

وە دوواتر لەووتەیەکی تریدا دەڵێت : ((بەڵام : **ئەو تاوانانەی کە بکەرەکەی بێباوەڕ دەکات هەر بە کردنی یەکسەر بێباوەڕ دەبێت** ، **ئیتر بە حەڵاڵی بزانێت یان نەء** ، وەکو جوێندان بە خوای گەورە یان بەپێغەمبەری خوا ، هەروەها گاڵتەکردن وسوکایەتی بە ـ ئیتر بەکردار بێت یان بەگوفتار ـ **وداوەری نەکردن بەوەی کە خوای گەورە داییەزاندوە** ، ونوێژنەکردنیش)) (پوختەی بیروباوەڕ وعەقیدە بەبەڵگەی قورئان و فەرموودە : ص : ٦٧٤) .

کەواتە : **دادوەری نەکردن بەوەی کە خوای گەورە داییەزاندووە ـ بە بێ جیاوازی وبەگشتی !!! ـ تاوانێکە یەکسەر بکەرەکەی بێباوەڕ دەکات ، بەحەڵای بزانێت یان نە !!!**

کە بێگومان ئەم بۆچوونە بۆچوونی خەواریجە کۆنەکان وتەکفیریەکانی ئەم سەردەمەیە !!! و دوورە لە بۆچوونی زانایانی پێشین وسەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە وئەهلی سوننە وجەماعە ... هەروەکو لەباس و پرسەکانی ئەم نووسینەدا ئاشکراکراوە ، وتێیدا ئاماژە بەووتەی هاوەڵان وشوێنکەوتوان وپێشەوایان وزانایان وەك : (ئیبن عباس وتاووس وئەحمدی کوڕی حەنبەل وئیبن تیمیە وئیبن القیم وئیبن باز وئەلبانی وئیبن عوسەیمین وگەورە زانایانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە وفەتوا لەوڵاتی سعودیە و ... هتد) کراوە .

کە دەبینین چۆن بەجوانترین شێوە ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە ، وئاماژەیان بەمەجەکانی داوە ، نەك وەك ئەوەی کە کاکی (مەلا !!!) بەگشتی و بەبێ تەفصیل ، و بەبێ باسکردنی هیچ مەرجێك ، کەوتووتە تەکفیرکردنی کاربەدەستان ، و لەنوسینەکانیدا بڵاوی دەکاتەوە و لاوانی موسڵمان لەسەر ئەو دید و بۆچوونە خراپە خەواریجیانە پەروەردە دەکات ، و لەو لاشەوە دەڵێت : ((**ئەم بابەتە** : **یەکێکە لەمەسەلە هەرە گرنگەکانی بیروباوەڕ وعەقیدە ، چونکە : بنەڕەتە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی وئاسایش لەوڵاتی ئیسلامدا ، ودەبێتە هۆی پاراستنی خوێن وشەرەف وماڵی موسڵمانان ، وزۆربەی کێشەکان لەناو موسڵماناندا لەکۆن وتازەدا ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە**)) ، بەڕاستی عەرەب وەتەنی : (عِشْ رَجَباً تَرَ عَجَباً) !!

بارەکاندا لەو جۆرە کوفرە دەبێت ، وە بۆ ئەوەش ووتەی هاوەڵی بەڕێز (ابن عباس) [١] ، و شوێنکەوتوان (طاووس ، وعطاء) [٢] وچەندەها زانای تری ئەهلی سوننە ، وەکو (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) و (أبو عبيد قاسم بن سلام) [٣] خرایەڕوو و ئاشکراکران ... وە لە ووتەی چەندان زانای تریش ئەوە ئاشکرا بوو کە خاڵی (الاستحلال) ، و چەندان شتی تریان ڕەچاوکردووە بۆ حوکم دان بە کافرێتی و لە ئایین دەرچوونی ئەنجامدەری ، ئەم ستەمە گەورەیە ، لەوانەش : کە ووتەیان خرایەڕوو : پێشەوا (ابن تيمية) [٤] ، و (عبداللطيف بن عبدالرحمن بن

---

[١] هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ (ابن عباس) ـە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ کە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ لە سورەتی (المائدة) ـدا فەرموویەتی : ((هِيَ بِهِ كُفْرٌ ، وَلَيْسَ كَمَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ)) (أخرجه المروزي ، وإسناده صحيح) .

[٢] (طاووس) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتی پێشوودا فەرموویەتی : ((لَيْسَ بِكُفْرٍ يَنْقُلُ عَنِ الْمِلَّةِ)) (أخرجه المروزي ، وإسناده صحيح) .

وە (عطاء) ـی کوڕی (أبي رَبَّاح) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((كُفْرٌ دُونَ كُفْر ، وَظُلْمٌ دُونَ ظُلْم ، فِسْقٌ دُونَ فِسْق)) (أخرجه المروزي بإسناد صحيح) .

[٣] بۆ ووتەی پێشەوا (أحمد) ـی کوڕی (حنبل) ـە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بڕوانە : (مسائل ابن هاني : ٢/ ١٩٢) ، وە بۆ ووتەکەی پێشەوا (أبو عبيد القاسم بن سلام) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بڕوانە (كتاب الإيمان : ص ٤٥) لە نووسینی ئەو و تەحقیق کردنی پێشەوا ئەلبانی .

[٤] پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والإنسان متى حلل الحرام المجمع عليه ، أو حرم الحلال المجمع عليه ، أو بدل الشرع المجمع عليه ، كان كافراً مرتداً ، باتفاق الفقهاء وفي مثل هذا نزل قوله على أحد القولين : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) **أي : هو المستحل للحكم بغير ما أنزل الله**)) (مجموع الفتاوى : ٣ / ٢٦٧) .

حسن آل الشيخ) [١] ، و گەوەرە زانـایانی (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) لە وڵاتی (السعودية) [٢] ، و پێشەوا (ابن باز) یش [٣] بوون ـ ڕەحمەتی خوا لەهەمووان بێت ـ .

پاش ئەم خستنەڕووە بۆ ووتە و بۆچوونی زانایان ـ بە ڕەحمەت بن ـ لەبارەی حوکمی حوکم نەکردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە و ئەو خاڵانەی کە ڕەچاوکراوون و بەمەرجگیراون لەو بارەیەوە ، بابزانین بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە چیە ؟ و ئایا

---

[١] پێشەوا (عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وإنما يحرم التحكيم إذا كان المستند إلى شريعة باطلة تخالف الكتاب والسنة ، كأحكام اليونان والإفرنج والتتر وقوانينهم التي مصدرها آراؤهم وأهواؤهم ، وكذلك سوالف البادية وعاداتهم الجارية . **فمن استحل الحكم بهذا** في الدماء أو غيرها **فهو كافر** قال ـ تَعَالَى ـ : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، وهذه الآية ذكر فيها بعض المفسرين : أن الكفر المراد هنا كفر دون الكفر الأكبر ، لأنهم فهموا أنها تتناول من حكم بغير ما أنزل اللَّه ، وهو غير مستحل لذلك ، لكنهم لا ينازعون في عمومها للمستحل ، وأن كفره مخرج عن الملة)) (منهاج التأسيس والتقديس : ص٧١) .

[٢] هەروەکو فەرموویانە : ((**لكن إن استحل ذلك** واعتقده جائزاً **فهو كفر أكبر ، وظلم أكبر ، وفسق أكبر يخرج من الملة**)) (فتوى رقم : ٥٧٤١ ، الشيخ ابن باز ، وعبد الرزاق عفيفي ، وعبداللَّه الغديان) .

[٣] پێشەوا وموفتی پێشووی وڵاتی سعودیە (عبدالعزيز بن باز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە فەتوایەکی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ، و (المسلمون) ـ دا بڵاوبوویەوە فەرموویەتی : ((اطلعت على الجواب المفيد القيم الذي تفضل به صاحب الفضيلة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ـ وَفَّقَهُ اللَّهُ ـ المنشور في جريدة الشرق الأوسط وصحيفة المسلمون الذي أجاب به فضيلته من سأله عن تكفير من حكم بغير ما أنزل اللَّه من غير تفصيل ، فألفيتها كلمة قيمة قد أصاب فيه الحق ، وسلك سبيل المؤمنين ، و أوضح ـ وَفَّقَهُ اللَّهُ ـ أنه **لا يجوز لأحد من الناس أن يكفر من حكم بغير ما أنزل الله بمجرد الفعل من دون أن يعلم أنه استحل ذلك بقلبه**)) (جريدة الشرق الأوسط ، عدد : ٦١٥٦ ، تاريخ : ١٢/ ٥/ ١٤١٦هـ) .

هیچ پێچەوانەی زانایان وپێشەوایانی پێش خۆی بووتەوە ، یان نە ؟!!! ئەوەش بە هێنانەوەی چەند ووتەیەکی ئەم پێشەوایە ، وپاشان خستنە ڕووی پوختەی ئەو ووتانە لەچەند خاڵێکدا .

ئەو خستنە ڕووەش بەم شێوەیەی خـوارەوە دەبێت :

ووتەی یەکەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((إذا علمت أن الآيات الثلاث : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ نزلت في اليهود وقولهم في حكمه ﷺ : (إن أعطاكم ما تريدون حكمتموه ، وإن لم يعطكم حذرتم فلم تحكموه) وقد أشار القرآن إلى قولهم هذا قبل هذه الآيات فقال : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ (المائدة : ٤١) ، إذا عرفت هذا ، فلا يجوز حمل هذه الآيات على بعض الحكام المسلمين وقضاتهم الذين يحكمون بغير ما أنزل اللَّه من القوانين الأرضية .

أقول : لا يجوز تكفيرهم بذلك ، وإخراجهم من الملة ، إذا كانوا مؤمنين باللَّه ورسوله ، وإن كانوا مجرمين بحكمهم بغير ما أنزل اللَّه ، لا يجوز ذلك ، لأنهم وإن كانوا كاليهود من جهة حكمهم المذكور ، فهم مخالفون لهم من جهة أخرى ، ألا وهي إيمانهم وتصديقهم بما أنزل اللَّه ، بخلاف اليهود الكفار ، فإنهم كانوا جاحدين له كما يدل عليه قولهم المتقدم : (... وإن لم يعطكم حذرتموه فلم تحكموه) ، بالإضافة إلى أنهم ليسوا مسلمين أصلا .

وسر هذا أن الكفر قسمان : اعتقادي وعملي . فالاعتقادي مقره القلب . والعملي محله الجوارح . فمن كان عمله كفرا لمخالفته للشرع ، وكان مطابقا لما وقر في قلبه من الكفر به ، فهو الكفر الاعتقادي ، وهو الكفر الذي لا يغفره اللَّه ، ويخلد صاحبه في النار أبدا . وأما إذا كان مخالفا لما وقر في قلبه ، فهو مؤمن بحكم ربه ، ولكنه يخالفه بعمله ، فكفره كفر عملي فقط وليس كفرا اعتقاديا ، فهو تحت مشيئة اللَّه ـ تَعَالَى ـ إن شاء عذبه وإن شاء غفر له ... .

وجملة القول ؛ أن الآية نزلت في اليهود الجاحدين لما أنزل اللّه فمن شاركهم في الجحد ، فهو كافر كفرا اعتقاديا ، ومن لم يشاركهم في الجحد فكفره عملي لأنه عمل عملهم ، فهو بذلك مجرم آثم ، ولكن لا يخرج بذلك عن الملة كما تقدم عن ابن عباس رضي الله عنه ...)) [1] .

واتە : ئەگەر زانیت کە ئەم سێ ئایەتە : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، و ﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ سەربارەت بە جولە و ووتەیان سەبارەت بەحوکمی پێغەمبەر ﷺ هاتووەتە خوارەوە کە دەیانووت : ((ئەگەر ئەوەی پێدان کە ئێوە دەتانەوێت بیکەن بە دادوەر لەنێوانتاندا ، وە ئەگەر ئەوەی پێنەدا کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لە نێوانتاندا)) وە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەم ووتەیەیان کردووە ، پێش ئەم ئایەتانە ، و فەرموویەتی : ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾ ، جا ئەگەر ئەمەت زانی ، دروست نیە حوکمی ئەم ئایەتە بدەی بەسەر هەندێك لەکاربەدەستی موسڵمانان و دادوەرانیاندا ، ئەوانەی کە حوکم دەکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندووە ، لە یاسا مرۆڤ کردەکان .

دەڵێم (واتە : پێشەوا ئەلبانی) : نابێت بەوە تەکفیر بکرێن ، و لەئومەتی ئیسلام دەربکرێن ، ئەگەر باوەڕیان بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی هەبوو ﷺ ، ئەگەرچی بەو حوکمکردنەیان کە بەجگە لەوە دەیکەن کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە بەستەمکاریش لەقەڵەم بدرێن ، بەڵام نابێت حوکمی کوفریان بەسەردا بدرێت ، چونکە ئەوان ئەگەر لە ڕواڵەتی حوکم کردنەکەیان وەکو جولەکان بن ، دەبینین لەلایەنی ترەوە جیاوازن لێیان ، کە بریتیە لەباوەڕهێنان و بەڕاست دانانیان بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، بە پێچەوانەی جولەکە بێباوەڕەکان ، کە نکوڵیان لێدەکرد ، هەروەکو ووتەی پێشوویان بەڵگەیە لەسەری : ((وە ئەگەر ئەوەی پێنەدا کە دەتانەوێت ئەوا نایکەن بەدادوەر لەنێوانتاندا)) ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هەر لە بنەواوە موسڵمان نین .

وە نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە کوفر دوو جۆرە : ئیعتیقادی و کردەوەیی ، ئیعتیقادیەکەشیان جێگەی دڵە و کردەوەییەکەش جێگەی ئەندامەکانی لەش و ڕووکەشە . جا ئەو کەسەی کە

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : المجلد السادس ، القسم الأول ، ص ١٠٩ ـ ١١٦) .

کردەوەکەی کوفر بێت لەبەر پێچەوانە بوونەوەی بۆ شەریعەت ، و هاوشێوەی ئەو کوفرە بێت کە لەدڵدایە ، ئەوا ئەو کاتە کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و ئەو کوفرەیە کە خوای پەروەردگار لێی خۆش نابێت ، و خاوەنەکەشی بەهەتا هەتایی لەئاگردا دەمێنێتەوە . بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەو کوفرە بێت کە لەدڵیدا جێگیربووە ، ئەوا ئەو کەسە باوەڕی بەحوکمەکەی خوای پەروەردگاری هەیە ، بەڵام بەکردەوەکانی پێچەوانەی بووتەوە ، ئەوا کوفرەکەی تەنها کوفرێکی کرداریە ، نەك کوفرێکی ئیعتیقادی ، و دەکەوێتە ژێر ویست ومەشیئەتی خوای پەروەردگارەوە ، ئەگەر ویستی هەبوو سزایی دەدات ، وە ئەگەر ویستی هەبوو لێی خۆش دەبێت ... .

پوختەی ووتەکان ئەوەیە کە : ئەم ئایەتانە لەسەر جولەکەی نکولێکار دابەزیوون کە نکولیان لەوەبوو کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە ، جا هەر کەسێك هاوبەشیان بکات لەنکولێکردندا ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، و هەر کەس کە هاوبەشیان نەکات لەنکولێکردنەکەیان ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی کردەوەییە ، چونکە هەمان کردەوەی ئەوانی کردووە ، و بەوەش کەسێکی ستەمکار وتاوانبارە ، بەڵام بەو کردەوەیەی لەئومەتی ئیسلام دەرناچێت هەروەکو پێشتر لەووتەکەی (عبداللَّه) ـی کوڕی (عباس) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ گێڕامانەوە .

ووتەی دووەم : هەر لەم بارەیەوە و لە ووتەیەکی تریدا پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والحديث : دليل صريح في أن المقصود بهذه الآيات الثلاث الكفار من اليهود والنصارى ؛ وأمثالهم الذين ينكرون الشريعة الإسلامية وأحكامها ، ويلحق بهم كل من شاركهم في ذلك ؛ ولو كان يتظاهر بالإسلام ، حتى ولو أنكر حكما واحدا منها .

ولكن مما ينبغي التنبه له ، أنه ليس كذلك من لا يحكم بشيء منها مع عدم إنكاره ذلك ، فلا يجوز الحكم على مثله بالكفر ، وخروجه عن الملة ؛ لأنه مؤمن ، غاية ما في الأمر أن يكون كفره كفرا عمليا .

وهذه نقطة هامة في هذه المسألة يغفل عنها كثير من الشباب المتحمس لتحكيم الإسلام ، ولذلك فهم في كثير من الأحيان يقومون بالخروج على الحكام الذين لا يحكمون بالإسلام ، فتقع فتن كثيرة ، وسفك دماء بريئة لمجرد الحماس الذي لم تعد له عدته ، الواجب عندي

تصفية الإسلام مما ليس منه كالعقائد الباطلة ، والأحكام العاطلة ، والآراء الكاسدة المخالفة للسنة ، وتربية الجيل على هذا الإسلام المصفى . واللَّه المستعان)) [١] .

واتە : ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ هەمووی سەبارەت بە بێ باوەڕان هاتووەتە خوارەوە .

فەرموودەکەش : بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە مەبەست بەم سێ ئایەتە بێباوەڕانە لە جولەکە و خاچ پەرستان و هاوشێوەکانیان ـ ئەوانەی کە نکوڵی لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەحکامەکانی دەکەن ـ ، وە ئەوانەشیان دەدرێتەپاڵ کە هاوبەشیان دەکەن لەوەدا ، ئەگەرچی واش دەربڕێت کە موسڵمانە ، تەنانەت ئەگەر یەك حوکمیش لەحوکمەکانی ئینکار بکات .

بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی بدرێتێ ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە حوکم ناکات بەهیچ شتێکی لەگەڵ ئینکار نەکردنی بۆی ، نابێت حوکم بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا بدرێت بەکوفر و دەرچوونی لەئومەت ، چونکە ئەو باوەڕدارە ، ئەوپەڕی ئەوەی کە لەو کارەدا هەیە ئەوەیە کە کوفرەکەی کوفرێکی کرداریە .

ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەم پرس وباسەدا ، کە زۆرێك لەلاوانی پەرۆش و هەڵچوو بۆ هاتنەدی حوکمی ئیسلام لێی بێئاگان !!! بۆیە دەبینیت لەزۆرێك لەبوارەکاندا هەڵدەستن بە دەرچوون لەو کاربەدەستانەی کە حوکم بەئیسلام ناکەن ، و بەو هۆکارەشەوە ئاشوبێکی زۆر دەکەوێتەوە ، لەگەڵ ڕشتنی خوێنی چەندەها کەسانی بێ تاوان ، تەنها لەبەر ئەو حەماسەتەی کە ئامادە باشی بۆ نەکراوە ، بەڵام ئەوەی کە من بە پێویستی دەزانم ئەوەیە کە پێویستە : ئیسلام پاڵاوتە بکرێت لەوانەی کە لەو نین ، وەکو بیروباوەڕە پوچەڵەکان ، و ئەحکامە پەککەوتووەکان ، لەگەڵ بۆچوونە دۆڕاوەکان کە پێچەوانەی سوننەتن ، پاشان پەروەردەکردنی نەوە و وەچەی موسڵمانان لەسەر ئەو ئیسلامە پاڵاوتەکراوە ... خوای پەروەردگاریش یارمەتی دەرە .

---

[١] (السلسلة الصحيحة ، للألباني ، المجلد السادس : القسم الأول ، ص ٤٥٧ ، حديث رقم : ٢٧٠٤ ، تحت عنوان : تفسير آيات (ومن لم يحكم بما أنزل اللَّه ...) وأنها في الكفار) .

ووتەی سێیەم : ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەدابەشکردنێکی بۆ پلەکانی تاوانی ئەو کەسانەی کە حوکم ناکەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، فەرموویەتی :

((وهنا أمر يجب أن يتفطن له وهو : أن الحكم بغير ما أنزل اللَّه قد يكون كفرا ينقل عن الملة ، وقد يكون معصية : كبيرة أو صغيرة . ويكون كفرا : إما مجازيا وإما كفرا أصغر على القولين المذكورين . وذلك بحسب حال الحاكم : فإنه إن اعتقد أن الحكم بما أنزل اللَّه غير واجب ، وأنه مخير فيه أو استهان به مع تيقنه أنه حكم اللَّه : فهذا كفر أكبر .

وإن اعتقد وجوب الحكم بما أنزل اللَّه ، وعلمه في هذه الواقعة ، وعدل عنه مع اعترافه بأنه مستحق للعقوبة ، فهذا عاص ، ويسمى كافرا كفرا مجازيا أو كفرا أصغر .

وإن جهل حكم اللَّه فيها ـ مع بذل جهده و استفراغ وسعه في معرفة الحكم ـ وأخطأه ، فهذا مخطيء له أجر على اجتهاده وخطؤه مغفور)) [1] .

واتە : وە لێرەد شتێك هەیە پێویستە لێی بەئاگایین ئەویش ئەوەیە کە :

حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، لەوانەیە لەو جۆرە کوفرە بێت کە پێی لەئومەت دەردەچێت ، وە لەوانەشە تاوان بێت ـ گەورە یان بچوك ـ ، وە بە کوفریش دابنرێت : یان وەکو مەجاز ، یان کوفرێکی بچووك بێت ، بەپێی ئەو دوو بۆچوونەی پێشوو کە باسکران ، ئەوەش بەپێی حاڵی حاکمەکە :

جا ئەگەر بیروباوەڕی وابوو کە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە پێویست نیە ، و ئەو ئازادە تیایدا ، یان سوکایەتی پێ دەکرد ، لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیایە لە حوکمەکەی خوای پەروەردگار : ئەوا لەم بارەدا بەکوفری گەورە دەژمێردرێت .

وە ئەگەر باوەڕی وابوو کە حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە پێویستە ، وە حوکمەکەشی لەو ڕوداوەدا دەزانی ، کەچی لێی لادەدات ، لەگەڵ داننانی بەوەی کە شایستەی سزایە ، ئا ئەم جۆرەیان : وەکو مەجاز پێی دەووترێت کافرە وکوفری کردووە ، یان کوفری بچووکی کردووە .

---

[1] (تخريج الطحاوية ، للألباني : ١/ ٦٠) .

بەڵام ئەگەر حوکمی خوای پەروەردگاری لەو شتەدا نەزانی ـ سەرەڕای ئەوەی کە هەموو هەوڵ و کۆششێکی خستووەتە گڕ بۆ زانینی حوکمەکە ـ کەچی بەهەڵەدا چووە ، ئا ئەمەیان هەڵەی کردووە ، بەڵام پاداشتی هەیە لەسەر ئەو هەوڵ و کۆششەی کە داویەتی و هەڵەکەشی لێناگیردرێت .

ووتەی چوارەم : وە هەر ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەباسی هەڵێنجاندنی هەندێك لەسوودەکانی فەرموودەیەك لەفەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ فەرموویەتی :

((في هذا الحديث تنبيه لأمور تتعلق بنا نحن ، وتتعلق بالأمة التي تنصب مفتين وقضاة يحكمون بغير ما أنزل اللَّه ، ويتناسى هؤلاء جميعاً الوعيد الشديد المذكور في ثلاث آيات من القرآن الكريم : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) هذه آيات صريحة بذم ، بل بالحكم بالكفر على من لم يحكم بما أنزل اللَّه .

ولكن ههنا كلمة قصيرة : أن الحكم بغير ما أنزل اللَّه منه حكمٌ يرادف الردة ، ومنه حكمٌ لا يلزم منه الردة ، التفصيل الذي ذكرناه في الكذب على رسول اللَّه ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ ـ ، أيضاً لا بد من استحضاره في تفسير هذه الآيات الثلاث : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) قال ابن عباس في تفسير (الكافرون) في هذه الآية : (كفر دون كفر) ، أي : إن الكفر نوعان : كفر اعتقادي قلبي ، كفر عملي ، وهذا ما يجهله كثيرٌ من المسلمين اليوم وخاصة منهم الشباب الناشيء ، فإنهم يتوهمون أن كل من لم يحكم بما أنزل اللَّه فهو مرتد عن دينه ، وليس كذلك ، بل يجب أن يُنظر إلى الحاكم الذي يحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فإن كان يحكم بغير ما أنزل اللَّه مستحلاً له بقلبه ، مؤثراً له على حكم اللَّه وحكم نبيه ، فهذا هو الذي يرتد به عن دينه ، أما إن كان في قرارة قلبه يعتقد بأن الحكم بما أنزل اللَّه هو الصواب وهو الواجب ، لكن يقول : أعاننا اللَّه على هؤلاء البشر كيف لنا أن نحكم إلا بهذا ، فهو يجد لنفسه عذراً ، ولو أنه عذر غير مقبول ، إنما اعتذاره بهذا

العذر يدل على أنه يؤمن بحكم اللَّه وحكم رسوله ، أنه هو الصواب ، ولكن انحرف عن هذا الحكم ، كما ينحرف كثيرٌ من الناس الذين نظن بهم خيراً .

الحاكم المسلم الذي يحكم بكتاب اللَّه ، وبحديث رسول اللَّه ليس معصوماً ، فقد يضل في حكمٍ ما ، أي : يُرشى ـ مثلاً ـ فيحكم بغير ما أنزل اللَّه ، فهذا ينطبق عليه قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ، ولكن بأي معنى (أولئك هم الكافرون) كفر ردة أم كفر معصية ؟ ننظر إذا كان حينما ارتشى وحكم للراشي بما ليس له ، إن كان يعتقد أنه آثم في نفسه ، كما يعتقد الغاش ، والسارق ، والزاني إلخ ، فهو آثم وليس بكافر ، وهذا معنى (كفر دون كفر) ، وإن كان يقول كما يقول كثير من الشباب الذي تثقف الثقافة الأجنبية ولما يدخل الإيمان في قلبه ، يقول : بلا إسلام !!! ، بلا إيمان !!! ، بلا رجعية !!! ، بلا كذا إلخ ، فهذا وضع الغطاء على رأسه بالكفر ، فهو إلى جهنم و بئس المصير .

فإذاً : يجب أن نعرف أن الواجب على المسلم أن يحكم بما أنزل اللَّه ، وبما فسره وبينه رسول اللَّه ﷺ ؛ سواءً كان مفتياً عادياً كرجل يمشي في الطريق فيأتي إنسان ويسأله ، فيجب عليه أن يتثبت ولا يقول له : حرام حلال ؛ لأنه درس في كتاب اللَّه أنه حرام أو حلال ، كذلك المفتي الرسمي (الموظف) أولى وأولى ألا يفتي الناس بدون رشد ، وبدون بينة وحجة ، والقضاء أولى وأولى ألا يحكم القضاة في قضائهم إلا بما جاء في كتاب اللَّه ، وما جاء عن رسول اللَّه ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ ـ)) [1] .

واتە : لەم فەرموودەدا تێبینیەکی گرنگ هەیە پەیوەستە بەخۆمانەوە ، و پەیوەستیشە بە ئومەتەوە کە چەندەها موفتی وقازی دادەنەن بۆ ئەوەی حوکم بەوە بکەن کە خوای پەروەردگار دابەزاندووە ، کەچی هەموو ئەوانە ئەو هەڕەشە تونده لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە لەم سێ ئایەتە باس کراوە لەقورئانی پیرۆزدا : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (المائدة : ٤٧) ﴿ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ (المائدة : ٤٥) ، كه

---

[1] (دروس للشيخ الألباني : ٣٤ / ١٥ ، تحت عنوان : حكم من حكم بغير ما أنزل اللَّه) .

ئایەتەکان سەرزنشتیان تێدایە ، بەڵکو بەحوکم دان بەکافرێتی ئەو کەسەی کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە .

بەڵام لێرەدا ووتەیەکی کورت هەیە ئەویش ئەوەیە کە : حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە ، جۆری وای هەیە هاوشێوەی کوفری پاشگەزبوونەوەیە ، وە جۆری واشی هەیە پاشگەزبوونەوە ناخوازێت ، بەو شێوەیەی کە لە باسی دروکردندا کردمان بە دەم پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ. ، هەروەها دەبێت لە ڕاڤەی ئەم سێ ئایەتەشدا : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) ئەمەمان لەپێچاودا بێت .

(عبداللَّه) ی کوڕی (عبَّاس) یش ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ لە ڕاڤەی (الكافرون) ی ئایەتەکەدا فەرموویەتی : ((كفر دون كفر)) ، واتە : کوفر دوو جۆرە : کوفرێکی ئیعتیقادی کە لەدڵدایە ، وکوفرێك کردەوەیەی ، ئەمەش ئەوەیە کە زۆرێك لەموسڵمانان ـ لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ـ نایزانن ، وە بە تایبەت ئەو گەنجانی تازە پێگەیشتوو ، کە دبینین گومانیان وایە کە هەر کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، ئەوا پاشگەزبووەیە لە ئایینەکەی ، و واش نیە ، بەڵکو پێویستە بڕوانرێتە ئەو حاکمەی کە حوکم دەکات بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە ، جا ئەگەر حوکمکردنی بەوەی کە خوای پەروەردگار داینەبەزاندوە بەو شێوەیە بوو کە بەدڵ بەحەڵاڵی دەزانی ، وپێشی دەخست بەسەر حوکمی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، بێگومان ئەمەیە کە پاشگەزبووەتەوە لەئایینەکەی ، بەڵام لەقەرارەی دڵیدا بیروباوەڕی وابوو کە : حوکم کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە دروست وپێویستە ، بەڵام دەڵێت : خوای پەروەدگار یارمەتی دەرمان بێت بەسەر ئەو خەڵکەدا ، ((كيف لنا أن نحكم إلا بهذا)) ، و ئەوەشی کردووە بە بیانوویەك بۆ خۆی ، ئەگەرچی بیانووەکەش وەرگیراو نیە ، ئەوە نەبێت کە بیانووهێنانەوەکەی بەم بیانووە تەنها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕی بەحوکمەکەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ هەیە ، ودروستیشە ، بەڵام لایداوە لەم حوکمەدا ، هەروەکو چۆن خەڵکانێکی زۆر لادەدەن کەچی گومانی چاکیشمان پێیان هەیە .

کاربەدەستی موسڵمان کە حوکم دەکات بەکتێبەکەی خوای پەروەردگار و بەفەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ پارێزراو نیە لەتاوان ، بۆیە ڕەنگە لەحوکمێکدا لابدات ، واتە : بەرتیلی بدرێتێ ـ وەك نموونەیەك ـ و حوکم بە جگە لەوە بکات کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، ئائەمە

ئەم ئایەتەی : ﴿ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (المائدة : ٤٤) بەسەردا دەدرێتەوە ، بەڵام بەکام واتایان ، بەواتای ئەوەی کە کوفرەکەی کوفری پاشگەزبوونەوەیە ، یان تاوانە و پێی دەووترێت کوفر ؟ دەڕوانین کە ئەگەر ئەو کاتەی بەرتیلی وەرگرت ، وحوکمی بەلای بەرتیلدەردا داشکاند بەوەی شتێکی پێدا کە مافی خۆی نەبوو ، ئەگەر باوەڕی وابوو کە خۆی بۆ خۆی تاوانبارە ، هەروەکو خیانەتکار و دز و داوێن پیس ... هتد ، باوەڕیان وایە کە تاوانبارن ، ئەوا تاوانبارە نەك کافر ، و ئەمەش واتای ((کفر دون کفر)) ــە ، وە ئەگەر ـ وەکو چۆن زۆرێك لەلاوانی گۆشکراو بەڕۆشنبیری بیانی دەیڵێن ـ بڵێت : بەبێ ئیسلام !!! و بەبێ ئیمان !!! و بەبێ دواکەوتن ، و بەبێ ئەمە و ئەوە ... هتد ـ کە ئیمانەکەیان تەنها زارەکیە ونەڕۆشتووەتە دڵەکانیانەوە ـ ئەوا ئەمە پۆشەری کوفری بەسەر خۆدا داوە ، ئەوەش بەڕەو دۆزەخ وخراپترین ئاکام .

کەواتە : پێویستە بزانین کە پێویستە لەسەر موسڵمان کە حوکم بکات بەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، و بەوەی کە پێغەمبەرەکەی ڕاڤە وڕوونی کردووەتەوە ﷺ ، ئەگەر موفتیەکی ئاسایی بێت وبەڕێگەدا بڕوات ، وکەسێك بێت پرسیارێکی لێبکات ، پێویستە لەسەری دڵنیایی بکات ولەخۆیەوە نەڵێت : حەرام ... حەڵاڵ ... بەڵکو لەبەر ئەوەبێت کە لەکتێبەکەی خوای پەروەردگاردا هاتووە کە حەرامە یان حەڵاڵە ، هەروەها موفتیەکی ڕەسمیش کە زۆر لەپێشتر وپێشترە کە فەتوا بۆ خەڵك نەدات بەبێ چاوڕۆشنی وبەبێ بەڵگەیەك ، دادوەریش بەهەمان شێوە ئەولاتر و ئەولاتریشە کە تێیدا دادوەران لەقەزاوەتیاندا قەزاوەت نەکەن جگە بەوە نەبێت کە لەکتێبەکەی خوای پەروەردگار و لەپێغەمبەری خواوە هاتووە .صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ. .

پوختەی ئەم چەند ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە :

١ ـ پێویست و واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك ئەوەیە : کە حوکم بەوە بکات کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ، و بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاڤە وئاشکرای کردووە ، بەبێ جیاوازی لەنێوان کاربەدەستان ، و زانا ، و کەسێکی ئاساییدا .

٢ ـ هەر سێ ئایەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ ، ﴿ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ لە سورەتی (المائدة) ــدا سەبارەت بەجولەکە وخاچ پەرست و بێ باوەڕان هاتووەتە خوارەوە ودابەزێنراوە .

٣ ـ نابێت بەبێ جیاوازی و وەکو خۆی ئەم حوکمە کە سەبارەت بە بێباوەڕان و جولەکە و خاچ پەرستان دابەزیوە بدرێت بەسەر موسڵمانانداا ـ کاربەدەست بن یان جگە لەکاربەدەستان ـ .

٤ ـ ئەم تاوانە ـ واتە : تاوانی حوکم کردن بە جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییەزاندووە ـ هەردوو جۆری کوفری لێدەخوێنرێتەوە :

کوفری گەورە : کە پێی دەووترێت (الكفر الأكبر) ، یان (الكفر الاعتقادي) : و خاوەنەکەی لەئیسلام دەردەکات و حوکمی پاشگەزبوونەوەی بەسەردا دەدرێت .

کوفری بچوك : کە پێی دەووترێت (الكفر الأصغر) ، یان (الكفر العملي) ، یان (كفر دون كفر) : کە بەتاوان دادەنرێت ، وخاوەنەکەی لەئیسلام دەرناکات ونابێت حوکمی پاشگەزبوونەوە بەسەر خاوەنەکەیدا بدرێت .

٥ ـ ئەگەر موسڵمانێك تەنها بەکردەوە بکەوێتە ئەم تاوانەوە ، کەچی بەدڵ پێچەوانەی بێتەوە ، ئەوا کوفرەکەی بە کوفری بچوك : (الكفر الأصغر = الكفر العملي = كفر دون كفر) دادەنرێت .

بەڵام ئەگەر بیروباوەڕێکی کوفری لە گەڵدا بێت ، وەکو :

[١] پێشخستنی ئەو حوکمە لەحوکمی خوای پەروەردگار .

[٢] یان : بەیەکسان دانانیان .

[٣] یان : دەربڕینی ئەوەی کە ئازادە لەپیادەکردنی حوکمی خوا یان جگە لەوە .

[٤] یان : حوکمی خوا بە پێویست نەزانێت .

[٥] یان : بەنکوڵی لێکردن (الجحود والإنكار) بۆ حوکمی خوای پەروەردگار !!! ـ با خۆشی بەموسڵمان بزانێت ، و ئەگەر لە تەنها حوکمێکی شەرعیشدا بێت ـ .

[٦] یان : لەبەر بەحەڵاڵ دانانی (الاستحلال) بۆ ئەو کارەی ، ... هتد .

ئەوا بەکافر دادەنرێت ، و کوفرەکەشی کوفری گەورەیە (الكفر الأكبر = الكفر الاعتقادي) ، و خاوەنەکەی لەئیسلام دەردەکات ، چونکە هاوبەشی بێ باوەڕان بووەتەوە لەبیروباوەڕیاندا ،

سەرەڕای ئەوەی کە بەکردەوەش هاوشێوەیان بووەتەوە ، بە پێچەوانەی یەکەم کە تەنها لەکرداردا هاوشێوەیان بووەتەوە ، نەك لەبیروباوەڕدا .

٦ ـ ئەگەر کەسێك حوکمی خوای پەروەردگاری لەڕوداوێکدا نەزانی وهەموو هەوڵ و کۆششێکی کرد و هەموو هەوڵەکانی خستەگڕ بۆ زانینی ئەو حوکمە کەچی هەر کەوتە هەڵەوە و حوکمی بەحوکێك کرد کە ئەوە نەبوو خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردبوو ، ئەوا ئەو کەسە بەهەڵە دادەنرێت ، و پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە لەبەرامبەر ئەو هەوڵ وکۆششەی کە کردوویەتی ، وخوای پەروەردگاریش لەهەڵەکەی دەبوورێت .

وە لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێم : کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە خۆی ڕاستی فەرمووە کە فەرموویەتی : ((ثُمَّ يُلَقِّبُنَا هَؤُلَاءِ ـ بِالْبَاطِلِ ـ مُرْجِئَةَ الْعَصْرِ !!!)) [1] ، واتە : پاشان ئەو جۆرە کەسانە ـ بە ناڕەوایی ـ پێمان دەڵێن : مورجیئەی سەردەم .

[1] (التعريف والتنبئة ، ص ١٠٨) .

📖 گومانان وشوبهەکی پێنجەم : ئۆمەتبارکردنی بەوەکی گواپا دەڵێت : کوفر بەکردەوە ڕووناداث !! بەڵکو تەنها بەبیروباوەڕ دەبێت !! ، واتە : کوفر حەصر دەکاث لە (بەدرۆدانان : التكذيب = نفي التصديق) کە بەپێوەستە بە دڵەوە :

مورجیئە لەبەر ئەوەی بیروباوەڕیان وایە کە ئیمان بریتیە : لەزانینی دڵ (الْـمَعْرِفَةُ) ، یان : زانین و بەڕاست دانانی دڵ (الْـمَعْرِفَةُ والتَّصْدِيْقُ) ، یان : ئەو دووەی پێشوو لە گەڵ ووتەی زمان کە ووتنی شایەتومانە (الْـمَعْرِفَةُ وَالتَّصْدِيْقُ ، وَقَوْلُ اللِّسَانِ) ، لە هەمووشیاندا ـ لەلای مورجیئە ـ کردەوەکانی ڕووکەش دەرکراون لەئیمان و بەش نین لێی !!! وە هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ڕووکەش ودڵدا !!! وە تاوان وسەرپێچیەکانی ڕووکەش کاریگەریان لەسەر ئیمانی دڵ نیە !!! کەواتە نابێت ـ لەلای ئەم گروپە گومڕایە ـ بەکردەوە کوفر ڕووبدات ، بەڵکو تەنها بە بیروباوەڕ (الإعتقاد) دەبێت ، کە پێی دەووترێت (بە درۆدانان : التَّكْذِيْبُ = نَفْيُ التَّصْدِيْقِ) و پەیوەستە بەدڵەوە ، نەك ئەندامەکانی لەش !!!

هەروەکو پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وإنَّ الـمرجئة هم الذين حصروا الكفر في التكذيب بالقلب ، وقالوا : كل من كفره اللَّه ، فلانتفاء التصديق في القلب بالرَّب !!!)) [1] ، واتە : مورجیئەکانن کە کوفریان تایبەت کردووە تەنها لە بەدرۆدانانی دڵ ، و ووتوویانە : هەموو ئەوانەی کە خوای پەروەردگار بەکافری داناوون ، لەبەر نەمانی بەڕاستدانانی دڵە بە پەروەردگار !!!

بەڵام ئەهلی سوننە و جەماعە سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ـ بە پێچەوانەی مورجیئە ـ فەرموویانە : کە کوفر بەبیروباوەڕ وکردەوە وگوفتاریش ڕوودەدات [2] ، و شەش جۆریشە ، کە ئەم جۆرانەی خوارەوەن :

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الشريط ، رقم : ٨٥٥ و ٨٥٦) .

[2] بەڵکو (علوي بن عبدالقادر السقاف) دەڵێت : ((بل حكى غير واحد الإجماع على أن الكفر يكون بالقول أو الفعل أو الاعتقاد)) (التوسط والاقتصاد في أن الكفر يكون بالقول أو الفعل أو الاعتقاد : ص١٢ ـ ١٣) .

یەکەم : (كُفْرُ التَّكْذِيْبِ) ، واتە : کوفری بەدرۆدانان .

دووەم : (كُفْرُ الْجُحُودِ) ، واتە : کوفری ئینکار ونکولێکردن .

سێیەم : (كُفْرُ الْعِنَادِ) ، واتە : کوفری سەرکەشی .

چوارەم : (كُفْرُ الْإِعْرَاضِ) ، واتە : کوفری پشت هەڵکردن .

پێنجەم : (كُفْرُ النِّفَاقِ) ، واتە : کوفری نیفاق ودووڕووی .

شەشەم : (كُفْرُ الشَّكِّ) ، واتە : کوفری شەك وگومان .

جا پاشان ولێرەدا بۆ ئەوەی موسڵمانان لەم تۆمەت ، ودرۆیە بەئاگابن کە خەڵکانێکی نەزان ولاڕێبوو بۆ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەیکەن وهەڵیدەبەستن و بەهۆی ئەوەشە ئەم پێشەوا بەڕێزە دەدەنە پاڵ گروپ وکۆمەڵی گومڕای مورجیئە !!! هەندێك لەووتە و ئیقڕارەکانی بەڕێزیان ـ لەم بارەیەوە ـ دەخەینەڕوو ، لەگەڵ لەسەرنووسینی چەند ڕوونکردنەوەیەك لە سەریان بۆ زیاتر ئاشکرا کردنی ئەو ڕاستیە .

ووتەی پێشەوا ئەلبانی سەبارەت بەوەی کە کوفر بەبیروباوەڕ وکردەوە وگوفتاریش ڕوودەدات :

ووتەی یەکەم : (خالد العنبري) لە ووتووێژێکید ـ لەگەڵ پێشەوا ئەلبانیدا ـ سەبارەت بە ئیمان وکوفر بەپێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەڵێت : ((إذاً فهمت منكم الآن أنكم تقولون : إن الكفر يكون بالاعتقاد . الإمام : نعم .

العنبري : ويكون أيضاً بالقول ، ويكون أيضاً بـ ... الإمام : بالعمل .

العنبري : بالعمل كمن استهزأ بآيات الله . الإمام : نعم .

العنبري : ورسوله . الإمام : لكن أقول من باب الإيضاح : إن هذا العمل يكون دالًّا على ما في القلب من الكفر ، لماذا هذا العمل كان كفراً ؟ لأنه دل على ما في القلب من الكفر .

العنبري : لا التكذيب . الإمام : آه .

العنبري : هل الكفر هذا التكذيب أم لا ؟ الإمام : التكذيب شيء ثاني .

العنبري : هذا هو . الإمام : آه .

العنبري : بارك اللَّه فيكم . الإمام : وفيكم بارك)) [1] .

واتە : (خالد العنبري) دەڵێت : کەواتە ئێستا تێگەشتم لێتان کە بەڕێزتان دەڵێن : کوفر بەبیروباوەڕ دەبێت ... پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : وە هەروەها کوفر بەووتە وبە ... پێشەوا ووتەکەی دەبڕێت ودەڵێت : بە کردەوەش دەبێت .

(خالد العنبري) : کوفرکردن بە کردەوە وەکو ئەو کەسەی کە گاڵتە بە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار دەکات ، پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : وە گاڵتەکردن بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ... پێشەوا ئەلبانی : بەڵام لێرەدا وەکو ڕوونکردنەوەیەك دەڵێم : ئەم کردەوەیە بەڵگە دەبێت لەسەر ئەوەی کە لەدڵدایە لەکوفر ، بۆ ئەم کردەوەیە کوفرە ؟ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدڵدا هەیە لەکوفر .

(خالد العنبري) دەڵێت : نەك کوفری بەدرۆدانان بێت ؟ پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : ئایا ئەم جۆرە کوفرە ـ واتە : گاڵتەکردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ـ کوفری بەدرۆدانانە یان نە ؟ پێشەوا ئەلبانی : بەدرۆدانان شتێکی ترە .

لەم بەڕووخستنەی (خالد العنبري) و ڕازیبوون وپشتگیریەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەووتەکان ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کوفر لەلای ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەبیروباوەڕ و ووتە وکردەوەش دەبێت .

وە پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ نموونە بەگاڵتەکردن وسوکایەتی بەئایەتەکان و پێغەمبەری خوا ﷺ دێنێتەوە لەسەر کوفرکردن بەکردەوە .

وە ئەوەش کە زیاتر بەریبوونی ئەم پێشەوایە ئاشکرا بکات لەئیرجا ئەوەیە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ڕوونکردنەوەیەك دەخاتەڕوو و دەڵێت : ((لكن أقول من باب الإيضاح : إن هذا العمل يكون دالاً على ما في القلب من الكفر ، لماذا هذا العمل كان كفراً ؟ لأنه دل على ما في القلب من الكفر)) ، واتە : بەڵام لێرەدا وەکو ڕوونکردنەوەیەك دەڵێم : ئەم

---

[1] (الوجه الأول من الشريط الثاني من : التحرير لأصول التكفير ، من سلسلة الهدى والنور) .

کردەوەیە بەڵگە دەبێت لەسەر ئەوەی کە لەدڵدایە لەکوفر ، بۆ ئەم کردەوەیە کوفرە ؟ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدڵدا هەیە لەکوفر .

ئەم ڕوونکردنەوەیەی پێشەوا کە دەڵێت ئەو کردەوە کوفریە ـ واتە : گاڵتەکردن و سوکایەتی کردن بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ ـ بەڵگەیە لەسەر کوفری دڵ ، بەو واتایە کە ئەم کارە ڕوونادات لەدڵێکی کافر و بێ بڕواوە نەبێت .

ئەمەش لە پێشەواوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەرپەرچ دانەوەیەکە بۆ مورجیئە ـ نەك هاودەنگ بوون لەگەڵیاندا !!! ـ چونکە ئەوان وادەزانن کە پەیوەندی نیە لەنێوان ڕووکەش ودڵدا !!! کە ئاکامی ئەوەیە ئەم کۆمەڵەیە کردەوە لەئیمان دەردەکەن !!! ئەگەر واشبێت دەڵێن : ئیمان لەدڵدا تەوا وکامڵ دەبێت بێ ئەوەی هیچ کردەوەیەك لەڕووکەشدا هەبێت !!! وکردەوەش نابێت بکرێتە بەڵگە بۆ کوفری دڵ !!! ئەگەرچی هەر تاوانێك بکەن تەنانەت ئەگەر بگاتە ئەوەی کە گاڵتە وسوکایەتی بکەن بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەشی ﷺ !!!

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومن استهزأ باللَّه وآياته ورسوله ، فهو كافر باطناً وظاهراً ، وأن من قال : إن مثل هذا قد يكون في الباطن مؤمناً باللَّه وإنما هو كافر في الظاهر ، فإنه قال قولاً معلوم الفساد بالضرورة من الدين)) [1] ، واتە : ئەو کەسەی کە سوکایەتی وگاڵتەبکات بەخوای پەروەردگار وئایەت وپێغەمبەرەکەی ، ئەوا ئەو کەسە کافرە لەناوەڕۆك وڕووکەشیدا ، وە ئەوەش کە بڵێت : کەسانی وا ڕەنگە لەناوەڕۆکدا باوەڕدار بێت بەخوای پەروەردگار ، بەڵکو تەنها لەڕوکەشدا کافرە ، ئا ئەو جۆرە کەسە ووتەیەکی ئاشکرا پوچەڵی ووتوە لەئایبندا .

---

[1] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٥٥٧ ـ ٥٥٨) .

و قال العلامة محمد ناصر الدين الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ ((لا شكَّ أنَّ هذا كفر اعتقادي ، بل هذا كفر له قرنان ؛ لأَنَّ الاستهزاء بآيات اللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ لا يمكن أَنْ يصدر من مؤمن مهما كان ضعيف الإيمان ، وهذا النوع من الكفر الذي يدخل في كلامنا السابق ، فاستهزاؤه بآيات اللَّه أكبر إقرار منه أَنَّه لا يؤمن بما استهزأ به ، فهو كافرٌ كفراً اعتقادياً)) (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول : شريط رقم : ٦٧٢) .

هەر لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وبين ـ أي اللَّه ـ تَعَالَى ـ أن الاستهزاء بآيات اللَّه كفر ، ولا يكون هذا إلا ممن شرح صدره بهذا الكلام ، ولو كان الإيمان في قلبه منعه أن يتكلم بهذا الكلام)) [١] ، واتە : وە ئەوەی ئاشکرا کردووە ـ واتە خوای پەروەردگار ـ کە سوکایەتی وگاڵتە بکات بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار کوفرە ، و ئەوەش ڕوونادانت جگە لەکەسێکەوە نەبێت کە دڵی ئارامە بەو ووتەیە ، چونکە ئەگەر ئیمانی لەدڵدا بێت ڕێگریدەکرد لەوەی کە ئەو ووتەیە بڵێت .

هەروەها پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەیەکێك لەووتەکانی تریدا ئەوە ئینکار دەکات کە کەسێك بەکردەوە بکەوێتە کوفری گەورەوە لەگەڵ ئەوشدا لەدڵدا ئیماندار بێت !!! و دەڵێت : شتی وا لەئیسلاما نیە ، هەروەکو فەرموویەتی : ((وألخص ما سبق : الكفر العملي الذي قد يكون كفراً اعتقاديّاً ـ كما قلتَ في أول جوابك هذا ـ لا بد أن يكون مربوطاً بالكفر الاعتقادي : أما كفر عملي وهو حكمه كالكفر الاعتقادي أي مرتد عن الملة ، وهو مؤمن بقلبه !!! هذا لا وجود له في الإسلام)) [٢] ، واتە : کورتەی ئەوەی پێشوو ئەوەیە کە : ئەو کوفرەی کە بەکردەوە ڕوودەدات ، و بەکوفری ئیعتیقادی دادەنرێت ـ هەروەکو لەسەرەتای وەڵامەکەت ئاشکرات کرد ـ پێویستە پەیوەست بێت بەکوفری ئیعتیقادیەوە ، بەڵام ئەوەی کە کوفرێکی کردەوەیی کە حوکمەکەی کوفری ئیعتیقادی بێت ـ واتە : پاشگەزبووبێتەوە لەئایین ـ لەگەڵ ئەوەشدا لەدڵدا ئیماندار بێت ! لەئیسلامدا شتی وا بوونی نیە !!!

کەواتە بە ڕای پێشەوا (ابن تيمية) ، و پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بن ـ : شتی وا لە ئیسلامدا نیە کە حوکم بدرێت لەسەر کەسێك کەوتووەتە کوفرێکی گەورەوە ، کەچی لە دڵدا ئیمانی تەواو و کاملی هەبێت .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە : ئەو ووتانەی کە زۆرجار پێشەوا دووپاتی دەکاتەوە کە ئەمە کوفرێکە بەکردەوە کراوە ، و بەڵگەشە لەسەر کوفری دڵ ناوەوەی ئەنجامدەری ، هەموو

---

[١] (الإيمان ، لشيخ الإسلام ابن تيمية : ص ٢٠٨) .

[٢] (سلسلة الهدى والنور ، الوجه الثاني : من الشريط الأول ، بعنوان : الكفر كفران ، رقم : ٨٢٠) .

بەرپەرچ دانەوەیە بۆ مورجیئە ـ نەك هاودەنگبوون لەگەڵیاند وەكو نەزانكار و بێئاگایان تووتی ئاسا دووباروەی دەكەنەوە !!! بێ ئەوەی بزانن ناوەڕۆكەكەی چیە ؟!!! ـ لەوەی كە دەڵێن : هیچ پەیوەندیەك لەنێوان دڵ و ڕووكەشدا نیە !!! وە بەرپەچدانەوەیانە لەماهیەتی ئیمان ، وماهیەتی كوفردا ، هەروەك ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەكۆتایی ووتووێژەكەیدا لە گەڵ (خالد العنبري) ئاماژەی پێدەكات بەوەی كە دەفەرموێت : ((التَّكْذِيْبُ شَيْءٌ ثَانٍ)) ، واتە : گاڵتەكردن و سوكایەتی بەئایەتەكانی خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەكەی ﷺ ، كوفری كردەوەیە ، و دەرچوون وپاشگەزبوونەوەیە لەئایین ، و دەرچوونە لێی ، بە پێچەوانەی مورجیئە كە بەكوفری بەدرۆدانان (كفر التكذيب = انتفاء أو نفي التصديق) ـی دادەنەن !!!

بەمەش ئەوە ئاشكرا دەبێت كە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم پرس وباسەدا پێچەوانەی زانایانی پێشین وسەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتە نیە ، بەڵكو هاودەنگە لەگەڵیاندا ، لەوەی كە كوفر : بە بیروباوەڕ وكردەوە وگوفتاریش ڕوودەدات ، و پێچەوانەیە لەگەڵ مورجیئە كە كوفر تایبەت دەكەن بەكوفری بەدرۆخستنەوە (كفر التكذيب = انتفاء أو نفي التصديق) !!!

ووتەی دووەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دوای ئەوەی كە بەدواداچوونێكی تێروتەسەلی كردووە بۆ فەرموودەی (الشَّفَاعَة) لەژێر ژمارەی (٣٠٥٤) ، و لەكتێبی (السلسلة الصحيحة) ـدا فەرموویەتی : ((فهذا نص قاطع في المسألة ، ينبغي أن يزول به النزاع بين أهل العلم الذين تجمعه العقيدة الواحدة ، التي منها : عدم تكفير أهل الكبار من الأمة المحمدية ، وبخاصة في هذا الزمان الذي توسع فيهم بعض المنتمين إلى العلم في تكفير المسلمين ، لإهمالهم القيام بما يجب عليهم عمله مع سلامة عقيدتهم ، خلافاً للكفار الذين لا يُصَلُّونَ تديناً وعقيدة ، واللَّه ـسُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ـ يقول : ﴿ أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾ (القلم : ٣٥ ـ ٣٦) .

لِما تقدم كنت أحب لابن القيم ـرَحِمَهُ اللَّهُ ـ أن لا يُغفل ذكر هذا الحديث الصحيح كدليل صريح للمانعين من التكفير ، وأن يجيب عنه إن كان لديه جواب ، وبذلك يكون قد أعطى البحث والإنصاف للفريقين دون تحيز لفئة .

نعم ، إنه لـمِمَّا يـجب علي أن أُنَوِّهَ به أنـه عقـد فصلاً خاصاً (فـي الـحكم بيـن الفريقيـن ، وفصل الـخطـاب بيـن الطائفتيـن) ، يسـاعد البَّـاحثَ علـى تفهم نصوص الفريقيـن فهمـاً صحيحاً ، فإنه حقق فيه تـحقيقاً رائعاً ما هو مسلَّم به عند العلمـاء ، أنه ليس كل كفر يقع فيه الـمسلم يـخرج به من الـملـة .

فمن الـمفيد أن أقدم إلـى القارئ فقرات أو خلاصات من كلامه التي تدل علـى مرامه ، ثم أُعَقِّبَ عليه بمـا يلزم مـما يلتقي مع هذا الـحديث الصحيح ، ويؤيد الـمذهب الرجيح .

لقـد أفـاد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ أن الكفر نوعـان : كفـر عمل ، وكفـر جحـود واعتقـاد . وأن كفر العمل ينقسم إلـى مـا يضاد الإيمـان ، وإلـى مـا لا يضـاده ، فالسجـود للصنم ، والاستهانة بالـمصحف ، وقتـل النبي وسَبُّهُ ، يضاد الإيمـان ... وأمـا الـحكم بغيـر مـا أنزل اللَّـه ، وترك الصلاة [1] ، فهو من الكفر العملـي قطعاً)) [2] .

واتە : ئەمە دەقێکی یەکلاکەرەوەیە لە پرس و باسەکەدا ، پێویستە بەهۆیەوە دووبەرەکێ لە نێوان ئەو زانایانەدا بڕێتەوە کە یەك بیروباوەڕ کۆیان دەکاتەوە ، لەو بیروباوەڕەش : بەکافردانەنانی کەسانی خاوەن کەبیرەیە ـ تاوانی گەورە ـ لە ئومەتی موحەممەدی ، وە بەتایبەت لەم سەردەمانەدا کە هەندێك لەوانەی کە دەدرێنە پاڵ زانستی شەرعی بەربلاویەکیان کردووە لە بەکافردانانی موسڵمانان ، لەبەر بایەخنەدانیان بەهەستان بەوەی کە خوای پەروەردگار پێویستی کردووە لەسەریان ، سەرەڕای دروستی بیروباوەڕیان ، بەپێچەوانەی بێ باوەڕانەوە کە نوێژ ناکەن وەکو دینداری وبیروباوەڕەوە ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾ (القلم : ٣٥ـ٣٦) .

---

[1] پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە نوێژ ئەوە دەڵێت : ((**قلت ـ الألباني ـ : قد يكون ذلك من الكفر الاعتقادي أحياناً ، وذلك إذا اقترن به ما يدل على فساد عقيدته ، كاستهزائه بالصلاة والمصلين ، وكإيثاره القتل على أن يصلي إذا دعاه الحاكم إليها ، كما سيأتي ، فتذكر هذا ، فإنه مهم**)) .

[2] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : ٧ / ١٣٤) .

لەبەر ئەوەی پێشوو حەزم دەکرد کە (ابن القیم) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم فەرموودە صەحیحەی لەیاد نەکردایە وەك بەڵگەیەکی ڕاشکاو بۆ ئەوانەی کە ڕێگرن لەحوکمدان بە کافرێتی نوێژنەکەر ، و وەلاّمیشی بدایەتەوە ئەگەر جەوابێکی پێ هەبایە بۆی ، وە بەوەش مافی لێکۆڵینەوەکەی دەدا و دادپەروەرێتی بەرامبەر بە هەردوو کۆمەڵەکە دەنواند ، بێ ئەوەی کە بەلایەکیاندا لاییداتەوە .

بەڵێ ، یەکێك لەوانەی کە من پێویستە کە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە بەشێکی تایبەتی لەژێر ناونیشانی (حوکمدان لەنێوان هەردوو لاکە ، و وتەی یەکلاکەرەوە لەنێوان دوو کۆمەڵەکە) نووسیوە ، یارمەتیدەری توێژەرە بۆ تێگەیشتنی بەڵگە ودەقی هەردوو کۆمەڵەکە بەشێوەیەکی دروست ، کە تێیدا تەحقیقێکی زۆر ناوازەی کردووە کە هەموو زانایان دانی پێدادەنێن ، ئەویش ئەوەیە کە : هەموو کوفرێك کە موسڵمانی تێدەکەوێت مەرج نیە پێی دەچێت لەئیسلام .

جا لەسودمەندیەکان ئەوەیە کە هەندێك بڕگە یان پوختە لەووتەکانی پێشکەش بە خوێنەران بکەم کە ئاماژە بەمەبەستەکانی دەکەن ، ولەسەر نووسینی بۆ بکەم بەوەی کە پێویست دەکات ، و یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەم فەرموودەیە ، وپاڵپشتی بۆچوونی پەسەند دەکات .

ئەوەی پێڕاگەیاندووین ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە کوفر دوو جۆرە : کوفری کردەوە ، کوفری نکوڵی لێکردن وبیروباوەڕ . وە ئەوەش کە کوفری کردەوە دابەشدەبێت بۆ : جۆرێك کە پێچەوانەی ئیمان ، و بۆ : ئەوەی کە پێچەوانەی ئیمان نابێتەوە ، جا سوژدەبردن بۆ بت و سوکایەتی و بێڕێزیکردن بەقورئانی پیرۆز وکوشتنی پێغەمبەر ، جنێوپێدانی ، پێچەوانەی ئیمان دەبێتەوە ... بەلاّم حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوای پەروەردگار داییبەزاندووە ، و نوێژنەکردن ، ئەوا بێگومان لەجۆری کوفری کرداریە .

کەواتە پێشەوا ئەلبانی هاودەنگە لەگەڵ پێشەوا (ابن القیم) ـدا لەو باسانەی سەرەوە کە یەکێکیان بریتیە لەوەی کە : کوفر بەکردەوە و بەبیروباوەڕیش دەکرێت ، ئەگەرنە دەبوایە ئەوەی ئینکاربکردایە ، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بەوەداوە کە ئەگەر هەر جێگەیەك لەووتەکانی پێویست بەلەسەرنووسین بکات ئەوا ئاشکرای دەکات ، دیارە ئەم باسە پێویستی بەهیچ نەکردووە ، بۆیە هیچی نەفەرمووە ، وبەسەریدا چووە !!!

ووتەی سێیەم : وە لەووتەیەکیدا فەرموویەتی : ((إن أنواع الكفر ستة أنواع : تكذيب ، وجحود ، وعناد ، وإعراض ، ونفاق ، وشك .

وإن الكفر لا يكون بالاعتقاد وحده ، بل : وبالاعتقاد ، والقول ، والعمل .

وإن المرجئة هم الذين حصروا الكفر في التكذيب بالقلب !! وذهبوا إلى أن : كل من كفّره الشارع ، فإنما كفّره لانتفاء تصديق القلب بالرب .تبارك وتَعَالَى. !!)) [١] .

واتە : جۆرەکانی کوفر شەش جۆرن : بەدرۆدانان وئینکار ونکولێکردن وسەرکەشی وپشت هەڵکردن ودووڕووی وگومان .

وە ئەوەش کە کوفر تەنها بەبیروباوەڕ نابێت ، بەڵکو بە : بیروباوەڕ و ووتە وکردەوەیە .

وە گروپی مورجیئەیە کە کوفریان حەصرکردووە لەبەدرۆدانانی دڵ !! و بۆ ئەوەش دەچن کە هەموو ئەوانەی کە شەرع بەکافری داناوون ، هەموو لەبەر ئەوەیە کە بەڕاست دانانی دڵی نەماوە بەخوای پەروەردگار !!!

وە لە ووتەیەکی تریدا هەمان واتا دووپات دەکاتەوە ، و دەفەرموێت : ((إن الكفر يكون : بالفعل ، والقول كالاستهزاء ، والاعتقاد . وإن أنواع الكفر ستة : تكذيب ، وجحود ، وعناد ، وإعراض ، ونفاق ، وشك . وإن المرجئة هم الذين حصروا الكفر في التكذيب بالقلب ، وقالوا : كل من كفره اللّه ، فلانتفاء التصديق في القلب بالرَّب)) [٢] .

واتە : بێگومان کوفر بەکردەوە و ووتە ـ وەکو سوکایەتی وگاڵتە پێکردن ـ وبیروباوەڕیش دەبێت . وە جۆرەکانی کوفریش شەش جۆرن : بەدرۆدانان وئینکار ونکولێکردن وسەرکەشی وپشت هەڵکردن ودووڕووی وگومان . وە گروپی مورجیئەن ئەوانەی کە کوفریان حەصرکردووە لە بەدرۆدانانی دڵ !! و دەڵێن : هەموو ئەوانەی کە شەرع بەکافری داناوون ، هەموو لەبەر ئەوەیە کە بەڕاست دانانی دڵی نەماوە بە خوای پەروەردگار !!!

---

[١] (سلسلة الهدى والنور ، الشريط رقم : ٨٥٦ : الدقيقة ٠٠:٧) .

[٢] (سلسلة الهدى والنور : الشريط ، رقم : ٨٥٥) .

ووتەی چوارەم : وە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە کتێبە زۆر بەسوودەکەیدا (سلسلة الأحاديث الصحيحة) ـدا هەمان واتا دووپات دەکاتەوە : ((الكفر يكون : باللسان ، والقلب ، والجوارح : تكذيبا ، وجحودا ، وعنادا ، ونفاقا ، وإعراضا ، وشكا)) [1] ، واتە : کوفر بەزمان ودڵ وئەندامەکانی لەش ئەنجام دەدرێت : بەدرۆدانان بێت یان ئینکار ونکوڵیکردن وسەرکەشی ودووڕووی وپشت هەڵکردن وگومان بێت .

هەروەها ئەوەش کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە لەووتووێژەکەیدا لەگەڵ (خالد العنبري) ـدا ئیقراری دەکات ، کە جۆرەکانی کوفر شەش جۆرن ، و هیچ نکوڵیەکی لەوە نیە ، وهاودەنگە لەگەڵ زانایانی ئەهلی سوننەدا ، وە ئەوەشی دەرنەبڕی هەروەکو ـ نەزانکار و لاسایی کارانی تووتی ئاسایان ـ دەیڵێن وئەم پێشەوایەی پێ تۆمەتبار دەکەن .

لە کۆتایی ئەم خستنەڕووەی ئەم ووتانەی پێشەوا ئەلبانی دەگەین بەوەی کە :

نیسەبتدانی ئەم تۆمەتە بۆ لای پێشەوا ئەلبانی ـ کە گوایا لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کوفر بەکردەوە ڕوونادات !!! بەڵکو تەنها بەبیروباوەڕ ودڵ دەبێت ، واتە : کوفر حەصر دەکات لە : (بە درۆدانان : التَّكْذِيْب = نَفْيُ التَّصْدِيْقِ = أَو : انْتِفَاءُ التَّصْدِيْقِ) !!! ـ ووتەیەکی بێ بنەوایە و پێچەوانەی ئەو ڕاستیەیە کە شێخ ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ تا لەژیاندا بووە ـ لە ووتە و نووسینەکانیدا ـ دووپاتی کردووە و لە سەری بووە .

---

[1] (السلسلة الصحيحة ، للألباني : الجزء السابع ، صفحة : ١٣٤) .

کەچی گەنجانێکی نەزانکاری تەکفیری دەڵێن : ((**بل عجبا لهذا الشيخ الفاضل الجليل** (الشيخ الألباني) **كيف وافق المرجئة موافقة شديدة في بعض مسائل الإيمان والتكفير** ؟! **ويحصر الكفر في استحلال القلبي أو التكذيب والجحود** !!)) (القول المبين في الحكم بغير ما أنزل اللّه بين السلفية الحق ومرجئة العصر، لمجهول !!!) .

📖 گومان وشوبهەی شەشەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە هیچ کردەوەیەك لەلای ئەو خۆی بۆ خۆی کوفر نیە ، بەڵکو نیشانە و بەڵگەیە لەسەر کوفر ، کە ئەمەش بۆچوونی مورجیئەیە :

یەکێك لەبووچوونەکانی مورجیئەی گومڕا ئەوەیە کە هیچ کردەوە و ووتەیەك خۆی بۆخۆی بەکوفر نازانن ، بەڵکو بەنیشانە وبەڵگەی دەزانن لەسەر کوفر !!! هەروەکو پێشەوا (ابن حزم) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وقال هؤلاء : إنَّ شتم اللَّه ـ عَزَّوَجَلَّ ـ وشتم رسول اللَّه ليس كفراً لكنَّه دليل على أنَّ في قلبه كفر)) [1] ، واتە : وە ئەوان ـ واتە مورجیئەکان ـ ووتوویانە : جنێودان وسوکایەتی کردن و جنێودان بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ کوفر نیە ، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە دڵیدا کوفر هەیە .

وە پێشەوا (ابن كثير) یش سەبارەت بە (بِشْر الـمِرِّيْسِيِّ) فەرموویەتی : ((وكان مرجئيّاً وإليه تُنسب الـمريسية من الـمرجئة ، وكان يقول : إنَّ السجود للشمس والقمر ليس بكفر ، وإنَّما هو علامة الكفر)) [2] ، واتە : ئەو کەسێکی مورجئی بوو ، و نیسبەتی گروپی مریسیەکانی مورجیئەی دەدرێتە پاڵ ، وە یەکێك لەووتەکانی ئەوە بوو کە دەیووت : سوژدەبردن بۆ خۆر ومانگ کوفر نیە !!! بەڵکو نیشانەی کوفرن !!!

کەواتە : مورجیئەکان دەڵێن : گوفتار وکردارە کوفریەکان خۆیان بۆ خۆیان کوفر نین ، بەڵکو نیشانە وبەڵگەن لەسەر کوفر ... جیاوازیشیان لەگەڵ ئەهلی سوننە و جەماعە لەوەدایە کە : ئەهلی سوننە خودی کردەوەکەش خۆی بۆ خۆی بەکوفر دەزانن ، بەدەر لەوەی کە بەڵگەشە لەسەر کوفری دڵ ، و بەتاڵی لەئیمان .

لێرەدا ئەم پرسیارە دەکەین کە ئایا پێشەوا ئەلبانی بەم ووتەیەی فەرمووە ؟!!

یان تێگەیشتنی هەڵەی تۆمەتبارکارانە لەووتەکانی پێشەوا ، و پاشان لێکدانەوەی لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی خۆیان ؟!!!

---

[1] (الفصل في الملل ، لابن حزم الأندلسي : ٣ / ١١١) .

[2] (البداية والنهاية ، لابن كثير : ١٠/ ٢٨١) .

ئەوەی کە تۆمەتبارکاران بۆ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەیهێننەوە لەم گومانەیاندا ئەوەیە کە پێشەوا ئەلبانی لەووتەیەکیدا فەرموویەتی : ((هذا العمل يكون دالًّا على ما في القلب من الكفر ، لـماذا هذا العمل كان كفراً ؟ لأنَّه دلَّ على ما في القلب من الكفر)) [١] ، واتە : ئەم کردەوەیە بەڵگە دەبێت لەسەر ئەوەی کە لەدڵدایە لەکوفر ، بۆ ئەم کردەوەیە کوفرە ؟ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدڵدا هەیە لەکوفر .

بەڵام پێویستە لەسەر کەسانی دادوەر و فێرخوازانی زانستی شەرعی بەووردی تێڕامانیان بۆ ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی هەبێت ، و لێکدانەوەی بۆ بکەن ، بەوەش ڕاستی وناڕاستی ووتەی نەیارانیان بۆ ئاشکرا دەبێت ، و ئەو ووتانەش ـ لەووتەکانی تری پێشەوا ـ بێننەوە کە ئەم ووتەیەی زیاتر ڕوون دەکاتەوە ، بۆیە بەپشتیوانی خوای پەروەردگار دەووترێت :

ئەم ووتەیە بەشێکە لەووتەیەکی پێشەوا ئەلبانی کە لە ووتووێژێکدا لەگەڵ (خالد العنبري) فەرموویەتی ، کە ئەمە شوێنی پێویستی ئەو ووتووێژەیە : ((إذاً فهمت منكم الآن أنكم تقولون : إن الكفر يكون بالاعتقاد . الإمام : نعم .

العنبري : ويكون أيضاً بالقول ، ويكون أيضاً بـ ... الإمام : بالعمل .

العنبري : بالعمل كمن استهزأ بآيات اللَّه . الإمام : نعم .

العنبري : ورسوله . الإمام : لكن أقول من باب الإيضاح : إن هذا العمل يكون دالًّا على ما في القلب من الكفر ، لـماذا هذا العمل كان كفراً ؟ لأنه دل على ما في القلب من الكفر .

العنبري : لا التكذيب . الإمام : آه .

العنبري : هل الكفر هذا التكذيب أم لا ؟ الإمام : التكذيب شيء ثاني .

العنبري : هذا هو . الإمام : آه .

العنبري : بارك اللَّه فيكم . الإمام : وفيكم بارك)) [٢] .

---

[١] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول ، الشريط الثاني : التحرير لأصول التكفير ، رقم : ٨٥٦) .

[٢] (المصدر نفسه) .

واتە : (خالد العنبري) دەڵێت : کەواتە ئێستا تێگەشتم لێتان کە بەڕێزتان دەڵێن : کوفر بە بیروباوەڕ دەبێت ... پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : وە هەروەها کوفر بە ووتە و بە ... پێشەوا ووتەکەی دەبڕێت و دەڵێت : بە کردەوەش دەبێت .

(خالد العنبري) : کوفرکردن بە کردەوە وەکو ئەو کەسەی کە گاڵنە بە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار دەکات ، پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : وە گاڵتەکردن بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ... پێشەوا ئەلبانی : بەڵام لێرەدا وەکو ڕوونکردنەوەیەك دەڵێم : ئەم کردەوەیە بەڵگە دەبێت لەسەر ئەوەی کە لەدڵدایە لەکوفر ، بۆ ئەم کردەوەیە کوفرە ؟ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدڵدا هەیە لەکوفر .

(خالد العنبري) دەڵێت : نەك کوفری بەدرۆدانان بێت ؟ پێشەوا ئەلبانی : بەڵێ .

(خالد العنبري) : ئایا ئەم جۆرە کوفرە ـ واتە : گاڵتەکردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ـ کوفری بەدرۆدانانە یان نە ؟ پێشەوا ئەلبانی : بەدرۆدانان شتێکی ترە .

جا نازانم لەکوێ ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەروەکو نەیارن دەیڵێن !!! ـ فەرموویەتی کە ئەو کردارە کوفر نیە خۆی لەخۆیدا ؟!! بەڵکو بگرە بەپێچەواوە پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەووتەکەیدا بەڕاشکاوی ئەوە جێگیردەکات کە : سەرەڕای ئەوەش کە کردەوەکە بەڵگەیە لەسەر کوفری دڵ ، خۆی بۆ خۆی کوفریشە !!! هەروەك فەرموویەتی : ((لماذا هذا العمل كان كفراً ؟)) !!! واتە : بۆ ئەم کردەوەیە کوفرە ؟

کەواتە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەو برگەیە جێگیرکردن وسەلماندنی کوفرێتی ئەو کرادارەیە !!! نەك نەسەلماندن ونەفی کردنی ؟!!!

ئەم ڕوونکردنەوەش لەپێشەوا ئەلبانیەوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ بۆچوونی هەڵەی مورجیئە گومڕاکان کە دەڵێن : هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ڕووکەش و دڵدا !!! ئەمە لە لایەکەوە .

لە لایەکی تریشەوە : بێگومان ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ جیاوازە لەو ووتەیەی مورجیئە گومراکان ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە : ((ففرق بين من يقول هذا العمل ، أو القول كفرٌ لكذا ، و بين من يقول هذا ليس كفراً لكنَّه دليل أو علامةٌ على الكفر ، فالأوَّل يثبت الكفر ويعلِّلهُ ، و الآخر ينفي الكفر ويثبت دليله أو علامته)) [١] .

واتە : جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی کەسێك بڵێت : ئەم کردەوەیە ، یان ئەم ووتەیە کوفرە لەبەر ئەوە ، لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت : ئەمە کوفر نیە !!! بەڵکو بەڵگە و نیشانەیە لەسەر کوفر ، چونکە یەکەمیان : کوفرێتی جێگیر دەکات و پاشان هۆکارەکەی دێنێتەوە ، کەچی دووەمیان : نەفی کوفرەکە دەکات ، و بەڵگە و نیشانەکەی جێگیر دەکات !!!

پێشەوا ئەلبانیش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو ووتەیەیدا (يثبت الكفر ويعلِّلهُ) کوفرەکە جێگیر دەکات ، و تەعلیلیشی دەکات ... و لەو کارەیدا پێچەوانەی بنەواکانی ئەهلی سوننە نیە ، بەڵکو پێچەوانەی مورجیئە بووەتەوە !! چونکە بەڕاشکاوی دەڵێت : کە ئەو کارە خۆی بۆ خۆی کوفرە ، بەڵکو کوفرێکی شاخداریشە ، هەروەك فەرموویەتی : ((لا شكَّ أنَّ هذا كفر اعتقادي ، بل هذا كفر له قرنان ؛ لأنَّ الاستهزاء بآيات اللَّه ـعزَّوجلَّ ـ لا يمكن أنْ يصدر من مؤمن مهما كان ضعيف الإيمان ، وهذا النوع من الكفر الذي يدخل في كلامنا السابق ، فاستهزاؤه بآيات اللَّه أكبر إقرار منه أنَّه لا يؤمن بما استهزأ به ، فهو كافرٌ كفراً اعتقادياً)) [٢] .

واتە : گومان لەوەدا نیە کە ئەمە کوفرێکی ئیعتیقادیە ، بەڵکو ئەمە کوفرێکی شاخدارە ، چونکە جنێودان گاڵتەکردن بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار هەرگیز لەکەسێکی ئیمانداروە ناوەشێتەوە ، هەرچەند ئیمانەکەی لاواز بێت ، وە ئەم جۆرە کوفرەیە کە دەڕواتە ژێر ووتەی پێشومان ، چونکە جنێودان وگاڵتەکردنی بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار گەورەترین سەلماندن و

---

[١] (التوسط و الاقتصاد في أن الكفر يكون بالقول أو الفعل أو الاعتقاد ، علوي بن عبدالقادر السقاف : ص٢١) .

[٢] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول من الشريط رقم : ٦٧٢) .

دان پیانانێکە لێیەوە کە ئەو هیچ ئیمانێکی نیە بەوەی کە جنێو وگاڵتەی پێ دەکات ، وکافرێکە کە کوفرەکەی کوفری ئیعتیقادی بێت .

بەمەش هەڵەی (الـمراكشـيُّ) دەردەکەوێت لە پەڕە (٦٤) ـی ڕەشنووسەکەیدا !!! کە نیسبەتی ئەو تۆمەتە دەداتەپاڵ پێشەوا ئەلبانی بەڕەحمەت بێت .

📖 گومان و شوبهەی حەوتەم : تۆمەتبار کردنی پێشەوا ئەلبانی بەوەی کە کەس بەکافر نازانێت ئاکو مەبەستی کوفرەکەی نەبێت (قَصْدُ الْكُفْرِ) نەك مەبەستی کردەوەکە (قَصْدُ الْفِعْلِ) !!! :

پێش چوونە سەر لێکدانەوەی ئەم شوبهەیە وابەباش دەزانم کە پێویست بکات بەوەی کە چەند خاڵ و ڕوونکردنەوەیەك بخەینەڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

یەکەم : واتای (قَصْدُ الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ فِي الْكُفْرِ) بوونی مەبەست لە کردار و گوفتاری کوفریدا ، جیاوازە لە واتای (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) مەبەستبوونی کوفر لە کردار و گوفتاری کوفریدا :

یەکەم ڕوونکردنەویەك کە پێویستە لێرەدا بخرێتەڕوو ئەوەیە کە موسڵمان دەبێت جیاوازی بکات لەنێوان (قَصْدُ الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ فِي الْكُفْرِ) واتە : بوونی مەبەست لەکردار وگوفتاری کوفریدا ، و (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) واتە : مەبەستبوونی کوفر لەکردار وگوفتاری کوفریدا ، چونکە ئەگەر ئەمە نەکات ئەوا ڕەنگە بکەوێتە هەڵەوە .

ئاشکراشە نەبوونی یەکەمیان : ڕێگرێکە لەڕێگرەکانی حوکم دان بەکافرێتی کەسی دیاریکراوی ئەنجامدەر ، کەچی دووەمیان : هیچ کەسێك نیە کە ووتەیەکی کوفری یان کردارێکی کوفری ئەنجام بدات ، و لەهەمان کاتدا مەبەستی کەوتنە کوفر بێت ، هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وبالجملة فمن قال أو فعل ما هو كُفْر ، كَفَرَ بذلك ، وإن لم يقصد أن يكون كافراً ، إذ لا يقصد الكفر أحدٌ إلا ما شاء اللَّه)) [1] ، واتە : بەگشتی هەر کەسێك ووتەیەك یان کردەوەیەك بکات کە کوفر بێت ، بەوە کافر دەبێت ، ئەگەرچی مەبەستی ئەوە نەبێت کە کافر بێت ، چونکە هیچ کەسێك مەبەستی کوفر ناکات ، ئیللا مەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت .

وە پێشەوا (الحافظ ابن حجر) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە لێکدانەوە و واتاکردنی فەرموودەی : ((يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّيْنِ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ)) ، واتە : لەئاین دەردەچن

---

[1] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية ، ص ١٧٧ ـ ١٧٨) .

هەروەکو چۆن تیر لەکەوان دەردەچێت ، کە سەبارەت بە خەواریج ووتراوە ـ فەرموویەتی : ((وفيه أن من المسلمين من يخرج من الدين من غير أن يقصد الخروج منه ، ومن غير أن يختار دينا على دين الإسلام)) [1] ، واتە : وە ئەوەش لەم فەرموودانە هەیە کە کەسانی وا هەیە لە موسڵمانان دەردچن لە ئایین بێ ئەوەی مەبەستی لێدەرچوونی هەبێت ، وە بەبێ ئەوەی کە ئایینێك جگە لە ئیسلام هەڵبژێرێت .

بۆیە دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان بوونی مەبەسەت لەووتە وکردارە کوفریەکاندا ، لەگەڵ بوونی مەبەستی خودی کوفرەکە بەووتە وکردەوەکە ، چونکە بەڵگەکان پاڵپشتی واتای یەکەمن ، کەچی دووەم هیچ بەڵگەیەك نیە پاڵپشت وپشت ڕاستی بکاتەوە ، هەروەکو لە ووتەکەی پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و زانایانی تر ئاشکرا بوو .

جۆری یەکەم لە مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك ووتەیەکی کوفری بڵێت وتێیدا مەبەستی ووتەکەی هەبێت ، واتە وەکو هەڵەیەك بەسەر زاریدا نەیەت ، ئەم جۆرە مەبەستە پێویستە بۆ حوکم دان لەسەر بێژەرەکەی ، چونکە ئەگەر مەبەستی نەبێت ، و بکەوێتە هەڵەوە ، وەکو ئەو پیاوەیە کە لەفەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە ووتی : ((اللَّهُمَّ أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ !!)) ، واتە : خوایا تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم !! دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ووتەیە ووتەیەکی کوفریە ، کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ)) [2] ، واتە : کەوتە هەڵەوە لە زۆری خۆشحاڵیدا !!!

ئەم حوکمەش بۆچی ؟ لە وڵامدا دەوترێت : لەبەر ئەوەی مەبەستی ووتەکە (قصد القول) ـی نەبوو ، بەڵکو تەنها سەرزارەکی بوو ، و دڵ لێی بێ ئاگابوو .

هەر لەم باریەوە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ وَلَكِنْ مَا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ﴾ (الأحزاب : ٥) ، واتە : هیچ تاوانێکتان

---

[1] (فتح الباري ن للحافظ ابن حجر العسقلاني : ١٢/ ٣٠١ـ٣٠٢) .

[2] (متفق عليه) .

لەسەر نیە لەوەی کە تێیدا دەکەونە هەڵەوە ، بەڵام لەوەی کە بەئەنقەستەوە دەیکەن تاوانتان لەسەرە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەروەردگار لێبوردە و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندکانی .

بەڵام جۆری دووەم لە مەبەست : ئەوەیە کەسێك بزانێت ، و هیچ فشار و زۆرەملێیەکی لەسەر نەبێت کەچی ووتەیەك یان کردەوەیەکی کوفری دەکات ، بەڵام دەڵێت : من مەبەستم ئەوە نەبوو بکەومە کوفرەوە !!! مەبەستم ئەوە نەبوو پێی کافرببم !!! مەبەستم شتێکی تربوو !!! ووتەی خوای پەروەردگاریش بەڵگەیە ـ لەسەر ئەوەی کە ئەم بیانووەی هیچ دادی بێژەر و ئەنجامدەرەکەی نادات ، ونابێت بەپاساوێك بۆ ڕێگرتن لەحوکمدان بەکافربوونی ـ کە فەرموویەتی : ﴿ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ [1] (التوبة : ٦٥ ، ٦٦) ، واتە : وە ئەگەر پرسیار لە دووڕوان بکەیت سەبارەت بەوەی کە بەرامبەر بەموسڵمانان دەیانووت ، لە وەڵامدا دەڵێن : ئێمە تەنها خەریکی دەمەتەقێی و بەسەربردنی کات بووین و هیچ مەبەستی تانەدان وگاڵتەپێکردنمان نەبوو ، تۆش پێیان بڵێ : ئایا گاڵتەتان بەخوای پەروەردگار وئایەتەکانی وپێغەمبەرەکەی ﷺ دەکرد ، بەهانە وعوزخوایی مەکەن ئێوە دوای ئەو ئیمانەی کە ئیدیعاتان دەکرد کوفرتان کردووە .

وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْناً ﴾ (الكهف : ١٠٣ ـ ١٠٥) ، دەبینین خوای پەروەردگار حوکمی کافرێتی بۆ جێگیر کردوون ، سەرەڕای ئەوەی کە وایان زانیوە کە چاکە دەکەن !!! بەبێ ئەوەی کە مەبستیشیان کوفر بێت کە پێچەوانەی ئەو چاکەیەیە کە مەبەستیان بووە ، چونکە

---

[1] شێخ (ناصر السعدي) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. فەرموویەتی : ((وفي هذه الآيات دليل على أن من أسر سريرة خصوصا السريرة التي يمكر فيها بدينه ويستهزئ به وبآياته ورسوله فإن اللَّه .تَعَالَى. يظهرها ويفضح صاحبها ويعاقبه أشد العقوبة . **وأن من استهزأ بشيء من كتاب الله أو سنة رسوله الثابتة عنه أو سخر بذلك أو تنقصه أو استهزأ بالرسول أو تنقصه فإنه كافر بالله العظيم** ، وأن التوبة مقبولة من كل ذنب ، وإن كان عظيما)) (تفسير السعدي : ١ ـ ٣٤٢) .

ئەگەر ووردبینەوە دەبینین : ئەو جۆرە کەسانە ڕازی نین بەوەی کە هەڵەبن چ جای ئەوەی کە ڕازی بن بەوەی کە مەبەستیان کوفرکردن بێت ؟!!! بەڵام کەچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً ﴾ .

بەڵکو ئەگەر ووردبینەوە لە هەموو دیانەت و میلەتەکانی تر کە خوای پەروەردگار حوکمی کوفری بەسەردا داوون لەگاور وخاچ پەرستان و ... هتد ، هیچیان ناڵێن : ئێمە مەبەستمان لەکردەوەکانماندا کوفرکردنە !!!! بەڵکو ئەگەر تۆش ئەوە بڵێت : تۆمەتی کافرێتیت دەدەنەپاڵ ، و بەکافرت دەزانن !!!!

پێشەوا (ابن جرير الطبري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا فەرموویەتی :

((و قوله : ﴿ وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً ﴾ يقول : وهم يظنون أنهم بفعلهم ذلك للَّه مطيعون ، وفيما ندب من عباده إليه مجتهدون ، وهذا من أدل الدلائل على خطأ قول من زعم أنه لا يكفر باللَّه أحد إلا من حيث يقصد إلى الكفر بعد العلم بوحدانيته)) [1] ، واتە : خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا : ﴿ وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً ﴾ دەڵێت : گومانیان وایە کە ئەوان وەك گوێڕایەڵێەك بۆ خوای پەروەردگار ئەوە ئەنجام دەدەن ، وە لەوەش کە ئەنجامی دەدات لەو بەندانەیە کە کۆششیان بۆ لای خوای پەروەردگارە ، وە ئەمەش یەکێکە لە ئاشکراترینی ئەو بەڵگانەی کە بەڵگەن لەسەر هەڵەیەتی ئەو ووتەیەی کە دەڵێت : هیچ کەسێك لەوانەی کە باوەڕیان بە تاکێتی خوای پەروەردگار هێناوە کافر نابێت ، ئیللا کەسێك نەبێت لەکردەوە کوفرێکانیدا مەبەستی خودی کوفرەکە نەبێت .

وە پێشەوا (ابن تيمية) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەلێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : ((فقد أخبر أنهم كفروا بعد إيمانهم مع قولهم : إنا تكلمنا بالكفر من غير اعتقاد له ، بل كنا نخوض ونلعب ، وبين أن الاستهزاء بآيات اللَّه كفر ، و لا يكون هذا إلا ممن شرح صدره بهذا الكلام ، ولو كان الإيمان في قلبه منعه أن يتكلم بهذا الكلام)) [2] ، واتە :

---

[1] (تفسير الطبري : ١٨ / ١٢٨) .

[2] (مجموع الفتاوى ، لابن تيمية : ٧ / ٢٢٠) .

خوای پەروەردگار هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئەوان کوفری خوای پەروەردگاریان کردووە دوای ئەو باوەڕەیان ، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە دەیانووت : ئێمە ئەو ووتە کوفریانەمان ووتووە بەبێ ئەوەی کە باوەڕمان پێ هەبێت ، بەڵکو ئێمە تەنها بۆ بەسەربردنی کات و ڕێگەکە و یاریکردن بوو ، وە ئەوەی ئاشکرا کردووە ـ واتە خوای پەروەردگار ـ کە سوکایەتی وگاڵتە بکات بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار کوفرە ، و ڕوونادانت جگە لەکەسێکەوە نەبێت کە دڵی ئارامە بەو ووتەیە ، چونکە ئەگەر ئیمانی لەدڵدا بێت ڕێگری دەکرد لەوەی کە ئەو ووتەیە بڵێت .

پوختەی ووتەش ئەوەیە کە نەبوونی : (قَصْدُ الْعَمَلِ الْمُكَفِّرِ) پاساو و ڕێگرێکە لەپێش حوکمدان بەکافربووندا ، بەڵام ئەوەی کە پێی دەووترێت : (قَصْدُ الْكُفْرِ) هیچ ڕێگر و پاساوێك نیە وهیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت لەباس وپرسی بەکافرکردندا .

دووەم : بەمەرجدانانی بوونی مەبەست لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ فِي الْكُفْرِ) **بۆ حوکمدان لەسەر ئەنجامدەری بەکافرێتی ، بۆچوونی ئەهلی سوننە وجەماعەیە :**

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والفعل إذا آذى النبي ﷺ من غير أن يعلم صاحبه أنه يؤذيه ، ولم يقصد صاحبه أذاه فإنه ينهى عنه ويكون معصية ، كرفع الصوت فوق صوته ، فأما إذا قصد أذاه أو كان مما يؤذيه وصاحبه يعلم أنه يؤذيه ، وأقدم عليه مع استحضار هذا العلم ، فهذا الذي يوجب الكفر وحبوط العمل))[1] ، واتە : هەر کردارێك ئەگەر ئەزیەتی پێغەمبەری خوا بدات ﷺ ، بە بێ ئەوەی خاوەنەکەی بزانێت کە ئەزیەتی دەدات ، وە خاوەنەکەشی مەبەستی ئەوە نەبێت کە ئەزیەتی بدات ، ئەوا یاساغی (نەهی) لێدەکرێت ، و بەتاوان دادەنرێت ، وەکو دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر دەنگیدا ، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەزیەتدانی بێت ، یان لەو شتانە بێت کە ئەزیەتی دەدەن ، و خاوەنەکەشی دەیزانی کە ئەزیەتی دەدات ، و ئەنجامی بدات لەگەڵ بوونی ئەو زانینە ، ئەوا ئەو شتەیە کە کوفر پێویست دەکات ، و کردەوەکان بەتاڵ دەکاتەوە .

---

[1] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية : ٢ / ١٢٠) .

وە پێشەوا (ابن القيم) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والكلام إذا لم يُرِدْ به قائله معناه ، إما لعدم قصده له ، أو لعدم علمه به ، أو أنه أراد به غير معناه : لم يلزمه ما لم يرد به كلامه . هذا دين اللّه الذي أرسل به رسله)) [١] ، واتە : ووتە ئەگەر بێژەرەکەی مەبەستی واتاکەی نەبێت ، لەبەر ئەوەی کە مەبەستی ئەوە نەبووە ، یان : لەبەر نەزانینی بۆ ئەو واتایەی ، وە یان : مەبەستی لە ووتەکەیدا واتایەکی ترە جگە لەواتاکەی خۆی ، ئەو کاتە خوازیاری ئەوەی ناخرێتە سەر کە ووتەکەی مەبەستی نیە . ئەمەش ئایینەکەی خوای پەروەردگارە کە بە پێغەمبەرانیدا ناردوویەتی .

کەواتە لە شەرعدا بوونی مەبەستی گوفتار وکردار یەکێکە لەپێویستەکان بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەرەکەی ، و نەبوونی ئەو مەبەستەش ڕێگرێکە لەبەردەم دابەزاندن ودانی ئەو حوکمە لەسەر ئەنجامدەرەکەی .

بەڵگەی ئەوەش ووتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ وَلَكِنْ مَا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ﴾ (الأحزاب : ٥) ، واتە : هیچ تاوانێکتان لەسەر نیە لەوەی کە تێیدا دەکەونە هەڵەوە ، بەڵام لەوەی کە بەئەنقەستەوە دەیکەن تاوانتان لەسەرە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەروەردگار لێبوردە و بەبەزەییە بەرامبەر بەبەندکانی .

وە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خواش ﷺ کە باس لەپیاوێك دەکات لەدەشت و چۆڵەوانیەك ووشتر وکۆڵبارەکەی وون دەکات ، پاشان کە دەیدۆزێتەوە لەزۆری خۆشحاڵیدا دەڵێت : ((اللَّهُمَّ أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ !!)) ، واتە : خوایا تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم !! کەچی دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ووتەیە ووتەیەکی کوفریە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ)) [٢] ، واتە : کەوتە هەڵەوە لەزۆری خۆشحاڵیدا !! ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مەبەستی ووتەکە (قَصْدُ الْقَوْلِ) ـی نەبوو ، بەڵکو تەنها سەر زارەکی بوو ، و دڵ لێی بێ ئاگابوو ، بەهۆی زۆری خۆشحاڵیەوە .

---

[١] (إعلام الموقعين ، لابن القيم : ٤ / ٤٠٣) .

[٢] (متفق عليه) .

بەم شێوەیە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پێویستە مەبەستی ووتە وکردەوەکە ڕەچاو بکرێت ، لە کاتی حوکم دان لەسەر تاك وکەسی دیاریکراودا .

سێیەم : بە مەرجدانانی مەبەستبوونی خودی کوفرەکە لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ والْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) **بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەری بە کافرێتی ، بۆچوونێکی هەڵەیە :**

بۆچوونێکی هەڵەیە ئەوەی کە بووترێت : مەبەستبوونی خودی کوفرەکە لەکردار و گوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) مەرجێکە لەمەرجەکان بۆ حوکم دان لەسەر بەکافرکردنی دیاریکراوێك !!! چونکە هیچ کەسێك نیە تەنانەت گاور وخاچ پەرستان وموشریك وگۆڕپەرستانیش کە بڵێت من مەبەستم ـ لەم کردەوە وگوفتارە ـ دەرچوونە لەئاین و کەوتنە کوفرە !!! هەروەکو پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((و بالـجملة : فمن قال ، أو فعل ما هو كفر ، كفر بذلك ، وإن لـم يقصد أن يكون كافرا ، إذْ لا يقصد الكفر أحد إلا ما شاء اللَّـه)) [1] ، واتە : بەگشتی هەر کەسێك ووتەیەك یان کردەوەیەك بکات کە کوفر بێت ، بەوە کافر دەبێت ، ئەگەرچی مەبەستی ئەوە نەبێت کە کافر بێت ، چونکە هیچ کەسێك مەبەستی کوفر ناکات ، ئیللا مەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت .

---

[1] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية : ٣ / ١٨٤) .

چوارەم : لەو کرادار وگوفتارانەی کە دوو لایەنن ـ کوفر وتاوانیشیان لێدەخوێنرێتەوە ـ پرسیار لەمەبەست دەکرێت ، نەك لەوانەی کە یەك لایەنن و جگە لەکوفر هیچی تریان لێناخوێنرێتەوە ، وەك جنێودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ وئایینەکەی !!!

پشکنین وگەڕان بەدوای مەبەستی بێژەری هەر ووتەیەکی کوفری یان مەبەستی ئەنجامدەری هەر کردارێکی کوفری لەو کردار وکارانەی کە دوو لایەنن کارێکی پێویستە ، واتە ئەوانەی کە تەنها کوفریان لـێ ناخوێندرێتەوە ، بەڵکو ئەگەری تاوانیشیان هەیە ، چونکە ووتە وکردارە کوفریەکان لەڕووی دەلالەتیانەوە لەسەر بەکافردانانی ئەنجامدەرانیان دەکرێتە دوو بەشەوە :

١ ـ ئەوانەی کە ڕاشکاون لەسەر ئەو کارە جگە لەکوفر هیچی تری لـێ ناخوێنرێتەوە :

٢ ـ ئەوانەی کە ڕاشکاونین لەسەر ئەو کارە ئەگەری ئەوەشیان لێدەکرێت کە تاوان بن :

جۆری یەکەمیان : ڕاشکاو و ئاشکران و پێویست بەڕوانین ناکات بۆ مەبەستی ئەنجامدەریان ، وەکو سوکایەتی وجنێودان بەخوای پەروەردگار ، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ ، یان بەئایینەکەی ، ئائەم جۆرە کردارە کوفر وپاشگەزبوونەوەیە لەئایین ، بەبێ ئەوەی تەماشای مەبەستی ئەنجامدەری بکرێت ، چونکە ڕاشکاوە وهیچ مانایەکی تر جگە لەکوفر ناگرێتەوە ، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بڵێت من سوکایەتی دەکەم و جنێو دەدەم بەخوای پەروەردگار لەکاتێکدا باوەڕم بە پەروەردگارێتی وشایستەیی هەیە کە بەتاك وتەنها بپەرستڕێت !!! ئەم ووتەیەی هیچ بایەخ ونرخێکی نیە ، چونکە خودی جنێو وسوکایەتیەکە پوچەڵکەرەوەی هەموو ئەو بیروباوەڕانەیەتی ، ونیشانەی بێباوەڕیێ دڵ ، و بەتاڵیەتی لەئیمان [1] !!!

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە گاڵتەکردن و سوکایەتی کردن بە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ((لا شكَّ أنَّ هذا كفر اعتقادي ، بل هذا كفر له قرنان ؛ لأَنَّ الاستهزاء بآيات اللَّه ـ عزَّ وجلَّ ـ لا يمكن أَنْ يصدر من مؤمن مهما كان ضعيف

---

[1] یەکێك لەو کردارانەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە هاوەڵبڕیاردان و کوفری ڕاشکاو وئاشکرای دەزانێت ، وە بە پێویستی نازانێت سەیری نیەتی ئەنجامدەرەکەی بکرێت ، سوژدەبردنە بۆ کەسێك ، و لەپێش دەستیدا ، هەروەکو فەرموویەتی : ((السُّجُودُ بَيْنَ يَدَي الشَّخْصِ لَا يُنْظَرُ هُنَا إِلَى نِيَّتِهِ ؛ لِأَنَّهَا ظَاهِرَةٌ وَثَنِيَّةٌ)) (سلسلة الهدى والنور ، الوجه الثاني ، من الشريط رقم : ٧٥٤) .

الإيمـان ، وهذا النوع من الكفر الذي يدخل في كلامنا السابق ، فاستهزاؤه بآيات اللَّـه أكبـر إقرار منه أنَّه لا يؤمن بمـا استهزأ به ، فهو كافرٌ كفراً اعتقادياُ)) [١] .

واتە : گومـان لەوەدا نیە کە ئەمـە کوفرێکی ئیعتیقادیە ، بەڵکو ئەمـە کوفرێکی شاخدارە ، چونکە جنێودان گاڵتەکردن بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار هەرگیز لەکەسێکی ئێماندارەوە ناوەشێتەوە ، هەرچەند ئیمانەکەی لاواز بێت ، وە ئەم جۆرە کوفرەیە کە دەڕواتە ژێر ووتەی پێشومـان ، چونکە جنێودان وگاڵتەکردنی بەئایەتەکانی خوای پەروەردگار گەورەترین سەلماندن و دان پیانانێکە لێیەوە کە ئەو هیچ ئیمانێکی نیە بەوەی کە جنێو وگاڵتەی پێ دەکات ، و کافرێکە کە کوفرەکەی کوفری ئیعتیقادی بێت .

هەروەها کوشتنی پێغەمبەران ـ صەلاّت وسەلامی خوایان لەسەر بێت ـ کوفرێکی ڕاشکاوە وپێویست بەسەیرکردنی مەبەست ناکات ، با ئەنجامدەرەکەشی لافی ئەوە لێبدات کە ئەو باوڕی بەوەیە کە ئەوەی کە دەیکوژێت پێغەمبەرە وبەڕاستی دەزانێت !!! چونکە خودی کوشتنەکە کوفرە وپێویستی بەئاشکراکردنی مەبەستی ئەنجامدەرەکەی نیە !!!

بەڵام **جۆری دووەم** : ڕاشکاو نیە لەبەتاڵکردنەوەی بۆ ئیمان ، بەڵکو ئەگەری کوفر ، وجگە لەکوفریشی لێدەکرێت ، ئائەم جۆرەیان پێویست بەزانین ، وئاشکراکردنی مەبەستی ئەنجام دەرەکەی دەکات ، بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەرەکەی ، نموونەی ئەم جۆرەش ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك جنێو بەدینی کەسێکی موسڵمان بدات ، ئا لەم حالەتە پێویستە بپرسین مەبەستت لەدین چیە ؟! جا ئەگەر مەبەستی ئایینی ئیسلام بوو ئەوا پێی کافردەبێت ، و لەئایین دەردەچێت ، بەڵام ئەگـەر مەبەستی پابەنـدبوون و شێوازی پیادەکردنی ئەو کەسە بێت بۆ ئایین (واتە : تدیُّنُهُ) [٢] ، ئەوا بەم مانایە کافر نابێت ، وە نموونەیەکی تر لەسەر ئەم جۆرە : سیخوڕی وجاسووسی کردنی کەسێکی موسڵمانە بۆ بێباوەڕان !!! ئەمەش ـ وەکو نموونەی پێشوو ـ پێویستە مەبەستی ئەنجام دەری بزانرێت ، بۆ حوکم دان لەسەری ، جا ئەگەر ئەمەت لەلا

---

[١] (سلسلة الـهدى والنور : الوجه الأول من الشـريط رقم : ٦٧٢) .

[٢] كمـا فـي قوله ﷺ : ((مَنْ جَائَكُمْ تَرْضَوْنَ دِيْنَهُ وَخُلُقَهُ ...)) (صحيح) ، واتـه : ئـەوەی کـە هاتـە خوازبێنی کچتان یان خوشکتان ، و ڕازی بوون لەدینداریتی وپابەندبوونی پێوەی ، لەگەڵ ڕەوشتیدا ... .

ڕوون بوویەوە ئەوا بەسەرهات و سەرگوزەشتەی (حاطب بن أبي بلتعة) ت ﷺ لەلا ئاشکرا دەبێت ، هەروەکو لە (صحيح) ـی پێشەوایان (البخاري ومسلم) ـدا هاتووە (علي) کوڕی (أبو طالب) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە (حاطب) ـی کوڕی (أبو بلتعة) ﷺ نامەیەکی بۆ قورەیشیەکان نووسی ، وتیایدا هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای ﷺ پێدان !!! وە لە فەرموودەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئاشکرابوونی ئەو کارە ، لە (حاطب) ﷺ ـی پرسی وفەرمووی : « يَا حَاطَب مَا هَذَا ؟ » قال : لا تعجل علي ، إني كنت امرءاً ملصقاً في قريش ، ولم أكن من أنفسهم ، وكان من معك من المهاجرين لهم قرابات يحمون أهليهم بمكة ، فأحببت إذ فاتني ذلك من النسب فيهم أن أتخذ فيهم يداً يحمون بها قرابتي ، وما فعلت ذلك كفراً ولا ارتداداً عن ديني ولا رضا بالكفر بعد الإسلام ، فقال رسول اللَّه ﷺ : « إِنَّهُ صَدَقَكُمْ »)) [1] ، واتە : ئەی (حاطب) ئەمە چیت کردووە ؟! ئەویش فەرمووی : پەلەم لێمەکە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەلامت دەدەمەوە ، من کەسێکی غەریب بووم لە قوریش وخۆم دابووە پاڵ ئەو عەشیرەتە ، ولەخۆیان نەبووم ، کەچی ئەوانەی کە لەگەڵتا بوون لە کۆچەران هەموویان خزمایەتیان هەبوو لەقورەیشدا ، و بەهۆیەوە کەس وکاری خۆیان دەپارێزن ، بۆیە منیش حەزمدەکرد ئەگەر ئەوەم نیە شتێك بکەم بەهۆیەوە کەس وکارەکەم بپارێزن ، ئەوەش

---

[1] قال الإمام الشافعي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وفي هذا الحديث ـ حديث حاطب بن أبي بلتعة لما كاتب قومه في مكة بخبر قدوم رسول اللَّه ﷺ ـ مع ما وضحنا لك من طرح الحكم باستعمال الظنون ؛ لأنه لما كان الكتاب يحتمل أن يكون ما قال حاطب كما قال من أنه لم يفعله شاكاً في الإسلام ، وأنه فعله ليمنع أهله ، ويحتمل أن يكون زلة لا رغبة عن الإسلام ، واحتمل المعنى الأقبح كان القول قوله فيما احتمل فعله ، وحكم رسول اللَّه ﷺ بأنه لم يقتله)) (كتاب الأم ، للإمام الشَّافعي : ٤ / ٢٥٠) .

وقال ابن تيمية ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((فإن التكفير لا يكون بأمر محتمل)) (الصارم المسلول : ٣ / ٩٦٣) .

وقال ابن رجب ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ((وكذلك ألفاظ الكفر المحتملة تصير بالنية كفراً)) (فتح الباري : ١/ ١١٤) ، واتە : ئەو ووتانەی کە ئەگەری کوفر و جگە لە کوفریشیان هەیە ڕاستەوخۆ کەسی پێ تەکفیر ناکرێت ، و بەکوفریش ئەژمار ناکرێت ئیللا بە دڵنیابوون نەبێت کە مەبەستی کەسەکە چیە .

نەکردووە وەکو کوفر وپاشگەزبوونەوەیەك لەئایینەکەم ، و نەش ڕازی بوونیشمە بەکوفر پاش موسڵمان بوونم ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : بێگومان ئەو ڕاستی لەگەڵکردن .

کەواتە ئاشکرابوو کە پێویستە ئەو تەفصیلەی بدرێتێ کە لەچەند پەڕەی پێشوو باسکرا ، نەك لەهەردوو جۆرەکە پرسیار لەمەبەست نەکرێت ، مەبەستیش لێرەدا مەبەستی ووتە وکردارە ، نەك مەبەستی کوفر وکافربوون ، چونکە هەروەك پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وبالجملة فمن قال أو فعل ما هو كُفْر ، كَفَرَ بذلك ، وإن لم يقصد أن يكون كافراً ، إذ لا يقصد الكفر أحدٌ إلا ما شاء اللَّه)) [1] ، واتە : بەگشتی هەر کەسێك ووتەیەك یان کردەوەیەك بکات کە کوفر بێت ، بەوە کافر دەبێت ، ئەگەرچی مەبەستی ئەوە نەبێت کە کافر بێت ، چونکە هیچ کەسێك مەبەستی کوفر ناکات ، ئیللا مەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت .

پاشان و دوای ئەم خستنەڕووە با بزانین هەڵویستی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە چیە ، و چی دەڵێت ؟!! ئایا هاودەنگە لەگەڵ زانایان وپێشەوایانی ئیسلام ؟ یان پێچەوانەیان بووتەوە و هەروەکو کەسانی نەزانکاری تەکفیری وەکو : (أبو رُحَيِّم ، و أبو بصير الطرطوصي ، المراكشي !!!) هاوبیرانیان ووتوویانە ، وخەڵکانی تووتی ئاسا دووبارەی دەکەنەوە !!! و بەناو لەخۆیان نەزانتردا بڵاوی دەکەنەوە !!!

(أبو رُحَيِّم) ـی تەکفیری لە ڕەشنووسەکەیدا (حقيقة الإيمان : ص٩٤ ـ ٩٥) ـدا دەڵێت : ((المشهور عن الشيخ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ أنه لا يكفر إلا إذا قصد الكفر ... ، أمَّا أهل السُّنة والجماعة فيرون دَوْس المصحف من الأفعال المكفِّرة بذاتها ، فمن قَصَدَه بالفعل فقد كفر)) [2] !!! واتە : ئەوەی کە بەربڵاو و زانراوە لەشێخ ئەلبانیەوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەیە کە ئەو کەس

---

[1] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية ، ص ١٧٨) .

[2] وە پێش ئەویش : (المراكشي) لە (عقيدة أدعياء السلفية : ص ٦٥ ـ ٦٦) هەمان واتا دووبارە دەکاتەوە ، هەروەکو دەڵێت : ((والشيخ الألباني يَعْذُرُ من سَبَّ اللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ إذا كان هذا السابُّ سيء التربية !! ، وسَيِّء التربية قاصدٌ للفعل غير قاصد للكفر !!)) (كتاب عقيدة أدعياء السلفية في ميزان أهل السنة والجماعة !!! محمد بو النِّيت المراكشي : ٦٩) .

بەکافر نازانێت ئەگەر مەبەستی خودی کوفرەکەی نەبێت ... ، کەچی ئەهلی سوننە وجەماعە وادەبینن کە پێ نان بەقورئانی پیرۆز خۆی بۆ خۆی یەکێکێکە لەکردەوە کوفریەکان ، و هەر کەسێك مەبەستی ئەوەی هەبێت بەکردەوەکەی ئەوا کوفری کردووە .

جا بەندەش ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم درۆ شاخدار و بێ بنەوایە چەند ووتەیەکی پێشەوا دەخاتەڕوو و دەڵێت :

ووتەی یەکەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((ومن الأعمال أعمال قد يكفر بها صاحبها كفراً اعتقاديّاً ؛ لأنها تدل على كفره دلالة قطعية يقينيَّة ؛ بحيث يقوم فعله هذا منه مقام إعرابه بلسانه عن كفره ، كمثل من يدوس المصحف مع علمه به ، وقصده له)) [1] ، واتە : لەکردەوەکاندا هەندێك کردەوە هەن خاوەنەکەی بەو کردەوەیە کافربوونێکی ئیعتیقادی پێی کافر دەبێت ، چونکە بەڵگەیە لەسەر کافرێتی ، بەڵگەیەکی یەکلا کەرەوەیی و بێگومان ، بەشێوەیەك ئەو کردەوەیەی جێگەی ئەوە دەگرێتەوە کە بەزمان گوزارشی لەسەر کوفرەکەی بکات ، وەکو ئەو کەسەی کە پێ دەنێتە قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێت ئەو پێ پێنراوە قورئانی پیرۆزە ، مەبەستی کردەوەکەشی هەیە .

با بڕوانینە ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ و لێی تێبگەین بۆ ئەوەی هەڵە وڕاستی هەریەك لە (أبو رُحَيِّم) ، و (المراكشيِّ) مان بۆ ئاشکرابێت ، بۆیە دەووترێت کە ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم دەرەنجامانەی لێدەکەوێتەوە :

١ ـ پێنان بەقورئان (مصحف) ـدا کردەوەیەکی کوفریە وئەنجام دەر و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەچێت .

٢ ـ پێنان بەقورئاندا لەو کردەوە کوفریانەیە کە بەڵگەی ئاشکرا وڕاشکاوون لەسەر کوفری دڵ ، و دڵ ئارامی (انشراح الصدر) خاوەنەکەی بەئەنجامدانی ئەو کارە .

٣ ـ ئەنجامدانی ئەم کردارە شوێنی دەربڕینی زمان دەگرێتەوە لەسەر کوفری دڵ ، ودڵ ئارامی خاوەنەکەی بەئەنجامدانی ئەو کارە .

---

[1] (التحذير من فتنة التكفير : ص٧٠ ـ الحاشية) .

٤ ـ بۆ حوكم دان لەسەر كەسی دیاری كراو (الشخص المعيَّن) دەڕوانینە بەدیهاتنی مەرجەكانی تەكفیر (شروط التكفير) ، و نەمانی ڕێگرەكانی (انتفاء الموانع) .

٥ ـ ڕێگرەكانی تەكفیر چین و لەكوێی ووتەكەی پێشەوا ئەلبانی دەردەكەون ؟

أ / نەزانین (الجهل) : نەزانینی ئەوەی كە شتی پێ پیانراو قورئانە یان نە ؟

ب / بەهەڵە پێ پیانان (الخطأ) : واتە : بە ویستی خۆی نەبووە .

ج / بەزۆرەملێ ئەنجام بدرێت (الإكراه) : بەهەمان شێوە بەبێ ویستی خۆی بووە .

ئەم مەرجانەش لەوەدا دەردەكەوێت كە فەرموویەتی : ((مع علمه به ، وقصده له)) ، واتە : لەگەڵ ئەوەی كە دەزانێت ئەو پێ پێنراوە قورئانی پیرۆزە ، مەبەستی كردەوەكەشی هەیە .

مەرجی یەكەم (واتە : نەزانین) لەوەدا دەردەكەوێت كە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەرجی زانین بەمەرج دەگرێت لەوەی كە پێ پیانراوەكە قورئان بێت ، چونكە كە ئەم مەرجە نەما نەزانین جێی دەگرێتەوە .

مەرجی دووەم و سێیەمیش (واتە : هەڵە وزۆرملێ) یش لەوەدا دەردەكەوێت كە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((وقصده له)) واتە : بە قەستەوە ، بۆیە ئەوە بەمەرج دەگرێت كە ئەنجام دانی ئەو كردارە بەقەست و ویستی خۆی بێت ، ئەگەرنە هەڵە و زۆرەملێ جێیان دەگرێتەوە .

جا ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ـ واتە : نەزانین ، وهەڵە ، وزۆرەملێ ـ ئەو كاتە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ حوكمی كوفری ئیعتیقادی ـ واتە : كوفری گەورەی ـ بەسەردا دەدات ، بێ ئەوەی مەرجی : بوونی مەبەستی كوفر (قصد الكفر) بەمەرج گرتبێت ، هەروەكو نەیارانی ئەوەی بۆ هەڵدەبەسن !!! چونكە پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هیچ مەرجی لەو جۆرەی بۆ پێ نان بەقورئان دانەناوە ، ئەگەر كەسەكە كردەوەكەی بەزانین و بەئەنقەستەوە بێت !!!

ئەوەش كە ئەوە دووپات و جێگیر دەكات كە باسی لێوەكرا ، ووتەی دوومی پێشەوا ئەلبانیە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ كە پرسیاری لێدەكرێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە : ((المسلم يدوس المصحف بقدمه ، ما حكمه ؟)) ، واتە : موسڵمان ئەگەر پێبنات بە قورئاندا !! حوكمی چیە ؟

بەڕێزیشیان ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامدا دەفەرموێت : ((أنا أقول : هذا يكفر إذا نفينا عنه الجبر ، أي : فعله باختياره أولاً ، ثمَّ فعله عالماً بأن هذا الكتاب هو القرآن الكريم ، حين تزول هذه الاحتمالات كلها ؛ يقال : هذا كفره كفر اعتقادي)) [1] ، واتە : من دەڵێم : ئەمە جۆرە کەسە کافر بووە ، ئەگەر ئەوەمان لێدورکردەوە کە بەزۆرەملێ پێیکراوە ، واتە : بەویستی خۆی کردبێتی ـ ئەمە خاڵی یەکەم ـ ، پاشان ئەنجامدانەکەی بە زانینەوە بێت کە ئەو کتێبەی پێی پێداناوە قورئانی پیرۆزە ، جا کە هەموو ئەم ئەگەرانە نەمان ، ئەو کاتە دەووترێت : ئەم جۆرە کەسە کوفرەکەی کەفرێکی ئیعتیقادیە .

جا ئەگەر وورد بینەوە لەم ووتەیەی پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەبینین تێیدا هاتووە : ئەگەر زانست وئیختیار لەکردەوەکەدا نەبوو ، نەزانین ، و زۆرەملێ جێگەیان دەگرێتەوە ، کە دوو مەرجن بۆ حوکم دان بەکافرێتی تاکی دیاری کراو .

لێرەدا دەپرسم : لە کوێی ئەم دوو ووتەیەی پێشەوا (مەبەستی کوفر) بەمەرج گیراوە ، هەروەکو (أبو رُحَيِّم) ، و (المراكشيِّ) باسی لێوە دەکەن ؟!!!

دەڵێم : ڕەنگە (أبو رُحَيِّم) ئەو تێگەیشتنەی لەو ووتەیەی پێشەوا ئەلبانیەوە بێت کە فەرموویەتی : ((وَقَصْدِهِ لَهُ)) ، و لێکیدابێتەوە بەوەی کە مەبەستی پێشەوا : (قَصَدَ الْكُفْرَ) ، واتە : مەبەستی کوفرە !!!!

لە وەڵامی ئەمەشدا دەووترێت : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحەت بێت ـ لەووتەکەیدا فەرموویەتی : ((مَعَ عِلْمِهِ بِهِ)) ، واتە : لەگەڵ ئەوەدا بزانێت کە ئەوەی پێی پێدادەنات قورئانە ، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ڕاناو (الضَّمِيْرُ) لەووشەی (بِهِ) دەگەڕێتەوە بۆ قورئان (الْمُصْحَفُ) ، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ نزیك ترین ناوی باسکراو لەپێشیەوە ، کە ئەویش بریتیە لەووشەی (الْمُصْحَفُ) ، وە لەووتەی دووەمدا ئەوە زیاتر ئاشکرادەکات ، و دەفەرموێت : ((ثُمَّ فَعَلَهُ عَالماً بِأَنَّ هَذَا الْكِتَاب هُوَ الْقُرْآنُ الْكَرِيْمُ)) ، واتە : پاشان ئەنجامدانەکەی بە زانینەوە بێت کە ئەو کتێبەی پێی پێداناوە قورئانی پیرۆزە .

---

[1] (الوجه الأول من شريط : مسائل في التكفير) .

بۆیە ئەو کەسەی دادوەر بێت لەئەحکامەکانیدا ئەوە دووپات دەکات کە ڕێگری یەکەم نەزانینە بەوەی کە پێ پێنراوەکە قورئانە ، نەك نەزانینی حوکمی پێ نان بە قورئاندا !!!

وە بەهەمان شێوە ڕاناو لە ووشەی (له) لەو برگەیەی کە فەرموویەتی : ((وقصده له)) دەگەڕێتەوە بۆ قورئان (المصحف) چونکە نزیك ترین ناوی ئاشکرایە لێیەوە ، بەوەش مەبەستی پێشەوا ئاشکرا دەبێت کە : مەبەستی قورئانەکە بێت بەو پێ پیانانەی ، کە پێی دەووترێت : (قصد الفعل) ، هەروەکو لە ووتەی دووەمیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە تێیدا فەرموویەتی : ((أي : فعله باختياره أولاً ، ثمَّ فعله عالماً بأن هذا الكتاب هو القرآن الكريم ...)) !!!

بەمەش ئاشکرا دەبێت لەدوو ووتەکەی پێشەوا کە ئەو مەبەستەی کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەمەرجی گرتووە لەووتەکەیدا مەبەستی کردەوەکەیە (قَصْدُ الفِعْلِ = التَّعَمُّدُ) ، نەك مەبستی کوفر (قَصْدُ الْكُفْرِ) !!!!

ئەوەش کە زیاتر پاڵپشتی ئەو لێکدانەوەی سەرەوە بکات لەلێکدانەوەی ((وقصده له)) : کە مەبەستی کردەوەیە (قصد الفعل) ـە ، نەك : مەبەستی کوفر (قصد الكفر) ـە !!! ووتەیەکی تری پێشەوایە کە فەرموویەتی : ((التعبير قد يكون بلسان القال أو بلسان الحال ، إذا كان تعبيره عن كفره القلبي بلسان القال انتهى الموضوع ، أما إذا كان بلسان الحال ، هنا لسان الحال قد يقبل الجدال)) [1] ، واتە : لەوانەیە گوزارش کردن لەکردوە بەزمان و ووتن بێت ، وە ڕەنگە بەزمانی حاڵ بێت ، جا ئەگەر گوزارش کردنەکەی لەسەر کوفری دڵی بەزمان و ووتن بوو ، ئەوە بابەتەکە دەبڕێتەوە ، بەڵام ئەگەر گوزارشەکە بەزمانی حاڵ بوو ، ئەوا لێرەدا زمانی حاڵ لەوانەیە جێگەی جەدەل ومونـاقەشە دەبێت .

ووردبەرەوە لەوەی کە فەرموویەتی : ((إذا كان تعبيره عن كفره القلبي بلسان القال انتهى الموضوع)) ، کەواتە : ئاشکراکردنی کوفرەکەی بەزمان هەموو ووتەکان دەبڕێتەوە ، دەربارەی کوفرەکەی لەناخدا ، وبەڵگەیەکی ئاشکراشە لەسەر ئەو کوفرەی کە لەدڵیدا هەیە ، چونکە ئەو بەزمان ئەوەی ئاشکرا کرد ، و پێویستی بەهیچی تر نیە .

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الكفر كفران ، الشريط الأول ، الوجه الثاني : رقم : ٨٢٠) .

وە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەشی لە کۆتایی ووتەکەیدا ئاشکرا تر دەکات ، هەروەکو فەرموویەتی : ((الشاهد ، نحن نكرر في كلامنا **أنَّ الكفر الاعتقاديَّ طريقة معرفتنا به** : **إمَّا** بإقرار الكافر كما في الآية التي ذكرتَها . **وإمَّا** نستدل بلسان حاله .

والاستدلال بلسان الحال مجال للاختلاف والمناقشة ، يا ترى هل هذا استنباط صحيح أو غير صحيح ؟ لكن حينما يكون يعلن الكفر بلسانه انتهى الموضوع)) [1] .

واتە : مەبەست ئەوەی کە ئێمە زۆر جار لە ووتەکانماندا ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە **ڕێگەی گەشتنمان بەوەی کە کوفرەکەی ئیعتیقادیە :**

بەوەی کە کافرەکە خۆی دانی پێدا بنێت ، هەروەکو لەو ئایەتەدا هاتووە کە باست کرد .

یان بەوەی کە زمانی حاڵی بەبەڵگە بێنینەوە لەسەر ئەو شتە .

وە بەڵگە هێنانەوەش بەزمان حاڵ جێگەی جیاوازی و ووتوویژە ، ئایا ئەمەش هەڵێنجاندنێکی دروستە ، یان نادروستە ؟ بەڵام ئەو کاتەی کە بەزمان کوفری خۆی ئاشکرا دەکات ، بابەتەکە دەبڕێتەوە .

ووردبەرەوە لە : ((لكن حينما يكون يعلن الكفر بلسانه انتهى الموضوع)) ، واتە : بەڵام ئەو کاتەی کە بەزمان کوفری خۆی ئاشکرا دەکات ، بابەتەکە دەبڕێتەوە .

بۆچی شتەکە دەبڕێتەوە ؟! چونکە هیچ گومان نامێنێت لەوەی کە کوفرەکەی کوفرێکی ئیعتیقادیە ، وکوفرێکی گەورەیە ؟ بەچیش ئەوە ئاشکرا دەبێت ؟!

بە : ((... إما بإقرار الكافر)) ، واتە : بە دانپیانانی کافر .

وە خودی کردەوەکەش لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ جێی ئەوە دەگرێتەوە هەروەکو فەرموویەتی : ((... يقوم فعله هذا منه مقام إعرابه بلسانه عن كفره ، كمثل مَنْ يَدُوْس المصحف)) ، بەو مەرجانەی کە باسیان لێوەکرا .

پوختەی ئەوەی ڕابوورد ئەوەیە کە : پێ پیانانی قورئان یەکێکە لەو کردارە کوفریانەی کە خاوەنەکەی کەوتووەتە کوفری ئیعتیقادیەوە ، و بەڵگەیەکی یەك لاشە لەسەر کافرێتی ئەگەر

---

[1] (سلسلة الهدى والنور ، آخر الشريط الأول من (الكفر كفران) رقم : ٨٢٠) .

پێ پیانانەکە بەعەنقەست بێت (الْعَمْدُ) ، و بزانێت ئەوەی کە پێ پیادا دەنات قورئانە (الْعِلْمُ بِهِ) ، ئەمەش لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر کافرێتی ئەنجامدەری ، چونکە فەرموویەتی خودی کردارەکە بەو شێوەیە جێگەی ئاشکراکردنی زمان دەگرێتەوە ، ئاشکراکردن و شایەتی دانیش لەسەر کوفرکردنیش شتێکی بەڵگە نەویستە ، لەسەر کوفری دڵ و دڵ ئارامی ئەنجامدەری (انشراح الصدر) بەو کوفرە .

بەمەش زیاتر هەڵە و ستەمکاری ئەو ووتەیە ئاشکرا دەبێت کە خەڵکانێکی تەکفیری دەیدەنە پاڵ پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ ئەوەش لە ووتەیەیاندا کە دەڵێن :

((المشهور عن الشيخ .رَحِمَهُاللَّهُ. أنه لا يكفر إلا إذا قصد الكفر)) !!!!

واتە : ئەوەی کە بەربڵاو وزانراوە لەشێخ ئەلبانیەوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوەیە کە ئەو کەس بەکافر نازانێت ئەگەر مەبەستی خودی کوفرەکەی نەبێت !!!!!

📖 گومان وشوبهەکی هەشتەم : تۆمەتبار کردنی پێشەوا ـ بەڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە جنێودان و سوکایەتی کردن بەخوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایینەکەی بە کوفر نازانێت !!!

بە پێچەوانەی تومەتکارانەوە ئێمەش هاودەنگ لەگەڵ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەڵێن : جنێودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ وئایینەکەی کوفرێکی گەورەی شاخدارە وئەنجامدەری لەئایین پاشگەزبووەتەوە ، هەروەکو لەچەندان ووتەیدا بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەدات ، لەوانەش :

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پرسیارێکی لەم بارەیەوە ئاراستە دەکرێت کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە : ((الذي يسب اللَّه ورسوله ، وينصح ويصر على ذلك ، فما حكمه ؟)) ، واتە : ئەو کەسەی کە جنێودەدات بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ ، وئامۆژگاریش دەکرێت ، کەچی هەر بەردەوامە ودووبارە ئامۆژگاری دەکرێت کەچی ئەو هەر بەردەوامە لەسەری ، ئەو جۆرە کەسە حوکمی چیە ؟

پێشەواش لە وەڵامیدا فەرمووی : ((كافر)) [1] ، واتە : حوکمی ئەو کەسە کافرە .

وە هەر لەم بارەیەوە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پرسیارێکی تری ئاراستە دەکرێت کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە : ((هناك أناس يشتمون الذات الإلهية ورسولَ اللَّه والدين ، فهل يخرج هؤلاء من ملة الإسلام ؟ وما التصرف الذي ينبغي أن يكون ؟)) [2] ، واتە : خەڵکانێك هەن جنێو بە زات و خودی پەروەردگار و پێغەمبەر و ئاین دەدەن ، ئایا ئەو جۆرە کەسانە لە ئومەتی ئیسلام دەردەچن ؟ وە دەبێت چیشیان لەگەڵدا بکرێت ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامیدا فەرمووی : ((أمَّا هل يخرج من ملة الإسلام مَنْ يسبُّ الذات الإلهية ، هذا بلا شك ما يحتاج إلى سؤال فضلاً عن جواب ؛ لأنَّه هو الكفر الذي ذرَّ قرنُه ...)) ، واتە : ئەما سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو کەسەی کە جنێو بە زات و خودی پەروەردگار دەدات

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الثاني ، من الشريط رقم : ٦٣٤) .

[2] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول ، من الشريط رقم : ٧٤٣) .

لەئومەتی ئیسلام دەردەچێت ، ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، و پێویست بەپرسیار ناکات چ جای پێویست بەوەڵام بکات !!! چونکە ئەوە کوفرێکە شاخی لێدەرکەوتووە .

کە ئەمە ئاشکرا بوو خەڵکانێکی تر دێن و دەڵێن : هەڵەی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەدایە کە خراپی پەروەردە (سوء التربية) بەبیانوو (عذر) دەزانێت بۆ بەکافر دانەنانی ئەو کەسەی کە جنێو و سوکایەتی بە خوای پەروەردگار دەکات [1] !!!

لە وەڵامی ئەم گومانەش دەووترێت : جنێودان وسوکایەتی بەخوای پەروەردگار کوفری گەورەیە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، و خراپی پەروەردەش هۆکارە (سبب) بۆ کەوتنە ئەو کوفرەوە ، نەك بیانوو (عذر) بێت !!!

پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((أمَّا الذي يتكلَّم بكلمة الكفر فقد يكون له وجهة نظر خاطئة ، أو من ناحية الجهل ، أو بأيِّ سبب من هذه الأسباب ، كما ألمحت أنا آنفاً إلى شيء من ذلك ، وكررته وهو سوء التربية مثلاً)) [2] ، واتە : بەڵام سەبارەت بەوەی کە ووشەیەکی کوفری دەڵێت ، لەوانەیە تێڕوانینێکی هەبێت ، هەڵە بێت ، یان : لەلایەنی نەزانینەوە بێت ، یان : بەهەر هۆکارێك لەم هۆکارانە ، هەروەکو ئەوەی کە من پێشتر ئاماژەم بەهەندێکیاندا ، و دووبارەم کردنەوە ، کە بریتیە لەخراپی پەروەردە ، ئەوەش وەك نموونەیەك .

کەواتە : جنیودان وسوکایەتی بەخوای پەروەردگار کوفرە لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، و خراپی پەروەردەش هۆکاری کەوتنە کوفرە نەك بیانوو ، هەروەك بە ڕاشکاوی پێشەوا ئەلبانی دەری دەبڕێت .

ئەوەتا لە پێشتر سەبارەت بە بیانوو فەرموویەتی : ((فيه فرق ـ يا أخي ـ بين إنسان يعلن الردة عن دينه ، وبين إنسان يتكلم بكلمة الكفر ، قد يكون له في ذلك عذر كما ذكرنا بالنسبة للجهال آنفاً)) ، واتە : برام ئەوە جیاوازی تێدایە لە نێوان ئەوەی کە مرۆڤێك پاشگەزبوونەوەی

---

[1] قال المراكشي : ((والشيخ الألباني يَعْذُرُ من سَبَّ اللَّه ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ إذا كان هذا السابُّ سيء التربية !! وسَيِّء التربية قاصدٌ للفعل غير قاصد للكفر !!)) (عقيدة أدعياء السلفية ، ص ٦٩) .

[2] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الثاني ، الشريط الأول ، شريط (الكفر كفران) ، رقم : ٨٢٠) .

خۆی ڕابگەیەنێت ، لەگەڵ مرۆڤێك ووشەیەکی کوفری بڵێت ، کە ڕەنگە لەوەدا بەهانە و بیانوویەکی هەبێت ، هەروەکو پێشتر سەبارەت بە نەزانیەوە باسمان لێوەکرد .

وە دواتر سەبارەت بە هۆکار دەفەرموێت : ((فهؤلاء نحن نسمعهم اليوم بسبب سوء التربية)) ، واتە : جا ئەوانەی کە ئەمڕۆ ئێمە لێیانەوە دەبیستین ، بەهۆی خراپی پەروەردەوەیە .

لە پێشتریش ئەوە خرایەڕوو کە : ((... ففرق بين من يقول هذا العمل ، أو القول كفرٌ لكذا ، وبين من يقول هذا ليس كفراً لكنَّه دليل أو علامةٌ على الكفر ، فالأوَّل يثبت الكفر ويعلِّلهُ ، والآخر ينفي الكفر ويثبت دليله أو علامته)) [1] ، واتە : جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کەسێك بڵێت : ئەم کردەوەیە ، یان ئەم ووتەیە کوفرە لەبەر ئەوە ، لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت : ئەمە کوفر نیە !!! بەڵکو بەڵگە ونیشانەیە لەسەر کوفر ، چونکە یەکەمیان : کوفرێتی جێگیر دەکات وپاشان هۆکارەکەی دێنێتەوە ، کەچی دووەمیان : نەفی کوفرەکە دەکات ، و بەڵگە ونیشانەکەی جێگیر دەکـات !!!

بۆیە دەبینیت پێشەوا جنێو وسوکایەتی وەکو کوفرێکی گەورە جێگیر دەکات ، پاشان ئاماژە بە هەندێك لەهۆکارەکانی دەکات .

لەم ووتەیە وئەوانەش کە تۆمەتباران دەیهێننەوە دەردەکەوێت کە : نەزانین بیانووە ، و خراپی پەروەردەش هۆکارە نەك بیانوو !!! چونکە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ جیاوازی کردووە لەنێوانیاندا ، هەروەکو فەرموویەتی : (([أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ] قال هذه الكلمة الكافرة من دهشة ، و ذاك : ـ أَيْ : سَابُّ اللَّهِ وَالرَّسُولِ ﷺ ـ قَالها من سوء تربيته ، فهناك فرق كبير بينهما ...)) [2] ، واتە : (ئەی پەروەردگار تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم) ئەو ووشە کوفریەی ووت لەسەرسام بوونەوە ، وە ئەوەشیان ـ واتە : ئەوەی کە جنێوی بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ داوە ـ بە هۆکاری خراپی پەروەردە ووتوویەتی ، بۆیە جیاوازیەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە .

---

[1] (التوسط والاقتصاد ، لعلوي سقَّاف : ص٢١) .

[2] بەپوختی لە : (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول ، الشريط رقم : ٧٥٢) ـەوە وەرگیراوە .

بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە : ئەوەی لەووتەکانی پێشوودا خرایەڕوو کە نەزانین بیانوو (عذر) ـە !!! ئایا ئەوە دەگەیەنێت کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەبەستی ئەو کەسەیە کە دەزانێت چی پێویستە لە بەرز ڕاگرتن و ڕێزگرتن لە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ؟!!! یان مەبەستی ئەو کەسەیە کا نازانێت واتای ئەم ووشەیە ، یان ئەم ووتەیە ، جنیودان و سوکایەتیە بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ؟!!!

بێگومان مەبەستی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەبەستی کەسی دووەمە ، ئەوەی کە وواتایەك یان ووتەیەك دەڵێت و نازانێت جنیودان و سوکایەتیە بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ .

بەڵگەی ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ووتەیەکیدا دوای ئەوەی کە جنیودان و سوکایەتی بە کوفرێکی گەورەی دادەنێت ، و دەڵێت : هەرگیز ڕوونادات لە کەسێکەوە کە بەشێوەیەکی ڕاست ودروست باوەڕی بەپەروەردگاری هێنابێت ، هەروەکو فەرموویەتی : ((إنَّ الإنسان إذا آمن بشيء على حقيقته يستحيل أن يسبَّه)) [1] ، واتە : ئەگەر مرۆڤ ئیمانی بەشتێت هێنا لەسەر حەقیقەتەکەی ئەوا هەرگیز نابێت کە جنێوی پێبدات .

وە ئەوەش کە پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە ڕاشکاوی ئاشکرای کردووە هەروەکو پرسیاری لێدەکرێت کە : ((هناك أناس يشتمون الذات الإلهية ورسولَ اللَّه ﷺ ، فهل يخرج هؤلاء من ملة الإسلام ؟ وما التصرف الذي ينبغي أن يكون ؟)) ، واتە : خەڵکانێك هەن جنێو بە زات و خودی پەروەردگار و پێغەمبەر و ئاین دەدەن ، ئایا ئەو جۆرە کەسانە لەئومەتی ئیسلام دەردەچن ؟ وە دەبێت چیشیان لەگەڵدا بکرێت .

ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت : ((أمَّا هل يخرج من ملة الإسلام مَنْ يسبُّ الذات الإلهية ، هذا بلا شك ما يحتاج إلى سؤال فضلاً عن جواب ؛ لأنَّه هو الكفر الذي ذرَّ قرنُه .

ولكن الذي يمكن أن يُقال في مثل هذه المناسبة : أنَّ مَنْ صدرت منه كلمة الكفر له حالة من حالتين : إمَّا أن يعني ما يقول . وإمَّا أنَّه لا يدري ما يقول .

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الثاني ، الشريط رقم : ٢٩٧) .

ففي الحالة الأولى الجواب السابق أنَّه كافر مرتد عن دينه .. ولو كان هناك حاكم مسلم يحكم بما أنزل اللَّه ، فهذا يصدق عليه قوله ﷺ : « مَنْ بَدَّلَ دِيْنَهُ فَاقْتُلُوهُ » .

لو أن مسلماً يشهد أن لا إله إلا اللَّه وأن محمداً رسول اللَّه ـ لكنه مثل القاديانية ـ أنكر أن يكون محمد ﷺ خاتم الأنبياء ، هذا يقتل .. لأنه أنكر شيئاً معلوماً من الدين بالضرورة ، ما بالك من سبّ الذات الإلهية !! ما بالك من سبّ رسول اللَّه ﷺ .. إلى آخره .

فلا شك أن هذا يعتبر مرتداً وأنه يقتل ردةً .. هذا في الحالة الأولى إذا كان يعني ما يقول .

أمَّا إنْ كان لا يعني ما يقول ، فهذا لا بُدَّ من شيء من التفصيل :

١ ـ إمَّا أنْ يكون أعجميّاً يقول كلمة عربية لا يفقه معناها وهي كفر .

٢ ـ أو أنْ يكون عربيّاً مُسْتَعجماً نسي اللغة العربية ومعاد يفقه ؛ فيتكلَّم بكلمة الكفر وهو لا يفهم أنَّها كلمة الكفر ... .

فمَنْ نطق بكلمة الكفر وهو يدري ما يقول فهو المرتدُّ وحكمه القتل .

ومَنْ كان لا يدري لسبب أنَّه لم يعرف الدِّقَة في المعنى الذي تضمنه كلامه ... ، أو قال كلمة الكفر وهو يدري ما يقول ، ولكنَّه قالها وهو مضطرّاً هذه صورة أخرى ـ فهو لا يكفر ، وفي ذلك نزل قوله ـ تَعَالَى ـ : ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ﴾ (النحل : ١٠٦) ...)) [1] .

واتە : ئەما سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو کەسەی کە جنێو بە زات و خودی پەروەردگار دەدات لەئومەتی ئیسلام دەردەچێت ، ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، و پێویست بەپرسیار ناکات چ جای پێویست بەوەلام بکات !!! چونکە ئەوە کوفرێکە شاخی لێدەرکەوتووە .

بەلام ئەوەی کە دەتوانرێت لەم جۆرە باسانەدا بووترێت ئەوەیە کە : ئەو کەسەی کە ووتەی کوفری لێدەکەوێتەوە یەکێك بەم دوو بارەی هەیە :

یان : دەزانێ چی دەلێت . وە یان : نازانێت چی دەلێت .

---

[1] (سلسلة الهدى والنور : الوجه الأول ، الشريط رقم : ٧٤٣) .

بێگومان لەبـاری یەکەمدا ـ وەڵامەکەی پێشووە ـ ئەویش ئەوەیە کە کافرە و پاشگەزبووەتەوە لە ئایینەکەی ... وە ئەگەر کاربەدەستی موسڵمان هەبێت حوکم بەوە بکات کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، دەبێت ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوای لەسەر جێبەجێ بکات کە فەرموویەتی : ئەو کەسەی ئایینەکەی خۆی گۆڕیەوە ، ئەوا بیکوژن .

ئەگەر موسڵمانێك ـ وەکو کەسێکی قادیانی ـ شایەتومان بێنێت وبڵێت : ((لا إله إلا اللَّه ومحمد رسول اللَّه)) ، بەڵام نکوڵی لەوە دەکات کە (محمد) ﷺ کۆتا پێغەمبەرە ، ئەمە دەکوژرێ ، چونکە نکوڵی لەشتێك کردووە لەئایین پێویست بە بەڵگە ناکات ، و لەلای هەمووان زانراوە ، ئەی دەبێت حاڵی ئەوە چۆن بێت کە چنێو بە زات و خودی خوای پەروەردگار دەدات ؟!! یان ئەوەی کە جنێو بە پێغەمبەری خوا ﷺ بدات ... هەتا دوای .

گومان لەوەدا نیە کە ئەمە بەپاشگەزبوو دەژمێردرێت و لەبەر پاشگەزبوونەوەی دەکوژرێت .. ئەمە لەحاڵەتی یەکەمدا ئەگەر زانی چی دەڵێت .

بەڵام ئەگەر نەزانێ چی دەڵێت : ئەمەیان پێویستی بەهەندێك ڕوونکردنەوە هەیە :

١ ـ یان ئەوەیە کەسێکی غەیرە عەرەبە ، و ووشەیەکی عەرەبی دەڵێت ، کەچی واتاکەی نازانێت ، و ووشەکەش کوفرە .

٢ ـ یان کەسێکی عەرەبە لەڕەگەزدا ، بەڵام زمانی عەرەبی لەیادچووەتەوە ، ولێی تێناگات ، ووشەی کوفر دێتە سەر زمانی ، و ناشزانێت ووشەیەکی کوفریە .

جا ئەو کەسەی کە ووشەی کوفر دەڵێت ، ودەشزانێ واتای چیە ، ئەو کەسە پاشگەزبووەتەوە لەئایین وحوکمیشی کوشتنە .

وە ئەو کەسەش کە نازانێت ـ لەبەر هۆکارێك ـ وەك ئەوەی ووردەکای لەواتادا نەزانێت لەووتەکەیدا ... یان ووشەیەکی کوفری ووتووە ونازانێ چی دەڵێت ، بەڵام لەبەر زەرورەت ووتوویەتی ـ کە شێوەیەکی ترە ـ ئەو کەسە پێی کافر نابێت ، ووتەی خوای پەروەردگاریش لەسەر ئەم جۆرە کەسانە دابەزیوە کە فەرموویەتی : ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ﴾ .

لەم ووتەیەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە : جنیودان وسوکایەتی بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ کوفرێکی گەورەیە وخاوەنەکەی پێی لەئایین دەردەچێت .

وە لەکاتی پیادەکرن و حوکمدان لەسەر تاك و کەسی تایبەتدا :

یەکەم : سوکایەتی وجنێو دەدات و بەئاگاشە لەوەی کە دەیڵێت ، ئەمە کافرە و پاشگەزبووەتەوە لەئیسلام .

دووەم : سوکایەتی وجنێو دەدات ، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە دەیڵێت : ئەمەیان کافر نابێت و ناتوانرێت حوکمی پاشگەزبوونەوەی بەسەردا بدرێت .

سێیەم : سوکایەتی وجنێو دەدات ، و دەشزانێت واتای ووتەکەی چیە ، بەڵام لە بار و حاڵی زۆرەملـی (الإكراه) ـدا بووە ، ئەمەشیان کافر نابێت وناتوانرێت حوکمی پاشگەزبوونەوەی بەسەردا بدرێت [1] .

کەواتە نەزانینی واتای ووتە : (الـجهل بأنَّ اللفظ الذي قاله أو الكلام الذي تكلَّم به هو سبٌّ) ، نەك نەزانینی حوکمی سوکایەتی جنێودان : (الـجهل بحكم السبّ) بیانووە بۆ حوکم دان لە سەر تاکی دیاری کراو ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کارەی بەزۆرەملـێ پێ ئەنجام بدرێت ، لەگەڵ ئارامی دڵ و پری لەئیمان . خوای پەروەردگاریش زاناترە .

وە هەر لەم بارەیەوە پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم پرسیارەشی ئاراستەی دەکرێت کە تێیدا هاتووە : ((وردت بعض الآثار عند بعض الأئمة وعن بعض الصحابة كخالد بن الوليد وبعض الأئمة كالإمام أحـمد بكفر شاتم الرسول واعتبـروه كفر ردة .. فهل هذا على إطلاقه .. نرجو الإفادة ؟)) ، واتە : چەندها ئەسەرمان پێگەیشتووە لە هەندێك لە پێشەوایان و لەهەندێك لەهاوەڵانەوە ، وەکو خالدی کوڕی وەلید ﷺ و هەندێك لە پێشەوایان وەکو ئەحمەد

---

[1] قال الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في السلسلة الصحيحة : ((سب اللَّـه ورسوله كفر أكبـر مضاد الإيمـان من كل وجه ، وهو مـخرج للمتلبس من دائرة الإسلام بوجود شـرطه الـمعتبـر)) .

و سئل الشيخ عبدالرزاق عفيفي ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ : ما حكم الـمستهزئ بالدين أو ساب الدين أو الرسـول ﷺ أو القرآن العظيم هل يكفر ولو كان جاهلاً ؟ فقال الشيخ عبدالرزاق : هذا الباب كغيـره مـن أبـواب الكفر يعلم ويؤدب ، فإن علم وعاند بعد التعليم والبيان كفر . وإذا قيل : لا يعذر بالـجهل ، فمعناه يعلم ويؤدب وليس معناه يكفر)) (فتاوى ورسائل سمـاحة الشيخ عبدالرزاق عفيفي : ١/ ١٧٣) .

باس لەکافرێتی ئەو کەسە دەکەن کە جنێودەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ بە پاشگەزبوونەوە دەزانن ... ئایا ئەم باسە بە ڕەهایی وایە ... داواکارین سودمەندمان کەیت ؟

بەڕێزیشیان ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەوەڵامدا دەفەرموێت : ((ما نرى ذلك على الإطلاق .. فقد يكون السب والشتم ناتجاً عن الجهل وعن سوء التربية ، وقد يكون عن غفلة ، وأخيراً قد يكون عن قصد ومعرفة .. فإذا كان بهذه الصورة : عن قصد ومعرفة فهو الردة الذي لا إشكال فيه .. أما إذا احتمل وجهاً من الوجوه الأخرى التي أشرت إليها ، فالاحتياط في عدم التكفير أهم إسلامياً من المسارعة إلى التكفير)) [1] .

واتە : نەخێر وانابینم کە مەبەستیان بەشێوەی ڕەها بێت .. چونکە لەوانەیە جنیودان قسەپێکردنەکە لەنەزانین وخراپی پەروەردەوە بێت ، وە ڕەنگە بەهۆی بێ ئاگاییەوە بێت ، هۆکارەکەی ، وە دواییەنیشیان ڕەنگە بەمەبست وزانینەوە بێت .. جا ئەگەر بەم شێوەیە بوو : مەبەست وزانینی لەگەڵدابوو ، ئەو کاتە پاشگەزبوونەوەیە وهیچ کێشەیەکی نیە ، بەڵام ئەگەر هەر ڕوویەکی تری لەو ڕووانە هەڵدەگرت کە ئاماژەم پێدان ، ئەوا تەکفیرنەکردن وئیحتیاتکردن تێیدا پێشترە ـ وەك بنەوایەکی ئیسلامی ـ لەوەی کە پەلەبکرێت لەتەکفیرکردنی .

لێرەدا هەمان ووتەی پێشوو دوبارە دەکرێتەوە کە :

نەزانین (الجهل) لە ووتەکەی پێشەوادا مەبەست پێی ، نەزانینی واتای ووتەکەیەتی ، نەك نەزانینی حوکمی جنیودان و سوکایەتی . وە ویست (القصد) یش ، واتە : جنێودان و سوکایەتیەکە بەویستی خۆی بێت نەك بەزۆرەملێ .

پێشەوا (ابن تيمية) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والفعل إذا آذى النبي ﷺ من غير أن يعلم صاحبه أنه يؤذيه ، ولم يقصد صاحبه أذاه فإنه ينهى عنه ويكون معصية ، كرفع الصوت فوق صوته ، فأما إذا قصد أذاه أو كان مما يؤذيه وصاحبه يعلم أنه يؤذيه ، وأقدم عليه مع استحضار هذا العلم ، فهذا الذي يوجب الكفر وحبوط العمل)) [2] ، واتە : هەر کردارێك

---

[1] (سلسلة الهدى والنور ، شريط : ٨٢٠) .

[2] (الصارم المسلول على شاتم الرسول ، لابن تيمية : ٢ / ١٢٠) .

ئەگەر ئەزیەتی پێغەمبەری خوا بدات ﷺ ، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بزانێت کە ئەزیەتی دەدات ، وە خاوەنەکەشی مەبەستی ئەوە نەبێت کە ئەزیەتی بدات ، ئەوا یاساغی (نەهی) لێدەکرێت ، وبەتاوان دادەنرێت ، وەکو دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر دەنگیدا ، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەزیەتدانی بێت ، یان لەو شتانە بێت کە ئەزیەتی دەدەن ، وخاوەنەکەشی دەیزانی کە ئەزیەتی دەدات ، وئەنجامی بدات لەگەڵ بوونی ئەو زانینە ، ئەوا ئەو شتەیە کە کوفر پێویست دەکات ، و کردەوەکان بەتاڵ دەکاتەوە .

وە پێشەوا (ابن القيم) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((والكلام إذا لم يرد به قائله معناه ، إما لعدم قصده له ، أو لعدم علمه به ، أو أنه أراد به غير معناه : لم يلزمه ما لم يرد به كلامه . هذا دين اللَّه الذي أرسل به رسله)) [1] ، واتە : ووتە ئەگەر بێژەرەکەی مەبەستی واتاکەی نەبێت ، لەبەر ئەوەی کە مەبەستی ئەوە نەبووە ، یان : لەبەر نەزانینی بۆ ئەو واتایەی ، وە یان : مەبەستی لەووتەکەیدا واتایەکی ترە جگە لەواتاکەی خۆی ، ئەو کاتە خوازیاری ئەوەی ناخرێتە سەر کە ووتەکەی مەبەستی نیە .

لەکۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێم : ئەمەی خرایەڕوو بۆچوونی پێشەوا ئەلبانیە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە تیایدا هاودەنگە لەگەڵ پێشەوایان وزایانی پایەبەرزی ئیسلام : کە جنێودان وسوکایەتیان بەکوفر وپاشگەزبوونەوە زانیوە ، بەو شێوەیەی کە خرایەڕوو .

[1] (إعلام الموقعين ، لابن القيم : ٤ / ٤٠٣) .

کێ ڕەواج بەم ئۆمەتانە دەدات ، و بۆچی ؟!

سیفەتی تۆمەتبارکردن و توانجدان کار و سیفەتێکی نوێ نیە ، بەڵکو ئەو کارە دزێوە هەر لەکۆنەوە هەیە وگومڕایان وبەرهەڵستکارانی ڕەوایی وەکو چەکێك بەکاریانهێناوە بۆ چەواشەکاری وئاوەژووکردنی ڕاستیەکان ، وشێواندنی کەسایەتیەکان ، بۆ گەشتن بەمەرامەکانیان !!!

لەوەشدا نەوەستاوە کە ڕووبەڕووی تەنها زانایان بێتەوە ، بەڵکو ئەم کارە تەنانەت بەڕێزترین دروستکراوەکانی خوای پەروەردگار ـ کە پێغەمبەرانن ـ صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ لێی پاڕێزراو نەبوون و دەمی تۆمەتبارانیان گەشتۆتێ ، و لەلایەن ئومەتەکانیانەوە تانە و تۆمەتیان دراوەتە پاڵ !!!

ئەوەتا بە پێغەمبەر (نوح) عليه السلام دەووترێت : ﴿ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلَالَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنْصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (الأعراف : ٥٩ ـ ٦٢) .

وە گەل و قەومەکەی پێغەمبەر (صالح) یش عليه السلام بەم پێغەمبەرە بەڕێزەیان دەووت : کەسێکی درۆزن وخراپەکارە ، هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە : ﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ فَقَالُوا أَبَشَرًا مِنَّا وَاحِدًا نَتَّبِعُهُ إِنَّا إِذًا لَفِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ أَأُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنْ بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ ﴾ (القمر : ٢٣ ـ ٢٥) .

وە قەومی پێغەمبەر (هود) یش عليه السلام بەهەمان شێوەی ئومەتانی تر بە پێغەمبەرەکەیان دەووت : ﴿ إِنْ نَقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ ﴾ (هود : ٥٤) .

وە دار و دەستەی فیرعەونی سەرکەشیش بە (هارون) و (موسی) یان دەووت : ئەم دوو پێغەمبەرە بەڕێزەی خوا ساحر وجادووبازن ، هەروەکو خوای پەروەردگار لەسەرگوزەشتەیاندا بۆی گێڕاوینەتەوە کە دەفەرموویت : ﴿ قَالُوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى ﴾ (طه : ٦٣) .

وە کۆتا پێغەمبەریش ﷺ وەکو هەموو پێغەمبەران ـ صەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ بەشێك لەو تاوانکاریەی دەرحەق کراوە وپریشکی ئەوەی لەئومەتەکەیەوە بەرکەووتووە ،

ئەوەتا قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێی ووتراوە : ﴿ بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ ﴾ (الأنبياء : ٥) .

وە هەر لەقورئانی پیرۆزدا ـ لەم بارەیەوە ـ هاتووە : ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ ﴾ (النحل : ١٠٣) .

جا لەبەر ئەوەی زانایان وپێشەوایانی ئیسلام بەمیراتگری پێغەمبەران ـ صەلاّت وسەلامی خوایان لەسەر بێت ـ دەژمێردرێن دەبینین : ئەوانیش پارێزراو نەبوون لەتۆمەت بارکردن و توانج لێدان ، و درۆ بۆ کردن ، و هەر سەردەمێکیش لەسەردەمەکان بیانوو و هۆکاری خۆی هەبووە بۆ ئەو تۆمەتبارکردن و توانجدانانە .

نمووی زیندوو کە لەم نووسینەدا باسی لێوە بکرێت پێشەوا ئەلبانیە ، کە نەزانکاران و لارێبووان هەوڵی ئەوەیان داوە تانە و توانجی لێبدەن ، و جارێك بەوەی کە :

یەکێکیان دەڵێت : ((ئەڵبانی لە حاکمیەتدا غولاتی (مەرجەئەیە !!!) ... !!!)) .

وە دووەمیان : بەوەی کە ووتوویەتی : ((کاریگەری ئیرجائی کەوتووەتە سەر !!!)) .

وە ئەوی تریان دەڵێت : ((ئیرجائی تێدایە !!!)) .

وە سەدەها تۆمەتی ناقۆڵا و بێ بنەوا تر کە لەڕاستیدا هیچ بنەوایەکی زانستیان نیە جگە لەگومان ولێکدانەوەی ستەمکاریانە بۆ هەندێك لەووتەکانی ئەم فەرموودەناسەی سەردەم ـ هەروەکو لەپرس وباسی گومان و تۆمەتباریەکانیان خرایەڕوو ـ ، ئێمەش بەو جۆرە کەسانە ـ هەروەکو ئەم چەند دێڕە هۆنراوەیە سەبارەت بەیەکێکیان ووتراوە ـ دەڵێین :

يَاسَادِراً فِي غَيِّهِ مَاذَا بَدَا ... أَتُرِيدُ جهلَكَ قُدْوَةً لِلْمُقْتَدِي

خَابَتْ (حَقِيْقَتُكَ) الَّتِي هِيَ بَاطِلٌ ... فِيْهَا مُخَالَفَةُ الْإِمَامِ السَّيِّدِ

أَحَشَرْتَهُ يَاجَاحِداً فِي زُمْرَةٍ ... مِنْ أَهْلِ سُوءٍ فَلْتَخِبْ مِنْ جَاحِدِ

فِيْهَا الْهُرَاءُ وَحِقْدُ نَفْسِكَ ظَاهِرٌ ... وَتَفَاهَةُ الْفَحْوَى وَمَذْهَبُكَ الرَّدِي

مَاذَا أَضَفْتَ وَهَلْ أَتَيْتَ سَفَاهَةً ... بِجَدِيْدِ قَوْلٍ أَمْ بِأَمْرٍ أَوْحَدِ ؟

بەراستی ئەوەش ستەمێکی زۆر گەورەیە لەو زانا بەڕێزە کە دەیەها ساڵی تەمەنی پڕ زانستی تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوە وسەرخستنی سوننەت ، و بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە ، هۆکاری سەرەکی ئەو تۆمەتبارکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ کە یەکێکە لەگرفتەکانی ئەم سەردەمە ، و پێشەوا وشەرعزانی ئوصولی (محمد بن صالح العثيمين) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئاماژەی پێداوە لە ووتەیەکی زێڕینیدا کە سەبارەت بە بەرائەتی پێشەوا ئەلبانی لەئیرجا فەرموویەتی ، و تێیدا هاتووە : ((لكنَّ بَعضَ الناسِ يُريدُ أن يُكفِّرَ عبادَ اللَّه بما لم يُكفِّرهم اللَّه بهِ ، ثُمَّ يَدَّعي أنَّ من خَالفهُ في هذا التَّكفيرِ فهو مُرجئيءٌ ـ كَذِباً وزُوراً وَبُهتاناً ـ ...)) [1] ، واتە : بەڵام هەندێك خەڵك هەن ئەیانەوێت ، بەندەکانی خوای

---

[1] (كَمَا فِي شَرِيطِ : مُكَالَمَات هَاتِفِيَّة مَعَ مَشَايِخِ الدَّعْوَةِ السَّلَفِيَّة ، رَقَم : ٤ ، إصْدَار : مَجَالِس الْهُدَى لِلإِنْتَاجِ وَالتَّوْزِيعِ ـ الجَزَائِرِ ، وَكَانَ ذلِكَ بِتَارِيخِ : ١٢/ ٦ / ٢٠٠٠ مـ) .

وقال الشيخ محمد بن هادي المدخلي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ : ((**فالألباني وابن باز في عصرنا كالإمام أحمد وإسحاق ابن راهويه في عصرهما** ، وما زلت أقول ذلك ، ـ فَرَحْمَةُ اللَّهِ تَعَالَى وَرِضْوَانُهُ عَلَيْهِمَا ـ نعم ، **ولا يتكلّم في الألباني إلاّ مريض** .... فأهل العلم إذا نظرت إلى ردود بعضهم على بعض تجد فيها العلم والفائدة ، **أمّا هؤلاء أهل السفه وأهل الأهواء** ، **فغالب الذين يتكلّمون في الشيخ ويرمونه بهذا هم كما قال الشيخ محمد ـ أي : ابن العثيمين** ـ رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْهِ ـ : **هم ممن ينتحلون النحلة التكفيرية** !!! **ويريدون التوصل إلى ما هم عليه بهذا الكلام** ... وهكذا ، **هؤلاء ماذا يقال فيهم** ؟ **هؤلاء يقال فيهم مجرمون شياطين الإنس** ، **وإنّما أرادوا أن يتوصّلوا إلى مرادهم بإسقاط أهل العلم** !!! **ونزع هيبتهم من قلوب الناس العام** !!! **فإذا انتزعت الهيبة خلت القلوب ، فإذا خلت القلوب تمكّن هؤلاء أن يغرسوا فيها ما شاؤوا وأن يقولوا ما شاؤوا** ، والحمد للّه دين اللّه منصور والعقيدة محميّة ومحروسة ، واللّه يهيّء لدينه في كلّ زمان ومكان من ينصره ...)) (منابر أهل السلفية ـ المنبر العام ـ المنبر الإسلامي العام ، لا يتكلّم في الألباني إلاّ مريض ، نقلاً عن : شريط مسائل فقهيّة ومنهجيّة للشيخ محمد بن هادي المدخلي ـ حَفِظَهُ اللَّهُ ـ) .

پەروەردگار تەکفیر بکەن ، بەوەی کە خوای پەروەردگار پێی کافر نەکردوون ، پاشان دێت بەدرۆ وبوهتانەوە دەڵێت : ئەوەی پێچەوانەی بێتەوە لەو بەکافرکردنەدا ، ئەوا مورجیئەیە !!!

بەڕاستی ئەم ووتەیەی ئەم پێشەوایە پەنجە دەخاتە سەر نێهێنی ئەو تۆمەت و درۆیانەی کە دەدرێتە پاڵ پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ، لەکاتێکدایە کە پەرتوك و ووتەکانی ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پێچەوانە بوونەوە ودژایەتی کردنی بۆ ئێرجا وبیروباوەڕە گومڕاکارەکانیان وەکو خۆری نێوەڕۆ ومانگی چواردە لەئاسمانێکی ساماڵی بێ هەورادا دیارە .

کەواتە نهێنی ئەم کارە لەوەدایە کە پێشەوا ئەلبانی بەنووسراو و ووتەکانی ، وەکو دڕکی چاو و زەڕنەقوتەی قوڕگی ئەوانە بووە کە دەیانەوێت خەڵکی موسڵمان بەکافر بزانرێت بێ ئەوەی کە مەرجەکانی تەکفیریان تێدا بێت ، و ڕێگرەکانی تەکفیریان تێدا هەڵبگیردرێت ، و وەکو جاری جاران و پێشەنە خەواریجەکانیان موسڵمانانیان بەتاوان تەکفیر کردووە !!!

بۆیە دێن وئەم تۆمەت ودرۆیانە دەکەن !!! بەڵام ووتەکان ئەوەندە لاوازن باس کردنیان بەسە و پێویستیان بە بەرپەرچدانەوە نیە ... شێخ (محمد المجذوب) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە مامۆستای زانکۆ بووە لەوەسفی ئەم هێرشانەی کە دەکرێنە سەر ئەو پێشەوایە و لەباسی چاکەکانیدا فەرموویەتی [1] :

قَالُوا أَلَا مِنْ كِلْمَةٍ فِي الشَّيْخِ تُنْصِفُهُ فَقَدْ طَغَى الْجَوْرُ حَتَّى فِي الْمَوَازِيْنِ

وقال العلامة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي .حَفِظَهُ اللَّه. : ((**الشاهد أنَّ هذا الهذيان الآن بالإرجاء والإرجاء وفلان مرجيء** : **هؤلاء يحملون روح الخوارج** ، **ويشاركونهم إلى حد بعيد ، يشاركونهم في الحقد على أهل السنّة والكذب والافتراء عليهم**)) (كلمة في التوحيد ﴿ وكذلك جعلناكم أمة وسطاً ﴾ ، وتعليق على بعض أعمال الحدادية الجديدة ، ص ٨٦ ، وأصل الكتاب : لقاء مع الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي في : ٢١/ ١٢/ ١٤٢٥) .

الرابط : (**http://www.sahab.net/forums/showthread.php?t=318002**) .

[1] الشيخ محمد المجذوب ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ الأستاذ في الجامعة الإسلامية (قالها إبان رئاسة المفتي .رَحِمَهُ اللَّهُ. للجامعة الإسلامية ، عن : كتاب علماء ومفكرون عرفتهم : م ١ ، ص ٢٨٩) .

شُنَّتْ عَلَيْـهِ حُـرُوبٌ لَا يُسَـوِّغُهَا عَقْـلٌ يَرَى الْحَقَّ فِي ظِلِّ الْبَرَاهِيْنِ
فَقُلْتُ : فَوْقَ ثَنَـائِي مَـا يُبَلِّـغُـهُ مُحَـدِّثُ الشَّـامِ عَـنْ خَيْرِ النَّبِيِّيْنِ
وَرَدُّهُ الْجِـيْلَ لِلْوَحِي الْجَلِيْلِ يَدٌ مَـا إِنْ يُكَابِرُ فِيْـهَا غَيْرُ مَفْتُـونِ
وَحَسْبُـهُ أَنَّـهُ هَـزَّ الْعُـقُولَ وَقَـدْ بَاتَتْ مِنَ الْحِجْـرِ وَالتَّقْلِيْدِ فِي هُونِ
فَأَصْبَحَـتْ ذَاتَ وَعْـي لَيْسَ يُعْجِزُهُ التَّمْيِـيْزُ مَـا بَيْنَ مَفْـرُوضٍ وَمَسْنُـونِ
وَالدِّيْنُ سِـرٌّ مِنَ الرَّحْمَـنِ بَيَنَّـهُ وَ رَسُولُـهُ وَسِـوَاهُ مَحْضُ تَخْمِيْنِ
والْجَامِدُونَ حَيَارَى لَيْسِ فِي يَدِهِمْ إِلَّا رِوَايَـةُ مَجْـرُوحٍ لِمَـوْهُـونِ
فَمَا عَسَى أَنْ يَقُولَ الشِّعْرُ فِي رَجُلٍ يَدْعُـوهُ حَتَّى عِـدَاهُ نَاصِرَالـدِّيْنِ
وَأَيُّ خَيْـرٍ إِذَا فَـرْدٌ تَجَاهَـلَهُ وَقَـدْ فَشَـا فَضْلُهُ بَيْنَ الْمَلَايِيْنِ

۞ ۞ ۞ ۞ ۞

دەرئەنجام و دوا وێستگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە

دەرئەنجام و دوا وێستگەی ئەم گەشتە زانستیە : کورتەباسێك دەبێت دەربارەی بیروباوەڕی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە ئیمان و بنەواکانی ، ئەوەش لە ڕوانگە و بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی گەشتووە ، کە لە شێوەی چەند خاڵێکدا و بە کورتی دەخرێنە ڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

یەکەم : ئیمان لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بریتیە لە : ووتە وکردەوە ، ووتەی دڵ و ووتەی زمان ، کردەوەی دڵ و ئەندامەکان .

دووەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کردەوەکانی ڕووکەش ـ سەرەڕای کردەوەکانی دڵ ـ بە بەشێك لە ئیمان دەزانێت .

سێیەم : لەلای ئەم زانایە : پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە لەنێوان ڕووکەش و دڵی مرۆڤدا ، بەزیادبوننی ئیمانی دڵ ڕووکەش زیاد دەکات و بەکەمبونیشی کەم دەبێتەوە .

چوارەم : ئیمان لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ زیاد وکەم دەکات ، زیادبوونی بەهۆی زیادبوونی کردەوەکانە و کەمبوونەوەشی بەهۆی کەمبوونەوەیان .

پێنجەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو باوەڕەدایە کە هەڵاوێردن (الإستثناء) لەئیماندا دروستە ، واتە : باوەڕدار دەتوانێت بڵێت : من باوەڕدارم ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێت (أَنَا مُؤْمِنٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) .

شەشەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەو باوەڕەدایە کە : نەکردن و تەرك کردنی تاکی کردەوەکان ـ چوار پایە کرداریەکەی ئیسلام بێت یان کردەوەکانی تری ڕووکەش و ئەندامەکان بێت ـ هۆکارن بۆ کەم بوونەوەی ئیمان ، و پێچەوانەکەشی بە پێچەوانە دەبێت .

حەوتەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ وەکو هەموو زانایانی پێشین وسەلەفی صالح ـ بە ڕەحمەت بن ـ نەکردن وتەرککردنی گشتی بۆ کردەوەکانی ڕووکەش وئەندامەکانی لەش ـ ئەگەر کەسەکە ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە وهیچ ڕێگر وبەربەستێکیش لەبەردەم کارکردنیدا نەبێت ـ بە کوفر دەزانێت ، و خاوەنەکەی لەوانە نابینێت کە سودمەنددەبن لە ووتنی شایەتوومانەکەیان ئەگەر بەو شێوە بمرن ، بێ ئەوەی هیچ کردەوەیەکی چاك ئەنجام بدەن .

هەشتەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەڵێت : کوفر تەنها بە بیروباوەڕ نیە ، بەڵکو بە بیروباوەڕ و کردەوە و ووتە ڕوودەدات !!! واتە : کوفر حەصر ناکات تەنها لە (بە درۆدانان : التَّكْذِيْب = نَفي التَّصْدِيْقِ) .

نۆیەم : جۆرەکانی کوفر لە لای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ شەش جۆرن : کوفری بەدرۆدانان (التَّكْذِيْبُ) ، وئینکار ونکولێکردن (الْـجُحُودُ) ، وسەرکەشی (الْعِنَادُ) ، و پشت هەڵکردن (الْإِعْرَاضُ) ، و دووڕووی (النِّفَاقُ) ، و گومان (الشَّكُّ) .

دەیەم : پێشەوا ئەلبانی بۆچوونی ئەوەیە کە : کردەوە کوفریەکان خۆیان بۆخۆیان کوفرن ، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانە و بەڵگەشن لەسەر کوفری دڵ .

یانزەیەم : لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ مەبەستی کوفر (قَصْدُ الْكُفْرِ) پێویست نیە بۆ حوکمدان لەسەر تاکەکان ، بەڵکو ئەوەی کە پێویستە تەنها بوونی مەبەستی کردەوە یان گوفتاری کوفریەکەیە (قَصْدُ الْفِعْلِ الْكُفْرِيِّ أَوْ الْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) !!

دووانزەیەم : پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ جنیودان و سوکایەتی کردن بە خوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئایینەکەی بە کوفر دەزانێت ، بگرە دەڵێت : کوفرێکی شاخدارە !!! خوای پەروەردگار پەنامان بدات .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

گرنگترین
سەرچاوەو ژێدەرەکانی
ئەم پەرتوکە

گرنگترین سەرچاوەو زێدەڕەکانی ئەم پەرتوکە

١ ـ **آراء المرجئة في مصنفات شيخ الإسلام ابن تيمية عرض و نقد** ، تأليف الدكتور عبداللَّه بن محمد بن عبدالعزيز السند ، دار التوحيد للنشر ـ الرياض ، الطبعة الأولى ١٤٢٨ هـ ـ ٢٠٠٧ مـ ، ١ مجلد .

٢ ـ **الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ومجانبة الفرق المذمومة** ، لأبي عبداللَّه عبيداللَّه بن محمد بن بطة العكبري الحنبلي ، الناشر : دار الراية ـ الرياض ، الطبعة الثانية ، ١٤١٨ هـ ، تحقيق : د . عثمان عبداللَّه آدم الأثيوبي ، ٣ جزء .

٣ ـ **أدب الطلب ومنتهى الأدب** ، لمحمد بن علي بن محمد بن عبداللَّه الشوكاني اليمني (ت : ١٢٥٠هـ) ، المحقق : عبداللَّه يحيى السريحي ، الناشر : دار ابن حزم ـ لبنان / بيروت ، الطبعة : الأولى ، ١٤١٩هـ ـ ١٩٩٨مـ ، ١ جزء .

٤ ـ **إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول** ، للإمام محمد بن علي الشوكاني ، تحقيق : الشيخ أحمد عزو عناية ، دمشق ـ كفر بطنا ، قدم له : الشيخ خليل الميس والدكتور ولي الدين صالح فرفور ، الناشر : دار الكتاب العربي ، ط ١ ١٤١٩هـ ـ ١٩٩٩مـ ، ٢ جزء .

٥ ـ **إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل** ، للعلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ بإشراف : زهير الشاويش ، المكتب الإسلامي ، الطبعة الثانية : ١٤٠٥ هـ ـ ١٩٨٥مـ .

٦ ـ **أسئلة وأجوبة في مسائل الإيمان والكفر** ... لفضيلة الشيخ الدكتور صالح الفوزان عضو اللجنة الدائمة للإفتاء وعضو هيئة كبار العلماء .

٧ ـ **الاعتصام** ـ للإمام الشاطبي ، دار النشر : المكتبة التجارية الكبرى ـ مصر ، ٢ جزء .

٨ ـ **اعتقاد أئمة الحديث** ، لأبي بكر أحمد بن إبراهيم الإسماعيلي ، الناشر : دار العاصمة ـ الرياض ، الطبعة الأولى ، ١٤١٢ هـ ، تحقيق : محمد بن عبد الرحمن الخميس ، ١ جزء .

٩ ـ **الاعتقاد والهداية إلى سبيل الرشاد على مذهب السلف وأصحاب الحديث** ، لأحمد بن الحسين البيهقي ، الناشر : دار الآفاق الجديدة ـ بيروت ، الطبعة الأولى : ١٤٠١ هـ ، تحقيق : أحمد عصام الكاتب ، ١ جزء .

١٠ ـ **أعلام السنة المنشورة لاعتقاد الطائفة الناجية المنصورة** ، للحافظ بن أحمد الحكمي ، تحقيق حازم القاضي ، ط ٢ ، الناشر : وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد ـ المملكة العربية السعودية ، تاريخ النشر : ١٤٢٢هـ ، عدد الصفحات : ١٤٣ ، ١ جزء .

١١ ـ **اقْتِضَاءُ الْعِلْمِ الْعَمَلَ** ، لأبي بكر أحمد بن علي البغدادي (الخطيب البغدادي) ، الناشر : المكتب الإسلامي ـ بيروت ، ط ٤ ، ١٣٩٧ هـ ، تحقيق : محمد ناصرالدين الألباني ، ١ جزء .

١٢ ـ **أقوال ذوي العرفان ، في أن أعمال الجوارح داخلة في مسمى الإيمان** ، مراجعة : فضيلة الشيخ العلامة صالح بن فوزان الفوزان ـحَفِظَهُ اللَّهُ ، تأليف : الدكتور عصام بن عبداللَّه السناني .

١٣ ـ **الألباني والإرجاء** ، عبد العزيز بن ريس الريس .

١٤ ـ **الإيمان** ، لشيخ الإسلام ابن تيمية ، دراسة وتحقيق : محمد ناصرالدين الألباني ، الناشر: المكتب الإسلامي، عمان، الأردن ، الخامسة ، ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٦مـ .

١٥ ـ **الإيمان الأوسط** ، لشيخ الإسلام أحمد بن عبدالحليم بن تيمية ، تحقيق : محمود أبو سن ، الناشر : دار طيبة للنشر ـ الرياض ، الطبعة : الأولى ـ ١٤٢٢هـ ، ١ جزء .

١٦ ـ **الإيمان عند السلف وعلاقتها بالعمل وكشف شبهات المعاصرين** ، لمحمد بن محمود آل خضير ، مكتبة الرشد ، المملكة العربية السعودية ـ الرياض ، ط ٢ ، ١٤٣٠ هـ ـ ٢٠٠٩ مـ .

١٧ ـ **البداية والنهاية** ، لأبي الفداء إسماعيل بن كثير ، مكتبة المعارف ـ بيروت ، ١٤جزء .

١٨ ـ **البرهان في معرفة عقائد أهل الأديان** ، لأبي الفضل السكسكي .

١٩ ـ **بيان عقيدة الألباني في الإيمان ، والردّ على من رماه بأنه يقول بقول المرجئة** !! أبو عبدالعظيم الأثري .

٢٠ ـ **تاج العروس من جواهر القاموس** ، لأبي الفيض محمّد بن محمّد بن عبدالرزّاق الحسيني ، الملقّب بمرتضى ، الزَّبيدي ، تحقيق مجموعة من المحققين ، الناشر دار الهداية ، ٤٠ جزء .

٢١ ـ **تفسير القرآن العظيم** ، لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (٧٠٠ ـ ٧٧٤ هـ) ، المحقق : سامي بن محمد سلامة ، الناشر : دار طيبة للنشر والتوزيع ، الطبعة : الثانية ١٤٢٠هـ ـ ١٩٩٩ مـ ، ٨ جزء .

٢٢ ـ **تلخيص صفة صلاة النبي** ﷺ ، للشيخ محمد ناصر الدين الألباني ، المكتب الإسلامي .

٢٣ ـ **تنبيه الغافلين إلى إجماع المسلمين على أن ترك جنس العمل كفر في الدين** ، كتبه : الشيخ حمد بن عبدالعزيز بن حمد ابن عتيق ، ١٤٢١هـ .

٢٤ ـ **تهذيب اللغة** ، لأبي منصور محمد بن أحمد الأزهري ، دار النشر : دار إحياء التراث العربي ـ بيروت ـ ٢٠٠١ مـ ، الطبعة : الأولى ، تحقيق : محمد عوض مرعب ، ١٥ جزء .

٢٥ ـ **تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان** ، لعبدالرحمن بن ناصر السعدي ، المحقق : عبدالرحمن بن معلا اللويحق ، الناشر : مؤسسة الرسالة ، ط ١ ١٤٢٠ هـ ـ ٢٠٠٠ مـ ، ١ جزء .

٢٦ ـ **التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين** ، لطاهر بن محمد الإسفراييني ، الناشر : عالم الكتب ـ بيروت ، ط ١ ، ١٩٨٣مـ ، تحقيق : كمال يوسف الحوت ، ١ جزء .

٢٧ ـ **التبيان لعلاقة العمل بمسمى الإيمان** ، أبي معاوية علي بن أحمد بن سوف .

٢٨ ـ **التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار** ، لأبي الفرج عبدالرحمن بن أحمد بن رجب الحنبلي ، الناشر : مكتبة دار البيان ـ دمشق ، ط ١ ، ١٣٩٩ هـ ، ١ جزء .

٢٩ ـ **التَّعْرِيفُ وَالتَّنْبِئَة** ، بِتَأْصِيلاتِ العَلاَّمَةِ الشَّيْخِ الإِمَام ، أَسَدِ السُّنَّةِ الهُمَام مُحَمَّدِ نَاصِرِالدِّين الأَلْبَانِيِّ ـرَحِمَهُ اللَّهُـ في مَسَائِلِ الإِيمَانِ ، وَالرَّدِّ عَلَى المُرْجِئَة ، الطبعة الثانية مزيدة ومنقَّحة ، بِقَلَمِ عَليِّ بْنِ حَسَنِ بْنِ عَليِّ بْنِ عَبْدِالحَمِيدِ الحَلَبِيِّ .

٣٠ ـ **التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد** ، لأبي عمر يوسف بن عبداللّه بن عبدالبر النمري ، الناشر : وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية ـ المغرب ، ١٣٨٧ هـ ، تحقيق : مصطفى بن أحمد العلوي ، محمد عبدالكبير البكري ، ٢٢ جزء .

٣١ ـ **التنبيهات اللطيفة في ما احتوت عليه العقيدة الواسطية من المباحث المنيفة** ، لعبدالرحمن ناصر السعدي ، الطبعة : الأولى ، الناشر : دار طيبة ـ الرياض ، تاريخ النشر : ١٤١٤ هـ ، عدد الصفحات : ١٣٦ ، ١ جزء .

٣٢ ـ **التنكيل بما في تأنيب الكوثري من الأباطيل** ، للشيخ العلامَة عبدالرحمن بن يحيى المعلميّ العتمي اليماني ـ رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى ـ ١٣١٣هـ ـ ١٣٨٦ هـ ، قام على طبعه وتحقيقه والتعليق عليه : محمد ناصر الدين الألباني .

٣٣ ـ **التَّوسُطُ والاقتِصَادُ في أنَّ الكفرَ يكُونُ بالقولِ أو الفِعلِ أو الاعتِقاد** ((رسالة في المكفِّرات القوليَّة والعَمليَّة مِن خِلالِ أقَوالِ العُلِماء)) بقَلم : علوي بن عبدالقَادر السَّقَّاف ، قرأها وقرّضها وأوصى بطبْعهَا ونشْرها الإمام عَبْدالعَزيز بن عَبْدالله بن بَاز ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ .

٣٤ ـ **التوضيحات الجَليَّة على شرح العقيدة الطحاوية** ، تأليف الأستاذ الدكتور محمد بن عبدالرحمن الخميس ، دار ابن الجوزية ، الطبعة الأولى : ١٤٢٩ هـ ، ٣ جزء .

٣٥ ـ **جامع البيان في تأويل القرآن** ، لأبي جعفر محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي الطبري (٢٢٤ ـ ٣١٠ هـ) ، المحقق : أحمد محمد شاكر ، الناشر : مؤسسة الرسالة ، الطبعة : الأولى ، ١٤٢٠ هـ ـ ٢٠٠٠ م ، ٢٤ جزء .

٣٦ ـ **جمهرة اللغة** ، لأبي بكر محمد بن الحسن بن دريد الأزدي (ت : ٣٢١ هـ) ، المحقق : رمزي منير بعلبكي ، الناشر : دار العلم للملايين ـ بيروت ، الطبعة : الأولى ، ١٩٨٧م ، ٣ جزء .

٣٧ ـ **جهود الشيخ الألباني في بيان عقيدة السلف في الإيمان باللّه** ، رسالة تقدم بها : أحمد صالح حسين الجبوري ، إلى مجلس كلية التربية في جامعة تكريت لنيل درجة الماجستير ، في العلوم الإسلامية .

٣٨ ـ **حكم تارك الصلاة** ، للعلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ، الناشر : دار الجلالين ـ الرياض ، الطبعة : الأولى ـ ١٤١٢ هـ ، ١ جزء .

٣٩ ـ **حلية الأولياء وطبقات الأصفياء** ، لأبي نعيم أحمد بن عبداللَّه الأصبهاني ، الناشر : دار الكتاب العربي ـ بيروت ، الطبعة الرابعة ، ١٤٠٥ هـ ، ١٠ جزء .

٤٠ ـ **دفع الصائل الجاني على عقيدة الشيخ الألباني** ، لأبي حاتم رضوان حدادي البُلَيْدِي .

٤١ ـ **الذب الأحمد عن مسند الإمام أحمد** ، تأليف : العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ، توزيع مؤسسة الريان للطباعة والنشر والتوزيع ـ بيروت ـ لبنان ، نشر دار الصديق ـ المملكة العربية السعودية ، الطبعة الأولى ، ١٤٢٠ هـ ـ ١٩٩٩ مـ ، ١ جزء .

٤٢ ـ **رفع اللائمة عن فتوى اللجنة الدائمة** ، تقديم فضيلة الشيخ : صالح بن فوزان بن عبداللَّه الفوزان ، وفضيلة الشيخ : عبدالعزيز بن عبداللَّه الراجحي ، و فضيلة الشيخ : سعد بن عبداللَّه بن عبدالعزيز آل حميِّد ، تأليف : الشيخ محمد بن سالم الدوسري .

٤٣ ـ **روضة الطالبين وعمدة المفتين** ، لمحي الدين النووي (ت ٦٧٦ هـ) ، المحقق : عادل أحمد عبدالموجود ـ على محمد معوض ، الناشر : دار الكتب العلمية ، ٨ جزء .

٤٤ ـ **روضة الطالبين وعمدة المفتين** ، للنووي ، الناشر: المكتب الإسلامي ، سنة النشر: ١٤٠٥ ، مكان النشر: بيروت ، ١٢ جزء .

٤٥ ـ **سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة** ، للشيخ العلامة محمد ناصرالدين بن الحاج نوح الألباني ، دار النشر : دار المعارف ، الرياض ـ المملكة العربية السعودية ، الطبعة : الأولى ، سنة الطبع : ١٤١٢ هـ / ١٩٩٢ مـ ، ١٤ جزء .

٤٦ ـ **سلسة الأحاديث الصحيحة ، وشيء من فقهها وفوائدها** ، للعلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ مكتبة المعارف للنشر والتوزيع ، الرياض ، ط١ ، ١٤٢٢ هـ ـ ٢٠٠٢ مـ .

٤٧ ـ **سير أعلام النبلاء** ، لشمس الدين أبو عبداللَّه محمد بن أحمد الذَهَبي ، المحقق : مجموعة محققين بإشراف شعيب الأرناؤوط ، الناشر : مؤسسة الرسالة ، ٢٣ جزء .

٤٨ ـ **السنة** ، لأبي بكر أحمد بن محمد بن هارون بن يزيد الخلال ، الناشر : دار الراية ـ الرياض ، الطبعة الأولى ، ١٤١٠ هـ ، تحقيق : د . عطية الزهراني ، ٣ جزء .

٤٩ ـ **السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار** ، للإمام محمد بن علي بن محمد الشوكاني ، الناشر : دار الكتب العلمية ـ بيروت ، ط ١ ، ١٤٠٥ ، تحقيق محمود إبراهيم زايد ، ٤ جزء .

٥٠ ـ **شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة** ، للإمام اللآلكائي ، ٤ جزء .

٥١ ـ **شرح السنة** ، للإمام البغوي ، دار النشر : المكتب الإسلامي ـ دمشق ـ بيروت ـ ١٤٠٣ هـ ـ ١٩٨٣ مـ ، ط ٢ ، تحقيق : شعيب الأرناؤوط ـ محمد زهير الشاويش ، ١٥ جزء .

٥٢ ـ **شرح سنن أبي داود** : للشيخ المحدث عبدالمحسن العباد البدر ، مصدر الكتاب : الشبكة الإسلامية ، أعده للشاملة : أحمد عبداللّه .

٥٣ ـ **شرح العقيدة الطحاوية** ، المسمى بـ ((التعليقات المختصرة على متن العقيدة الطحاوية)) للشيخ العلامة صالح الفوزان .

٥٤ ـ **شرح العقيدة الطحاوية** ، للإمام أبي جعفر الطحاوي ، والمسمى بـ ((إتحاف السائل بما في الطحاوية من مسائل)) ، شرحها الشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ .

٥٥ ـ **شرح العقيدة الطحاوية** ، لفضيلة الشيخ عبدالعزيز الراجحي ، وهو عبارة عن أشرطة مفرغة ضمن الدورة العلمية التي أقيمت بجامع شيخ الإسلام ابن تيمية .

٥٦ ـ **شرح العمدة** ، لشيخ الإسلام ابن تيمية الحراني ، الناشر : مكتبة العبيكان ، الرياض الطبعة الأولى ، ١٤١٣ هـ ، تحقيق : د. سعود صالح العطيشان ، ٤ جزء .

٥٧ ـ **شرح العمدة** ، من أول كتاب الصلاة إلى آخر باب آداب المشي إلى الصلاة ، لشيخ الإسلام ابن تيمية الحراني ٧٢٨ هـ ، دراسة وتحقيق : خالد بن علي بن محمد المشيقح ، الناشر : دار العاصمة ، الرياض ، المملكة العربية السعودية ، ط ١ ، ١٤١٨ هـ / ١٩٩٧ م .

٥٨ ـ **شعب الإيمان** ، لأبي بكر أحمد بن الحسين البيهقي ، الناشر : دار الكتب العلمية ـ بيروت ، الطبعة الأولى ، ١٤١٠ هـ ، تحقيق : محمد السعيد بسيوني زغلول ، ٧ جزء .

٥٩ ـ **الشرح الممتع على زاد المستقنع** ، للشيخ محمد بن صالح بن محمد العثيمين (ت : ١٤٢١هـ) ، دار النشر : دار ابن الجوزي ، ط ١ ، سنة : ١٤٢٢ ـ ١٤٢٨ هـ ، ١٥جزء .

٦٠ ـ **صحيح مسلم** (الجامع الصحيح للإمام أبي الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري) ، دار الفكر بيروت لبنان .

٦١ ـ **صحيح البخاري** للإمام أبي عبداللَّه محمد بن إسماعيل بن إبراهيم ابن المغيرة بن بردزبة البخاري الجعفي ، طبعة بالاوفست عن طبعة دار الطباعة العامرة باستانبول ، ١٤٠١ هـ ـ ١٩٨١ مـ ، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع .

٦٢ ـ **الصارم المسلول على شاتم الرسول** ، دراسة وتحقيق : محمد محي الدين عبدالحميد ، الناشر : الحرس الوطني السعودي ، المملكة العربية السعودية .

٦٣ ـ **الصلاة وحكم تاركها وسياق صلاة النبي من حين كان يكبر إلى أن يفرغ منها** ، لأبي عبداللَّه محمد بن قيم الجوزية ، الناشر : الجفان والجابي ـ دار ابن حزم ـ قبرص ـ بيروت ، ط ١ ، ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٦ مـ ، تحقيق : بسام عبدالوهاب الجابي ، ١ جزء .

٦٤ ـ **صفع السفهاء وزجر الغوغاء عن رمي الإمام الألباني بالإرجاء** ، أبو جهاد الجزائري .

٦٥ ـ **صلاة التراويح** ، للشيخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني ، الناشر : مكتبة المعارف للنشر والتوزيع ـ الرياض ، الطبعة : الأولى ـ ١٤٢١ هـ ، ١ جزء .

٦٦ ـ **طبقات الحنابلة** ، لأبي الحسين ابن أبي يعلى محمد الحنبلي (ت : ٥٢٦ هـ) ، المحقق : محمد حامد الفقي ، الناشر : دار المعرفة ـ بيروت ،٢ جزء .

٦٧ ـ **ظاهرة الإرجاء في الفكر الإسلامي** ، رسالة مقدمة لنيل درجة التخصص العليا (الدكتوراه) ، إعداد : سفر بن عبدالرحمن الحوالي ، إشراف : محمد قطب ، ١٤٠٥ هـ ـ ١٤٠٦ هـ .

٦٨ ـ **عظيم قدر الصلاة** ، لأبي عبداللَّه محمد بن نصر بن الحجاج المروزي ، الناشر : مكتبة الدار ـ المدينة المنورة ، ط ١ ، ١٤٠٦ هـ ، تحقيق : د . عبدالرحمن عبدالجبار الفريوائي ، ٢ جزء .

٦٩ ـ **العقد الثمين في شرح منظومة الشيخ ابن عثيمين** ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، **في أصول الفقه وقواعده** ، لفضيلة الشيخ : أ.د.خالد بن علي المشيقح ، اعتنى به وخرّج أحاديثه : محمد بن مفتاح الفهمي ... و إبراهيم بن أحمد الحميضي .

٧٠ ـ **عقيدة السلف وأصحاب الحديث** ، لأبي عثمان إسماعيل بن عبدالرحمن الصابوني (المتوفى : سنة ٤٤٩ هـ) .

٧١ ـ **العقيدة الطحاوية شرح وتعليق الألباني** ، للإمام الطحاوي ، تحقيق : محمد ناصرالدين الألباني ، ١ جزء .

٧٢ ـ **الغنية لطالبي طريق الحق** ، للشيخ الجيلاني ، دار الألباب ـ دمشق .

٧٣ ـ **فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء** ، لأحمد بن عبدالرزاق الدويش ، الناشر : الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء ، ٣٢ جزء .

٧٤ ـ **فتح الباري شرح صحيح البخاري** ، لأحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي ، الناشر : دار المعرفة ـ بيروت ، ١٣٧٩ ، تحقيق : أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي ، ١٣ جزء .

٧٥ ـ **فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير** ، للعلامة محمد بن علي الشوكاني ، ٥ جزء .

٧٦ ـ **الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية** ، لأبي منصور عبدالقاهر بن طاهر بن محمد البغدادي ، الناشر : دار الآفاق الجديدة ـ بيروت ، الطبعة الثانية ، ١٩٧٧ ، ١ جزء .

٧٧ ـ **الفصل في الملل والأهواء والنحل** ، لأبي محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الظاهري ، الناشر : مكتبة الخانجي ـ القاهرة ، ٥ جزء .

٧٨ ـ **الفوائد** ، للأبي عبداللَّه محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي ، المعروف بابن قيم الجوزية ، الناشر : دار الكتب العلمية ـ بيروت ، الطبعة الثانية ، ١٣٩٣ هـ ـ ١٩٧٣ مـ ، ١ جزء .

٧٩ ـ **القاموس المحيط** ، لمحمد بن يعقوب الفيروزآبادي ، ١جزء .

٨٠ ـ **قواعد في التعامل مع العلماء** : للشيخ الدكتور عبدالرحمن بن معلا اللويحق الأستاذ المساعد بكلية الشريعة بالرياض ، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية .

٨١ ـ **القواعد النورانية** ، لشيخ الإسلام أبي العباس أحمد بن عبدالحليم بن تيمية الحراني ، الناشر : دار المعرفة ـ بيروت ، ١٣٩٩ هـ ، تحقيق : محمد حامد الفقي ، ١ جزء .

٨٢ ـ **القول المفيد على كتاب التوحيد** ، للعلامة محمد بن صالح العثيمين ، الناشر : دار ابن الجوزي ، المملكة العربية السعودية ، الطبعة : الثانية ، محرم ١٤٢٤هـ .

٨٣ ـ **كتاب الإيمان** ، لمحمد بن إسحاق بن يحيى بن منده ، الناشر : مؤسسة الرسالة ـ بيروت ، الطبعة الثانية ، ١٤٠٦ هـ ، تحقيق : د . علي بن محمد بن ناصر الفقيهي ، ٢ جزء .

٨٤ ـ **كتاب السنة** ، لعبداللّه بن أحمد بن حنبل الشيباني ، الناشر : دار ابن القيم ـ الدمام ، الطبعة الأولى ، ١٤٠٦ هـ ، تحقيق : د . محمد سعيد سالم القحطاني ، ٢ جزء .

٨٥ ـ **كتاب شرح السنة** ، للأبي محمد الحسن بن علي بن خلف البربهاري ، الناشر : دار ابن القيم ـ الدمام ، تحقيق خالد الردادي ، الطبعة الأولى ، ١٤٠٨ هـ .

٨٦ ـ **كتاب العلم في تعريف العلم وفضله وحكم طلبه** ، للشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ (ت : ١٤٢١ هـ) ، المحقق : صلاح الدين محمود ، الناشر : مكتبة نور الهدى .

٨٧ ـ **كلمة حق حول جنس العمل** ، للشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، ضمن (مجموع كتب و رسائل وفتاوى) الشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي ، دار الإمام أحمد ، ١٥ مجلد .

٨٨ ـ **لسان العرب** ، لمحمد بن مكرم بن منظور الأفريقي المصري ، الناشر : دار صادر ـ بيروت ، الطبعة الأولى ، ١٥ جزء .

٨٩ ـ **ما هكذا الحقيقة يا أبا رُحَيِّم !!** ، نقض لكتاب (حقيقة الإيمان عند الشيخ الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ) بقلم الدكتور محمد أبو رحيِّم ، وفيها مقدمة حافلة بمناقشة أقوال وأفهام لسفر الحوالي ، وأبي بصير ، وأبي النِّيت المراكشي ، وذلك في ثلاث وسبعين صحيفة ، قام بالنقض والنِّقاش : أبو عُبُود عبداللّه بن عُبُود بن أحمد باحمران ، الطبعة الثانية .

٩٠ ـ **مجموع الفتاوى** ، لشيخ الإسلام أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية الحراني ، المحقق : أنور الباز ـ عامر الجزار ، الناشر : دار الوفاء ، الطبعة : الثالثة ، ١٤٢٦ هـ ، ٢٠٠٥ مـ ، ٣٧ جزء : (٣٥ مجلد + ٢ مجلد فهارس) .

٩١ ـ **مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز** ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، للشيخ العلامة عبدالعزيز بن عبداللَّه بن باز (١٤٢٠ هـ) ، أشرف على جمعه وطبعه : محمد بن سعد الشويعر ، عدد الأجزاء : ٣٠ جزء .

٩٢ ـ **مجموع فتاوى ومقالات العلامة ابن عثيمين** ، للشيخ العثيمين ، ٢٠ جزء .

٩٣ ـ **مجمل مسائل الإيمان العلمية في أصول العقيدة السلفية** (حُسَينُ بْنُ عَودةَ الْعَوايْشَة ، و مُحَمَّدُ بْنُ مُوسى آلِ نَصْر ، و سَليمُ بْنُ عيدٍ الْهِلالِيُّ ، و عَلِيُّ بْنُ حَسَنٍ الْحَلَبِيُّ الأَثَرِيُّ ، و مَشْهورُ بْنُ حَسَنٍ آلِ سَلْمان) .

٩٤ ـ **مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين** ، لأبي عبداللَّه محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي ، ابن القيم الجوزية ، دار الكتاب العربي ـ بيروت ، الطبعة الثانية ، ١٣٩٣ هـ ـ ١٩٧٣ مـ ، تحقيق : محمد حامد الفقي ، ٣ جزء .

٩٥ ـ **مسألة الإيمان دراسة تأصيلية** ، تأليف : علي بن عبدالعزيز بن علي الشبل ، تقريظ أصحاب الفضيلة : الشيخ د . صالح بن فوزان الفوزان ، و الشيخ عبداللَّه بن سليمان بن منيع ، و الشيخ عبداللَّه بن محمد الغنيمان .

٩٦ ـ **المستصفى في علم الأصول** ، لأبي حامد محمد بن محمد الغزالي ، الناشر : دار الكتب العلمية ـ بيروت ، ط ١ ، ١٤١٣ هـ ، تحقيق : محمد عبدالسلام عبدالشافي ، ١ جزء .

٩٧ ـ **المصباح المنير المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي** ، لأحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي ، الناشر : المكتبة العلمية ـ بيروت ، ٢ جزء .

٩٨ ـ **معارج القبول بشرح سلم الوصول إلى علم الأصول** ، لحافظ بن أحمد الحكمي ، الناشر : دار ابن القيم ـ الدمام ، ط ١ ، ١٤١٠ هـ ـ ١٩٩٠ مـ ، تحقيق : عمر بن محمود أبو عمر ، ٣ جزء .

٩٩ ـ **معجم مقاييس اللغة** ، لأبي الحسين أحمد بن فارس بن زكريا ، تحقيق : عبدالسلام محمد هارون ، الناشر : دار الفكر ، ١٣٩٩هـ ـ ١٩٧٩مـ ، ٦ جزء .

١٠٠ ـ **المعجم الوسيط** ، لـ (إبراهيم مصطفى ـ أحمد الزيات ـ حامد عبدالقادر ـ محمد النجار) ، دار النشر : دار الدعوة ، تحقيق : مجمع اللغة العربية ، ٢ جزء .

١٠١ ـ **الملل والنحل** ، لمحمد بن عبدالكريم بن أبي بكر أحمد الشهرستاني ، الناشر : دار المعرفة ـ بيروت ، ١٤٠٤ هـ ، تحقيق : محمد سيد كيلاني ، ٢ جزء .

١٠٢ ـ **موقف أهل السنة والجماعة من أهل الأهواء والبدع** ، تأليف د.إبراهيم الرحيلي ، ط ١ ، لعام ١٤١٥ هـ ، مكتبة الغرباء الأثرية ، المدينة النبوية ـ المملكة العربية السعودية ، ٢ جزء .

١٠٣ ـ **موقف المحدث العلامة محمد ناصرالدين الألباني** ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ **من المرجئة والإرجاء** ، بقلم : أبي إسحاق هشام بن مهدي لكصاص .

١٠٤ ـ **نشر العبير في منظومة قواعد التفسير** ، بقلم : أبي الفضل عمر بن مسعود الحدوشي .

١٠٥ ـ **نقد شريط عبداللطيف باشميل** (عقيدة الألباني في الإيمان) وبيان ما فيه من الجهل والزور والبهتان ، أبو مصعب علي بن ناصر بن محمد .

پێڕستی سەرباسەکان

پێڕستی سەرباسەکان :

سەرباسەکان — لاپەڕە

پێشەکی نووسەر ٧
دەستپێك وڕێخۆشکاری ٢٥
یەکەم : زانایان کێن وڕێگەی ناسینەوەیان کامەیە ؟ ٢٧
گرنترین ڕێگە بۆ ناسینەوەی زانایان چیە وکامەیە ؟ ٣٠
١ ـ (الاسْتِفَاضَةُ وَالشُّهْرَةُ) بەربەڵاوی و بڵاوبوونەوە ٣٠
٢ ـ گەواهی وشایەتی زانایانی تر لە سەریان (الشَّهَادَةُ) ٣١
٣ ـ بە شوێنەوار و پاشماوەکانیان (الآثَارُ) ٣٥
دووەم : تاوانی ئەو کەسەی کە توانج لە زانایان دەدات ؟ ٣٧
سێیەم : ئاشکراکردنی ئەوەی : کە ئەگەر ووتەی زانایەك بۆچونی تری خراپ بگرێتەوە ، ئەوا ئەو بۆچوونە خراپانە بەبۆچونی ئەو زانایە دانانرێن ، تاکو ٤١
چوارەم : ئەگەر زانایەك لەپرس وباسێکدا بکەویتە هەڵەوە ، نابێت بدرێتە پاڵ هیچ کۆمەڵ وگروپێکی گومڕا کە کەوتوونەتە هەمان هەڵەوە ٤٧
پێنجەم : جیاوازی کردن لەنێوان بەهەڵەدانانی زانایەك بۆ زانایەکی تر ، لەگەڵ تانەدانی وحوکم دانی بەبیدعەکارێتی بەرامبەرەکەی ٦٠
شەشەم : دانەبستنی دۆستایەتی ودژایەتی لەسەر جیاوازی زانایانی سەلەفی لەنێو فێرخوازانی زانستی شەرعی وموسڵماناندا ، بەتایبەت ئەگەر لەبنەواکاندا هاودەنگ بوون ٦٧
بەشی بەکەم : مورجیئە وجەندر لێڵۆلینەوەیەك : [٧٧ ـ ١٧٨]
مورجیئە لەزمانەوانی وزاراوەی شەرعدا ٧٩
مورجیئە لەزمانەوانیدا ٧٩
مورجیئە لەزاراوەی زانایاندا ٨١
کۆمەڵ وگروپەکانی مورجیئە ٨٥
یەکەم : جەهمیەکان (الـجَهْمِيَّة) ٨٥

دووەم : کەرامیەکان (الْكَرَّامِيَّةُ) ٨٥

سێیەم : فوقەهای مورجیئە (مُرْجِئَةُ الفُقَهاءِ) ٨٥

ئیمان وهەندێك لەبنەواکانی لەلای مورجیئە ٨٧

یەکەم : هەموو کۆمەڵەکانی ئەم گروپە لاڕێ وگومڕایە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئیمان یەك شتە وبەش بەش نابێت !!! ٨٧

دووەم : بۆچونی ئەم گروپە وایە : ئیمان نەزیاد دەکات ونەش کەم دەکات !! ٨٩

سێیەم : سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ڕووکەش و دڵدا دەڵێن : هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ڕووکەش وناوەوەی مرۆژدا (کە دڵێتی) !! ٩١

چوارەم : دەڵێن : ئەو کردەوانەی کە بەئەندامەکانی لەش ئەنجام دەدرێن ـ لەنوێژ ورۆژوو وحەج و ... هتد ـ بەشێك نین لەئیمان ٩٣

پێنجەم : سەرپێچی خوای پەروەردگار وتاوانکردن بەئەندامەکانی لەش هیچ گاریگەریەکی لەسەر ئیمان وباوەڕ نابێت لەلای ئەم گروپە گومڕایە !! ٩٥

شەشەم : بنەوایەکی تریان : بە ئەندامەکانی لەش کوفر ئەنجام نادرێت !! ٩٩

دوو تێبینی : ١٠١

١ ـ موجیئە مەزهەبەکان جنێودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەر ﷺ وئایین ، بەوە وەسف ناکەن کە کردەوەی کوفری بن ، ئەوان دەڵێن : ئەو جنێو و سوکایەتیە خۆی بۆ خۆی کوفر نیە ، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر کوفر ، یان بەڵگەیە لە سەری ١٠١

٢ ـ ئەو بۆچوونەی کە لە سەر موجیئە ئینکار دەکرێت : ئەوەیە کە ئەو جۆرە کوفرانە بە کوفر نازانن کە بەتەواوی پێچەوانەن لەگەڵ ئیمان وباوەڕدا ، یان جگە لەکوفر هیچی تر هەڵناگرێت ، وەکو جنێودان و سوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ و ئایین ، ١٠٢

حەوتەم : لەلای ئەم گروپە لاڕێبووە : دروست نیە باوەڕدار بڵێت : من باوەڕدارم ـ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ـ ، بەڵکوە هەندێکیان بەکوفر وپاشگەزبوونەوەیان داناوە لەئایینی ئیسلام !!! ١٠٣

پێناسەی ئیمان لەزمانەوانی وزاراوەی زانایان وبنەواکانی :

پێناسەی ئیمان لەزمانەوانیدا (لُغَةً) ١٠٨

یەکەم : بە واتای (التَّصْدِيْقُ) ، واتە : بەڕاست دانان ١٠٨

دووەم : وە متمانە پێکردن ودەربڕینی ملکەچی و وەرگرتنی شەریعەت ١٠٩

پێناسەی ئیمان لەزاراوەی شەرعدا (اصْطِلَاحاً) ١١٢
بەکورتی ئیمان بریتیەلە : ١١٤
بەشی یەکەم : ووتەی دڵە (واتە : قَوْلُ الْقَلْبِ) ١١٤
بەشی دووەم : کردەوەی دڵ (واتە : عَمَلُ الْقَلْبِ) ١١٤
بەشی سێیەم : ووتەی زمان (واتە : قَوْلُ اللِّسَانِ) ١١٥
بەشی چوارەم : کردەوەکانی لەش وئەندامەکانی ١١٥
بەڵگە ومەرجەکانی بەربوون لەئێرجا ١١٨
یەکەم : ووتن وباوەڕبوون بەوەی کە : ئیمان زیاد وکەم دەکات ، ١١٨
دووەم : ووتن وباوەڕبوون بەوەی کە : ئیمان ووتە وکردەوەیە ١١٩
سێیەم : باوەڕبوون بەوەی کە : تاوان کاریگەری لەسەر ئیمان هەیە ١٢٠
چوارەم : ووتن وباوەڕ بوون بەوەی کە : هەڵاوێردن دروستە لە ئیماندا ، ١٢١
پێنجەم : باوەڕبوون بەوەی : کوفر بەکردەوەی ئەندامەکانی لەش ڕوودەدات ١٢١
نوێژ وپەیوەندی نەکردن بەئێرجاوە ١٢٣
حوکم کردن بەجگە لەوەی کە خوا داییەزاندووە وپەیوەندی بەئێرجاوە ١٣٠
چەند ووتەیەکی پێشەوا ئەلبانی سەبارەت بەم پرس وباسە ١٤٠
ووتەی یەکەم ١٤٠
ووتەی دووەم ١٤٥
ووتەی سێیەم ١٤٧
ووتەی چوارەم ١٤٨
دەرەنجام و پوختەی ووتەکانی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ١٥٢
ئاشکراکردنە گەنجێکی تەکفیری نەزاناکاری توتی ئاسا (پەراویز) !!! ١٥٣
بەشی دووەم : ئایا پێشەوا ئەلبانی هاودەنگە لەگەڵ ئەهلی سوننە ؟! [١٧٩ ـ ٣٢٦]
ئیمان وبنەواکانی لەلای ئەلبانی کە مەرجی بەری بوونیەتی لەئێرجا ١٨١
بنەوای یەکەم : کردەوە بەشێکە لەئیمان ١٨٣
یەکەم : ئایا پێشەوا ئەڵبانی کردەوە لەئیمان دادەنێت یان نە ؟!! ١٨٣
دووەم : ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی سودی هەیە ؟! ١٩٦

سێیەم : ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوایە چیە بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئیمان دەکرێت وتێیدا هاتووە :
((أَنَّ الْإِيْمَانَ هُوَ الْإِقْرَارُ بِاللِّسَانِ وَالتَّصْدِيْقِ بِالْجَنَانِ)) ؟! ٢٠٠
بنەوای دووەم : زیادبوونی ئیمان وکەمبوونەوەی ٢٠٣
بنەوای سێیەم : دروستی هەڵاوێردن لەئیماندا ٢١١
بنەوای چوارەم : بوونی پەیوەندی لەنێوان ڕووکەش ودڵدا ٢١٦
بنەوای پێنجەم : کاریگەری سەرپێچی و تاوان لەسەر ئیمان ٢٢٤
ئەڵبانی و خۆبەریکردنی لەئێرجا و دژایەتی کردنی بۆیان ٢٣٠
یەکەم : خۆدانەپاڵ ئەهلی حەدیس وسەلەفی صالح لەپرس وباسەکانی ئیماندا ٢٣٠
دووەم : خۆ بەریکردن لەو گروپ و کۆمەڵە گومڕایانە و بەرپەرچدانەوەیان ٢٣٤
سێیەم : تاوتوێکردن وتەحقیقکردنی ئەو فەرموودانەی کە سەبارەت بەخراپی مورجیئە هاتوون ، یان پاڵپشتی بیروڕاکانیان دەکەن ٢٣٨
چوارەم : هەستانی بەتەحقیق ولەسەرنوسینی ئەو کتێبانەی کە زانایانی سەلەفی صالح نووسیویانە وتێدا بەرپەرچی لاڕێبوانیان دابێتەوە ، و ٢٤١
پێنجەم : ئاشکراکردنی سەرانی نەزانکار ولاڕێبووی ئەم گرووپانە لەکۆن وتازەدا..... ٢٤١
گەواهیدانی زانایان بەسەلەفیەتی ئەلبانی وبەریبوونی لەئێرجا ٢٤٥
پێشەوا و موفتی پێشووی وڵاتی سعودیە (عبدالعزیز بن باز) ٢٤٩
پێشەوا و زانای ئوصوڵی (محمد بن صالح العثیمین) ٢٥٣
پێشەوا و موفتی پێشووتری وڵاتی سعودیە (محمد بن إبراهیم آل الشیخ) ٢٥٧
موفتی ئێستای وڵاتی سعودیە (عبدالعزیز آل الشیخ) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٥٨
فەرموودەناس وموجاهدی وڵاتی یەمەن شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) ٢٥٩
شێخ و زانای عەللامە (صالح الفوزان) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٦٠
هەڵگری بەیداخی جەرح وتەعدیل شێخ (ربیع بن هادي المدخلي) ٢٦١
زانا و فەرموودەناس شێخ (عبدالمحسن العباد البدر) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٧٢
شێخ (محمد بن هادي المدخلي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٢٧٦
شێخ (صالح بن عبدالعزیز آل الشیخ) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٨٤

شێخ (حُمُود التويْجِري) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٢٨٥
شێخ (عبداللَّه العبيلان) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٨٦
فەرموودەناس و زانای عەللامە شێخ (أحمد النجمي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ... ٢٨٧
شێخ و عەللامە شێخمان (عبيد الجابري) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٨٨
شێخی دکتۆر (صالح السحيمي) ـ خوا بیپارێزێت ـ ٢٩٢
شێخ (محمد علي فركوس) ـی جەزائیری ٣٠٠
جیاوازی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە لە لێکدانەوەی زاراوەی (شرط) ـدا جیاوازیەکی گۆیی (لفظ) یە نەك حەقیقی ! ٣٠٧
❑ پلە وپایەی کردەوە لەئیماندا وپەیوەندیان بە یەکەوە ٣٠٧
واتای (شرط) لە زمانەوانی و زاراوەی زانایانی ئوصولدا ٣٠٧
ووشەی (شرط) لەزمانەوانیدا ٣٠٧
واتاکانی تری ووشەی (شَرْط) لە فەرنگەکانی زمانی عەرەبیدا ٣٠٩
١ ـ بەواتای (الشَّق) درز ٣٠٩
٢ ـ بە واتای (إِلزامُ الشيء والتِزامُه) پابەندکردن وپابەندبوون بەشتێکەوە ٣٠٩
ووشەی (شرط) لەزاراوەی ئوصولیەکاندا ٣١٠
❑ دروستی ونادروستی بەکارهێنانی ئوصولیانە بۆ زاراوەی (شرط) لەپرس وباسەکانی ئیماندا و چەند ووتەیەکی پێشەوایان کە ئەم ووشەیەیان بەکارهێناوە ، ٣١١
ووتەی پێشەوا (الْبَغَوِيُّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٣
ووتەی پێشەوا (ابْنُ بَطَّة الْعُكْبُرِيِّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٣
ووتەی پێشەوا (ابْنُ تَيْمِيَّة) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٤
ووتەی پێشەوا (الْحَافِظُ الْحَكَمِيُّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٥
ووتەی پێشەوا (ابْنُ بَاز) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٥
ووتەی پێشەوا (الْأَلْبَانِيُّ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٦

ووتەی پێشەوا (ابْنُ الْعُثَيْمِيْن) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ٣١٧

❑ نادروستی هەریەك لە لێکدانەوەی ئوصولێیانە بۆ زاراوەی (شرط) لەم پرس و باسەدا ، وحوکمدان لەسەر بەکارهێنەرەکەی بەوەی کە مورجیئەیە !!! یان خەواریجە !!! ٣٢٢

❑ دەرەنجام وکۆتایی ئەم ڕوونکردنەوەیە ٣٢٦

بەشی سێیەم : ئەو گومانانەی پێشەوا ئەلبانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ پێ ئۆمەئبار دەکرێت و ڕەئدانەوەو بە درۆخستنەوەیان : [٣٢٧ ـ ٤٨٤]

گومان و شوبهەی یەکەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە کردەوە بە بەشێك لە ئیمان نازانێت !!!!! ٣٣٠

یەکەم : ئایا پێشەوا ئەلبانی کردەوە لەئیمان دادەنێت یان نە ؟ ٣٣٠

دووەم : ئایا ئیمانی بێ کردووە لەلای پێشەوا ئەلبانی سودی هەیە ؟! ٣٣٨

سێیەم : ڕاوبۆچوونی ئەم پێشەوایە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە بۆ ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئیمان دەکرێت وتێیدا هاتووە : ((أَنَّ الْإِيْمَانَ هُوَ الْإِقْرَارُ بِاللِّسَانِ وَالتَّصْدِيْقُ بِالْجَنَانِ)) ؟ ٣٤٢

خستنەڕووی چەند ڕوونکردنەوەیەك : ٣٤٥

ڕوونکردنەوەی یەکەم : بەکارهێنانی ئەم بڕگەیە (الْأَعْمَالُ الصَّالِحَةُ شَرْطٌ لِكَمَالِ الْإِيْمَانِ) لە کاتی بەرپەرچدانەوەی ئەو نەیارانە کە بەتاوان موسڵمانان تەکفیر دەکەن ٣٤٥

ڕوونکردنەوەی دووەم : ئەم بڕگەیە (الْأَعْمَالُ الصَّالِحَةُ شَرْطٌ لِكَمَالِ الْإِيْمَانِ) دوو لایەنەیە ونابێت خوازراو (لازم) ـی خراپی وەربگیرێت وپێشەوا ئەلبانی پێ تۆمەتبار بکرێت ٣٤٨

ڕوونکردنەوەی سێیەم : هاوشێوەی ئەم ووتەیەی پێشەوا لەووتەی زانایانی تردا بەدی دەکرێت ، بۆیە تۆمەتبارکردنی ئەو تۆمەتبارکردنی ئەوانیشە ٣٥٣

ڕوونکردنەوەی چوارەم : مەبەست لەم بڕگەیە وازهێنان نیە لەکردەوە بەگشتی بەڵکو وازهێنانە لەتاکی کردەوەکان (آحَادُ الْأَعْمَالِ = آحَادُ الْمَبَانِي الْأَرْبَعَةِ) ٣٦٩

گومان و شوبهەی دووەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە (تَرْكُ جِنْسِ الْعَمَلِ) ـ بەو واتایەی کە ئەوان مەبەستیانە ـ بەکوفر دانانێت ٣٧٧

یەکەم : واتای (جِنْسُ الْعَمَلِ) و سنوری لەووتەی زانایاندا چیە ؟ ٣٧٩

دووەم : ئایا زانایانی سەردەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیان پێ چۆنە ؟! ٣٨٤

سێیەم : لەکۆتاییدا : ئایا حوکمی (تَرْكُ جِنْسِ الْعَمَلِ) ـ بەو واتایەی کە نەیاران لێکدانەوەی بۆ دەکەن ـ لەلای پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە ؟ ٣٩٤

گومان وشوبهەکی سێیەم : تۆمەتبارکردنی بەوەی کە نوێژنەکەر بەکافر نازانێت ، ئەو کەسەش نوێژنەکەر بەکافر نەزانێت ـ بە گومانی ئەوان ـ کاریگەری ئیرجائی کەوتووەتە سەر ... ٤١٦

گومان و شوبهەکی چوارەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی بەوەی : ئەو کاربەدەستە بەکافر نازانێت کە حوکم بەوە ناکات کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، ئەگەر بەحەڵاڵدانانی لەگەڵدا نەبێت ، ئەمەش لەلای ئەوان بۆچوونی مورجیئەیە نەك ئەهلی سوننە ٤٢٨

ئاشکراکردنی حاڵی (مەلایەکی تەکفیری !!!) لەم باسەدا (پەراوێز) ٤٢٨

چەند ووتەیەکی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە ٤٣٣

ووتەی یەکەم ٤٣٣

ووتەی دووەم ٤٣٥

ووتەی سێیەم ٤٣٧

ووتەی چوارەم ٤٣٨

پوختەی ئەو ووتانەی پێشەوا ئەلبانی لەچەند خاڵێکدا ٤٤١

گومانانی وشوبهەکی پێنجەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ئەلبانی بەوەی کە دەڵێت : کوفر بە کردەوە ڕوونادات !!! بەڵکو تەنها بە بیروباوەڕ دەبێت ، واتە : کوفر حەصر دەکات لە (بە درۆدانان) کە پەیوەستە بە دڵەوە !!! ٤٤٤

ووتەی پێشەوا سەبارەت بەوەی کوفر بەبیروباوەڕ وکردەوە وگوفتاریش ڕوودەدات ٤٤٥

ووتەی یەکەم ٤٤٥

ووتەی دووەم ٤٤٩

ووتەی سێیەم ٤٥٢

ووتەی چوارەم ٤٥٣

گومان وشوبهەکی شەشەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە هیچ کردەوەیەك لەلای ئەو خۆی بۆخۆی کوفر نیە ، بەڵکو نیشانە وبەڵگەیە لەسەر کوفر ، ٤٥٤

گومان وشوبهەکی حەوتەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا بەوەی کە کەس بەکافر نازانێت تاکو مەبەستی کوفرەکەی نەبێت نەك مەبەستی کردەوەکە !!! ٤٥٩

چەند خاڵ و ڕوونکردنەوەیەك : ٤٥٩

یەکەم : بوونی مەبەست لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ فِي الْكُفْرِ) ، جیاوازە لە مەبەستبوونی کوفر لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) ... ٤٥٩

دووەم : بەمەرجدانانی بوونی مەبەست لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ فِي الْكُفْرِ) بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەری بەکافرێتی ، بۆچوونی ئەهلی سوننە وجەماعەیە ٤٦٣

سێیەم : بەمەرجدانانی مەبەستبوونی کوفر لەکردار وگوفتاری کوفریدا (قَصْدُ الْكُفْرِ فِي الْفِعْلِ وَالْقَوْلِ الْكُفْرِيِّ) بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەری بەکافرێتی ، بۆچوونی هەڵەیە ٤٦٥

چوارەم : لەو کرادار وگوفتارانەی کە دوو لایەنن ـ کوفر وتاوانیشیان لێدەخوێنرێتەوە ـ پرسیار لەمەبەست دەکرێت ، نەك لەوانەی کە یەك لایەنن وجگە لەکوفر هیچی تریان لێناخوێنرێتەوە ، وەك جنێودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەردگار وپێغەمبەر ﷺ وئایینەکەی !!! ٤٦٦

ووتە و کرداره کوفریەکان لە ڕووی دەلالەتیانەوە لەسەر بەکافردانانی ئەنجامدەرانیان دەکرێتە دوو بەشەوە ٤٦٦

جۆری یەکەمیان : ڕاشکاو وئاشکران وپێویست بەڕوانین ناکات بۆ مەبەستی ئەنجامدەریان ، وەکو سوکایەتی وجنێودان بەخوای پەروەردگار ، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ ، یان بە ئایینەکەی ٤٦٦

جۆری دووەم : ڕاشکاو نیە لەبەتاڵکردنەوەی بۆ ئیمان ، بەڵکو ئەگەری کوفر ، و جگە لەکوفریشی لێدەکرێت ، ئائەم جۆرەیان پێویست بەزانین ، وئاشکراکردنی مەبەستی ئەنجام دەرەکەی دەکات ، بۆ حوکم دان لەسەر ئەنجامدەرەکەی ، ٤٦٧

گومان و شوبهەکی هەشتەم : تۆمەتبارکردنی پێشەوا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەوەی کە جنیودان وسوکایەتی کردن بەخوای پەروەدگار وپێغەمبەرەکەی ﷺ وئایینەکەی بەکوفر نازانێت !! ٤٧٦

کێ ڕەواج بەم تۆمەتانە دەدات و بۆچی ؟! ٤٨٥

دەرئەنجام و دوا وێستگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ٤٩٠

گرنگترین سەرچاوە وژێدەرەکانی ئەم پەرتوکە ٤٩٥

پێڕستی سەرباسەکان ٥٠٩